hewalname.com/ku/

# گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا

خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانی کوردی

hewalname.com/ku/

# گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا

خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانی کوردی

hewalname.com/ku/

عەتا قەرەداخی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢٠)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

hewalname.com/ku/

■ گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا

نووسینی: عەتا قەرەداخی
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٨٠٠٠ دینار
چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٧٠)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە
■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

## پێڕست:


پێشەکی ................................................................................ ٧

ڕۆمان چییە؟ ڕەگەزەکانی ڕۆمان چین؟ .................................. ١٥

ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلالەی عەتا نەهایی
لەنێوان ڕیالیزم و ڕیالیزمی سیحریدا ......................................... ٥٧

ڕۆمانی گێلاسی خوێن و خەیاڵی نەمری، عەتا محەمەد .......... ١٣٥

ڕۆمانی ئەو پیاوەی درەختێک بوو
لەنێوان خەیاڵ و جووڵەی میکانیکیدا، گۆران بابە عەلی ........... ٢٠٣

ڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکان و یۆتۆپیای پێکهاتن،-
جەبار جەمال غەریب .................................................................. ٢٤٧

ڕۆمانی میرنامە: سەرەتای دەرکەوتنی
مرۆڤی خاوەن شووناس،- جان دۆست ...................................... ٣١٣

کەوتنی بۆرە قەلا و تراژیدیای مرۆڤی کورد، ماردین ئیبراهیم ٤٣٧


hewalname.com/kurd

hewalname.com/ku/

## پێشەکی

ئاشکرایە هەر چۆن ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی بەرهەمی قۆناغی ژیانی کۆمەڵگەی شارە، بە هەمان شێوە ڕەخنەی ئەدەبییش بەگشتی و ڕەخنەی ڕۆمان بەتایبەتی بەرهەمی کۆمەڵگەی شار یان قۆناغی ژیانی کۆمەڵگەی شارە و گوزراشت و دەربڕینە لە بەرهەم و کولتوور و تێڕوانینی ئەو قۆناغە. ئەگەر سەیری سەرهەڵدانی ڕۆمان بکەین، بۆ یەکەم جار وەکو ژانرێکی خاوەن شووناس لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا دەردەکەوێت. دەرکەوتنی ڕۆمانی کلاسیک هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوادا. هەروەک ئەو قۆناغەش قۆناغی دەرکەوتنی زیاتر لە ڕوانین و لێکدانەوەیەکە بۆ ژیان و کۆی شتەکان، قۆناغی دەرکەوتنی زیاتر لە بیر و ئایدیۆلۆجیایەکە، واتە ئەو قۆناغەیە کە تێیدا لەبری تاکە عەقڵێک بە ئەندازەی ژمارەی کەسەکان عەقڵ بەرهەم دێت، هەر بەو پێیەش بوونی زیاتر لە عەقڵێک، دەرگای لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر هەموو شتەکان دەکاتەوە.

ڕۆمان وەکو ڕەگەزێک بەرهەمی قۆناغی فرەتێڕوانین و زیاتر لە عەقڵێکە، یان بە مانایەکی تر ڕۆمان بەرهەمی قۆناغی فرەشووناسییە. هەر لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا ڕەخنە هیچ پەیوەندییەکی بە قۆناغی ژیانی فرەبۆچوون و فرەلێکدانەوە و فرەتێڕامانەوە هەیە؟ ئایا سەرهەڵدانی ڕەخنە

hewalname.com/kurd

هەر وا دیاردەیەکی ئاساییە، یان ئەویش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دروستبوونی عەقڵی ڕەخنەییەوە هەیە؟ ئەی مەبەست لە عەقڵی ڕەخنەیی چییە؟ ئایا کۆمەڵگەی ئێمە تاکو ئێستا بووەتە کۆمەڵگەیەک، کە تێڕوانینی جۆراوجۆر و بیرکردنەوەی جیاواز و لێکدانەوە فرەئاڕاستە تێیدا لەدایک بووبێت و ڕەگوڕیشەی داکوتابێت؟ ئایا ڕەخنە کە بەرهەمی عەقڵی ڕەخنەییە، لەم زەمینە و کولتوورەدا وەکو ئەوەی پێویستە دەرکەوتووە؟

بێگومان ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقەکان. بە مانایەکی تر، کاری ڕەخنەی ئەدەبی لە چوارچێوەی دەقدا ئەنجام دەدرێت. کەواتە بوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئاستی یەکەمدا پەیوەستە بە بوونی دەقی ئەدەبییەوە. هەروەک ئاشکرایە کە ڕەخنە بریتییە لە بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ لەسەر دەقی یەکەم. بە گوێرەی دەقی ڕۆمان کە وەکو دواتریش پێداگریمان لەسەر کردووە، وێناکردنەوەی واقیعە لە ئاستێکی هونەریی باڵادا. هەر بۆیە ڕۆمان جیاواز لە دەقی شیعری و تەنانەت دراماش، ڕووبەرێکی فراوانتر لە کەسێتی و ڕووداو و بیروبۆچوون و تەنانەت تەکنیکیش لەخۆ دەگرێت و بە ئەندازەی ئاڵۆزییەکانی ژیان و پێکداچوونی کێشەکانی ژیان ڕەگەزەکانی ڕۆمانیش لە زمانەوە بۆ کۆی تەکنیکەکانی نووسین و بەرهەمهێنانی دەق بەناو یەکتردا چوون. بەڵام ئەوەی گرنگە بەرهەمهێنانی پرسیار و جیهانبینی پەیوەستە بە ژیان و کێشەکانی ژیان و بوونی ئەنتۆلۆجیانەی مرۆڤەوە، وەکو بەرزترین و باڵاترین ئەفریدەبووی نێو ئەم گەردوونە. ڕەخنەی ئەدەبی، یان باشتر بڵێین ڕەخنەی ڕۆمان، لە ڕوانگەی

بوونی مرۆڤـ و کێشە ئاڵۆزەکانی ژیان و بەهاکانیەوە و لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی جوانی و چێژی جوانی و پەیوەستبوونی هەموو ئەم ڕەگەزانەوە بە خودی مرۆڤەوە لێکۆڵینەوەی دەقەکان دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێت و ڕاڤەیان دەکات و لە دوای پرسیارەکانی دەقەکان و جیهانبینی دەقەکان دەگەڕێت. بەڵام دیارە ڕەخنە هەم لە دەرەوەی بوونی عەقڵی ڕەخنەیی بوونی نییە، هەم بەبێ ئامرازەکانی ڕەخنەگرتن ناگاتە ئەنجام، هەروەک لە ڕاستیشدا ڕەخنەی هاوچەرخ پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە تیۆرە ئەدەبییەکان و ئامرازەکانی ڕەخنەگرتنەوە بەو ئەندازەی کە پەیوەندیی هەیە بە تیۆر و ڕێبازە ڕەخنەییەکانەوە.

دیارە کاتێ باسی ڕەخنەی ڕۆمان دەکەین، دەبێ بزانین لێکۆڵینەوە لەسەر گرێچن و کات و شوێن و کەسێتی و ڕووداو و ململانێی و بیرۆکە و جووڵە و ڕەفتار و هەڵوێست و ئەنجام و ڕوانین دەکەین. بەڵام ڕەگەزی سەرەکی کە لێیەوە ئاخاوتنی کۆی ئەم بوارانە دەکرێت بریتییە لە گێڕانەوە، چونکە ئاشکرایە ڕۆمان و چیرۆک بریتین لە دەقێک کە بە زمانی پەخشان دەنووسرێن و لە ڕێگەی گێڕانەوەوە پێشکەش دەکرێن. هەروەک ئەوەی گرنگە شارەزایی و چۆنێتی کارکردنی ڕەخنەگرە لەناو دەقدا. دیارە بۆ ئەو مەبەستەش ڕەخنەگر پێویستی بە ئامرازی ڕەخنەگرتن هەیە، ئەویش ڕەهەندی فراوانی هەیە. لە ئاستی یەکەمدا شارەزایی ڕەخنەگر دێت لە ڕێباز و تیۆرییەکانی ڕەخنە و بوونی عەقڵی ڕەخنەیی و توانای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردن کە ئەوەش پێویستی بە ئامرازی ڕەخنەیی هەیە. هەڵبەت کارکردنیش بە ئامرازی ڕەخنەیی بەبێ شارەزابوون لە

hewalname.com/ku

تەکنیکەکانی ڕۆمان و لە تیۆری ڕۆمان بەتایبەتی و تیۆرە ئەدەبییەکاندا بەگشتی، هیچ بەرهەم ناهێنێت. هەروەک لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، بەبێ عەقڵ و ڕۆشنبیریی بەرفراوان لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و ئابووری و دەروونناسی و سیاسی و مێژوو و فیکر و ڕۆشنگەری و عەقڵانیەت و بوارەکانی جوانناسی و تەنانەت بەئاگابوون لە ڕەگەزەکانی تری نووسین و هونەر، ڕەنگە بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ لەسەر دەقی یەکەم کارێکی ئەستەم بێت.

ئاشکرایە هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە دەگوترێت کاری ڕەخنە کارێکی ئاسان نییە، دەشێ ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێت بۆ لاوازی کاری ڕەخنە و بەرهەمی ڕەخنە نەک تەنیا لە کولتووری کوردیدا، بەڵکو لە کولتووری میللەتانی تریشدا. تەنانەت لە ڕۆژئاواش مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنە و عەقڵی ڕەخنەیی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، هێشتا باس لە گرفت و بەربەستەکانی بەردەم ڕەخنە بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کاری ڕەخنە شتێکی سووک و ئاسان نییە و پێویستی بە بنەما و سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری و فیکری و مەعریفی هەمەلایەن هەیە، ئەمە بێجگە لە میتۆد و ئامڕازی ڕەخنەیی.

دیارە بە گوێرەی کولتووری کوردیش کە تاکو ئێستا لە قەیرانی عەقڵ و لە قەیرانی عەقڵی ڕەخنەییدایە، ناشێت تەسەوری بوونی ڕەخنەیەکی پەرەسەندووی خاوەن شووناس بکرێت تێیدا. هەر لێرەوە ئەو کارانەی ئێمەش کردوومانن بێ کەموکورتی نین، بەڵام تا ئەو ئەندازەیەی توانامان بەسەریدا شکاوە لە ماوەی نزیکەی بیستوپێنج ساڵی ڕابردوودا، هەوڵمانداوە لە چوارچێوەی دەقە ئەدەبییەکاندا کار بکەین و

پشت بە تیۆر و ڕێبازە ڕەخنەییەکان ببەستین و لەو ڕووەشەوە بە پێی دەقەکان کار بەو میتۆدانە بکەین کە لەناو دەقدا کار دەکەن و لەوێڕا هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن دەدەن.

لەم بەرهەمەشدا کە خوێندنەوەی شەش ڕۆمانی کوردییە، لەگەڵ پێشەکییەکی تیۆری سەبارەت بە ڕۆمان، کە ڕۆمانەکان هەموویان بەرهەمی نەوەیەکن هێشتا لە قۆناغی هەڵچووندان و مێژووی نووسینیان هاوکاتی ئێمەیە و هەر یەکەش بە جۆرێک بەشداری هەیە لەو بوارەدا، لەگەڵ ئاستی جیاوازیاندا. ئێمە خوێندنەوەی بەرفراوانی دەقەکانی ئەوانمان کردووە و بە پشتبەستن بە میتۆدی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی کۆی ڕەگەزەکانی دەقەکان، هەوڵمان داوە لەسەر هەر دەقێک لەو دەقانە دەقێکی نوێی ڕەخنەیی بەرهەم بهێنین. لەو ڕووەشەوە لە دوای پرسیار و جیهانبینی دەقەکان گەڕاوین و خوێندنەوەی تەواوکاری و هەمەلایەنەی دەقەکانمان کردووە و لە میانەی شیکردنەوەکاندا لە کۆی ڕەگەزەکانی ڕۆمان بەگشتی و ئەو ڕەگەزانەی لە هەر یەک لەم دەقانەدا بەکار هاتوون دواوین و باسی چۆنێتی مامەڵەکردنی نووسەرمان لەگەڵ ئەو ڕەگەزانە و تەکنیکەکانی نووسین کردووە و لە دوای ئەو سەرچاوە و ڕەگەزانەش گەڕاوین کە کراون بە ڕەگەزی بەرهەمهێنانی دەقەکان و هەوڵمان داوە تیشک بخەینە سەر چۆنێتی مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ کۆی ئەو توخم و ڕەگەزانەدا و تا چ ئاستێک لە خزمەتی بەرهەمهێنانی دەقێکی داهێنەرانەدا بە کاری خستوون. لە کۆی لێکۆڵینەوەکاندا جەختی زۆرمان کردووەتە سەر هونەر و تەکنیکی گێڕانەوە و کۆی ئەو مانا و

دەلالاتانەی لە پشتی هەر برگە و بەشێکی گێڕانەوە، یان جووڵە و ڕووداوێکەوە وەستاون. هەروەک لە شیکردنەوەکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە هەر یەکێک لەو ڕۆمانانە وەکو دەقێکی پەیوەست بە واقیعەوە، بەرهەمهێنی پرسیار و جیهانبینی تایبەتی خۆیەتی، ئەگەرچی تێبینی ئەوەش دەکرێت لە هەندێ ئاستدا جۆرێک لە نزیکی لەنێوان پرسیار و کۆی جیهانبینی دەقەکاندا هەیە، هۆکەشی ئەوەیە کە ڕۆمان بە جۆرێک پەیوەندی بەو زەمینە و واقیعەوە هەیە کە تێیدا بەرهەم هاتووە، یان تێیدا بەرهەم دێت.

خوێنەری خۆشەویست ئەمەی دەیخوێنیتەوە بەشێکی ترە لەو کارانەی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەنجاممان داون. وەکو گوتمان لێرەدا خوێندنەوەی ژمارەیەک ڕۆمانی کوردیمان کردووە کە لە لایەن نووسەرانی ڕووبەرێکی فراوانی کوردستانەوە نووسراون، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوور و لە باشووریشەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکاندا هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە کە دەقەکان یەکێتی و یەکبوونی ئەو کولتوورە دەسەلمێنن کە تێیدا بەرهەم هاتوون. فەزای گرەوی بەختی هەڵاڵە و گێلاسی خوێن و میرنامە و بۆرە قەڵا نزیکییەکی ئاشکرا لەنێوانیاندا هەیە. فەزای نەتەوەی زێرابەکان و ئەو پیاوەی درەختێک بوو لە ئاستی قووڵدا نزیکی لەنێوانیاندا هەیە. هەر لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت زەمینەی کولتووری کوردی کە لە قۆناغی گواستنەوەدایە بەرەو بەرهەمهێنانی ڕۆمان دەچێت وەکو ژانرێکی هونەریی باڵا، کە ئەوەش وەکو ئەدەبی قۆناغی ژیانی شاری کۆمەڵگە سەیر دەکرێت. بەڵێ کاتێ ئەم ڕۆمانانە و چەندین ڕۆمانی تری کوردی دەخوێنینەوە کە لەم چارەکە

سەدەیەی دواییدا بەرهەم هاتوون، هەست بەوە دەکەین ئەم ژانرە نوێیە لە ناوەندی کولتووری ئێمەدا بەرەو فۆرمەلەبوون و هەڵکشان دەچێت. واتە ئێمە لە قۆناغی بەرەو بەرهەمهاتنی ئەدەبی شاردایین، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە ڕۆمان ئەدەبی کۆمەڵگەی شارە، مەبەست لە کۆمەڵگەی شاریش کۆمەڵگەی عەقڵە. هەر لێرەوە ئاماژەی بەرەو گۆڕانکاری و هەنگاوی بەرەو ئاسۆی داهاتوو لە کولتوور و عەقڵی کۆمەڵگەی ئێمەدا دەبینرێت، ئەوەش بەڵگەی بەردەوامبوون و ڕۆیشتنە بەرەو قۆناغی پێشکەوتووتر. دیارە ئەم جووڵە و گۆڕانکارییە هێمنە کە لە کولتوور و عەقڵدا دەبینرێت، بەرهەمی ئەو جووڵە هێواش و سروشتییەیە کە لە هەناوی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات و ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمەڵگەی کوردیش وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی تر لە جووڵەی بەردەوام و پەرەسەندندایە، دیارە ئەو جووڵەیەش بە هێمنی و بە پێی کارلێکە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە ڕەوتی خۆی دەکات و هیچ هێز و بەربەستێکیش ناتوانێت بیوەستێنێت، هەروەک ڕەنگە هۆکارە دەرەکییەکان ڕۆڵ لە گۆڕینی ڕووکەشی کۆمەڵگەدا ببینن، بەڵام گۆڕانکاری سروشتی سەرەتا لە ناوەوە ڕوو دەدات و گۆڕانکارییەکانی ناوەوە واتە ماهیەت و جەوهەر و سیما و ڕووخسار دەگۆڕن.

**سلێمانی ١-٢-٢٠١٦**

hewalname.com/ku

hewalname.com/ku/

## ڕۆمان چییە؟ ڕەگەزەکانی ڕۆمان چین؟

بە پێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، ڕۆمان گێڕانەوەی پەخشانێکی خەیاڵیە یان حیکایەتێکە درێژییەکی لەبەرچاوی هەیە، کە تیایدا خستنەڕووی کەسێت و ڕووداوەکانی ژیانی ڕاستەقینەی ڕابردوو، ئێستا وێنا دەکرێت لە گرێچنێکی زۆر یان کەم ئاڵۆزدا[١]. هەروەها لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان و تیۆری ئەدەبیدا بەم جۆرە باسی ڕۆمان هاتووە: زاراوەی ڕۆمان بریتیە لە گێڕانەوەی شێوە پەخشانی سەبارەت بە کەسێت و کارەکانیان کە تیایدا ژیانی ڕۆژانەو ئاسایی پێشتر لە ئێستادا ناسراون، لەگەڵ جەختکردنە سەر شتگەلێک کە نوێ یان ناباون[٢]. تێری ئیگلتن دەڵێت: ڕۆمان پێکهاتە یان پارچە نووسراوێکی پەخشانیی خەیاڵیە کە درێژیەکی پەسەندی هەیە. هەرچەند پێناسەیەکی بێددانی لەم جۆرە، هێشتا زۆر سنووردارە. هەموو ڕۆمانێکیش بە پەخشان نەنووسراوە. پەخشان هەیە بە شیعر نووسراوە وەکو ئیۆجین ئۆنجینی پۆشکین یان دەروازەی ئاڵتوونی ڤیکرام سیز[٣]. ئۆرهان پامۆک دەڵێت: ڕۆمان ژیانی دووەمە. ڕۆمان وەکو ئەو خەونانەن کە شاعیری فەرەنسی جیرارد دی نێرڤڵ

لەبارەیـانەوە دەدوێـت و ڕەنـگ و ئاڵۆزییەکـانی ژیـانی ئـێمە دەردەخەن و پـڕن لە خەڵـک و دەموچـاو و شـتگەلێک ئـێمە هەست دەکەین دەیانناسینەوە[٤]. ئی ئێم فۆرستەر پێی وایە کە ڕۆمان چیرۆکە، نەک چیرۆک بەو مانایەی کە ئێمە مەبەستمانە دەبـێ چیـرۆک لە ڕووی لاپەڕە و وشـە و ڕووداو و کەسـەکانیەوە سنووردار بێت، نەخێـر بەڵکو لەو ڕووەوە کە: چیـرۆک بڕبـڕەی پـشتی ڕۆمـانە و بـریتییە لە گێـڕانەوەی ڕووداوەکـان کە بە پێـی ڕیزبەنـدی کـاتی ڕوودانیـان ڕێـک دەخرێن[٥]. هەر لەبارەی ڕۆمانەوە ڕیچارد گیل دەڵێت: ڕۆمان پێکهاتەیەکی ئاسایییە لە پەخشان، پەیوەستە بە کار و قسەی کەسـێتی خەیـاڵییەوە. تێیـدا چیـرۆک لە لایەن گێـڕەرەوەوە دەگێـڕدرێتەوە. ڕۆمـان چیـرۆکێکە تێیـدا ڕووداوەکـان لە ڕێکخـستنێکی تایبەتیـدا پەیوەسـتن بە خـوێنەرەوە و بـۆ مەبەستێکی تایبەتی. ڕووداوەکان وا خەیاڵ دەکرێن لە شوێنی دیـاریکراودا ڕوو بـدەن. کەسـێتی و ڕووداوەکـان جیهـانێکی خەیاڵی پێکدەهێنن کە دەشـێ نزیـک یان دوور بێت لە ژیـانی ڕۆژانەی ئـێمەوە. کـۆی کەسـێتی و ڕووداوەکـان بەرەو ئەنجامێک دەچن. ئەویش ئەوەیە ئێمە دەتوانین لە کارەکەدا (لە بەرهەمەکەدا) مانا بدۆزینەوە[٦]. دەشێ چەندین پێناسەی تریش بـۆ ڕۆمـان هەبـن، بەڵام ئەگەر بە وردی بەراوردی کـۆی پێناسەکان بکەین، ئەوا لە ڕووی ناوەرۆک و ماناوە یان وەکو یەکن، یـان زۆر لە یەکتـرەوە نـزیکن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆمـانیش وەکو هەر ژانرێکـی تـری ئەدەبی یـان هـونەری، شوناسی دیاری خۆیی هەیە و هەر بەو پێیەش یاساوڕێسا و چوارچێـوەی دیـاریکراوی خـۆیی هەیە. تەنـانەت ئەگەر گۆڕانکـاری بچـووک یـان لادانـی ناکـاریگەریش لەو

یاساوڕێسایانە ڕوو بدات، مانای ئەوە نییە یان ئەوە ناگەیەنێت کە ژانرێکی جیاواز لە ڕۆمان بەرهەم هاتووە، چونکە وەکو لەو پێناسانەی سەرەوەدا بینیمان ڕۆمان نووسینەوەی ژیانی واقیعیە بە شێوازێکی هونەری و بە ئامرازی جیاواز لەو ئامرازانەی ژیانی ئاساییان پێ بەڕێ دەکرێت. لێرەشەوە ڕۆڵ و کاریگەری داهێنەری ئەو جیهانە ئاشکرا دەبێت کە نووسەر یان داهێنەری ڕۆمانەکەیە. ئەویش لەوەیدا کە بە چ ئاستێکی شارەزایی و بە چ دەستڕەنگینییەکی هونەری و بە چ خەیاڵێکی قووڵی داهێنەرانە و بە چ تەکنیکێکی گونجاو و بە چ زمانێک ئەو جیهانە دەخوڵقێنێت.

لە ڕووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانەوە، ڕۆمان لە دوای ژانرە ئەدەبییەکانی تری وەکو شیعر و دراما بە تراژیدیا و کۆمیدیا و ئیپیک دێت. تەنانەت پێش ئەوەی زاراوەی ڕۆمان جێگە بگرێت بۆ ئەو ڕەگەزەی کە وەکو گێڕانەوەی پەخشانی کە کەسێتی و ڕووداوی تێدایە، زاراوەی پیکەرەسک picaresque بەکار دەهات کە: ئاسایی تۆمارکردنی سەرکێشییەکانی قارەمانێکی لە ئەندازەبەدەر خراپ بوو کە بە عەقڵی خۆی دەژیا. پیکەرەسک لە بونیاددا لە چەند بەشێک پێکدەهات. ئەو بەشانەش لە زنجیرەیەک ڕووداو پێکدەهاتن کە بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەو ڕووداوانە لە یەک کەس ڕوویان دەدا[٧]. نموونەی دیاری ئەم جۆرە نووسینەش "گەشتیاری بێبەخت"ی تۆماس ناشە کە ساڵی ١٥٩٤ نووسیویەتی. ئەم جۆرە نووسینە تا سەدەی هەژدەش بەردەوام بوو. لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەدا دانیاڵ دیفۆ وەکو ناوێکی دیار دەردەکەوێت کە لە دیارترین بەرهەمەکانی ڕۆبنسۆن کرۆزۆیە، کە بەشێک لە بنەماکانی ڕۆمانی تێدایە

لەوانەش گێرانەوە و ڕووداو و کەسێتی و جۆرێک لە گرێچن. لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا سامۆیل ڕیچاردسۆن پامیلا و کلاریسای نووسی کە وەکو سەرەتای دیاری ڕۆمانی هونەری سەیر دەکرێن. هەروەک جۆناسان سویفت لە دەیەی سێیەمی هەمان سەدەدا گەشتەکانی گالیڤەری نووسی. لێرەوە ڕۆمان وەکو ژانرێکی نوێ و جیاواز لە ژانرە ئەدەبییەکانی تر دەردەکەوێت. بێگومان لێرەدا ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان بنووسینەوە، بەڵکو مەبەستمان لە ئاخاوتن لەبارەی ئەو سەرەتایە ئەوەیە کە ڕۆمان ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە بە ئەدەبی شار، یان ئەدەبی سەردەمی سەرمایەداری، یان ڕۆشنگەری ناودەبرێت. ئەگەر سەرنج بدەین سەرهەڵدانی ڕۆمان دەکەوێتە سەدەی هەژدەهەمەوە، دیارە سەدەی هەژدەیش سەدەی شۆڕشی بۆرژوازی و برەوسەندنی سەرمایەداری و دەرکەوتنی ڕۆشنگەری و عەقڵانیەتە. هەر لێرەوەیە کە سەرباری هەستی ڕۆمانسیانە و ئاڕاستەی ڕۆمانسیانە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو سروشت و بۆ ژیانی بارگاویکراو بە هەست و سۆز و خەیاڵ و عاتیفە، قۆناغی ژیانی شار دەست پێ دەکات کە قۆناغی دەسەڵات و باڵادەستبوونی چینی ناوەندە، کە ڕۆمانیش وەکو ژانرێکی ئەدەبی پەیوەندی بەو چینە و بە ژیانی کۆمەڵگەی شارەوە هەیە. کە لەم قۆناغەدا ژیانی تاکە پاڵەوانی نموونەیی و تاکەکەسی دیار و تاکە ڕووداو و تاکە بۆچوون و تاکە بیرکردنەوە و تاکە عەقڵ بەرەو کۆتایی دەڕوات و فرەیی و جۆراوجۆری و جیاوازی شوێنی دەگرێتەوە، کە ئەوەش قۆناغی بەرهەمهێنانی تاکەکەسی خاوەن شووناسە. ڕۆمان بەو پێیەی ئەدەبی قۆناغی شارە، لە ژیانی کۆمەڵگەی شار یان

مەدەنیدا ژانری ئەدەبی باڵادەست دەبێت. لەم ڕووەوە ئەگەر بە وردی سەیری کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای سەدەی نۆزدە و بیست بکەین، ئەوا دەبینین ڕۆمان باڵادەستترین ژانری ئەدەبی بووە تێیدا. لەم بارەیەوە ڕۆجەر فۆلەر دەڵێت: لە ماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوودا، ڕۆمان بووەتە شێوازی باڵادەستی نووسینی ئەدەبی لە زۆرینەی کۆمەڵگە خوێندەوارەکاندا[8]. دیارە هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە لە کاتێکدا کە شیعر و شانۆگەری و داستان جۆرێک لە چێژ دەبەخشن کە زیاتر پەیوەستە بە مرۆڤی قۆناغی پێش ڕۆشنگەری و کۆمەڵگەی شارەوە. ڕۆمان هەر چۆن لە لایەک وێناکردنەوەی ژیانی کۆمەڵگەیە لە ئاستێکی هونەریدا، هەروەها بەرهەمهێنی ئەو مانا و جیهانبینی و چێژی جوانناسییەشە کە پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵگەی شارەوە... ڕۆمان بە خێرایی و بە بایەخەوە ڕاستییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و خەیاڵەکانی بەکارهێنەرانی پێچەوانە دەکاتەوە و یارمەتی پێکهاتنیان دەدات(٩). لێرەوە دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی ڕۆمان لە کولتووری هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاستی پەرەسەندنی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیەوە. هەر لێرەشەوە ئاشکرا دەبێت کە بۆچی لە کولتووری نەتەوە دواکەوتووەکاندا ڕۆمان درەنگتر دەرکەوتووە لەچاو ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕوسیادا. تەنانەت لەنێو نەتەوە دواکەوتووەکانیشدا، جیاوازی هەیە لە مێژووی دەرکەوتنی ڕۆماندا، کە باشترین نموونەش ئێمەی کورد خۆمانین کە هەموومان دەزانین مێژووی دەرکەوتنی ڕۆمان زۆر نوێیە و دیارە ئاستەکەشی جێگەی قسە لەسەرکردنی

زۆره، ئەوەش بێگومــان پەیوەنــدی بە ئاســتی گەشــەکردنی کۆمەڵگەی ئێمەوە هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە.

بێگومـان ڕۆمـانیش وەکـو ژانـره ئەدەبییەکـانی تـر بە پێـی قۆناغی مێژوویی، یان بە پێی ئەو بابەتەی لێی دەدوێت، یان بە پێی ئەو پرسیارانەی بەرزی دەکاتەوە پۆلێن دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە ڕۆمــان وەکــو بەرهەمــی داهێنــراو یەک شـێواز و یەک جـۆری نییە. بـۆیە دەشـێ چەنـدین ناونیـشانی وەکو ڕۆمـانی مێژوویـی، ڕۆمـانس، ڕۆمـانی زانستی، ڕۆمـانی فەلـسەفی، ڕۆمـانی خەیـاڵی، یـان بە ئاڕاسـتەیەکی تـر ڕۆمـان پۆلێن بکرێت بۆ ڕۆمانی کلاسیک، ڕۆمـانی ڕۆمانسی، ڕۆمـانی ڕیالیزم، ڕۆمـانی نوێی ئینگلیزی، ڕۆمـانی فەرەنسی دەرەوەی شـوێن، ڕۆمـانی ڕیـالیزمی سـیحری و...تـاد، هەروەک لە ڕووی جیهانبینیشەوە ڕۆمـانی ئومێدبەخش، ژیندۆست، مەرگدۆست، بێهـودە، داشـۆرین... کە ئەم پۆلێنکردنـانەش لەسـەر بنەمـای ڕەگەزە پێکهێنەرەکان و پرسیار و مانا و جیهانبینی دەقەکان و شـێوەی مـامەڵەکردنی ئەو دەقـانە لەگەڵ ژیـان و کـۆمەڵگە و لەگەڵ تەکنیکەکانی ڕۆمان دەکرێت، چونکە ئاشکرایە کە ڕۆمان دەکەوێـتە ژێـر کـاریگەری بـاری کـۆمەڵایەتی و سیاســی و ئـابووری و کولتـووری و تەنـانەت زانستیشەوە. بەڵام ئەوەش ئاشــکرایە کە ڕۆمــان تــا ئاســتێکی ئاشــکرا گرنگــی دەداتە تــاکەکەس و کـۆمەڵگە و شـوێنی تـاکەکەس لەنێـو دەسـتە و گروپەکـانی کۆمەڵگەی شـاردا. یـان بە دەربڕینێکـی تـر ڕۆمـان جەخــت دەکــاتە ســەر ژیــانی تــاکەکەس بە هەمــوو ڕەهەنـدەکانییەوە، لەگەڵ پەیوەنـدی ئەم تاکەکەسـە لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئـابووری و کولتـوورییەی کە تێیـدا دەژی. دیـارە لێرەشـدا دەبـێ ئامـاژە بـۆ دوو جـۆره

لێکدانەوە، یان ڕوانین بۆ تاکەکەس، یان مرۆڤـ بکەین لەنێوانی ڕۆمـــانی کلاســـیک و ڕۆمـــانی نوێـــدا. لە ڕۆمـــانی کلاســـیکدا پەیوەنـــدی مرۆڤـــ و دنیـــا و هۆشـــیاری لەســـەر ئەو بنەمـــایە بەرجەستە کراوە کە دنیا چەق یان ناوەندە و مرۆڤ لە ئاستی دووەمـدا دێـت و هۆشـیاری مـرۆڤیش بـۆ پەیبـردن بە دنیـا لە ئاستی سێیەمدا دێت، بەڵام ڕۆمانی نوێ بە تایبەتی لە سەدەی بیـستدا و بە دیـاریکراوی لای جـۆیس و ڤێرجینیـا وۆڵــف و ولیەم فۆکنەر تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئەو پەیوەندییە دێتە ئاراوە، کە مرۆڤـ دەبێتە ناوەند و هۆشیاری مرۆڤـ دەبێتە ئامراز یان ڕێگە بۆ پەیبـردن و تێگەیشتن لە دنیاو لەوێشەوە هەنگاونـان بەرەو کـۆنترۆلکردنی دنیـا. بێگومـان لە هەردوو قۆنـاغەکەدا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە سـەبارەت بە ڕۆمـان ئەوەیە ڕۆمـان ئەو ژانـرەیە کە پەیوەسـتە بە دنیـا و مرۆڤـــەوە، بە واتـایەکی تـر ڕۆمان وێنای واقیع دەکات بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە، بەڵام بە شێوازێکی هونەرییانە.

بێگومـان ڕۆمـانیش وەکـو هەر ژانرێکـی تـری ئەدەبـی کۆمەڵێک ڕەگەزی پێکهێنەری خـۆیی هەیە، کە بێ بـوونی ئەو ڕەگەزانە ڕەنگە ئاسـان نەبێت دەقێک ناوبنرێت ڕۆمـان. ئێمە پێشتر گوتمـان ڕۆمـان بـابەتی کێڕانەوەیە بە زمـانی پەخشان. کەواتە لێرەدا ڕەگەزێکـی سـەرەکی ڕۆمـان ئاشـکرا دەبێت کە زمـانە. زمـان ئـامرازی گەیانـدنە و هەڵگـری مانـا و دەلالاتە. بە مانایەکی تر زمان هەڵگر یان گوێزەرەوەی پەیـامێکە. شـێوازی ئەو زمـانەی ڕۆمـانی پێ دەنووسـرێت زمـانی پەخـشانە لەگەڵ دایەلۆگـدا. دیـارە زمـان ئـامرازی دەربـڕینە لە هەمـوو ژانـرە ئەدەبییەکانــدا، بەڵام ئەو زمـــانەی ڕۆمـــانی پـــێ دەنووســـرێت زمانی پەخشانە، کە ئاشکرایە زمانی پەخشان زمانی عەقڵ یان

بیرکـردنەوە یـان تێڕامـانە، لە کاتێکـدا شـیعر وەکـو ژانرێـک دەربـڕی خەیـاڵ و هەسـت و هەڵچـوونە. کە ئەوەی یەکەمیـان واتە عەقڵ و بیرکردنەوە و تێڕامـان بەرهەمـی قۆنـاغی شـاری کـۆمەڵگەن، لە کاتێکـدا خەیـاڵ و سـۆز و هەڵچـوون بەرهەمـی قۆناغی کۆمەڵگەی نێو سروشـت یان پێش قۆنـاغی کـۆمەڵگەی شــارە. ئەمەش واتە زمــانی پەخــشان لەگەڵ ئەو بۆچــوونەدا یەکـدەگرێتەوە کە ڕۆمــان بەرهەمــی قۆنــاغی ژیــانی شــاری کۆمەڵگەیە، یان وەکو لۆکاش باسـی دەکات بەرهەمـی قۆنـاغی سەرمایەداری و چینی ناوەند و بازاڕی هاوبەشە.

یەکێکی تر لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان گرێچنە Plot. کەواتە با بپرسین گرێچن چییە؟ گـرێچن بـریتییە لە ڕێکخستنی زنجیـرەی ڕووداوەکـان کە مێـژووی گـرێچن دەگەڕێـتەوە بـۆ سەردەمی گریکی کۆن و لەگەڵ سەرهەڵدانی درامـا بەگشتی و تراژیدیا بەتایبەتی باسی گرێچن دێتە ئاراوە. دیارترین شێوەی گرێچنیش کە تـاکو ئێستا کـاری پێ دەکرێت و بـایەخی خـۆیی لەدەست نەداوە، گرێچنی ئەرسـتۆییە کە بە گرێچنـی کلاسـیکی یــان نەریتــی ناودەبرێــت. گرێچنــی ئەرســتۆیی ســەرەتا و بەرزبوونەوە و لوتکە و کۆتـایی یان سـەرئەنجامی هەیە کە لە دەسـتپێکەوە تـا گەیـشتنی گـرێچن بە لـوتکە بە بەرزبـوونەوە ناودەبرێــت و لە دوای لــوتکەش تــا کۆتــایی بە دابەزیــن ناودەبرێـت. بە جـۆرێکی تـر دەتوانرێـت بگوترێـت کە گـرێچن ئەنــدازەی ڕێکخــستن و جــووڵە و ململانێــی جۆراوجــۆر و ڕووداوی جۆراوجۆرە لە شـوێن و کاتدا کە کۆی ئەم ڕووداو و جــووڵە و ململانێیــانەش پەیوەســتن بە ڕەگەزەکــانی تــری ڕۆمانەوە. گرێچنی ئەرستۆیی بۆ درامایەک دانراوە کە لە پێنج ئەکت یان بەش پێکهاتووەو لە هەر بەشێکدا گرێچن بە جۆرێک

ڕووداوەکـان ڕێـک دەخـات کە تەواوکەری بەشـی پێـشتر و سەرەتا و ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەشی دواتر. بێگومان گرێچنیش بە پێی کەسێتی سـەرەکی دراما یان ڕۆمان گۆڕانکاری تێدا ڕوو دەدات. لە درامـادا و تەنـانەت لە چیـرۆک و ڕۆمانیـشدا دیاردەیەکی ئاشکرا هەیە کە پێی دەوترێت ململانێ، کە ئەویش لە ئەنجامی دوو کەسێتی بەرامبەر یەکتردا دروست دەبێت، کە دەشـێ بە قارەمـان و دژە قارەمـان نـاو ببـرێن و دەشـێ دوو مرۆڤـ بن یان قارەمان کە مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا یان لەگەڵ کۆمەڵگە یـان داب و نەریت یـان دەسـەڵات یـان لەگەڵ نـاخی خۆیدا لە ململانێدا بێت. هەروەک دەشێ گرێچنی هەر ژانرێکی ئەدەبـی و هـونەری کە دیـارە لێـرەدا مەبەسـتمان درامـا و چیـرۆک و ڕۆمـان و فـیلمە، گرێچنـی دووەمـی تێـدا بێـت، کە ئەویش وەکو وێنەیەکی تری گرێچنی سەرەکی وایە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی بۆرە قەڵای (ماردین ئیبراهیم)دا گرێچنی سـەرەکی چنینـی ڕووداوەکـانی گونـدی بـۆرە قەڵایە تـا ڕۆیـشتنی پێـنج کــوڕە لاوەکە بــۆ ســەربازی و قــاچپەڕینی ســیامەند و بە ئەنفـالبردنی ژن و کـچەکەی و گەڕانەوە بۆ گونـدی وێرانــی دوای ئەنفـال و لەسێدارەدانی سـەرۆکی فەرماندە. لە پـاڵ ئەم گـرێچنەدا گرێچنێکـی تـر هەیە کە هێرشـی سـوپای تەیمـوری لەنــگە بــۆ ســەر دیمەشــق و وێرانکردنــی شــارەکە و بەر تـاعوونکەوتنی سـوپاکەی تەیمـور و بەناچـاری چـۆڵکردنی ئەو شارە.

لە بەرزبوونەوەی جووڵەی ڕووداو لە گرێچندا ململانێکان دەردەکەون و بەرەو توونـدبوون دەچـن هەتـا دەگەنە لـوتکە کە ئەوە بەرزتـرین ئاسـتی توونـدبوونی ململانێکـانە و هەڵچـوونی نـاوەوە، یـان دەرەوەی قارەمـانە کە لێـرەدا دەشـێ گێـڕانەوە

لەگەڵ جـوولەی کەسـێتییەکاندا پـێکەوە بەشـداری بـکەن لە بەرزکـردنەوەی ئاسـتی توونـدی و پـشێوی و سـەختبوونی ململانێکانـدا تـا دەگـاتە خاڵێـک، ئیتـر زیـاتر توونـدبوون و بەرزبـوونەوە نامێنێـت، ئەوەش ئەو خـاڵەیە کە توونـدترین ئاسـتی هەڵچـوونی عاتیفیـانە یـان ویژدانـی یـان ڕۆحـی یـان فیزیکـی قارەمـانە. لەم لـوتکەیەوە خـاوبوونەوەی جـووڵە و ململانێکان و توندی و هەڵچوونی عاتیفیانە دەست پێ دەکات، کە ئەوەش دەبێـــتە ســـەرەتا بـــۆ دابەزینـــی جـــووڵە و خـاوبوونەوەی ڕووداو و لەوێـشەوە زنجیـرەی ڕووداوەکـان بەرەو کۆتـایی یـان چارەسـەرکردن دەچێت، ئەوەش دەبێت بە کۆتـــایی گـــرێچن. ئەگەری چـــاوەڕوانکراو لێـــرەدا ئەوەیە کە قارەمان بگات بە ئەنجامێک، بەڵام مەرج نییە سەرکەوتن بێت، چـــونکە ئاشـــکرایە کە شـــێوازی جـــوولەی قارەمـــان لەنـــاو ڕووداوەکـــان و لە ململانێکانیـــدا لەگەڵ دژەقارەمـــان شـــێوازی جووڵە و سەرکەوتن و دابەزین لە گرێچندا دیاری دەکـات. بۆ نمـوونە لە گرێچنـی ئەرسـتۆییدا لەبەر ئەوەی ئەرسـتۆ وەهـا سـەیری گەردوون و جووڵەکـانی دەکـات کە هەمـوو شـتێک سەرەتا و لوتکە و کۆتایی هەیە، سەرەتا و کۆتایی گرێچن بە پێی جـووڵە و ململانێ لەو گـرێچنەدا لەنێوان قارەمـان و دژە قارەمانـدا لەیەک ئاسـتدا دەبـن، واتە لە کوێـوە دەسـت پـێ دەکرێـت کۆتـایی دێـتەوە ئەو ئاسـتە. دیـارە لەو ئاستەشـەوە هەمیشە جووڵە بەرەو هەڵکشان بەردەوام دەبێت و کۆتـاییش هەر گەڕانەوەیە بۆ هەمان ئاست. تەنانەت ڕوانینی ئەرسـتۆ بـۆ سـەرهەڵدان و پەرەسـەندن و گەیـشتن بە لـوتکە و دابەزیـن و لەنـــاوچوونی شارســـتانێتییەکانیش هەر هەمـــان سروشـــتی جووڵەی هەیە کە لە گرێچنی ئەرستۆییدا هاتووە.

بەڵام ئەگەر قارەمان وەکو کەسێتی سەرەکی ڕۆمان یان دراما زنجیرەیەکی درێژ لە سەختی و ململانێ و بەربەستی لەبەردەمدا بێت و دواجار بگاتە خاڵی سەرکەوتن، ئەوا بەرزبوونەوەی جووڵەی ڕووداو لە گرێچندا زۆر هێواش دەبێت تا سەرئەنجام دەگاتە خاڵی سەرکەوتن، ئەوە لەوێدا جووڵەی ڕووداو لە گرێچندا بەرەو سەرکەوتن دەچێت و دواجاریش ئاستی نزمبوونەوەی کەم دەبێت. بەڵام ئەو گرێچنەی کە تێیدا کەسی سەرەکی بە خێرایی بەرەو سەرکەوتن دەچێت، ئاڕاستەی جووڵەی ڕووداوی گرێچن بە زوویی و بە خێرایی بەرزدەبێتەوە تا دەگاتە لوتکە. بەڵام ئەو گرێچنەی کە قارەمان زنجیرەیەک سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و لەناکاو تووشی شکست دەبێت، جووڵەی ڕووداو لە گرێچندا بە خێرایی و بە ئاڕاستەی نزیک لە شاوڵی دادەبەزێت بەرەو کۆتایی.

کەسێتی- Charecters ئەو کەس یان کەسانەیە کە چیرۆکی ڕۆمان لەبارەی ئەو یان ئەوانەوە دەدوێت. کەسێتی ئەو بوونە هەستیار یان ناهەستیارەیە کە ئەکتەری نواندنی ڕووداوەکانن... کارەکتەر یان کەسێتی کەسێکە لە کاری دراما یان گێڕانەوەدا نیشان دەدرێت، بەکەسکردن ئەو پرۆسێسەیە کە بە هۆیەوە نووسەر وا لێ دەکات کە کەسێتی وەکو کەسی ڕاستەقینە دەربخات(١٠). کەسێتی لە ڕۆمان و درامادا یەک شێوە نییە. بۆ نموونە کاتێ باسی کەسێتی دەکرێت باسی قارەمان و دژەقارەمان یان کەسێتی سەرەکی- تەوەری و کەسێتی ناسەرەکی دێت. دیارە لەنێو کەسێتییە سەرەکییەکاندا کەسێک دەردەکەوێت دەبێتە کەسی تەوەری، یان قارەمان. هەروەک لە بەرامبەریشدا دژەقارەمانیش هەیە، کە ململانێ



hewalname.com/kuli

وەکــو ڕەگەزێکــی ســەرەکی ڕۆمــان و درامــا دەرئەنجــامی پەیوەنـدی توونـد و نـاکۆکی و بەریەککەوتنــی ئەم دوانەیە و کۆتـایی ململانـێش بە سـەرکەوتنی قارەمـان یـان لەوانەشـە بە سەرکەوتنی دژەقارەمان بگاتە ئەنجام. بێگومان ڕۆڵی کەسێتی بـۆ خـوێنەر گرنگییەکـی زۆری هەیە، چـونکە خـوێنەر دەبێـتە بەشـداری کەسـێتی و بەشـدار لە ئـازار و کێـشە و گرفـت و شکـــستەکانیان، یـــان بەشـــداری خۆشـــی و ئاســـوودەیی و سەرکەوتنەکانیان دەکات.

دیــارە نووســەر وەکــو داهێــنەری ئەو جیهــانە کە پێــی دەگوترێـت دەق چـی ڕۆمـان و چیـرۆک بێـت یـان درامـا، ئەو بونیــادنەری کەســەکانی نــاو جیهــانی دەقەکەیەتــی و ئەو ئەفریدەیان دەکات. بەڵام ئایا دانەر ئازادە بەوەی چۆن بیەوێت کەسەکان بینا بکات، یان دەبێ پەیڕەوی هەندێ بنەما و ڕێسا بکـات؟ بێگومـان ئاشـکرایە دەبـێ کەسـەکان بە جۆرێـک بینـا بکــرێن کە خــوێنەر قەنــاعەت بە بوونیــان بکــات. بــۆ ئەو مەبەستەش هەر کەسێتییەک دەبێ لە چەند ڕوانگەیەکەوە لێی بڕوانرێت، کە ئەوانیش سێ ئاست یان سێ ڕەهەندی دیارن. یەکەم ڕەهەنـدی ڕووکەش و پێکهـاتەی بینـراوی ئەو کەسـەیە کە مەبەست لەمەش پێکهاتەی فیزیکی جەستە و سیما و ڕەنگ و ڕووخـــساری دەرەوەی ئەو کەســـە دەگـــرێتەوە. دووەم: ڕەهەنــدی ئیتیکــی یــان ڕەفتــاری ئەو کەســەیە، ئەویــش هەڵـسوکەوت و بـاری دەروونــی و ڕاسـتگۆیی و جـووڵە و دەربـڕین و کـۆی گـشتی ڕەفتـاری ئەو کەسـێتییە دەگـرێتەوە. سـێیەم: ڕەهەنـدی کـۆمەڵایەتی کە مەبەسـت لەمەش پاشـخانی کــۆمەڵایەتی ئەو کەســێتییەیە لە ڕووی چینــایەتی و پــێگە و تەنانەت ڕەگوڕیشەوە، واتە مەبەست بوون و ئامادەبوونی ئەو

کەسـێتییەیە لەو ژیـنگە کـۆمەڵایەتییەی کە تێیـدا دەژی و هەڵـسوکەوت دەکـات. لەم ڕووەوە ئەگەر سـەیری کەسـێتی حەمەڕەشید خـان بکەین لە ڕۆمـانی (گرەوی بەختـی هەڵاڵە)ی (عەتـا نەهـایی)دا، دەبینـین ئەم کەسـە پاشـخانێکی کۆمەڵایەتی خێڵایەتـی هەیە و سـەرباری ئەوەی کە بەرپرسـیارێتی حیزبیشی هەیە، بەڵام ئەو پاشخانە کۆمەڵایەتییە ڕەنگدانەوەی ئاشـکرای هەیە لەسـەر کـۆی هەڵـسوکەوت و ڕەفتـار و مـامەڵەکردن و چـۆنێتی دەربـڕین و بـاری دەروونـی ئەو و هەمیـشە کـاریگەریی ئەم پاشـخانە کـۆمەڵایەتییە بەهێزتـرە لە کـاریگەری ئەنـدامبوون و بەرپرسـیارێتی ئەو لەنـاو حیزبـدا. دیارە بە گوێرەی کەسێتی دووەمی یان ناسـەرەکی کە زیـاتر ئەو کەسێتییانە لە ڕووی ڕەفتار و هەست و عەقڵەوە جێگیـرن و دەتـوانین وەکو کەسێتی تاکڕەهەند لەو ڕووانەوە سـەیریان بکەین، ئەرکی بیناکردنیان ئەوەندە گران نییە، بەڵام بە گوێرەی کەسێتی سەرەکی و لەنێو کەسێتییە سەرەکییەکانیشدا کەسێتی تەوەریـی، یـان قارەمـان دەخوازێت نووسـەر بە شـارەزاییەکی تەواوەوە لە هەمـوو ڕوویەکەوە بینـای ئەو کەسـێتییە بکـات و ئاگـاداری کـۆی خاسـێتە فیزیکـی و دەروونـی و ئیتیکـی و پاشـخانە کۆمەڵایەتییەکەی بێت و بەو پێیە و لەسـەر بنەمـای شـارەزابوون لە کۆی ڕەهەنـدەکانی ئەم کەسـێتییە دەتوانرێت بجووڵێنرێـت و شـوێنی لە جـووڵەی ڕووداوەکـان و لە بەرزبـوونەوەی ئاسـتی ململانـێ و گەیـشتن بە لـوتکە و چارەسەرکردنی ئەو ململانێیانەدا دیاری بکرێت و هەر لەسـەر ئەو بنەمایـانەش چارەنووسـی کەسـێتی تەوەریـی لە ڕۆمـان و درامـادا دیـاری دەکرێـت. کە ئەمەش دەشـێ دوو کۆتـایی بە خـۆیەوە ببینێت. کۆتـاییەکی داخـراو و کۆتـاییەکی کـراوە. بـۆ

نموونە مردنی ئەحمەدی خانی لە ڕۆمانی (میرنامە)ی (جان دۆست)دا چارەنووسی ئەو کەسێتییە تەوەرییە دیاری دەکات و ئەگەرچی ئەو وەکو کەسێکی زیندوو لە جیهانی دەرەوەی دەقەکەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە، بەڵام لە ڕووی ئامادەبوونی فیزیکییەوە لە پێش کۆتاییهاتنی دەقەکە ئەو کۆتایی دێت. بە هەمان شێوە کوشتنی کەسێتی تەوەریی هەڵاڵە لە ڕۆمانی گـرەوی بەختـی هەڵاڵەدا بە خەنجەرێـک و لە لایەن کـۆنە مێردەکەیەوە و لە شوێنیک کە ئەویش وڵاتی سویدە، دیسان کۆتایی بە ئامادەبوونی جەستەیی و فیزیکی ئەم کەسێتییە دەهێنێـت، بەڵام لە ڕووی ئامـادەبوونی مەعنەویـیەوە ئەم کەسێتییە کە هەڵگری پەیامی گۆڕانکارییە لە کولتوورێکدا کە گۆڕانکاری قبووڵ ناکات، بە زیندوویی دەمێنێتەوە و چیرۆکی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە کۆتایی نایەت. بەڵام لە ڕۆمانی ئەو پیاوەی درەختێک بوو، کاتێ درەختەکە دەبڕدرێتەوە و پارچەپارچە دەکرێت، چیرۆکی ڕۆمانەکە کۆتایی دێت و مێژووی درەختەکە دادەخرێت.

شوێنکات Setting شوێن مەبەست کۆی ئەو شوێنانەیە کە ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانەکە تێیاندا ڕوو دەدەن، کە دەشێ شوێن بوونێکی واقیعی هەبێت یان بریتی بێت لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. هەروەک دەشێت شوێن بوویەکی خەیاڵی یان فانتازی بێت و بەرهەمی خەیاڵی نووسەر بێت. لەم ڕووەوە ئەگەر سەیری بەشێک لە شوێن بکەین لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا، ئەوە دەبینین بەشێکی دیاری ڕووداوەکان لە قوولایی زێرابەکانی ژێر شاری بەغدادا ڕوو دەدەن، کە لە ڕاستیدا ئەو شوێنە واتە زێرابە فراوانەکانی ژێر شاری بەغدا وەکو شوێن بوونی نییە، بەڵکو بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە.

کـات بـریتییە لە کـاتی ڕوودانـی ڕووداوی ڕۆمـان، یـان درێژەی ئەو کاتەی کە ڕۆمانەکە دەیخایەنێت. هەروەک دەشێ کاتیش چەند ئاستێکی هەبێت، وەکو کاتی ڕوودانی ڕووداو کە دەشێ ئەویش ڕووداوی واقیعی بێت کە لە دەرەوەی جیهانی دەقەکە ڕووی دابێت و نووسـەر بە دەستکاری و گۆڕانکـاری پێویستەوە بیهێنێتە نـاو دەقەکەیەوە. یـان کـاتی ڕوودانـی ئەو ڕووداوانە بێــت کە نووســـەر خـــۆی لە ســـنوری دەقەکەدا دروسـتیان دەکـات. هەروەک کـاتێکی تـر هەیە ئەویـش کـاتی نووســـینەوەی ئەو ڕووداوانەیە. بەدوای ئەوەشـــدا کـــاتی خوێنـــدنەوەی ئەو ڕووداوانە دێــت کە لێــرەدا گێــڕەرەوەش بەشـداری دەکـات لە گێڕانەوەدا. بەڵام ئەم کاتەیـان واتە کـاتی خوێندنەوەی ڕووداوەکـان کـاتێکی دیـاریکراو نییە، چـونکە بە پێـی ژمـارەی خوێنـدنەوەکان دەگۆڕێت، بـۆ نمـوونە یەکەمـین کاتی خوێندنەوەی ڕووداوەکانی شـەڕ و ئاشـتی تۆڵستۆی لەو کـاتەدا بـووە کە یەکەم خـوێنەر ئەو ڕۆمـانەی خوێنـدووەتەوە، بەڵام کـــاتی خوێنـــدنەوە تـــاکو ئێـــستاش بەردەوامە و بـــۆ داهــاتووش درێــژ دەبێــتەوە. هەروەک جیــرارد جینێـت کـاتی ڕۆمان ناودەنێت: کاتی ڕێکخستن و کاتی جووڵە و بەردەوامـی و کـــاتی پـــشێوی و ئـــاڵۆزی، کە ئەمەش وەکـــو کـــاتی دووبـارەبوونەوەی هەندێ ڕووداو ناودەبـات. بێگومـان کـات و شـوێن پەیوەندییەکی گرنگیـان بە ڕەگەزەکـانی تـری ڕۆمـانەوە هەیە چونکە هەر ڕۆمانێک بەرهەمی سەردەمەکەی خۆیەتی لە شــوێن یــان جوگرافیــایەکی دیــاریکراودا کە ســەرباری ڕووە فـراوانە مـرۆییەکەی، ڕۆمـان دیـسان بە پێـی شـوێن و کـات جۆرێک لە شووناسـی تـایبەتیش وەردەگرێت، ئەمە سـەرباری شووناسە گەردوونییەکەی کە ڕەهەندی گشتی مرۆیی هەیە.

ئەوەی بە گـــوێرەی شـــوێن گـــرنگە ئەوەیە کە پەیوەنـــدی تەواوی بە ڕووداو و بە کەســـێتییەکانەوە هەبێـت، بە جۆرێـک خوێنەر هەست نەکات کە شوێن وەکو شتێکی مردوو یان بێ پەیوەندییە بە کۆی گرێچن و کەسێتی و ڕەگەزەکانی ترەوە، یـــان خـــوێنەر هەســـت بکـــات جـــووڵەی کەســـێتییەکان و ڕووداوەکانیش لە شوێندا بنەمایەکی ماددی، یان سروشتیان نییە و میکانیکـانە دەجـووڵێنرێن، کە ئەوەش دەبێـتە خـاڵێکی لاواز بـۆ ڕۆمـان. دەتـوانین لەم ڕووەوە ئامـاژە بـۆ جـووڵەی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانی ئەو پیاوەی درەختێک بوو بکەین کە جـووڵەی لە شـوێندا نائاسـایی دەردەکەوێـت و هۆکـار یـان پاڵنەری قایلکەر لە پشتی جووڵەی ئەم کەسێتییەوە لە شوێندا زۆر لاوازە. یان بە دەربڕینێکی تر بڵێین شوێن پەیوەست بە جووڵەی میکانیکانەی ئەم کەسێتییە بەشدارییەکی ئەوتۆی نییە و تەنیـا ڕۆڵـی جورێـک لەو دیکـۆرە دەبینێـت کە لە هەنـدێ نمایـشی جلـوبەرگ لە پێـشەنگە تایبەتییەکـانی فرۆشـتنی ئەو بابەتـانەدا دەبینرێـت و هەسـتیش دەکرێـت ئەو دیکـۆرە لەگەڵ فەزای گشتی نمایشەکەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی نییە.

هەروەک شوێن هەندێجار ڕۆڵی دژەقارەمان Antagonist دەبینێـــت و کـــاریگەری لەســـەر کەســـێتییەکان و جـــووڵە و سروشـتی ڕووداوەکـان دەبێـت و بەوەش کـار لەو کۆتـاییە دەکات کە خوێنەر لەگەڵ جووڵەی ڕووداو و ململانێدا پێشبینی ئەوە دەکـات پێـی بگـات. بـۆ نمـوونە لە شـوێندا کارەسـاتێکی سروشـتی یـان لافـاو و بـومەلەرزە و بورکـان ڕوو دەدات کە دەشـێ ڕۆڵـی دژ ببینێـت بەرامـبەر بە کەسـێتییەکان و ڕەنـگە ببێتە هۆی کوشتنی قارەمان یان کەسێتییەکانی تر. بۆ نمـوونە لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلالەدا یەکێک لە کەسێتییەکان کە

هونەرمەندە لە ئێزگە پێکەوە لەگەڵ هەڵاڵە کار دەکەن، دەبێت بەژێــر بەفــرەوە و دەمرێــت. کەواتە لێــرەدا بەفــر ڕۆڵــی دژ دەبینێـــت و ئەو ڕووداوەش ڕاڕەوی ژیـــانی هەڵاڵە وەکـــو کەســێتی تەوەریــی ڕۆمــانەکە دەگۆڕێــت و چارەنووســی بە کوشتن دەگەیەنێت.

## بیرۆکەی سەرەکی Theme

مەبەست لەم زاراوەیە ئەو بیرۆکە سەرەکی و بنەڕەتییەیە کە بەرهەمەکە یـــان دەقەکە پـــێکەوە دەبەســـتێت و وەکـــو یەکەیەکــی یەکگرتــوو کــۆی ڕەگەزەکــانی تــر بە دەوری ئەو بیرۆکە سەرەکییەوە کۆدەبنەوە و لە پێناوی بەئەنجامگەیاندنی ئەو بیــرۆکە ســەرەکییەدا کــار دەکەن و دەجــووڵێن. بیــرۆکەی سەرەکی وەڵامی ئەو پرسیارە پێشکەش دەکات کە دەڵێت: ئەم بەرهەمە لەبارەی چییەوەیە؟ یان بیرۆکە بەشێکە لە بەرهەمـی ئەدەبـی کە یەکێتـی بەرهەمەکە پێـشکەش دەکـات، یـان مانـای ســەرەکی و تەوەری، یــان بیــرۆکەی باڵادەســتە لە بەرهەمــی ئەدەبیــدا. بیــرۆکەی ســەرەکی ئەو خــاڵی یەکگــرتنە پێــشکەش دەکـــات کە بەدەوریـــدا گـــرێچن و کەســـێتی و شـــوێنکات و تێڕاونین یـان گۆشـەنیگا- ڕوانـگە و هێمـا و ڕەگەزەکـانی تـری بەرهەمەکە ڕێک دەخرێن[(١١)]. ڕۆمان دەشێ بێجگە لە بیـرۆکەی ســەرەکی چەنــدین بیــرۆکەی تــری دووەمیــشی تێــدا بێــت کە ئەوانیش بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ، لە ئاسـتی بینـراو یـان نەبینـراودا خزمەتـی بیـرۆکەی سـەرەکی دەکەن. لە ڕەخنەی نەریتیدا کاری ڕەخنە لەسـەر ڕۆمـان زیـاتر بە دوای دۆزینەوە و ئاشکراکردنی بیرۆکەی سەرەکی ڕۆمانەکەوە بوو، چــونکە ئەو بۆچــوونە هەبــوو کە دەقــی ئەدەبــی بەگــشتی و

ڕۆمـــان بەتـــایبەتی ئـــامڕاز یـــان ناوەنـــدێکە بـــۆ خـــستنەڕووی بیرۆکەیەکی سـەرەکی. باشـی یان خراپی ڕۆمانەکەش لەسـەر بنەمای پەیوەندی بیرۆکەی سەرەکی بە ژیان و مرۆڤەوە بڕیار دەدرا. بۆ نموونە لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلالەدا، بیـرۆکەی سەرەکی غیرەکردن و هەژموونی ڕابردووە بەسـەر مـرۆڤەوە. لە ڕۆمـانی ئەو پیـاوەی درەختێـک بـوو، بیـرۆکەی سـەرەکی میتامۆرفیس و نامۆبوونە ئەمەش هاوشێوەبوون یان خواستنە لە بەرهەمەکانی فرانتز کافکاوە. بیرۆکەی سەرەکی لە ڕۆمـانی گێلاســی خوێنــدا بــریتییە لە ململانــێ لە پێنــاوی نەمریــدا. لە ڕۆمـــــانی میرنـــــامەدا بیـــــرۆکەی ســـــەرەکی بـــــریتییە لە لەڕووداوەستان.

## ڕووداو Events

ڕووداو بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڕۆمان دادەنرێت، هەمـــوو ئەوەی کە کەســـێتییەکانی نـــاو جیهـــانی ڕۆمـــانەکە لە شـــوێندا و لە کاتـــدا ئەنجـــامی دەدەن پێـــی دەوترێـــت ڕووداو. هەروەک ڕووداو بـــــریتییە لە ڕەگەزی ســـــەرەکی لە چنینـــــی گرێچندا، چونکە بەبێ ڕووداو ناتوانرێت تەسەوری پەخشانێکی وەسفی زیـاتر هیچی تـر بکرێت. بە مانـایەکی تـر بەبێ بـوونی ڕووداوی پەیوەســـــت بە کەســـــێتی تەوەریـــــی ڕۆمـــــانەکەوە، زەمینەی دروسـتبوونی ململانێ و جووڵە دروسـت نابێت. ئەو جـــووڵەیەی کە ڕووداو پـــاڵنەری بەرهەمهێنـــانیەتی، ئەویـــش لەنێـــــوان بەرزبـــــوونەوە و نزمبـــــوونەوەدایە. هەر لێـــــرەوە دەردەکەوێت کە ڕووداو بنەمای سەرەکی گرێچن و لە هەمـان کاتـدا ململانێیە لە ڕۆمانـدا.. ڕووداوی بەرزبـوونەوە بـریتییە لە

گواســـتنەوە لە بـــاری نمایـــشکردن و خـــستنەڕووەوە بـــۆ هۆکارەکــــانی نــــاکۆکی یــــان قەیــــران[١٢]. لە ڕووداوی بەرزبــوونەوەدا نووســەر بــرەو بە گــرێچن دەدات. ڕووداوی نزمبوونەوە دوای گەیشتنی ململانێ بە بەرزترین خاڵی دەست پێ دەکات، واتە دوای گەیشتنی ململانێ بە بەرزترین ئاستی چڕی و هەڵچوون، جووڵە بەرەو دابەزین ئاڕاستە دەگرێت و وەکو سەرەتا بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردنی ناکۆکی یان ململانێ سەیر دەکرێت. ئەگەر لە ڕوانگەی ململانێوە سەیری ڕووداو بکەین لە ڕۆماندا، ئەوا ڕووداو پەیوەست بە ململانێ هەمیـــشە لە پەیوەنـــدی بەهێـــزدایە. دەشـــێ ڕووداو لە ڕووی کاتەوە پێش ململانێ بکەوێت و لە ڕاستیدا ببێت بە هۆ بۆ ململانێ. یان دەشێ ڕووداو بکەوێتە دوای ململانێوە و لە ڕاستیدا ئەنجامی ململانێ بێت. یان لەوانەیە ڕووداو هاوکات و هاوشانی ململانێ بێت، لەم کاتەدا ڕووداو بریتی دەبێت لە ململانـــێ. بە هەرحـــاڵ وەکـــو پێـــشتر باســـمان کـــرد ڕووداو ڕەگەزێکی بنەڕەتی ڕۆمانە و لە هەمان کاتدا ڕووداو لە ڕووی ئەو بـــکەرەوە کە دروســـتی دەکـــات دەبێـــتە دوو جـــۆر. ئەو ڕووداوانەی مرۆڤـــ بکەریـــانە و لە دەقـــی ڕۆمانیـــشدا زیـــاتر کەســـی تەوەری و کەســـێتییە ســـەرەکییەکان دەبـــنە بـــکەری. جـۆری دووەم ڕووداوە سروشـتییەکانە کە هەنـدێجار دەبـنە هۆی کارەسات و بکەرەکانیشیان لە دەرەوەی هێز و توانا و بڕیار و کاری مرۆڤدایە.

### ململانێ Conflict

بریتییە لە پشێوی، ناکۆکی، کێبڕکێ، دژایەتی و لە ڕووی یەکترداوەستان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوو هێز بۆ یەکتری... ململانێ تەنگەژەی بارودۆخی نێوان دوو کەسێتی، یان دژایەتی ڕاستەقینەی کەسێتییەکانە، ئەمەش ئاسایی لە دراما و ڕۆماندا، هەروەها لەو شیعرانەدا کە گێڕانەوەن دەبینرێن[١٣]. ناکۆکی و دژایەتیکردنی یەکتری هێزەکان یان کەسەکان هێز و جووڵە و گۆڕێکی تەواو دەدات بە گێڕانەوە. سەرچاوەی ململانێ لە ڕاستیدا بریتییە لە دژایەتیکردنی قارەمان لە لایەن کەسێکی ترەوە کە پێی دەوترێت دژەقارەمان، یان لە لایەن کەسانێکەوە یان لە لایەن سروشتەوە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی میرنامەدا ئەحمەدی خانی وەکو قارەمانی ڕۆمانەکە لە لایەن میر عەبدولفەتاح و دەستوپێوەندەکانییەوە دژایەتی دەکرێت و ململانێی سەخت لەم دەقەدا بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی جووڵەی ڕووداو دەگاتە لوتکە، ئەویش ئەو چرکەساتەیە کە خانی بە جۆرێک دەرمانخوارد دەکرێت و دەمرێت. لەوێوە توونـدی ململانێ خاو دەبێتەوە و جووڵەی ڕووداو لەو لوتکەیەوە بەرەو دابەزین و کۆتایی دەچێت. لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا، هەڵاڵە بەردەوام لە ناکۆکی و ململانێدایە لەگەڵ دەوروبەر و نەریت، ئەنجام خەنجەرێک کە نوێنەرایەتی کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵگەکەی دەکات بە دەستی مێردێک کە کولتوور و ناچاریی کردی بە مێردی دەکوژرێت. ململانێکان هێندە توند دەبن تا ڕووداو لە هەڵکشانیدا دەگاتە لوتکە، کە ئەویش بەرزترین ئاستی ململانێیە لەم ڕۆمانەدا، ئەویش ئەو کاتەیە کە هەڵاڵە بە خەنجەر دەکوژرێت. کە

دەتوانرێت بگوترێت باو یان نەریت یان ڕابردوو و دژەباو یان نوێ یان ئێستا و ئاینده دەکوژێت.

له ڕاستیدا ململانێ له ڕۆماندا چەند شێوە یان ئاڕاستەیەکی هەیە. ململانێی نێوان دوو کەس واته قارەمان و دژەقارەمان. ململانێی نێوان قارەمان و سروشت یان کەسەکان و سروشت، که دەشێ ئەمه وەکو غەریزەیەکی سروشتی له مرۆڤدا سەیر بکرێت، که چۆن بەردەوام مرۆڤ له خەباتدا بووه بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت. هەروەها شێوەیەکی تر له ململانێ بریتییه له ململانێی نێوان قارەمان و کۆمەڵگە، یان بەشێک له کەسێتییەکان و کۆمەڵگە، که ئەمەش زۆر جار وەکو ململانێی نێوان نوخبه و زۆرینه، یان ململانێی نێوان تاکەکەس یان نوخبەی بەئاگا و عەقڵی باو، نەریتی باو، کولتووری باڵادەست خۆی نیشان دەدات. بۆ نموونه له ڕۆمانی میرنامەدا ئەحمەدی خانی له ململانێدایه لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی به دەسەڵات و خەڵکەوە، له ململانێدایه لەگەڵ دەسەڵات لەبەر ئەوەی دڵسۆزی و هۆشیاری بۆ نەتەوە و نیشتیمان نییه و ملکەچی سوڵتانی عەسمانی و شای فارسەکان و والییەکانیانە، هەروەها ناکۆکه لەگەڵ کۆمەڵگه چونکه دواکەوتوو و نەخوێندەوار و نەزان و ناهۆشیارە. هەروەها جۆرێکی تریش له ململانێ هەیه ئەویش ململانێی قارەمانی ڕۆمان یان کەسێتییه سەرەکییەکانی تر لەگەڵ خۆیاندا، که ئەمەش زیاتر له ڕۆمانی دەروونیدا ئاشکرا دەبێت. زۆر جار کەسێتی تەوەری وا دەردەکەوێت که دووچاری شیزۆفرینا بووبێت. یان له ناخی خۆیدا کەوتبێته جۆرێکی ئەوتۆ له ململانێوە هەم ئازار بچێژێت، هەم نەتوانێت بڕیار بدات.

## زمان

زمان لە هەموو دەقێکی نووسراودا ئامرازی دەربڕینە، واتە بەبێ بوونی زمان ناتوانرێت تەسەوری بوونی هیچ ژانرێکی ئەدەبی بکرێت. هەڵبەت زمانیش دوو جۆرە: زمانی زارەکی و زمانی نووسین. یەکەمیان ئامرازی پەیوەندی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکە و ڕەنگە تەنیا فۆلکلۆر یان مێژووی زارەکی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەم جۆرە زمانە بگوازرێتەوە. بەڵام ڕۆمان وەکو ژانری قۆناغێکی پەرەسەندوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، دەبێ بە زمانی قۆناغەکەی خۆی و بە وردەکارییەکانی زمان و تەکنیکی ئەو قۆناغە پەرەسەندووەوە بنووسرێت. ڕۆجەر فۆڵەر دەڵێت: تەکنیکی نووسەر ڕاستوخۆ و تا بەرزترین ئاست پیشەگەرییە لە زماندا: ئەو هەرچی دەکات، وەک ڕۆماننووس، لەناو زمان و لە میانەی زمانەوە دەیکات. بونیادی ڕۆمانەکە و هەر شتێ کە ڕۆمانەکە پەیوەندی لەگەڵ دەکات (دەیدوێنێ) لەژێر هەژموونی ڕاستەوخۆی دەستکاریکردن و مامەڵەکردنی ڕۆماننووسە لەگەڵ زماندا[١٤]. هەروەک ئاشکرایە ئەرکی هەموو دەقێک بەرهەمهێنانی ئەو مانا و دەلالاتانەیە کە پەیوەستن بە ژیان و بوونی مرۆڤەوە لە گەردووندا، کۆی ئەوماناو دەلالاتانەش لە ڕێگەی زمانەوە بەرهەم دێن. ئەمیش لەو ڕوانگەیەوە زمان وەکو ئامرازی سەرەکی دەربڕین دەبێ بارگاوی بکرێت بە مانا و دەلالاتی فیکری و مەعریفی بۆ ئەوەی گوتاری ڕۆمان بەرهەم بێت.

دیاره وەکو لە پێناسەکانی ڕۆماندا دەرکەوت زمانی ڕۆمان زمانی پەخشانە، کە ئەویش بە زمانی قۆناغی شاری ژیانی کۆمەڵگە دادەنرێت، چونکە زمانی پەخشان زمانی عەقڵە. هەر لێرەشەوە زمان دەبێت بە ئامراز، یان ناوەندێک بۆ بەرزکردنەوەی پرسیارەکانی دەقی ڕۆمان. لە ڕۆماندا زمان دوو شێوە وەردەگرێت، یان گێڕانەوەیە Narration یان گفتوگۆیە Dialogue.

### گێڕانەوە Narration

ئەو قسانەیە کە نووسەر لەسەر زمانی خۆیەوە یان لەسەر زمانی گێڕەرەوەوە دەری دەبڕێت و دەیگەیەنێت بە خوێنەر. هەروەک دەشێ گێڕانەوە لە شێوەی جۆراوجۆردا بگەیەنرێت، بۆ نموونە لە شێوەی ڕاپۆرت یان نامە یان ناساندن یان لە شێوەی گێڕانەوەی حیکایەتدا، یان لە شێوەی گوتاردانەدا. هەروەک لە ڕوانگەی گێڕانەوە و کەسی گێڕەرەوەشەوە جۆری گێڕەرەوە و گێڕانەوە دیاری دەکرێت. بەڵام دایەلۆگ یان گفتوگۆ بریتییە لەو قسانەی لەنێوان کەسانی ڕۆمانەکەدا دەکرێن و لەسەر زمانی ئەوانەوە دەگوترێن.

دیارە ڕەگوڕیشەی گێڕانەوە کۆنە و گەلێک لە پێش دەرکەوتنی ڕۆمانەوە گێڕانەوە لە ژانرە ئەدەبییەکانی تردا هەبووە و هەر لە سەردەمی ئەفلاتونەوە باسی گێڕانەوە کراوە و دوای ئەویش لە سەردەمی ئەرستۆدا وەکو ڕەگەزی سەرەکی ئێپیک- داستان و ڕۆمانس و بالاد باس کراوە، کە زیاتر گێڕانەوە وەکو حیکایەت یان چیرۆکی ئەو ژانرە ئەدەبییە دانراوە و گێڕەرەوەش وەکو حیکایەتخوان ناوبراوە. گێڕانەوە لە ڕووی شێوازەوە بریتییە لە شێوازی وەسفی، ئیتر گرنگ

نییە ئەو گێڕانەوەیە وەسفی کەسێک بکات یان دیمەنێک یان ڕووداوێک یان ململانێی نێوان قارەمان و دژەقارەمان یان ململانێی کەسەکان لەگەڵ سروشتدا یان ململانێی کەسێک لەگەڵ ناخی خۆیدا. لە هەموو ئەم بارانەدا، گێڕەرەوە شێوازی وەسفکردن بەکار دەهێنێت.

دیارە کاتێ باسی گێڕانەوە دەکەین، مەبەست گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا، یان ئەوەی پێی دەگوترێت گێڕانەوەی ڕۆمان یان چیرۆک یان خەیاڵ، واتە Narrative Fiction، کە مەبەست گێڕانەوەی زنجیرەیەک ڕووداوی بەدوای یەکداهاتووی ڕۆمانە. هەروەک تۆماشیڤسکی دەڵێت: ڕۆمانی گێڕانەوە زنجیرەیەکی بەدوای یەکداهاتوو ڕووداو دەنوێنێت[١٥]. لێرەدا دەبینرێت کە وشەی ڕووداو گرنگییەکی زۆری هەیە لە باسکردنی گێڕانەوەدا و بە بارێکی تردا هەر چۆن ئەگەر ڕووداو نەبێت گرێچن و ململانێ مانایەکیان نابێت، بە هەمان شێوە بەبێ بوونی ڕووداو دیسان گێڕانەوە نابێتە ئەو ڕەگەزە سەرەکییەی کە ڕۆمان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیی هەبێت، لە کاتێکدا بێ بوونی ڕووداو ڕۆمان بەرهەم نایەت... گێڕانەوە بریتییە لە ڕێکخستنی زنجیرەیەک ڕووداو بۆ پێکهێنانی چیرۆکێک. ئەمەش بە ئاشکرا ئەوەیە کە لە ڕۆماندا هەمانە[١٦].
ئەوە ئاشکرایە کۆی ڕەگەزەکانی ڕۆمان پەیوەندییان بە گێڕانەوەوە هەیە. بەتایبەتی لە دەستپێکی ڕۆماندا لە ڕێگەی گێڕانەوەوە کەسێتییەکان پێشکەش دەکرێن و دەناسێنرێن. شوێن دەناسێنرێت، کات دیاری دەکرێت. کەسێتییەکان کە لە سەرەتاوە لە ڕێگەی گێڕەرەوەوە پێشکەش دەکرێن، کە ئەو گێڕەرەوەش لە دەستپێکدا زۆربەی کات نووسەر خۆیەتی یان دەنگی ئەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەر یەک دەکەون. لێرەشەوە

نزیکی ئەم ژانرە ئەدەبییە لە واقیعەوە و پەیوەندی بە واقیعەوە زیاتر دەردەکەوێت.

کاتێ باسی گێڕانەوە دەکرێت، دوو دەربڕینی تر پەیوەست بەم ڕەگەزەی ڕۆمان دێنە پێشەوە کە بریتین لە کاتی گێڕانەوە Narrative Time و کاتی گێڕراوە Narrated Time. بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک تۆ پێویستت بە کاتە، ئەم کاتەش پێی دەوترێت کاتی گێڕانەوە.. بەم جۆرە کاتی گێڕانەوە یەکسانە بەو کاتەی کە پێویستمانە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە. کاتی گێڕانەوەی ڕۆمان ئاسایی درێژ دەبێتەوە لە چەند سەعاتێکی کەمەوە بۆ چەندین سەعات، ئەوەش دەکەوێتە سەر مەودای ڕۆمانەکە[١٧]. کاتی گێڕراوە مەبەست لەو کاتەیە کە ڕووداوە گێڕراوەکان و سەرجەم گێڕانەوەکانی تری ناو جوگرافیای ڕۆمانەکە خایاندوویەتی، کە ئەمەش ئەو ماوەیەی کات دەگرێتەوە کە گێڕراوە خایاندوویەتی، کە دەشێ وەکو کاتی گوتار بەرامبەر کاتی چیرۆک ناوببرێت.. کاتی گێڕراوە ئەو ماوەیەی کاتە کە گێڕانەوە دەیگرێتەوە، بۆ نموونە لە ڕۆبنسۆ کرۆزۆدا ئەو کاتە چەند دەیەیەکە و لە زۆرینەی ڕۆمانەکانی تردا چەند ساڵێکە. لە ڕۆمانی یۆلۆسیسی جەیمس جۆیسدا دادەبەزێت بۆ بیستوچوار سەعات[١٨]. ئێستا لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان گێڕانەوە و کاتدا هەیە، چ کاتی گێڕانەوە و چ کاتی گێڕراوە. هەروەها پەیوەندی جۆراوجۆر لەنێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی گێڕراوەدا هەیە. بۆ نموونە دەشێ کاتی گێڕانەوە کورتتر بێت لە کاتی گێڕراوە. کە لە زۆرینەی دەقەکانی ڕۆماندا ئەم خاسیەتە باڵادەستە. واتە دەشێ کاتی گێڕراوەی ڕۆمانێک هەموو تەمەنی قارەمانەکەی بێت لە دایکبوونەوە تا پیربوون و مردن، بەڵام کاتی گێڕانەوە

که یەکسانە بە کاتی خوێندنەوە لە چەند سەعاتێک زیاتر نەبێت. هەروەک دەشێت کاتی گێڕانەوە و کاتی گێڕراوە یەکسان بن. ئەمەش زیاتر لەو شێوازی تەکنیکی گێڕانەوەدا ڕوو دەدات کە بە دایەلۆگ بەرجەستە دەکرێت، کە ئەمەش ڕووبەرێکی تەسک لە تەکنیکی گێڕانەوەدا داگیر دەکات. هەروەک دەشێ لە هەندێ باری گێڕانەوەشدا ببینرێت کە کاتی گێڕراوە کورتتر بێت لە کاتی گێڕانەوە، یان لە کاتی چیرۆک. بۆ نموونە لە وەسفی هەندێ ڕووداوی کورتخایەندا دەبینرێت وەسفی ئەو ڕووداوە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە زیاترە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵەی (عەتا نەهایی)دا ئەو وەسفەی بۆ ڕووداوی کوشتنی هەلاڵە دەکرێت بە خەنجەر لە لایەن مێردەکەیەوە لە کاتی خایەنراوی ڕووداوەکە درێژترە.

لێرەوە خاڵێکی تر سەرهەڵدەدات، ئەویش خێرایی ئاستی گێڕانەوەیە. ئەگەر گێڕانەوە لە بارەی ڕووکەشی دەرەوە و جووڵەی فیزیکی و کاردانەوەی کەسێتییەکانەوە بێت، ئەوا خێرایی گێڕانەوە زیاتر دەبێت لەو گێڕانەوەیەی کە سەبارەت بە ناخ و دنیای ناوەوەی کەسێتییەکان بێت. هەروەک چۆنێتی بیناکردنی کەسێتییەکان و شێوە و سروشتی ئامادەبوونیان لە دەقەکەدا و ئاستی ئامادەبوونیان لە جووڵەی ڕووداو و مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت و کاردانەوەکانیان لە هەردوو لایەنی فیزیکی و دەروونییەوە کاریگەرییان لەسەر خێرایی گێڕانەوە دەبێت.

بێگومان کاتێ باس لە گێڕەرەوە و گێڕانەوە دەکرێت، لە بەرامبەردا ڕەگەزێکی تر هەیە کە بێ بوونی ئەو دوو ڕەگەزی یەکەم وەکو جەمسەر هاوکێشەیەکی ناتەواو دەمێننەوە، ئەویش بۆگێڕەرەوەیە Narratee یان وەرگر، یان گوێگرە کە

لە ڕۆمانـدا زیـاتر بە خـوێنەر ناودەبرێـت. ئەگەر جەمـسەری یەکەمی بەرهەمهێنانی دەقێکی ڕۆمان لە نووسـەرەوە دەست پـێ بکـات کە گێـڕەرەوە دەنگـی ئەوە، ئەوا لە بەرامـبەردا جەمـــسەری دووەم هەیە کە خـــوێنەر یـــان بـــۆگێڕەرەوەیە. هەروەک ژمارەیەکی دیار لەو کەسانەی کە لەبارەی تەکنیکی گێـڕانەوەوە قـسەیان کـردووە لە پـاڵ نووسـەر یـان دانەر و خـوێنەردا، باسی نووسـەر یـان دانەری شـاراوە یـان نادیـار و خوێنەری شاراوە یان نادیار دەکەن، لەو نووسـەرانەش وەکو بـووس و ئـایزەر و پێـری لە پێـشەوەی ئەوانـی تـر دێـن. لە بەرامبەر نووسـەری ڕاسـتەقینەی دەقدا خـوێنەری ڕاسـتەقینە هەیە، هەروەک لە بەرامبەر گێڕەرەوەدا بۆگێڕەرەوە هەیە و لە بەرامبەر نووسەر یان دانەری شـاراوە یـان نادیـاردا خـوێنەری شـاراوە و نادیـار هەیە، وەکـو ڕەگەزی پەیوەست بە تەکنیکی گێـڕانەوەوە. لەم ڕووەوە بە لای (بـووس)ەوە نووسـەر یـان دانەری نادیـار یـان شـاراوە وا دەردەکەوێـت کە بـوویەکی بەرجەستکراو بێت، ئاسایی وەکو خودی دووەمی دانەر دیاری دەکرێـت. بە پێـی ئەم ڕوانیـنە دانەری نادیـار بـریتییە لە هۆشیاری بەڕێوەبردنی بەرهەمێک بەگشتی و سەرچاوەی ئەو نموونانەی لە بەرهەمەکەدا بەرجەستە دەکرێت. دانەری نادیـار ئاسایی لە پێوانەی زیرەکی و ڕەفتاریدا، زۆر بەرزترە لەو پیاو یـان ژنە ڕاسـتەقینانەی کە دانەری ڕاسـتەقینەن(١٩). ئەوە ئاشکرایە دانەر دەقەکەی بە بیروبۆچوون و تێڕوانین و ئایدیا و مانای جۆراوجۆر بارگاوی دەکات، کە مەرج نییە هەمان ئەو بیروبۆچـوون و تێڕوانینـانە بـن کە ئەو لە ژیـانی ڕاسـتەقینەی خۆیدا بڕوای پێیان هەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دانەر یـان نووسـەر مەرج نیـیە تەنیـا گوزارشـت لەو دیـدوبۆچوونە

بکـــات کە خـــۆی بـــڕوای پێیەتـــی، بەتـــایبەتی لە ڕۆمانـــدا کە وێنـاکردنی جیهـانێکی فراوانتـرە لە جیهـانی نووسـەر خـۆی بە تەنیـا. هەر ئەوەش وا دەکـات نووسـەر بە ئەنـدازەی ژمـارەی ڕۆمانەکـانی جیهـانبینی جۆراوجـۆر و تەنـانەت دژ بەیەکـیش بەرهەم بهێنێـت. بەڵام پـێگەی نووســەری شــاراوە جیــاوازە.. دانەری شاراوە یان نادیاری بەرهەمێک وەکو بوویەکی جێگیر دەبینرێــت، کە بە شــێوەیەکی نمــوونەیی لەنــاو بەرهەمەکەدا لەگەڵ خـــۆی ڕێـــکە و یەک شـــێوەیە[١٩]. هەروەک لە کاتێکــدا نووسەری ڕاستەقینەی ڕۆمان زۆر جیاواز نییە لە گێڕەرەوە، نووسەری شاراوە جیاوازە لە گێڕەرەوە، چونکە گێڕەرەوە بە شــێوەیەک لە شــێوەکان دەنگــی نووســەرە، بەڵام نووســەری نادیــار لە ئاســتێکی بــاڵاتری زیرەکــی و پەیبردنــدایە لەچــاو نووسەری ڕاستەقینەدا، بۆیە ناشێت ببێتە گێڕەرەوە یان دەنگی نووسـەر یـان دانەری ڕاسـتەقینە. بە شـێوەیەکی تـر دەتوانرێت بگوترێـت دانەری نادیـار بێـدەنگە و تەنیـا ڕێنومـایی دەکـات ئەویش بە بێدەنگی. هەروەک ئاماژەمـان بـۆ کـرد لە بەرامـبەر خـوێنەری ڕاستەقینەشـدا خـوێنەری نادیـار یـان شـاراوە هەیە. ئەوەی باسی خوێنەری نادیار یان شاراوەی کردووە، ۆڵفگانگ ئایزەرە کە لە بـابەتی "خـوێنەری نادیـار و کـاری خوێندنەوە"دا باســی ئەوە دەکــات کە دەقــی ڕۆمــان لە پــشتی خــوێنەری ڕاسـتەقینەوە خـوێنەرێکی تـری هەیە. ئەم خـوێنەرە پەیوەنـدی نـیـیە بە بـۆگێڕەرەوە. ئـایزەر پێـی وایە: یەکێـک لە ئەرکەکـانی دەق بونیادنانی چەمکی خوێنەری گریمانەییە، کە ئەو خـوێنەرە هەموو ئارەزوویەکی پێویستی دەبێت بۆ بەئاگابوون لە دەقەکە بە مەبەسـتی بەرهەمهێنـانی کـاریگەریی مانـا. هەروەک بـوونی خـوێنەری نادیـار لەنـاو دەقەکەدایە نەک لە واقیعـی دەرەوەی

دەقەکەدا[١٩]. لێـرەوە بە ئاشـکرا دەردەکەوێـت بە لای ۆڵفانـگ ئایزەرەوە: بۆ خوێندنەوە پێویستمان بەوەیە لەگەڵ ئەو تەکنیک و نەریتە ئەدەبیانەدا ڕابێین کە بەرهەمێکی دیاریکراو بڵاویان دەکاتەوە. هەروەک پێویستە هەندێ لە کۆدەکانی ئەو بەرهەمە بەدەســـت بهێنـــین. مەبەســـت لەمەش ئەو شـــتانەیە کە بە شــێوەیەکی سیــستێماتیکی حــوکمی ئەو ڕێگەیــانە دەکەن کە لێیــانەوە دەقەکە ماناکــانی بەرهەم دەهێنێـت[٢٠]. کەواتە لێـرەدا شتێک هەیە پێی دەگوترێت ئامانجی خوێندنەوە، کە مەبەست لێــی ئەو ئامــانجەیە خــوێنەری ڕاســتەقینە بەدوایەوەیە نەک خـوێنەری نادیـار، ئەویـش وەکـو خـوێنەر لەنێـو تەکنیکەکـانی گێــڕانەوە و بەرزبــوونەوە و دابەزینـــی جــووڵەی ڕووداو و شـێوازی هەڵـسوکەوتی کەسـێتییەکاندا، لە پـاڵ گەڕان بەدوای چێـژی جوانیـدا کە بەرهەمهێنـانی یەکـێکە لە ئەرکەکـانی دەق بەگـشتی، بەدوای ماناکــانی دەقەکەدا دەگەڕێـت. هەروەک ئەم گەڕانە بە دوای مانادا خوێنەر بەرەو خود بەئاگاییەکی زیاتر و قـــوولتر دەبـــات و دەیخـــاتە ســـەرهەوڵی گەڕان بەدوای تێڕوانینێکـی ڕەخنەییـانەدا سـەبارەت بە واقیـع و بـوون و لە سەرووی هەمووشیەوە ڕوانینێکی ڕەخنەییانە لەبارەی بوون و شووناســی خـۆیەوە. هەر لەم ڕووەوە ئـایزەر پێیـوایە: کـاتێ گەشتی خوێندنەوە دەکەین بەنـاو کتێبدا، ئەوەی دەیخـوێنینەوە خۆمــانین[٢١]. واتە ئـێمە کە خــوێنەری ڕاســتەقینەی دەقـــی ڕۆمـــانین، لە گەڕان بەدوای مانــا و پرســـیار و جیهـــانبینی دەقەکەدا، بە مانـایەکی تـر بەدوای بـوون و شوناسـی خۆمانـدا دەگەڕێین. کەواتە لێرەدا ئێمە وەکو خوێنەری ڕاستەقینە دەبینە بەشـــداری دەقەکە، هەروەک لە هەمـــان کاتـــدا ئـێمە وەکـــو

خوێنەری ڕاستەقینە لە پێگەی بۆگێڕەرەوەشدایین. بە پێوانەی خوێنەری نادیارەوە کە لە پێگەی بۆگێڕەرەوەدا نییە.

دیارە کاتێک باسی گێڕانەوە و بۆگێڕەرەوە دەکەین، ئەوەمان لە لا ئاشکرایە کە ئەم دوو ڕەگەزە بەبێ گێڕەرەوە نە بوونیان هەیە و نە مانا. گێڕەرەوە Narrator ئەو کەسەیە کە کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدا. لە چیرۆک و ڕۆماندا گێڕەرەوە ئەو کەسەیە کە ڕووداوەکانی دەقەکە دەگێڕێتەوە. لە پێش دەرکەوتنی چەمک و زاراوە نوێیەکانی تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبیدا، گێڕەرەوە بە حیکایەتخوان ناو دەبرا. تەنانەت ئەو کەسانەشی لە شێوەی دەنگبێژدا بەسەرهات و ئەفسانە کۆنەکانیان لە کۆشکی پاشا و دیوەخانی میر و پیاوماقوڵاندا بە گۆرانی دەگێڕایەوە، وەکو جۆرێک لە حیکایەتخوان سەیر دەکران. دواتریش وەکو چیرۆک گێڕەرەوە ناودەبران Tale Teller or Teller of a Story. وەکو لە باسی گێڕانەوەدا ئاماژەمان بۆ کرد گێڕەرەوە دەنگی دانەر یان نووسەرە، بەڵام نووسەر یان دانەر لەبری ئەوەی خۆی بدوێت، دەنگی خۆی لە ڕێگەی کەسێک یان کەسانێکی ترەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسانەش لە جوگرافیای دەقەکەیدا ئەفرێندراوی دەستی ئەون، وەکو بەرهەمهێنی ئەو دەقە. گێڕەرەوە یان لە شێوەی کەسی یەکەمدا دەبێت یان کەسی سێیەم، کە لە هەردوو بارەکەدا گێڕەرەوە پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بە ڕووداو و کۆی ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکەوە و دەشێ قارەمانی ڕۆمان یان چیرۆک ئەرکی گێڕانەوە ئەنجام بدات، یان کەسێکی تر، بەڵام ئەوە ئاشکرایە لە کرداری گێڕانەوەدا دەبێ گێڕانەوە تێکەڵاوی دەنگی نووسەر نەبێت. هەر لێرەشەوە پێگەی گێڕەرەوە دەبەستێرێت بە باری تێڕوانینەوە Point of View یان

ئەوەی جیـــرارد جێنێـــت پێـــی دەڵێـــت ڕوانـــگەی بینـــین Focalization. دەشێ چیرۆک بە چەندین ڕێگە بگێڕرێتەوە. هەر گێـــڕەرەوەیەک شـــتەکان لە گۆشـــەنیگای جیـــاوازەوە دەبینێـــت[٢٢]. ئەمەش ڕوویەکـــی تـــری نزیکـــی ئەم ژانـــرە ئەدەبییەیە، واتە ڕۆمان بە واقیعەوە نیشان دەدات. کاتێ لێرەدا باسی گێڕانەوە یان چیرۆک دەکەین، زیاتر باسی چیرۆکی ڕۆمان دەکەین کە دەشێ هەر ڕۆمانێک زیاتر لە چیرۆکێکی تێدا بێت. هەروەک ئاشکرایە گێڕانەوە یان کەسی یەکەم ئەنجامی دەدات یان کەسی سێیەم.

گێڕانەوەی کەسی یەکەم: مەبەست لە گێڕانەوەی کەسی یەکەم ئەوەیە کە گێڕەرەوە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک واتە (مـن) کـاری گێـڕانەوە ئەنجـام دەدات، کە دەشـێ ئەم مـنە کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە بێت و پەیوەندی جۆراوجۆری هەبێـــت بە ڕووداو و کـــۆی جـــووڵە و باسوخواســـەکانی ڕۆمانەکەوە لەو ڕووەوە کە ئەم کەسی تەوەری یان قارەمانی ڕۆمانەکەیە. هەروەک ئەم پێگەیەش ڕێگەی بۆ خۆش دەکات کە وەکو چاودێر بێت بەسەر کەسەکانی تری ناو دەقەکە و ئاگاداری جووڵە و هەڵسوکەوتیان بێت. بەڵام دیارە ئەوە ئاشکرایە گێڕەرەوەی کەسی یەکەم ناتوانێت شۆڕبێتەوە بۆ ناو کەسێتی کارەکتەرەکانی تر و دەشێ تەنیا ڕووی دەرەوە و جووڵە و کردارەکانیان ببینێت. هەر لێرەوە جیاکردنەوەی دەنگی نووسەر و گێڕەرەوەی کەسی یەکەم دەردەکەوێت، چونکە نووسەر وەکو بەرهەمهێن و ئەفرێنەری کەسێتییەکان دەبێ ڕەهەندی بونیادنانی کەسێتییەکانی بزانێت تا ئەندازەی بیرکردنەوە و هەستکردن و حەز و ئارەزووەکانیان و باری تێڕوانینیان. بەڵام گێڕەرەوەی کەسی یەکەم لەسەر بنەمای

ئامـادەبوون و جـووڵە لەبـارەی کەسـانی دەرەوەی خـۆیەوە دەدوێت.

بەڵام لە گێڕانەوەی کەسی یەکەمدا بێگومان گێڕەرەوە کاتێ بە ڕاناوی کەسی یەکەم و لەبارەی خۆیەوە دەدوێت، بوار بۆ خـوێنەر دەکـاتەوە کە بە وردی شـۆڕبێتەوە بـۆ نـاو نـاخ و مێـشکی ئەم وەکـو کەسـی یەکەم و گێـڕەرەوە و کەسـێتی تەوەریـی ڕۆمـانەکە و لێـرەوە ئاگـاداری بـاری دەروونـی و بیرکردنەوە و هەستکردن و ڕوانین و کۆی ئەزموونەکانی ئەم کەسێتییە دەبین.. لە ڕاستیدا گێڕەرەوەو یان ئەوەی دەڕوانێت- ڕوانەر Focalizer ئاسـایی ڕەگەزی جیـاوازن لە گێـڕانەوەدا. لە کـاتی گێـڕانەوەی کەسـی سـێیەمدا کەمتـر ئەگەری تێکەڵاوبـوون یـان بەیەکبـوونی ئەم دووانە هەیە، بەڵام لە حاڵەتی گێڕانەوەی کەسی یەکەمدا، ئاسایی وا دەردەکەوێت کە گێـڕەرەوەو ڕوانەر یەک کەس و هەمـان کەس بـن(٢٣). لە گێڕانەوەی کەسی یەکەمدا بۆگێڕەرەوە یان خوێنەر زۆر نزیک دەبێتەوە لە کەسێتی گێـڕەرەوە و کـۆی ڕووداو و جـووڵە لە ڕۆمـانەکەدا زینـدووتر دەردەکەون و وەهـا دیـارن کە هەم نزیکبن لە گێڕەرەوەوە، هەم لە خوێنەرەوە، چونکە گێڕەرەوەی کەسی یەکەم بە چاوی بینەر شتەکان دەبینێت. هەر لەبەر ئەوە نازانێـت چیـی لە مێـشک و نـاخی کەسـەکاندا هەیە و چـۆن بیـردەکەنەوە. هەروەک لەبـارەی واقیـع و دەرەوەی کەسەکانیشەوە ئەوەندە دەزانێت کە بە چاو دەیبینێت. بۆیە بە زانیارییەکانی گێڕەرەوەی کەسی یەکەم سەبارەت بە دەرەوەی خـۆی دەگوترێت زانیـاری سنووردار، بەڵام لە لایەکـی تـرەوە گێڕانەوەی کەسی یەکەم وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد بۆ ڕۆمانی دەروونی گرنگە، چونکە گێڕەرەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ

ناخی خۆی، تەنانەت هەندێجار لە شێوەی مەنۆلۆگیشدا دەدوێت. بە گوێرەی دەرەوەی خۆیشی گێڕەرەوەی کەسی یەکەم دەتوانێت گومان و ئاماژە بۆ ئاشکراکردنی هەندێ شت لەبارەی ڕووداوەکان و واقیعەوە پێشکەش بکات.

گێڕەرەوەی کەسی سێیەم: لەم بارەدا چیرۆک لە لایەن گێڕەرەوەیەکەوە دەگێڕرێتەوە لە دەرەوەی چیرۆکەکەیە، کە ئاماژە بۆ کەسێتییەکان دەکات بە ناوی خۆیانەوە، یان بە ڕاناوی (ئەو، ئەوان) باسیان دەکات و لەبارەیانەوە دەگێڕێتەوە. سوودی ئەم جۆرەی گێڕەرەوە لەچاو گێڕەرەوەی کەسی یەکەمدا ئەوەیە کە ئازادییەکی زیاتری هەیە بۆ جووڵە لە کات و شوێندا، هەروەها بۆ هێنانەناوەوەی کەسێتی زیاتر. لەو ڕۆمانانەی بە کەسی سێیەم نووسراون، دوو باری تێڕوانینی سەرەکی ئاسایی بەکار دەهێنرێن: گێڕەرەوەی هەمووشتزان Omniscient، گێڕەرەوەی زانیاری سنووردار Limited Point of View[٢٤]. مەبەست لە گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئەوەیە کە گێڕەرەوە هەموو شت دەزانێت لەبارەی ڕووداو و کەسێتەکانەوەو پەی بە هەموو بیروباوەڕ و پاڵنەرەکانیان دەبات و دەزانێت چۆن بیر دەکەنەوە و چۆن دەجووڵێن و ئەو پاڵنەرانە چین کە بە ئاڕاستەی ئەرێنی یان نەرێنی دەیانجووڵێنێت. هەروەک بە باشی ئاگاداری کاردانەوەی کەسێتییەکانە بەرامبەر بە هەر ڕووداوێک یان جووڵەیەکی ئاسایی یان نائاسایی و لە ناکاو. هەروەک مەبەست لە گێڕەرەوەی زانیاری سنووردار ئەوەیە، کە هەرچەندە گێڕەرەوە بە کەسی سێیەم کاری گێڕانەوەی چیرۆک یان چیرۆکی ڕۆمان ئەنجام دەدات، "بەڵام زیاتر خۆی پەیوەست و تایبەتمەند و گرێدراو دەکات بە کاریگەری و

هەستکردنەکانی یەکێک لە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەوە، کە تەنیا یەک گۆشەی بینینی ڕووداوەکان نیشان دەدات[٢٥]".

هەروەک ئاشکرایە گێڕەرەوەی هەمووشتزان بە جۆرێک سەیر دەکرێت کە لە کاتی گێڕانەوەی ئەودا هەموو شتێک بە جۆرێک ئاشکرا دەکرێت کە نەزانراو و نهێنی نەمێنێتەوە. لەم بارەیەوە تێری ئیگلتۆن دەڵێت: هەندێ گێڕەرەوە لە ڕۆماندا بە گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەناسرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو گێڕەرەوانە وا دادەنرێن هەموو شتێ لەبارەی ئەو چیرۆکەوە بزانن کە دەیگێڕنەوە، هەروەک چاوەڕوانی خوێنەر ناکرێت پرسیار لەبارەی ئەوەوە بکات کە ئەوان دەیڵێن[٢٥]. دیسان لە ئاستێکی تردا دەشێ گێڕەرەوە بۆگێڕەرەوەی خودی و بابەتی دابەش بکرێت، کە ئەم دابەشکردنە لە ڕوانگەی گێڕەرەوەوە بە ناوەوەیی و دەرەوەیی ناودەبرێت. گێڕەرەوەی خودی یان ناوەوەیی یان خۆتێهەڵقورتێن Intrusive Narrator، ئەوەیە کە گێڕەرەوە بۆچوون و بیرکردنەوە و باری تێڕوانینی خۆی دەخاتە پاڵ کەسەکان و ڕووداو و کۆی جووڵە لە گرێچنەکەدا. بێگومان لەم بارەی گێڕانەوەدا، گێڕەرەوە یەکێکە لە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکە و بە ڕاناوی کەسی یەکەم واتە (من) دەدوێت و کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات. لەبەرامبەردا گێڕەرەوەی دەرەوەیی یان بابەتی Objective Narrator ئەوەیە کە گێڕانەوە بە بێلایەنانە ئەنجام دەدات و شت و ڕووداو و کەسێتییەکان وەکو ئەوە وەسف دەکات کە دەیانبینێت. هەروەک گێڕەرەوەی بابەتی، گێڕەرەوەی بەئاگایە لە هەموو شتێک و توانای ئەوەی هەیە هەموو ڕەهەندە نهێنی و نادیار و شاراوەکانی کەسێتییەکانی بەگشتی و قارەمانی ڕۆمانەکە ئاشکرا بکات. هەروەک

تۆدۆرۆڤ سێ جۆری گێڕەرەوە دیاری دەکات ئەویش بەم جـۆرە: ئەو گێـڕەرەوەی کە لە کەسـێتی ڕۆمـانەکە زیـاتر دەزانێت، ئەو گێڕەرەوەی کە بە ئەندازەی کەسێتی ڕۆمانەکە دەزانێـت، ئەو گێـڕەرەوەی کە لە کەسـێتی ڕۆمـانەکە کەمتـر دەزانێت.

### باری تێڕوانین Point of View، ڕوانگە Focalization

ئەم زاراوانە بە پێی قۆناغەکانی قسەکردن لەسەر هونەری گێڕانەوە دەرکەوتوون، لە هونەری گێڕانەوەی ئەنگلۆئەمەریکی سـەدەی هەژدە و نـۆزدە و بەشـێک لە سـەدەی بیـستدا (لە چیـرۆک و ڕۆمانـدا)، بـاری تێـڕوانین یـان گۆشـەی بینـین زاراوەیەکی باو بووە لە کاتی گفتوگۆکردنی ئەم هونەرەدا. ئەم زاراوەیە لەو پرسـیارەوە سـەرچاوە دەگرێـت: کـێ چیـرۆک دەگێڕێتەوە؟ کە ئەم پرسیارە پەیوەندی بە دەنگی گێڕانەوەوە هەیە یـان لە دوای شووناسـی دەنگـی گێـڕانەوە دەگەڕێت. لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا پرسیارێکی تریش سەرهەڵدەدات: ئەی لە چیرۆک یـان لە چیرۆکـی ڕۆمانـدا کـێ دەڕوانێت؟ بێگومـان ئەوە ئاشکرایە ئەم دوو پرسیارە نـاکرێن بە یەک پرسـیار، یان یەک ناگرنەوە، چونکە یەک وەڵامیان نییە. "گێڕەرەوە دەتوانێت چیرۆک لە ڕوانگەی خۆیە بگێڕێتەوە یان ڕوانگەی کەسێتییەکی ڕۆمـانەکە بـۆ ئەو مەبەسـتە هەڵبژێرێـت یـان بە شـێوەیەکی بێلایەن بیگێڕێتەوە"(٢٦). بە هەرحاڵ باری تێڕوانین یان گۆشەی بینـین دواتـر لە لایەن جیـرارد جینێتەوە ناودەنرێت بە ڕوانـگە یـان چڕکـردنەوەی بینـین Focalization، کە مەبەسـت لە ڕوانـگە: کـورتکردنەوەی مەیـدانی ڕوانیـنە لە چیرۆکـدا، یـا بە وتەیەکی تر، هەڵبژاردنی زانیاری گێڕانەوە لە لایەن چیرۆکەوە

بە نیشاندانی داستان لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە[٢٧]. هەڵەبەت ڕوانگەی بینین یەک شێوە یان یەک ئاست نییە، بەڵکو سێ جۆر ڕوانگەی بینین هەیە کە ئەویش لەسەر بنەمای پەیوەندی چیرۆک یان چیرۆکی ڕۆمان بە کەسێتی چیرۆک و ڕۆمانەوە دیاری دەکرێت.

یەکەمیان کە بە ڕوانگەی سفر ناودەبرێت، مەبەست لە ڕواگەی سفر نەبوونی ڕوانگەیە، چونکە لەو بارەدا گێڕەرەوە ملکەچی ڕوانگەی هیچ کەسێتییەکی ناو دەقەکە نابێت و لە ڕاستیدا هیچ جۆرە کورتکردنەوە یان چڕکردنەوەیەک لە بواری گێڕانەوەدا ناکات و بەو پێیەش خۆی بە هەڵبژاردنی ئەو زانیارییانەوە خەریک ناکات کە پێویستە بیانداتە خوێنەر یان بۆگێڕەرەوە. هەر لێرەوە ئاشکرا دەبێت ئەو ڕوانگەیەی لەم بارەدا چیرۆک یان چیرۆکی ڕۆمان ڕێک دەخات، بریتییە لە ڕوانگەی گێڕەرەوە خۆی. لەم بارەدا زانیاری گێڕەرەوە زیاترە لە زانیاری کەسێتییەکان. لە ڕۆمانی بۆرە قەلادا زانیاری باوکی جابر زیاترە لە زانیاری کەسێتییەکان، کاتێ لەبارەی جەنگی داهاتووی عێراق و ئێرانەوە حیکایەت بۆ تەیموری لەنگی سەرۆکی هێزی داگیرکەر و وێرانکەری مەغۆل دەگێڕێتەوە کە شاری دیمەشقی داگیر کردووە. هەروەک جابر خۆیشی لە گێڕانەوەکانیدا سەبارەت بە ڕووداوەکانی شاری دیمەشق و ئاخاوتنی لەبارەی کەسێتییەکانەوە زانیاری لە کەسێتییەکان زیاترە.

ڕوانگەی ناوەیی Internal Focalization لەم جۆرە ڕوانگەی گێڕانەوەدا، گێڕەرەوە ڕوانگەی گێڕانەوە دەداتە دەست کەسێتی چیرۆک یان ڕۆمان، لەم بارەدا بە ڕاستی کورتکردنەوەی مەیدانی ڕوانین یان بژاری زانیاری دێتە پێش.

گێڕەرەوە تەنیا ئەو زانیارییانە دەداتە خوێنەر کە بارودۆخی کەسێتی بواری پێ دەدات. لە ڕوانگەی ناوەوەییدا زانیاری خوێنەر لەسەر چیرۆک ناتوانێت لەو زانیارییانە تێپەڕێ کە هەر کام لە کەسێتییەکانی چیرۆک هەیانە(٢٨). لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری گێڕەرەوە بکەین لە ڕۆمانی ئەو پیاوەی درەختێک بوو، دەبینین گێڕەرەوە بژاردەیەک لە زانیاری لەسەر کەسێتییەکان بەگشتی و کەسێتی سەرەکی کە پیاوە بە درەختبووەکەیە پێشکەش دەکات. بە جۆرێک کە خوێنەر یان وەرگر یان بۆگێڕەرەوە هەست دەکات ئەو زانیارییە بەشی ئەوە ناکات کە شووناسی ڕاستەقینەی کەسێتییەکان و گەوهەری ڕووداوەکان بناسێت. ڕوانگەی ناوەوەیی زیاتر وەکو ڕوانگەی دەروونیش سەیر دەکرێت، کە هەمیشە ڕووبەرێک لە نەزانراو هەیە. هەر بۆیە ئەم ڕوانگەیە زیاتر وەکو جۆرێک لە ئاڕاستە یان تێڕوانین بۆ باری دەروونی یان ئاستی نائاشکرای ئەو کەسێتییە لێک دەدرێتەوە کە چیرۆک یان چیرۆکی ڕۆمان لە ڕوانگەی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە.

ڕوانگەی دەرەوەیی External Focalization بریتییە لە وێناکردنی هەموو شتێک لە دەرەوە و بێلایەنانە وەکو ئەو وێنانەی بە کامێرا دەگیرێن. لەم بارەدا چیرۆک بێلایەنانە دەگێڕدرێتەوە و تەنیا ڕووی دەرەوە و سیمای دیاری کەسەکان و ڕووداو باس دەکرێن و نیشان دەدرێن، بەبێ هیچ شۆڕبوونەوەیەک بۆ دیوی ناوەوەی کەسەکان، یان بۆ ئەو هۆکارانەی لە پشتی ڕووداوەکانەوە ڕاوەستاون. لە ڕۆمانی میرنامەدا ئەوە ئاشکرایە کە زیاتر لە کەسێک بەشداریی گێڕانەوە دەکات و هەر کەسێک ئەو بەشە دەگێڕێتەوە کە خۆی تێدا بووە، یان پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیە. لەم بارەیاندا

تـا ئەنـدازەیەک ڕووی ڕوانـگەی نـاوەوەیی دەبینرێـت، بەڵام هەمـوو ئەو شـتانەی کە سـەبارەت بە کەسـێتییەکانی تـر دەگێـڕرێنەوە، وێنەگـرتنە بە چـاوی کـامێرا، واتە نیـشاندانی ڕووی دەرەوەی شـتەکان و ڕووداوەکـانە. لەم بـارەدا ئاشـکرا دیارە زانیاری گێڕەرەوە لە زانیاری کەسەکان کەمترە.

بێگومان هەموو ئەم ڕەگەز و پایانەی کە لە سەرەوە باسکران و لەگەڵ چەنـدین بنەمـا و ڕەگەزی تـر پـێکەوە بەشـدار دەبـن لە بەرهەمهێنـانی دەقـی چیـرۆک و ڕۆمانـدا. بـۆیە دەبـێ سـەرباری بڕوابـوون بەوەی ناولێنـانی ئەم ڕەگەز و توخمـانە دوای ئەوە هـاتووە کە لە دەقەکانـدا بەکـارهێنراون، بەڵام دیـسان زانـین و شارەزابوون لێیان بۆ بەرهەمهێنی دەقی چیرۆک و ڕۆمان گرنـگ و پێویستە. دیارە وەکو بنەمایەکی لۆجیکی هەر چۆن زمان پێش هەر قسەکردنێک لە ڕێزمـان بـوونی هەبـووە، بە هەمـان شـێوە زۆریـنەی تـوخم و ڕەگەزەکـانی چیـرۆک و ڕۆمـانیش لەگەڵ دەرکەوتنی چیرۆک و ڕۆماندا بە ئاستی جیاجیا دەرکەوتـوون و پەرەیان سەندووە، بە پێی ئەو مامەڵە و ڕەفتارانەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسـان لەگەڵیانـدا کـردوون. دیـارە ئەوەش بە ئاسـتی جیـاواز کە توانـا و لێهـاتوویی ئەو نووسـەرە لەو بـوارەدا ڕۆڵـی دیـاری بینیـوە. هەروەک نووسـەرانی داهێنەر و ورد و بەئاگـاش هەر یەکە و بە جۆرێک ڕۆڵی بینیوە لە داهێنانی ڕەگەزی زیاتری بواری چیرۆک و ڕۆماندا. بەتایبەتی لە بوارەکانی بینای کەسێتی و گـرێچن و تەکنیکەکـانی گێـڕانەوە و چەنـدین ڕەگەزی تـری تەکنیکی نووسین، وەکو فلاشباک و شەپۆلی هۆش و ئیپیفانی و و بڕین و خستنەسەر و تەنانەت هەندێ تەکنیکی سینەماش کە لە ڕۆمـان و چیرۆکـدا بەکـار دێـن. بێگومـان کـۆی ئەم ڕەگەزانە و جەسـتەی دەقـی ڕۆمـان و چیـرۆکیش کە مەبەسـت لێـی بەرهەمهێنانی دەقە، هەروەک یارییەکی زمانی سەیر ناکرێت. دەق

وەکو یەکەیەکی زمانی لە پێناوی تەکنیکدا نانووسرێت، بەڵکو ئامانجی باڵاتر لە پشتی نووسینی هەر دەقێکەوە ڕاوەستاوە. کە بەگشتی هەموو دەقێک ئامانجێکی مەعریفی یان بە شێوەیەکی تر پرسیاری تایبەت بە خۆی هەیە، کە پرسیارەکانی خودی مرۆڤن پەیوەست بە بوون و ژیان و کێشەکانی بوون. هاوکات شانبەشانی ئەو ئامانجە مەعریفی و ئەنتۆلۆجییە ئامانجێکی تریش لە پشتی هەر کارێکی هونەرییەوە هەیە، ئەویش ئامانجی ئیستاتیکی یان چێژی جوانییە.

دیارە ئێمە پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە ڕۆمان نزیکترین ڕەگەزی ئەدەبی پەیوەستە بە ژیانەوە، یان بە دەربڕینێکی تر ڕۆمان ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە کە وێناکردنەوەی واقیعە بە شێوەیەکی هونەرییانە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەزانین ڕووداوەکانی نێو واقیع و مێژوو، لە هەموو ئاستەکاندا دەبنە ماددەی خاوی بونیادنانی دەقی ڕۆمان. دیارە لێرەدا مەبەستمان تەنیا دەقی ڕیالیست نییە، بەڵکو کۆی دەقەکانی ڕۆمانمان مەبەستە. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری دەقی ئەو پێنج ڕۆمانە بکەین کە لەم کتێبەدا خوێندنەوەمان بۆ کردوون، ئەوا دەبینین چەند پەیوەندییان بە واقیع و مێژووەوە هەیە. ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە کە لە نووسینی عەتا نەهاییە، ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی بریتین لە بەشێک لە مێژووی خەباتی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لە سەروەختی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. ڕۆمانی گێلاسی خوێن لە نووسینی عەتا محەمەد، ڕەگەزی سەرەکی بونیادنانی میرنشینی بابان و ململانێکانی نێو ئەو میرنشینە و خەونی نەمری سنووری ئەو میرنشینەیە بۆ مانەوەی هەتاهەتایی.

ڕۆمـــانی بـــۆره قەڵا لە نووســـینی مـــاردین ئیبـــراهیم، بەرجەستەکردنی دوو ڕووداوی مێژوویـی ترسـناک یـان دوو تراژیدیایە، کە یەکەمیان داگیرکردنی شاری دێرینی دیمەشقە لە لایەن تەیموری لەنگ و هێزی مەغۆلەوە، دووەمیان شـەڕی ترسـناکی نێـوان عێـراق و ئێـران و ئەنفـالکردنی کوردسـتانە. هەروەک ڕۆمـانی ئەو پیاوەی کە درەختێک بـوو لە نووسـینی گۆران بابـاعەلی، وێنـای قۆناغێک لە مێژووی شـاری سلێمانی دەکـات، کە قۆنـاغی نـاهەمواری شـەڕی نـاوخۆی نەوەدەکـانی سـەدەی ڕابـردووە کە نووسـەر دەیەوێـت وەکـو جۆرێـک لە یۆتۆپیـا و هاوکـات بە سـتراتیژێکی کافکایـانە بەرجەسـتەی ئەو واقـیعە بکـاتەوە. ڕۆمـانی نەتەوەی زێرابەکـان لە نووســینی جەبار جەمال غەریب، کە سـەرباری ئەوەی ڕۆمـانەکە جۆرێک لە فەزای فانتازیـای هەیە، دیـسان لە ئاسـتی قووڵـدا بـاس لەو پرۆسێـسە کـۆمەڵایەتییە دەکـات کە پەرەسـەندنی کـۆمەڵایەتی پێویـستیەتی بـۆ گەیـشتن بە بەرزتـرین ئاسـتی. کەواتە لێـرەوە دەتوانین بڵێین ڕۆمـان ڕەگەزێکی دابـڕاو نییە لە واقیع، بەڵکو ئەو ژانـرە ئەدەبییەیە کە وێنـاکردنەوەی واقـیعە بە شـێوەیەکی هــونەریی بـــاڵا. هەر لێرەشـــەوە بـــوار بـــۆ شـــوێنی ڕەگەزە واقیعییەکان و ڕووداوەکانی دەرەوەی دەق و ڕوانینی نووسەر و ئەو ژیـــنگە کـــۆمەڵایەتی و ئـــابووری و کولتـــوورییەی کە دەقەکەی تێـدا بەرهەم دێـت دەکـرێتەوە و بە جۆرێـک دەقــی ڕۆمان وێنـاکردنی هونەرییـانەی ئەو واقیعەیە کە تێیدا بەرهەم دێت، بەڵام بێگومان نووسینەوەی واقیع نییە وەکو ئەوەی هەیە یان هەبووە.

## پەراوێزەکان:


1 -Jeremy Hawthorn، An Introduction: Study the Novel، London-New York، 1989، p.1.

2 -Dictionary of Literary Terms and Literary Theory، Penguin Reference، p.561.

3 -Terry Eagleton، The English Novel: An Introduction، Blackwell Publishing، 2005، p.3.

4 -Orhan Pamuk، The Naive and the Sentimental Novelist، Tran. by Nazim DicBas Viutage Books، New York،2010، p.3.

5 -E. M.Forster، Aspects of the Novel، a Pelican Book. Penguin Books، 1927، p.35.

6 -Richard Gili، Mastering English Literature، Novels، Palgrave، Macmillan، 3rd Edition، 2006، pp.7-8.

7 -Gray Day، Modernist Literature 1890 to 1950، Longman، 2010، p.85.

8 -Roger Fowler، Linguistics and the Novel، London znd New York، 1989، p.1.

9 -Roger Fowler، Linguistics and the Novel، p.1.

10 -Lawrance Shaffer، Dictionary of Literary Criticism، Printed in India، 2005، p.64.

11 -Lawrance Shaffer، Dictionary of Literary Criticism، Printed in India، 2005، p.436 .

١٢- الدكتور عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي، بغداد، دار الشؤون الثقافة العامة، ١٩٨٦، ص.٧٧.

13 -Dictionary of Literary Terms and Literary Theory، Penguin Books، 1999، p.175.

14 -Roger Fowler، Linguistics and Novel، London and New York، 1989، p.3.

15 -Shlomith Rimmon، Kenan، Narrative Fiction، London and New York، 2nd Edition، 2008، p.2.

16 -John Peck and Martin Coyle، Literary Terms and Criticism، Palgrave، Macmillan، 3rd edition، 2002، p.121.

17 -Christoph Bode، The Novel، tran. by James Vigus، Whley Blackwell، 2011،p.76.

18 -Christoph Bode، The Novel، p.78.

19 -Lawrance Shaffer، Dictionary of Literary Criticism، New Dalhi، 2005، p.234.

20 -Terry Eagleton، Literary Theory، Blackwell Publishing،2008، p.67.

21 .Terry Eagleton، Literary Theory، p. 68.

22 -John Peck and Martin Coyle، Literary Terms and Criticism، 3rd edition، Macmillan، 2002، p.123.

23 -Roger Webster، Studying Literary Theory، An Introduction، USA، 1993،p.51.

24 -Alex Martin and Robert Hill، Modern Novels،Nw york ، London، 1996، p.16 .

25 -Alex Martin and Robert Hill، Modern Novels، ،p.17

٢٦- ڤـەنـسان ژووف، بووتیقـای ڕۆمـان، وەرگێڕانـی دکتـۆر مـحەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، هەولێر، ئاراس، ٢٠١٢، ل.٦٩.

٢٧- ڤەنسان ژووف، بووتیقای ڕۆمان، ل.٦٩-٧٠

٢٨- ڤـەنسان ژووڤ بووتیقای ڕۆمان، ل ٧٠.

# ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی
# لەنێوان ڕیالیزم و ڕیالیزمی سیحریدا

(١)

ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا تاکو ئێستا نەبۆتە ڕەگەزێکی دیاری ئەوتۆ، کە ڕووبەرێکی دیاری داگیر کردبێت و ئامادەبوونێکی ئەوتۆی هەبێت بووبێتە جێگەی باس و ئاخاوتنی جدی. هەرچەندە لە ڕاستیدا ئاخاوتنی جدی لەسەر ژانرەکانی شیعر و چیرۆکیش هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە. ڕاستە کۆمەڵێک بەرهەم بە ناوی ڕۆمانەوە نووسراون، بەڵام جێگەی خۆیەتی بپرسین داخۆ چەند لەو نووسراوانە بوونەتە ڕۆمان، لەو ڕوانگەیەوە کە دەقی زیندوو بن؟ هەروەک ئایا چەند لە نووسەرانی ئەو بەرهەمانە دەزانن ڕۆمان چییە و هونەری ڕۆمان نووسین چۆنە و ڕەگەزەکانی ڕۆمان چین و چۆن بینای کەسێتی دەکەن و مامەڵە لەگەڵ گرێچن و کات و شوێن و تەکنیکەکانی ڕۆمان دەکەن و تا چ ئاستێک جیاوازی ڕۆمانی کلاسیک و ڕۆمانی نوێ بە هەموو جۆرەکانییەوە دەکەن. بێگومان ئەگەر سەرنجی زۆرێک لەو بەرهەمانە بدەین کە نووسەرەکانیان بە ناوی ڕۆمانەوە

نووسیویانن و چاپیان کردوون، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەو نووسەرانە نازانن ڕۆمان چییە و چەمکی ڕۆمان چییە، بەڵکو زیاتر بە لاساییکرنەوە دەنووسن. واتە کاتێ چەند ڕۆمانێکیان خوێندۆتەوە، هەوڵیان داوە هاوشێوەی ئەو ڕۆمانانە بنووسن، کە دەشێ ئەوەش زیاتر نائاگایانە بووبێت بەتایبەتی لە ڕوانگەی بونیاد و تەکنیکەوە هەوڵیانداوە هاوشێوەی ئەو دەقانە بنووسن کە پێیان سەرسام بوون، هەرچەندە لەپاڵ ئەوەشدا کەسانێک هەبوون بە هۆشیارییەوە هەوڵی شارەزابوونیان لەو بوارەدا داوە.

دیارە مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نییە هەموو ئەو بەرهەمانەی کە بە ناوی ڕۆمانەوە نووسراون، هیچیان ڕۆمان نین، نەخێر دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لەنێو ئەو بابەتانەدا ڕۆمانی جوان و جدی هەن لە نەوەی پێشتر و لە نەوەی ئێستاش. کارەکانی عەتا نەهایی وەکو نووسەری نەوەی دووەمی ڕۆمان لە ئەدەبی ئێمەدا لە ڕیزی هەوڵە باشەکانی ئەو بوارەدان. هەرچەندە ئەوەش ئاشکرایە کە عەتا نەهایی لە بواری چیرۆکنووسینیشدا وەکو پێشەنگی نەوەکەی خۆی سەیر دەکرێت، لەسەر بنەمای ئەو چیرۆکە جوان و جدیانەی کە نووسیونی. یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی سەرکەوتنی ئەم نووسەرەی ئێمە شارەزایی هەمەلایەنە و دەوڵەمەندیی ئەوە هەم لە هونەری نووسیندا و هەم لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیری و فیکردا، ئەمە سەرباری سەردەرچوونی باشی لە هونەری چیرۆکنووسین و ڕۆماننووسیندا و لە پاڵ ئەمانەشدا شارەزایی ئەو لە بواری مامەڵەکردندا لەگەڵ واقیعی کۆمەلایەتی و مێژوویی و سایکۆلۆژیای کۆمەلایەتی و هەموو ئەو بوارە جۆراوجۆرانەی تردا کە پێوستن بۆ نووسەر.

(٢)

لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەلاڵە)ی عەتا نەهایی بکەین کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دا بە چاپی گەیاندووە، لە ڕووی قەبارەوە ڕۆمانەکە لە ٣٧٨ لاپەڕە پێکهاتووە و بریتییە لە نۆ بەش. کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە بریتییە لە هەلاڵە. بەسەرهاتی ڕۆمانەکە بریتییە لە گێڕانەوەی درێژەی ژیانی ئەوی پاڵەوان، واتە هەلاڵە لە تەمەنی منداڵییەوە تاکو ئەو کاتەی لە تەمەنی سەرووی سی ساڵییەوە لە وڵاتی سوید شێرزادی کۆنەمێردی خەنجەرێکی لێ دەدات و ژیانی بەرەو کۆتایی دەڕوات. هەلاڵە کە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەیە کچی حەمەڕەشید ئاغایە، کە لە سالانی شۆڕشی ئیسلامیدا هەلاڵە هێشتا منداڵ بووە. باوکی ئەندامێکی بالای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەو هەر لەگەڵ شکستهێنانی گفتوگۆی نێوان کۆماری ئیسلامی و سەرکردایەتی کوردیدا، حەمەڕەشید ئاغا ناچار بووە شار بەجێ بهێڵێت و بچێتە چیا و پاش ماوەیەکیش خێزانەکەی بباتە چیا کە بریتی بوون لە سەعادەتی ژنی و گولاڵە و هەلاڵەی کچی و مەجید و کاروانی کوڕی. مەجید ئەندامی ڕێکخراوێکی چەپی ئێرانییە و لە شاخە، کاروان و گولاڵە هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە مەسەلەی سیاسەتەوە. بەلام هەلاڵە کچێکی وریایە و تێکەلاوی سیاسەت و ڕۆشنبیری و خەڵکی جۆراوجۆر دەبێت، تا سەرئەنجام لە ئێزگەی شۆڕش لەگەڵ برایمۆکدا دەست بە کارکردن دەکات و دواتریش پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ برایمۆک دروست دەکات و وەکو دوو عاشقی ڕۆمانسی پێکەوە دەمێننەوە، تا سەرئەنجام پێش بەیەکگەیشتنیان برایمۆک بە دڵشکاوی دەڕوات و دەبێت

بەژێــر هەرەســـی بەفــرەوە و دەمرێــت. هەلاڵە دووچـــاری کۆسـتێکی گەورە دەبێت، بەڵام مـاوەیەک دوای ئەو کارەسـاتە دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە سوید جێگیر دەبێت.

بـاوکی هەلاڵە بیر لەوە دەکاتەوە کە کوڕێکی پێشمەرگەی دۆستی خۆی بنێرێت بۆ سوید، لەوەشـدا داوا لە هەلاڵە دەکات ئەو کوڕە دەعوەت بکات، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ هەلاڵە بە شـێوەیەکی ڕەسـمی وەکـو مێـردی خـۆی ئەو کـوڕە دەعـوەت بکات، بۆ بە ئاکام گەیاندی ئەو ئامانجەش دەبێ گرێبەستی ژن و مێردایەتـی بکـات و دوای بەدەسـتهێنانی ئەو بەڵگەنـامەیە لە سـوید دەعـوەتی شـێرزاد دەکـات و شـێرزاد پـاش مـاوەیەک دەگـاتە ئەوێ، بەڵام شـێرزاد لە لای خـۆیەوە عەشـقێکی یەک لایەنەی بـۆ هەلاڵە هەیە و تـاکو ئەو کـاتەش دڵنیـا نیـیە لەوەی ئایا هەلاڵە ڕازی دەبێت شووی پێ بکات یان نا. دوای کۆمەڵێ گفتوگۆ و یەکتر بینین، هەلاڵە ڕازی دەبێت بەوەی شـووی پێ بکـات. لە سـەرەتاوە ژیـانێکی خۆشـیان دەبێـت و دوای ئەوەی کە ئـارەزووش لەدایـک دەبێـت ئومێـدی پێکەوەژیانیـان زیـاتر بەهێز دەبێت. بەڵام لە ئەنجامی پەیوەندیی نزیکی هەلاڵە لەگەڵ مامۆسـتاکەی کە نـاوی دکتـۆر سـەعیدی ڕەحمـانییە و کـوردی کرماشـــانە، شـــێرزاد لە ســـەرەتاوە دەکەوێــتە غیرەکــردن و پاشانیش دڵپیسیکردن لە هەلاڵە و ئەوەش سـەرئەنجام ژیانیـان لێ دەکاتە دۆزەخ و دەبێتە هـۆی ئەوەی لە یەکتـر جیـا ببنەوە. دوای جیابوونەوەیان پەیوەندی نێوان هەلاڵە و دکتۆر سـەعید بەهێزتـر دەبێـت و سـەعید مـاڵەکەی دەگـوازێتەوە بـۆ تەنیـشت مـاڵی هەلاڵە و هەمیـشە بەیەکەوە دەبـن. پـاش مـاوەی چەنـد مانگێـک لە جیابوونەوەیـان سـەرلەبەیانییەک شـێرزاد دێـت بـۆ کــۆنە مـــاڵەکەی خــۆیی و هەلاڵە، ئەویــش بە نــاوی بردنــی

کەلوپەلەکـــانییەوە کە لە ڕاســـتیدا لەوە ناچێـــت بـــۆ کـــارێکی ترسـناک هاتبێـت، بەڵام پـاش مـاوەیەک لە مـانەوەی لەوێ و هەسـتکردنی بەوەی کە ئێـستا سـەعید جـێگەی ئەوی لە دڵــی هەڵاڵە و لە نـوێنی نووسـتندا گرتـۆتەوە، وای لــێ دەکـات بەو خەنــجەرەی کە کــاتی خــۆی بــاوکی هەڵاڵە وەکــو دیــارییەک دابـووی پێـی و ئەویـش لەگەڵ خـۆی هێنـابووی بـۆ سـوید و ئێستا لەناو کەلوپەلەکانیدا شـاردوویەتییەوە، خەنجەرێک بدات لەسـەر دڵی هەڵاڵە. پاش کەمێک شـێرزاد دەڕوات و دەیەوێت بەدزیەوە ئەو وڵاتە بەجـــێ بهێڵێـــت، بەڵام لەســـــەر ســـــنوو دەگیرێـــت، هەڵاڵەش لە بـــارێکی زۆر خراپـــدا دەگەیەنـــدرێتە نەخۆشـخانە، بەڵام هـیچ ئومێدێکی چـاکبوونەوەی لـێ ناکرێت. ئەمە کـــورتەی بەســـــەرهاتی ژیـــانی هەڵاڵەی پـــاڵەوانی ئەم ڕۆمانەیە.

(٣)

سـەرەتای ڕۆمـانەکە بەم جـۆرە دەسـت پـێ دەکـات (ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخە و شـاخ، شـارە و شار و وڵاتە و وڵات شوێنت بکەوێ، تا لێرە لە ستۆکۆڵم، لە گەڕەکـی فلەمینـسبیرگ، نهـۆمی چـوارەمی باڵەخـانەی ژمـارە هەژدە لە سـنگت بچەقــێ). ئەم چەنـد ڕسـتەیەی کە بـووەتە دەسـتپێکی ڕۆمـانەکە، لە ڕاسـتیدا کۆتـایی ڕۆمـانەکەیە، بەڵام ڕۆمـــاننووس لەم دەســـتپێکەدا دیـــارترین و ترســـناکترین ڕووداوی ناو ڕۆمانەکەمان دەخاتە پێش چاو، بۆ ئەوەی وامان لـــێ بکـــات بەدوای زانینـــی وردەکارییەکـــانی ئەم ڕووداوەدا بــڕۆین. دیــارە لە ڕووی هونەریــشەوە ئەم ڕووداوە وەکــو

بەرزترین لوتکەی ڕووداو یان بەرزترین ئاست سەیر دەکرێت کە جووڵەی ڕووداو بە پێی پەیوەندی نێوان گرێچن و ڕووداو دەیگاتێ. هەر لێرەشەوە شووناسی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە ئاشکرا دەبێت کە کەسێکە وا دەردەکەوێت لە دەرەوەی ڕووداوەکان ڕاوەستابێت و بە وردی و بەئاگاوە درێژەی ڕوواوەکان بگێڕێتەوە کە دواتر ئەم گێڕەرەوەیە وەکو نووسەری چیرۆکەکەش دەناسێنرێت، کە ئەو کاتەش خۆی دەبێتە بەشێک لە جەمسەری ڕوواوەکان. پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە ئەنجامی برینداربوونی سەختی و کەوتنیدا لەسەر چەرپایەکی نێو نەخۆشخانەیەک، کە دەکەوێتە بارێکی نیمچە بێهۆشییەوە، زەمینەی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنرێت بە خەیاڵ یان لە شێوازی جۆرێک لە فلاشباکدا بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی و درێژەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. دیارە لە کاتێکدا هەلاڵە دەدوێت خۆی ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت، گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە دیار نامێنێت، بە واتایەکی تر ڕێکخستنێکی گونجاو لەنێوان گێڕانەوەی گێڕەرەوە و گێڕانەوەی هەلاڵەدا هەیە. بەڵام لە درێژەی ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە بە شێوەیەکی تەوەری کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات و سەرباری زەمینە ڕەخساندن بۆ دروستبوونی حاڵەتی فلاشباک کە لە شێوەی مۆنۆلۆگدا دەردەکەوێت، زەمینەش دەڕەخسێنێت بۆ ئامادەکردنەوەی دایەلۆگەکانی نێوان هەلاڵە و شێرزادی مێردی. کەواتە دەتوانین بڵێین سەرباری دروستکردنی ئەفسانەی میرخوناوک کە فەزایەکی فانتازی دروست کردووە لە ڕۆمانەکەدا و هاوشێوەبوونێک لەنێوان میرخوناوک و حەمەڕەشید ئاغادا دروست دەبێت و لەوەشدا زیاتر سیمای ئەفسانەیی حەمەڕەشید ئاغا دەردەکەوێت. دیسان تەکنیکی

گێڕانەوە و فلاشباک و مۆنۆلۆگ و دایەکۆگ و شەپۆلی هۆش و مامەڵەی وریایانە لەگەڵ کات و شوێن لە ڕۆمانەکەدا جێگەی لەسەرڕاوەستانن.

سەرەتا جێگەی خۆیەتی سەرنجی چۆنێتی بینای کەسێتی و بینای ڕووداو و ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و مێژووی و سیاسی و کولتوورییە بدەین کە ڕۆمانەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی وێناکردنەوەی واقیعە بەشێوەیەکی هونەری، یان نووسینەوەی واقیعە بە جۆرێک کە مەرج نییە لەو واقیعە بچێت کە دەقەکەی تیادا بەرهەم هاتووە. هەروەک ئەم ڕۆمانە دەشێ بکرێتە بابەتی گفتوگۆکردن لەسەر دوو کولتوور یان دوو عەقڵ یان دوو شارستانی جیاواز، کە ئەوانیش کولتوور و عەقڵ و شارستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، کە یەکەمیان ئەو واقیعەیە کە کەسانی ئەم ڕۆمانە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانیان یان گەنجێتییان تێدا بەسەر بردووە، قۆناغی دووەمیش ئەو قۆناغەیە کە بەشێکی کەسێتییەکان دوای بەجێهێشتنی وڵات و زێدی خۆیان تێیدا دەژین کە دوو واقیعی زۆر جیاوازن لە یەکتری.

ئەگەر سەرنجی ئەو کەسێتییانە بدەین کە لە ڕۆمانەکەدا هەن، دەبینین بەگشتی دەبن بە دوو جۆر بە پێی بینای پێکهاتنیان و بە پێی ئەو واقیعەی تێیدا ژیاون. سەرەتا ئەگەر سەیری خێزانەکەی حەمەڕەشید ئاغا بکەین ئەوا دەبینین حەمەڕەشید و سەعادەتی ژنی نوێنەرایەتی لادێ دەکەن، لە کاتێکدا منداڵەکانیان تا ئەندازەیەک هەڵگری سیما و عەقڵ و ڕەفتاری شارن. شار بەو شووناسەیەوە کە لە واقیعی

ئێمەدا هەیە نەک شار بە شووناسی ڕۆژئاواییانەیەوە. هەڵبەت هەر یەکە لەم کەسێتییانەش سەربارى پەیوەندی نزیکی نێوانیان هەر یەکە شووناسی خۆیی هەیە، کە بە ئاسانی لەوانی تر جیا دەکرێتەوە. یەکێک لە لایەنە سەرکەوتووەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە هەر کەسێتییەک بە جۆرێک بینا کراوە بە ئاسانی دەناسرێتەوە و لە کەسێتییەکانی تریش جیا دەکرێتەوە. هەروەها هەر کەسێتییەکیش ئاڕاستەی تایبەتی خۆیی هەیە لە جووڵە و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەدا کە شووناسی کەسێتییەکان بەوە دیاری دەکرێت و بەگشتیش مەرج نییە جووڵە و بیرکردنەوە و ڕەفتاری ئەم کەسێتییانە هاوشێوەی جووڵە و بیرکردنەوە و ڕەفتاری نووسەر بێت، واتە هەر کەسێتییەک کە دەدوێت ئەوە خۆیەتی دەدوێت و خۆیەتی بیر دەکاتەوە و خۆیەتی ڕەفتار دەکات، نەک نووسەر. دیارە ئەوە ئاشکرایە یەکێک لە لاوازییەکانی بیناکردنی کەسێتی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی ئەوەیە کە لە زۆرێک لە دەقەکاندا کەسێتییەکان شووناسی تایبەتییان نییە و زۆربەی کەسێتییەکان کە دەدوێن خودی چیرۆکنووس یان ڕۆماننووسن و دەمامکیان پۆشیووە، بەڵام ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەدوێت خودی ئەو کەسێتییەیە کە ڕۆماننووس ئەفراندوویەتی و ئازادی پێداوە تا بجووڵێت و بیر بکاتەوە و بدوێت.

(٤)

ئەگەر سەرنجی کەسێتی حەمەڕەشید ئاغا بدەین، ئەوا کەسێتییەکی لادێنشینی کورەواریمان دێتە پێش چاو کە کەسێتییەکی سادە و بڕوابەخۆبووی دڵسۆزە بۆ گەل و نەتەوەکەی و ئامادەیە بۆ بەلاوەنانی هەموو شت و بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆیی تەنانەت بە خێزانەکەشییەوە لە پێناوی بڕوابوونێکی پتەو و مکوومدا بە مەسەلەی کورد، واتە حەمەڕەشید نموونەی شۆڕگێڕێکی ڕۆمانسییە لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حیزبایەتی ئێمەدا کە لە پێناوی ئەو عیشقە ڕۆمانسییەدا ئامادەی قوربانیدان و تەنانەت ژیان بەخشینیشە. ئەم کەسێتییە زۆر بە متمانەوە دەڕوانێتە ئەندامانی خێزانەکەی و تەنانەت لە مامەڵەکردنی هەڵاڵەی کچیدا لەگەڵ کوڕدا هیچ گومانێکی لا دروست نابێت، هەر چۆن خەڵکی لادێ لە سنووری پەیوەندی داخراوی گونددا بە بڕواوە سەیری خاوێنی ئەو پەیوەندییانە دەکات و گومانی ئەوەی لا دروست نابێت کە کچ یان ئافرەت ئەو متمانەیە بدۆڕێنێت کە ئەوی پیاو پێی بەخشیوە، بە تایبەتیش بەشداریکردنی ئافرەت لە کار و بەرهەمهێناندا لە لادێ جۆرێک لە کەسێتی پیاوانەی بۆ ئافرەتی لادێنشین دروست کردووە. هەر ئەوەشە وا دەکات لە حەمەڕەشید ئاغا کە هەڵاڵە بە کوڕ ناو ببات و ئەم وەسفەی باوکیشی بۆ کچەکەی ئەوەی لای کچەکەی دروست کردووە کە خۆی بە کوڕ بزانێت و ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە تەنانەت خودی ئافرەتیش ناڕاستەوخۆ ددان بەوەدا دەنێت کە پێی خۆش بوو لەبری ئافرەت پیاو بووایە.

حەمەڕەشید ئاغا سەرباری ئەوەی پلەوپایەی حیزبی هەیە دیسان وا خۆی نیشان دەدات کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باشیشی هەبێت و هەمیشەش بەتەنگ پاراستنی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەوەیە و پێیشی وایە کە هەڵسوکەوتی منداڵەکانی ڕۆڵی لەبەرچاو دەبینێت لەو بوارەدا و هەروەک هەڵەکردن یان هەر کارێکی نابەجێ کە هەرکام لە منداڵەکانی ئەنجامی بدەن بە نەرێنی دەشکێتەوە بەسەر ئەودا، وەکو باوک و وەکو کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی دیار. ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەو کۆمەڵگایەی دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکە کەس بێجگە لە خۆی کاریگەریی ئاشکرای لەسەر دەوروبەر و کەسە نزیکەکانیش هەیە.

لە پاڵ کەسێتی حەمەڕەشید ئاغادا، کەسێتی سەعادەتی ژنیشی دێتە پێشەوە، کە نموونەی دایک یان ئافرەتێکی سادەی لادێنشینی کوردەوارییە کە هەمیشە بێدەنگە و بە هەموو شتێک ڕازییە و هیچ دەور و نەخشێکی نییە لە بڕیار و بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزانەکەیدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم پاشکۆی مێردەکەیەتی و مێردەکەی چی بکات ئەم پێی ڕازییە و هیچ ڕەتکردنەوەیەکی نییە، بەڵکو ئەم وەکو سێبەر لە دوای مێردەکەیەوە دەڕوات. تەنانەت زۆر جار لە ململانێ و ناکۆکی نێوان منداڵەکان و باوکیاندا، پشگیریی باوکیان دەکات و وای نیشان دەدات کە باوکیان هیچ کارێکی نادروست و نابەجێ ناکات و هەرچییەکیش بکات لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی خێزانەکەیدایە و هەروەک بۆ هەندێ هەڵسوکەوتیش سەرزەنشتی هەلالە و تەنانەت گولالەش دەکات و پێی وایە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە دەبێتە هۆی ناشیرینکردنی ناووناوبانگی حەمەڕەشید ئاغا.

مەجیـــد کە کـــوڕە گەورەی حەمەڕەشـــید ئاغـــایە، لە ڕێکخراوێکی چەپی پان ئێرانیزمدا ئەندامە و پێ ناچێت بڕوای بە مەســەلەی نەتەوایەتــی هەبێــت و بــوون بە ئەندامیــشی لە ڕێکخراوێکــی لەو جــۆرەدا بــووە بە هــۆی ئەوەی هەمیــشە پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا خراپ بێت. عەتا نەهایی لە ڕێگەی نیـشاندانی پەیوەنـدی نێـوان ئەم دوو کەسـێتییەوە کە کـوڕ و بــاوکن ڕوونــاکی دەخــاتە ســەر پەیوەنــدی نێــوان چەپ و نەتەوەییەکان لە ئێرانی دوای شۆڕشی ئیسلامیدا بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی. بێگومان ئەوەش ئاشکرایە کە پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئاڕاستەیە هەرگیز پەیوەندییەکی باش نەبووە، ئەوەش ڕووناکی دەخاتە سەر ئاستی پەیوەندییە گشتییەکان و ئەوە ئاشـــکرا دەکـــات کە ئەو کولتـــوورەی ئەو حیـــزب و ڕێکخراوانەی تێدا دروستبوون، کولتوورێکە ناتوانێت جگە لە خــۆی کەســی تــر ببینێــت، واتە کولتــوورێکە ڕای جیــاواز و بۆچوونی جیاواز تێیدا جێگەی نابێتەوە. ئەوەتا لە بارودۆخێکدا کە ســەرجەم ئەو هێــز و لایەنــانەی خۆیــان بە بەرگــریکەر لە ئازادییەکــان و بنەمــا دیموکراســییەکان دەدەنە قەڵەم، کەچــی لەسەر جیاوازی بیروبۆچوون ناکۆکن و ناتوانن پێکەوە بژین. ئەمەش گەوهەر و مـاهیەتی ئەو کولتـووره ئاشـکرا دەکـات کە ڕۆمــانەکەی تێـدا بەرهەم هــاتووە، کە بێگومــان کولتــوورێکی تاکڕەهەندی داخراوی بارگاوی کراوە بە تـوخم و ڕەگەزەکـانی توونـدوتیژی و عەقڵیەتـی تەنهـا مـن هەم و کەسـی تـر مـافی بوونی نییە، یان بۆ ئەوەی خۆم هەبم دەبێ کەسی تر نەبێت. بێگومـــان هەر ئەم ئاســـتەی ڕوانـــین و لێکـــدانەوەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەمیشە هۆکار بووە بۆ تەقینەوە و پێکدادان. لێرەدا لە ڕێگەی دابەشکردنی باوک و کوڕ بەسەر

ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی و ئاڕاستەیەکی پان ئێرانیزمدا ئەو ململانێ و یەکتر قبووڵ نەکردنە بەرجەستە دەکرێت.

گوڵاڵە و کاروانیش دوو ئەندامی تری خێزانەکەی حەمەڕەشید ئاغان، بەڵام دەور و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و ئاڕاستەی جووڵە و بینای گشتی ڕۆمانەکە نییە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە گوڵاڵە نموونەی کچێکی خاوەن حەز و ئارەزووی کچانەیە و تەنانەت نالەباریی شوێنیش کار لە سروشت و شێوازی هەڵسوکەوتی ئەو ناکات و لە هەر کوێیەک بێت وێڵ و شەیدای بینینی کوڕان و پەیوەندی دروستکردنە لەگەڵیاندا، واتە ئەم کەسێتییە نموونەی کەسێتییەکی ئیرۆسییە کە حەز و ئارەزووی دنیایی لەوە بەهێزترن لە لای کە واقیعی نالەباری ژیان وای لێ بکات حەز و ئارەزووە دنیاییەکانی سەرکوت بکرێت. ئەگەر سەرنجی ئەم کەسێتییانە بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەر کەسێتییەک تایبەتمەندی خۆیی هەیە و بە ئاسانی لە کەسێتییەکانی تر جیا دەکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو هەڵسوکەوتانەوە کە دەیکات و لە ڕێگەی ئەو خاسێتانەوە کە هەیەتی. بێگومان لە ناو خودی ئەم خێزانەشدا سەرباری ناکۆکی و نالەبارییەکانی دەرەوە ناکۆکی و کێشە و نالەباریی ناوخۆی خێزانەکەش بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆماننووس بینای خێزانێکی ئاسایی بۆ کردووین، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو خێزانەوە وێنەیەکی ئاشکرای پێکهاتن و پەیوەندییەکانی نێو خێزانێکی کوردەواریمان بداتێ. بە واتا لە ڕێگەی وێناکردنی ئەم خێزانەوە عەتا نەهایی نموونەی بەرجەستەی خێزانی کوردیمان پێشکەش دەکات، کە ئەو پێکهاتەیەش یەکەی

سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵگەیە. بە واتا دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە تیشک بخرێتە سەر چۆنێتی پێکهێنانی خێزانی کوردی بەگشتی و بەتایبەتیش خێزانێک کە باوک لەگەڵ خۆیدا هەموو خێزانەکەی هێنابێتە دەرەوە و لە پێناوی ئەو بیروباوەڕەی کە دوای کەوتووە قوربانی بە ژیانی شاری خۆی و خێزانەکەشی داوە.

هەڵبەت لە پاڵ ئەندامانی خێزانەکەی حەمەڕەشید ئاغادا، برایمۆک و شێرزاد و دکتۆر سەعیدی ڕەحمانی، سێ کەسێتی دیاری تری ڕۆمانەکەن، کە هەر یەکەیان لە قۆناغێکی ژیانی هەلالەدا ئامادەبوونیان هەیە، لەو ڕوانگەیەوە کە هەر یەکە لەمانە لە لای خۆیەوە هەلالەی خۆشویستووە. یەکەمیان واتە برایمۆک ئەو کەسەیە کە هەلالە بەجۆرێکی هێندە قووڵ خۆشیویستووە، وێنەی ئەوی لێ ون نابێت و دواتریش دکتۆر سەعید لە وێنەی ئەودا دەبینێت و پێدەچێت خۆشەویستییەکەی بۆ دکتۆر سەعید وەکو جێگرەوەیەک بێت بۆ خۆشەویستی برایمۆک. بە گوێرەی شێرزادیش، هەلالە لە سەرەتاوە هیچ هەستێکی نەبوو بەرامبەری، هەرچەندە لە سەر کاغەز ژن و مێرد بوون، بەڵام دواتر گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە شووی پێ بکات و هەندێ جاریش وای نیشان دەدا کە خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست بووە. هەروەک لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دکتۆر سەعید وای نیشان دەدات ئەم نووسەری ڕۆمانەکەیە، یان ئەو کەسەیە کە ئۆتۆبایۆگرافیای هەلالە دەنووسێتەوە، کە دەشێ سەرباری ئەوەی وەکو کەسێتییەکی تەوەری لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت وەکو گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەش

سەیری بکەین. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم تاکە گێڕەرەوە نییە لە ڕۆمانەکەدا، بەڵکو دەنگی تری گێڕانەوەش هەیە، ئەوەش جۆرێک لە فرەگێڕانەوەیی نیشان دەدات، دیارە یەکێک لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی فرەگێڕانەوەش ئەوەیە کە زیاتر لە تیشکەنیگایەک یان زیاتر لە ڕوانین یان گۆشەنیگایەکی بینین بەرهەم دەهێنێت، کە ئەوەش ڕووناکی زیاتر دەخاتە سەر کۆی ڕەهەندەکانی ڕۆمانەکە.

(٥)

ئەگەر لە ڕوانگەی بینای کەسێتییەوە سەیری ڕۆمانەکە بکەین ئەوا کەسێتییەکان دابەش دەبن بەسەر دوو جۆردا. جۆری یەکەمیان کەسێتییە تەوەرییەکانن، کە ئەوانیش بریتین لە هەلالە و شێرزاد. ئەوانی تریش بریتین لە کەسێتی ڕووکەش یان کەسێتی دووەمی. دیارە مەبەست لە کەسێتی تەوەر ئەو کەسێتییەیە کە نووسەر بە وردی وێنەی خۆی و نهێنییەکانی و سیفات و خاسێتە شارەوە و نادیارەکانی دەکێشێت. کەسێتی تەوەریی خاوەنی ڕەهەندی جۆراوجۆری فیکری و ئەخلاقی و سۆز و هەڵچوون و ورووژاندنە و بە پێی جووڵەی ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا گۆڕانی بەسەردا دێت. دەتوانرێت کەسێتی تەوەریی بە کەسێتی جووڵاو یان دینامیکی ناو ببرێت، ئەمە لە کاتێکدا کەسێتی ڕووکەشی بە کەسێتی جێگیر یان وەستاو دادەنرێت. هەلالە و شێرزاد دوو نموونەی دیاری کەسێتی دینامیکین.

حەمەڕەشید ئاغاو سەعادەتی ژنی دوو کەسێتی جێگیرن، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە لە ڕۆمانەکەدا تا دوا دەرکەوتنیان لە قەسەکردن و ڕەفتارکردن و جووڵە و لێکدانەوە و هەڵسوکەوتیاندا وەکو خۆیان دەمێننەوە کە ژن و مێردێکی نەخوێندەواری نێو کۆمەڵگە و کولتوورێکی داخراو و دواکەوتوون و خێزانێکی ئاسابیان پێکەوە ناوە و لەسەر بنەمای ئەرکی هاوبەشی خێزانداری بەڕێوە دەچن. لە کاتێکدا کە حەمەڕەشید ئاغا دەست دەداتە کوردایەتی، ژنەکەی وەکو هاوبەشی ڕاستەقینەی ژیانی ئەو هاریکاری دەکات و بە پێی بڕیاری مێردەکەی دەجووڵێت، بەبێ ئەوەی کە ئەم وەکو ژنی ئەو هیچ دەورێکی هەبێت لە بڕیاری مێردەکەیدا. ئەم ژنە لە بەرامبەر هەموو فەرمانێکی مێردەکەیدا ملکەچە و هیچ شتێک ڕەت ناکاتەوە. تەنانەت گێڕەرەوە هەندێ جار پێمان دەڵێت دەبوو لەبەرامبەر هەندێ قسەی حەمەڕەشید ئاغادا، سەعادەتی ژنی هەندێ قسەی بکردایە، بەڵام نەیدەکرد. یان دەبوو سەعادەت لەبەرامبەر ئەو ئەرکانەدا کە حەمەڕەشید بۆ چاودێری کچەکانی بۆی دیاری دەکرد، ئەمیش شتێکی لە جۆری هەڵوێست بنواندایە و لێی بپرسیایە: ئەی ئەرکی تۆ وەکو باوک بەرامبەر بە کچەکانت چییە؟ بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارەی نەدەکرد. بێگومان لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە ئەم ڕۆمانەی تێدا بەرهەم هاتووە، تاکو ئێستا ئافرەت نەبووەتە خاوەنی دەنگ بەو مانایەی بتوانێت بپرسێت یان ڕای هەبێت یان ئەوەی بە دڵی نییە یان بە نابەجێی دەزانێت ڕەتی بکاتەوە، با ئەوە لە لایەن مێردەکەیشییەوە بێت. هەروەک ئەوەش دەسەلمێنێت ئەم کۆمەڵگەیە تاکو ساتەوەختی بەرهەمهێنانی

دەقەکە کـــۆمەڵگەیەکی تاکـــدەنگە کە ئەو دەنـــگەش دەنگـــی ڕەگەزی یەکەمە و ڕەگەزی دووەم تێیدا لە ئاستی غائیب یان نادیـاردایە. هەڵـبەت مەبەسـت لە ڕەگەزی یەکەمـیش پیـاوە کە لەو بارەدا ژن دەبێتە ڕەگەزی دووەم.

دیـارە ئەوە ئاشـکرایە حەمەڕەشـید وەکـو پیـاوێکی ئاسـایی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی خێڵایەتی، ناشێت داوای ئەوەی لـێ بکرێـت لە کاروبـاری بەڕێـوەبردنی خێزانەکەیـدا هاوشـێوەی پیاوی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن یان کۆمەڵگەی شـار بێت، بەڵام جـێگەی خـۆیەتی ئامـاژە بـۆ ئەوە بکەیـن کە لە کـۆمەڵگەکەی هەڵاڵە و حەمەڕەشـیددا کـاتێ حیـزب دروسـت دەبێت لەبـری نوخبەی خوێندەوار کەچی زۆرێک لە نموونە و هاوشێوەکانی حەمەڕەشید دەبنە بەرپرسیار و کەسانی خوێندەوار و بەئاگای وەکو برایمۆک بەڕێوە دەبەن. دیارە هیچ گومان لەوەشدا نییە کە ئەم گـوڵبژێرە لە سـەرخێڵ و بەگ و کەسـانی عەشـایەر، لەبری عەقڵی حیزبی و دیسپلینی حیزبی بە عەقڵ و دیسپلینی خێڵایەتی حیزب بەڕێوەی دەبەن، لە کاتێکدا ئەوە ئاشکرایە کە حیـزب دامەزراوی کـۆمەڵگەی شـارە، بەڵام لە کـۆمەڵگەکەی هەڵاڵەدا بەو پێیە حیزب دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی خێڵ و عەشیرەت. لەم کاتەشدا سەرباری بوونی ئینتیما بۆ نەتەوە و نیشتمان بە شـێوەیەکی خۆڕسـکی، جۆرێـک لە هەسـتی ڕۆمانـسیانەی شۆڕشگێڕی سـەرهەڵدەدات، هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە لە ئاستی گشتیـشدا هەسـتی ڕۆمانـسیانە بەرهەمـی کـۆمەڵگەی نێـو سروشتە کە قۆناغی فیودیالی و خێڵایەتی وەکو قۆناغی ژیانی دەرەوەی شار یان قۆناغی ژیانی لادێ، هاوشێوەی کۆمەڵگەی نێـو سروشـتە، بـۆیە ئەو هەسـتە شۆڕشـگێڕییەی کە لەو قۆنـاغەدا سـەرهەڵدەدات هەسـتێکی ڕۆمانسیانەی ئاسـاییە کە

دەتوانین بڵێین بەرهەمی هۆشیاری و بەئاگایی نییە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین کەسێتی شۆڕشگێڕانەی حەمەڕەشید ئاغا هەڵبسەنگێنین کە بەرهەمی ئەو هەستە ڕۆمانسییەیە، هەروەک دەشێ وەهایشی لێک بدەینەوە ئەم حاڵەتە تەنیا حەمەڕەشید ئاغا ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوە دیاردەیەکی دیار و ئاشکرای نێو کۆمەڵگە خێڵایەتییەکانە بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە.

ڕاستە حەمەڕەشید و سەعادەت دوو کەسێتی نزیکن لە یەکتر، کە ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە هەردووکیان لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووییدا لەدایکبوون و پەروەردە بوون، بەڵام دەنگی هەلاڵە و برایمۆک و مەجید و شێرزاد و سەعید و تەنانەت گوڵاڵەش لەوان جیاوازە و هەروەک ئەم دەنگانە لەنێو خۆیشیاندا جیاوازن. ئەمەش بووەتە هۆی بوونی دەنگی جیاواز و جۆراوجۆر لە ڕۆمانەکەدا، کە بەو پێیەش گوتاری جۆراوجۆر بەرهەم دێت. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو قسەیەی تۆدۆرۆڤ کە پێی وایە (ڕۆمان لە فرەزمانی و فرەگوتاری و فرەدەنگی و لە هۆشیاری و بەئاگاییەوە لە زمان بەرهەم دێت). هەر بەم پێیە (گرەوی بەختی هەلاڵە) لە ڕوانگەی زمان و گوتارەوە شایانی ئەوەیە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، کە ئەوەش لە لایەک زیندوویی دەقەکە بەرجەستە دەکات و لە لایەکی تریشەوە وەک دەقێکی کراوە پێشکەشی دەکات کە کۆمەڵێ ڕوانین و بەو پێیەش ڕەهەندی فیکری و مەعریفی و مێژوویی و سایکۆلۆژی و مۆراڵی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گونجاو کە جۆرێک لە هارمۆنیای هونەری ڕۆماننووسین کۆی کردوونەتەوە و بنەما و فەزایەکی هونەریی ئەوتۆی پێ بەخشیون، کە سەرباری ئەو ڕەهەندانەی

باسمان کردن، ئاستێکی بەرزیش لە جوانی و بەو پێیەش چێژی جوانی بەرهەم بهێنێت، کە دەشێ ئەوەش لە ئاستی یەکەمدا کاریگەری لەسەر خوێنەر هەبێت، یان لە ڕوانگەیەکی ترەوە وەڵامی خوێنەر بە هەڵوێستێکی پۆزەتیفانە بەدەست بهێنێت.

ڕۆماننووس لە دوو ڕێگەوە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەمان پێ دەناسێنێت، کە ڕێگەی یەکەم بریتییە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و تێیدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاری جێگیرەوە کەسێتییەکە دەناسێنێت و هیچ بوارێک بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە تا بتوانێت هەڵسەنگاندن بکات و ئەو کەسێتییە بنرخێنێت. هەروەک دەشێ نووسەر خۆی وەکو گێڕەرەوە یان لە ڕێگەی کەسێتییەکی تری ناو ڕۆمانەکەوە ئەو ڕاگەیاندنە بەرامبەر بە یەکێک لە کەسێتییەکانی دەرببڕێت، بۆ نموونە هەلاڵە لەبری نووسەر سەبارەت بە کەسێتی شێرزاد ڕایدەگەیەنێت: (شێرزاد پیاوێکی گەوجە. پیاوێکی گەوج و ترسنۆک). کاتێ ئەم ڕستە ڕاگەیاندنە سەبارەت بە کەسێتی شێرزاد دەردەبڕرێت، ئیتر بوارێکی ئەوتۆ بۆ خۆێنەر نامێنێتەوە هەتا هەڵسەنگاندنی تر بۆ ئەو کەسێتییە بکات. ڕێگەی دووەم کە دەشێ ڕۆماننووس لەبەری بگرێت بۆ ناساندنی کەسێتییەکانی ڕێگەی (ئاشکراکردنە) کە ڕۆماننووس نە خۆی و نە لە ڕێگەی گێڕەرەوەیەکی دیارەوە و نە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی کەسێتییەکانی پێشکەش ناکات، بەڵکو بوار بە خوێنەر دەدات لە ڕێگەی دواندن و هەڵسوکەوت و وەڵامدانەوە و کاردانەوەکانی هەر کەسێتییەکەوە ئەو کەسێتییە بناسێت و ڕەهەندەکانی ئەو کەسێتییەی لە لا ئاشکرا ببێت. عەتا نەهایی بە شێوەیەکی

سـەرەکی وێنەی کەسـێتییەکانی بە جۆرێـک دەکێـشێت و بینـا دەکـــــات کە خـــــوێنەر لە ڕێــــگەی ئاشـــــکراکردن و بە ئەنجامگەیشتنەوە بیان ناسێت، لەم بارەشدا بوارێکی فراوان بۆ خـــوێنەر دەڕەخـــسێت بـــۆ ئەوەی پەیوەســـت ببێـــت بە کەسـێتییەکانەوە و لەگەڵیانـدا بـژی. دەتـوانین بڵێـین زۆربەی کەسـێتییەکانی نێـو ئەم ڕۆمـانە لە شـێوەی دووەمـدا وێـنە کێـشراون و خـوێنەر دەتوانێـت لە ڕێـگەی قـسە و گفتوگـۆ و کـاردانەوەوە ئەو کەسـێتییانە بناسـێت. حەمەڕەشـید ئاغـا و سـەعادەتی ژنـی و هەلاڵە و مەجید و دکتـۆر سـەعید زیـاتر لە ڕێـگەی جـووڵە و قـسە و هەڵـسوکەوت و کاردانەوەکانیـانەوە دەناسـرێن. بێگومـان ئەگەر زۆر لایەنـی پـڕ بـایەخی ڕۆمـان پـشتگوێ بخەیـن و وەکـو ڕەگەزێکـی ئەدەبـی لە ڕوانـگەی چێژەوە سەیری ڕۆمان بکەین، ئەوە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە چێـــژ لە ئاشـــکراکردنی کەســـێتییەک و گەڕان بەدوای نهێنییەکانی و دۆزینەوەی جیهانی پڕ لە نهێنی ئەو کەسێتییەدا بەدەست دێت، واتە چێژ بەرهەمی گەڕان و بە ئەنجامگەیشتنی خوێنەرە. لێرەدا ئەگەر خۆمان لە شوێنی خوێنەر دابنێین، ئەوا جـــووڵە و ڕەفتـــار و هەڵچـــوون و کاردانەوەکـــانی هەلاڵە و برایمۆک و شێرزاد و دکتۆر سەعید و تەنانەت حەمەڕەشید و ســـــــەعادەیش ناچارمـــــــان دەکەن کە بە وردی دوای ئەم کەسێتییانە بکەوین بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە هەڵچوون و جـووڵە و کاردانەوەکانیـادا کە ئەوەش وامـان لـێ دەکـات لەگەڵیاندا بژین، چی هەڵوێستی ئەو کەسێتییانەمان بە دڵ بێت یان نا، کە لەوەشدا جۆرێک لە چێژوەرگرتن بەرهەم دێت.

(٦)

ئەگەر لە ڕووی گرێچنەوە سەیری ئەم ڕۆمانە بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە مەرج نییە پەیڕەوی شێوازێکی جێگیر لە گرێچن بکات. بۆ نموونە ناتوانین بڵێین گرێچن لەم ڕۆمانەدا گرێچنی ئەرستۆییە کە ڕوواو پەیڕەوی زنجیرەی نەپچڕاوی کات بکات لە سەرەتاوە کە بوونی کێشەیەک هەبێت و بەرز ببێتەوە تا دەگاتە لوتکە و پاشان بە دابەزین و چارەسەری کێشەکە کۆتایی بێت. بەڵکو لەم ڕۆمانەدا دەتوانین بڵێین هەڵکشان و دابەزینی تێکەڵاو لە ڕەوتی جووڵەی ڕووداوەکاندا دەبینین کە کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە پاش بەدەستهێنانی کۆمەڵێک سەرکەوتن لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی تێکشکاندن دەبێتەوە، کە دەشێ ئەو تێکشکاندنە زیاد لە بوارێک بگرێتەوە، یان باشتر بڵێین دەشێ تێکشکاندن بێت لە ڕووی دەروونی و عەقڵی و فیکری و عاتیفی و تەنانەت فیزیکیشەوە. ئەگەر سەیری کەسێتی هەلالە بکەین، ئەوا دەبینین لە سەردەمی منداڵییەوە کەسێتییەکی تایبەتی هەیە و خاوەنی بڕوا و متمانەیەکی تەواوە بە خۆی و ئەوەش وای لێ دەکات لە قۆناغی منداڵی و لاوێتی و تەنانەت دوای شووکردنیش وەکو کەسێتییەکی سەرکەوتوو دەربکەوێت، بەڵام لە کۆتاییدا دووچاری جۆرێک لە ڕووخاندن دەبێت کە بەدوای ئەو ڕووخاندنە مەعنەوییەدا لە ڕووی فیزیکیشەوە هەرەس دەهێنێت، ئیتر گرنگ نییە با هۆکاری ئەو هەرەسە فیزیکییە لە دەرەوەی خۆیشیەوە بێت یان بەسەریا بسەپێنرێت.

دیارە کات و شوێن Setting وەکو دوو ڕەگەزی سەرەکی ڕۆمان و چیرۆکیش سەیر دەکرێن. ئێمە دەزانین کە لەم ژانرە

ئەدەبیـــانەدا کەســـێتییەکان لە ڕووداوی دەقەکەدا بەشـــداری دەکەن و جووڵە و کردارو هەڵچوون و کاردانەوەیان هەیە، کە بێگومـان ئەو ڕووداوانەی بەشـداری تێـدا دەکەن و جـووڵە و کردار و کاردانەوەکانیـان لە شـوێندا و لە کـاتێکی دیـاریکراودا دەگەنە ئەنجـام. بە مانـایەکی تـر ناتوانرێـت تەســەوری ئەوە بکرێـت کە کەسـێتی و ڕووداو و گـرێچن لە دەرەوەی کـات و شوێن بوونیان هەبێت. شوێن بە گوێرەی کەسێتی ڕۆمانەکە لە یەکێـک لە شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە دەسـت پـێ دەکات و بەدوایدا چیاکان دێت و پاشان سلێمانی و جارێکی تر چیـا و دوای ئەوەش وڵاتـی سـوید دێـت کە دواشـوێنە بە گوێرەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە. بێگومان هەر یەکە لەم شوێنانە بە پێی گەشـەکردنی ڕووداوی ڕۆمـانەکە و بەرەو پێشـەوەچوونی و بە پێی بینـاکرنی گەشـەی بایۆلۆجیـانە و گەشـەی فیکـری و عەقڵی پاڵەوانی ڕۆمـانەکە و ڕەوتـی ڕووداوە مێژووییەکـانیش، لە دەرەوەی ڕۆمـانەکەدا هەمـوو پـێکەوە دەوری کاریگەریـان هەیە لەسـەر کەسـێتی پـاڵەوان و ڕووداوەکـانیش. بە مانـایەکی تــر هەمـــوو ئەم ڕەگەزانە دەوری کاریگەریـــان هەیە لەســـەر بەرهەمهێنـانی دەقەکە بە هەمـوو خاسـێت و بنەماکـانییەوە. بە قـــسەیەکی تـــر دەتـــوانین بڵێـــین پـــاڵەوانی ڕۆمـــانەکە ئەگەر مێژوویەکی زنجیرەیی هەبێت کە لەو ساتەوە دەست پێ بکات لە کۆڵان لە تەمەنی دوانزە و چواردە ساڵاندا لەگەڵ کوڕوکاڵی کـۆڵان یـاری کردبێـت و داوای ماچیـان لـێ کردبێـت، تـا ئەو کاتەی کە دەگاتە چیا و پاشان دەچێتە ئێزگەی دەنگی شـۆڕش و لەوێ کار دەکات تا لەگەڵ برایمۆکدا عاشـقی یەکتری دەبن، بەڵام دواتـر برایمـۆک بە دڵـشکاوی ئێـزگە بەجـێ دەهێڵێـت و پاش ماوەیەکی کورت دەبێت بەژێر بەفرەوە و شـەهید دەبێت.

دواتــر بــارودۆخەکە حەمەڕەشــید ئاعــا ناچــار دەکــات ژن و منداڵەکانی بنێرێتە سلێمانی، بۆ ئەوەی لە مەترسی بۆردومانی دوژمــن دووریــان بخــاتەوە. بەڵام جــارێکی تــریش لە کــاتێکی دیــاریکراو و لە ئەنجــامی ڕووداوێکــی نادروســت لە ڕوانــگەی خێزانەکەی حەمەڕەشیدەوە بۆ کردەوەیەکی دزێو بە ڕوانینی ئەوان، کە ئەویــش ژنهێنــانی باوکیــانە، منــداڵەکانی حەمەڕەشــید دەگەڕێنەوە بۆ چیا و ژنەکەی باوکیــان ناچــار دەکەن ئامــادەیی خــۆی بــۆ جیــابوونەوە لە حەمەڕەشــید نیــشان بــدات و بە کـــــردەوەش ئەم داوەیە جێبەجـــــێ دەکرێـــــت. واتە لێـــــرەدا دەردەکەوێت کە هەڵاڵە وەکو پاڵەوانی ڕۆمــانەکە لە دوو کــاتی جیــاوازدا لە چیــا ژیــاوە. دوای ئەوەش هەڵاڵە و مــاڵی مــامە فەتــاحی و مەجیدی بــرای چیا بەجــێ دەهــێڵن و دەگەنە وڵاتــی ســـوید، لێـــرەدا دەردەکەوێـــت کە شـــوێن بە گـــوێرەی هەڵاڵە گـــۆڕانی گەورەی بەســـەردا دێـــت کە ئەویـــش گواســـتنەوەیە لە جوگرافیای دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتەوە، کە دەشــێ بە سروشــت دابنرێــت لە ڕووی پەرەســـەندنەوە، بــۆ ڕۆژئــاوا کە دەشـــێ بە جوگرافیای شار یان شارستانی دابنرێت. دەشــێ شــوێن لە هەر یەکە لەو دوو قۆنــاغەی ژیــانی پــاڵەوانی ڕۆمــانەکەدا، دەوری کاریگەر ببینێت لە بەرجەستەکرنی کەسێتی ئەودا.

بە هەمــان شــێوەی شــوێن، کــاتیش لەم ڕۆمــانەدا مــاوەیەکی خایانــدووە، هەرچەنــدە کــاتی ڕاســتەقینەی گرێچنــی ڕۆمــانەکە بە پێــی ڕووداوەکــانی ڕۆمــانەکە ئەوەنــدە درێژخــایەن نیــیە، چــونکە ئەوەی لەبارەی ڕابردووەوە لە ڕۆمانەکەدا باس دەکرێت بریتییە لە بەرهەمـــی گەڕانەوەی پـــاڵەوان و گێـــڕەرەوە کە لە ئێـــستادا دەگەڕێتەوە و لە ڕووی یادەوەرییەوە ڕابردوو ئامادە دەکاتەوە. ڕاستە بە پێی ئەوەی کە لە ڕۆمانەکەدا باس دەکرێت ڕووداو لەو

کاتەوە دەست پێ دەکات کە سوپای دەوڵەت هێرش دەکاتەوە بۆ شـارەکانی کوردسـتان. بەڵام کـاتی ڕاسـتەقینەی ڕۆمـانەکە بە گوێرەی ژیانی پاڵەوانەکە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە دەچنە شاخ و زیاتریش لەو کاتەوە دەلالەتی کاتی هەیە بە گوێرەی ئەو کە لەگەڵ برایمۆکدا دەکەونە خۆشەویستییەوە، تا ئەو کاتەی لە نەخۆشـخانەیەکی وڵاتـی سـویددا بە برینـداری دەکەوێـت و چاوەڕوانی مردن دەکات. ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە واتە هەڵاڵە بە پێی ڕۆیشتنی کات پڕ لە جووڵە و کردار و ڕووداو و هەڵچوون و کـاردانەوەیە. ئەوەش وای کـردووە ئەم کەسـێتە تەوەریـیەی ڕۆمـانەکە هەم لە میـانەی جـووڵەی خـۆیەوە، هەم لە میـانەی گفتوگۆکـانییەوە، هەم لە میـانەی ئەوەوە کە گێـڕەرەوە لە بـارەی خـۆی و جـووڵە و چالاکییەکـانییەوە دەیگێـڕێتەوە، کەسـێتییەکی شـوناس ئاشـکرا بێـت، کە ئەوەش لە شـێوازی ناڕاسـتەوخۆدا ئاشـکرا دەکرێـت، ئەویـش لە ئاسـتی یەکەمـدا لە ڕێـگەی ئاشـکراکردنەوە بە ڕێـگەی گفتوگـۆ کە مەبەسـت لەمەش بەکارهێنـانی زمـانە، لەم بارەشـدا تەکنیکـی شـەپۆلی هـۆش دێتە ئاراوە کە لەم ڕۆمـانەدا زیـاتر لە شـێوەی مۆنۆلۆگەکانی هەڵاڵەدا دەردەکەوێت، کە مۆنۆلـۆگی نـاوەوەن و تێیدا شـتگەلێکی زۆر بە مێشکیدا تێدەپەڕێت و وەکو کەسێتییەکی نیگەران و پڕ خەیـاڵ و پـڕ داڵـغە دەردەکەوێـت. هەر لەو میانەشـدا لە زۆر کاتـدا بە فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی. بۆ نموونە لەو کاتانەی کە هەسـت بە خۆشەویـستی شـێرزاد دەکـات، بە فلاشـباک دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی پەیوەندی خۆشەویستی خۆی لەگەڵ برایمۆکدا و تەنانەت جۆرێک لە هاوشێوەبوون لەنێوان شێرزاد و برایمۆکدا دروست دەکات، بە جۆرێک هەست دەکرێت ئەوەی لەو کاتەدا هەڵاڵە خۆشی دەوێت، یان هەست بە خۆشویستنی دەکات، لە ڕاسـتیدا ئەو پیـاوە نییە کە ئێستا مێردێتی، بەڵکو ئەو پیـاوە

بووەتە وێنەی پیاوێکی تر کە پێشتر هەلاڵە خۆشیویستووە کە ئەویــش برایمــۆکە. ئەمەش لە کەســێتی هەلاڵەدا جێکەوتێکــی ترسناکی بەجێ هێشتووە و تەنانەت ئامادەبوونی هەمیشەیی ئەو وێنەیە لە مێشک و هەستی هەلاڵەدا و بەراوردکردنی بەردەوامی بە کەسێتی شێرزاد هۆکاری سەرەکی بەشێکی دیاری کێشەکانی هەلاڵەیە. ئەم هاوشــێوەکردنە دوای جیــابوونەوەی لە شــێرزاد و خۆشویــستنی ســەعید و پێکەوەبــوونی لەگەڵیــدا هەر بەردەوام دەبێــت و بە ئاشــکراش ڕایــدەگەیەنێت کە ئەوەی ئەو خۆشــی دەوێـت ســەعید نیـیە، بەڵکـو وێنەیەکـی تـری برایمـۆکە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو کاتەی بەگوێرەی هەلاڵە کە بایەخی کاتی هەیە تەنیا ئەو کاتەیە کە تێیدا خۆشەویستی تێدا کردووە و ئەویش لە ڕاستیدا ئەو کاتەیە کە تێیدا برایمۆکی خۆشویستووە، یان دوای شــەهیدبوونی برایمـۆک بـۆ کەمێـک و لە ئاسـتێکدا بە جۆرێـک شــێرزادی خۆشویــستووە، یــان دواتــر شــێتانە ســەعیدی خۆشویستووە. هەرچەندە سەعید لە ڕوانینی هەلاڵەوە وێنەیەکی تری برایمۆک بووە. واتە دەتوانین بڵێین کە کات لای هەلاڵە تەنیا ئەو کــاتە دەلالەتــی کــاتی هەیە کە بە خۆشەویــستی بارگــاوی کرابێــت. ئەمەش لە ئاســـتێکی قـــووڵتردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ژیان بەگشتی تەنیا لە خۆشەویستیدا مانا و بایەخی هەیە و هەر بەو پێــیەش دەبــێ مێــژوو لەبــری ئەوەی تۆمــاری جەنگ و کارەسات و وێرانکاری و کوشتن و بڕین بێت، پێویستە بریتــی بێـت لە تۆمــارکردنی ئەو کاتــانەی کە بە خۆشەویــستی بارگاوی کراون

## (٧)

## گێڕانەوە و گێڕەرەوە (Narration and Narrator)

جێگەی خۆیەتی سەرنجی گێڕانەوە و لە هەمان کاتیشدا گێڕەرەوە بدەین لەم ڕۆمانەدا. گێڕانەوە ڕووبەرێکی فراوانی لە دەقەکەدا داگیر کردووە. گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بە پلەی یەکەم گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات، کە گێڕەرەوە دەشێ کەسی نووسەر بێت کە لە ڕۆمانەکەدا وەکو یەکێک لە کەسێتییە دیارەکان دەردەکەوێت کە ئەویش دکتۆر سەعیدی ڕەحمانییە کە ڕۆماننووس زەمینەی بۆ ئەوەش خۆش کردووە، کە ئەم کەسێتییە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە هەر لەگەڵ ناساندنیدا وەکو چیرۆکنووس پێشکەش دەکرێت. واتە دەتوانین بڵێین زنجیرەی ڕووداوی ڕۆمانەکە بە بیانووی ئەوەی درێژەی ژیانی هەلاڵەیە و کەسێک دەینووسێتەوە کە ئەوەش وەکو گێڕانەوەی ئۆتۆبایۆگرافیای ژیانی پاڵەوانەکەیە و لە لایەن سەعیدەوە پێشکەش دەکرێت. هەروەک لە لایەکی تریشەوە زۆرێک لە دایەکۆگ و مۆنۆلۆگەکانی هەلاڵە لە لایەن گێڕەرەوە پێشکەش دەکرێن. بێگومان لە گێڕانەوەشدا ڕووناکییەکی زۆر دەخرێتە سەر ڕووداو و جووڵە و هەڵچوون و کاردانەوەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە کە لەوەشدا بنەمای ئەم کەسێتییە و ڕەهەندەکانی و ڕوانین و هەڵوێستەکانی دەردەکەون و بە ئاشکرا هەلاڵە وەکو کەسێتییەکی سروشتی نێو واقیعی ژیانی ڕۆژانەمان دەردەکەوێت. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تر زیاتر پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە، هەرچەندە

مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە کە ڕۆمان وێناکردنی واقیعە وەکو ئەوەی هەیە، یان وەکو ئەوەی کە هەبووە. نەخێر مەبەست ئەوەیە ڕۆمان نووسینەوەی واقیعێکە کە دەشێ زۆر جیاواز بێت لەو واقیعەی کە هەیە، یان ناڕاستەوخۆ ڕۆمانەکە پەیوەندی پێیەوە هەیە. هەر لێرەشەوە گێڕانەوەکانی گێڕەرەوە بە ئاڕاستەی دروستکردن یان بیناکردنی ئەو واقیعەیە کە دەشێ ڕۆمانەکە لێی بدوێت و بەرجەستەی بکات، نەک ئەو واقیعەی کە ڕۆمانەکە تێیدا ڕووی داوە، یان ڕووداوەکانی لەوێوە وەرگیراون.

کەسێتی گێڕەرەوە پێکهاتەیەکە لەنێوان گێڕەرەوەی بابەتی و گێڕەرەوەی زانیاری سنووردارردا، کە لە یەکەمیاندا گێڕانەوە بوونی هەیە بەبێ بوونی گێڕەرەوە و دەنگی ڕاستەوخۆی گێڕانەوە کە بوونیان نییە، بەڵکو گێڕانەوە لە پشتی گفتوگۆ و دایەکۆگ و مۆنۆلۆگەکانەوە پێکدێت. لە دووەمیشیاندا واتە لە گێڕانەوەی زانیاری سنووراردا نووسەر کەسێک دەکاتە زمانحاڵی خۆی، کە لەم ڕۆمانەدا سەعید ئەو دەورەی پێ سپێردراوە، ئەمە جگە لەوەی گفتوگۆ و دایەلۆگ و مۆنۆلۆگەکانی پاڵەوان و کەسەکانی تری ڕۆمانەکە دەوریان هەیە لە ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی کەسێتی پاڵەوان و کەسێتییە تەوەری و دووەمییەکانی تری ڕۆمانەکەدا. هەروەک لەم کاتەدا ڕووداو و جووڵە و کار و کاردانەوە دەبێت بە هۆی دەرخستنی باری دەروونی و فیکری و عەقڵی و ئەخلاقی کەسێتییەکە و لەو کاتەشدا هەڵسەنگاندنی ئەم کەسێتییە کە لێرەدا مەبەست کەسێتی هەلاڵەیە، دەبێتە کەسێتییەکی خۆنمایشکەر لە بەرامبەر ئەوانی خوێنەر یان ئەوانی تردا.

(٨)

لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەسەر لایەنەکانی تری ڕۆمانەکە، ئەویش بە مەبەستی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەدا کە وەکو دەقێکی داهێنەرانە بەرزی دەکاتەوە. هەروەک هەوڵ دەدەین ئاڕاستەی پرسیارەکانیش دەستنیشان بکەین و لەو ئاقارەشدا بەدوای ئاشکراکردن و دۆزینەوەی جیهانبینی گشتی دەقەکەدا بگەڕێین، کارێکی لەو جۆرەش پێویستی بە ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی هەمەلایەنەی دەقەکە هەیە، لە کاتێکدا پێمان وایە دەبێ دەق وەکو پێکهاتەیەکی زمانی و هونەری زیندوو و سەربەخۆ، تاکە ڕووبەرێک بێت بۆ قسە لەسەرکردن، هەروەک پێکهاتەی دەق تاکە ناوەند و سەرچاوەیەکە کە دەبێت لە سنووری ئەودا بۆ دۆزینەوەی مانا و دەلالات و پرسیار و جیهانبینی بگەڕێین.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەلاڵە وەکو پاڵەوانی ڕۆمانەکە کەسێتییەکە بە شێوەیەکی وەها بینا کراوە کە جۆرێک لە شووناسی تایبەتی خۆیی هەیە و بە شێوەیەکیش ئامادەکراوە کە بۆ ئەو ئەرکانە ئامادە بێت کە لەگەڵ جووڵەی بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوی ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدەن. ئەم کەسێتییە لە ڕاستیدا پاشخانێکی کۆمەلایەتی ڕەهەند ئاشکرای هەیە، لە کاتێکدا لە خێزانێکی مامناوەندی پاشخان لادێییەوە هاتووە و خۆیشی لە ناوەوەی وڵات تا ئاستێکی وەهای خوێندووە کە بە پێی ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتییە دواکەوتووەی کۆمەڵگەی کوردی وەکو کەسێکی هۆشیار و بەئاگا دەربکەوێت. لە ڕاستیدا هەلاڵە نموونەی کەسێتییەکی ڕۆشنبیر یان بۆرژوای بچووکە لە ڕووی ناجێگیریی

کـۆمەڵایەتی و دەروونـــی و هەروەهـــا لە ڕووی بڕیـــاردان و هەڵوێـــست وەرگـــرتنەوە بەرامـــبەر بەوەی کە ڕاســـتەوخۆ پەیوەنـــدی بەوەوە هەیە، یـــان ئەوەی لە دەوروبەریـــدا ڕوو دەدات و دەشێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەو هەبێت. هەلاڵە ئەو کچەیە کە لە قۆناغێکی درەنگتر لە کاتی سروشتی خۆی هەست بە کچێنی خۆی دەکات. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوری کاریگەری باوکی کە هەر لە منداڵییەوە دەیگوت ئەمە کوڕە و کچ نییە. چەند بارەکردنەوەی ئەم قسەیە لە لایەن باوکییەوە کاریگەری لەسەر هەست و نەستی هەلاڵە هەبـوو، بە جۆرێـک کە هەر لە منـداڵییەوە لە کـۆڵان لەبـری ئەوەی یاری لەگەڵ کچان بکات و زیاتر تێکەڵاوی کچان بێت، یاری لەگەڵ کوڕان دەکات و تێکەڵاوی ئەوان دەبێت. دیارە ئەو تێکەڵاوبـوونە ئەگەر لە ڕووە سروشـتییەکەوە سـەیری بکەیـن، ئەوا دەبـــێ بڵێـــین دروســـت وایە کـــچ زیـــاتر مەیلـــداری تێکەڵاوبـوونی کـوڕ بێـت و بە پێچەوانەشـــەوە ڕاســتە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئاسایی نییە ئەوەیە کە هەلاڵە لەژێر کاریگەریی غەریزە و حەز و ئارەزووی کچانەیدا نییە کە تێکەڵاوی کوڕان دەبێت، نەخێر بەڵکو بـۆ شـاردنەوەی کچێنی خـۆیەتی لەژێـر کاریگەریی جۆرێک لە دەمامککردندا کە ئەوەش لە هاندانەکانی باوکییەوە لە لای دروست بووە. بەڵام لە ڕاستیدا لە پشتی ئەم بۆچـوونەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێـت کە پـاڵەوانی ڕۆمـانەکە لەبری ئەوەی لە سەنگەری ئافرەتەوە بەرگری لە خۆی بکات و هەوڵ بـدات بـوونی ڕاسـتەقینەی خـۆی لە بەرامـبەر ئەوی پیاودا بسەلمێنێت، کەچی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی شووناسێکی ساختەوە جێگەی خۆی بگۆڕێت و بچێتە شوێنی پیاو. بێگومان ئەمەش زیـاتر ئەوە دەردەخـات کە چـۆن لە کـۆمەڵگەی ئـێمەدا

وەکــو کــۆمەڵگەیەکی دواکەوتــووی داخــراو، هەلالە وەکــو ئافرەتێکی تا ئەندازەیەک هۆشیار لەبری ئەوەی لە سەنگەری ڕاستەقینەی خۆیەوە بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات، کەچی شووناســی ڕاســتەقینەی خــۆی لە بیــر دەکــات و دەیەوێــت بگوازێتەوە بۆ سەنگەری ڕەگەزی یەکەم. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخــات کە نەک هەر ڕەگەزی یەکەم، بەڵکــو بەشــێک لە ڕەگەزی دووەمــیش لەبــری بیرکــردنەوە لە ڕوانگەیەکــی فیمینیستانەوە، هەوڵ دەدەن سەنگەرەکەی خۆیان بەجێ بهێڵن و بچنە سەنگەری پیاوەوە. ئەگەر ئەم بۆچوونە بگوازینەوە بۆ نێـو واقیعـی کـۆمەلایەتی خۆمـان کە ڕۆمـانەکە لەو واقـیعەدا بەرهەم هـــاتووە، ئەوا بە ئاشـــکرا دەبینـــین زۆریـــنەی ئەو ئافرەتـانەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باسـی مەسـەلە و کێشەکانی ئـــافرەت دەکەن، ئەوە ئەو ئافرەتـــانەن کە لەبـــری ئەوەی لە خەبـاتی ڕێکخـراوی ڕاسـتەقینەی ئافرەتانـدا و لە ڕوانگەیەکـی فیمینیـستانەوە خەبـات بـکەن بـۆ سـڕینەوەی چەمکـی ڕەگەزی یەکەم و دووەم کە تەنیــا لەو کــاتەدا یەکــسانی ژن و پیــاو دروست دەبێت، هەمان شێوەی هەلالە شووناسـی ڕاسـتەقینەی خۆیان دەگۆڕن، یان لە ڕێگەی حیزبەوە ئیدیعای خەباتی ژنـان دەکەن، کە دەتوانین بڵێین لە ڕێگەی حیزبەوە هێنراونەتە ئەو مەیدانە و لە ڕاستیدا زۆرینەیان داواکاری مافی ئافرەتان نین و ناشزانن مەسەلەی ئافرەتان و ئازادی ئافرەت چی دەگەیەنێت. هەلالەش هەرچەندە وەکو کادرێکی حیزبی دەرناکەوێت، بەلام دیــسان ناڕاســتەوخۆ بە دوو ئاڕاســتە هەمــان دەور دیــاری دەکــات. یەکەمیــان ئەوەیە کە ئەم بە کــاریگەری بــاوکی و خێزانەکەی لە حیزبەوە ئـالاوە و پێش ئەوەی وەکو ئافرەتێک ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات، وەکو هەر پێشمەرگەیەکی پیاو لە

چیـــا ڕەفتـــار و هەڵـــسوکەوت دەکـــات. دووەم لە کـــاتی بـزووتنەوەی ڕزگـاری نەتەوەیـی نەتەوەیەکـی داگیرکـراو و دابەشکراوی وەکو کورددا لەبەر ئەوەی ئاستی چەوساندنەوە و زەبروزەنگی دەستی داگیرکەر هێندە توند و بەهێز بووە، ئافرەتانیش وەکو زۆربەی توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەبری ویست و داوا کۆمەڵایەتی و مەدەنی و سەندیکایی و مافە مەدەنییەکانیان دەبنە هاوکار و هاوخەباتی پیاو لە پێناوی ئـازادیی سیاسـیدا لەسـەر بنەمـای بڕوابـوون بەوەی ئەگەر ئازادیی سیاسی بوونی نەبێت، ئەوا قسەکردن لە ئازادییەکانی تر و باسی ماف و عەدالەت جگە لە وەهم هیچی تر نییە و هیچ مانایەکی نابێت و هیچیش بەرهەم ناهێنێت.

باڵادەستبوونی هەستی کوڕێنی وا لە هەلاڵە دەکات کاتێ کە لە تەمەنـی چـواردە سـاڵیدا لەگەڵ کـوڕانی کـۆڵان یـاری دەکـات، یەکێـک لە کوڕەکـان بە نـاوی کەمـال یـان جەمـال دەیەوێت ماچی بکات، ئەم بە شێوەیەکی زۆر توند لە ڕوویدا دەوەستێت و وای نیشان دەدات کە ئەم ئافرەت نییە هەتا ماچ بە کوڕێک بدات، لە کاتێکدا لە ڕووی ڕاستییەوە ئەوە ئاشکرایە کە کـــچ یـــان کـــوڕ لەو تەمەنەدا و بەتـــایبەتی لە واقیعـــی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیـدا بە پەرۆشـەوە سـەیری هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا دەکات، چونکە بە سروشـــتی پـــاڵنەرە غەریزییەکـــان لەو ئاســـتەدا نـــین کە بتوانرێت بە تەواوی سەرکوت بکرێن، یان کۆنترۆڵی تەواوەتی بکرێن. دەشێ لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ئایا هەر لە ڕاســـتیدا هەلاڵە کچـــێکە کە بە سروشـــتی پەرۆشـــی پەیوەندیبەستن نییە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا، یان کاریگەریی قسەکانی باوکی بەوەی کە هەلاڵە کوڕە ئەو بۆچوونەی لە لا

دروست کردووە، یان دابونەریتی کۆمەڵایەتی وای لێ کردووە کە حەز و ئارەزووەکانی خۆی لە پێناوی پاراستنی چەمکی شەرەفدا سەرکەوت بکات؟ یان لە بنەڕەتدا هەلاڵە دەمامکی کردووە و حەز و ئارەزووەکانی دەشارێتەوە. یان حەز و ئارەزووەکانی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دەکات بە قوربانی دەستکەوتێک کە بریتییە لە گۆڕینی کاتیی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لە مێوە بۆ نێر، کە ئەوەش بە ڕوانینی ئەو بەرزبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوە.

هەلاڵە کە دەچێتە شاخیش هەر وەکو کوڕ ڕەفتار دەکات، چ لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ پیاوان چ لە هاتوچۆیدا بە قەد چیا و بەسەر گرد و یاڵ و بەنێو شیو و دۆڵی ناوچەکەدا، چ لە هەڵسوکەوتیدا لە ماڵەوە و تەنانەت لەگەڵ خۆیشیدا بە جۆرێک کە هیچ بایەخێک بە لایەنی ئافرەتێتی خۆی نادات، تا ئەو ئەندازەیەی کە خوێنەر وا هەست بکات کە بە ڕاستی ئەم کچە نە غەریزەی کچانەی هەیە و نە هیچ حەز و ئارەزوویەکی دنیایی هەیە. بەڵام ئەم دەمامکەی کە هەر کام لەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کردن لە پشتییەوە بێت، ناتوانێت بۆ هەتاهەتایە پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆی بکات، بەڵکو حەز و ئارەزووی ئافرەتانە باڵادەست دەبێت و هەرەس بەو بارە ناسروشتییەی پێشتر دەهێنێت و چی تر ڕووی ڕاستەقینەی ئەم ئافرەتە بە دەمامک ناشاردرێتەوە. ئەوەش کاتێک بە تەواوی ئاشکرا دەبێت، کە هەلاڵە بە شێوەیەکی زۆر ڕۆمانسیانە لەگەڵ برایمۆکدا دەکەوێتە خۆشەویستییەوە و ئەوەش وای لێ دەکات لە ڕووکەش و لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەشیدا بگۆڕێت و ئەو دەمامکەی کە پێشتر کردبووی فڕێی بدات و ڕووی ڕاستەقینەی ئافرەتانەی خۆی نیشان بدات.

(٩)

ئەوە ئاشكرایە كە هەلالە و برایمۆك نموونەی دوو عاشقی ڕاستەقینەن، بەلام لە واقیعی دواكەوتووی كۆمەلایەتی كۆمەلگەی ئێمەدا هێشتا ئاستی تێگەیشتن نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە كە تاكەكەس بتوانێت بە ئازادی مافە تایبەتییەكانی خۆی پیادە بكات، كە خۆشەویستیش لەو مافە سروشتیانەیە كە تاكەكەس نەك هەر مافی مومارەسەكردنی هەیە، بەڵكو وەكو یەكێك لە بنەماكانی كۆمەڵگەی تەندروستیش سەیر دەكرێت، بەلام پێشمەرگە و خەڵك ئەو مافە بە برایمۆك و هەلالە ڕەوا نابینن و دووچاری سەختترین كێشەیان دەكەن و درۆیان بۆ هەڵدەبەستن، بە جۆرێك كە هەلالە دووچاری بێزاری دەكەن و برایمۆكیش وا لێ دەكەن كە ئێزگە و ڕاگەیاندن بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ پێشمەرگە بكەوێتە گەڕان. سەرئەنجام پاش ماوەیەكی كورت برایمۆك دەبێت بەژێر هەرەسی بەفرەوە و دەمرێت، كە ئەوەش بۆ هەلالە دەبێتە گەورەترین كۆست و كارەسات بە جۆرێك دەست لە دنیا بەردەدات و نزیكە لەوەی كە بێئومێدی بە تەواوی هەرەسی پێ بهێنێت. بە هەرحاڵ یەكەمین خۆشەویستی هەلالە بە هۆی دیاردەیەكی سروشتییەوە كە هەرەسی بەفرە كۆتایی دێت، بەلام لە ڕاستیدا هۆكاری لەدەستچوونی برایمۆك وەكو پێشمەرگە و وەكو خۆشەویستی هەلالە خەڵك و پێشمەرگە بوون. بێگومان لەوێش واتە لە چیا و لەناو شۆڕش سەرباری ئەوەی كە باسی ئازادی و دیموكراسی دەكرێت، بەلام ئازادییەكانی تاكەكەس هیچ بوونێكیان نییە و تەنانەت چەندین كەسیش لەو بوارەدا دووچاری گیروگرفت بوون. خۆشەویستیش دەكەوێتە

سنووری ئازادییەکانی تاکەکەسەوە، بەڵام نەک هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکو پێشمەرگە و کادیرانی حیزب و بەرپرسانیش دژی دەوەستن و بە کارێکی سووک و تەنانەت جۆرێک لە ڕیسوابوونیش سەیری دەکەن. برایمۆک قوربانی دەستی ئەو تێڕوانینە نادروستەی کۆمەڵگەی ئێمەیە، وەکو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و داخراو کە تێڕانینێکی نامرۆڤانەی هەیە بۆ پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزەکە. بە هەمان شێوەش هەلاڵە قوربانییەکی تری ئەو کولتوورەیە کە خۆشەویستی تێیدا قەدەغەیە و ئاشکرابوونیشی ڕیسوابوونە. ئەگەر دابونەریت و ڕەفتاری نابەجێی خەڵک و پێشمەرگە بەرامبەر بە برایمۆک و هەلاڵە بەو جۆرە نابەجێیە نەبوایە، ڕەنگە برایمۆک بەو جۆرە دڵی نەشکایە و ڕێگەی نادیاری لەبەر نەگرتایە و نەمردایە و لەو کاتەشدا دەشیا لەگەڵ هەلاڵە بە یەکتر بگەیشتنایە. بەڵام ئاماژەی هەرەس و شکستهێنانی خۆشەویستییەکەی هەلاڵە و برایمۆک لە شکستهێنانی هەلاڵەوە دەردەکەوێت، بۆ بینینی ڕۆڵی ژاندارک لەو شانۆییەدا کە برایمۆک ئامادەی کردبوو. ئەگەر برایمۆک و هەلاڵە بە یەکتر بگەیشتنایە، ئەوا مێژووی دووردرێژی شکستهێنانی بەردەوامی دڵداران لەم کۆمەڵگەیەدا دەشیا کۆتایی بهاتایە. دیارە لە بارێکی وەهاشدا دەشیا ئاڕاستەی ڕووداوەکان بە ئاقارێکی تردا برۆیشتنایە و چارەنووسی هەلاڵەش بە جۆرێکی تر بوایە. کەواتە دەتوانین بڵێین نەهامەتییەکانی دواتری ژیانی هەلاڵە و دۆڕاندنی گرەوی بەختی هەلاڵە لە مردنی برایمۆکەوە دەست پێ دەکات.

هەلاڵە دوای ئەوەش کە وڵات بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە سوید، هێشتا ناتوانێت لەژێر دەسەڵات و ڕکێفی کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی ڕزگاری ببێت. گوێڕایەڵی و

ملکەچبوون بۆ فەرمانی باوک و دایکی ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ لاوازیی ئەم کەسێتییە بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆی. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە پەروەردەی ڕابردوو چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئێستای پاڵەوانی چیرۆکەکە و تەنانەت لەسەر ئێستای هەر کەسێکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی وەکو ئێمە. پاڵەوانی ڕۆمانەکە نەک هەر لەسەر زەمینەی وڵات پەیڕەوی ئەو پەروەردە باوە دەکات کە لە خێزان و کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، بەڵکو دوای ئەوەش کە وڵات بەجێ دەهێڵێت بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو بێت یان لە بێئاگاییەوە بێت، بە تەواوی پەیڕەوی هەمان ئەو یاسا و دابونەریت و کولتووره دەکات کە لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا باڵادەستن. بە مانایەکی تر سەرباری ئەوەی هەلاڵە وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر و بەئاگا دەردەکەوێت، بەڵام بە درێژایی ئامادەبوون و جووڵەی ئەو لە ڕۆمانەکەدا بەو ئاڕاستەیە نەجووڵاوە کە دژی ئەو کولتوور و عەقڵ و دابونەریتە باوە بووبێت کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا باو و باڵادەستن. دەشێ ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە هەلاڵە کچێکی پەیوەست بووە بە خێزانەکەیەوە و هۆکاری هاتنیشی بۆ شاخ هیچ پەیوەندییەکی بە خودی خۆیەوە نەبووە. واتە ئەم وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕ نەهاتووەتە چیا و ڕوانینی ئەو لەسەر شۆڕش ئاشکرا نییە و لەوەش ناچێت نە بە شێوەیەکی بەئاگایانە و نە بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانە بڕوای بە شۆڕش و کاری چەکداری هەبێت، بەڵکو ئەم بە هۆی باوکییەوە گەیشتۆتە ناو شۆڕش و باوکیشی سەرباری ئەوەی لە ئاستێکی بەرپرسیارێتی بەرزی ناو حیزبەکەیدا بووە، بەڵام شۆڕش نەیتوانیوە حەمەڕەشید لە پیاوێکی عەشایەرەوە بکاتە

پیاوێکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆ کە بە مانای چەمکی شۆڕشگێڕی، خەباتگێڕی ڕێگەی ئازادی و گۆڕانکاری بێت. ئەمەش گەوهەر و مـــاهیەت و بەرنـــامە و پـــڕۆژەی شـــۆڕش دەخـــاتە ژێـــر پرسیارەوە. پرسیار لەوەی کە ئایا دەشێت شۆڕشێک هەبێت بەبێ ئەوەی بەرنامەی گۆڕانکاری و پڕۆژەی گۆڕینی عەقڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت؟ ئایا ئەوە کام شۆڕش یان چ جۆرە شۆڕشـــێکە کە کەســـانی نەخوێنـــدەوار و عەشـــایەری وەکـــو حەمەڕەشـید ئاغـا ببـنە بەرپـرس تێیـدا؟ بێگومـان وەڵامـی ئەم پرســـــیارانە ڕوونـــــاکی دەخەنە ســــــەر گەوهەر و مــــاهیەتی شۆڕشـەکانی کـورد و ئەوەمـان بـۆ دەردەخەن کە لە بنەڕەتـدا ئەوەی پێــی دەگوترێــت شــۆڕش یــان چەمکــی شــۆڕش، لە مێژووی ئێمەدا بوونی نەبووە بەو ئەندازەیەی کە کاردانەوە و چاولێکەری مۆتیڤ و پاڵنەری سـەرەکی بـوون بـۆ دەست پێ کــردن و ســــەرهەڵدانی بــزووتنەوەکەی حەمەڕەشــید ئاغــاو زۆرێکی تریش لە بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی تری کورد.

بێگومـــان ئـــێمە پێـــشبینی ئەوە دەکەیـــن کە هەڵاڵە دوای گەیــشتنی بە ســـوید، گۆڕانکـــاری زۆری بەســـــەردا بێـــت، بە جـۆرێکی ئەوتـۆ کە ببێـتە ئـافرەتێکی زینـدووی داکـۆکیکەر لە مـــاف و ئازادییەکـــانی ئـــافرەت. لە کاتێکـــدا ئەم پێـــشتر و لە ناوەوەی وڵات ئاگاداری ئەو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانە بووە کە ڕووبەرووی ئافرەتـانی وڵاتەکەی دەبـوونەوە و بە چـاوی خۆی دەیبینی کە دایکی بە چ جۆرێک ژیان دەگوزەرێنێت و لە بەرامبەر حەمەڕەشیدی باوکیدا چۆن دایکی بێدەسەڵاتە و هـیچ مافێکی بەشداریکردنی بڕیاردانی نییە و باوکی چۆنی بوویت و چـۆن عەقڵـی ببیرێـت بەو جـۆرە دەکـات و هەمـوو ئەرکـی بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵیش لە ئەستۆی ئەودایە وەکو دایک،

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا حەمەڕەشید ژنی بەسەر دەهێنێت. هەموو ئەم دیاردە دزێو و ناهەموارانە کە ژیانی خێزانەکەی هەڵاڵە و هەموو کۆمەڵگەکەی ئەویان داگیر کردووە، نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر هەڵاڵە دابنێن و هەستی مرۆڤانەی ئەو وەکو ئافرەتێک بەرامبەر بەو جەور و ستەم و ناعەدالەتییە بجووڵێنن کە بەرامبەر ڕەگەزەکەی ئەو دەکرێت. گریمان لە ناوەوەی وڵات هەڵاڵە ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە کە لەو بوارەدا دەوری کاریگەری خۆی ببینێت، بەڵام دەشیا دوای گەیشتنی بە ڕۆژئاوا ئەو باکگراوند و ڕابردووە تاڵە بووبوونایەتە هۆکاری جووڵاندنی بۆ خەباتکردن لە پێناوی مافەکانی ئافرەتاندا. لێرەدا دەکەوینە بەردەم پرسیار کردنەوە لە گەوهەر و ماهیەتی ڕاستەقینەی کەسێتی هەڵاڵە. ئایا هەڵاڵە لە ڕاستیدا کەسێکی بەئاگایە و چاو لەو ڕاستیانە دەپۆشێت، یان هەستیان پێ ناکات؟ ئایا هەڵاڵە بە ڕاستی بڕوای بە گۆڕانکاری نییە، یان دەترسێت لەوەی کە گۆڕانکاری هێندەی تر مەسەلەکان ئاڵۆزتر بکەن؟ یان لە ڕاستیدا هەڵاڵە کەسێتییەکی بەسەرخۆدا شکاوەی خۆپەرستە کە بڕوای بە هیچ کارێکی جەماوەری نییە و پێیشی وایە کە ژیان بۆ خۆی دێت و دەڕوات و کەس ناتوانێت ئاڕاستەی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان بگۆڕێت؟ بێگومان وەڵامی پۆزەتیفی ئەم پرسیارانە لەگەڵ کەسێتی ناجێگیر و ڕۆشنبیرێکی گۆشەگیری ڕۆژهەڵاتی وەکو هەڵاڵەدا دەگونجێت.

هەر چۆن ناتوانین تەسەوری ئەوە بکەین کە هەڵاڵە کەسێکی شۆڕشگێڕ بێت، بە هەمان شێوەش ناتوانین تەسەوری ئەوە بکەین کە هەڵاڵە لە سوید ببێتە کەسێکی ڕادیکاڵی ئەوتۆ کە شووناسی کەسێتی ڕۆژئاوایی بەدەست

بهێنێت، واته ببێته کەسێکی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاو. ئەوەتا بە شێوەیەکی زۆر سەرپێییانە لەسەر داوای باوکی ڕازی دەبێت لەوێوە گرێبەستی ژن و مێردایەتی لەگەڵ کەسێک ببەستێت کە بە تەواوەتی نایناسێت و هیچ پەیوەندییەکیش لەنێوانیاندا نییە. دەشێ هەلالە وەک هەر کەسێکی ڕۆژهەلاتی لەژێر کاریگەری سۆز و عاتیفەدا و بە کاریگەری وەسفی باوک و دایکی بۆ کەساسی و بەدبەختی شێرزاد ئەمیش هەستی جوولابێت و لە ڕوانگەی بەزەیی پێداهاتنەوەوە ئەو گرێبەستەی کردبێت و دوای ئەوەش بانگهێشتی شێرزادی کردبێت بۆ سوید وەکو مێردی خۆی. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا دەبێ تەنیا سۆز و عاتیفە وایان لە هەلالە کردبێت کە ئەو گرێبەستە ڕەسمییەی ژن و مێردایەتی لەگەڵ شێرزاددا ببەستێت، یان دەشێ لە ناخی هەلالەدا کاتێ لە دەرەوەی ولاتە حەز و ئارەزووی بۆ شووکردن بە هاوولاتییەکی خۆی لەو بوارەدا دەوری بینیبێت؟ دیارە هەڵوێستی هەلالەش دوای ئەوەی کە شێرزاد دەگاتە سوید بۆ ئەوەی شووی پێ بکات یان گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوە، هەڵوێستێکی گوماناوییە و بە ئاشکراش جۆرێک لە دوودڵی و ناسەقامگیری دەرورونی پێوە دیارە، بە جۆرێک کە ناتوانێت بە تەواوەتی خۆی یەکلا بکاتەوە بەوەی کە ئەم تەنیا ویستویەتی چاکەیەک لەگەڵ شێرزاددا بکات و لە مردن ڕزگاری بکات. هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەو گرێبەستەی کردووە، تا بتوانێت ئەوی پێ ڕزگار بکات و مەبەستی نییە یان نایەوێت بە ڕاستی شووی پێ بکات. بێگومان هەلالە لەو ڕووەوە ناتوانێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات و تەنانەت دواتر خۆی دەداتە

دەستی ئەو حاڵەتی دیفاکتۆیە و ڕازی دەبێت شوو بە شێرزاد بکات.

دیارە لە سەرەتاوە هەلاڵە وا دەردەکەوێت کە هەست بە خۆشویستنی شێرزاد بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە شێرزاد هەر لەگەڵ گەیشتنی بە سوید وای نیشان دەدات کە ئەم هەر لەو کاتەوە کە هەلاڵەی لە وڵات و لە ماڵی باوکی بینیوە، لای خۆیەوە ئەوی خۆشویستووە و هاتنیشی بۆ دەرەوەی وڵات هەر لە پێناوی خۆشەویستی ئەودا بووە. بە هەرحاڵ خۆشەویستی نێوان شێرزاد و هەلاڵە درێژە ناکێشێت و پەیوەندی نێوانیان بە جۆرێک خراپ دەبێت، کە سەرئەنجام لە یەکتر جیا دەبنەوە و کۆتایی بە ژیانی ژن و مێردایەتییان دەهێنن. هەڵبەت چەند هۆکارێک دەوری ئاشکرایان هەیە لەوەی هەلاڵە و شێرزاد بگەیەننە ئەو ئاستەی بڕیاردان و لێکتر جیا ببنەوە، کە سەرەکیترین ئەو هۆکارانەش، هەستکردن یان گومانکردنی شێرزادە لە پەیوەندی نێوان هەلاڵەی ژنی و دکتۆر سەعیدی ڕەحمانی مامۆستای زانکۆ کە مامۆستای هەلاڵەیە. لە ڕاستیدا هەرچەندە لە ڕووکەشدا وا دەردەکەوێت ئەوەی شێرزاد بەرامبەر بە هەلاڵە و سەعید هەستی پێ دەکات وەکو جۆرێک لە گومان و دڵپیسی دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەو جۆرە پەیوەندییانە بۆ شێرزاد ئاسایی نییە کە تازە لە کوردستانەوە هاتووە و ببینێت پیاوێکی غەیرە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ژنەکەیدا هەیە. لە ڕاستیشدا پەیوەندی هەلاڵە و سەعید پەیوەندییەکی ئاسایی نەبوو، دیارە دوای جیابوونەوەی شێرزاد و هەلاڵەش ئەو پەیوەندییە زیاتر ئاشکرا دەبێت، بەتایبەتی کاتێ کە سەعید ماڵەکەی دەگوازێتەوە بۆ هەمان ئەو ئاپارتمانەی کە ماڵی هەلاڵەی لێیە.

جـێگەی خـۆیەتی سـەرنجی ڕێکەوتنـی هەلاڵە و شـێرزاد لەسـەر پێکهێنـانی خێـزان بـدەین، کە تێیـدا بە ئاشـکرا بۆمـان دەردەکەوێت بەبێ بوونی ئەو بنەمایانەی کە بۆ ئەو مەبەستە پێویستن، خێزان پێکدەهێنن. بۆ نموونە لە سادەترین شێوەدا ئەم دوو کەسـێتییە بەشـی ئەوە یەکتـر ناناسـن کە لەبـاری دەروونـی و فیکری و عەقڵی و ئەخلاقی یەکتر شارەزابن. بە مانایەکی تر لەو بوارانەدا ئەوەندە شارەزای یەکتر نەبوون کە لە یەکتر تێبگەن و بزانن ئایا دەتوانن بە یەکەوە بژین یان نا. کە ئەمەش بە خـاڵێکی لاواز دادەنرێت لە کەسـێتی هەلاڵەدا، کە پێـشتر وا خـۆی نیـشان دەدا کەسـێکی هۆشـیار و بەئاگـایە و هەمیشەش وەها سەیری دایکی دەکرد کە ژنێکی بەستەزمان و بێدەسـەلاتە، کە هەرگیـز ناتوانێـت لە ڕووی مێردەکەیـدا ڕاوبۆچـوونێکی هەبێـت، تەنـانەت سـەبارەت بەو شـتانەش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ئەوەوە هەیە، کەچی دەبینین هەلاڵە خۆیشی هەمان ڕەفتاری دایکی دووبارە دەکاتەوە و بە جۆرێک شوو دەکات کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە شێوازی شـووکردنی دایکـی یـان هەر ئـافرەتێکی تـری نێـو کـۆمەڵگەی دواکەوتـووی کوردەواری، بەڵام ئەوەی کە جیـاوازییە لەنێوان هەلاڵە و دایکیـدا ئەوەیە کە دایکـی ئەو ئـافرەتەیە بە هەمـوو هەڵـسوکەوتەکانی حەمەڕەشـید ئاغـا ڕازییـە و هـیچ گومـان و دوودڵییەکیـشی نیـیە بەرامـبەر بە مێـردەکەی، تەنـانەت بـڕوا بەوەش ناکـات مێـردەکەی ژنـی بەسـەر هێنـاوە. هەروەک جیاوازییەکی تریش لەنێوان هەلاڵە و دایکیدا ئەوەیە کە هەلاڵە بـۆ هەر قـسە و تورەبـوون و سەرزەنـشتکردنێکی شـێرزاد وەلامـی هەیە و لە هـیچ شـتێ بێـدەنگ نابێت، بەڵام دایکـی بـۆ هـیچ شـتێکی مێـردەکەی وەلام یـان کـاردانەوەی نیـیە. ئەم

هەڵوێستەی دایکی وای کردووە کە بتوانێت لەگەڵ حەمەڕەشید ئاغادا درێژە بە ژیان بدات، بەڵام بە پێچەوانەوە هەڵاڵە بەو هەڵوێستە توونددانەی و بەو کاردانەوە ڕاستەوخۆیانەی بەرامبەر بە مێردەکەی ئەگەری پێکەوەمانەوە و درێژەدان بە ژیانی هاوسەرێتییانی کەمتر کردۆتەوە، چونکە ئەوە ئاشکرایە پیاوی ڕۆژهەڵاتی لە هەر ئاستێکی هۆشیاریدا بێت، وەها سەیری خۆی دەکات کە دەبێ پیادەی جۆرێک لە دەسەڵات بکات تەنانەت بەسەر هاوسەری ژیانیشیدا، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە شێرزاد لە بەرامبەر وەڵام و کاردانەوەکانی هەڵاڵەدا بێدەنگ بێت. دیارە لە هەمان کاتدا هەستکردنی شێرزاد بە پەیوەندی نزیکی ژنەکەی و دکتۆر سەعید، دەوری کاریگەری هەیە لە زیاتر خراپبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەڵاڵەدا.

لێرەدا دەپرسین ئایا گومانەکانی شێرزاد لە جێگەی خۆیاندان؟ ئایا بە ڕاستی هەڵاڵە دکتۆر سەعیدی خۆشدەوێت؟ ئایا نەبوونی خۆشەویستی لەنێوان شێرزاد و هەڵاڵەدا هۆکارە بۆ ئەوەی هەڵاڵە بەدوای خۆشەویستی تردا بگەڕێت و لەو میانەشدا هەست بە خۆشەویستی مامۆستاکەی بکات؟ یان لە بنەڕەتدا هەڵاڵە ئافرەتێکە زوو تاقەتی لە مێردەکەی دەچێت و بەدوای پیاوێکی تردا دەگەڕێت؟ بێگومان کەسێتی هەڵاڵە وامان لێ دەکات کە پێمان وا بێت وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە پێکەوە بەشداری دەکەن لە بیناکردنی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی هەڵاڵەدا. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە هەر لە سەرەتاوە دەردەکەوێت هەڵاڵە کەسێتییەکی ناجێگیر و هەستیاری هەیە و لە جوولەی بەردەوامدایە و ناشێت بە ئاسانی ئۆقرە بگرێت. ئەم جۆرە کەسایەتییە لە ڕووی

سـایکۆلۆجییەوە حەزی لە گۆڕانکـاریی بەردەوامە، هەر بـۆیە دەشێ وەهای بۆ بچین کە هەلالە لە شێرزاد بێزار بووبێت و گەیشتبێتە ئەو بۆچوونەی کە ئەو ناتوانێت بۆشایی عاتیفی ئەم پڕ بکاتەوە و هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی پەیوەنـدی لەگەڵ سـەعید دروسـت بکـات. بێگومـان ئەوەی لە ئاسـتی بینـراودا دەیبینـین ئەوەیە کە دوای تەواو خراپبـوونی پەیوەندی نێوان شێرزاد و هەلالە بە شێوەیەکی نیمچە ئاسایی لێکتر جیا دەبنەوە و چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت کە لە خاڵی جیابوونەوەوە پەیوەندی نێوانیان کۆتایی پێ بێت، هەرچەندە ئەو تاکە کچەی هەیانە واتە ئارەزوو هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە جـۆرە پەیوەنـدییەک لەنێوانیانـدا بمێنێـت، بەڵام دوا ڕووداو لە ڕۆمـــانەکەدا کە شـــتێکی چـــاوەڕواننەکراوە ئەو بۆچـــوونەی پێـشەوە هەڵدەوەشـێنێتەوە. گێـڕەرەوە ئاشـکرای دەکـات کە شێرزاد بە شێوەیەکی تەمومژاوی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی هەلالەو لە ڕاستیشدا ئامانجی گەڕانەوەکەی ئاشکرا نیە. بەڵام ئەنجام بەوە کۆتـای دێـت کە خەنجەرێـک دەدات لە هەلالە و هەلالە بە بێهۆشی دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە و ئەمیش وەکو تاوانبارێک دوای سەرنەکەوتنی لە ڕاکردندا دەستگیر دەکرێت.

لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت سـەرباری ئەوەی شـــێرزاد چەنـــد ســـاڵێکە لە ڕۆژئـــاوا دەژی، بەڵام ناتوانێـــت جیابوونەوەی خۆی و ژنەکەی بە شتێکی ئاسایی وەربگرێت، هەروەک ناشـــتوانێت ئەوە بە سروشـــتی وەربگرێـــت کە دوای جیابوونەوەیـــان ژنەکەی لەگەڵ پیـــاوێکی تـــر بـــژی، ئەمەش پەیوەسـتبوونی شـێرزاد بەو کولتـوورەوە دەردەخـات کە ئەو جۆرە ڕەفتارانەی پێ قبووڵ ناکرێت. بە واتـایەکی تر دەتوانین بڵێـــین شـــێرزاد هەڵگـــری عەقـــڵ و کولتـــووری داخـــراوی

ڕۆژهەڵاتییە، ئەو کولتوورەی کە پێی وایە پیاو خاوەنی هەموو بڕیـار و مـافێکە و چـی بوێـت و چـۆنی بوێـت بەرامـبەر بە ژنەکەی دەتوانێـت بیکـات، تەنـانەت هەنـدێ جـار شـەرعیەتی کوشـتنیش لەو کولتـوورەوە بە خـۆی ڕەوا دەبینێـت. شـێرزاد هەرچەندە لە ژنەکەی جیابۆتەوە، بەڵام پێی وایە ئەوە بۆ ئەو مـایەی سـوکایەتییە کە تەنـانەت دوای جیـابوونەوەش ژنەکەی بڕیاری ئەوە بدات لەگەڵ پیاوێکی تر بژی یان پیـاوێکی تـری خۆشبوێت. شێرزاد وای بۆ دەچێت ئەوە پێنانە لە شـەرەف و کەرامەتی ئەو، لە کاتێکدا کولتوورەکەی شـێرزاد پێی وایە ژن شــەرەفی پیــاوەکەیەتی. دەشــێ شــێرزاد بــڕوای وا بێــت کە تەنانەت دوای جیابوونەوەش هێشتا شـەرەفی پیاو لە لای ئەو ئافرەتەیە کە پێشتر ژنی بووە. کەواتە شێرزاد بە بڕوای خۆی بە وەشــاندنی ئەو خەنــجەرە شــەرەفی لەدەســتچووی خــۆی وەردەگرێتەوە. لێرەدا دەتـوانین بڵێین شـێرزاد وەکو نمـوونەی پیاوی ڕۆژهەڵاتی هەر وا بە ئاسانی کولتووری ڕۆژئـاوای پێ قبــووڵ ناکرێــت، بــۆیە لەوێــشەوە هەر بە هەمــان عەقــڵ و بۆچــوون و لێکــدانەوەی ئێــرە دەژی. ئەمەش ئەوەمــان بــۆ دەردەخـات کە هەروا ئاسـان نـیە بـۆ تـاکی پەروەردەی نێـو کولتوور و عەقڵی داخراوی ڕۆژهەڵاتی، بتوانێت لەنێو کولتوور و عەقڵی کراوە و شارستانێتی ڕۆژئاوادا جێگەی خۆی بکاتەوە و بتوانێـت لەگەڵیـدا بگونجێت و لەســەر زەمیـنەی ئەو واقـیعە شارسـتانی و کولتـوورییە جیـاوازە ببێـتە خـاوەنی شووناسـی تایبەتی خۆی و لەنێو ئەو واقیعە جیاوزەدا ئامادەبوونی خـۆی بسەلمێنێت.

شێرزاد هەتا بینینی ئەو خەنجەرەی کە لەناو کەلوپەلەکانیدا بـوو کە کـاتی خـۆی لە وڵات بـاوکی هەڵاڵە دابـووی پێـی و

ئەویش لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ سوید، لەوە نەدەچوو کە بیەوێت کارێکی توونددوتیژ بەرامبەر بە هەلاڵە ئەنجام بدات، یان باشتر وایە بڵێین بیری لە شتێکی لەو جۆرە نەکردبووەوە، بەڵام خەنجەرەکە لەو کاتەدا هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە شێرزاد ئەو کارە توونددوتیژە بەرامبەر بە هەلاڵە ئەنجام بدات. دیارە ئەم قسەیەش بەو مەبەستە نییە پاساو بۆ ئەو کارە توونددوتیژە نامرۆڤانەی شێرزاد بهێنرێتەوە. نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بینینی ئامرازێک کە دەشێ کاری توونددوتیژی پێ ئەنجام بدرێت، دەوری خۆی ببینێت لە جووڵاندنی بکەری ئەو کارە نادروستەدا. دیارە لە دەقەکەشدا چەندین ڕستەی جۆراوجۆر لە بارەی مێژووی ئەو خەنجەرە و چۆنێتی گەیشتنە لای حەمەڕەشید ئاغاو پاشانیش لەوێوە گەیشتنی بە دەستی شێرزاد هەیە. دیارە مێژووی ئەو خەنجەرەش لە سنووری دەقەکەدا مێژوویەکی بێ مەبەست نییە و خودی خەنجەرەکەش لە خۆوە نەهێنراوەتە نێو دەقەکەوە، بەڵکو وەکو دالێک بۆ هەڵگرتنی مەدلولێکی کولتووری فیکری ئەخلاقی هێنراوە و ئامرازێکە بەشدارییەکی دیاری هەیە لە بەرهەمهێنانی جیهانبینی گشتی دەقەکەدا. هەروەک پەیوەندی نێوان ئەو خەنجەرە و ڕابردوو مایەی قسە لەسەرکردنە ئەمە جگە لەوەی هەر خودی خەنجەرەکە لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا سیمایەکی ئەفسانەیی پێ بەخشراوە.

سەرەتا ئێمە دەزانین کە ئەو خەنجەرە لە دوای هەڵکەندن و دزینی پاشماوەکانی قەڵایەکی کۆن، لە لایەن چەند دزێکەوە بەجێدەمێنێت و دەکەوێتە دەستی حەمەڕەشید ئاغا و ئەویش وەکو بەشێک لە میراتی باپیران دەیپارێزێت و شانازیش بەو میراتە کۆنەوە دەکات کە دەستی ئەو کەوتووە. بێگومان لێرەدا

لە سنووری دەقەکەدا گەڕانەوەیەک هەیە بۆ ڕابردووی ئێمە و ڕۆماننووس دەیەوێت پێمان بڵێت کۆمەڵگە لە هەر ئاستێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێت ئەگەر ڕابردووی هەبوو بێت، ئەوا گومانی تێدا نییە کە پاشماوەی ئەو ڕابردووە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەدا بۆ ئێستاشی دەمێنێتەوە و گرنگە نەوەکانی ئێستا لەوە تێبگەن ئەگەر وەکو گەل یان نەتەوە خاوەنی ڕابردوویەکی زیندوو و ئامادە بوون، ئەوا ئەو ئامادەبوونە کولتووری و میراتییەی کە هەیان بووە ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە بونیادنانی ئێستا و ئایندەشیاندا. بە مانایەکی تر ڕابردووی ئامادە دەبێتە پایە و بنەما بۆ ئامادەبوون لە ئێستادا و هەروەها دەبێتە زەمینەش بۆ بونیانانی داهاتوویەکی گەش، بەڵام بەمەرجێک بزانرێت چۆن سوود لەو ڕابردووە وەردەگیرێت، نەک وەکو پیرۆز سەیر بکرێت. بە هەرحاڵ ئەوەی کە بۆ حەمەڕەشید ئاغا بەجێماوە بریتییە لە خەنجەرێکی کۆنی باپیران، کە ئەو دزانەی کە قەڵاکەیان هەڵکۆڵی نەیان بردووە، دیارە هۆی نەبردنیشی ئاشکرا نییە، ئایا پێیان وا بووە ئەو خەنجەرە هیچ سوودێکی نییە، یان لێیان بەجێماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بتوانین ناوەرۆکی قەڵاکە وەکو کولتوور و سامانی نەتەوەیی خۆمان لە ڕابردوودا سەیر بکەین، ئەوا ئەو کاتە دەتوانین بە ئاسانی شووناسی دزەکان دیاری بکەین. لێرەدا دەلالەتێکی مێژوویی بەرهەم دێت، کە ئەویش ئەوەیە قەڵاکە نیشتمانی ئێمەیە و ناوەرۆکی قەڵاکە مێژوو و کولتوور و بەرهەمی عەقڵی و هونەری و ئیداری ئێمەیە و لە بارێکی وەهاشدا دزەکان دەبنە داگیرکەرانی کوردستان کە هەر لە کۆنەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە مێژوو و کولتوور و هەموو بوونی

ڕابـردووی ئێمە داگیـر بـکەن و بیبەن بـۆ خۆیـان، بە ئومێدی ئەوەی ئێمە بکەن بە پێکهاتەیەکی بێ ڕابردوو و بێ شـووناس و بـێ کولتــوور، ئەویــش بە مەبەســتی زیــاتر تێکـشکاندنی کەســێتی مــاددی و مەعنەویمــان، چــونکە ئەوان بــاش لەوە تێگەیــشتوون ڕووتکــردنەوەی ئــێمە وەکــو خــاوەنی ئەو زەمیـنەیەی کە ڕۆمـانەکەی تێـدا بەرهەم هـاتووە کە واقیعـی کـۆمەڵگەی کـوردییە، لە ڕابــردووی خۆمــان وەکــو نەتەوە ئەگەری زینـــدووبوونەوە و خۆبونیادنانەوەمـــان دوورتـــر دەخـاتەوە. ئەوەش باشـترین ڕێـگەیە بـۆ ئەوەی کە کـورد لە بنەماکانی بوونی خۆی ڕووت بکرێتەوە و بکرێتە پێکهاتەیەکی بـێ ڕەگوڕیـشە کە هەم ڕابــردووی ون دەکرێـت و هەم ئەو ڕەگەز و توخمانەشی کە پێویستن بۆ پرۆسەی بونیادنـانەوەی ئەو کەسێتییە تێکشکاوەی کە ئێستا هەیەتی لەناو ببرێت، بۆ ئەوەی ئەگەری ســـەرهەڵدانی ڕێنیسانـــسی نەتەوەیـــی و دروستکردنەوەی ئەو کەسێتییە لەبار ببەن.

(١٠)

هەروەک ئەوەی کە گێـــڕەرەوە لە بـــارەی وتـــاری ڕۆژنامەکــانەوە دەیگێــڕێتەوە ســـەبارەت بەو خەنـــجەرە و شووناسەکەی و ڕابردووی و پەیوەندی بە کولتووری کوردی و چۆنێتی گەیشتنی بە ڕۆژئاوا و ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا گەیـشتووەتە ئەوێ، دەبـێ بە بنەمـا بـۆ قسەکردن و ئاخـاوتن لەســـەر ئەو کولتـــوورەی خەنـــجەرەکەی لێـــوە هـــاتووە کە کولتووری کوردییە. سـەرەتا جێگەی خـۆیەتی ئاماژە بـۆ ئەوە بکەین کە لە هەمـوو میرات و پاشماوەی نەتەوە، حەمەڕەشید

ئاغـا کە هەڵگـری دروشـمی ڕزگـارکرنی ئەو نەتەوەیەیە، تەنیـا خەنجەرێکی پێ دەگات. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا خەنـجەر تـاکە میـرات و بەرهەمـی ڕابـردووی کـوردە کە بـۆ نەوەکـانی ئیـستا مـابێتەوە؟ یـان حەمەڕەشـید ئاغـا وەکـو نموونەیەکی دیار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تەنیا شایەنی ئەوەیە کە خەنجەرێکـی بەدەسـت بگـات؟ دیـارە لێرەشـدا مەبەست لە حەمەڕەشید ئاغا خودی حەمەڕەشید نییە وەکو تـاکەکەس، بەڵکـو ئەو و بـزووتنەوەکەی و دەشـێ هەمـوو بـزووتنەوەی کـوردایەتیش بێت کە حەمەڕەشـید نـوێنەرایەتی بەشـێکی دەکـات. دیـارە ئەگەر ئەو خەنـجەرە بـۆ سـەردەمی خـۆی بـایەخێکی هەبووبێـت، ئەوا بـۆ ئەو کـاتەی کە دەسـتی حەمەڕەشـید دەکەوێت هـیچ بـایەخێکی نەمـاوە، کە سـەردەمی تەکنۆلۆجیـــایە و چەنـــدین جـــۆرە چەکـــی جۆراوجـــۆر بڵاوبوونەتەوە. دەشێ لێرەدا لە پەیوەندییەکی پێچەوانەشدا ئەو دەلالەتە بەرهەم بێـت کە خەنــجەر وەکـو چەکێکـی سـادە کە چەکی قۆناغێکی سەرەتایی یان زۆر زووی ژیانی مرۆڤایەتییە و بە چەکـی ڕەسـەنی کـوردی دەناسـرێت، سـەرەتاییبوونی کۆمەڵگەی کوردی نیشان بدات و مەبەست ئەوە بێت کە هێشتا لە ڕووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەی کوردی لەو ئاستە و لەو قۆنـاغەی ژیانـدایە کە پەرەسـەندووترین چەک لە لای خەنــجەرە. بە مانــایەکی تــر خەنــجەر ئامــاژەیەکە بــۆ نیشاندانی سەرەتاییبوونی کۆمەڵگەی کوردی.

لە لایەکـــی تـــرەوە ئەو خەنـــجەرە ســـەرباری ئەوەی کە سـەرەتاییبوونی کـۆمەڵگەی کـوردی نیـشان دەدات، لە هەمـان کاتـدا هێمـایە بـۆ توونـدوتیژی، واتە خەنـجەر لەگەڵ خۆیـدا پرۆژەی کوشتنی هەڵگرتووە، بۆیە دەشێ وای لێک بدەینەوە

کاتێ ئەوانی داگیرکەری کولتوور و هەموو ڕابردووی کورد چییـان لە بەرهەمـی ڕابـردووی ئەم نەتەوە دەسـتکەوتووە بردوویانە، بەڵام خەنجەرەکەیان بەجێ هێشتووە، چونکە پێیان وا بووە هیچ سوودێکی لێ نابینن و مانەوەشی لە لای کورد بێجگە لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بێجگە لە نیشاندانی ترس و ڕشتنی خوێن، هیچ مانایەکی تری نییە. ئەمە جگە لەوەی ئەم خەنجەرە لە ڕوانینی ئەوانی ترەوە وەکو هێمای توندوتیژی کورد سەیر دەکرێت. شێرزادیش بە بردنی ئەو خەنجەرە لە کوردستانەوە بۆ وڵاتی سوید، ئەگەر لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەشدا بێت دەیەوێت بە ئەوانی تر بڵێت من ئەندامی ئەو نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەم کە تاکو ئێستا لە ڕوانینی ئێوەدا نەتەوەیەکی توندوتیژە و سڵ لە خوێنڕشتن ناکاتەوەو ئەو خوێنەش بە چەکێکی زۆر سەرەتایی دەڕێژێت کە ئەویش خەنجەرە، ئەوەتا من دانەیەک لەو میراتییە کۆنەی باوباپیرانم لەگەڵ خۆمدا هێناوە بۆ ئێرە هەتا لە ڕێگەی ئەوەوە خۆم و نەتەوەکەم بە ئێوە بناسێنم. دیارە ئەم ئومێدە ئاشکرانەکراوەی شێرزاد دێتەدی و وێنەی ناشیرینی کورد لە لای ئەوانی ڕۆژئاوایی هێندەی تر ناشیرین دەبێت و ئەگەر کەسانێکیش لە ڕۆژئاوا هەبوون کە پێشتر بڕوایان بەو قسانە نەبووبێت کە لەبارەی سەرەتاییبوونی کۆمەڵگەی کوردییەوە بیستوویانە و بڕوایان بەوە نەبووبێت کە پیاوی کورد ئەوەندە سەرەتاییە لە دوای جیابوونەوەشی لە ژنەکەی هێشتا پێی وایە ئەو ژنە موڵکی ئەوە و نابێت لەگەڵ هیچ پیاوێکی تر ژیان دەست پێ بکاتەوە، ئەوە لەو ڕووداوە ترسناکەوە تێدەگەن کە ئەو قسانە ڕاستن و بنەمای خۆیان هەیە. ئەمەش لەو کارە ترسناکەوە تێدەگەن کە شێرزاد دوای جیابوونەوەی لەگەڵ هەلالەدا بە

بەکارهێنـانی خەنـجەرەکە ئەنجـامی دەدات، کە ئەوەش وەکـو لوتکەی ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا سـەیر دەکرێت کە ئافرەتێک لە سوید بە خەنجەرێکی ڕۆژهەڵاتی یان بە خەنجەرێکی کوردی دەپێکرێت. ئەو مانشێتەی کە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە لە ڕاستیدا ڕستەیەکی جوانە (خەنجەرێک لە ڕۆژهەڵاتەوە یان لە کوردستانەوە دوای قوربانییەکەی دەکەوێت بۆ ڕۆژئاوا واتە بۆ سوید). ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە کولتووری ڕۆژهەڵاتـــی بەگــشتی و کولتــووری کــوردی بەتـــایبەتی کولتوورێکە تاسەر ئێسقان بڕوای بە تۆڵەکردنەوە هەیە و بە هیچ جۆرێک لێبووردن تێیدا جێگەی نابێتەوە. هەر ئەوەشە وا دەکات کە خەنجەرێک لە کوردستانەوە بگاتە سوید و لەوێ بچەقێتە سەر دڵی ئافرەتێکی گەنجی کورد.

بێگومان لە ئاستێکی تردا ئەو خەنجەرە بریتییە لە بەرهەمی عەقڵ و کولتووری کوردی کە کولتوورێکە مرۆڤی کورد چ وەکو تاک و چ وەکو کۆیش ناتوانێت دەستبەرداری بێت و ئەو کولتوور و عەقڵە چووەتە پانتایی کۆنەستیەوە و بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ جوگرافیایەک مرۆڤی کورد لێی جیا نابێتەوە. هەروەک ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات مرۆڤی کورد لەبەر ئەوەی لە ئاستێکی لاوازی عەقڵی و فیکری و ڕۆشنبیریدایە و ئاسۆی بینینی زۆر تەسکە، تەنانەت دوای ئەوەشی کە ماوەی دوورودرێژ لە ڕۆژئاواش دەژی کەچی لە ڕووی عەقڵی و فیکری و ڕۆشنبیرییەوە گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا نایەت و تەنانەت لە زەمینەی ئەوێش بە هەمان عەقڵ و بیر و ڕوانینی ئێرەیەوە دەژی و ناتوانێت پشت لە دابونەریتی ئێرە بکات کە ڕابردووی خۆیەتی.

ئێمە دەزانین ئەو خەنجەرە لە کوێوە هاتووە و مێژووەکەی لە لامان ئاشکرایە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسینی ناو ڕۆژنامەکانی سویدە لەبارەیەوە کە هەر یەکە بە جۆرێک باسی دەکــــات و لە ئەنجـــامی نووسینەکانیـــشدا ئەوەمـــان بـــۆ دەردەکەوێــت کە ئەو خەنــجەرە لە ڕوانینــی ســویدییەکانەوە هێمای ناشارستانیبوونی کوردە. گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە ڕۆژنامەیەکدا نووسرابوو: (بە پێی نەریتێکی ڕۆژهەڵاتی هەر باوکێـــک کە کـــچەکەی بە شـــوو بـــدات، لە ڕۆژی زەماوەندەکەیدا چەقۆیەک لە شێوەی ئەم چەقۆیە بە دیاری دەدا بە زاوەکەی، تـــا هەر کاتێــک کــچەکەی بە پــێچەوانەی دابونەریــت جــووڵایەوە، بەو چەقــۆیە بیکوژێــت.) ســەعید کە ئەوەی خوێندەوە بڕوای بە بوونی نەریتێکی وەها نەدەکرد و پاشـتریش مەجید بـوونی هەر جـۆرە نەریتێکی لەو جـۆرەی ڕەتکردەوە و پێی وا بـوو ئەوە ڕەگەزپەرستەکانی ڕۆژئـاوان کە ئەو جـۆرە درۆودەلەســانە بـۆ کـورد و ڕۆژهەڵاتییەکـانی تریش هەڵدەبەستن. دیارە لێرەدا بە ئاشکرا تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ کورد و ســەرجەم ڕۆژهەڵاتیانی تـریش دەردەکەوێت، کە تێیدا ســەرەتاییبوونی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوانینی ئەوانەوە دەبێــتە شــتێکی بەڵگەنەویــست. ئەگەرچــی ئەو نووســراوەی ڕۆژنـامەکە بەو شـێوەیەی کە هـاتووە ڕاسـت نییە، بەڵام ئەو ڕاسـتییەش دەزانـین کە کـاتێ بـاوک لە کـۆمەڵگەی کوردیـدا کـچەکەی دەدات بە شـوو، ئەوا خـۆی لە پاراسـتنی شــەرەفی کـــچەکەی ڕزگـــار دەکـــات و ئەو بەرپرســـیارێتییە بە زاوا دەسپێرێت. کەواتە بۆ خۆی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بەگشتی و لە کـۆمەڵگەی کوردیـدا بەتـایبەتی مەســەلەی شــەرەف و چەمکی شەرەف و پارستنی شەرەف مەسەلەیەکی گەورەیە و

ئەگەر ڕاســـتەوخۆ بەو شـــێوەیەش نەبێـــت کە لە ڕۆژنـــامە ســـویدییەکە و بە پێنووســـی ڕۆژنامەنووســـێکی ســـویدی نووسراوە، ئەوا جیاوازییەکە تەنیا لە ناوهێناندایە، ئەگینا ئەو کوشتن و توونـدوتیژییانەی ڕووبەڕووی ئـافرەت دەبـنەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەسەر مەسەلەی شەرەف و پاراستنی، لە گەوهەردا جیـاوازییەکی ئەوتـۆی نیـیە لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕۆژنامە سویدییەکەدا هاتووە. واتە دەتوانین بڵێین هەرچەندە بـاوک لە کـاتی زەماوەنـدی کچەکەیـدا ئەو خەنـجەر یـان ئەو چەقـــۆیەش نەدات بە زاواکەی، بەڵام بە پێـــی دابـــونەریتی کـوردەواری زاوا ئەو مـافەی پـێ دراوە لەســـەر مەســـەلەی شـــەرەف ژنەکەی بکوژێـت. خـۆ ئەگەر ئەویـش ئەو کـارەی ئەنجام نەدا، ئەوە باوک و برا ئاسایی ئەو کارە ئەنجام دەدەن. کەواتە ئەوەی عەتـــا نەهـــایی لە ڕێـــگەی ئەو خەنـــجەرەوە بەرجەستەی دەکات دوو شتە، کە هەردووکیان لەنێو واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا ئامادەبوونیان هەیە. یەکەمیان ئەوەیە ئەو خەنجەرە وەکو باوکی هەڵاڵە خۆی دەیگوت میراتی ڕابردووە کە بۆ کوڕە شۆڕشگێڕەکە ماوەتەوە، واتە بۆ حەمەڕەشید ئاغا خۆی. دەشـێ لە عەقڵ و کولتـووری بـاوی کوردیـدا خەنـجەر باشترین چەکی خۆماڵی شۆڕش بێت، کە دیارە ئەوەش وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دەلالەتی سەرەتاییبوونی کورد وەکو خـاوەنی ئەو چەکە ســەرەتاییە هەڵـدەگرێت. بێگومـان دەشـێ وەهایـشی لێک بدەینەوە کە ڕۆمـاننووس لە ڕێگەی ئەم هێمـا دزێـو و ناشـــیرینەوە ڕەخـــنە لە عەقڵـــی بەرهەمهێنـــی ئەو چەکەسادە ترسناکە بگرێت کە کورد شانازی پێوە دەکات. کە ئەوەش لە ئاسـتێکی تـردا دەبێتە ڕەخنەگـرتن لە عەقڵـی بـاوی کورد.

دووەمیان ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو خەنجەرەو تۆڵەدا هەیە لە عەقڵی کوردیدا، کە ئەوەش ئاشکرایە تۆڵە تاکو ئێستا وەکو چەمکێکی ناشیرین لە کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ماوە و زیندووە و بە شێوەیەکی گشتی چەمکێکی ئاشکرا و باوە و تاکو ئێستا چەمکی لێبووردەیی نەیتوانیوە جێگە بەو چەمکە دزێوە لەق بکات. بە هەرحاڵ خەنجەر و خوێن پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە و ئەوەش ئاشکرایە کە ڕەوا نییە خوێن بە هیچ بیانوویەک و بۆ هیچ مەبەستێک بڕژێنرێت، لە بنەڕەتیشدا خەنجەر بۆ خوێنڕشتن دروست کراوە و هەر لە کۆنیشەوە یەکەم قوربانی دەستی ئەو چەکە دزێوە لە مێژووی تۆمارکراوی ئێمەدا ئافرەتانن کە هەڵاڵەش یەکێکە لەو قوربانیانە. بە واتا دەتوانین بڵێین خەنجەر ئەو جەللادەیە کە قوربانییەکەی ئافرەتە، ئەگەر بکەری جووڵێنەری ئەو جەللادە کە پیاوە پشتگوێ بخەین و نادیاری بکەین، بەڵام لە بارێکی وەهاشدا پیاو دەبێتە بکوژی ئەنجامدەری ئەو تاوانە، هەر بەو پێیە پیاو دەبێتە جەللاد و ئافرەتیش قوربانی. دیارە لە ڕاستیشدا خەنجەرەکە وەکو ئامرازێک بێلایەنە ئەگەر بێتو بکەرێک بەکاری نەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا وەکو چەکێکی ترسناک و دزێوو ناشیرین خۆی نمایش دەکات و لە گەوهەر و ماهیەتیدا پرۆژەی ئەنجامدانی تاوانی هەڵگرتووە، واتە تاوانی کوشتن.

دەبینین مەجید کە پێش ڕۆیشتنی بۆ سوید سەر بە ڕێکخراوێکی چەپ بوو، بەڵام ئێستا لە سوید پێی وایە ئەوە ڕەگەزپەرستەکانی سویدن ئەو تاوانانە دەخەنە ئەستۆی کورد و بە دواکەوتوو و سەرەتایی ناوی دەبەن، بەتایبەتی کاتێ

ڕۆژنامە سویدییەکان باسی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە هەر باوکێک لە کاتی زەماوەندی کچەکەیدا خەنجەرێک دەدات بە زاواکەی بۆ کوشتنی کچەکەی ئەگەر لە ڕێگە لایدا. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن زۆرینەی ئەو کوردانەی کە هیچ هەستێکی دیاری نەتەوەییان نەبووە یان کۆمۆنیست بوون، کەچی لە ڕۆژئاوا بوون بە ناسیونالیست.

(١١)

یەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی بەرهەمەکانی عەتا نەهایی ئەوەیە کە ئەفسانە و مێژوو ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە لە دەقەکانیدا، کە ئەوانەش بە مەبەستەوە و لە پێناوی بەرهەمهێنانی دەلالەتی دیار و بەرجەستەکرنی پرسیاری زیاتردا دەهێنرێن. ئەفسانەی میر خوناوک و خاتوو کڵاوزێڕ ئەو ئەفسانەیەیە کە ڕووبەرێکی دیاری ڕۆمانەکەی داگیر کردووە و ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە کەسێتی حەمەڕەشید ئاغاوە هەیە، کە لە ڕاستیدا حەمەڕەشید ئاغا وەکو کەسێتییەکی ئەفسانەیی بونیادنراوە و ئەوەش جۆرێک لە نزیکی لەنێوان ئەم کەسێتییە و میر خوناوکدا دروست کرووە. لە ڕاستیدا ئەفسانەی میر خوناوک لە لایەن گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەوە دەگێڕرێتەوە، هەرچەندە گێڕەرەوە ئەوەمان بۆ باس دەکات کە لە کاتی منداڵیی هەلاڵە و خوشک و براکانیدا نەنکیان زۆر حیکایەتی بۆ گێڕاونەتەوە و میر خوناوکیش یەکێکە لەو حیکایەتانە. گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە میر خوناوک خەڵکی شارێک بووە ئەم بە شاری حیکایەتەکان ناوی دەبات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت خەڵکی ئەو شارە بە پێی

یاساکانی حیکایەت دەڕۆن بەڕێوە دەجوولێن کە یاساکانی شاری حیکایەتیش تەنیا ملکەچی خەیاڵن. کە دەشێ وەها سەیری ئەو شارە بکەین کە وێنەیەکی بەرجەستەکراوی جوگرافیای ئێمەیە، لەو ڕوانگەوە کە ئێمە کۆمەڵگەیەکین لەبری کارکردن بە لۆجیکی عەقڵ و لێکدانەوە، کار بە خەیاڵ و عاتیفە و هەڵچوون دەکەین. هەر بۆیە یەکێک لە کەسێتییە تەوەرییەکانی ڕۆمانەکە دەبێتە وێنەو هاوشێوەی پاڵەوانی ئەو حیکایەتە یان بە زمانی نوێ ئەو ئەفسانەیە.

شارەکەی میر خوناوک شارێکی خەیاڵی بوو، دانیشتوانەکەیشی هەموو میهرەبان و لە هەمان کاتدا ئاسوودە و بەختەوەر بوون، بەڵام دێو سەرچاوەی ئاوەکەیان لێ دەگرێت و پاشای شاریش لە پێناوی ڕزگارکردنی شاردا و بۆ ئەوەی شار لە وێرانبوون بپارێزێت، خاتوو کلاوزێڕی کچی دەکاتە قوربانی و دەیبەخشێت بەو کەسەی کە ئاو دەگێڕێتەوە بۆ شار. میر خوناوک ئەو کەسە بوو دوای سەرنەهێنانەوەی چەندین کەس و تیاچوونی چەندانی تریش، ئەو ڕێگە ترسناکەی گرتەبەر و لە ئەنجامی سەرکەوتنیشیدا بوو بە پیاوی ناو حیکایەت و ئێستا وەکو ئەفسانەیەک سەیر دەکرێت. لێرەدا ئەوەی گرنگە ڕۆڵی میر خوناوکە کە توانیویێتی لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی و لە پێناوی بەدەستهێنانی جوانییەکی بێ وێنەدا کە جوانی خاتوو کلاوزێڕە قوربانی دەدات و سەرئەنجامیش ئەو ناوبانگەی بەدەست هێناوە کە بووەتە ناوی ناو حیکایەت و دەماودەم دەگێڕرێتەوە. دیارە گێڕەرەوە پێمان دەڵێت لە پێش میر خوناوکدا، حەمەڕەشید ئاغاش کە یەکێک بووە لە لاوەکانی ئەو شارە خەیاڵییەی ناو حیکایەتەکە بە ئومێدی بەدەستهێنانی ئەو خاتوونە و لە

ناوبردنی دێوەکان و گێڕانەوەی ئاو بۆ شارەکە خۆی توونـد دەکـــاتەوە و ئەو ڕێـــگە ترســـناکە لەبەر دەگرێـــت، بەڵام سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و دەستگیر دەکرێت.

لێـرەدا بە ئاشـکرا بۆمـان دەردەکەوێـت ئەو ئەفـسانەیە و ڕۆیـشتنی لاوان بـۆ کوشـتنی دێوەکـان و گێـڕانەوەی ئـاو بـۆ شارەکە، هاوشێوەی خەباتی حەمەڕەشید ئاغا و هاوەڵەکانی و سەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتییە لە پێناوی ئازادیدا. بایەخی ئازادی کەمتر نییە لە بایەخی ئاو بۆ ژیان. ئەوەش ئاشکرایە کە ناتوانرێـت تەســەوری ژیـان بکرێـت بەبـێ بـوونی ئــاو. گێڕەرەوە پێمان دەڵێت وڵاتی بێ ئازادی وەکو ئەو شـارە وایە کە لە بـێ ئاویـدا دانیـشتوانەکەی لەبەردەم مەترسـی خنکـان و مردندان. هەروەک چۆن لە ئەفسانەکەدا ئاکامی کارەکانی میر خونـاوک دیـار نیـیە، بە هەمـان شـێوە ئاکـام و چارەنووسـی بزووتنەوەکەی حەمەڕەشید ئاغا و هەموو بزووتنەوەکانی تری ئێمەش ئاکامێکی تەمومژاوی و نادیاریان هەیە و تەنیا سـەرەتا و بەردەوامبوونیـــان تـــا قۆناغێـــک دیـــارە و ســـەرئەنجام ئەو بزووتنەوانەی ئێمە بێ ئەنجام کۆتاییان پێهاتووە، یان کۆتاییان پێ دێت. لێرەدا بە لای ئەو لێکدانەوەیەدا دەچین ئەفسانەی میر خونـــاوک کە بەرهەمـــی خەیـــاڵە و پاڵەوانەکەشـــی وەکـــو ســـۆپەرمان دوای ئومێـــدێک دەکەوێـــت و بە خەیـــاڵێکی ڕۆمانـسیانەوە دەیەوێـت دێوەکـان بکوژێـت و ئـاو بـۆ شــار بگێـڕێتەوە، بـێجگە لە پـاڵەوانێکی پۆتـۆپی هیچـی تـر نیـیە، کە لەوەشـدا دەبێـتە ئەو پـاڵەوانە نمـوونەییەی کڵاوزێـڕی کچـی پاشـای شـاری پـێ دەبەخـشرێت. ئەمەش هاوشـێوەیە لەگەڵ خەباتی ڕۆمانسیانەی کورددا بۆ ئازادی. کەواتە دەتوانین بڵێین میر خونـاوک ئەو وێنە بەرجەستەیەیە کە حەمەڕەشید ئاغا و

هاوشـــێوەكانی لە بـــزووتنەوەی كـــورددا سرۆشـــیان لـــێ وەرگرتـــووە و نـــوێنەرایەتی ئەو دەكەن. بەڵام میـــر خونـــاك لەوەدا لە حەمەڕەشید جیاوازە كە دێوەكان ناتوانن دەستگیری بـــكەن لە كاتێكـــدا حەمەڕەشـــید بـــۆ مـــاوەی دووروودرێـــژ دەستبەســـەر دەكرێـــت. نووســـەر لە ڕێـــگەی دەرخـــستنی چارەنووســـی ئەو كـــوڕە لاوانەوە كە بە ئومێـدی گەیـشتن بە خـــاتوو كڵاوزێـــڕ بەرەو ســـەرچاوەی ئـــاوەكە چووبـــوون و كەســـیان نەگەڕابـــوونەوە و لە لایەن دێوەكـــانەوە دەســـتگیر كرابـوون. لە هەمـان كاتـدا نیـشاندانی ئەو دیـمەنەی كە چـۆن یاساوڵەكانی ڕژێم ماوەیەك پێش لەدایكبوونی هەڵاڵە شـەوێك هەڵیانكوتـابووە سـەر مـاڵی حەمەڕەشـید ئاغـا و دەسـتگیریان كردبوو، پاشان فەرمانی پانزە ساڵ زیندانیكردنی بۆ دەرچوو بـوو. هاوشـێوەبوونێك دروسـت دەكـات كە لە پـشتی ئەو هاوشـێوەكردنەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێـت كە ئەو ڕژێـمەی حەمەڕەشید ئاغا دەستگیر دەكات، هاوشێوەی ئەو دێوە دڕندە و ترسناكانەیە ئاو لە دانیشتوانی هێمن و ئاسوودەی شـارێكی نموونەیی دەبڕن، كە شاری حیكایەت یان شارێكی ئەفسانەییە. كەواتە هاوشووناسی لەنێوان دێوەكان و هێماكانی ئەو ڕژێمە تۆتالیتارەدا دروست دەبێت كە حەمەڕەشید ئاغای تێكۆشـەری ڕێگەی ئازادی دەستگیر دەكەن. بێگومـان خەبـاتی حەمەڕەشـید و هاوڕێكانیـشی بـۆ ئەوە بـوو كە وڵاتەكەیـان ئـازاد بێـت و خەڵكەكەی وەكو دانیشتوانی شاری نێو ئەفسانەكە ئاسوودە و بەختەوەر بن. كەواتە لێرەدا هاوشـێوەیی لەنێوان حەمەڕەشـید و ئەو لاوانەدا دروسـت دەبێـت كە لە پێنـاوی بەدەسـتهێنانی خـاتوو كڵاوزێڕدا ڕێگەی هاتونەهـات دەگرنەبەر. بەڵام دیـارە ئەو لاوانە زیـاتر لە پێنـاوی ویـست و ئـارەزووی تاكەكەســی

خۆیاندا ئەو ڕێگەیە لەبەر دەگرن و تا ئەو کاتەی کە پاشا بڕیاری بەخشینی کچە شۆخەکەی نەدا لە پێناوی گێڕانەوەی ئاودا بۆ شارەکە، هیچ لاوێک ئەو ڕێگەیەی نەگرتەبەر. بەڵام حەمەڕەشید و هاوڕێکانی لە پێناوی ئازادیدا بۆ هەموان ئەو ڕێگەیەیان لەبەر گرتووە و لەو کارەشیاندا زۆربەی کات وازیان لە ویست و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیان هێناوە و تەنانەت ماڵ و منداڵی خۆیشیان لەو پێناوەدا دووچاری ئازار و دەردەسەری کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازییەشدا ئەفسانەی میر خوناوک فەزایەکی فانتازی بۆ دەقەکە بەرهەم هێناوە و سەرباری ئەوەی کە ڕۆمانەکە بە پێی ئەو ڕووداوانەی بە شێوەیەکی بەدوای یەکداهاتوو تێیدا ڕوو دەدەن بنەمایەکی ڕیالیستانەی هەیە، بەڵام کەسێتی حەمەڕەشید و ئەفسانەی میر خوناوک سیمایەکی لە جۆری ڕیالیستی ئەفسانەیی پێ دەبەخشن، ئەوەش وای کردووە دەقەکە لە گێڕانەوەیەکی تەقلیدییەوە ببێتە دەقێکی هونەریی باڵا و دەوڵەمەند لە ڕووی تەکنیک و فرەدەنگ لە ڕووی گێڕانەوەوە، کە ئەوەش وای کردووە هەر چۆن ئاستەکانی گێڕانەوە بە پێی دەنگی گێڕەرەوەکان جیاواز بێت، لە هەمان کاتدا زیاد لە گێڕەرەوەیەکیش هەبێت لە دەقەکەدا وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

وەک ئاشکرایە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا شووناشی گێڕەرەوە دیار نییە، بەڵام ئەوەی کە لە گێڕانەوەدا هەستی پێ دەکرێت، گێڕەرەوە کەسێکی بەئاگایە و شارەزایی باشی هەیە لەبارەی هەردوو مێژوو و هەردوو کولتوورەوە، واتە نەوەی کۆن و نەوەی نوێ. هەروەک شارەزاییەکی باشی هەیە لەبارەی مرۆڤی ئەو دوو جۆرە زەمینە و کولتوورەوە بەو پێیەی کە هەر

جۆرێکیــان نــوێنەرایەتی یەکێــک لەو دوو مێــژووە یــان ئەو دووکولتــوورە دەکـات. کە یەکێک لەو دوو مێـژوو و کولتـوورە، مێـژوو و کولتـووری خەنـجەرەکە و حەمەڕەشـید و سـەعادەتی خێزانی و ئەو زەمینە جوگرافیەیە کە ڕووداوەکان لێیەوە دەست پــێ دەکەن و هەمیــشە وەکــو ڕابردوویەکــی کــاریگەر دەوری کـاریگەری خـۆی لەسـەر بەشـی دووەمـی ڕووداوەکـان دەبینێت، واتە ئەو ڕووداوانەی کە لە زەمیـنەی دووەمــی نــاو ڕۆمــانەکەدا ڕوو دەدەن واتە ســوید. مێــژوو و کولتــووری دووەمــیش ئەو مێژوو و کولتوورەیە هەلالە و دکتۆر سەعید و مەجید و گولالە و کەسانێکی تر نوێنەرایەتی دەکەن، هەرچەندە ئەوەش ئاشکرایە کە لەنێــو خــودی ئەم چەنــد کەسەشــدا جیــاوازی گەورە هەیە. گێـڕەرەوە لە دەســتپێکی ڕۆمــانەکەدا بە شــارەزایی لە هەردوو مێژوو و کولتوورەکە دەدوێت. بێگومان ئەگەر سەیری شووناسی کەسـانی ڕۆمـانەکە بکەیـن، ئەوە بە ئاشـکرا بۆمـان دەردەکەوێت هیچ کەسێتیەکی وەهامـان نییە کە بەو جۆرە بە تەنیا شـارەزای هەردوو مێژوو و کولتوورەکە بێت. ئێمە دەزانین ئەو گێڕەرەوەی کە بە وردی بەشـی دووەمـی ژیـانی هەلالە دەگێـڕێتەوە، واتە ئەو بەشــەی کە لە سـویدە ئەوە سـەعیدی ڕەحمـانییە، بەلام نـاتوانین بـڕوا بەوە بهێنـین کە گێـڕەرەوەی مێـژووی یەکەم و کولتـووری یەکەم واتە ئەو گێـــڕەرەوەی لە مێـــژووی خەنـــجەرەکە و لە ئەفسانەی میر خوناوک و لە مێژووی حەمەڕەشید و شـۆڕش و ململانێــی نێــوان هێــزە سیاســییە جیاوازەکــانی کوردســتان و بــارودۆخی شــۆڕش و شــێوازی هەڵــسوکەوت و ژیــان لە کوردسـتانی دوای شۆڕشــی ئیـسلامی دەدوێـت و دەیگێـڕێتەوە، هەمان دەنگی سەعیدە، بەڵکو بە ئاشـکرا دیـارە دەنگێکی جیـاوازە لە دەنگی سەعید. دەشـێ ئەو دەنگە جیاوازەش لە گێڕەرەوەیەک زیاتری هەبێت. بەلام لە هەردوو قۆنـاغەکەدا بۆگێڕەرەوە ئێمەی

خوێنەرین کە کردەی گێڕانەوە و ئەو زانیاریانەی کە گێڕەرەوە پێشکەشی دەکات وامان لێ دەکات بەدوای ڕووداوەکان و جووڵەی کەسەکاندا کێش ببین. دیارە ئێمە وەکو لە سەرەتاشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کەسانی ناو ڕۆمانەکەش لە ڕێگەی گفتوگۆکانیانەوە جۆرێک لە کردەی گێڕانەوە ئەنجام دەدەن. بەڵام لە کۆی گشتی گێڕانەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گێڕەرەوەی ئەسڵی خودی ڕۆماننووسە کە ئێستا لە کاتی نووسینی دەقەکەدا وەکو چاودێر لە دەرەوە ڕاوەستاوە و بە وریاییەوە کردەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات، بەڵام لە هەر قۆناغێکی جووڵە و ڕووداوی نێو ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس شووناسی کەسێکی تر وەردەگرێت و لە ڕێگەی بە ئامرازکردنی ئەو کەسەوە کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدەرێت. هەر ئەوەشە وای کردووە گێڕەرەوە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە هەمان ئاستی زانیارییەوە کرداری گێڕانەوە ئەنجام بدات، کە ئەوەش ناشێت بە گوێرەی سەعید وەکو تاکە گێڕەرەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ ئاگاداری ڕابرووی هەڵاڵە و باوکی و سەرجەم ئەو ڕابرووە بێت کە ڕۆمانەکە لە ناوەوەی وڵات لێی دەوێت. هەروەک ناکرێت تەسەوری ئەوەش بکەین ئەگەر گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە ڕۆژئاوا بەگشتی و سویدی بەتایبەتی نەبینیبێت و لەوێ نەژیابێت و شارەزای دابونەریت و کولتووری ئەوێ نەبووبێت، بتوانێت بەو جۆرە کرداری گێڕانەوە سەبارەت بە ئەوێ و لەبارەی شێوازی هەڵسوکەوت و ژیانی ئەوێوە بەو جۆرە بدوێت، تەنیا خودی ڕۆماننووس خۆی نەبێت کە وەکو ئەفرێنەدەری ئەو جیهانە تایبەتییەیە کە جیهانی ڕۆمانەکەیە و ئاگاداری هەموو نهێنی و ئاشکرا و یاساوڕێساکانی ئەو جیهانەیە کە دروستی کردووە.

## چەمکی شەرەف لە دوو ڕوانینی جیاوازاوە

ئەگەر سەرنجی ڕۆمانی گرەوەی بەختی هەلاڵە بدەین، ئەوا وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دەبینین ڕۆمانێکە لە دوو جوگرافیا و دوو کولتوور و دوو ئایین و دوو ڕوانینی جیاواز بۆ ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێت. هەر بەو پێیەش لە کۆی ڕۆمانەکەدا هەر چۆن دوو ڕوانینی جیاواز بۆ زۆرێک لەو بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیانە بەرجەستە دەبێت کە ڕۆمانەکە دەیاندوێنێت، بە هەمان شێوە دوو ڕوانینی جیاوازیش بۆ مەسەلەی شەرەف دەردەکەوێت. هەرچەندە لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا ئەوە بەرچاو نەکەوێت، بەڵام لە ئاستی قووڵ و لە پشتی زمانی ئاساییەوە ئەو ڕوانینە ئاشکرا دەبێت، کە لە ئاستی یەکەمدا ڕوانینی ڕۆژهەلاتیانەیە بۆ مەسەلەی شەرەف و لە ئاستی دووەمیشدا ڕوانینی ڕۆژئاوایانەیە بۆ ئەو چەمکە.

سەعادەت لە کوردستانەوە دوای گەیشتنی هەواڵی جیابوونەوەی هەلاڵە لە شێرزاد، تەلەفۆن بۆ کچەکەی دەکات و دەڵێت: (باوکت پیاوێکی کەم نییە، چۆن دڵت دێت تووشی نەنگییەکی وەهای بکەیت؟ چۆن دەتوانی؟). ئەم قسەیەی دایکی هەلاڵە کە بە کچەکەی دەڵێت، دەربڕینە لە کولتوور و عەقڵی کوردی و تەنانەت هەموو ڕۆژهەلاتیش، کە ئەم جۆرە کولتوورە بەو چاوە سەیر دەکات. ئەوە سووکایەتییەکی گەورەیە کە ئافرەتێکی مێرددار حەز لە پیاوێکی تر بکات و ئەو حەزکردنە وای لێ بکات واز لە مێردەکەی بهێنێت و لەگەڵ خۆشەویستەکەی بژی، ئیتر گرنگ نییە ئەو پێکەوەژیانە چووبێتە چوارچێوەی مێردایەتییەوە یان نا. هەرچەندە لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا هیچ ژن و پیاوێک ناتوانن لە

دەرەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا پێکەوە بژین، بەڵام هێشتا پێکهێنانی ژن و مێردایەتییەکی لەو جۆرە کە ژن مێردی یەکەمی لە پێناوی پیاوێکی تردا بەجێ بهێڵێت، وەکو شکاندنی دابونەریتی باو سەیر دەکرێت و ئەو ڕەفتارەش بە پێوانەی شەرەف دەپێورێت و وەکو جۆرێک لە بەرەڵایی و بەدڕەوشتی لێی دەڕوانرێت و ئەوەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەبێتە سووکایەتی و ئابڕووچوونی باوک و برا و خێزان و بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت. هەر بۆ شۆردنەوەی سیمای نەنگی و ئابڕووچوون، باوان یان بنەماڵە ئەوە لە کچەکەیان قبووڵ ناکەن و ئەنجام ئەو ئابڕووچوونە بە کوشتنی کچەکەیان دەشۆنەوە. ئێستا قسەکانی سەعادەت بەرامبەر بە هەڵاڵەی کچی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە چۆن بە هۆی دەستهەڵگرتنی هەڵاڵەوە لە شێرزادی مێردی و پێکەوەژیانی لەگەڵ سەعیدی ڕەحمانیدا ئابڕووی باوکی و بنەماڵەکەیان چووە. ئەوەش بە پێوانەی چەمکی شەرەف دەپێورێت و ئەگەر هەڵاڵە لە وڵات بوایە و ئەو کارەی بکردایە، ئەوا هەر زوو بۆ گێڕانەوەی شەرەف حەمەڕەشید ئاغا هەڵاڵەی دەکوشت.

سەعادەت بە تەلەفۆن بە هەڵاڵەی گوتبوو (لێرە لە وڵاتی خۆمان ژنێک بیەوێت بۆ عەجەمێکی سەگباب حاشا لە مێردەکەی بکات، دەزانی چی لێ دەکەن؟ سەری دەبڕن. نەنگی وا بە خوێن نەبێ ناشۆرێتەوە. تۆش لێرە بوویتایە و بتویستایە کاری وا بکەیت....). لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە سەعادەت دەیەوێت بە هەڵاڵە بڵێت تۆ ئابڕووی بنەماڵەکەتت بردووە و بێشەرەفیت کردووە، بۆیە ئەگەر لە وڵات بوویتایە سزای ئەو تاوانە گەورەیەت وەردەگرت کە کوشتنە. کەواتە لێرەدا بە ئاشکرا لە قسەکانی سەعادەتدا

دەردەکەوێت مەسەلەی پەیوەندیبەستنی ئافرەت لە پشتی مێردەکەیەوە لەگەڵ پیاوێکی تردا تەنانەت ئەگەر دوای جیابوونەوەشی بێت لە پێناوی ئەو مەبەستەدا، ئەوا ئەو ئافرەتە شەرەفی شکاندووە و دەبێ بکوژرێت. کەواتە ئەمە تێگەیشتن و پێوانەی کۆمەڵگای کوردییە بۆ چەمکی شەرەف، کە ڕۆمانەکە زادەی واقیعی ئەم کۆمەڵگەیەیە. بەڵام جێگەی خۆیەتی بپرسین ئایا کۆمەڵگە و کولتوور و عەقڵی ڕۆژئاوا چۆن سەیری چەمکی شەرەف دەکەن؟ ئایا هەلالە وەکو کەسێتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە چۆن مامەڵە لەنێوان ئەم دوو کولتوور و عەقڵەدا بکات؟ ئایا مامەڵەکردنەکەی ژیرانەیە یان شتێکی بێ بەرنامەیە و هیچ بیرکردنەوەیەکی تێدا نییە و هەر ئەوەش وای کردووە دووچاری ئەو کێشە گەورەیە ببێت؟ بێگومان کولتووری ڕۆژئاوا ئەو کولتوورەیە کە ئازادی تاکەکەسی تێدا فەراهەم بووە و تاک تا ئەندازەیەکی دیار دەتوانێت خاوەنی ئەو بڕیارانە بێت کە پەیوەندییان بە خودی خۆیەوە هەیە وەکو تاکەکەس. هەر بەو پێیە ژن و مێرد ئەگەر نەیانتوانی پێکەوە بژین، بە ئاسایی لە یەکتر جیادەبنەوە و هەر کەسەشیان ئازادە لەوەی کە دواتر چۆن بڕیاری ژیانی خۆی دەدات و ئافرەتیش لە بارێکی وەهادا بەر نەفرەتی کۆمەڵگە ناکەوێت و ئەو جیابوونەوەیەش بە پێی چەمکێک ناپێورێت کە پێی دەگوترێت چەمکی شەرەف، بەڵکو لە بنەڕەتدا شەرەف پەیوەندی نییە بەو بوارەوە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە شەرەف لە ڕۆژئاوا و بە پێی تێگەیشتنی عەقڵی و فیکری ئەوێ پەیوەندی نییە بە مەسەلەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاوەوە، چونکە کاتێ باسی شەرەف دەکرێت دەبێ بزانین لە کولتووری ئێمەدا مەبەست پەیوەندی سێکسی نێوان دوو ڕەگەزەکەیە لە

دەرەوەی پەیوەنـــدی ژن و مێردایەتـــی، بەڵام لە کولتـــووری ڕۆژئـاوادا مەسـەلەی سـێکس تەنـانەت لە دەرەوەی پەیوەنـدی خێزانیشدا بە هیچ پێوانەیەکی ئەخلاقی ناپێورێت و بەو پێیەش پەیوەندی بە مەسەلەی شەرەفەوە نییە. هەلاڵە وەکو ئافرەتێک کە سەرباری ژیانی ڕابردووی ئێستا لە ڕۆژئـاوا دەژی، بۆیە ئاساییە وەهـا بیر بکاتەوە کە جیابوونەوەی ئەو و مێردەکەی کـارێکی ئاسـاییە و هەروەک مـافێکی سروشـتی خۆیـشێتی کەسـێکی تـری خۆشـبوێت یـان لەگەڵـی بـژی. بێگومـان ئەم بۆچـــوونەی هەلاڵە لە ڕووە ئینـــسانییەکەیەوە ڕاســـتە و هەر بەربەست بۆدانانێکیشی داگیرکردنـی ئـازادی تاکەکەسـە. بەڵام گرنگە لەوەش تێبگەین کە هەرچەندە هەلاڵە ئێستا لە ڕۆژئـاوا دەژی، بەڵام ئەو خـــاوەنی ڕابـــردوویەکە کە تـــا مـــردن ئەو ڕابردووە دەسـەڵاتی بەسـەر ئەودا هەیە و ناتوانێت لە دەستی ڕزگـاری ببێـت، ئەویـش ڕابـردووی خـۆیەتی وەکـو تـاکێکی کۆمەڵگەی کوردی کە ناتوانێت لە دەسـەڵاتی پێکهاتەکـانی ئەو کـۆمەڵگەیە ڕزگـاری بێـت کە بـریتییە لە دەسـەڵاتی خێـزان و کـــۆمەڵگە و ئـــایین و کولتـــوور و دابونەریـــت بە هەمـــوو خاسـێتەکانیەوە، کە لێـرەوە لێپرسـینەوە لە هەلاڵە یـان هەر کەسـێکی تـری ئەم کـۆمەڵگەیەش دەکـات کە لەوێ ڕەفتـارێکی لەو جۆرە بکات پێچەوانەی داب و نەریت و کولتوور و عەقڵی باوی کۆمەڵگەی کوردی بێت. خۆ ئەگەر ئەو لێپرسینەوەیەش نەکرا، ئەوا ڕەفتاری ئەو کەسە دەبێتە نەنگی و سووکایەتی بۆ خێزان و بنەماڵەکەی. ئایا هەلاڵە لەم ڕاستییە تێناگات، یان پێی وایە مـادەم ئەم لە ئەورووپـایە، چیتـر گرنـگ نیـیە کـۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت باوک و دایکیشی هەڵوێستیان چۆن دەبێت بەرامـــبەر بەو بڕیـــارەی ئەو. بە هەرحـــاڵ ئەوەی لێـــرەدا

سـەبارەت بە هەڵوێـستی هەلالە گـرنگە ئەوەیە وەکـو شـتێکی ئاسـایی دەڕوانێـتە بڕیارەکـانی خـۆی و پێیـشی وایە کە هـیچ شتێکی ئەوتۆی نەکردووە کە مایەی نیگەرانی خێزانەکەی بێت و پێشناچێت هەلالە بـڕوای بەوە هەبێت کە بڕیـاردانی ئەو بـۆ جیـــابوونەوە لە شـــێرزاد و خۆشویـــستنی ســـەعید هـــیچ پەیوەنـــدییەکی بە مەســـەلەی ئەخـــلاق و بەو پێـــیەش بە شەرەفەوە هەبێت و ئاشکراش نییە ئایا هەلالە چ لە ڕابردوویدا لە کوردســـتان و چ ئێـستاش لە ئەورووپـا چـۆن ســـەیری مەسـەلەی شـەرەفی کـردووە و دەکـات. ئایـا لەو کەسـانەیە کە بـڕوای بە چەمکـی شـەرەف هەیە و شـەرەف دەبەسـتێتەوە بە مەسـەلەی سێکسی دەرەوەی ژیـانی ژن و مێردایەتییەوە، یـان لە بنەڕەتدا بڕوای بە ئازادیی سێکسی هەیە. بە هەرحاڵ هەلالە بە هەر شێوەیەک بیر بکاتەوە و بە هەر جۆرێک بڕوانێت، ئەو ئێستا قوربانی دەستی کولتوور و مێژوویەکە کە پێشتر باوکی بە شـێوەیەکی ڕۆمانـسیانە خەبـاتی تێـدا کـردووە تـا ئـازادیی سیاسـی تێـدا بەدەسـت بهێنێـت، بەڵام هەر ئەم خەبـاتگێڕەی ڕێـگەی ئـازادیی سیاســی بکــوژی ئازادییەکــانی تاکەکەســە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە سەرسەختانە بەرگری لە پاراستنی دابونەریـت و عەقڵـی بـاوی کـۆمەڵگە دەکـات و هەر لادانێکـی کچـیش وەکـو خـۆی دەڵێـت لە ئەسـتۆی دایکێتـی و بێگومـان سزای سەختی خۆیشی هەیە.

## هاوشێوەبوون لەنێوان برایمۆك و دكتۆر سەعیدی ڕەحمانیدا

برایمۆک ڕابردوویەکی زۆر ئاشکرای نییە و کاتێ هەڵاڵە لێی دەپرسێت کە چۆن هاتووەتە دەرەوە، باسی ئەوە دەکات کە لە شاری خۆیان حەزی لە کچێک کرووە و دواتر لە ئەنجامی ترسنۆکی ئەمدا لەبەرامبەر پۆلیسدا کچەکە پشتی لێ دەکات و ئەمیش دێتە دەرەوە. برایمۆک گەنجێکی خاوەن بەهرەی جۆراوجۆر بوو. فلوتی دەژنی و شیعر و وتاری دەنووسی و کاری شانۆیشی دەکرد و ڕۆشنبیرێکی باشیش بوو. هەموو ئەمانەش دەریدەخەن کە برایمۆک کوڕێکی لێهاتووی زۆر هەستیار بووە. ئەوەش وای کردووە کە هەڵاڵە وەکو کچێکی کراوە زوو هۆگری ببێت و حەزیشی لێ بکات. دەتوانین بڵێین برایمۆک سەرباری ئەوەی پێشینەیەکی حیزبی و سیاسیشی نەبووە، بەڵام کە هاتووەتە ناو شۆڕشەوە وەکو شۆڕشگێڕێکی ڕۆمانسی خەباتی کردووە و لە هەمان کاتیشدا نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانەی ناو شۆڕشە کە ڕۆمانسیانە لە هەموو شتێک دەڕوانێت. دیارە زۆرێکیش لە بەرپرسانی عەشایەر و نەخوێندەواری ناو شۆڕش کە ڕەنگە زۆرینەی بڕیارەکانیش لای ئەوان بێت لە جۆری حەمەڕەشید. ئەوە ئاشکرایە لەناو شۆڕشی کورددا، ئەم دەستە عەشایەر و نەخوێندەوارەی کە بوونەتە بەرپرسیار، حەزیان لە چارەی کادیر و پێشمەرگە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان نەبووە و زۆر جار بە ڕقەوە سەیریان کردوون و تەنانەت ویستویانە ئەو بۆچوونەش لە لای خەڵکی و تەنانەت پێشمەرگەش دروست بکەن کە ئەو خوێندەوارانەی وەکو برایمۆک ناتوانن درێژە بە کاری پێشمەرگایەتی بدەن و دەشێ لە زووترین کاتدا بڕوخێن و خۆیان بدەنەوە دەستی دوژمن. ڕاستی ئەم بۆچوونەش لە

قـــسەکانی حەمەڕەشـــید ئاغـــادا ســـەبارەت بە برایمـــۆک دەردەکەویت، کاتێک دەیەوێت ئامۆژگاری هەلالەی کچی بکات بـــۆ ئەوەی لە برایمـــۆک دوور بکەوێـــتەوە. بە هەرحـــاڵ ئەو قسانەی حەمەڕەشید ئاغا و کەسانی تری ناو شۆڕشیش هـیچ کاریگەرییەکیـان لەسـەر هەلالە نەبـوو، چـونکە هەلالە لە دڵەوە بە ڕاسـتی برایمـۆکی خۆشدەویـست و ئەو خۆشەویـستییەش بووەبـــووە مـــۆتیڤی جـــووڵە و چـــالاکیبەخش بە هەلالە و خۆشەویستی برایمۆک وای لێ کردبوو هەست بە بوونی خۆی بکات.

لە دوای مردنـــی برایمـــۆک، هەلالە دووچـــاری کۆســـتێکی گەورە بوو. هەرگیز وێنەی ئەوی لە بیر نەدەچووەوە. تەنانەت کە دواجـاریش لە دەرەوەی خۆشەویـستی و لە بڕیـارێکی بـێ بیرلێکـرنەوەدا شـووی بە شـێرزاد کـرد دەیویـست لە کەسـێتی شـێرزاددا وێنەی برایمـۆک بـدۆزێتەوە، بەڵام هەرگیـز هەسـتی بەوە نەکـرد کە شـێرزاد هـیچ خاسـیێتێکی برایمـۆکی تێدا بێت. دەشـێ گەڕان بەدوای ئەو وێـنە ونبـووەدا هۆکـاری سـەرەکی بووبێت کە وای لە هەلالە کردبێت هەمیشە چاوەڕوانی سۆز و خۆشەویـــستی بکـــات، ســـۆز و خۆشەویـــستییەک کە ئەو بۆشـاییەی بـۆ پڕ بکـاتەوە کە مردنـی برایمـۆک بـۆی دروسـت کردبـوو. نزیکبـوونەوە و تێکەلاوبـوونی هەلالە لەگەڵ دکتـۆر سەعیدی ڕەحمانی مامۆستایدا بەهـۆی هەستکرنیەوە بـوو بەو بۆشاییە گەورەیەی کە مردنـی برایمۆک لە لای بەجێیهێشت و شـێرزادیش نەیتـوانی بـۆی پڕ بکـاتەوە، یـان بە لایەنـی کەمەوە بەشێک لەو سـۆزە قووڵە لەدەستچووەی بۆ باربوو بکـاتەوە. هەر لەسـەرەتاوە هەلالە هەستی دەکرد سـەعید وێنەیەکـی تـری برایمۆکە. لێرەدا ئەو پرسیارە سـەرهەڵدەدات: ئایا هیچ نزیکی و

هاوشـێوەییەکی ئاشـکرا لەنێـوان برایمـۆک و سـەعیددا هەبـوو، یان ئەوە هەلاڵە بوو لە ناخی خۆیدا و لە جوگرافیای خەیاڵ و وەهمـدا هەسـتی دەکـرد سـەعید وێنەیەکـی تـری برایمـۆکە و دەشـێ بە تەواوی شـوێنی برایمـۆکی بـۆ بگـرێتەوە و ئەو بۆشاییەی بە هۆی مردنی برایمۆکەوە لای دروستبوو بۆی پڕ بکاتەوە؟

دکتـۆر سـەعیدی ڕەحمـانی کـوڕی خێزانێکـی دیـاری کرماشـانە و مامۆسـتای ئەدەبیـاتە لە زانکـۆی سـویدی و چیرۆکنووس و ڕۆشنبیرێکی دیاریشە. پێشتر ژنی هەبووە و کچێکیـشی هەیە. کەواتە بە ئاشـکرا دەتـوانین بڵێـین سـەعید پیاوێکی ڕۆشنبیرە. هەر لێرەوە جۆرێک لە هاوشێوەیی لەنێوان برایمـۆک و سـەعیددا هەیە کە هەردووکیـان ڕۆشـنبیرن، هەردووکیان خاوەن بەهرەن. یەکەمیان فلوتژەنە و دووەمیان چیرۆکنووسە. هەردووکیان بایەخ بە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیات دەدەن. هەردووکیان خەڵکی شارن، سەعید خەڵکی کرماشـانە و کوردییەکەشـی زۆر بـاش نییە، بەڵام برایمـۆک تەنیا ئەوە لەبارەی پاشخانی خۆیەوە دەڵێت و ئاشکرا دەکات کە خەڵکی شارە و ناشڵێت خەڵکی چ شارێکە و کوردییەکەشی باشە. ئەم دوو کەسێتییە هەردووکیان ڕوانینی تایبەتی خۆیان هەیە بـۆ خۆشەویـستی و ژیـانی ژن و مێردایەتـی. بەڵام پێدەچێت لە ڕووی هەستکردن و ڕوانینیانەوە بۆ ئافرەت نزیک بـن لە یەکتـرەوە. هەر بـۆیە هەلاڵە پێـی وایە کە سـەعید وێنەیەکی تری برایمۆکە. برایمۆک پێش ئەوەی بگات بە هەلاڵە، گیـانی لەدەسـتدا و بە گـوێرەی سـەعیدیش ڕاسـتە مـاوەیەک هاوسێی هەلاڵە بـوو، لە ڕۆمانەکەشـدا باسـی ئەوە هـاتووە کە چەنـد جارێـک سـەعید و هەلاڵە پـێکەوە بـوون و دەشـێ

سەرباری خۆشەویستی کاری سێکسیشیان کردبێت، بەڵام وەکو ژن و مێرد بە ڕەسمی خێزانیان پێکەوە نەناوە و پاش ماوەیەکی کورت لە پێکەوەبوون ئەمجارە لەبری ئەوەی سەعید بکوژرێت یان بمرێت، هەلالە بەر خەنجەر دەکەوێت. بە هەرحاڵ ئەوەی بە ئاشکرا دەبینرێت هاوشێوەیی و نزیکی ئاشکرا لە چەند ڕوویەکەوە لەنێوان برایمۆک و سەعیددا هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکە کەسێتییەکی سەربەخۆ و جیاواز و خاوەن شووناسی دیاری خۆیەتی کە ڕەهەند و تێڕوانینی خۆیی هەیە و بە ئاسانی لەوی تر جیا دەکرێتەوە. هەر چۆن لەسەر زەمینەی واقیع کەسەکان بە ئاسانی لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، سەرباری بۆچوون و هەستکردنی هەلالە، لای خوێنەر جیاوازی ئەو دوو کەسێتییە دەبینرێت. ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی ڕۆماننووس لە بواری بونیادنانی کەسێتییەکانیدا نیشان دەدات کە سەرباری نزیکی لەنێوان ئەم دوو کەسێتییەدا، بەڵام هێشتا بە شێوەیەک ئەم دوو کەسێتییەی بینا کردووە کە هەر یەکە تایبەتمەندی خۆیی هەیە و خاوەنی شووناسی دیاری خۆیەتی و بەو پێیەش دەنگی دیاری خۆیی هەیە.

### گوڵاڵە و هەلالە لەنێوان جیاوازی و لێکچووندا

پێشتر لە بارەی کەسێتی هەلالەوە دواین و ئەوەی لە بارەی ئەو کەسێتییەوە لەسەری ڕانەوەستاین ئەوە بوو کە حەمەڕەشید ئاغا هەر لەسەروەختی تەمەنی منداڵی هەلالەوە، هەلالەی بە کوڕ ناو دەبرد و ئەو ناوبرنەش وای لە هەلالە کربوو کە خۆی بە کوڕ نیشان بدات، تا ئەو کاتەی لە بەرامبەر بریمۆکدا هەستی بە کچێتی خۆی کرد و غەریزە و

ئارەزووەکـانی وەکـو کـچ کـردیە عەشـقی برایمـۆک. واتە لە سـەرەتاوە هەلاڵە شووناسی کچێتی نەبوو، بەڵام دوای هەستکردنی بە خۆشەویستی برایمۆک ئیتر حەز و ئارەزووە ئافرەتییەکانی گێڕایەوە بۆ بوونی بایۆلۆجیانەی ڕاستەقینەی خـۆی. بە پـێچەوانەی هەلاڵەوە، گـولاڵە هەر لە سـەرەتای پێگەیشتنیەوە کچێکی سەربەدەرەوە بووبوو. وێڵ و شەیدای دوای کـوڕان بـوو، نـامەی لەگەڵ دەگـۆڕینەوە و چـاوی بەدوایانـدا دەگێـڕا و دایکیـشی زۆر بە ترسـەوە سـەیری ئەو هەڵسوکەوتانەی دەکرد و جێگەی گومانکردنی باوکیشی بوو. واتە دەتوانین بڵێین کە گولاڵە نموونەی ئافرەتێک بوو کە تەنیا لە خەیـاڵی گەیـشتن بە ڕەگەزی بەرامـبەر و تێرکردنـی حەز و ئـارەزووە دنیاییەکانیـدا بـوو کە دەتـوانین بڵێـین ئـارەزووە سێکسییەکانی. کەواتە ئێستا لە ڕووکەشدا ئەم دوو کەسێتییە کە خوشکیـشن جیـاواز لە یەکتـر دەردەکەون، بەڵام دواتـر دەردەکەوێـت کە لە گەوهەر و ماهیەتـدا نزیکییەکـی تەواو لەنێـوان ئەم دوو کەسـێتییەدا هەیە. گـولاڵە دوای ئەوەی کە شوو دەکات، ئیتر وەکو زۆرێک لە ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی یان ئافرەتـانی کـۆمەڵگەی کـوردی هەسـت بەوە دەکـات کە گەیـشتووەتە ئاواتەکـانی و هـێمن دەبێـتەوە و بە قەنـاعەتێکی تەواوەوە و وەکـو پیـاوێکی تەواو و نمـوونەیی دەڕوانێـتە مێردەکەی و پێناچێت کێشەیەکی دیاری ئەوتۆیان هەبێت. هەر ئەوەش وادەکات کەسێتی گـولاڵە تـا ئەو کـاتە لە ڕۆمـانەکەدا دیـار بێـت کە شـوو دەکـات و دوای ئەوە شـتێکی ئەوتـۆ لە بارەیەوە ناگوترێت. دیارە ژیانی پێش شووکردنیشی لە ڕێگەی گێرانەوەوە بە ئێمەی خوێنەر ئاشنا دەکرێت، ئەگینا لە ڕاستیدا لە ڕووی جـوولە و دروسـتکردنی ڕووداوەوە خـۆی لە

ڕۆمانەکەدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە. بەڵام بە پێچەوانەی گـوڵاڵەوە، هەڵاڵە کە لە سـەرەتاوە جۆرێـک لە جێگیـری و هاوسـەنگی پێـوە دیـارە، لە دوای یەکەمـین خۆشەویـستییەوە لەگەڵ برایمۆکدا ئیتر ئەو هاوسەنگییە تێکدەچێت و جارێکی تر ناگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. بەڵکو هەمیشە بە دوودڵی و نیگەرانی و ڕاڕاییەوە دەردەکەوێت. کە پێدەچێت هۆکاری ئەو بارە دەروونی و ڕۆحییە ناجێگیرەش، پەیوەندی بەو بۆشاییە ڕۆحییەوە هەبێت کە دوای مردنی برایمۆک بۆی دروست بوو. واتە نـاجێگیریی کەسـێتی هەڵاڵە پەیوەنـدی بە ونبـوونی یەکەم وێنەی خۆشەویستەوە هەیە لە لای هەڵاڵە و هەموو جووڵە و گەڕانی دواتری هەوڵدانە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییە. بەڵام ئەو بۆشـاییە هەرگیز پڕ ناکرێتەوە هەتا ئەو کاتەی ژیانی لە پێناودا لەدەست دەدات، بۆیە دەتوانین بڵێین هەڵاڵە قوربانی ڕێـگەی خۆشەویـستییە. دیـارە ئەوەش ئاشـکرایە هەڵاڵە لە ڕووی سـایکۆلۆجیای کـۆمەڵایەتییەوە کەسـێکی ڕۆشـنبیرە و ئەم جـۆرە کەسـێتییەش کە سـەر بە دەستبژێری کۆمەڵایەتییە واتە نوخبە، بەگشتی کەسانی ڕاڕا و نـاجێگیرن و بە ئاسـانیش نـاگەنە بـارێکی دەروونـی جێگیـر و زۆربەی کـاتیش هەڵگـری گومـانن و بەرامـبەر بە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانیش کە پەیوەنـدی ژن و مێردایەتـی سـەرەکیترینی ئەو پەیوەنـدیانەیە هەمیشە و بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک گشتیش لەو پەیوەندیانەدا نـاگەنە ئاستی تێربوون و قەنـاعەت هێنـان. هەر ئەوەش وایـان لـێ دەکـات لە ژن و مێردایەتیشدا کەمتـر هەسـت بە دڵنیـایی و سەقامگیریی دەروونی بکەن. لێرەدا بۆمـان دەردەکەوێت کە لە کاتێکـدا گـوڵاڵە دوای شـووکردنی هەسـت بە دڵنیـایی و سـەقامگیریی دەروونـی دەکـات، هەڵاڵە لە دوای شـووکردنی

زیاتر هەست بە گومان و دوودڵی و نیگەرانی و بۆشایی ڕۆحی و دەروونی بکات و ئەوەش دەوری دەبێت لە گەیاندنیدا بەو چارەنووسە تراژیدیایەی کە کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت. هەروەک لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی سووکایەتی و ڕسوایی بۆ بنەماڵەکەی بە پێوانەی دابونەریتی باوی کۆمەڵگەی کوردی.

### شێرزاد نموونەی مرۆڤی ڕۆژهەڵات

پێشتر لە بارەی کەسێتی شێرزادەوە دواین کە کەسێتییەکی داخراوە و دەیویست بە دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردییەوە لەنێو واقیع و شارستانی و کولتووری ڕۆژئاوادا جێگەی خۆی بکاتەوە، ئومێدی سەرەکی و مەبەستی لە سەفەرکردنی بۆ ئەورووپا ئەوە بوو کە لەویّ ببێتە هاوسەری هەلاڵە. دیارە ئاشکرایە کە شێرزاد ئاستێکی ڕۆشنبیری ئەتۆی نییە جێگەی باس بێت و بە ڕوونیش دیارە کە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و تێڕوانینی ئەو بۆ ژیان و بۆ ئەورووپاش جیاوازە لە هەلالە، ئەمە سەرباری ئەوەی لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە جیاوازن. شێرزاد بە هەر شێوەیەک بێت و لەژێر کاریگەری هەر هۆکار و فاکتەرێکدا بێت دەبێتە پێشمەرگە و ماوەیەک لەگەڵ حەمەڕەشید ئاغادا پێشمەرگە دەبێت و پاشان بە یارمەتی ئەو و لەسەر داوای ئەو هەلاڵە وەکو مێردی خۆی بانگهێشتی دەکات بۆ سوید و ئەویش بە ئومێدی ئەوەی لەویّ ببێتە مێردی هەلاڵە وەکو خۆی دەیڵێت، دەگاتە سوید. تا ئێرە واتە تا ئەو کاتەی کە شێرزاد دەکاتە سوید گێڕەرەوە ئەوەندەمان لەبارەی ئەم کەسێتییەوە بۆ باس دەکات کە لاوێکە و باوکی دۆستی حەمەڕەشید ئاغا بووە و

هاتووە ببێتە پێشمەرگە. بەڵام دوای گەیشتنی بە سوید ئیتر دەبێتە کەسێکی تەوەریی لە ڕۆمانەکەدا و ڕووداوەکانی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە کە لە سوید ڕوو دەدەن، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەوەوە هەیە. شێرزاد لە ماوەی مانەوە و ژیانیدا لە سوید گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت و کولتووری ڕۆژئاوا کاریگەری نابێت لە سەری، هۆکەشی ئەوەیە ناتوانێت لەگەڵ کولتووری ئەوێدا هەڵ بکات و ناتوانێت تێکەڵاوی کۆمەڵگەی ئەوێ ببێت و ئەوەش وای لێ دەکات لە لایەک زمان بە باشی فێر نەبێت، لە لایەکی تریشەوە لەوێ هەمیشە لەگەڵ ئەو کوردانە هەڵسوکەوت بکات کە لەوێ دەژین بەتایبەتی سەلاحی دەلاک. هەلالە بە شێرزاد دەڵێت: تۆ لێرەش لە کوردستانێکی بچووکدا دەژیت، کە مەبەستی لەو قسەیەش دوکانی دەلاکییەکەی سەلاحە کە شێرزاد لەوێ کار دەکات. لێرەوە بە ئاشکرا کێشەی ئەو کەسە ڕۆژهەلاتیانە سەرهەڵدەدات کە ناتوانن تێکەڵاوی کولتوورە جیاوازەکان ببن و لە هەر جێگەیەکی ئەم جیهانەدا بژین ئەوان هێشتا هەر بە خەیاڵ و بە بیرکرنەوە لەنێو واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیاندا دەژین. شێرزاد نموونەی ئەو کەسانەیە لە دەرەوەش تەنیا بە جەستە وڵاتیان بەجێ هێشتووە، ئەگینا بە بیر و خەیاڵ هەر لە وڵات و زێدی خۆیانن. ڕەنگە ئەم حاڵەتەش بەرهەمی ئەوە بێت کە شێرزاد ئەندامی کۆمەڵگەیەکی داخراوی ڕۆژهەلاتییە و کۆمەڵگەکەی لە هیچ ڕوویەکەوە ئەو ئامادەبوونەی نییە هەتا ئەم وەکو تاکێکی خاوەن شووناس لە بەرامبەر ئەوانی تردا بتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و لەسەر بنەمای ئەو ئامادەبوونەش بتوانێت تێکەڵاوی کولتوور و شارستانی ڕۆژئاوا بێت. بە واتایەکی دی شێرزاد سەر بە

کــــــــۆمەڵگە و نەتەوەیەکە کە لە ڕووی خۆســــــــەلماندن و بەرهەمهێنانی شارستانییەوە هیچ ئامادەبوونێکی نییە، بۆیە لە بەرامبەر ئەوانی خاوەن شووناس و شارستانێتیدا ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و هەر ئەوەش وای لێ دەکات کە نەتوانێت تێکەڵاوی کۆمەڵگەی سویدی ببێت. لە ئەنجامی ئەو بێتوانایییەشیدا بۆ تێکەڵاوبوون، شێرزاد بە ناچاری پەنا دەباتە بەر ئەوەی لە کوردستانێکی بچووکدا بژی ئەو کوردستانە بچووکەی کە سەڵاحی دەلاک و زۆرینەی کوردە ئاوارەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ خۆیانیان دروست کردووە و گومانیشی تێدا نییە لەو کوردستانە بچووکانەدا ناتوانن هیچ گۆڕانێک بەسەر خۆیاندا بهێنن. هەر ئەوەشە وای کردووە تاکی کوردی ئاوارەی نێو وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر وەکو کۆمەڵەیەکی داخراو لە ڕۆژئاوا بژین و نەتوانن تێکەڵاوی کۆمەڵگەی ئەوێ ببن و لەوێــــش بە تەواوی پارێزگــــاری لە عەقــــڵ و کولتــــوور و دابونەریتی ئێرە دەکەن. هەر ئەو گۆشەگیری و بێتواناییە بۆ تێکەڵاوبوونی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا وای کردووە کە کوردی ئاوارە توانای ئەوەشیان نەبێت وەکو هەموو پێکهاتە و ئیتنیکییەکانی تر کە ئاوارەی ڕۆژئاوا بوون، لۆبی خۆیان دروست بکەن و هەم بۆ خۆیان ئامادەبوونێکیان هەبێت، هەم لە کاتی پێویستدا بتوانن قورسایی و فشاریان لەسەر ئەو دەوڵەتانە هەبێت کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا دەژین وەکو چۆن لۆبی جوولەکە لە هەموو ڕۆژئاوادا قورسایی خۆیان لەســــەر دەوڵەتــــان هەیە و دەتــــوانن لە ڕێــــگەی ئەو فــــشار و هێــــــزەوە بەرگــــــری لە بەرژەوەنــــــدییەکانی خۆیــــــان و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلیش بکەن. بە هەرحاڵ شێرزاد نموونەیەکی ڕاستەقینەی کەسێتی کوردییە لە ڕۆژئاوا

که لەبەر لاوازی و نائامادەبوونی کورد لە ڕووی شارستانی و پێشکەوتن و بەشداریکردنی ئەکتیڤانەوە لە بەرهەمهێنانی شارستانیتی مرۆڤایەتیدا، ناتوانێت بوونی خۆی لە ڕووی ئەوانی تری ئامادە و خاوەن شووناسدا بسەلمێنێت. یەکێک لە هۆیەکانی زۆرێکی کاردانەوە توندوتیژەکانی مرۆڤی کورد لە ڕۆژئاوا پەیوەندی بە پەروەردە و کولتوور و عەقڵی کوردییەوە هەیە، بەڵام بەشەکەی تری کاردانەوەی مرۆڤی کوردە لە ئەنجامی لاوازیدا لە بەرامبەر ئەوی بە هێز و خاوەن شووناس و ئامادەدا. دەتوانین بڵێین عەتا نەهایی لەم ڕۆمانەدا سەرباری هێڵی سەرەکی ڕۆمانەکە کە پەیوەستە بە واقیعی ناوخۆی کوردستان و شێوازی پێکهاتنی بزووتنەوەی کوردی و ململانێی نێوخۆی ئاراستە سیاسی و ئایدیۆلۆجییە جیاوازەکان لە کوردستاندا. لە هەمان کاتدا ڕوویەکی ئاشکرای نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نیشان دەدات لە زۆر ئاستدا و لەوەشدا بۆمان دەردەخات کە چۆن تاکی ڕۆژهەڵاتی نەک هەر ناتوانێ لە زەمینەی ڕۆژئاوادا بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەڵکو ناتوانێت لەگەڵ کولتوور و عەقڵی ئەوێدا هەڵبکات و بژی. بەڵکو دەکەوێتە بارێکی دەروونی ئەوتۆوە، کەوا تێدەگات کولتووری ڕۆژئاوا بوون و شووناسی ئەم وەکو مرۆڤ هەڵدەوەشێنێتەوە. هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی دروستکردنی باری هۆمسیک واتە پەرۆشی بۆ نیشتیمان لای مرۆڤی کوردی ئاوارەی ئەورووپا و لەوێوە نیشتمان دەلاوێننەوە و ئەو بارە نۆستالیجییەی کە تێی دەکەون دەیانکاتە ناسیۆنالیستێکی توندڕەو و لەوێوە گۆرانی عیشق بۆ نیشتمان بڵێن. کەواتە لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەی کە لای مرۆڤی کوردی ئاوارەی ڕۆژئاوا

دروست دەبێت، ناسروشتییە و زیاتر لەژێر کاریگەری توندی عەقڵ و کولتووری ڕۆژئاوادایە، کە ئەمی بێشووناس قبووڵ ناکات و هەمیشە وەکو بووەیەکی ناسروشتی و کەمتر لە ئاستی مرۆڤی ئاسایی ڕۆژئاوایی سەیری دەکات و هەمیشەش بە شێوەیەکی نەدرکێنراو عەقڵ و کولتووری ئەوی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لاوازی وەکو کورد فڕێ دەداتەوە دەرەوەی خۆی. هەر ئەوەشە وا دەکات لە شێرزاد و زۆرێکی تر کە ئەوێ بە نیشتمانی خۆیان نەزانن و هەمیشە لە خەیاڵی گەڕانەوەدا بن. ئەمە لە کاتێکدا دەشێ لەسەر ئاستی تاکەکەسیش کەسانی وەکو هەلاڵە هەبن کە بتوانن بچنە ناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییەوە و لەگەڵیدا هەڵ بکەن و جێگەی خۆیانی تێدا بکەنەوە، بەلام دیارە ئەمەیان نوخبەیەکی کەمە و زیاتر ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئاستێکی ڕۆشنبیری و بەئاگایی ئەوتۆدان کە هەم خۆیان دەناسن و هەم ڕۆژئاواش دەناسن و دەزانن لە چ دەرگایەکەوە بچنە ژوورەوە و چۆن جێ پێی خۆیان دەکەنەوە.

# سەرئەنجام

ئەم ڕۆمـانەی عەتـا نەهـایی قـسەی زیـاتر هەڵـدەگرێت و دەشـێ لە گۆشـەنیگای جیـاوازی تریـشەوە خوێنـدنەوەی بـۆ بکرێـت، ئەوەی گـرنگە لێـرەدا بیڵێـین ئەوەیە کە نووسـەر لە بـابەتێکی واقیعییەوە توانیـوێتی دەقێکی هـونەریی بـاڵا بەرهەم بهێنێت، کە ئەو وەکو نووسەر توانیوێتی لە کۆمەڵێ بابەتی باو و لەبەرچـاو و بینـراو و زانـراوەوە، دەقێکی زینـدووی خـاوەن پرسـیار بەرهەم بهێنێت، کە دەشـێ بڵێین پرسـیاری پـڕ بـایەخ سـەبارەت بە گەوهەر و مـاهیەتی مـرۆڤ بە هەمـوو ڕەهەنـدە جەسـتەیی و عەقڵـی و فیکـری و مەعـنەوی و ئەنتۆلۆجییەکـانییەوە لەخـۆ دەگرێـت، کە دەشـێ بەم جـۆرە ئاڕاسـتە بکـرێن: ئایـا ئەو بـزووتنەوە نەتەوەییەی کە کەسـانی وەکـو حەمەڕەشـید ئاغـا سـەرکردایەتی دەکەن، دەتوانێـت چـی بەرهەم بهێنێت؟ ئایـا ئەو بـزووتنەوە نەتەوەییەی کە کـادێر و پێشمەرگەکانی لە جۆری شێرزاد و برایمـۆک بن کە پێناچێت هیچیـان ئینتیمـایەکی بیروبـاوەڕیی بەهێزیـان بە مەسـەلەی نەتەوە و بە پێشمەرگایەتییەوە هەبێت، چی بۆ نەتەوە بەدەست دەهێنێـت؟ ئایـا ئەو بـزووتنەوەی شـاری بەجـێ هێـشتووە و دەیەوێت لە چیاوە گۆڕانکاری دروست بکات و مافەکانی کورد بەدەسـت بهێنێـت، چـاوەڕوانی چـی لـێ دەکرێـت؟ ئایـا ئەو نەتەوەیە لە چ ئاسـتێکی پەرەسـەندندایە کە خـاوەنی بزووتنەوەیەکـی لەم جـۆرە بێـت؟ ئایـا ئەو نەتەوەیە چـۆن نەتەوەیەکە کە سـەرکردەکانی لە جـۆری حەمەڕەشـید ئاغـا و زۆرێـک لەوانەی تـر بێـت کە لە کوردسـتاندا ئەمـری واقیـع کردوونـی بە سـەرکردە؟ ئایـا ئەو نـاکۆکی و دژایەتیکـردنەی

یەکتری کە لەنێوان حیزبەکەی حەمەڕەشید ئاغا و مەجیدی کوڕیدا هەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و داخۆ چ زیانێکی لێ دەکەوێتەوە و ئایا بوونی ئەو ناکۆکییە چ ڕووناکییەک دەخاتە سەر عەقڵی سیاسی و کولتووری کوردی و چیمان پێ دەڵێت سەبارەت بە چەمکی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیان؟ ئایا ئەو ناجێگیرییەی لە کەسێتی هەلالەدا هەیە شتێکی سروشتییە؟ ئایا ئەو ڕاڕایی و ناسەقامگیرییە دەروونییەی هەلالە چ ڕووناکییەک دەخاتە سەر کەسێتی کوردی و لە هەمان کاتیشدا ئایا هیچ پەیوەندییەکی هەیە بە کولتوور و پەروەردەی کوردییەوە؟ یان ئایا دەشێ لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە هەلالە وەکو کەسێکی سەر بە نوخبەی ڕۆشنبیر بونیادنراوە و ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو نوخبەیە هەمیشە لە بارێکی دەروونی و کۆمەلایەتی و فیکریی ناجێگیردایە؟ ئایا دەشێ وەها سەیری کولتووری کوردی بکرێت کە ئەو کولتوورە توندوتیژەیە تێیدا خەنجەرێک لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە یان بۆ دانانی سنوور لە بەردەم ئەو ئافرەتە کوردەی کە دابونەریت دەڕوخێنێت لە ڕۆژئاوا لێرەوە بگاتە ڕۆژئاوا؟ ئایا ئەو پاڵنەرەی وا دەکات لە هەلالە کە لە شێرزاد جیا ببێتەوە، کەوتنەداوی خۆشەویستی سەعیدە، یان لە بنەڕەتدا هەستنەکردن بە خۆشەویستی لەگەڵ شێرزاددا پاڵنەری سەرەکییە بۆ ئەوەی کە هەلالە لە شوێنی تر و لە لای پیاوێکی تر بۆ خۆشەویستی بگەڕێت؟ ئایا دەشێ وەها سەیری هەلالە بکرێت کە کەسێکی فیمینیستە و لەبەر ئەوە دەشێ وەکو قوربانی ڕێگەی خۆشەویستی یان قوربانی ڕێگەی فیمینیزم سەیر بکرێت؟ ئایا ئەو تێڕوانینەی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی سوید و ڕۆژئاوا بۆ تاوانی بەر خەنجەردانی هەلالە

له لایەن مێردەکەی پیشتریەوە، وەکو تاوانێکی تاکەکەسی سەیر دەکرێت، یان تاوانی ئەو کولتوورەیە کە هەلاڵە و شێرزاد هەردووکیان لە بنەڕەتدا ڕۆڵەی ئەون و لەناو ئەودا پەروەردە بوون؟ ئایا لە پای ئەو تاوانەی شێرزاد دەرهەق بە هەلاڵە ئەنجامی دەدا، خودی شێرزاد تاکە تاوانبارە یان هەر یەکە لە هەلاڵە و سەعیدیش بەشدارن لە ئەنجامدانی ئەو کارە توندوتیژەدا؟ ئایا دەشێ کۆی تاوەنەکە بخرێتە ئەستۆی کولتووری کوردی؟ ئەگەر ئەوەمان کرد ئایا مانای وا نییە کە ئێمە هەوڵ دەدەین کە شێرزاد بکەینە مرۆڤێکی بێئیرادە و بێ لێکدانەوە، دیارە شێرزادیش نموونەی سەرجەمی مرۆڤی کوردە؟ ئایا ئەگەر وامان دانا کە شێرزاد تاکە تاوانبارە لە پشتی ئەو تاوانە گەورەیەوە، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە هەوڵ دەدەین کۆمەڵگە و عەقڵ و ڕوانین و کولتووری کوردی بێگوناهـ نیشان بدەین و تاکی کوردیش وەکو دڕندە پێشکەش بکەین؟ ئایا ئەو عەقڵەی کە لە پشتی ڕۆژنامە و کەناڵە سویدی و ڕۆژئاواییەکانەوەیە بۆ نووسین بە شێوەیەکی پڕ لە سووکایەتی پێکردنەوە بە مرۆڤی کوردی ئاوارەی ڕۆژئاوا و بەو کولتوورەی کە ئەو کەسانەی تێدا پەروەردە بوون چۆن عەقڵێکە؟ ئایا سویدییەکان مافی ئەوەیان هەیە تەنیا لەسەر ئەو کارە دزێوەی کە شێرزاد کردی، هەموو کورد و کولتوور و عەقڵی کوردی بەنەفرەت بکەن؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو بۆچوونەی سویدییەکان بارگاوی کراوە بە ڕەگەزەکانی ڕەیسیزم؟

خاڵێکی تری گرنگ لەم ڕۆمانەدا کە پێویستە لەم سەرئەنجامەدا بایەخی پێ بدەین، بوونی زیاتر لە دەنگێکی گێڕانەوەیە لە ڕۆمانەکەدا وەکو پێشتر لەو دەنگانە دواین. دیارە

ئەوەی جـێگەی سـەرنجە زۆربەی ئەو دەقـانەی کە لە نێوەنـدی ڕۆشنبیری کوردیدا بەناوی ڕۆمانەوە نووسراون، زیـاتر خـاوەنی یەک دەنگی گێڕانەوەن. لە لایەک فرەگێڕانەوە یان فرەگێڕەرەوە بوونی گۆشەنیگا و ڕوانینی جۆراوجۆر لەبارەی هەر ڕووداو یان کەسـێتییەکەوە بەرهەم دەهێنێـت، ئەوەش وا دەکـات ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکـانی ئەو ڕووداوە یـان ئەو کەسـێتییە دیـارتر و ئاشکراتر بێت. هەروەک بـوونی زیـاتر لە دەنگێکی گێڕانەوە لە ڕۆمـانەکەدا ئامـاژەیە بـۆ دروسـتبوونی زەمیـنەیەک کە زیـاتر لە دەنگێکی تێدا بێت. بوونی زیاتر لە دەنگێکیش مانای بوونی زیاتر لە ڕوانین و بیرکردنەوە و تاکە جیهانبینییەکە کە دیارە ڕۆمانیش وەکو پێکهاتەیەکی هونەری زیـاتر لە هەر جۆرە نووسـینێکی تـر پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە. هەرچەند مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە کە ڕۆمان نووسینەوەی واقیعە، وەکو ئەوەی کە هەیە نەخێر، بەڵکـو ڕۆمـان دارشـتنەوەی واقیعێکـی نـوێیە کە دەشـێ هـیچ پەیوەندی و لێکچوونێکی لەگەڵ ئەو واقیعەدا نەبێت کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، یان دەشێ لە ئاستی نەبینراودا دەقەکە لێی بدوێت. بە هەرحـاڵ عەتـا نەهـایی لێرەدا بە سرۆش وەرگرتن لە واقیعی باو واقیعێکی ترمان بۆ دروست دەکات کە تا ئەندازەیەکی باش دەیکاتە واقیعێکی خەیاڵی و بارگاویکراو بە فەزای واقیعی سـیحری، کە لەو واقـیعە دروستکراوەشـدا زیـاد لە دەنگێکـی گێـڕانەوە و زیـاد لە کەسـێتییەکی تەوەری هەیە و ئەوەش ئەو دەلالەتە هەڵـدەگرێت کە ڕۆمـاننووس دەیەوێـت واقیعێکـی نـوێی ئەوتـۆ بونیـاد بنێت کە تێیدا هاوشـێوەی دنیـای ڕۆمـان، جیهـانی فرەدەنگـی و فرەڕەنگـی و فرەڕەهەنـدی بێـت. ڕاسـتە نووسـەر سرۆشی ئەو واقیعەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردییەوە وەرگرتووە، بەڵام بە جۆرێک دایڕشتووەتەوە کە جیاوازە لەو واقیعەی کە لێی دەدوێت.

# گێلاسی خوێن و خەیاڵی نەمری

(گێلاسی خوێن) ڕۆمانێکی (عەتا محەمەد)ە کە ساڵی ٢٠٠٧ یانەی قەڵەم لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە و لە ١٤٦ لاپەڕەی قەوارە مامناوەند پێکهاتووە. سەرباری ئەوەی ئەم ڕۆمانە لایەنێکی ئۆتۆبایۆگرافیای خەیاڵئامێزی نووسەرەکەیەتی، بەڵام ئەم لایەنە پەیوەست کراوە بە قۆناغێک لە مێژووی شاری سلێمانییەوە، یان وەکو لە زۆر شوێنی دەقەکەدا هاتووە باسی سەرزەمینی بابان دەکات، کە مەبەست لەو سەرزەمینەش شاری سلێمانییە کە شارێکە لە خەونی نەمریدایە، یان شارێک لە خەیاڵ و ئەندێشەدا دەژی و بە ئومێدی بەدەستهێنانی نەمرییە.

گێڕەرەوە کە لە شێوازی کەسی سێیەمدایە، مێژووی ئەم شارە و کێشەکانیمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەو کێشانەش زیاتر لەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی و ژیاری شار بن، کێشەی ئەنتۆلۆجیانە و گەوهەر و ماهیەتی شار و خودی شار و شووناسی شارن. کە دەشێ ئەوەش بە پرسیارێک دەرببڕێت: ئایا سلێمانی شارە؟ ئەگەر شارە ئایا شارێکی واقیعییە، یان

شارێکە لە ئەندێشە و خەیاڵدا بوونی هەیە و تەنیا شارێکی وەهمییە؟ ئەگەر شارێکی واقیعییە ئایا کامانەن خاسێتە واقیعییەکانی ئەم شارە؟ ئەی ئەگەر شارێکە لە وەهمدا بوونی هەیە، ئەم ناووناوبانگە چییە کە هەیەتی؟ ئایا بە ڕاستی لەسەر زەمینەی واقیع و لە ڕووی ئامادەبوونەوە ئەم ناووناوبانگەی هەیە یان ئەویش دیسان جۆرێکە لە وەهم؟

چیرۆکی ڕۆمانەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە کوڕە گەنجەکە کە خاسێتی ئۆتۆبایۆگرافی ڕۆمانەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، دەچێتە کتێبخانەی ئەوقاف کە ئەوکات لەسەر شەقامی سابونکەران بوو. ئەم کتێبخانە کۆی کتێبە کۆنەکان و دەستنووسەکانی سلێمانی تێدایە، هەر لە دەستنووسەکانی سەردەمی بابانەوە تا دەگاتە دەستنووسەکانی دواتر. ئەم کوڕە گەنجە کە پێشتر لەوە بێئومێد بوو ببێتە جادووگەر، بڕیاری دا ببێتە چیرۆکنووس و لێرەشەوە دەستی دایە خوێندنەوە و کتێبخانەی ئەوقافیش بووە جێگەی ئەم کارەی. لەوێ کەسێکی تر دەناسێت زۆر خوێندەوار دەبێت و بە لای ئەوەوە وا پێدەچێت کە هەموو کتێبەکانی ئەو کتێبخانەیەی خوێندبێتەوە. بەتایبەتی کە گفتوگۆی زۆر بابەتی فیکری و فەلسەی قووڵ و گرنگی لەگەڵ دەکاتەوە. ئەم کوڕە گەنجە ڕۆژێک کتێبێک دەخوێنێتەوە کە خەت بەژێر چەندین وشەیدا هێنراوە. هاوڕێکەی پێشنیار دەکات کە هەموو ئەو وشانە بنووسنەوە کە هێڵیان بەژێردا هێنراوە. دواجار ئەو وشانە چەند ڕستەیەکی پڕ لە مانا و گرنگ پێکدەهێنن، کە ئەوەش دەبێتە پاڵنەری کوڕە گەنجەکە بۆ موتالاکردنی کۆی کتێبەکانی کتێبخانەی بابان. ئەو ڕستانەی کە وشە هێڵ بەژێرداهێنراوەکان پێکیان هێنان بریتیبوون لە: بەڵکو دەمتوانی

شـار بخـولْقێنم و چەنـدین نوسـخەی وەهمـی لەبەر دروسـت بکەمەوە، هەر ئەوەش نهێنی بوون و مردنم بوو لە کتێبخانە نهێنییـەکەی بابانـدا-ڕۆمـان-ل١١). سـەرئەنجام نووسـینەوەی کۆی ئەم وشـانەش بەشـێکی کتێبێکـی تـری نیـشان دەدات بە ناونیـشانی "ئایـا مـردن بە فریـای شارسـازەکە دەکەوێـت". ئەمەش ئەوەنـدەی تـر کـوڕە گەنـجەکە کە بڕیـاری داوە ببێـتە چیرۆکنـووس، دەخـاتە سـەر کەڵـکەڵەی گەڕان و موتـالاکردن. گێـــڕەرەوە باســـی ئەوە دەکـــات ئەم ڕۆمـــانە بـــریتییە لە دۆزیـــنەوەی بەشـــەکانی تـــری ئەو کتێـــبە کە چیرۆکنووســـە گەنجەکە بەم شێوەیە و لەم ڕۆمانەدا ڕێکی خستوونەتەوە و هەموویانی لەژێر ناونیشانی "گێلاسی خوێن"دا نووسیوەتەوە.

کەواتە ئەمەی باسـکرا تەنیـا پێـشەکییەکە، ئەوەمـان نیـشان دەدات کە چـــۆن چیرۆکنووســـە گەنـــجەکە ســـەرەتای ئۆتۆبایۆگرافیای خۆیمان لەگەڵ هاوڕێکەی و لەنـاو کتێبخـانەی ئەوقافدا بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوەشمان نیشان دەدات کە ئەم چۆن دەگەڕێـتەوە بـۆ نـاو ڕاڕەوە تاریکەکـانی مێـژوو، بـۆ ئەوەی لەوێوە لە مێژوویەکـی تەمومژاوی جۆرێک لە ئەفسانەمان بـۆ دروسـت بکـات، کە ئەویـش هاوشـانی بـاری تراژیـدیانەی ئەو مێژووە بـریتییە لە ئەفسانەی تراژیـدیانە کە تێیدا واقیـع وەهـا پێشکەش دەکرێت هیچ نییە بێجگە لە پەراوێزێک بۆ خەیـاڵ و وەهـــم کە ئەمـــانەش لە ڕەگەزە ســـەرەکییەکانی بەرهەمهێنـــانی ئەفـــسانەن. هەروەک بەشـــی یەکەمـــی ڕۆمانەکەشـــی ناونـــاوە "مـــردن لە ســـەرزەمینی ئەفـــسانەدا"، لێرەشـــەوە ئاشـــکرا دەردەکەوێـت کە دەسـتپێکی ڕۆمـانەکە بە مـردن دەسـت پـێ دەکـــات کە ئەوەش جۆرێـــک لە مەجـــازی تێـــدایە بەوەی ئاڕاسـتەکە پـێچەوانەی ئاڕاسـتە و جـووڵەی بـوونەوەرانە لە

واقیعدا بە مرۆڤ و زیندەوەران و تەنانەت بە شاریشەوە کە شاریش لە خۆیدا خاسیێتی زیندەوەری هەیە کە دەشێ لەدایک ببێت و گەشە بکات و پیر ببێت و بشمرێت.

گێڕەرەوە کە بە ڕاناوی کەسی سێیەم کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات و بە وەسفی ئەو زەوی و جوگرافیایە دەست پێ دەکات کە بە سەرزەمینی تاعوونلێدراوی عەجەم ناوی دەبات، کە لەوێوە واتە لە وڵاتی عەجەمەوە مردن و هاوڕێکەی کە دوو کەسێتی ئامادەی ناو ئەم دەقەن بەرەو خاکی بابان دێن، ئەمەش لە کاتێکدا کە تاعوون ناوچەکەی گرتووەتەوە و مردن هاوڕێکەی لەگەڵ خۆی هێناوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە گیانکێشانی ئەو هەموو کەسانەدا کە تاعوون لێی داون و دەیەوێت گیانکێشانی خەڵکی سەرزەمینی بابان بە هاوڕێکەی بسپێرێت و هەر واش دەکات. هەروەک مردن چەند ئامۆژگارییەکی گرنگ سەبارەت بە گیانکێشان دەداتە قوتابییەکەی، بۆ ئەوەی بە زووترین کات دەماری ژیانی ئەو کەسانە ببڕێت کە گیانیان دەکێشێت، بۆ ئەوەی کەمترین ئازار بچێژن. کاتێ مردن و قوتابییەکەی دەگەنە سەر خاکی بابان، کاروانێک دەبینن بەرەو سلێمانی دێت کە هەندێ لە شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازە تازەیەی تێدایە کە لە بابی عالی هەڵاتوون. کاروانەکە تەلارسازێک و چەند کەسێکی پێ بوو کە ئامێرێکی چاپکردنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. مردن داوای لە قوتابییەکەی دەکرد کە دووبارە گیانی ئەو جەنگاوەرانەی سەرزەمینی بابان بکێشێتەوە کە مردوون و لە مردن هەڵاتوون، کە مردن ئەوانەی بە لەشکری خۆڵ ناو دەبرد. لەم کاتەدا مردن و قوتابییەکەی لە تولەڕێیەکەوە خۆیان دەکەن بەناو سلێمانیدا، کە هێشتا شەڕ بەردەوامە. دیارە ئەو شەڕەش

هێرشی ئەوانی نەیارە بۆ سەر شارەکە. واتە ئاشکرایە سوپای تورک و عەجەم هێرشیان کردۆتە سەر میرنشینی بابان، ئەو جوگرافیایەی کە گێڕەرەوە لەسەر زمانی مردنەوە بە خاکی ئەفسانە ناوی دەبات.

گێڕەرەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە میری بابان سوپایەک ڕەوانەی سەرزەمینی عوسمانی دەکات، تا نەخشەسازی جیهان کە لەوێ شاردرابووەوە بفڕێنێت و بیهێنێت بۆ سلێمانی. ئەم سوپایە بۆ ڕێ ونکردن بە سەرزەمینی ئەردەڵانییەکاندا تێدەپەڕێت، بەڵام سوپای ئەردەڵانییەکان لە ڕوویدا دەوەستێت و شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا ڕوو دەدات و سەرئەنجام سوپای بابان بە سەرلەشکر و ئەو مێژوونووسەشەوە کە لەگەڵ سوپاکەدا دەبێت دەکوژرێن. بەڵام دوای شەڕەکە هەندێ لە جەنگاوەرەکان کە دەشێ جەنگاوەری وەهمی بووبن، یان تەنیا ناو بووبن و لە مردنی خۆیان دڵنیا نەبووبن، چونکە ئەوان بە گومان بوون لە بوونی خۆیان، لە گۆڕەکانیان ڕاست دەبنەوە و بە جەستەی بریندار و بۆگەنکردوویانەوە بەرەو خاکی بابان دەگەڕێنەوە تا لە بوون و مردنی خۆیان دڵنیا بن. کاتێ ئەم بەشەی سوپاکەی بابان دەگاتەوە سلێمانی، کەس نایانناسێتەوە و تەنانەت میریش نازانێت کە ئەوانە بەشێک بوون لە سوپای میرنشینەکەی ئەو، یان ئەمانە تەنیا جەنگاوەری وەهمین و تەنیا ناو بوون وەکو هەر ناوێکی نێو حیکایەتەکان. لەو کاتەدا مردن و قوتابییەکەی لەسەر خاکی بابانن و چاودێری بارودۆخەکە دەکەن. مردن وای بۆ دەچێت کە ڕەنگە ئەو جەنگاوەرە مردوانە لە ئەفسانەیەکەوە هاتبن، یان تەنیا ناو بووبن و لە جەنگدا بەرجەستە بووبن. چیرۆکنووسە گەنجەکە لە دوای گەڕانەوەی

ئەم سوپا مردووە، دەتوانێت وێنای سلێمانی بکات بەوەی لە خانووی کۆن و نزمی گڵین پێکهاتووە و کۆڵانەکانی تەسک و ناو شارەکەش پیس و بۆگەنە. هاوڕێی چیرۆکنووسە گەنجەکە گومان دەکات سوپایەکی لەو جۆرە بوونی هەبووبێت، بەڵکو ئەوە بە هەڵبەستراو یان نووسراوی یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەزانێت. چیرۆکنووسە لاوەکە وای بۆ دەچێت کە ئەمان نەوەی ئەو سوپایە بن کە ڕابردووی و شووناسی نەزانراوە.

لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنووری قەڵەمڕەوی بابان تەسک دەبێتەوە، ئەستێرەناسی میرنشینی بابان بە میر دەڵێت نەخشەسازێکی ئەفسوونگەر لە کۆشکی عوسمانییەکاندا هەیە کە ئەو بوو توانی خەونی بەرفراوانی عوسمانییەکان بەدی بهێنێت، بەوەی لە نەخشەی ئەفسووناویدا قەڵەمڕەوەکەی بە ئارەزووی سوڵتانەکان فراوانکردن. بۆ پاراستنی قەڵەمڕەوی بابان و بەدیهێنانی خەونی نەمریی شار و میر و میرنشین پێویستە ئەو نەخشەسازە بهێنرێتە پایتەختی بابان. میری بابان بۆ ئەوەی ئەو نەخشەسازە بهێنرێتە سنووری میرنشینەکەی، لەشکرێک لە شێوەی پیاوانی بازرگاندا دەنێرێتە سەر زەوی عوسمانییەکان و بەهێزترین سەرلەشکر و هەشتا شەڕکەری ئازای میرنشینەکەی بۆ ئەو مەبەستە بەڕێکرد، بەڵام ئەو لەشکرە لەسەر زەوی ئەردەڵانییەکان و عوسمانییەکان تووشی شەڕ هاتن و هەموویان کوژران و پاشان چەند کەسێکیان بە مردوویی لە گۆڕەکانیان هاتنە دەرەوە و بەرە و سلێمانی گەڕانەوە و نەیانتوانی نەخشەسازەکە بدۆزنەوە. بەڵام لە پاڵ بیرۆکەی هێنانی ئەو نەخشەسازەدا، میر باسی ئەوەی کرد ئەگەر وێنەیەکی تری سلێمانی دروست بکرێت کە

وێنەی ڕاستەقینە نەبێت، دەشێ میرنشین بشارێتەوە و بیپارێزێت. هەروەک کەسێکی تریش پێشنیاری ڕێگەی ڕۆژئاوا دەکات کە مەبەستی لەوەش ڕێگەی گەیشتنە بە زانستەکان، تا لەو ڕێگەیەشەوە دەستیان بگات بە جیهان. بەڵام لەو کاتەدا مردن بە قوتابییەکەی دەڵێت ئەو لەشکرە مردووە ڕەنگە لە حیکایەتێکەوە هاتبن. هەروەها پێی دەڵێت ئەرکی ئەوان تەنیا چاودێریکردنی میرنشینی بابان نییە، چونکە ئەو میرنشینە لەبەردەم لەناوچووندایە. کاتێ ئەم لەشکرە مردووە گەڕایەوە شار، نە میرو نە هیچ کەسێکی تر نەیدەناسینەوە، بەڵام میر دەیویست ڕەگ و ڕەچەڵکیان بزانرێت تا ئاشکرا بێت کێن و ئەگەر مردوون لە مردنی خۆیان دڵنیا بکرێنەوە. بەڵام لەشکرە مردووەکە بەناو کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕانەوە و لەنێوان ئەوانی مردوو و زیندووەکاندا خەریکبوو هیچ سنوورێک نەمێنێت.

گێڕەرەوە زانیاری لەسەر شارسازەکە پێشکەش دەکات کە گوایە لە ژوورێکی کتێبخانەکەدا دانیشتووە، مردن و هاوڕێکەی دەچن بۆ لای، دیارە بۆ ئەوە دەچن گیانی بکێشن. لەو کاتەدا کەسێک دێت و وەرەقەیەک لەبەر دەستی شارسازەکە هەڵدەگرێت و دەڕوات کە دڵۆپێک خوێن بە وەرەقەکەوە دەبێت، پاشان قوتابییەکەی مردن دەماری ژیانی شارسازەکە دەبڕێت و گیانی دەکێشێت. دواتر ئاشکرا دەبێت ئەوەی شارسازەکەی کوشت دەشێ هەمان کەس بێت کە شارەکەی دروست کردووە، چونکە نەیدەویست وێنەیەکی تری شارەکە هەبێت کە وێنەیەکی وەهمییە. مردن گوتی ئەوەی شارسازەکەی کوشت پیتی عەین بوو، بەڵام نەزانرا ئایا عەینی عوسمانی بوو یان عەینی عەرەب.. ئەم پێی دەڵێت من بوونم

هەیە لە ڕیزی پیتەکاندا و لە دوای پیتی ز دێم، بەڵام ئەو گوتی شارسازەکە تۆی ئاخنیوەتە ئەم ڕیزەوە، ئەگینا تۆ بوونت نییە. دیارە ئەو پیتەش پیتی (ژ)یە.

لەو ژوورەی کتێبخانەکەدا کە شارسازەکە مرد، ناسخی کتێبەکان و ئەستێرەناسی میرنشین لەبارەی خەیاڵەوە دەدوان، کە ئەوەش پەیوەندی بە دروستکردنی وێنەیەکی تری شارەوە هەبوو لە خەیاڵدا. ئەو کاتە مردن و قوتابییەکەی لە ژوورەکەدا وەستابوون. ناسخ و ئەستێرەناسەکە باس لە چارەنووسی خراپی شار دەکەن. پاشان مردن و هاوڕێکەی لە ژوورەکە دێنە دەرەوە و بۆنی میسک و بۆنی شێی کتێبخانەکە دێت. قوتابییەکەی مردن لە مردن دەپرسێت کە داخۆ کاری ئەو تەنیا گیانکێشانی ئەو کەسانەیە کە دەمرن؟ بەڵام مردن وەڵامی دایەوە کە لە پشتی کۆی ڕووداوەکانەوە نهێنییەک هەیە و ئەم شارەش بۆ خۆی جۆرێکە لە نهێنی. بەڵکو ئەم شارە بە پێی قسەی مردن مردنی نییە، چونکە ئەم خۆی هاوشێوەی ئەو سوارانەیە کە لە مردنەوە گەڕاونەتەوە. دوای هاتنەدەرەوەیان لە کتێبخانەکە مردن و قوتابییەکەی بە کۆڵانەکانی مەڵکەنیدا بەرەو ماڵی حەڵواچییەکە دەڕۆن بۆ ئەوەی گیانی بکێشن. ماڵەکەی جۆرەها بۆنی لێ دێت، مردن دەڵێت ئەوە بۆنی ڕۆحی بۆنەکانە. ئەم حەڵواچییە ویستبووی بۆنێک بدۆزێتەوە کە بۆنی شاری سلێمانی بێت. ئێستا شارساز و حەڵواچییەکە هەردووکیان مردوون و هەواڵی مردنیشیان بە شاردا بڵاوبووەوە.

سلێمانی دەستەیەک دەنێرێت بۆ ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی لە پێناوی نەمریی شاردا زانستەکانی ئەوێ بکڕن، یان بدۆزنەوە و بیهێننەوە بۆ سلێمانی. لەناویاندا دەبوو نهێنی ژمارە و

ئەنــدازە و فــڕین و کیمیــا بهێنــنەوە، بەڵام ئەمــانە هەرگیــز ڕۆژئاوایــان نەدۆزیــیەوە، یــان ڕۆژئــاوا دەرگاکــانی بە ڕووی ئەمانــدا داخرابــوو. دواجــار بــۆ ئەوەی بە دەســتی بەتــاڵ نەگەڕێنەوە ئـامێرێکی چاپکردنیـان لە ئەسـتەمبوڵ کڕیبـوو، بـۆ ئەوەی دەستنووســەکان لە لەنــاوچوون بپــارێزن.. بەڵام ئەم دەسـتەیە کە گەڕانەوە یەکێکیـان ڕشـایەوە و بەوەش هەواڵـی تـاعوون بە سـلێمانیدا بـڵاو بـووەوە. لەبەر ئەوە ئەو کـۆمەڵە خەڵـکە و ئـامێری چاپەکەشـیان سـووتاند، بـۆ ئەوەی ڕێـگە لە بڵاوبــوونەوەی تــاعوون بگــرن. ئەرکــی ســووتاندنی ئەم دەســتەیەش بە لەشــکرە مــردووەکە ســپێردرا. هەروەک ئەو کتێـبەی زانـستەکانی تێـدا نووسـرابووەوە ئەویـش سـووتێنرا، نەوەکو لەنێوان پیت و وشە و دێڕەکانیدا تاعوونی هەڵگرتبێت. هەر ئەو کـاتە هەواڵ بڵاوبـووەوە کە ئەو شـەوە لە مزگەوتـی خانەقــا دوو کەس کــوژراون و لەنــاو سووتاوەکانیــشدا دوو موریدی مەولانا خالیدیان تێدا بووە کە لە دەستی بابی عالی ڕایان کردبوو. هەندێ پێیان وابوو ئەو کارەساتانەی لە شاردا ڕوو دەدەن لەو کاتەوە دەستیان پێ کردووە کە ئەو لەشکرە مردووە گەڕاونەتەوە شار. دواتر لەشکرە مردووەکە کران بە چەنـد دەسـتەیەکەوە، بـۆ ئەوەی خەنـدەقێکی قـووڵ بە دەوری شاردا لێ بدەن بۆ پاراستنی شـارەکە، دەستەیەکیشیان لەناو شاردا هێڵرانەوە بۆ هەڵکەندنی بناغەی زیندانێک بۆ شار.

پاشــان ڕەنگــسازێک هــاتە شــار و لای دوکــانی ئەو جـوولەکەیە لایـدا کە نهێنـی شـاری دەزانـی. ئەم ڕەنگـسازە دەیویـست لە دەرەوەی ڕەنـگ شـارێک دروسـت بکـات کە لە شارەکانی تر نەچێت، شارێک لە ڕۆحی ڕەنگ کە لە ئاو بچێت. بە لای ڕەنگسازەکەوە سلێمانی خەونەکەی ئەو بـوو، چـونکە

شارێکی بێڕەنگ بوو. عەترفرۆشەکە لە دوکانەکەیدا جێگەیەکی بۆ ڕەنگسازەکە دیاری کرد، تا بتوانێت کاری خۆیی تێدا ئەنجام بدات. یەکەم کاری ڕەنگسازەکە ڕەنگکردنیماڵی میر بوو. بەڵام کاتێک ڕەنگسازەکە سەرقاڵی دۆزینەوە و دروستکردنی ڕەنگی ئاو بوو کوشتیان.

پاشان سیخوڕێک دێتە شار و لەبارەی شارەوە بەتایبەتی لەبارەی ڕێبازی نەقشبەندییەوە نامەیەک بۆ ئەستانە دەنووسێت و باسی ئەوەی تێدا دەکات کە مەولانا خالید دەیەوێت ئاینێکی نوێ لەم شارەدا دابهێنێت. هەروەک ئەم سیخوڕە باسی لەشکری خۆڵیش لە نامەکەیدا دەکات، واتە ئەو لەشکرە مردووەی کە گەڕاونەتەوە ئەم شارە. هەروەک باسی ئەوەش دەنووسێت کە ئەم شارە لە لایەن کەسانێکەوە کە ڕوویان کردووەتە ئێرە بە سەرزەمینی بەختەوەری یان وادەپێدراو ناودەبرێت. هەروەک دەڵێت دەشێ مەسیح لەم شارەدا دەربکەوێت، ئەم شارە خەون بە نەمرییەوە دەبینێت. دوای خەندەق هەڵکەندن بە دەوری شاردا، شار لە هەموو دنیا پەرتبوو، لە تەنیایدا دەژیا. فەرشچنەکە کوژرا، برسێتی و نەهاتی ڕووی کردە شار و عەمبارەکان چۆڵ بوون و کاروان ڕووی نەدەکردە سلێمانی. مەولانا و موریدەکانی دوای ئەوەی کە دووجار هەوڵی کوشتنی مەولانا درا، شاریان بەجێهێشت. لەو کاتەشدا میرانی بابان سەرقاڵی تاپۆکردنی موڵک و ماڵی خەڵک بوون بەناوی خۆیانەوە. لەو سەروبەندەدا لەشکری تورک پەلاماری شاریان دا و هاتنە ناو شارەوە. لەم کاتەدا مردن و قوتابییەکەی سەرزەمینی بابانیان بەجێ هێشت.

**پاشخانی مێژوویی ئەم دەقە**

وەکو لە گێڕانەوەکانی گێڕەرەوەدا دەردەکەوێت زەمینەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، مەملەکەتی بابانە یان جوگرافیا و قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینەیە. ئەو شارەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدات سلێمانییە، نەک قەڵاچوالان، ئەویش لە بوونی مەولانا خالید و ڕێبازەکەیدا دەردەکەوێت، چونکە ڕێبازەکەی مەولانا و مەترسی دەوڵەتی عوسمانی لە مەولانا و ڕێبازەکەی لە دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەدا بووە. هەروەک لە ڕووی ڕاستییەوە ئەوەی ڕۆمانەکە لە شێوەیەکی ئەفسانەئامێزدا بەرجەستەی کردووە و خەیاڵی بەرفراوانیش جۆرە یۆتۆپیایەکی تراژیدیانەی بۆ ئەفراندووە، سلێمانی و مێژووی بەرەو کۆتایی میرنشینی بابانە. ڕاستە ئەم ڕۆمانە گوزارشتکردنە لە بوونی میرنشینی بابان و ئەو کێشە و گرفتانەی بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، لەگەڵ فشاری عەجەم و تورک لەسەر ئەو میرنشینە. هەروەک لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ڕۆمانەکە ئەوە نیشان دەدات کە گوایە میرنشین یان سلێمانی خەونی بە نەمرییەوە بینیوە. دیارە بەرهەمهێنی ئەوەی کە سەبارەت بە سروشتی میرنشینەکە و کێشەکانی و خواست و ویستەکانی و شێوازی پەیوەندییەکانی و جووڵە و هەوڵەکانی بۆ ئەوەی کە ئەو خواست و ویستانە لەسەر زەمینەی واقیع جێگەیان بێتەوە خەیاڵە، خەیاڵێک کە گەیشتووەتە ئاستی بەرهەمهێنانی یۆتۆپیایەک، کە ئەویش لە ئاستی گوتراوی دەقەکەدا دیارە کە گێڕەرەوە بە یۆتۆپیای نەمریی شار ناوی دەبات.

ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا ئەم دەقە تا چ ئاستێک لە دەقێکی مێژووییەوە بووەتە دەقێکی هونەری؟ یان

ئایا ڕووداوە مێژووییەکان تا چ ئاستێک لە ڕێگەی خەیاڵ و بە فانتازیاکردنەوە بوونەتە ڕەگەزی بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری؟ ئایا ئەو پرسیارانەی کە ئەم دەقە بەرزیان دەکاتەوە توانیویانە سروشتی پرسیاری مێژوویی بەجێ بهێڵن و ببنە پرسیاری دەقێکی هونەری؟ مەبەست لەمەش ئەوەیە ئایا پرسیارەکانی ئەم دەقە بوونەتە پرسیار سەبارەت بە نەزانراو، یان هەر پرسیارە مێژووییە ئاشکراکانن کە لە ڕوانگەی زانینی وەڵامەکانیانەوە خاسێتی پرسیاریان لەدەست داوە؟ ئەمانە بەشێک لەو پرسیارانەن کە ئەم خوێندنەوەیە لە میانەی شیکردنەوەی دەقەکە و ئاخاوتنی بوینادی گێڕانەوەی دەقەکە و سروشتی گێڕانەوە و گۆشەنیگای سەیرکردنەوە لە دوای وەڵامدانەوەیان دەگەڕێین، یان هەوڵی ئاشکراکردنی وەڵامەکانیان دەدرێت بە مەبەستی بەرهەمهێنانی دەقێکی تر لەسەر بنەمای ئەم دەقە.

ناونیشان بایەخێکی زۆری هەیە لە هەر دەقێکی نووسراودا، بەتایبەتی ناونیشان بۆ دەقی هونەری داهێنەرانە وەکو دەرگای جیهانی دەقەکە وایە. دیارە کلیلی کردنەوەی ئەو دەرگایەش لە خوێندنەوە و شیکردنەوەدا دەستگیر دەبێت و بە کردنەوەی ئەو دەرگایەش واتە ناونیشان دەرگای دەقەکە دەکرێتەوە و ڕێگەی چوونەناوەوەی دەقەکە فەراهەم دەبێت. کەواتە مەبەست لە "گێلاسی خوێن" چییە؟ یان گێلاسی خوێن چ دەلالەتێک هەڵدەگرێت؟ گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە کە کوڕە گەنجە چیرۆکنووسەکە دووەم چیرۆکی خۆی بە ناونیشانی "گێلاسی خوێن" دەنووسێت. لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس چیرۆکی ئەو چیرۆکنووسە دەگێڕێتەوە کە چیرۆکی عەشقی شووشە فرۆشێک دەنووسێتەوە. خانمێکی ئەسفەهانی

درەختێکی بچووک لەنێو کەلوپەلەکانی ئەوی شووشەفرۆشدا سەرنجی ڕادەکێشێت، بەڵام مەرجی بۆ کڕینی ئەو درەختە ئەوە دەبێت ئەگەر ئەو گێلاسە بچووکانەی بە درەختەکەوە بوون سوور بوونایە. شووشەفرۆشەکە بە خوێنی خۆی گێلاسەکان سوور دەکات، تەنیا بۆ ئەوەی دڵی ئەو ئافرەتە بەدەست بهێنێت، یان هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی دڵی نەشکێنێت، کە ئەوەش لە خۆیدا دەلالەتی عەشقێکی قووڵ هەڵدەگرێت کە مرۆڤ لە پێناویدا بە خوێنی خۆی قوربانی بدات.

ئەگەر لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا گێلاسی خوێن تەنیا بریتی بێت لە سووورکردنی گێلاسەکان بە خوێن لە لایەن شووشەفرۆشەکەوە، ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان ئەم ناونیشانە و دەقەکەدا کە دەقەکە باسی سەرزەمینی میرنشینی بابان و ویستی گەیشتن بە نەمری شار یان سلێمانی دەکات؟ ڕەنگە تاکە پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان گێلاسی خوێن و مێژووی باباندا ئەوە بێت کە کاتێ چیرۆکنووسە گەنجەکە چیرۆکی ئەو شووشەفرۆشە دەنووسێتەوە، لاپەڕەکەی ژێردەستی بە خوێن سوور دەبێت، کە دەشێ لێرەوە پەیوەندییەک لەنێوان ئەم چیرۆکە و مێژووی باباندا دروست ببێت کە مێژوویەکی خوێناوییە و دەشێ وەها لێک بدرێتەوە ئەم چیرۆکە بریتی بێت لە مێژووی بابان و ئەوی چیرۆکنووسی گەنجیش نووسەری ئەو مێژووە بێت کە بکەری دیاری ئەو مێژووەش شووشەفرۆشەکە بێت. واتە بکەرێکی گەڕۆک کە ئەوەش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و بونیادنانەوە بکەرێکی لاواز و ناکارایە و پێی لەسەر زەوی گیر نەبووە و هەر بەو پێیەش ناتوانێت وەکو پێویست بەرهەمهێن بێت،

بەرهەمێک کە مەبەست لێی دروستکردنی شارە بە شێوەیەکی شارستانیانە و گەیاندنی بە ئاستێک کە شار وەکو بوونەوەرێک سەیر بکرێت، کە خۆی دەبێتە بکەر و بەرهەمهێن و ڕووداو دروست دەکات و لە ئاکامی ئەوەشدا نەمری بەدەست دەهێنێت. بەڵام کاتێ شار لەم ڕووەوە ناتوانێت ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەوا لە ڕێگەی جادوو و خەیاڵ و فانتازیاوە دەیەوێت ئەو ئامادەبوونە بسەلمێنێت، کە ئەوەش زیاتر ئامادەبوونێک دەبێت لە جوگرافیای خەیاڵدا کە بکەرەکانی ئەو جوگرافیایەش لە کەسانی خۆشخەیاڵ و یۆتۆپی و تەنانەت جادووگەر پێکدێن و ئەوانەش لەم فەزایەدا جێگەیان دەبێتەوە و لە بارێکی وەهاشدا ڕووداوەکان دەبنە ڕووداوی ئەفسانەیی و سوپای مردوو پاش مردنیش لەسەر زەوی دەمێنێتەوە. کەسەکان خاسیێتی کەسێتی ئەفسانەییان دەبێت و سنوورێکی دیار لەنێوان مردن و ژیانیاندا نامێنێت و سەرئەنجامی ئەوەش جیهانی بوون و ژیان و جیهانی مردن و بەهێهێشتنی ژیان هێندە دوور نابن لە یەکترەوە و لەبەر ناکارایی مرۆڤەکان لە یەکەم و لە دووەمیشدا هەمان ئامادەبوونیان دەبێت. لێرەدا دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا دەربڕینی گێلاسی خوێن وەکو ناونیشانی ئەم دەقە دەبێتە کلیلی کردنەوەی دەقەکە؟ ئەگەر ناونیشان ئەو وەزیفەیە جێبەجێ دەکات، چۆن و بە چ شێوەیەک و لە چ ئاستێکدا ئەوە دەکات؟

**بنەمای ئۆتۆبایۆگرافی ڕۆمانەکە**

گێڕەرەوە لەو خاڵەوە کرداری گێڕانەوە دەست پێ دەکات، کە خۆی لە دەرەوە ڕاوەستاوە و بە ڕاناوی کەسی سێیەم واتە غائیب دەست بە کرداری گێڕانەوە دەکات و درێژەی هەنگاوەکانی ژیانی کوڕە گەنجەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم کوڕە گەنجە یەکەم جار دەیەوێت ببێتە جادووگەر، بەڵام کە بۆی دەردەکەوێت ناتوانێت لەو کارەدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە بڕیار دەدات ببێتە چیرۆکنووس کە بە بۆچوونی ئەو چیرۆکنووسینیش جۆرێکی ترە لە جادووگەری. دیارە ئاشکرایە جیهانی جادووگەری و جیهانی چیرۆکنووسین هەردووکیان لە ڕەگەزێکی بەرهەمهێناندا هاوبەشن ئەویش خەیاڵە، کە ئەو خەیاڵەش دەبێتە بەرهەمهێنی ئەفسانە و فانتازیا کە دیسان جادووگەری و چیرۆکیش بەبێ بوونی فەزای ئەفسانەیی و فانتازیا ناشێت ببنە جێگەی سەرنج و ڕەنگە بە گوێرەی چیرۆک بەبێ ئەو فەزایە نەبێتە دەقێکی زیندوو.

ئەم دەقە کە وەکو ئۆتۆبایۆگرافیای چیرۆکنووسە گەنجەکە سەیر دەکرێت، هاوکات گێڕەرەوە بۆ ئەوەی زەمینەیەک بۆ خستنەڕووی ئەو مێژووە و زەمینەی ئەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی و ئەنتۆلۆجییەی ڕۆمانەکە پێوەیان پەیوەستە بخوڵقێنێت، کەسێکی تریش پێشکەش دەکات کە ئەویش یەکێکە لە سەرنشینە هەرە بەردەوامەکانی کتێبخانەی ئەوقاف کە وای پێشکەش دەکات بە لایەنی کەمەوە سەرجەمی کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیەی خوێندووەتەوە، ئەویش لە پێناوی ئەوەدا کە ڕۆمانێک بنووسێت لەسەر مردن. کەواتە ئێستا ئێمە دوو کەسێتی ئامادە لە دەقەکەدا دەناسین، ئەویش

لە ڕێــگەی گێڕانەوەکــانی گێــڕەرەوەوە کە بــۆگێڕەرەوە لە دەقەکەدا ئـێمەی خـوێنەرین واتە ئامـادەبوونی بـۆگێڕەرەوە لە پرۆسێـــسی خوێنـــدنەوەی دەقەکەدا بەرهەم دێـــت، یـــان دەردەکەوێت. ئەم دوو کەســەش یەکەمیـان کە چیرۆکنووســە گەنـجەکەیە دەیویـست ببێتە جـادووگەر، بەڵام نەیتـوانی و بـۆ ئەوەی لە ڕێگەیەکــی تــرەوە هەوڵــی هەمــان شــت بــدات بە بۆچــوونی خــۆی کە ئەو شــتە دەبێــتە جێگــرەوەی ویــستە سەرەکییەکەی کە جادووگەری بوو، ئەم دەبێتە چیرۆکنـووس و چیرۆک وەکو شـتێکی نزیک لە جادووگەری سـەیر دەکات. کەســی دووەم کە خــوێنەرێکی پــلە یەکە و بە پێــی ئەوەی گێڕەرەوە پێشکەشی دەکات دەیەوێت ڕۆمانێک لەسـەر مـردن بنووســێت، کەواتە ئاشــکرا دەبێــت ئەمــیش بــێجگە لەوەی خـوێنەرێکی جـدییە نووسـەرێکی دیاریـشە، چـونکە لە شـێوەی باســکردنەکەدا دەردەکەوێــت کە دەیەوێـت ڕۆمانێـک لەســەر مـردن بنووسـێت. ناڕاسـتەوخۆ و لە ئاسـتی نەگـوتراودا ئەوە بەرهەم دێت کە ئەم کەسە ڕۆمـانی تریشی نووسیوە و ئێستا بەرنامەی نووسینی ڕۆمانێکی هەیە لەسەر مردن.

گێــڕەرەوە باســی ئەوە دەکــات هــاوڕێی چیرۆکنووســە گەنجەکە کە وەکو باسکرا خوێنەرێکی زۆر شـارەزایە، هەندێ جار دەکەوتە گفتوگۆ لەگەڵ چیرۆکنووسە گەنجەکە و زۆربەی ئەو بــابەت یــان پرســیارانەی کە دەیورووژانــد، یــان بــابەتی فەلــسەفی تەواو بــوون یــان مانــا و دەلالاتــی فیکــری و فەلسەفییان هەبوو، کە ئەوەش ئەو پرسیارەمان لە لا دروست دەکات: ئایا ئەم کەسێتییە بەم ڕۆشنبیرییە فراوانەوە چی وای لــێ کــردووە بەدوای مەســەلەی مردنــدا بگەڕێــت و بــۆ ئەو مەبەستەش بیەوێت ڕۆمانێک لەسەر ئەو بابەتە بنووسێت؟ ئایا

ئەوەی ئەم دەیەوێت لەبارەی مردنەوە بینووسێت، مردنە وەکو کۆتاییهاتنی ژیانی زیندەوەران کە مرۆڤ پێشەنگی هەموویانە؟ یان مردن ئەو چەمکەیە وەکو بەرامبەرێک لە دووانەی ژیان و مردندا بوونی هەیە؟ یان مردن لە دەرەوەی زیندەوەرانە و وەکو ئەم کەسێتییە خۆی ئاماژەی بۆ دەکات ئێمەی مرۆڤ تەنیا ژیانمان لە خۆماندا هەڵگرتووەو مردن لە دەرەوەی ئێمەیە و ڕوو دەدات؟ یان لە ئاستێکی تردا پەیوەست بە دەقەکە دەشێ مردن پەیوەندی بە بوون و ژیان و هەرەسی میرنشینی بابانەوە هەبێت؟ ئێمە وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە لێرەدا بەجێ دەهێڵین، چونکە لە میانەی شیکردنەوەی دەقەکە و گەڕان بەدوای ئاستەکانی گێڕانەوە و بونیادی کەسەکان و چۆنێتی بەرهەمهێنانی ڕووداو و تیشکۆ یان چەقی بینین یان سەیرکردنەوە دەردەکەون، واتە لە میانەی هەموو ئەمانە و لەو گۆشەیەوە کە گێڕەرەوە سەیر دەکات، زەمینەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان فەراهەم دەکرێت. دیارە لە سەرەتاوە باسمان کرد کە گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی سێیەمە، ئەوەش ڕۆڵێکی دیار دەبینێت لەوەدا کە گێڕەرەوە ئازادییەکی زیاتری جووڵەی هەبێت، هەم لە کاری گێڕانەوەدا، هەم لە چۆنێتی هەڵسوڕاندنی کەسەکان لە ڕوانگەی وەسفکردنی دەرەوەیان و ئەو کارانەوە کە دەیکەن.

گێڕەرەوە لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا سەرباری ئەوەی باسی نەبوونی پەیوەندی دوو دژ لەنێوان ژیان و مردندا دەکات، دیسان داوا لە چیرۆکنووسە گەنجەکە دەکات کە هەموو ئەو وشانە کۆ بکەنەوە کە لەو کتێبەی بەردەستیدا هێڵیان بەژێردا هێنراوە. هەرچەندە دەشێ لێکدانەوەی زۆر سادە بۆ هێڵ بەژێرداهێنانی هەندێ وشە لە کتێبدا بکرێت، بۆ نموونە ئەو

وشـانەی کە خـوێنەر ماناکانیـان نازانێت، یـان ئەو وشـانەی کە ڕەنگە بایەخێکی گرنگیـان هەبێت. بەڵام هـاوڕێی چیرۆکنووسـە گەنجەکە پێی وایە ئەو وشانە ئەگەر کۆ بکرێنەوە ئەوا دەشـێ شـتێکی مانـابەخش دروسـت بـکەن. ڕیزکردنـی وشـە هێـڵ بەژێرداهاتووەکـانی چەنـد لاپەڕەیەک ئەمەی دروسـت کـرد: بەڵکو دەمتوانی شـار بخـولقێنم و چەندین نووسـخەی وەهمـی لەبەر دروسـت بـکەمەوە، هەر ئەمەش نهێنـی بـوون و مـردنم بـوو لە کتێبخـانە نهێنیـیەکەی بابانـدا- ڕۆمـان-ل١٠-١١). ئەم وشانە لە کتێبی هەزار و یەک شـەوەوە وەرگیـراون کە هێڵیـان بەژێردا هێنرابوو، کـاتێ ئەمـان وشـەکانیان لە تەنیشت یەکتـر دانـا، ئەم دەربـڕینەی لـێ دروسـت بـوو. بەڵام ئەوە کێـیە کە پێشتر توانیوێتی شار بخولقێنێت و چەندین نوسـخەی وەهمـی لەبەر بگرێتەوە؟ ڕاستە ئەمە بە دانانی چەند وشـەیەکی هەزار و یەک شـەوە لە تەنیـشت یەکتـر پێکهـاتووە. ئەی ئەو شـارانە کامـانەن ئەو کەسـە کە پـێ دەچێـت پـاڵەوانی هەزار و یەک شـەوە بێـت خولقانـدوونی؟ ئەی چـۆن و بە چ شـێوەیەک نوسـخەی وەهمـی لەبەر گرتـوونەتەوە؟ ئایـا ئەم دەربـڕینە هەڵگری چ مەدلولێکە؟ ئایا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم شارە یـان شـارە وەهمییەکـانی کە ئەم کـۆپی دەکـردنەوە لەگەڵ پایتەختی بابان دروست دەبێت؟

بە هەرحاڵ گێڕەرەوە شتێکی زیاترمان لە ئێستادا پێشکەش ناکات هەتا لە شووناسی ئەو شـارە و کۆپییە وەهمییەکانیشی ئاگـادار بـین، ئەگەرچـی بەو پێـیەی کە دەقـی ئەم ڕۆمـانە لە مێـژووی میرنـشینی بابـانەوە وەرگیـراوە، دەبـێ ئەو شـارە سـلێمانی بێـت. بەڵام ئایـا وەرگرتنـی چەنـد وشـەیەکی هێـڵ بەژێرداهـاتوو لە هەزار و یەک شـەوەدا چ پەیوەنـدییەکی بە

سلێمانییەوە هەیە؟ بە هەرحاڵ گێڕەرەوە ئەم دەربڕینە دەکات بە دەروازەیەک بۆ ئەوەی چیرۆکنووسە گەنجەکە لەوێوە بچێتە ناو کتێبخانەی بابان و بە دوای هەموو کتێب و دەستنووسەکاندا بگەڕێت، بۆ دۆزینەوی ئەوەی مەبەستیەتی کە ئەویش هاوشێوەی گەڕانە بەناو دالانە تاریکەکانی کتێبخانەکەدا، کە ئەوەش دەلالەتی مێژوویی نائاشکرا و پەردەلەسەرنراو و تاریکی میرنشینی بابان هەڵدەگرێت.

گێلاسی خوێن ئەگەرچی وەکو ڕۆمانێکی فانتازی پێشکەش دەکرێت، بەڵام هێشتا ڕەگەزی ڕیالیستی تێیدا باڵادەستە، بۆیە دەشێ لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت کە چۆن نووسەر هەوڵی داوە لە ڕووداوی ڕیالیستی مێژوویی، خەیاڵ، ئەفسانە، فانتازیا دروست بکات، کە سەرئەنجام فەزای جۆرێک لە وەهم باڵی بەسەر دەقەکەدا کێشاوە. "سەرەتای ڕۆمانی ڕیالیستی بەگشتی ئاماژەیە بە سەردەمێک و بە هەندێک شوێنی دیاریکراو کە دەبنە هۆی ئەوەی چیرۆک بچێتە نێو دنیای ئاشنای خوێنەر"[1]. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا گێلاسی خوێن بە تەواوی ئەم بۆچوونەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، چونکە ئاماژە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو و ئاشنا بە زیهن و خەیاڵی خوێنەری کورد دەکات کە قۆناغی فەرمانڕەوایی میرنشینی بابانە. هەروەک ئاماژە دەکات بۆ شوێنی تایبەتی کە گرنگترینی ئەو شوێنانەش سلێمانییە. ئەمە بێجگە لە ئاماژەکردن بۆ هەردوو جوگرافیای عەجەم و ئال عوسمان، کە ئەمانەش بە تەواوی ئاشنان بە خەیاڵی خوێنەر. هەروەک ئاشکرایە بوونی شوێن و ڕووداوی واقیعی لە پێش لەدایکبوونی دەقدا، هۆکارێکی ئاشنابوونی خوێنەرە بەوەی کە ڕووداوەکان و شوێن و تەنانەت کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانیش

له واقیعدا پێش چیرۆکی ڕۆمانەکە بوونیان هەبووە. ئەمەش وا دەکات خوێنەر زۆر جار ئاسانتر بچێتە دنیای ڕۆمانەکەوە و ئەوەی پێی دەگوترێت پەیمانی خوێندنەوە ئاسانتر لەگەڵ دەقەکەدا بیبەستێت. دیارە لەم ڕوانگەیەوە ئەو واقیعە مێژووییەی لە پێش ڕۆمانی گێلاسی خوێندا بوونی هەبووە، ڕۆڵی دیار دەبینێت بۆ ئەوەی سروشتی چیرۆکی پێش ڕۆمانەکە کە چیرۆکێکی مێژوویی واقیعییە کاریگەری ئاشکرای لەسەر سروشتی خوێنەری ڕۆمانەکە هەبێت. دیسان لێرەدا دەشێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە تا چ ئاستێک لەگەڵ ناونیشان و لەوێشەوە بۆ پەیمانی خوێندنەوە جۆرێک لە ڕێکخستنی هونەرییانەی ئەوتۆی تێدا کراوە بە جۆرێک ڕۆڵ ببینێت لە بونیادنانی دەقێکی هونەریی ئەوتۆدا کە جێگەی چیرۆکە ئامادەکانی پێش دەقەکەی بە شێوەیەکی سروشتی و لە فۆرمێکی گونجاودا تێدا بکرێتەوە و هەموو ئەمانەش بەشداری بکەن لە بەرهەمهێنانی پرسیار و جیهانبینی دەقەکەدا.

بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە (کوڕە گەنجەکە نەیزانی دەبێتە جادووگەر) ڕاستە وەکو بەشێک لە ڕۆمانەکە دانراوە، بەڵام لە ڕووی فۆرمی دەقەکەوە ڕۆڵی پێشەکی دەبینێت کە ئەویش لە دوای ناونیشانەوە دێت و هەردووکیان هەر یەکە بە ئاستێک بەشداری دەکەن لە کردنەوەی دنیای دەقەکەدا بە ڕووی خوێنەردا. ئەم بەشە ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە زەمینە ئامادەکردنی ئەو فەزا سیحرییەی کە دواجار بووەتە فەزای باڵادەستی دەقەکە و لە ڕاستیدا پایەیەکی ڕیالیستانەی هەیە کە چیرۆکی ڕیالیستانەی ڕووداوەکانی سەرزەمینی بابانە، بەڵام خەیاڵ و ئەندێشە و جۆرێک لە وەهم فەزایەکی سیحری بۆ

بەرهەمهێناوە کە ئەوەش ڕێگەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی ڕیالیستی سیحری کە دیارە ئەوەش خاسیێتی ئاشکرای ئەو فۆرمەی ڕۆمانە کە بە ڕیالیستی سیحری ئەمەریکای لاتین ناودەبرێت. بۆیە لێرەدا دەشێ ئەو پرسیارەش خۆی بسەپێنێت کە ئایا تا چ ئاستێک بەرهەمهێنی دەقەکە واتە نووسەر لەو ڕووەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟ ئایا بێجگە لە خوێندنەوەی ئەم دەقە لە سنووری ئەو خەیاڵ و وەهمەدا کە ئەو فەزا سیحرییەی بە دەقەکە بەخشیوە، ئەگەری ئەوە هەیە چیرۆکەکانی واقیعی دەرەوەی دەقەکە کە لە پێش ئەم دەقەی ڕۆمانەکەدا ئەوان وەکو دەقی یەکەمی کە دەقی مێژوویی سیاسی فەرهەنگین بوونیان هەیە بخوێندرێنەوە؟ ئەمەش پرسیارێکە دەشێ وەڵامدانەوەی خوێنەر بۆ دەقەکە وەڵامی بداتەوە.

لە بەشی یەکەمدا کە ئێمە وەکو پێشەکی ناساندمان، چیرۆکنووسە گەنجەکە پێداویستییەکانی نووسینەوەی چیرۆکی دووەمی ڕۆمانەکەی لە چیرۆکە یەکەمییەکان ئامادە کردووە و گێڕەرەوە وەها پێشکەشی دەکات کە ئەم گەنجە دوای گەڕان بەناو دەستنووسەکانی کتێبخانەی ئەوقافدا کە وەکو کتێبخانەی پاراستنی کۆی دەستنووسەکانی بابان پێشکەشی دەکات، بەشێکی سەربەخۆ لەو وشانە دەدۆزێتەوە کە هێڵیان بەژێردا هێنراوە، ئەویش بە ناونیشانی "ئایا مردن بە فریای شارسازەکە دەکەوێت؟". گەڕان بەدوای ئەم کەسێتییە و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی واتە گەڕان بەدوای شووناسی شارسازەکە دەبێتە پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەوەی چیرۆکنووسە گەنجەکە کۆی دەستنووس و کتێبەکان بپشکنێت. وەکو گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە چیرۆکنووسە گەنجەکە کۆی بەشەکانی

ئەو کتێبە شاردراوەی دۆزییەوە و پاشان بەو شێوەیەی لەم ڕۆمانەدا نووسیویەتییەوە ڕێک خستوون. کەواتە لێرە ئاشکرا دەبێت نووسەر چیرۆکە ئامادەکانی دەرەوەی ڕۆمانەکە دەهێنێت و دەیانکاتە ڕەگەزی سەرەکی دەقەکەی، کە ئەو چیرۆکانەش وەکو ئاماژەمان بۆ کردن چیرۆکی ڕیالیستی سەردەمێکی مێژوویین لە شوێنێکدا ڕوویان داوە کە سەرزەمینی بابان و هەندێ شوێنی تری پەیوەست بە ڕووداوەکانی سەر جوگرافیای ئەو میرنشینەن.

بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە کە چیرۆکنووسە گەنجەکە بەو ڕێزبەندیە ڕێکی خستووە (مردن لە سەرزەمینی ئەفساندا)، بریتییە لە زەمینەسازیی بۆ ئامادەکردنی فەزایەک کە تێیدا ڕووداوەکانی ڕابردوو بە شێوەیەکی سیحرئامێز یان ئەفسانە بگێڕدرێنەوە. لێرەدا سەرباری وەسفکردنی سەرزەمینی وڵاتی عەجەم بەوەی کە دووچاری کارەساتێکی تراژیدی گەورە بووە کە ئەویش بڵاوبوونەوەی تاعوونە، گێڕەرەوە دوو کەسێتی سەیر پێشکەش دەکات، کە ئەوانیش کەسێتی مردن و کەسێکی ترە لەگەڵی کە گێڕەرەوە بە هاوڕێی مردن دەیناسێنێت و لە کرداری گێڕانەوەشدا ئاشکرا دەبێت کە ئەم هاوڕێیەی مردن وەکو شاگردی مردن وایە و لەژێر دەستی کەسێتی مردندا وانەکانی چۆنێتی کوشتن یان مراندنی خەڵک وەردەگرێت. ئێستا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: ئایا مردن کێیە؟ هەر بە ڕاستی مردنە و لە شێوەی کەسێکدا بەرجەستە کراوە، یان مردن هێمایە بۆ کەسێکی دیار یان بۆ هێزێک کە کاری کوشتن و بڕین و وێرانکردن ئەنجام دەدات؟ ئەی هاوڕێکەی مردن کێیە؟ باشە ئەگەر مردن بە ڕاستی ئەو فریشتەیەیە کە بە پێی سەرچاوە ئایینییەکان ئەرکی گیانکێشانی پێ

سـپێردراوه، واته ئیزرائیـل ئەوه دیـسان به پێـی سـەرچاوه ئایینییەکان شـوێنێکی دیاریکراوی نییه و له هەموو شـوێنێک هەیه و هـیچ شـوێنێکیش چـۆڵ ناکـات. هەروەک به پێـی سەرچاوه ئایینییەکانیش که دەشێ وەکو جۆرێک له ئەفسانەش سەیر بکرێت، فریشتەی مەرگ هەر خۆیەتی و یارمەتیدەر و هاوکاری نییه. بۆیه سەرباری بنەمای ئەفسانەیی ئامادەکراو بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئەم کەسـێتییه وەکـو کەسـێتییەکی ئەفـسانەیی یـان سـیحری، هێـشتا دەشـێ ئەگەری ئەو لێکدانەوەیەش له ئارادا بێت که کەسێتی مردن هێما بێت بۆ ئەو هێزه بکوژ و وێرانکەرەی که ڕێگره له ڕێی نەمربوونی بابان و سلێمانیدا.

به هەرحاڵ له ڕۆژهەڵاتەوه و بەناو خاکی بۆگەنکردووی عەجەمدا به بۆنی لاشەی مردووی دەستی تاعوون، مردن و شـاگردەکەی دەگەنه نێـو جوگرافیـای بابـان و دێـنه نزیکـی سلێمانی و لەوێوه سەیری شارەکه دەکەن. هەر لەوێشەوه کاروانێـک دەبیـنن که له سـنووری ئـالی عوسـمانەوه بەرەو سلێمانی دەگەڕێتەوه و وەکـو گێـڕەرەوه باسـی دەکـات ئەو کاروانه هیچ کاڵایەکی گرنگیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنابوو، بەڵکو تەلارسازێک و چەند کەسێکی سەر به ڕێبازی نەقشبەندییان لەگەڵ بـوو که له دەسـتی بـابی عـالی هەڵاتبـوون، هەروەهـا کاروانەکه ئامێرێکی چاپیشیان پێ بوو. دیاره باسکردنی ئەو کـاروانه که بەو جـۆره گەڕاوەتەوه، ئامـاژەیەکه بـۆ خراپیـی بارودۆخەکه و هەر ئەوەش وای کردووه که کاروانەکه وەکو کاروانێکی بازرگانی نەگەڕێتەوه و کاڵای پێویست نەهێنێت. به هەرحاڵ ئەوەی جێگەی پرسیاره ئەوەیه ئایا بۆچی مردن و هاوڕێکەی لەم کاتەدا ڕوویان کردووەته سەرزەمینی بابان و

بەتـایبەتیش پـایتەختی بابـان؟ ئایـا مـردن خـۆی بڕیـاری داوە گیانی مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینە بکێشێت، یان ئەو ئەرکەیان پێ سپاردووە؟ یـان مـردن هێمـای هێزێکـی بکوژی نادیـارە و دەیەوێت میرنشینەکە وێران بکات؟ ئەی ئەگەر مـردن هـاتووە بۆ ئەوەی میرنشینەکە وێران بکـات، ئایا کێ ئەو ئەرکەی پێ سـپاردووە؟ خـودا یـان دەسـەڵاتەکانی تـری سـەر زەوی لە جۆری عەجەم و عوسمانییەکان؟

لێرەوە کاتێ مردن خۆی دێت و یەخەی میرنشینی بابان و سلێمانی دەگرێت و دەیەوێت گیانی بکێشێت، بۆچوونێکی تـر سـەرهەڵدەدات ئەویـش ئەوەیە کە بەردەوام هـۆی سـەرەکی ڕووخانـدنی ئەو دەسەڵاتـە کوردییە دەخـرێتە ئەسـتۆی بـاری نـاوخۆی میرنـشینەکە و ئەو عەقـڵەی بەڕێـوەی دەبـات و ململانێی نێوان براکـان، بەڵام ئەگەر مـردن بەو جـۆرە خـۆی لە ڕۆژهەڵاتەوە بگەیەنێتە ئەم شـارە بـۆ گیانکێشانی مرۆڤەکـان و لە ئەنجامیـشدا گیانکێـشانی میرنـشینەکە و شـارەکە و بەوەش خەونی نەمری شارەکە بکوژێت، ئایا جارێکی تر چۆن سـەیری ئەو هۆکـارە نـاوخۆییە بکرێـت؟ بە هەرحـاڵ وەڵامـی ئەم پرسـیارە هێـشتا ئاشـکرا نییە کە بـۆچی مەرگ و شـاگردەکەی بەو شێوەیە گەیشتوونەتە سەرزەمینی بابان.

مـردن ئامۆژگـاری شـاگردەکەی دەکـات بەوەی کە چـۆن دەمـاری ژیـانی مرۆڤەکـان ببڕێـت و ئەو کـارەش بە خێرایـی ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەدەم گیاندەرچوونەوە زۆر نەمێننەوە و ئـازاری زۆر نەکێشن. هەر لەم ڕوانگەیەوە مـردن باسـی ئەوە بـۆ شـاگردەکەی دەکـات کە مـردن دیـوێکی تـری ژیانە و لە ڕاستیشدا ڕزگارکردنی مـرۆڤە لە ئازارەکـانی ژیـان، بۆیە پێویستە ئازایانە دەمـاری ژیان ببڕێت و مرۆڤەکـان لەو

ئازارە سەختە ڕزگار بکات. لە میانەی گفتوگۆی نێوان مردن و شاگردەکەیەوە، گێڕەرەوە هۆکاری هاتنی مردن و شاگردەکەی بۆ پایتەختی بابان ئاشکرا دەکات، ئەویش لەسەر زمانی مردنەوە کە بە شاگردەکەی دەڵێت: "ئەو شوێنەی بۆی دەچین، تێیدا تووشی ڕووداوی سەیر دەبین، چونکە لە دوێنێوە چەند شەڕکەرێکی یەکێک لە لەشکرەکانی بابان، کە هەموویان لە شەڕێکی دەستەویەخەدا کوژران و لەتوپەت بوون، توانییان لە مەرگی خۆیان هەڵبێن و بگەڕێنەوە ناو ژیان. ئێمە دەچین تا بە فریایان بکەوین بەوەی گیانیان بکێشین- ڕۆمان، ل٢٠". ڕاستە ئەم دەربڕینە ڕوویەکی ئەفسانەیی هەیە، بەڵام دیسان سنووری خەیاڵ و ئەفسانەش ڕەنگە نە لە ڕیالیزمی سیحریدا و نە لە ژیانی ئاسایشدا ڕەها نەبێت بۆ هەندێ ئاست، کە بنەمایەکی عەقڵی یان هاوشێوە لەسەر زەمینەی واقیع بۆ ئەو ڕووداوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە بچووکترین ئاستدا نەبینراوە. مەبەستی من ئەوە نییە کە ناکرێت جڵەوی خەیاڵ ڕەها بکرێت، بەڵام دیسان مادەم بنەماکانی ئەم دەقە، چیرۆکە ئامادەکانی پێش دەقە هونەرییەکەن، دەشێ دروستکردنی فەزایەکی لەو جۆرە جێگەی لەسەروەستان بێت. ڕاستە نەک تەنیا مرۆڤ، بەڵکو کۆی زیندەوەران هەموو شتێک دەکەن لە پێناوی مانەوەدا و دەکرێ ئەفسانەی نەمری ببێتە واقیع یان گەڕان بەدوای نەمریدا ئەو بەرزترین ئامانجە بێت کە مرۆڤ بەدوایدا دەگەڕێت. دیارە ئەگەر ئەفسانەی زیندووبوونەوەی سەربازەکانی لەشکری بابان بەو شێوەیە بووایە کە لە پێناوی پاراستن و بەرگریکردن لە میرنشینەکەدا بووایە، ئەوا لەم بارەیاندا وەکو جۆرێک لە یۆتۆپیا سەیر دەکرا کە بنەماکەی سەرباری خەیاڵ بریتی دەبوو لە خەونی بەردەوامی و

درێژەدان بە بوون لە پێناوی گەیشتنی شار یان میرنشیندا بە نەمری، هەمان شێوەی تێکەڵاوبوونی خەون و خەیاڵی سالم لە وەسفکردنی سوپاکەی میرنشیندا بەتایبەتی لە سەردەمی ئەحمەد پاشادا. بەڵام لە گێلاسی خوێندا گێڕەرەوە وێنای ئەو چەکدارانەی سوپای بابانمان بۆ دەکات کە لە مردن ڕاستبوونەتەوە، کەچی ئەو جارێکی تر مردن و شاگردەکەی دەهێنێتەوە سەریان بۆ ئەوەی ئەم جارەیان بە باشی بیانکوژێت و وەکو خۆیشی دەڵێت لە ئازار ڕزگاریان بکات. لە ڕاستیدا ئەو چەمکە بۆچوونەی لێرەدا بانگەشەی بۆ دەکرێت بەوەی کە مردن چارەسەرە و باشترین ڕێگەیە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەکان لە ئازار، چەمکە بۆچوونێکی دژ و ناکۆکە لەگەڵ واقیعی ڕاستەقینەی ژیان و پەیوەستبوونی کۆی زیندەوەران بە ژیانەوە. لێرەدا بە تەوای بنەمای تێڕوانینێکی پوچگەراییانە بۆ ژیان و بوون ئاشکرا دەبێت کە لە ڕاستیدا هەموو جوانییەک تێیدا ناشیرین و بێبەها دەبێت. ئەم بۆچوونەش تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ڕەنگە بۆ ئەو چیرۆکانە ئاسایی بێت کە تەنیا خەیاڵ سەرچاوەی بوونیانە و ڕەگوڕیشە و پایەیان لەنێو واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا بە ئاسانی نادۆزرێتەوە. "ئەو وەهمەی لە لایەن دەقی خەیاڵی (ڕۆمان-چیرۆک) و لە لایەن کارە هونەرییەکانی تری لە جۆری ڕیالیستەوە بونیاد دەنرێت بە تەواوی بریتییە لە وەهم نەک فریودان"[٢]. ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان ڕیالیست و وەهمەوە سەیر بکەین ئایا پێشکەشکردنی دیمەنێکی وەکو یاخیبوونی چەکدارەکانی یەکێ لە سوپاکانی بابان لە مردن دوای لەتوپەتبوون و مردنیان و گەڕانەوەیان بۆ پایتەختی میرنشین، دەشێ لە سنووری وەهمدا جێگەی بکرێتەوە، یان

دەپەڕێـــتەوە بـــۆ جۆرێـــک لە فریـــودان کە ئەوەش بـــارێکە دەکەوێتە ئەودیوی خەیاڵ و ئەندێشە و تەنانەت وەهمیشەوە کە هەر یەکە لەمـــــان بە جۆرێـــــک بەشـــــداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی ئەفسانە یان سیحردا کە بە پێی دەقی گێلاسی خوێن ئەوەی هەیە فەزای دەقێکی ڕیالستی سیحرییە.

هەروەک لە لایەکی ترەوە ئەوەی لە گفتوگۆی نێوان مردن و شـــاگردەکەیدا ســـەبارەت بە پەیوەنـــدی مـــردن و ژیـــان و لایەنگـری بـۆ مـردن و ناسـاندنی وەکـو ڕزگـارکەری مرۆڤـــ دەبینرێت، پێچەوانە یان ناکۆکە لەگەڵ ئەو بونیادە ڕیالیستەدا کە چیرۆکـــی ڕۆمـــانەکە لەوەوە هەڵهێنجـــراوە، کە ئەویـــش لە گێڕانەوەکانی گێـڕەرەوەدا بە ئـێمە دەگـات. لە ڕاسـتیدا ئەوەی هەر یەکە لە مـردن و شـاگردەکەی لەبـارەی پەیوەنـدی نێـوان ئەم دووانە دژەوە دەیڵـێن، ئەو دەربـڕینە فەلـسەفییەیە کە بـۆ خـۆی مـشتومڕی تێـڕوانینە فەلـسەفییە ناکۆکەکـانە لەســەر پەیوەنـدی ژیـان و مـردن. بـۆیە ئێـستا ئـێمە لەبەردەم ئەو پرسـیارەدا ڕادەمێنـین: ئایـا ئەوەی لێـرەدا دەدوێـت مـردن و شـــاگردەکەیەتی وەکـــو دوو کەســـێتی ڕۆمـــانەکە، یـــان ئەوە نووسەرە تێڕوانینی خۆی لەو ڕووەوە دەخاتە ڕوو؟ هەروەک لە پاڵ ئەم بۆچوونەدا لە گفتوگۆی نێوان مردن و شاگردەکەیدا وەها باسی سەرزەمینی بابان دەکرێت کە خاکێکی ئەفسانەیی سەیر بێت کە تێیدا کۆمەڵێ جەنگاوەر دوای ئەوەی کوژراون و لەتوپەت کراون لە مردن یاخی بوون و گەڕاونەتەوە بۆ ناو شـــارەکە. هـــۆی ئەم یـــاخیبوونەی جەنگـــاوەرە مـــردووە یاخیبووەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نازانن خۆیان کێن و بەدوای خۆیاندا دەگەڕێن. ئەگەر لە ئاستێکی قووڵتردا سەیری ئەم بۆچـــوونە بکەیـــن، ئەوا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێـــت کە

ئەم جەنگاوەرانە هیچ شووناسێکیان نییە تا ئەو ئەندازەیەی کە تەنــانەت بوونیــشیان نیــیە، بــۆیە بەدوای بــوونی خۆیانــدا دەگەڕێن. ئاشکرایە کاتێک کە شتێک بوونی نەبێت، ئەوا ژیان یان مردنیشی نییە. بەڵام کەواتە ئەگەر ئەم بۆچوونەیان ڕاستە و ئەو جەنگـاوەرانە بوونیـان نیـیە، ئەی بـۆچی مـردن لەوێـوە هاتووە بۆ ئەوەی جارێکی تر گیانیان بکێشێت؟ هەروەها مردن ئەم کەسانە وەکو جەنگاوەر دەناسێنێت، بەو پێیە ئەمانە ئەو بکەرانەن لە مەیدانی جەنگدا ئامادەبوونیـان هەبـووە. ئەوەش ئاشکرایە کەم یان زۆر ڕووداویان دروست کردووە، بە لایەنی کەمەوە ڕووداوی یاخیبوونیـان لە مـردن، کەواتە دەبێ ئەمـانە بوونیـان هەبێـت، کاتێـک بوونیـشیان هەبێـت ڕێـگەی تێناچێـت بەدوای خۆیانــدا بگەڕێــن. ئەگەر لە ڕوویەکـــی تـــرەوە ئەم جەنگـاوەرانە وەکـو کەسـێتی کـوردی پێـشکەش بکـرێن کە کەســێتییەکی نائامــادەیە لە مێــژوودا بەوەی تــاکو ئێــستا نەیتوانیــوە ڕووداوی گەورە دروســـت بکـــات و بەشـــداری بونیادنــانی مێــژووی مرۆڤــایەتی و شارســتانێتی مرۆڤــایەتی بکات، ئەمەیان لێکدانەوەیەکی گونجاوترە، بەڵام دیسان ئەوەی لە مردن یاخی بووبن دیسان جێگەی گومانە، بەڵکو دروستتر وایە لە بــاری نائامــادە و نزیـک لە نەبوونیــانەوە ڕاببــنەوە و بەرەو خۆنمایشکردن و ئامادەبوون هەنگاو بنێن و لە بارێکی وەهاشدا دەبێ پشت لە مردن بکەن و ئەوەش ئاشکرایە ئەگەر ئامادەبوون هەبێت مردن نادیار دەبێت، بۆیە لەم بارەشدا ئەوە نەگونجاوە کە مردن لە ڕۆژهەڵاتەوە بگاتە سەرزەمینی بابان بۆ دووبارە گیانکێشانەوەی ئەمان.

گێــڕەرەوە لە درێــژەی گێــڕانەوەدا شووناســـی دیـــاری لەشکری خۆڵ ئاشکرا دەکات، کە بریتییە لەو جەنگاوەرانەی

دوای ئەوەی لە شەڕێکی خوێناویدا لەگەڵ لەشکری ئەردەڵاندا لەتوپەت دەکرێن و دەکوژرێن، لە مردن یاخی دەبن و بەرەو سەرزەمینی بابان دەگەڕێنەوە. هەروەک ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەو جەنگاوەرانە بەسەر خاکی ئەردەڵاندا بەرەو ناوچەرگەی دەسەڵاتی عوسمانی ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی نەخشەسازی جیهان بفڕێنن و بیهێنن بۆ سەرزەمینی بابان. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات، ئایا نەخشەسازی جیهان کێ بووە لەو کاتەدا؟ ئایا لە ڕاستیدا ناونیشانێکی لەو جۆرە بوونی هەیە؟ ئەی ئەگەر ناونیشانێکی وەها هەیە، بۆچی لەسەرزەمینی عوسمانیدا بووە؟ ئایا میری بابان چ ویست و داواکارییەکی لەو نەخشەسازە هەبووە؟ هەروەک ئاشکراشە میرنشینی بابان لەژێر سایەی قەڵمڕەوی والی بەغدا و سوڵتانی عوسمانیدا بووە، ئایا ئەوە تەنیا خەیاڵە کە هەوڵی فڕاندنی کەسێکی وەها لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی بدات؟ هەروەها دەشێ ئەو پرسیارەش سەر هەڵبدات: ئایا بە ڕاستی لەسەر زەمینەی واقیع ناکۆکی نێوان بابان و ئەردەڵان بەتایبەتی لەو مێژووەدا ئەوەندە خراپ بووە کە شەڕی لەو جۆرە خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوو بدات؟ یان دیسان ئەوەش بەرهەمی خەیاڵێکی مێژووییە کە دەیەوێت شکستەکان بەو ناکۆکییە بسپێرێت؟ ئەوە ئاشکرایە کە هەر چۆن خاکی کوردان لەنێوان عەجەم و ئالی عوسماندا دابەش کراوە، هەر بەو پێیەش ناکۆکی ناوەکی لەنێوان خێڵ و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کورد خۆیشیدا دیار و ئاشکرا بووە و ئەوەش هۆیەکی لەبەرچاوی باڵادەستبوونی ئەوانی تر بووە بەسەر کورددا، کە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی نەک تەنیا بابان یان سلێمانی نەمری پێ نەبڕێت، بەڵکو کۆی ئەو دەسەڵاتە

ناوچەییـــانە لەبەردەم هەڕەشـــەی ڕووخانـــدا بـــوون و سـەرئەنجامیش هەروا کەوتـووەتەوە. بـۆیە ئەگەر ئەو شـێوە بەرجەستەکردنەی دەقی ئەم ڕۆمانە بۆ ڕووداوەکان جۆرێکی نائاسـایی لە ڕەهـاکردنی جڵەوی خەیـاڵیش تێدا بێـت، هێـشتا بنەمای ڕیالیستی ڕووداوەکان لە بنەما خەیاڵییەکەی فراوانترە. دیـارە هۆکـاری ڕەهـابوونی خەیـاڵیش ڕەنـگە پاسـاوەکەی لە نەسـتی بەرهەمهێنـی دەقەکە و تەنـانەت ئـێمەی خوێنەریـشدا ئامادەبوونی هەبێت. ئامادەبوونێک کە پێمان بسەلمێنێت ئاستی نائامادەبوون و ئاستی سـەرقاڵبوون لەم سـەرزەمینەدا بە شـتە بچووکەکانەوە ئەوەندە زۆر بووە و ڕووبەرێکی هێندە فراوانی داگیر کردووە، بواری بۆ کـارکردن لە پێنـاوی نەک نەمربوون، بەڵکو لە پێناوی مانەوەشدا زۆر تەسک کردووەتەوە.

گێــڕەرەوە باســی ئەوەمــان بــۆ دەگێــڕێتەوە کە ئەو جەنگاوەرانە دوای ئەوەی چاڵ یان گۆڕەکانیان بەجێ دەهـێڵن، هەر یەکە بە جۆرێـک لە مردنـی پێـشتری خۆیـان دەڕوانـن و گومـــان لەو مـــردنە دەکەن. هەروەک دڵنیـــانین کە ئەوەی کوشتوونی کێ بووە، یان داخۆ سوپای عوسمانییەکان بـووە، یـان لەشـکری ئەردەڵانییەکـان. بەڵام سـەرئەنجام یەکێـک لە مردووە لە مەرگ یاخیبووەکان بە ئەوانـی تریـان ڕادەگەیەنێت، ئەوان نەمردوون و دەپرسێت: "ئێمە کێین تا بمرین" لە ڕاسـتیدا ئەم دەربڕینە ئەو دەلالەتە فەلسەفییە بەرهەم دێنێت کە مـردن شتێکە تەنیا لە بەرامبەر بووندا بـوونی هەیە. واتە کاتێ بـوون هەبێت مـردن هەیە و تەنیـا ئەوەی بـوونی هەیە مردنـی دەبێت. ئەمـــان لە شووناســـی خۆیـــان نەک هەر بە گومـــانن، بەڵکـــو دڵنیاشـن کە بـوون و شووناسـیان نییە، هەر بـۆیە مردنیـشیان نیـیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت لە بـارێکی وەهـادا گەڕانەوەی

ئەمـان هـیچ مانـایەکی نییە، چـونکە ئەمـان لە بنەڕەتـدا خۆیـان بوونیـان نەبـووە. هەر بـۆیە نە مـردوون و نە زینـدوو، بەڵام گێـڕەرەوە لە ڕێـگەی گفتوگـۆی نێـوان میـری بابـان و ئەو جەنگـاوەرە هەڵاتـوانەوە لە مـردن زیـاتر سـەرچاوەی گومـانی جەنگاوەرەکـــان ئاشـــکرا دەکـــات، ئەویـــش بەوەی کە جەنگاوەرەکان دەیانەوێت بە ڕاستی بزانن، ئایا پێشتر ئەوان هەبوون یان تەنیا ناو بوون و هیچی تر. هـۆی ئەم گومـانە سـەختەی جەنگـاوەرە هەڵاتووەکـان ئەوەیە کە هـیچ شـتێکیان سەبارەت بە ڕابردووی خۆیان لەیاد نییە و لە هەمان کاتدا ئەو مێژوونووسـەی لەگەڵ لەشـکرەکە بـووە و سەرلەشـکرەکەش هەردووکیـان کـوژراون تـا دڵنیـایی لەبـارەی بـوونی ئەم جەنگاوەرانەوە پێشکەش بکەن. لە ڕاستیدا لێرەدا لە ئاستێکی قووڵتردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە بوونی ئەم جەنگاوەرانە هەمـان شـێوەی بـوونی کـوردە بەگـشتی کە نە خـاوەنی یـادەوەری قـووڵی ڕابـردووە، نە دەتوانێـت شکـستەکانی ڕابردووی بیر بکەوێتەوە بەو مەبەستەی بۆ ئێستا سوودی لێ وەربگرێـت، نە لە ڕابردووشـدا وەکـو نـاوێکی ئامـادەی سـەر زەمیـنەی واقیـع لە ڕووی دروسـتکردنی ڕووداوەوە بـوونی خـۆی سـەلماندووە، هەتـا ئێـستا لە ڕێـگەی ئامـادەبوونی ئەو ڕووداوانەوە بوونی ئەم بسەلمێنرێت. "ڕووداوی ڕاستەقینە لە دەرەوەی گێـڕانەوە ڕوو دەدات، لە کاتێکـدا ڕووداوی خەیـاڵی (ڕووداوی چیرۆک- ڕۆمـان) بەتـایبەتی لە گوتـاری گێڕانەوەدا ڕوو دەدات، نەک لە هـیچ شـوێنێکی تـر"[٣]. بە پێـی ئەم وتەیە دەشـێ بتـوانین وای دابنێـین کە ئەم ڕووداوی یـاخیبوونی جەنگاوەرەکـان لە مەرگ و گەڕانەوەیـان بـۆ سـلێمانی و قسەکردنیان لەگەڵ میری بابان ڕووداوێک بێت لە چوارچێوەی

گوتاری گێڕانەوەدا ڕوو بدات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم ڕووداوە تەنیا ڕووداوێکی خەیاڵییە و بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەکردنێکی قووڵ و بەربڵاوی بەرهەمهێنی دەقەکەیە. بەڵام هاوکات ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئەم ڕووداوە خەیاڵییە وەکو یەکێک لە ڕەگەزە ئامادەکانی جوگرافیای گوتاری گێڕانەوە چ ڕۆڵێک دەبینێت لە بەرهەمهێنانی جیهانبینی دەقەکەدا؟

دیارە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تاکو ئێستا دوو جووتە کەسێتی نزیک لە یەک ئامادەبوونیان هەیە کە کاری گێڕانەوە لە دەوری ئەم چوار کەسە و ئەو جەنگاوەرانەدا دەخولێتەوە. کەسەکانیش چیرۆکنووسە گەنجەکە و هاوڕێکەی و مردن و هاوڕێکەیەتی. لە یەکەمیاندا سەرچاوە یان مەرجەع هاوڕێی چیرۆکنووسە گەنجەکەیە و ئەو چیرۆکنووسەکە ڕێنمایی دەکات بۆ ئەوەی چی بکات. لە دووەمیاندا مردن ڕابەر یان سەرچاوە یان مەرجەعە و ئەو ڕابەرایەتی شاگردەکەی یان هاوڕێکەی دەکات. یەکەمیان واتە چیرۆکنووسە گەنجەکە دەیەوێت ئەوەی لە گەڕانیدا بەدوای نهێنی کتێبدا لە کتێبخانەی باباندا دەدۆزێتەوە بەم شێوەیەی لەم ڕۆمانەدا هاتووە دابڕێژێت، کە تێیدا مێژووی بابان و کێشە و ململانێ و شکستەکانی پێشکەش دەکات، بەڵام مردن ڕێنمایی شاگردەکەی دەکات بۆ گیانکێشان و وێرانکردنی زیاتری سەرزەمینی بابان. هەروەک لە سەرووی ئەم دوو جووتەوە کەسێکی تر وەستاوە کە ئەویش گێڕەرەوەیە و لە دەرەوەی ڕووداوەکان ڕاوەستاوە و وەکو چاودێر کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات. دیارە لێرەدا گریمانەیەک بۆ پەیوەندی نێوان چیرۆکنووسە گەنجەکە و بەرهەمهێنی دەقەکە هەیە کە لە

بارێکی وەهاشدا وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئاڕاستەی ڕووداو لە دەقەکەدا بە دوو ئاستی یەک ئاڕاستەیی بەرەو پێشەوە دەچێت، کە یەکێکیان ئۆتۆبایۆگرافیای چیرۆکنووسە گەنجەکەیە و ئەوی تریشیان گێڕانەوەی مێژووی بابان و سەرزەمینی بابانە بەو شێوەیەی کە لە خەیاڵی چیرۆکنووسە گەنجەکەدا تۆمار کراوە. هەرچەندە لە لایەکی ترەوە چیرۆکنووسە گەنجەکە پرسیارێک سەبارەت بە بوونی ئێستای خۆی و هاوڕێکەی دەوروژێنێت کە دیسان ئەوانیش وەکو نوێنەری ئێمە هەموومان دەردەکەون. ئەویش گومانکردنە لەوەی کە ئێمە لە نەوەکانی ئەو جەنگاوەرە وەهمیانە یان یاخیبووانەی دەستی مردن بین کە گومان لە بوونیان دەکرێت. ئەمەش لە ئاستی نەبینراودا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە سەرچاوەی بوونی ئێمە بە جۆرێک لە وەهم دەورە دراوە، کە ئەویش وەهمی بوون نییە بەو ئەندازەیەی ئاماژە بۆ واقیعی نەبوون دەکات.

**خەونی نەمری**

ئەوەی دەقەکە لەبارەی میرنشینی بابان و سلێمانییەوە دەیخاتە ڕوو، ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا میرنشین و شار خەون بە نەمرییەوە دەبینین و دەیانەوێت بۆ هەتاهەتایە بمێننەوە و جوگرافیای بوونی خۆیشیان زیاتر فراوان بکەن. ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە سەیر بکەین، نەمری بۆ میرنشینێک یان شارێک ئەوەیە کە بەرەو پێشەوە بچێت و پەرە بسەنێت و بتوانێت بوونی خۆی لە ڕووی بەرهەمهێنانی شارستانێتییەوە و لە ڕووی ئامادەبوونی ئاشکراوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بسەلمێنێت. دیارە لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە میرنشین کە

دەسەڵاتێکی ناوچەیی سنووردارە و بۆ خۆی لە سایەی دەسەڵاتێکی لە خۆی پەرەسەندووتردایە ناتوانێت نەمری بەدەست بهێنێت. میرنشین بەرهەمی پەرەسەندنێکی ناسروشتی و ناکاملی کۆمەڵگەیەکی نائاساییە کە لە بری بەرهەمهێنانی دەوڵەت ئەم دامەزراوەی بەرهەم هێناوە کە لە خوار ئاستی دەوڵەتەوەیە. ئەگەر لە تیۆری هیگڵیدا ڕۆحی کۆمەڵگە لە بڵندبوونی ڕەهای خۆیدا بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت، ئەوا بە جۆرێکی تر دەوڵەت بریتییە لەو ئامانجە بەدەست هاتووە کە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە گوزارشتی خۆی تێدا دەکات. نەمری تەنیا کاتێک بەدەست دێت کە هیچ بەربەست و کۆسپێک لەبەردەم ڕۆحدا نەبێت بۆ گوزارشتکردنی ڕەها لەخۆی. بەڵام لە میرنشیندا کە دامەزراوەیەکی ئیفلیجە لەچاو دامەزراوەی دەوڵەتدا ڕۆحی گشتی کۆمەڵگە ناگاتە ئاستی ڕەهای بڵندبوون و بەو پێیەش ناگاتە ئاستی گوزارشت لەخۆکردن، واتە وەکو ڕۆحێکی سەرکوتکراو یان ڕکێفکراو دەمێنێتەوە. دیارە لە هیچ کات و شوێنیکدا ڕۆحی سنووربۆدانراو یان ڕکێفکراو ناگاتە ئەو ئاستەی کە نەمری بەدەست بهێنێت. لێرەوە لە ڕووی ڕاستییەوە لەسەر زەمینەی واقیع خەونی نەمری سلێمانی و میرنشینی بابان خەونێکی نەبەکامە و بەدی نایەت.

کاتێک ئەو کەسانەی میری بابان پرسوڕایان پێ دەکات و پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکەن بە هەر شێوەیەک هەیە دەبێ ئەو نەخشەسازە بهێنن پایتەختی میرنشین کە لەسەر نەخشە دەتوانێت جوگرافیای میرنشین فراوان بکات، هەروەک چۆن جوگرافیای ئیمپراتۆری عوسمانی فراوان کردووە. دیارە وەکو ئەوەی لە گوتاری گێڕانەوەدا هەیە، ئەو فراوانبوونەی باسی

دەکرێت فراوانبوون نییە لەسەر زەمینەی واقیع و بەڵکو شتێکە لە هیواخواستن، هەمان شێوەی هیواخواستنی نەمری، بەڵام لە بارێکی وەهادا ئەگەر بە گریمانەش نەمری بەدەست بێت، ئەوا دیسان ئەو نەمرییە شتێک دەبێت لە چوارچێوەی خەیاڵ و ئەندێشەدا نەک لەسەر جوگرافیای ڕاستەقینەی ڕووداوەکان کە وەکو گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە. جوگرافیای میرنشین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەسکتر دەبێتەوە و لەژێر فشاری دەستدرێژی فارس و تورکەکاندا هەر ڕۆژە و چەند بەشێکی لێ دەبێتەوە. کەواتە خەونی فراوانبوونی سنووری میرنشین و نەمربوونی میرنشین و سلێمانی بەو شێوەیەی کە ئەستێرەناسە لاوازەکە بۆ میری پێشنیار دەکات بێجگە لە وەهم هیچی تر نییە و هیچیش بەرهەم ناهێنێت. هەروەک هاوشێوەبوونێک لەنێوان خەونی فراوانبوون یان خەونی نەمری عوسمانی و سوڵتان لەگەڵ خەونی نەمری سلێمانی و باباندا دروست دەکات، بەڵام لە یەکەمیاندا ڕۆحی گشتی کۆمەڵگە گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی بڵندبوون و لەوەشدا بە ڕەهایی گوزارشت لە خۆی دەکات. واتە لە سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام لە دووەمیاندا واتە میرنشین و سلێمانی ڕۆح لە ئاستی سەرکوتکردن و ڕکێفکردندایە، بۆیە ناتوانێت بڵند بێت و گوزارشت لە خۆی بکات. هەر بەو پێیەش ناتوانێت نەمری بەدەست بهێنێت. بۆیە ئەم هاوشێوەکردنە لە جێگەی خۆیدا نییە و پێش ئەوەی هاوشێوەکردنێکی لەم جۆرە بکرێت دەبێ سەیری کەسێتی ئامادەی تورک و کەسێتی نائامادەی کورد لەو کاتەدا بکرێت. کە دەشیا ئەم دوو کەسێتییەش هەمان شێوەی کەسێتی چیرۆکنووسە گەنجەکە و هاوڕێکەی، یان مردن و هاوڕێکەی ببوونایەتە کەسێتی ئامادەی نێو

جوگرافیای دەقەکە و لێرەشدا دیسان کەسێتییەکی ئامادە و کەسێتییەکی نائامادە، یان کەسێتییەکی سەرەکی و کەسێتییەکی پاشکۆ بوونیان هەبوایە. هەر بەو پێیەش کۆی شتەکانی تر لەنێوان ئەم دوو کەسێتییەدا دووانەی نایەکسان یان ناهاوتایان پێکدەهێنا کە ئەوە یەکێکە لەو بنەما مادديانەی کە جووڵەی ڕووداوەکان لەسەر زەمینەی واقیع ڕێک دەخات. دیارە ڕۆمانیش وەکو نزیکترین ڕەگەزی هونەری لە واقیعەوە دەشیا لەسەر بنەمای ئەم جووتە ناهاوتا یان نایەکسانانە بونیادی ڕۆمانەکە ڕوویەکی ئاشکراتری واقیعی سیحری هەبوایە پەیوەست بەو خەیاڵە فراوانەی لە بەرهەمهێنانی دەقەکەدا کاری کردووە.

هەروەک چیرۆکنووسە گەنجەکە لە ڕوویەکەوە کە ڕۆمانەکە نووسینەوەی ئۆتۆبایۆگرافیای ئەوە، لە ئاستی نەگوتراودا خەون بە نەمرییەوە دەبینێت، هەر چۆن سلێمانی و میرنشین خەون بە نەمرییەوە دەبینن. دیارە خەونی نەمریش لە بنەڕەتدا سەرچاوەکەی ئەو ترسە سەختەیە کە بوونەوەران بە مرۆڤیشەوە لە مردن و لەناوچوون هەیانە. کەواتە بەو ئەندازەی میرنشین و سلێمانی لە ترسی مردن و لەناوچوون خەون بە نەمرییەوە دەبینن، بۆ ئەوەش دەبێ سنووری جوگرافیای میرنشین فراوان بکرێت، دەشێ چیرۆکنووسە گەنجەکەش ترسی لەناوچوون خەونی نەمری بۆ بەرهەم بهێنێت، بەڵام دیسان دەشێ لە نەستی ئەم چیرۆکنووسە گەنجەدا هەمان ترسی میرنشینی بابان و سلێمانی بۆ لە ناوچوون ئامادەبوونی هەبێت، واتە میرنشین و سلێمانی و چیرۆکنووسە گەنجەکە هەرسێکیان دەترسن لە لەناوچوون، ئەوەش وایان لێ دەکات کە خەون بە نەمرییەوە ببینن.

هەروەک چیرۆکنووســــە گەنــــجەکە دەتوانێـــت لە ڕێـــگەی نووسینەوەی ئۆتۆبایۆگرافیای خۆیەوە لە شێوەی ڕۆمانێکدا لە ئاستێکدا ناوی خۆی لە ونبوون بپارێزێت. لە بەرامبەر ئەمەدا ئەستێرەناسە لاوازەکە دواجار پێشنیاری ئەوە دەکات کە تازە کات درەنگە بۆ ئەوەی لە هەر ڕێگەیەکی ترەوە میرنشین و سـلێمانی نەمـری بەدەسـت بهێـنن، بەڵام دەشـێ: کتێبێـک بنووسرێت نەخش و زەخرەفەکانی لە بابانەوە وەرگیرابێت و بە دەستنووسی بابان بناسرێت، پاشان دەتوانرێت وێنەکێشێک بهێنرێت تا وێنەیەکی میر و سلێمانی بکێشێت (ڕۆمان-ل٣٨). ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێـــت کە ئەستێرەناســـەکە بـڕوای بەوە نەمـاوە کە میرنـشینی بابـان و سـلێمانی نەمـری بەدەسـت بهێـنن، بەڵام دەشـێ لە ئاسـتێکی لاوازدا ناویـان لە مێژوودا بمێنێت. بەڵام ئایا چیرۆکنووسە گەنجەکە کە خۆی بە پشکنینی کتێب و دەستنووسەکانی میرنشینی بابانەوە خەریک کردووە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی شار و میرنشین لە ڕێگەی کتێبەکـانەوە لە میـانەی ڕێکخـستنەوەی بەشـەکانی ئەو کتێـبە نهێنییەوە دەتوانێت نەمری بەدەست بهێنێت. یـان هەر چـۆن جەنگـاوەرە یاخییەکـان کـاتێ مـردن، بوونیـان نەبـوو، بـۆیە نەمـردوون یـان لە مـردن هەڵاتـوون، بە هەمـان شـێوە ئایـا گێـڕانەوەی نهێنیـیەک لە لایەن کەسـێکەوە کە لە ڕاسـتیدا ئەو کەسـە بـوونی نەبووبێـت، دەتوانێـت بـوون بـۆ ئاشـکراکەر و ڕێکخەرەوەی ئەو نووسینە نهێنییانە دەستەبەر بکات؟

### جەنگاوەری یاخیبوو، یان ئیبلیس؟

بێگومان کێشەی نەزانینی شووناسی ئەو جەنگاوەرانەی کە لە مردن یاخی بوون بەگشتی میر و خەڵکی شاری سەرقاڵ کردبـــوو، بە تـــایبەتی کە ڕەفتـــار و هەڵـــسوکەوتی ئەم جەنگــاوەرانە و شــێوەی دزێــو و ناشــیرینیان و بــۆگەن و پیسییان هێندەی تر جێگەی ناڕەزایی خەڵکی شار بوو. ئەم جەنگاوەرانە بەو بارە نائاساییانەیانەوە بە ئارەزووی خۆیان بە شاردا دەسووڕانەوە و سڵیان لە هیچ شتێک نەدەکردەوە و هەموو شتێکیشیان بە هیی خۆیان دەزانی هەر لە خواردن و خواردنەوەوە تا دەگاتە ژن و کچەکان. ئەمەش بێگومان مایەی بێـزاری بـوو. هەروەک خەڵـکەکە بیریـان لەوەش دەکـردەوە ئەگەر ئەم پیاوە مردووانە لەگەڵ ژنەکان بخەون و سکیان پڕ بێت و منداڵیان بێت، ئایا چارەنووسی ئەو منداڵانە چی دەبێت و چۆن دەردەچن؟

ئەوەی لە هەمــووان ســەرقاڵتر بـوو بە دوای دۆزیـنەوەی شوناســی ئەم جەنگــاوەرانەدا، میــری بابــان خــۆی بــوو. لە ڕاستیدا هیچ کەس نەبوو شتێک لە ڕابردووی ئەمانە بزانێت و خۆیـشیان هـیچ یـادەوەرییەکی ڕابردوویـان نەبـوو. ئەوەشـی زیاتر لە هەموو شت مایەی گومان بوو گەڕانەوەی مردوو بوو بۆ ژیان کە ئەوە بە ئاسانی ڕێی تێنەدەچوو. هەر بۆیە زۆر جــار وەهــا لێکــدەدرایەوە کە ئەمــانە لە چیرۆکێکــی ئەفسانەییەوە هاتبنە دەرەوە. یان ئەگەر جەنگاوەری کوژراو بــن، ئەوا دەبێــت لە دۆزەخەوە گەڕابــنەوە. میــر نە خــۆی دەگەیـشتە خاڵێــک کە ســەرەداوێکی لە بــارەی شووناســی ئەمانەوە بۆ ئاشکرا ببێت، نە سەرلەشکرەکانی سوپای بابان و نە ئەستێرەناس و پیاوە ژیرەکانی سنووری میرنشین توانییان

شتێک لەو بارەوە ئاشکرا بکەن. تەنانەت ئەو بۆچوونەشی کە ئەمانە ناوی وەهمی نێو لەشکرەکان بن و لە بارودۆخێکدا بووبنە کەسی واقیعی و بەشداری شەڕیان کردبێت و کوژرابن، دیسان ئەوەش شتێک نەبوو کە بتوانێت جۆرێک لە دڵنیایی دەستەبەر بکات. بەڵام سەرباری هەوڵ و کۆشش و گەڕانی میر و ئەوانەی ڕاوێژی پێ دەکردن ئەو بابەتە بە نهێنی مایەوە. لەگەڵ ئەوەدا دیمەنی دزێو و ناشیرین و ڕەفتاری نالەباری ئەم جەنگاوەرانە لە شاردا بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک شووناسێکیان پێ ببەخشن، ئەویش شووناسی ئیبلیس بوو. بە بۆچوونی خەڵک ئەمان بێجگە لە ئیبلیس هیچی تر نەبوون. یان وەکو ئەوان دەیان گوت ئەمە ئیبلیسە لە بەرگی ئەم جەنگاوەرانەدا هاتووەتە ناو شار و بووەتە مایەی ئەو ئاژاوە و پشێوییە. ئێستا ڕەنگە ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات ئایا ئیبلیس چییە؟ شتێک هەیە بە ناوی ئیبلیس یان ئەویش ناوێکی وەهمییە و بەرهەمی ترس و گومانی مرۆڤە؟ بە هەرحاڵ دەرکەوتنی ناوی ئیبلیس بۆ ئەمانە ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە شار و میرنشین لەبەردەم مەترسی گەورەدان و هاتنی ئەو جەنگاوەرە نائاساییانە کە شووناسی ئیبلیسیان لە لایەن خەڵکەوە پێدرا، بێجگە لە پێشبینیکردنی بەدبەختی و نەهامەتی و دەرکەوتنی ئاماژەی مەرگ و وێرانبوون و لەدەستچوون هیچی تر نییە. کەواتە لە بارێکی تردا دەتوانرێت بگوترێت ئەو فەزایەی لە دەقەکەدا بە هۆی گەڕانەوەی ئەم جەنگاوەرانەوە کە لە مردن یاخی بوون و هیچ شووناسێکیان نییە بێجگە لە ئامادەکردنی زەمینەیەک بۆ ڕووخاندنی میرنشین و وێرانبوونی شار هیچی تر نییە. ئەم سیما ناشیرین و بۆگەنانە هیچ ئومێدێکی باشیان لێ چاوەڕوان

ناکرێت، هەمان شێوەی سیحربازەکانی شانۆگەری ماکبێس کە هەواڵی مەرگ و وێرانکارییان دەهێنا. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئاستی نادیاری دەقەکەدا ئەم جەنگاوەرانەی کە لە مردن یاخی بـوون و بەم شـێوەیە هـاتوونەتە نـاو پـایتەختی میرنـشینی بابانەوە، ئەرکیان هەمان ئەرکی سیحربازەکانی ماکبێس یان ئەو کونەپەپووەیە کە هەواڵـی مەرگ و وێرانـی دەهێنێت. واتە هـاتنی ئەمـان جـۆرێکە لە پـێش هەواڵـی مەرگـی میرنـشین و بەخاکسپاردنی خەونی نەمریی شار.

### شارسازەکەی ناو کتێبخانە نهێنییەکەی بابان

تـاکو ئێـرە گێـڕانەوە لە لایەن کەسـی سـێیەمەوە ئەنجـام دەدرا، کە ئەویـــش کەســـێکە بە ئـــازادییەکی زیـــاترەوە لە دەرەوەی ڕووداوەکـان ڕاوەسـتاوە و درێـژەی ڕووداوەکـان دەگێڕێتەوە. لەم بارەشدا دەشێ زانیارییەکانی گێڕەرەوە، یان ئەوەی دەیگێـڕێتەوە یـان دەیڵێـت زیـاتر بێـت لەوەی کەسـێک دەیزانێت. بەڵام کاتێک گێڕەرەوە خۆی کەسێتییەکی بەرجەستە و ئامـادەی نێـو دەقەکەیە و بە کەسـی یەکەم گێڕانەوە ئەنجام دەدات، زانیارییەکـانی گێــڕەرەوە هەمــان زانیارییەکــانی ئەو کەسێــتییەیە کە بەشــداری ڕووداو و جــووڵەی نــاو دەقەکە دەکات. بە هەرحاڵ لێرەدا نەخشەسازی شار دەبێتە گێڕەرەوە و جـێگەی کەسـی سـێیەم دەگـرێتەوە و بە ڕانـاوی کەسـی یەکەمـی تـاک کـرداری گێـڕانەوە ئەنجـام دەدات. بێگومـان گێـڕانەوەش بە ڕانـاوی کەسـی یەکەم لە هـونەری گێـڕانەوەدا خاسێتی ئەرێنی خۆیی هەیە "باری گێڕانەوە بە کەسی یەکەم لە ئاسـتی یەکەمدا وا دەردەکەوێت کە سروشـتیترین بـار بێت لەنێو هەرسێ بـارە بنەڕەتییەکەی گێڕانەوەدا. دەبێ چـی لەوە

ئاسـاییتر بێت کە تـاکەکەس (وەکـو شـتێکی دیـار و دەگمەنـی شــیاو- ئەوەی کە زۆر خــوێنەر بە هەر ڕێــگەیەک پێــشبینی دەکات) چیرۆکەکە بگێڕێتەوە و لە چیرۆکەکەشدا ئەو شـتێکی ئەنجـام دابێـت یـان شـتێک سـەبارەت بەو ڕووی دابێـت یـان بەلایەنی کەمەوە چاودێری ئەو شتەی کردبێت؟"[٤]. ئێستا ئەو شارسازەی لە کتێبخانە نهێنییەکەی باباندا ژیاوە و سـەرقاڵی دروسـتکردنی کـۆپییەکی تـری سـلێمانی بـووە، خـۆی دەبێـتە گێــڕەرەوە و لەبــارەی خــۆی و نهێنیــیەکەی و نهێنــی نــاو کتێبخانەی بابانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە. ئێمەی خوێنەر لێرەدا کــاتێ چیرۆکــی نێــو کتێبخــانەکە و کــاری ئەم کەسێــتییە دەخــوێنینەوە وەکــو ئەوە وایە خۆمــان گێــڕەرەوە بــین، هۆکارەکەیـشی ئەوەیە کە کـاتێ گێـڕانەوە بە ڕانـاوی کەسـی یەکەم ئەنجـام دەدرێـت، ئاســایی ئەو هەســتە لای خــوێنەر دروست دەبێت. دیارە لەم ڕووەشـەوە بەشداریکردنی خوێنەر لە بەرهەمهێنـانی مانـادا ئاشـکرا دەبێت، کە ئەوەش بەرهەمـی وەڵامــــدانەوەی خــــوێنەرە بــــۆ دەقەکە بە ســــەرجەمی پێکهاتەکانیەوە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو.

شارسازەکە وەها خۆی پێشکەش دەکات کە ئەو بە نهێنی و لەنـاو کتێبخـانەی نهێنـی بابانـدا سـەرگەرمی دروسـتکردنی کۆپییەکی تری سلێمانی بووە بە هەموو خاسێت و بوونی ئەو شارەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانێت بە فریودانی دوژمنان بەو شـارە وەهمییە شـارە ڕاستەقینەکە بپارێزێت. ئێمە نمـوونەی شـاری خەیاڵیمـان هەیە وەکـو شـاری هەرە تەواوی فـارابی و شار یان کۆماری خەیاڵیی تۆماس مۆر، کە ئاشکرایە ئامانج لە پشتی ئەم تێڕوانین و بۆچوونەوە سـەبارەت بە دروسـتکردنی شــاری هەرە تەواو، یــان کۆمــاری خەیــاڵی، دروســتکردنی

شوێنێکی نموونەیی بووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەوپەڕی ئازادی و ئاسوودەییەوە تێیدا بژی. بەڵام لای شارسازەکەی ئێمە مەبەست لە دروستکردنی کۆپییەکی تری شار لە ئاستی یەکەمدا بۆ پاراستنی شارە ڕاستەقینەکەیە لە وێرانبوون و لە پشتی ئەویشەوە ئامانجی دووەم بەدەستهێنانی نەمرییە لە لایەن سلێمانییەوە کە بێگومان ئەوەش ئامانجێکی ئایندەیی لە پشتیەوەیەتی و هەوڵێکە بۆ پاراستنی میرنشین و دەسەڵاتەکەی و فراوانترکردنی و لەوێشەوە پاراستن و مانەوە دەبنە ڕێگەی بەدەستهێنانی نەمری.

بە هەرحاڵ شارسازەکە پرۆژەکەی تەواو ناکات و کەسێک دەیکوژێت کە لە گێڕانەوەکانیدا تاوانی کوشتنەکەی ناڕاستەوخۆ دەخاتە ئەستۆی میری بابان، کاتێک دەڵێت: ئەوەی منی کوشت هەر ئەو کەسەیە کە لە پشت دروستکردن و وێرانکردنی ئەم شارەوە وەستاوە و نەیدەتوانی قبووڵی شارێکی وەهمی بکات کە خۆیشی نوسخەیەکی تری لە خۆی تێیدا هەبێت-ڕۆمان-ل٥٠). دروستکردنی کۆپییەکی تری شار لە لایەکەوە بۆ میر گرنگە، ئەگەر ئەو کۆپییە وەهمییە بتوانێت ببێتە هۆی پاراستنی شارە ڕاستەقینەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا گومانی میر لە کۆپی دووەمی خۆی بە هەموو خاسێتەکانییەوە دەبێتە هۆی شکستهێنانی ئەو پرۆژەیە، ئەگەرچی سەرچاوەکەی خەیاڵێکی ڕەهایەو دەشیا شارسازەکە کە هەر خۆیشی گێڕەرەوەی ئەم بەشەی ڕۆمانەکەیە ئەوەی بزانیایە کە لە کاتێکدا شارێکی دواکەوتووی وەکو ئەو کاتەی سلێمانی و میرنشینێکی لاواز توانای ئەوەیان هەبێت کۆپییەکی وەهمیی شار دروست بکەن بە مەبەستی فریودانی عەجەم و تورک، ئەوا عەجەم و تورک کە ئەو کاتە زۆر لە کورد پێشکەوتووتر

بـوون، دیـاره هەم توانـای تێگەیـشتن و پەیبردنیـان بەو فـێڵە لاوازەی بابـان هەبـووە، هەم بەشـی ئەوەش هێـزی خەیـاڵ و وەهمییـان هەبـووە کە لە ڕووبەری وەهمیـشدا بۆچوونەکـانی کـــورد هەمـــان شـــێوەی ئەوەی لە ســـەرزەمینی واقیعـــی ڕاســـتەقینەدا هەرەس پـــێ بهێـــنن. دیـــارە ســـەرباری ئەم بۆچوونـانەش ئەوەی لە ڕووی ڕاسـتییەوە لەسـەر زەمیـنەی واقیـع هەبـووە مەگەر وەکو غەریـزەی ژیـان ئەگینـا میرنـشینی بابان و هیچ کام لە میرنشینەکانی تری کورد خەونی نەمرییان نەبـووە، ئەگینـا ڕۆحـی گـشتی لە پێنـاوی نەمریـدا یەکـی پـێ دەگرتنەوە و دەبوونە یەکەیەکی یەکگرتووی بەهێز، کە تەنیا یەکەیەکی بەهێزی لەو جۆرە هەڵگری ئومێد و گیانی نەمرییە و لەو پێناوەشـدا ڕۆحـی سـادە و لاوازی گـشتی خـۆی بڵـند دەکات تـا دەگـاتە ئاسـتی گوزراشت لەخـۆکردنی واقیعـانە نەک وێناکردنی بنەماکانی نەمری و مانەوە لە وەهمدا.

دەشێ لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا لێکدانەوەی ئەوە بۆ شارســـازەکە بکرێـــت کە هێمـــا بێـــت بـــۆ مەولانـــا خالیـــدی نەقشبەندی کە تازەکەرەوەی ڕێبازی نەقشبەندی بووە و دیارە مزگەوتـــی خانەقـــاش لە لایەن میرانـــی بابـــانەوە بـــۆ ئەو دروسـتکراوە و بە پێـی هەنـدێ بۆچـوون کە سـاغکردنەوەیان زۆر ئاســـان نیـیە، مەولانـــا خـــاوەنی پـــرۆژەیەک بـــووە بـــۆ یەکخستنی بنەماکانی ڕێبازەکەی و هەستی تا ئەوکاتە لاوازەی نەتەوەیی کورد و دەشێ خاسێتی شارسازیش مەبەست لەوە بێت بە گوێرەی مەولانا خالید کە پێشتر ئێمە بە پرۆژەیەکی لەبـارچوو ناومـان بـردووە[٥]. ڕاکردنـی هەنـدێ لە لایەنگرانـی مەولانا لە ئەستەمبوڵەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ کاروانا زیاتر ئەو بۆچـوونە دەسـەلمێنێت. بەڵام لە ڕاسـتیدا مەولانـا نەکـوژراوە،

بەڵکو شاری بەجێ هێشتووە. ئەم دیمەنەی ڕۆمانەکە جۆرێک لە هاوشێوەبوونی هەیە لەگەڵ ئەو دیمەنەی ڕۆمانی میرنامەی جان دۆستدا، واتە ئەو کاتەی کە ئەحمەدی خانی لە لایەن پیاوانی میری بایەزیدەوە لە مزگەوتەکەیدا دەرمانخوارد دەکرێت و پاشان دەمرێت. بە هەرحاڵ ئەگەر ڕوویەکی زیاتر سۆسیۆلۆجیانە بدەین بە لێکدانەوەی ئەم ڕووداوە، ئەوا دەقەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە مەولانای خاوەن دیدوبۆچوونێکی تا ئەندازەیەک جیاواز لە سەردەمی میرنشینی باباندا، کە دەشێ ویستی فراوانتری بۆ میرنشین و بۆ سلێمانی و بۆ ڕێبازەکەی هەبووبێت، لەسەردەمی میری باباندا و هەر بە نەخشەی میری بابانیش پرۆژەکەی لەباربراوە. دیارە ئەمە لێکدانەوەیەکی زیاتر ڕیالیستانەی مێژووییە و ئاڕاستەیەکی ڕوونیشە لە دەقەکەدا کە ڕیالیستیبوونی وەکو دەقێکی هونەری سنوور و هەژموونی وەهم تەسکتر دەکاتەوە.

هەر لەم بەشەی ڕۆمانەکەدا جارێکی تر کەسی سێیەم ئەرکی گێڕانەوە لە شارسازەکە وەردەگرێتەوە، چونکە شارسازەکە تەنیا ئەو بەشە کەمە دەگێڕێتەوە کە ناساندنی خۆی و پرۆژەکەی و شێوەی کوشتنەکەیەتی. لەوەشدا جۆرێک لە هاوشێوەبوون لەنێوان چیرۆکنووسە گەنجەکە و شارسازەکەدا نیشان دەدات بەوەی کە یەکەمیان خەونی بوون بە جادووگەری هەبووە و دووەمیشیان خەونی دروستکردنی کۆپییەکی وەهمیی سلێمانی. لێرەدا زیاتر خاسیەتی ئۆتۆبایۆگرافیبوونی دەقەکە دەردەکەوێت کە ئەویش بریتییە لە نووسینەوەی یاداشتنامەی چیرۆکنووسە گەنجەکە، کە ئەویش بە جۆرێک هەوڵ دەدات ڕایەڵێک لەنێوان خۆی و شارسازەکە واتە مەولانادا دروست بکات. بەڵام ئەگەری ئەوەی تا چەندێ

ئەوە ڕێـی تێـدەچێت، یـان لەسـەر زەمینـەی واقیـع جـێگەی دەبێتەوە یان نا، ئەوەیان شتێکی ترە. ئەگەر لێرەدا لە پشتی چیرۆکنووسە گەنجەکەوە کەسێتی نووسەری ڕۆمانەکە وەستا بێت، ئەوا دەشێ شووناسی هاوڕێکەشی تا ئەندازەیەک ئاشکرا بێـت بـۆ ئەو نەوەیەی کە ئاگـاداری ئەزمـوونی نووسـینی بەرهەمهێنـی ئەم دەقەن. نەک لە ئاسـتی ئەندێـشەکردنێکی قووڵدا، بەڵکو بە خەیاڵکردنێکی سادە کەسـەکان دەناسنەوە. بەڵام ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات کە ئایا خەیاڵ بە تەنیا چی بەرهەم دەهێنێت ئەگەر بنەمای ئەزموونکردنێکی واقیعیـانەی نەبێـت بەتـایبەتی لەو دەقـانەدا کە بنەماکانیـان چیرۆکـی واقیعـی مێـژوویین؟ چـونکە ئاشـکرایە "ئەزمـوونی تاقیکراوە وامان لێ دەکات بەئاگابین لەوەی کە جیهان وەکو حیکـایەتێکی جـوان تەواو نابێـت"[٦]، کە خەیـاڵ هەمـوو سنوورەکانی نەخشاندووە و سیمایەکی جوانی پێ بەخشیوە و مرۆڤەکـانیش پـشت لە کێـشە و ناخۆشـییەکانی ئەو جیهـانە دەکەن و بە پێـی خواسـت و ئارەزووەکـانی ئێـستایان یـان داهاتوویان بۆ بوون و خۆسەلماندن دەڕوانن و لەوەشدا هەر یەکە بە جۆرێـک ژیـانی خـۆی بە پێـی ویـستە تایبەتییەکـانی یاداشت دەکات و لەو ڕووەشـەوە ڕەنگە جیهانێک لە وەهمدا بینا بکات، بەو ئومێدەی لەوێڕا بوونی خۆی هەست پێ بکات. هەمـان شـێوەی ئەو میـرانەی کە سـنووری دەسـەڵات و قەڵەمڕەوەکانیـان تەسـک و نیمچەوەهمـی بـووە و لەگەڵ ئەوەشدا بە جۆرێک لە خەونی نەمریدا بوون، بەڵام نەشیان ویـستووە لەو پێنـاوەدا قوربـانی بـدەن. بـۆیە سـەرباری پەیوەسـتبوونی ئەوان بە ڕووداوەکـانەوە، کەچـی خۆیـان لە سـەرووی ئەو مێـژووەوە دانـاوە کە بـووەتە چیرۆکـی ئەم

ڕۆمانە، هەر چۆن گێڕەرەوەی ئەم دەقە لە دەرەوەی دەقەکە ڕاوەستاوە و کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات و خۆی بەشێک نییە لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و ڕووداوەکان و جووڵەی گشتی لە ڕۆمانەکەدا لە دەرەوەی ئەو و تەنانەت لە دەرەوەی چیرۆکنووسە گەنجەکە و هاوڕێکەیشیەتی. بۆیە لێرەوە چیرۆکنووسە گەنجەکە لە پاڵ گێڕانەوەی مێژووی بابان و خەونی نەمری سلێمانیدا بەو شێوەیەی کە ئەم دەیبینێت یان دەیەوێت، ویست و خواستەکانی خۆی بۆ نەمریی نمایش دەکات، بەڵام ئەمیش لە دەرەوەی دەقەکەدا ڕاوەستاوە و ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی بە پێی ویستی خۆی دەنووسێتەوە نەک وەکو ئەوەی هەیە کە پاڵنەری پشتی ئەو نووسینەوەیەش خواستی ئەوە بۆ نەمری هەمان شێوەی خواستی سلێمانی بۆ نەمری.

### پیتێکی عەرەبی نەخشەسازی بابان دەکوژێت

گێڕەرەوە لە میانەی گفتوگۆی نێوان مردن و شاگردەکەیەوە لەو کاتەدا کە گیانی شارسازەکە دەکێشن و بکوژەکەش دەبینن چۆن پارچە کاغەزێک لەبەردەمی شارسازەکەدا هەڵدەگرێت و لولی دەکات و دەیکاتە گیرفانیەوە، ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەو بکوژە کەسێک نەبوو، بەڵکو پیتێکی عەرەبی بوو کە شارسازەکەی کوشت. مردن دەڵێت: (ئەو بکوژە کەسێک نەبوو تا بناسرێت، بەڵکو ئەوە پیتێک بوو لە پیتە عەرەبیەکان کە توانیبووی بەرجەستە بێت و شارسازەکە بکوژێت... ئەو شارسازە لەبەر ئەوە کوژرا، چونکە سەرقاڵی دۆزینەوەی شێوەی چەند پیتێک بوو کە لە دەرەوەی پیتە عەرەبییەکانن-ڕۆمان-ل٥٥). هەرچەندە پێشتر

شارسازەکە کوشتنەکەی دەخاتە ئەستۆی میری بابان، بەڵام لێرەدا لێکدانەوەیەکی تر بۆ ئەو کوشتنە دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە پیتێکـی عەرەبـی خاسـیەتی مرۆڤـی وەرگرتـووە و بـووەتە بکـوژ، بەڵام لە پـشتی ئەم بۆچـوونەوە دەلالەتێکـی قـووڵی کولتـووری سیاسـی بەرهەم دێـت، ئەویـش ئەوەیە کە کولتووری عەرەبی بە هەموو شێوەیەک ڕێگری دەکات لە هەر هەوڵێـــک لە ڕووبەری کولتـــووری کوردیـــدا بە ئاڕاســـتەی ڕابوونەوە بدرێت. هەر لێرەوە دەشێ پیتی عەرەبی هێما بێت بـۆ کولتـوور و عەقڵـی عەرەبـی و تەنـانەت هێـزی سـەربازیی عەرەبی کە چۆن بە درێژایـی مێـژووی دەرکەوتنـی ئەلفـوبێی عەرەبـی و بەتـایبەتیش لە دوای هـاتنی ئیـسلام هەوڵـی داوە پرۆســـەی بەعەرەبکـــردن بەســـەر هەمـــوو ئەو کولتـــوور و زمانـانەدا بـسەپێنێت کە دەسـەڵاتی بەسـەریاندا شـکاوە. لێـرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کولتوور و عەقڵی عەرەبی نەک هەر بە زیندوبوونەوەی کولتوور و زمانی کوردی ناڕازی بووە، بەڵکو هەوڵی داوە ئەو کولتوور و زمانە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشێت و ڕێگری تەواوەتی لە زیندووبوونەوەی بکات، واتە کولتووری عەرەبی پاکتاوی ڕیشەیی کولتووری کوردی کردووە و نەک هەر خـودی کولتـووری کـوردی لەنـاو بـردووە، بەڵکـو ئەو کەسانەشی لەناو بردووە کە هەستی ئەوەیان لا دروست بووە کار بکەن بۆ زیندووکردنەوەی کولتوورەکەیان.

گێـڕەرەوە لە بەردەوامـی گێـڕانەوەدا زیـاتر شووناسـی شارسـازەکە و بکـوژی شارسـازەکەش ئاشـکرا دەکـات. ئەو باسی ئەوە دەکات کە شارسازەکە دەیویست کۆپییەکی تری شار یان وێنای شار بە پیتەکان دروست بکات، ئەویش بەوەی کە ئەو پیتانەی لە زمانی کوردی یان زمانی میرنشینی باباندا

هەبوون لە سەر نەخشەی ئەلفابێتی عەرەبی جێگە بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش یەکێک لەو پیتانەی کە تایبەتن بە زمانی کوردی و لە عەرەبیدا نییە و گۆ ناکرێت پیتی (ژ)یە. ئەم پیتە لەو لەوحەی مەحفوزەدا نییە کە گوایە هەموو شتێکی تێدا تۆمار کراوە و ئەوەی لەوێدا نەبێت نارەسەنە و بوونی پێ ڕەوا نابینرێت. دیارە کوشتنی ئەم پیتەش لە لایەن پیتی (ع)ەوە کە ئاشکرا نییە ئایا عەینی عەرەبە یان عەینی عوسمانی، ئەو لێکدانەوەیە هەڵدەگرێت کە ئەو دوو کولتوورە کە سەرچاوەی هەردووکیشیان کولتووری ئیسلامییە، بکوژ و لەناوبەری زمان و کولتووری کوردین و بە هەموو شێوەیەک ڕێگری دەکەن لەوەی لەسەر ئەو نەخشەیەی ئەوانەی کە پێش کورد بە هەر هۆیەکەوە بێت تێیدا بوونەتە خاوەنی شووناسی خۆیان، هەر ئەگەرێکی زیندووبوونەوەی کولتوور و زمانی کوردی هەرەس پێ بهێنن و هەم ئەو بکەرە لەناو ببەن کە بەو ئاڕاستەیە دەیەوێت ڕووداو دروست بکات، هەم ئەوەیشی بەو ئاڕاستە و لەو بوارەدا بەرهەم هاتووە بسڕنەوە و لە ڕەگوڕیشەوە هەڵیکێشن.

ئەوەی گێڕەرەوە وەکو چاودێر لە گفتوگۆی نێوان ئەستێرەناس و ناسخی بابان و گفتوگۆی نێوان مردن و هاوڕێکەیەوە بە ئێمەی دەگەیەنێت، ئەوەیە کە بۆ ئەوەی شتێک لە واقیعدا بوونێکی ڕیالیستانەی هەبێت دەبێت ئەندێشە بکرێت. واتە سەرچاوەی شت یان بووە ڕیالیستییەکان ئەندێشەیە. هەر لەم ڕووەوە ئەستێرەناسەکە باسی ئەو وتەیەی ئیبن عەرەبی دەکات سەبارەت بە دۆزەخ. لەو ڕووەشەوە باسی ئەوە دەکات کە دۆزەخ لە ئەندێشەدا بوونی هەیە، کەواتە ئەگەر لە دەرەوەی ئەندێشەکردن سەیری زۆرێک لە شتەکان بکرێت بە

دۆزەخیـــشەوە، ئەوا بوونیـــان دەکەوێـــتە بەردەم پرســـیار و تەنانەت گومانیشەوە. هەروەک ئاماژەی ئەوەش دەکرێت کە بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت فەرمانڕەوایی بکات، دەبێت ئەندێشەی ئەو بوارە بکات. بە هەمان شێوە شارێک بۆ ئەوەی نەمر بێت، دەبێت خاوەنی ئەندێشە بێت کە لە سنووری ئەو ئەندێشەیە و ئەندێـشەکردندا دەشـێ سـنوورەکان فـراوان بـبن و هەمـوو شـــتەکان ببـــنە خۆیـــان. ئەو کـــاتە ئەگەری ڕووخانـــدن و لەناوچوونیـــان زۆر کەم دەبێـــتەوە. لێـــرەدا ســـەبارەت بە چارەنووسـی بابـان و نەمـری سـلێمانی، ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە میرنشینی بابان وەکو دەسەڵات یان فەرمـانڕەواییەکی نـاوچەیی نەیتوانیـوە ئەندێـشەی فەرمـانڕەوایی بکـات، ئەوەش وای کـــردووە کە ئەو فەرمـــانڕەواییە ســـنووردارە شـــتێکی ڕووتکـراوەی بەرجەسـتە بێـت و لە ڕووبەڕووبـوونەوەی هەر کێـشەیەکدا بەرکەوتـی کـرداری هەبێـت و ئەوەش توانـای بـۆ مـــانەوە و درێـــژەدان بە بـــوونی خـــۆی لاواز بکـــات کە ســـەرئەنجامەکەی لەنـــاوچوونیەتی لە کـــاتێکی زوو یـــان کەمخایەنـــــــدا، کە ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ خەیـــــــاڵی شارسـازەکەدا دەگونجێـت کە ئەو دەیویـست کـۆپییەکی تـری سـلێمانی دروسـت بکـات هەتـا سـەر لە عەجەم و تـورک بشێوێنێت و نەزانن کامە شارە ڕاستەقینەکەیە و هەموو هێرش و نەخشەو پلانەکانیان ڕووبەڕووی شارە وەهمییەکە بکەنەوە، ئەو شـارەی کە ئەگەر دروسـت بکـرایە بەرهەمـی خەیـاڵ و ئەندێشە دەبوو، بەوەش شارە ڕاستەقینەکە دەپارێزرا. لێرەوە ڕۆڵ و کاریگەریی خەیاڵ بە ئاشکرا دەردەکەوێت. دیارە لێرەدا بۆچـوونێکی تـر سـەبارەت بە تێڕوانینـی بەرهەمهێنـی دەقەکە پەیوەست بە دەسەڵات و شارستانێتی و نەمری دەردەکەوێت،

که بە بۆچوونی ئەو بەرهەمهێنانی شارستانێتی یان بیناکردنی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ کە توانای مانەوەی هەبێت یان گەیشتنی شارێک یان دەسەڵاتێک بە ئاستی نەمری وەکو بەرهەمهێنانی دەقێکی داهێنەرانە وایە کە خەیاڵ و ئەندێشەی فراوان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بەرهەمهێنانیدا. واتە لێرەدا ئەو بۆچوونە بەرجەستە دەبێت کە هەر چۆن خەیاڵ لە بواری داهێناندا سەرچاوەی سەرەکییە، هەروەها لە بونیادنانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و شارستانێتی و نەمریشدا دیسان خەیاڵ ڕەگەزی سەرەکییە و بێ ئەو چارەنووسی دەسەڵاتەکان وەکو چارەنووسی دەسەڵاتی بابان دەبێت کە نەیتوانی خۆی لە بەرامبەر فشاری ئەوانی تردا ڕابگرێت، واتە ئەو ئەوانی ترەی کە بێگومان خەیاڵ و ئەندێشە ڕەگەزی دیاری بواری بەرهەمهێنانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و شارستانێتییەکەیان بووە.

### شاری سەروا، شاری بێ خوا

لە ڕێگەی قسەکانی مردنەوە بۆ هاوڕێکەی ڕاستییەکی مێژوویی دەربارەی دروستبوونی چەند جۆرێک لە شار لەناویشیاندا شاری سلێمانی دەدرکێنرێت. هەروەک مردن باسی ئەوەش دەکات کە شارەکان خوایەکی تایبەتی، یان ڕەنگە چەند خوایەکیشیان هەبووبێت، بۆ نموونە لە میزۆپۆتامیای دێریندا کە دەوڵەتی شارۆچکە هەبوو، هەر یەکە لەو شارۆچکانە خوای تایبەتی خۆیی هەبووە. کاتێک ئەم دەوڵەتۆچکانە یەکیان گرتووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و تەنانەت ئیمپراتۆرێتی گەورە، ئەوا لەناو خواکانیشدا یەکێکیان کردووە بە خوای ئەو دەوڵەتە یان ئیمپراتۆریەتە، بۆ نموونە مەردۆخ

کە خودای شاری بابل بووە لە کاتی پێکهاتنی ئیمپراتۆریێتی بابلیدا بووەتە خوای ئەو دەوڵەتە. بەڵام سلێمانی شارێک بووە لە دروستبوونیدا هیچ خوایەکی نەبووە، لەو ڕوانگەیەوە کە شارە دێرینەکان هەر یەکەیان خوای تایبەتی خۆیی هەبووە کە بە بۆچوونی خەڵکەکەی ئەو خوایە ڕۆڵی دیاری هەبووە لە پاراستنی شارەکەدا.

بە گوێرەی سلێمانی لە دوای دروستکردنی و بوونیشی بە پایەختی بابان، نە شارستانێتی و نە خودایەکی تایبەتی و نە فیکر و نە فەلسەفە و نە زانستە جۆراوجۆرەکان لەم شارەدا جێگەیان نەبووە. مردن باسی ئەوە دەکات ئەم شارە هەر چۆن شانازی بە شیعرەوە دەکات، بە هەمان شێوەش لە شیعر دروست کراوە. دیارە سەرچاوەی شیعریش خەیاڵ و ئەندێشەیە نەک شارستانێتی و فیکر و مەعریفەت، نەک عەقڵ. ئاشکراشە بە گوێرەی شار یان دەسەڵات یان گەل و وڵات تەنیا لە ڕێگەی ئامادەبوونەوە شووناسی خۆی بەدەست دەهێنێت کە ئەمانەش بەرهەمی ئەزموونکردنن، ئەزموونی عەقڵانیانە، نەک بەرهەمی ئەندێشەکردن بن. شاریش کە دامەزراوەی کۆمەڵگەی پیشەسازی و بە خاسێتەکانی شارەوە بەرهەمی چینی ناوەندە، بوویەکی ڕیالیستانەیە و ئەزموونی کردەیی دەکات نەک ئەزموونی خەیاڵ. دیارە ئەوەش ئاشکرایە ئەوەی لە ئەزموونی فەرمانڕەوایی باباندا لە هەموو شتێک دیارترە، ئەزموونی شیعری بابانە، واتە دیارترین بەرهەمی ئەم دەسەڵاتدارییە شیعرە، کە لە ڕۆمانەکەدا وەکو سەروا دەناسێنرێت کە ئەوەش خوێندنەوەیەکی وردی مێژوویی سیۆسیۆلۆجییە بۆ پێکهێنانی ئەم شارە و دەشێ لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەشدا ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کە یەکێک لە

هۆکارەکـــانی ڕووخانـــدنی ئەم میرنـــشینە و نەگەیـــشتنی دەســەڵاتەکەی و ســلێمانیش بە ئاســتی نەمــری ئەوە بێـت کە ئەوەندەی فەزای خەیاڵی شیعری دەسەڵاتی بەسەردا کردووە، ئەوەنـدە عەقـڵ تێیـدا ئامـادە نەبـووە. لێـرەوە ئامـاژەیەک بـۆ سروشتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سـەردەمەش دەکرێت وەکو کـۆمەڵگەیەکی ســەرەتایی کە کـۆمەڵگەی خەیــاڵ بــووە نەک کۆمەڵگەی عەقـڵ. دیـسان ئەو بۆچوونەشـی کە شارسـازەکە دەیەوێت لە ڕێگەی خەیاڵ و ئەندێشەکردنەوە کۆپییەکی تـری شــار دروســت بکــات تــا لەو ڕێـگەیەوە بیپارێزێـت، بـێجگە لە هەمـــان بۆچـــوونی دەرەوەی عەقـــڵ هیچـــی تـــر نیـــیە. هەر لێرەشــەوە مــردن باســی ئەوە بــۆ هــاوڕێکەی دەکــات کە ئەم شــارە شــارێکی بــێ شووناســە و بــوونی نیـیە هەتـا نەمـری بەدەسـت بهێنێـت، هەروەک پێـی وایە ئەم شـارە بـوونی نیـیە هەتــا بمرێــت یــان وێــران ببێــت و بڕووخێـت. هەر لێــرەوە هاوشــێوەکردنێک لەنێــوان ئەم شـــارە و ئەو جەنگـــاوەرانەدا دروست دەکات کە مـردوون و لە مـردن یـاخیبوون، کە هـۆی یـاخیبوونەکەی ئەوانـیش دەگێڕێـتەوە بـۆ نەبـوونی شـووناس، هەر وەکو خۆی دەڵێت کەسێک یان شتێک بوونی نەبێت چۆن مردنی دەبێت، واتە لێرەوە پرسیار لەسەر نەبوونی شووناسـی میرنـــــشین و هەروەهـــــا سلێمانیـــــشە. دیـــــارە لە ڕووی سیۆسیۆلۆجیـشەوە ئەو بۆچـوونە بـۆ دەسـەڵاتی کـۆمەڵگە ڕاستە، دەسەڵاتێک دەبێتە خاوەنی شووناس کە تێیدا ڕۆحـی گـشتی لە بڵندبوونیـدا گەیـشتبێتە بەرزتـرین ئاسـتی و بتوانێـت گوزارشــت لە خــۆی بکــات کە ئەمە لە دەســەڵاتی میرنــشیندا فەراهەم نابێت، هەروەهـا شـارێکیش دەبێتە خـاوەنی شـووناس کە ئەو دەسەڵاتە خاوەن شووناسەی تێدا بەرهەم هاتبێت یان

بەشداری لە بەرهەمهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا کردبێت و لەو بوارەدا دەنگ و ئامادەبوونی هەبێت.

ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت کە سلێمانی وەکو ئەوەی بە شاری سەروا ناودەبرێت لە دەقەکەدا، واتە هەمان خەیاڵی شیعری دروستی کردووە و شیعری بابانیشی بەرهەم هێناوە، ئەوا لێکچوونێکی نزیک لەنێوان ئەم بۆچوونە و تێڕوانینی شارسازەکەدا دروست دەبێت بۆ پاراستنی شارەکە لە ڕێگەی دروستکردنی کۆپییەکی وەهمی شارەوە، یان لە ڕێگەی دروستکردنی شارەوە لە پیتەکان. کە ئەم دوو تێڕوانینەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونە عەقڵانییە ژیارییەن کە پێی وایە شووناس لە ڕێگەی ئامادەبوونەوە بەدەست دێت و ئەوەیشی شووناسی نەبێت بوونیشی نییە، هەروەک بەو پێیە مردن و لەناوچوونی شتێک کە بوونی نەبێت مانای نییە هەمان شێوەی بێمانایی بوونەکەی.

## شووناسی شار لە ڕێگەی تامەوە

بێگومان شووناس کۆمەڵێک بنەمای تایبەتی خۆماڵی هەیە کە هەموویان پێکەوە دەبنە هۆی ئەوەی کە تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ بەو شتە یان بەو پێکهاتەیە یان بەو بوونە دەبەخشن کە ببێتە خاوەنی بوونی دیار و ناسراوی خۆی و لەوانی تر جیا بکرێتەوە و هاوکات جۆرێک لە ئامادەبوونیشی پێ دەبەخشن کە بیگەیەنێتە ئاستی خۆسەلماندن لە ڕیز یان لە ئاستی ئەوانی تردا. واتە شووناس لە بوون و ئامادەبوون و تایبەتبووندا پێناسە دەکرێت. لەم ڕووەوە دەقی ئەم ڕۆمانە بە چەند شێوەیەک ئاماژە بۆ ئەو ڕێگەیانە دەکات کە لێیانەوە دەسەڵاتی بابان یان سلێمانی وەکو شار دەشیا لێیانەوە بوونی خۆی

بسەلماندایە و بووبوایەتە خاوەنی شووناسی تایبەتی خۆی. لەسەر زاری مردنەوە باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو حەڵواچییەی ئەو شەوە ئەو و شاگردەکەی هاتوون گیانی بکێشن کە ڕاستتریش ئەوەیە مردن دەیەوێت خۆی گیانی بکێشێت، ئەو حەڵوچییە لە هەوڵ و کۆششی ئەوەدا بووە کە لە ڕێگەی تامەوە بتوانێت شووناس بۆ سلێمانی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەو هەوڵانەی لەو ڕووەوە داویەتی شتێکی ئەوتۆیان بەرهەم نەهێناوە تا سەرئەنجام توانیویێتی لە ڕێگەی ئامادەکردنی تامێکی تایبەتییەوە لەوە نزیک بێتەوە کە تامێک ئامادە بکات تایبەت بێت بە تامی سلێمانی. ئەویش دوای تێکەڵاوکردنی ڕۆحی ئەو تامانەی کە هەیبوون، دوو دڵۆپ لە ڕۆحی تامی فرمێسکی کچە عازەبێکی ڕژاندە سەر ئەو تێکەڵاوەی ڕۆحی تامەکاندا، بەوەش ئەو تامە سیحرییەی دۆزییەوە کە تامێکی تایبەت و پێشتر نەزانراو بوو، ئەویش تامێکی تایبەت بوو بە سلێمانی کە لە ڕۆحێکی پڕ لە عەزابەوە دڵۆپابوو.

بە پێی ئەوەی گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، ئێستا حەڵواچییەکە تامێکی دروست کرد کە بە بۆچوونی خۆی تامی سلێمانی بوو، کە تامێک بوو لە هەموو تامەکانی تر جیاواز بوو، ئەو پێی وا بوو دەیتوانی لە ڕێگەی ئەم تامەوە تایبەتمەندی سلێمانی بپارێزێت، کە ئەوەشی وەکو بەشێک لە شووناسی ئەم شارە سەیر دەکرد. لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم تامە تایبەتییەدا مردن گیانی حەڵواچییەکە دەکێشێت. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت ژیانی مرۆڤ تا ئەو کاتە گرنگە یان پێویستە کە ئەرکێکی لە ئەستۆ بێت ئەنجامی بدات، یان ڕووداوێک دروست بکات، بەتایبەتی ئەوەندەی ڕووداوەکان گرنگن ئەوەندە بکەرەکانیان لە ڕووی مێژووییەوە گرنگ نین.

گرنگیی بوونی حەڵواچییەکە تا ئەو کاتە بوو کە تامێکی تایبەتی بە سلێمانی دۆزییەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو تامە بتوانێت ببێتە بەشێک لە تایبەتمەندی، یان ڕەگەزێکی دیاری شووناسی ئەم شارە.

دیسان ئەوەش جێگەی سەرنجە ئەو ڕەگەزە سەرەکییەی کە بووە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو تامە سیحرییە تایبەتە، فرمێسکی کچێکی عازەب بوو کە دیارە ئەویش دانیشتووی سلێمانی بوو. لێرەوە جۆرێکی تر لە قسەکردن لەسەر ئەو شووناسەی کە بە هۆی تامەکەوە بەدەست دێت دێتە ئاراوە. ئەویش یەکەم فرمێسک کە دەلالەتی لاوزی یان ئازار و کەسەر هەڵ دەگرێت و لە هەمان کاتیشدا فرمێسک لە کولتووری کوردیدا زیاتر پەیوەستە بە ڕەگەزی مێوە کە ئەویش لەم کولتوورەدا بە لاواز سەیر دەکرێت و تەنانەت لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش بە ڕەگەزی دووەم دادەنرێت کە ئەمەش بە جۆرێک ئاماژە بۆ لاوازیی بنەمای ماددی دۆزینەوەی ئەو تامە دەکات کە ئەویش وەکو شوناسی تایبەتی شار سەیر دەکرێت. لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەوە سەرئەنجام ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەو شوناسەی لە ڕێگەی ئەو تامەوە بەدەست دێت شووناسێکی لاوازە. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو فرمێسکانە لە عەزابەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەمەش لە ڕوویەکی ترەوە دەمانباتەوە بۆ ئەوەی ئەم تامە لە ئامادەبوون و خۆسەلماندنەوە بەدەست نەهاتووە، بەڵکو هەر چۆن تاکو ئێستاش کورد لە ڕوانینی ئەوانی ترەوە ئامادەبوونەکەی لە ڕێگەی بەزەیی پێداهاتنەوەوەیە وەکو پێکهاتەیەکی غەدرلێکراو کە لەبری ئامادەبوون و خۆسەلماندن و شارستانێتی، تراژیدیا

و کارەساتەکان وای کردووە ئەوانی تر بەجۆرێک لە بەزەییەوە سەیری بکەن. کە دیارە لەوەشدا ئەم پێکهاتەیە نابێتە خاوەنی شووناس، بە هەمان شێوە لێرەشدا ڕەگەزی سەرەکی بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی کورد فرمێسکی کچە عازەبێکە کە دیارە لەم کۆمەڵگەیەدا ڕەگەزی دووەمە و سەرکوتکراویشە، بۆیە بەرهەمهێنانی ئەو تامە تایبەتییە بە فرمێسکی ئەو وەکو جۆرێک لە خۆنمایشکردنە بۆ بەرچاوی ئەوانی تر بە مەبەستی جووڵاندنی سۆز و بەزەییان کە ئەمەش نابێتە ڕێگە یان بنەمای بەدەستهێنانی شووناس. واتە ئامادەبوونی کورد لە ڕوانگەی ئەوانی ترەوە و ئامادەبوونی سلێمانی لە ڕووی شووناسێکەوە کە تامە، هاوشێوەن و هەردووکیشیان لە سۆز بۆ جووڵاندنی ئەوانی تردا بوونیان هەیە، نەک لە ڕووی خۆسەلماندن و ئامادەبوونەوە.

گێڕەرەوە باسی ئەو کاروانە دەکات کە گوایە میرنشینی بابان ناردوویەتی بۆ ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی جۆرەکانی زانست بهێننەوە بۆ قەڵەمڕەوی میرنشین، بەڵام دوای گەیشتنیان بە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست ناتوانن هیچ ڕێگەیەک بۆ ڕۆژئاوا بدۆزنەوە یان لە ڕاستیدا ڕۆژئاوا دەرگایان لێ ناکاتەوە. ئەگەرچی گێڕەرەوە خۆی ئەزموونی ئەم ڕووداوە ناکات وەکو بەشداربوونی ئەزموونەکە، بۆیە ڕەنگە بەو ئەندازەیە هەست بە ئازارەکانی بەشداربووانی ئەو ئەزموونە بێ ئەنجامە نەکات. هەروەک داخستنی دەرگا و دەروازەکانی ڕۆژئاوا بە ڕووی ئەو کاروانەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ئەندامانی ئەو کاروانە سەر بە کۆمەڵگەیەکن کە هیچ ئامادەبوونێکی نییە لە ڕووی ڕۆژئاوادا، هەر بۆیە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەوانی ڕۆژئاوایی ئامادە و ئەمانی

پەراوێزی ڕۆژهەڵاتی نائامادەدا دروست نابێت. بە مانایەکی تر کـاروانی نەتەوەیەکــی بــێ شـــووناس ناتوانێــت لە دەرگــای شوورای جیهانێکی خاوەن شووناس بدات، چونکە ئەوەی ئەو پەیوەنـدییانە دروسـت دەکـات و ڕێـک دەخـات ئامـادەبوون و خۆســـەلماندنە کە ئەویــش لەســـەر بنەمــای بەشــداربوون لە بەرهەمهێنـانی شارسـتانێتی جیهـانی و ئامـادەبوونی تەواوەتـی دەبێـــت لەنێـــو ئەوانـــی تـــردا کە ئەو ئامـــادەبوونەش بە دروستکردنی ئەو ڕووداوانە دەبێت کە گۆڕانکاری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروست دەکەن.

گێــڕەرەوە باســی ئەوە دەکــات کە ئەو کــاروانەی بەرەو ڕۆژئــاوا ڕۆیــشت، بە نائومێـدی گەڕایەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ خۆی تاعوونی هێنابوو، بڕیار درا هەموو کاروانەکە بە ئەسپ و کتێب و ئەو ئامێری چاپەی کە هێنابوویان و تەنانەت دووان لە موریـدەکانی مەولانـا خالیـدیش کە لە دەسـتی بـابی عـالی هەڵاتبــوون و کەوتبــوونە تەک کــاروانەکە بــسووتێنرێن، بــۆ ئەوەی تــاعوون بە شــــارەکەدا بــڵاو نەبێــتەوە. ئەرکــی ئەو ســـــووتاندنەش بەو جەنگـــــاوەرانە ســــپێردرا کە لە مــــردن هەڵاتبوون. لە ڕاستیدا ئەم دیمەنە ڕووناکییەکی زیاتر دەخاتە سەر باری پشێوی و پڕ لە نیگەرانی شـار و ئەو بڕیـارەی کە لە پێنـاوی مـانەوەی ئەوانــی تـردا دەدرێـت، ئەگەرچــی گیـانی کەسانێک بە شێوەیەکی دڕندانە دەسووتێنرێن. لێرەدا ڕۆیـشتن بەدوای ڕۆژئاوادا نەک هیچی بەرهەم نەهێنا، بەڵکو بووە هـۆی لەدەسـتدانی گیـانی ژمـارەیەکی زۆر لە خەڵـک و دروسـتکردنی فەزایەکی زیاتر لە ترس و نیگەرانی، کە ئەوەش ئەوەندەی تـر بـــاری پـــشێوی شـــار لە دوای کوشـــتنی شارســـازەکە و حەڵــواچییەکە بەرەو نــاهەموارتر دەبــات کە ئەوەش پێــشبینی

ئایندەیەک بۆ ڕووخان و لەناوچوونی تەواوەتی دێنێتە ئاراوە و هیوا و ئومێدی مانەوە و بەدەستهێنانی نەمری لەناو دەبات. تەنانەت گێڕەرەوە باسی ئەوە دەکات یەکێک لەو جوولەکانەی توانای خوێندنەوەی مێژووی شارەکانی هەبووە لەم شارەدا ماوەتەوە و جێگیر بووە، لەبەر ئەوەی پێی وا بووە ئەم شارە شارێکی بێ ڕابردوو و بێ مێژوو و بێ یادەوەرییە. ئەمەش زیاتر بێشووناسی شارەکە نیشان دەدات و ناڕاستەوخۆش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مادەم ئەم شارە شووناسی نییە توانای مانەوەی نییە و زیاتر وەکو شارێکی ئەفسانەیی باسی دەکات. بەڵام وەکو گێڕەرەوە باسی دەکات ئەم جوولەکەیە ئەم نهێنییەی شار ون دەکات. دیارە ئەگەر ئەو نهێنییە ئاشکرا بووایە لای هەمووان ڕەنگە مێژووی شارەکە بە جۆرێکی تر و بە ئاڕاستەیەکی تر بڕۆیشتایە، بەڵام لەگەڵ ونبوونی ئەو نهێنیەدا شارەکە لەو بارە شلۆق و پڕ نیگەرانی و ناجێگیرییەدا لەنێوان مردن و ژیاندا ماوەتەوە. واتە نە وەکو دەسەڵاتی بابان کۆتایی هاتووە نە گەیشتووەتە ئاستی بڵندبوون و توانیبێتی بوونی خۆی بسەلمێنێت و ببێتە خاوەنی شووناس لە ڕووی ئامادەبوونەوە.

### کێشەی ئەو جەنگاوەرانەی لە مردن یاخیبوون

یەکێک لەو کێشانەی کە لە ناوەوە یەخەی میرنشینی بابانی گرتبوو کێشەی ئەو جەنگاوەرانە بوو کە لە مردنی خۆیان یاخی بووبوون و هیچ ڕابردوو و مێژوویەکی زانراویان نەبوو. سەرئەنجام کارە خراپ و سەرکێشییە لە ئەندازەبەدەرەکانیان کە بووبووە مایەی ترس و بێزاری، بووە هۆی ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی گەورەی بەرپرسانی میرنشین بە ئامادەبوونی

میر خۆی. پاش گفتوگۆی جۆراوجۆر ئەوەی بڕیاری لەسەر درا پێشنیارەکانی مێژوونووسی میرنشین بوو. ئەم جەنگاوەرە یاخیانە سەرقاڵ کران بە دوو کارەوە، یەکەمیان هەڵکەندنی خەندەقێک بە دەوری میرنشیندا و دووەمیشیان دروستکردنی زیندانێک بۆ میرنشین. دیارە ئامانجی سەرەکی لەم بڕیارە سەرقاڵکردنی ئەم جەنگاوەرانە بوو کە میر ترسی ئەوەی هەبوو ڕۆژێک دەسەڵاتی لە دەست وەربگرن. لە هەمان کاتدا ئەو بۆچوونەش هەبوو کە هەڵکەندنی خەندەقێکی گەورە دەشێ بتوانێت تا ئەندازەیەک میرنشین لە هێرشی عوسمانی و فارسەکان بپارێزێت. دیارە ئەوەی لێرەدا زیاتر مایەی لەسەروەستانە هێز و توانای ئەم جەنگاوەرانەیە کە بێ ئەوەی شووناس یان ڕابردوویەکیان هەبێت، بوونەتە ئەم هێزە پتەوە. ئایا دەکرێت هێزێکی ئەفسانەیی لەم جۆرە لەخۆوە دروست بووبێت بەبێ ئەوەی هیچ ڕەگوڕیشەیەکی لە ڕابردوو، یان لەناو کۆمەڵگەدا هەبێت؟ ئەمەش ئەو پرسیارەیە کە شووناسی ئەم جەنگاوەرانە بە بۆچوونێکی ئەفسانەیی یان بە خەیاڵ و ئەندێشە دەسپێرێت و دەشێ بوونی ئەو جەنگاوەرانەش هەمان شێوەی ئەندێشەکردنی سوپاکەی ئەحمەد پاشا لە ئەندێشەی سالمدا زیاتر هیچی تر نەبێت و لە بنەڕەتدا ئەم جەنگاوەرە خەیاڵیانە بوونیان نەبێت. هەر چۆن ئەو سوپا خەیاڵییەی بابان کە سالم باسی دەکات ناشێت بەو جۆرە بوونی هەبووبێت.

لە لایەکی تریشەوە لێدانی خەندەق بە دەوری میرنشیندا ناتوانێت میرنشین یان هیچ دەسەڵاتێک لە لەناوچوون بپارێزێت، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بە کردەوە و لە ڕێگەی دروستکردنی ڕووداوەوە نەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت.

هەروەک زیندان یەکێکە لە پێداویستییەکانی هەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەک، ئەوەش سادەیی دەسەڵاتی میرنشین نیشان دەدات کە تا ئەو کاتەی پێویست بوون بە زیندان ناچاری نەکردووە، نەیتوانیوە بیر لەوە بکاتەوە کە پێویستی بە زیندانە. دیسان پرسیار لەسەر ئەو دیدوبۆچوونە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دێتە ئاراوە ئایا زیندان بۆ دروستکراوە؟ ئایا مرۆڤـ شایانی ئەوەیە زیندانی بکرێت؟ ئەگەر زیندان سزایەکە بۆ ئەو کەسەی تاوان دەکات، ئایا باشتر نەبوو مرۆڤایەتی بە شێوەیەک بینا بکرایە کە کەس تاوانی بەرامبەر بەوانی تر نەکردایە، واتە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان لەناو ببرانایە لەبری ئەوەی زیندان بۆ سزادانی ئەوانە ئامادە بکرایە کە تاوان دەکەن.

**هۆکاری کوشتنەکان و نامەی سیخوڕێك**

ئاشکرایە لە ماوەیەکی کورتدا و دوای یاخیبوونی جەنگاوەرەکان لە مردن و ناوبردنیان بە لەشکری خۆڵ بەتایبەتی لە نامەی سیخوڕەکەدا، شارسازەکە و حەڵواچییەکە و ڕەنگسازەکە کوژران. مردن کە زۆرینەی ڕووداوەکان بۆ شاگردەکەی دەگێڕێتەوە باسی ئەوە دەکات کە شارسازەکە پیتێک کوشتی کە دیارە پیتی عەین بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی دەیویست کۆپییەکی وەهمیی شار لە پیتەکان دروست بکات بە مەبەستی پاراستنی شار. حەڵواچییەکە کوژرا، چونکە دەیویست تامێک دروست بکات تایبەت بێت بە تامی شار و شاری پێ بناسرێتەوە. ڕەنگسازەکەش دەیویست شار بە ڕەنگی ئاو ڕەنگ بکات. فەرشچنەکەش ڕەنگی ڕەش دەیکوژێت، کە هەر ڕەگەزێکیش لەمانەی ئەم چوار کەسە

بەرهەمیان دەهێنا، دەبوونە ڕەگەزێکی بەدەستهێنانی شووناس و لەوێشەوە بنەمای مانەوە و تەنانەت نەمری شار دادەنرا. بەڵام دیارە کوشتنەکان مانای کوشتنی خواست و ویستی شارە بۆ نەمری. دیارە هەر یەکە لەم کەسانە لە ئەندێشەکردنەوە دەگەیشتنە ئەو دەرئەنجامانەی کە مەبەستیان بوو، لەم شارەشدا خەیاڵ و ئەندێشەکردن بوونی نەبوو، واتە شارێکی بێ خەیاڵ و بێ ئەندێشە و بێ یادەوەری بوو. سەبارەت بە پرسی کوشتنی ئەم کەسانەش مردن ئاشکرای دەکات کە ئەمان لە مەجازدا مردوون، واتە مردنێکی واقیعییان نەکردووە. مەبەست لە مردنی مەجازیش لێرەدا زیاتر شکستی پرۆژەکانیانە نەک خۆیان. چونکە بوونی ئەوان لەو شتانەدایە کە بەرهەمیان هێناون، بەڵام بەرهەمەکانیان نەگەیشتە ئاستێک کە بتوانێت شووناس بۆ شار بەدەست بهێنێت، ئەمەش مانای نەگەیشتنی پرۆژەکانیانە بەو ئەنجامەی کە دەیانویست و دەشیا لە ڕێگەیانەوە مێژووی شار بە ئاڕاستەیەکی تر بڕۆیشتایە.

دیارە لە کاتێکدا ئەمە بارودۆخی شار و میرنشین بوو لە ناوەوەڕا، هێشتاش لە لایەن بابی عالی و فارسەکانیشەوە وەکو بوویەکی جێگەگومان سەیر دەکرا، هەر بۆیە سەرباری دروستکردنی چەندین کێشە بۆ ئەم شارە و دەسەڵاتدارییەکەی، هێشتا ئەستانە بە گومانێکی زۆرەوە ڕوانیویێتییە ئەوەی لەم شارەدا دەگوزەرێت بەتایبەتی کە ناووناوبانگی مەولانا خالید بڵاو دەبێتەوە و دەگاتە بابی عالی. هەر بۆیە سەرباری چاودێریکردنی مەولانا لە دوورەوە، بابی عالی لە ڕێگەی سیخوڕەوە چاودێری جووڵەی مەولانا دەکات و زانیاری لەبارەوە کۆ دەکاتەوە تا بزانێت چی دەکات و چی

له خەیاڵ و بەرنامەیدا هەیە. له ڕاستیدا ئەوەی که ئێمه پێشتر وەکو پرۆژەیەکی به ناکامی لەناوبرا و به پێی مەولانا ناومان بـــردووە، لەم دەقەدا لەگەڵ بەرجەســـتەکردنی بـــارودۆخی سـلێمانی و میرنـشینی بابـان له سـێ دەیەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەدا جـێگەی بـایەخە و ڕوویەکـی ڕیالیـستانەی دەقەکەیە، بەڵام نووســەر به ئەندێـشە و خەیــاڵێکی فــراوانەوە نیـشانی دەدات. ئەوەش زیـــاتر فەزای دەقەکە له فەزایەکـــی تەنیـــا ئەفسانەییەوە دەکاتە بەشێکی ڕیالیستی سیحری به تایبەتی که ڕەهـاکردنی خەیـاڵ وای کـردووە چەنـدین دیمەنـی ئەفـسانەیی ئەوتــۆ له دەقەکەدا بەرجەســتە بکرێــت که ســلێمانی وەکــو شارێکی دیاری ئەفسانەیی بەرجەستە بکرێت که گومانی تێدا نییە ئەو سلێمانییەی که دەقەکە بەرجەستەی دەکات، به بوونی خۆی و ئەوەی تێیدا ڕوو دەدات و ئەوەی تورک و فارس بۆی دروست دەکەن و ئەو ویست و خواستەی که شارەکە هەیەتی بـۆ گەیـشتن به نەمـری، له سـەرووی ئەوەوەیە که شـارەکە له ڕاسـتیدا هەیبـووە و خواسـتویەتی. ئەمەش له ئاسـتێکی تـردا ویـست و تێڕوانینـی نووسـەرە بـۆ دروسـتکردنی شـارێک که نەمـــری بەدەســـت بهێنێـــت. بـــۆ ئەو مەبەســـتەش له چەنـــد ڕێـــگەیەکەوە دەیەوێـــت بەرەو ئەو نەمریبـــوونە هەنگـــاو هەڵبهێنرێـت، که بـۆ ئەو مەبەسـتەش باشـترین ڕەگەز وەکـو ئـامراز به دەسـتی ئەوەوەیە بـوونی خەیـاڵ و ئەندێـشەیەکی بەرفراوانە که دەشـێ لەو ڕووبەرەدا بتوانێت شـارێکی خەیاڵی یان شارێک له خەیاڵدا یان شـارێکی وەهمـی بەرجەسـتە بکات که جێگەی خواست و ویست و ئـاواتە ڕانەگەیەندراوەکانی ئەو بێت.

**ئەفسانەی لەشکری مردوو، واقیعی نغرۆبوونی شار و میرنشین**

ئەو پێشنیارەی کە مێژوونووسی شار کردی بۆ ئەوەی جەنگاوەرە لە مردن هەڵاتووەکان سەرقاڵ بکرێن بە لێدانی خەندەقێکەوە بە دەوری شاردا، سەرئەنجام شار لە دنیا پەرت دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەماکانی وێرانبوونی دەسەڵاتی بابان لە ناوەوەڕا زیاتر ئاشکرا بین، بە جۆرێک شار و دەسەڵات لە ناوەوە هەرەس بهێنن و کاتێکیش کە سوپای عوسمانی بەرەو سلێمانی دێن، نە ئەو خەندەقەی کە جەنگاوەرە مردووەکان هەڵیانکەندبوو، نە جەنگاوەرە مردووەکان و نە هیچ لەشکرێکی بابان نەیتوانی ڕێگری لە هاتنی سوپای عوسمانی بکات و تەنانەت ئەو سوپا مەشقپێکراوەش کە سالم باسی دەکات کە گوایە لە سەردەمی ئەحمەد پاشادا سوپایەکی بەهێز و مەشقپێکراو هەبووە. کەواتە لێرەوە ئاشکرا دەبێت ئەو جەنگاوەرانەی لە مردن یاخی بووبوون و مایەی سەرئێشە و مەترسی بوون بۆ دەسەڵاتی میرنشین و بۆ خەڵکیش، جۆرێک بوون لە ئەفسانە چونکە نە ئەوەی کە بە حیساب ئەنجامیان دابوو کە هەڵکەندنی خەندەقێکی قووڵ بوو بە دەوری شاردا و نە خۆیشیان کە وەکو هێزێکی ئەفسانەیی خۆیان نمایش دەکرد، نەیانتوانی هیچ بەرگرییەک لە شار بکەن و لەبەردەم تورکەکاندا وەکو جادووی جادووگەران پووچ بوونەوە. ئەمەش دیسان لە ئاستێکی تردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە لە دووانەی بوون/ نەبوون، ئامادەبوون/ ئامادەنەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. لە کاتێکدا تورکەکان بوون و ئامادەبوونیان هەبووە، دەسەڵاتی بابان بە خۆی و میرنشینەکەی و سوپاکەی و جەنگاوەرە لە مردن یاخیبووەکانی و تەنانەت بە شاریشەوە

واتە سلێمانی بوون و ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان نەبووە کە لە ڕووی ئەودا خۆیان بسەلمێنن. هەر بۆیەش وەکو سیحری جادووگەر لە ساتێکی کورتدا هەموو شتێک پووچ دەبێتەوە. بێجگە لە ئەزموونی شیعری بابان و مەولانا خالید و ڕێبازەکەی کە هەم تورکەکان بە جێگەی مەترسییان زانیوە و حیسابیان بۆ کردووە، هەم خۆیشی جیاواز لە شار و میرنشین لە بەردەمی سوپای تورکدا ملکەچ نەبووە و سنووری میرنشینی بەجێ هێشتووە و بەرەو بەغدا و لەوێشەوە بەرەو شام ڕۆیشتووە. ئەگەرچی لە ڕاستیدا شێوازی ڕووخاندنی میرنشین و ڕۆیشتنی مەولانا خالیدیش جیاوازە لەوەی لە دەقەکەدا هاتووە، بەڵام ئەوەی دەقەکە بەرجەستەی دەکات هونەرە و بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەیە و تەنیا سەرچاوەکەی چیرۆکە ڕیالیستییەکانی نێو مێژووی بابان و سلێمانییە کە خەیاڵ چۆنی پێ باش بووە شێواز و سیما و کات و شوێنی ڕوودان و ڕیزبەندیشیانی بەو جۆرە بەکارهێناوە، واتە بە جۆرێک لەگەڵ ئۆتۆبایۆگرافیای بەرهەمهێنی دەقەکەدا بگونجێن.

مردن سەرزەمینی بابان بۆ ماوەیەک بەجێ دەهێڵێت، بەڵام پاشان جارێکی تر و لە سەردەمێکی تردا دەگەڕێتەوە سلێمانی و دەبینێت زۆربەی شتەکان گۆڕاون. جارێکی تر ڕێگەی کتێبخانەی ئەوقاف لەبەر دەگرێتەوە و چیرۆکنووسە گەنجەکە دەبینێتەوە کە سەرقاڵی دۆزینەوەی دوابەشی ئەو کتێبەیە کە لەنێو دەستنووسەکانی باباندا مردن وای کردبوو بشارێتەوە. لە ڕاستیدا مردن ئەمجارەیان بۆ ئەوە هاتووەتەوە کە گیانی ئەو تاکە سوارە لە مردن هەڵاتووە بکێشێت کە لە کاتی سەرقاڵیی جەنگاوەرە لە مردن هەڵاتووەکان ئەو خۆی دزییەوە

و ئەوانی تری بەجێهێشت، ئەوانی تر واتە جەنگاوەرە لە مردن هەڵاتووەکانی تر لە هێرشی سوپای عوسمانیدا هەموویان تیاچوون. ئێستا مردن لە سۆراخی ئەو تاکە جەنگاوەرەدایە و بۆ ئەو مەبەستەش خۆی لە چیرۆکنووسە گەنجەکە نزیک دەکاتەوە بەو ئومێدەی لەناو کتێبەکەدا بۆی بدۆزێتەوە. هەروەک مردن باسی ئەوەش دەکات کە مرۆڤە زیندووەکان کەسیان لە دەستی ئەو دەرباز نابن، بەڵام ئەو جەنگاوەرە تەنیا ناوێکە و لە ئەندێشەدا بەرجەستە بووە، ئەویش تونانی دەستگیرکردنی ناوی نییە، بەڵکو مردن مرۆڤەکان دەکوژێت نەک ناوەکان. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت: یەکەم هیچ دەربازبوونێک لە دەستی مردن نییە و مۆرڤ لە هەر کوێ بێت مردن دەستی پێی دەگات، ئەوەش زیاتر لەو چیرۆکەدا ئاشکرا دەبێت کە باسی وەزیرەکەی سلێمان پێغەمبەر دەکات کە چۆن لە ترسی مردن لەسەر پشتی با دەگاتە هیندستان، بەڵام لەوێ مردن لە کورترین کاتدا گیانی دەکێشێت. ئەمەش دەستەوسانبوونی مرۆڤ لەبەردەم مردندا نیشان دەدات. دووەم ئەوەی مردن دەیکوژێت مرۆڤە نەک ناو، لێرەشدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت ئەوەی نەمری بەدەست دەهێنێت، ناوە نەک مرۆڤ وەکو جەستە. جەستە دەمرێت و تەواو دەبێت، بەڵام هەندێ ناو نەمری بەدەست دەهێنن و مردنیش ناتوانێت ئەو ناوانە بسڕێتەوە.

هەروەک لەم کۆتاییەی ڕۆمانەکەدا کە زیاتر یاداشت یان ئۆتۆبایۆگرافیای نووسەری دەقەکە بەرجەستە دەکات، نووسەر دەیەوێت پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە چیرۆکنووسینیش وەکو بەرهەمی خەیاڵ جۆرێکە لە جادوگەری. ئەم خۆی هەرچەندە لە سەرەتاوە ویستی ئەوەی

هەبووە ببێت بە کیمیاگەر یان بە جادووگەر بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیانەوە بتوانێت نەمری بەدەست بهێنێت، بەڵام نەیتوانیوە، دواجار لە ڕێگەی چیرۆکنووسینەوە ئەو هەوڵە دەدات. کەواتە لێرەدا خواست و ویستی چیرۆکنووسە گەنجەکە بەدوای نەمریدا ئاشکرا دەبێت، کە دەشێ هاوشێوەی خواستی سلێمانی بێت بۆ نەمری. بۆیە لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت کە لە میانەی کارکردن لەسەر چیرۆکی ڕیالیستی دەسەڵاتی بابان و شاری سلێمانییەوە نووسەر ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی دەنووسێتەوە و تا ئەندازەیەکیش خۆی وا پێشکەش دەکات کە ئەم لە ڕێگەی ئەندێشەکردنی بەرفراوانەوە دەتوانێت جۆرێک لە نەمری بەدەست بهێنێت. لە ڕاستیدا لە میانەی نووسینەوەی ئۆتۆبایۆگرافیای خۆیەوە نووسەر هەم ناوی خۆی وەکو کەسێکی دیار و کەسێک کە تەنیایی هەڵبژاردووە و شار و ئاوەدانی لە خۆیدا کوشتووە، خۆی پێشکەش دەکات. لە پشتی ئەم جۆرە ئیشکردنەوە ئیگۆیەکی زۆر بەهێز ڕاوەستاوە کە سەرباری جۆرێک لە دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی نەمری، ئەو ئیگۆ بەهێزە زیاتر خۆی دەبینێت و بینینەکەش دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی ئەوتۆ کە لە جوگرافیای دەقەکەیدا کە لە ئاستێکی تردا دەشێ جوگرافیای کۆمەڵ یان جوگرافیای نووسین بێت، کەسێکی تری ئەوتۆ ئامادەبوونی تێدا نییە. ئەم کەسێتییەش کە بەم جۆرە بەرجەستە کراوە، هاوشێوەی کەسێتی میرانی بابانە کە هەمان ئیگۆی بەهێزیان هەبووە و ئەوەش وای لێ کردوون کە تەنیا خۆیان ببینن و سەرئەنجامیش دوای مردنیان ون ببن. چونکە ئیگۆیزم کە لە ناوەوە پاڵنەرێکی بەهێزی بەدەستهێنانی نەمرییە، لە هەمان کاتدا ئەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئەوی تر دەکات و

ئەوەش ڕێگـر دەبێـت لەسـەر بەدەسـتهێنانی نەمـری لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتی یان لەنێو مرۆڤەکانی تـردا. بۆیە ئیگـۆیزم تەنیا مەگەر لە ناودا وەکو لە بوونی ئەندێشەیی جەنگاوەرە لە مـردن یـاخیبووەکەدا نەمـری بەدەسـت بهێنێـت، ئەگینـا لە ڕووبەری ڕاسـتەقینەی بەدەسـتهێنانی نەمریـدا کە کـۆمەڵگەیە ئەوە بەدەست ناهێنێت.

**پەراویزەکان:**

١- ڤەنسان ژووڤ بووتیقای ڕۆمان، وەرگێڕانی دکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، هەولێر، دەزگای ئاراس، ١٩٩٨، ل، ٤٠

2 -Burwick، Fredrick، Illusion and the Drama: Critical Theory of Enlightenment and Romantic Era، Univeristy Park، 1991، p.16. and Christoph Bode، the Novel، Blackwell، 2011 ، p.42

3 -Christoph Bode، The Novel، tran.by James Vigus، Wiley Blackwell، 2011، p. 70.

4 -Christoph، the Novel،Tran.، by james Vigus، p. 120.

٥- عەتـا قەرەداخـی، سـلێمانی زەمیـنەی سـەرهەڵدانی تەسـەوف و ململانێ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٣٦.

6 -Ann B. Dobie، Theory into Practice، Fourth Edition، Australia،2015، p.

# ئەو پیاوەی درەختێك بوو
# لەنێوان خەیاڵ و جووڵەی میکانیکیدا

-١-

(ئەو پیاوەی درەختێک بوو) ڕۆمانێکی (گۆران باباعەلی)یە کە ساڵی ٢٠١١ لە دەزگای چاپ و پەخشی ئەفسانە چاپ کراوە. چیرۆکی ڕۆمانەکە باسی لاوێکی وێنەگر دەکات کە لای وێنەگرێک بۆ ماوەیەک شاگرد دەبێت، ڕۆژێک لەبەر ئەوەی دوادەکەوێت وەستاکەی دەری دەکات. ئەویش بە کامێرایەکی وێنەگرتنی خێرا و ڕۆژانە بە پایسکیل دەچێتە سەرچنار و چەمی قلیاسان و وێنەی خەڵک دەگرێت. لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت کە ئەم کوڕە وێنەگرە تەنیا باوکێکی کەم ئەندامی هەیە. ڕۆژێک دەچێتە چەمی قلیاسان و لەبن دارێک دادەنیشێت و دەخەواتەوە، لەو کاتەدا شتێکی سەیر دەبینێت کە لە ئاوەکەوە دێتە دەرەوە، ئەویش مرۆڤێکی ڕووتە کە تەنیا بە گەڵایەکی گەورە عەورەتی خۆیی داپۆشیوە. زۆر بە لایەوە سەیر دەبێت. ئەم هەواڵە وردەوردە لەناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە و هەندێ کەس وەکو لاوێکی ڕووت باسی دەکەن و

هەنـــدێکی تـــریش وەکـــو درەختێـــک باســـی دەکەن کە دەســـوورێتەوە. باســـی ئەو درەخـــتە گەڕۆکە، یـــان ئەو لاوە ڕووتە بـووە باسـی نـاو خەڵـک و هەر کەسـە و بە جۆرێـک دەیگێڕایەوە. بەشێک لە خەڵک وێنەگرەکەیان بە دروستکردنی ئەوە تاوانبـار دەکـرد و هەنـدێکی تـریش پێیـان وابـوو کە ئەو وێنەگرە هیچ گوناهێکی نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەوی وێنەگر یەکەم کەس بووە ئەو لاوە ڕووتە یان ئەو درەختە جووڵاوەی بینیوە.

ئەم هەواڵە هەموو شـاری گرتەوە و تەنـانەت بـووە بـابەتی وتاری ڕۆژی هەینی وتاربێژی مزگەوتی گەورە. دیارە وتاربێژ بە شـتێکی سـەیر و خـراپ باسـی دەکـات و ئەوەش بە ئەرکـی هەر کەسێک دەزانێت ئەگەر ئەو نمـوونە سـەیرەی بینـی بیداتە دەستی پۆلیس. تەنـانەت قسەکانی وتـاربێژی مزگەوتـی گەورە بـووە هـۆی ناچـارکردنی پارێزگـار کە بڕیـاری دەسـتگیرکردنی لاوە ڕووتەکە دەربکات.

لەبەر ئەوەی زۆر کەس دەرکەوتنـــی ئەو لاوە ڕووتەیـــان دەخستە ئەستۆی وێنەگرەکە، بۆیە ماڵەوەی بەجێ هێشت و لە ماڵی هاوڕێیەکی کۆنی خۆی دەمایەوە و شەوانیش دەردەچوو بـۆ ئەوەی بەدوای لاوە ڕووتەکەدا بگەڕێـت. هەر ئەو کاتـانە هـاوڕێیەکی کچـی سـەردانی وێنەگـرەکەی دەکـرد کە ئەم تەنیـا وەکو هاوڕێیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو کـچەدا دەکـرد، بەڵام هاوڕێ کوڕەکەی کە ئەم لە ماڵی ئەواندا دەمـایەوە، پێـی گـوت کە دەشێ ئەو کچە خۆشیبوێت. ئەم قسەیە وێنەگـرەکەی وریـا کـــردەوە و هەرچەنـــد ڕێگەیەکـــی نەدەدۆزیـــیەوە لێـــیەوە خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو ئاشکرا بکـات، بەڵام سـەرئەنجام بە جۆرێک ئەوەی لای کچەکە درکاند، ئەوەش کاتێ کە دووبەدوو

لە ماڵی هاوڕێکەی بوون. ئێوارەیەک وێنەگرە لاوەکە و هاورێکەی دەچنە دەرەوە بۆ خواردنەوە، پاشان کە شەو درەنگ دەبێت پیاسەیەک دەکەن. وێنەگرەکە لە نزیک ئەمنەسوورەکە کە مەست دەبێت توانای ڕۆیشتنی نامێنێت. لەوێ جارێکی تر لاوە ڕووتەکە کە بووە بە درەخت دەبیننەوە، بەڵام کامێراکەی پێ نابێت وێنەی بگرێت. پاشان بە تاکسییەک دێنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام دواتر ئاسایش یان چەکدارەکان لە ڕێگەی ئەو تاکسییەوە ئەو ماڵەیان دۆزییەوە کە دوێنێ شەو وێنەگرەکەی بۆ گەڕابووەوە لەگەڵ هاورێکەیدا، بەڵام پێش گەیشتنی چەکدارەکان بە دە خولەک وێنەگرەکە بەدەم سەرئێشەوە کامێراکەی هەڵگرت و چوو بۆ لای ئەمنەسوورەکە تا وێنەی درەختەکە بگرێت. کاتێ گەیشتە ئەوێ درەختەکە لەوێ نەمابوو. ئەو چووە لای پاسەوانی ئەمنە سوورەکە. ئەو کاتە گوێیان لە خشەیەک بوو لەنێو یەکێک لە دەبابە کۆنەکانەوە دەبیسترا، ئەو سەرکەوت تا بزانێت ئەو خشەیە چییە، بەڵام لەو کاتەدا چەکدارەکان گەیشتنە ئەوێ و دەستگیریان کرد. پاشان پاسەوانەکە سەیری ناو دەبابە کۆنەکەی کرد لاوە ڕووتەکەی تێدا بینی، بە تاکسییەک بردییەوە بۆ ماڵی خۆی. لەوێ بەجێی هێشت و خۆی چوو بۆ دوکانەکەی. ئێوارە هاتەوە کەوتە ئامادەکردنی نانی ئێوارە. ئەو کاتە هێشتا لاوە ڕووتەکە خەوتبوو. کابرای دوکاندار خۆی ڕووت کردەوە و چووە تەنیشتی، بەڵام لاوەکە هەستا و بەشێکی ئەو گەڵایەی عەورەتی پێ شاردبووەوە بەر دەستی پیاوەکە کەوت و بریندارى کرد. لاوە ڕووتەکە ویستی ڕابکاتە دەرەوە، بەڵام ڕێگە نەبوو خلیسکا و کەوت بەسەر پیاوەکەدا، لەو کاتەدا بووەوە بە درەخت و ڕەگ و لقی بە

هەمــــوو لایەکــــدا لێــدا و پیـــاوەکە کەوتە ژێـــر قورســـیی درەختەکەوە. خەڵک هاتنە ناو ماڵەکەوە، بەڵام کاتێ پیاوەکەیان لەژێر قورسیی درەختەکەدا دەرهێنا مردبوو، درەختەکەش بە ڕەگ و چڵەکانی هەموو ژوورەکەی داگیر کردبوو. دوای ئەوە خەڵکەکە تەرمی دوکاندارەکەیان برد بۆ مزگەوت. درەختەکەش خۆی کۆکردەوە و لە ماڵەکە ڕۆیشتە دەرەوە. لە پیرمەسوور لە بەردەم ماڵێکدا وەستا، لە پەنجەرەکەوە بینی دوو کچ بۆ یەکتر دەدوێن و بە قسەکاندا زانی یەکێکیان ئەو کچەیە کە پێش دوو شەو لەگەڵ وێنەگرە لاوەکە بوو. لەو کاتەدا پیاوێک بە دارشـەقەوە هـاتە دەرێ و بەم کـچەی گـوت کە کـوڕەکەی گیراوە. دیارە ئەوە باوکی وێنەگرەکە بوو. وێنەگرەکە پاش چوار ڕۆژ بەربوو. پاشان ژنێک بەدوای وێنەگرەکەدا دەگەڕا تا بزانێت لە کوێدا ئەو لاوە ڕووتەی بینیوە. ژنەکە چووە ئۆفیسی ئەو ڕۆژنامەی کە کچە ڕۆژنامەنووسەکە شتی لەو بارەیەوە بڵاو کردبووەوە. دواتر بە قسەکانی ژنەکەدا دەرکەوت کە ئەو لاوە ڕووتە دەشێ منداڵەکەی ئەو بێت کە بە ساوایی ونی کردبوو. پاشان کچە ڕۆژنامەنووسەکە بۆ سۆراخکردن چووە قلیاسان پیاوێک پێی گوت ئەو زووتر ئەو منداڵە ساوایەی کە ژنەکە پرسیاری لەبارەوە کردبوو، بەدەم سەگێکەوە بینیبووی.

لاوە ڕووتەکە لە شـــێوەی درەختێکـــدا چـــووە بەردەم مۆزەخانە، لەوێ کوڕە وێنەگرەکە ناسییەوە، کە ئەوەی وەستا بوو ئەو بوو نەک درەخت. ویستی وێنەی بگرێت، بەڵام تا فریاکەوت ئەو ڕۆیشت و خۆی گەیاندە باخی گشتی. کە بەیانی زوو باخەوانەکە هات، بردییە ژوورەکەی خۆی و بەتانییەکی پێدادا و سۆپاکەی بۆ داگیرساند بۆ ئەوەی گەرمی بێتەوە. پاش هەفتەیەک لاوە ڕووتەکە لە ئێوارەیەکی درەنگدا

باخی گشتی بەجێ هێشت و بەرەو شەقامی مەولەوی ڕۆیشت، لەوێ لە بەردەم دوکانێکی تابلۆ و وێنە و مۆمیاکردنی ئاژەڵ و باڵندەدا ڕووا کە ڕوناکییەک لە ژوورەوە دەهاتە دەرەوە. لەو کاتەدا کۆمەڵێک چەکدار هاتنە سەر دوکانەکە و دوای ئەوەی پشکنییان، کە هاتنە دەرەوە بینییان ئەو درەختە لەبەر دەرگاکەدا نەماوە کە پێشتر یەکێکیان لێی هەڵکەوت. لاوە ڕووتەکە بەرەو ژێر پردەکە ڕۆیشت، لەوێش پیاو و منداڵێکی لە بارێکی نائاساییدا پێکەوە بینی. کە ئەوان ئەمیان بینی بەرەو مزگەوتی گەورە ڕایان کرد، ئەمیش بەدوایاندا ڕۆیشت. لەوێ پۆلیس بۆیان دابەزین، بەڵام ڕێگەیان بە پیاوەکە دا بڕوات و منداڵەکەیان گرت. ئەو شەوە درەختەکە لە چەند شوێنێکی تری شار پاسەوانەکان و ڕووداوی جۆراوجۆری تری بینی. دواجار لاوە ڕووتەکە خۆی گەیاندە نهۆمی دووەمی ئەو خانووە کۆن و دارماوەی لەسەر بەلەدیەکە بوو. لەوێ خەڵک دەستگیریان کرد و گەیەندرایە بنکەی پۆلیسی ئیجرام بۆ لێکۆڵینەوە. لەوێ بە مشار و کەتەر و تەور درەختەکەیان پارچەپارچە کرد. ئەوەی خەمگین بوو بۆ درەختەکە دەگریا تەنیا وێنەگرە لاوەکە بوو. کە ئەویش دواتر بینی باخەوانەکەی باخی گشتی هات بەسەر چڵ و پۆپی براوەی درەختەکەدا گریا و پاشان چڵێکی لێ برد کە دیارە بۆ ئەوەی بوو بیڕوێنێت. پاش ماوەیەک وێنەگرە لاوەکە و کچەکەی هاوڕێی لەژێر درەختێکی بالابەرزی باخی گشتیدا پێکگەیشتن کە نەمامی لاوە ڕووتەکە بوو.

-٢-

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە لەسەر بنەمای جۆرێک لە میتامۆرفیس بونیادنراوە. کە ئەوە ئاشکرایە کەسێکی نێرینە بووە بە درەخت، کە هەندێجار لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەردەکەوێت کە مرۆڤە، بەڵام بە گەڵایەکی گەورە عەورەتی خۆی دادەپۆشێت، یان هەر بە سروشتی ئەو گەڵا پانە عەورەت و شان و مل و هەندێ بەشی تری جەستەی دادەپۆشێت و دەئاڵێت لە جەستەیەوە. ئایا سەرچاوەی ئەم میتامۆرفیسە چییە و چۆنە؟ دیارە ئەوە لە ئاستی دیار و نادیاری دەقەکەدا نادۆزرێتەوە. تەنیا ئەوە نەبێت کە لە گەڕانی ژنەکە بەدوای وێنەگرە لاوەکەدا و لەو چەند ڕستەیەی کە پیاوێک لە چەمی قلیاسان بە ڕۆژنامەنووسە کچەکەی دەڵێت کە گوایە کۆرپەلەیەکی بینیوە بە دەمی سەگێکەوە بووە و پێدەچێت لاوە ڕووتەکە کە دەبێتە درەخت لە بنەڕەتدا ئەو ساوایە بووبێت، هیچی تر لەو بارەیەوە ئاشکرا نییە. بەتایبەتی هۆکاری ڕوودانی کرداری گۆڕینی مرۆڤێک بۆ درەختێک نەزانراوە. لە ڕوویەکی تریشەوە گەوهەر و ماهیەتی پرۆسێسی میتامۆرفیس ئەوەیە کە مرۆڤ بگۆڕێت بۆ شتێکی ناشیرین، دزێو، ترسناک. هەروەک چۆن لە لای کافکا مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ قالۆنچە. هەروەها هۆکاری دیارو ئاشکرای ڕوودانی کرداری میتامۆرفیس ئەو زەمینە ماددی و ڕۆحییەیە کە وا دەکات مرۆڤ خۆی لە خوار ئاستی مرۆڤبوونیەوە ببینێت و هەست بە ناکارایی و بێدەسەڵاتی خۆی لە ئاستی دەوروبەر و ئەو زەمینەیەدا بکات کە تێیدا دەژی، بە جۆرێک کە ئەو زەمینەیە بیگەیەنێتە ئاستێک کە هەست بکات لە بوونە مرۆییەکەی خۆی بە هەموو مانایەک و لە هەموو ئاستێکدا ڕووت دەکرێتەوە.

لێرەدا مرۆڤێک دەبێتە نیمچەدرەخت و بە نیمچەمرۆڤیش دەمێنێتەوە، کە درەخت هێمای زیندەگانی و جوانی و پاکژییە. ڕاستە مرۆڤ لە ڕووی بەهاوە لە هەموو ڕەگەزەکانی نێو گەردوون پڕ بەهاترە، بەڵام ئەگەر هۆکارەکانی هاتنی گۆڕانکاری بەسەر مرۆڤدا خراپیی دەوروبەر و سووککردنی بەهای مرۆڤ بێت، ئەوا لە ڕووی لۆجیکییەوە دەبێ ئەو گۆڕانکارییە وەکو کاردانەوەیەک بێت بۆ ئەو بارە نائاساییە یان کەوتنە بارێکەوە بێت کە بە هەستە مرۆییەکانیەوە ببێتە ڕەموزنێک یان قالۆنچەیەک کە لەوێشدا ئازارەکانی مرۆڤ و ناکارایی و بێدەسەڵاتی ئەو دەردەخرێت. خاڵێکی تریش هەر کە پێویستە لەم دەستپێکەدا لەبارەی جووڵەی درەختەکەوە بگوترێت ئەوەیە کە ئەو زەمینەیەی بۆ جووڵەی درەختەکە ئامادەکراوە، لە دەقەکەدا کە دەبێ زەمینەیەکی فانتازی ئەو تۆ بێت کۆی جووڵەی درەختەکە تێیدا بە سروشتی بێتە بەرچاو، ئەو زەمینەیەش بوونی نییە، بۆیە جووڵە و شێوازی جووڵەی درەختەکە نائاسایی دەبینرێت و قایلکەر نییە. ئەمە بێجگە لەوەی ڕەگوڕیشەی مێژوویی ئەم کەسێتییە نادیارە و هەر بەو پێیەش هۆکار و چۆنێتی گۆڕانی بۆ درەخت نادیار و نەزانراوە، کە ئەمەش زیاتر لەوەی کە شێوەی میتامۆرفیسێکی کافکاییمان پێشکەش بکات، دەرکەوتنی جۆرێک لە فریشتە یان جنۆکەمان وەبیر دێنێتەوە. کە ئەوەش زیاتر بنەمای فانتازی دەقەکەی لاواز کردووە و کرداری گێڕانەوە زیاتر وەکو قسەی ئاسایی دەردەکەوێت، نەک وەکو گێڕانەوە لە دەقێکی هونەریدا.

گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی سێیەمە، کە لەم جۆرەی گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە ڕۆڵی چاودێر دەبینێت بەسەر کەسەکان و ڕووداوەکانەوە. هەرچەندە لە هەندێ باردا دەشێ

شووناسـی گێـڕەرەوە تـێکەڵاوی شووناسـی نووسـەر ببێـت، بەتایبەتی لەو دەقانەدا کە ڕووداو ڕووبەرێکی زۆر کەم داگیر دەکات و کەسێتییەکان خاوەنی تایبەتمەندی ئاشکرای خۆیان نـین، بە جۆرێـک کە هەسـت دەکرێـت ئەوەی گێـڕەرەوە دەیگێڕێتەوە و ئەوەی کەسێتییەکان دەیڵێن گێڕانەوە و گوتنی نووسـەرە بەتایبەتی لەو دەقانەدا کە زۆر شت دەهێنرێتە ناو دەقەکەوە و لەسـەر زمـانی گێـڕەرەوە، یـان کەسـەکانەوە دەگوترێن کە زەمینە بۆ گێڕانەوەی ئەو شتانە یان بۆ گوتنیان لەبار نییە و ئامادە نەکراوە و تەنانەت هەست دەگرێت ئەو بەشانە لە گێڕانەوە و گوتن لە دەقەکەدا زیادەن و نووسەر بۆ زیـاتر سـەپاندنی دیـدوبۆچوون و ڕوانینـی خـۆی هێنـاونی، ئەویش یان لەسەر زمانی گێڕەرەوەوە دەگوترێن، یان لەسەر زمـانی کەسـێتییەکانەوە دەدرکێنـدرێن. لەم ڕووەوە دەقـی ئەم ڕۆمانە بە ئاشکرا هەژموونی نووسـەری وەکو دیدوبۆچوون پێوە دیارە و هەست دەکرێت لەبری ئەوەی ئازادی درابێت بە کەسـەکان وەکـو خۆیـان بجـووڵێن و بـدوێن و کـار بـکەن و ڕووداو دروسـت بـکەن، بە پێـی هێڵکـاری و نەخـشەیەکی دەرەوەی دەقەکە و لە دەرەوەی ئەوەی جیهـانی بونیـادی دەقەکە دەیخوازێـت ئەفرێنـدراون. دەشـێ هۆکـاری سـەرەکی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتەی کە زەمینەیەکی ڕەخسێنراو و فەزایەکی لەبار ئامادەنین بۆ ئەوەی کرداری میتامۆرفیس بە شێوەیەکی قایلکەرانە بگاتە ئەنجام، کە هێڵی سەرەکی بونیادی ڕۆمانەکە لەسەر ئەو پرۆسێسە بینا کراوە و هەر بەو پێیەش شانبەشانی کرداری گێڕانەوە پرسیار و جیهانبینی دەقەکەش پەیوەستن بەو پرۆسێسەوە و نائاساییبوونی پرۆسێسەکە زۆر شتی تر پەیوەست بە هێڵی سەرەکی ڕۆمانەکەی کردووەتە

شتی نائاسایی پەیوەست بە جیهانی دەق و گواستنەوەی بۆ دەقێکی هونەری زیندوو.

گرێچن لەم دەقەدا ڕاستە تا ئەندازەیەک لەسەر شێوازی گرێچنی ئەرستۆیی چنراوە، بەڵام شێوازی گێڕانەوەی ئاسایی لە بارێکدا و پچڕاندنی کرداری گێڕانەوە و لە پڕ گۆڕینی بۆ بارێکی تر و ئاسۆییبوونی جووڵەی ڕووداوەکان و دیارنەبوونی خاڵێک وەکو لوتکەی هەڵچوونی ڕووداو و بەدوای ئەوەشدا بە هۆی لاوازی هەڵچوونی ڕووداوەوە لاوازبوونی جووڵەی بە ئاڕاستەی دابەزین و کۆتایی ڕووداوەکان، بەگشتی هاوشانن لەگەڵ نائاساییبوونی کرداری شێوە میتامۆرفیسدا کە دەتوانرێت بگوترێت هێڵی سەرەکی ڕووداو کە پەیوەستە بە کەسێتی مرۆڤە بەدرەختبووەکەوە، بنەمایەکی دیوئێکس ماشینی هەیە، واتە بنەمایەکی میکانیکانەی تا ئەندازەیەکی زۆر دوور لە ئەگەری ڕوودان یان دەرەوەی شیان، تەنانەت لە فراوانترین فەزای خەیاڵ و ئەندێشەشدا ئەگەری ڕوودانی یان بەرجەستەکردنی لاوازە.

گێڕانەوە کە بە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە، ڕاستەوخۆ لەم دەقەشدا وەکو هەر دەقێکی تر کە هەمان شێوەی گێڕانەوەی هەبێت، گێڕەرەوە لە دەرەوەی دەقەکە ڕاوەستاوە و کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات و کەسەکانیش یان بە ناوی خۆیانەوە یان بە ڕاناوی کەسی سێیەم ناودەبات. هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت کە گێڕەرەوە ئازادییەکی تەواوی جووڵەکردنی هەیە بە پێی کات و شوێنی ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا و ئەو وەکو ڕوانگەیەک ڕووداو لە کوێ ڕوو بدات و کەسێتییەکان لە کوێ بن و لە هەر کاتێکدا بێت ئەو لەگەڵیاندایە. هەروەک لەم دەقەدا گێڕەرەوە یاری دەکات

لەنێــوان گێــڕەرەوەی خــاوەن زانیــاری زۆر و گێــڕەرەوەی خــاوەن زانیــاری ســنووردار. ســەبارەت بە چــۆنێتی گــۆڕانی کەسێک بۆ درەخت یان بۆ لاوێکی ڕووتی بە گەڵای درەخت عەورەت داپۆشـراو، زانیـارییەکی سـنووورداری هەیە. هاوکـات سەبارەت بە جووڵەی ئەو مرۆڤە بەدرەختبووە و زۆرێک لەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن و هەنــــدێک لە کەســــانی نــــاو ڕۆمانەکە و جووڵەی کەسـەکان، ڕۆڵی گێڕەرەوەیەکی خـاوەن زانیاری تەواو دەبینێت.

## پەیوەندی نێوان چیرۆك و گێڕانەوە

پەیوەندی نێوان چیرۆک و گێڕانەوە وەکو چەمکێک زیـاتر لای جیرار جێنێت شێوازێکی تەواو بەرجەستەی وەرگرتووە، بەڵام پێــشتر فۆرســتەر پێــی وایە: چیــرۆک گێــڕانەوەی ڕووداوەکــانە بە ڕیزبەنــدییەکی ڕۆژانەیــی تەواو[1]. هەروەک گێــڕانەوە بــریتییە لە ڕێکخــستنی زنجیــرەیەک ڕووداو بــۆ پێکهــاتەیەکی چیرۆکــی[2]. واتە دەتــوانین بڵێــین گێــڕانەوە پێشکەشکردنی چیرۆک (داستان)ە یـان بەچیرۆککـردنە. دیـارە چیــرۆک یــان ڕۆمــان کۆمەڵێــک ڕەگەزی ســەرەکی هەیە کە گێڕانەوەش پەیوەستە بەو ڕەگەزانەوە کە بـریتین لە گـرێچن و کەسـێتی و کـات و شـوێن و ڕووداو. هەمیـشە گێـڕانەوە لە شوێندا ئەنجام دەدرێت و کاتی گێڕانەوە و کاتی گێڕراوەش هەن. "یەکێک لە تەکنیکە هەرە گرنگەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا -کە لەوانەیە لە هەمــوو تەکنیکەکــانی تــر گرنگتــر بێــت- بەکارهێنانی کارامانەی کاتە"[3]. ئەو کاتەی کە چیرۆکێکی تێدا دەگێڕرێتەوە پێی دەوترێت کاتی گێڕانەوە، کە دەشێ ئەم کاتە هەر ئەو کاتە بێت کە خوێنەرێک پێویستێتی بۆ خوێندنەوەی

چیـرۆکەکە. هەر لێرەشــەوە دەردەکەوێـت کە کـاتی گێـڕانەوە جێگیـر یـان دیـاریکراو نیـیە، چـونکە گێـڕەرەوە و تەنـانەت خـوێنەریش جۆراوجـۆرن. بێگومـان مـادەم گێـڕەرەوە چیـرۆک یان داستان دەگێڕێتەوە، بەو پێیە لە بەرامبەریشدا بۆگێڕەرەوە هەیە، کە ئەویـش بـۆگێڕەرەوەیەکی واقیعیــیە کە لە دەرەوەی دەقەکەیە، لەگەڵ بۆگێڕەرەوەیەک کە لەنـاو پێکهاتەی دەقەکەدا بـوونی هەیە، کە دەشـێ بۆگێڕەرەوەش بە خـوێنەر نـاو ببرێـت واتە خـوێنەری دەرەوەی دەق و خـوێنەری نــاو دەق، کە هەر چۆن کاتی گێڕانەوە هەیە هەروەهـا کـاتی بۆگێڕەرەوەش هەیە کە هەمــان کــاتی گێــڕانەوەیە. بەڵام کــاتێکی تــریش هەیە لە پرۆسێـسی گێـڕانەوەدا کە پێـی دەگوترێـت: کـاتی گێـڕراوە کە بــریتییە لەو مــاوە کــاتییەی کە گێــڕانەوە دەیخایەنێـت[٤]. بـۆ نموونە لە ڕۆمانی ئەو پیاوەی درەختێک بوو، ئەگەرچی کـاتی گێـڕراوە بە ڕۆژ یـان مانـگ و سـاڵ دیـاری نەکـراوە، بەڵام لە هەڵچوونی ڕووداوەکاندا دیارە کە کاتی گێڕراوە ئەوەندە درێژ نیـیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا ئاشـکرایە کە کـاتی گێـڕانەوە کە هەمـــان کـــاتی گێـــڕانەوەی چیرۆکـــی ئەم ڕۆمـــانەیە یـــان خوێنـــدنەوەیەتی لە لایەن خـــوێنەرەوە، لە کـــاتی گێـــڕراوە کورتترە. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە کاتی گێڕراوە لە ڕۆمـانێکی گەورەی وەکـو یۆلۆسیـسی جەیمـس جۆیـسدا بیـستوچوار ســەعاتە. بەڵام کـاتی گێـڕانەوە زۆر لەوە درێژتـرە. هەروەک کاتێ باسی کاتی گێڕانەوە و کاتی گێڕراوە دەکرێت لە ڕووی ماوەی خایاندراوەوە، قسەکردنی کاتی گوتـار و کـاتی چیـرۆک دێـتە پێـشەوە. بـۆ شـیکارکردنی گوتـاری ئەم ڕۆمـانە، گـرنگە جـارێکی تـر بگەڕێینەوە بـۆ قسەکردن لەسـەر کـاتی گوتـاری ڕۆمانی ئەو پیاوەی درەختێک بوو.

-٣-

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد گێڕانەوە لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە وێنەگرەکە لە بەیانییەکدا شاگردەکەی دەردەکات. دیارە ئەوەش هۆکارێکی دیاری هەیە کە بریتییە لە دواکەوتنی شاگردەکە. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی گوتاری ڕۆمان یان گوتاری گێڕانەوە دەبەستێتەوە بەو هۆکارەوە، ئەمەش ئەو تێڕوانینە نزیک دەکاتەوە لە واقیع کە پێی وایە ڕۆمان ژانرێکی زیاتر نزیکە لە واقیعەوە و سەرباری ڕەهاکردنی مەودای خەیاڵ لە گێڕانەوەدا، بەڵام هێشتا ژانری ڕۆمان ژانرێکە ئەگەر لە مەودای نزیکیشدا وێناکردنی واقیع نەبێت، ئەوا لە مەودای دووردا بریتییە لەو وێناکردنە لە ئاستێکی هونەریدا. کە سەرکەوتنی نووسەری ڕۆمانیش بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی زیندوو، بەندە بە ئاستی توانا و شارەزایی و لێهاتوویی نووسەرەوە بۆ بە هونەرکردنی ڕووداوەکان، یان بە ئەندازەی توانای گێڕەرەوە بۆ بەداستانکردن یان بەچیرۆککردنی ڕووداوەکان.

وێنەگرەکە لە کاتی ئێوارەیەکی درەنگ و دوای ئەوەی کە دەخواتەوە و لە زەمینەیەکدا کە دەشێ وەکو شوێن لەبار بێت بۆ زیاتر ڕەهاکردنی خەیاڵ و خەونبینین، لاوە ڕووتەکە یان مرۆڤە بەدرەختبووەکە دەبینێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاتێ لاوێک بە ڕووتی یان وەکو مرۆڤێکی بەدرەختبوو دەردەکەوێت، ئەم ڕووداوە لەبری ئەوەی لە ڕووداوێکی سەرزەمینی واقیع بچێت، زیاتر لە ڕووداوێکی خەیاڵی یان ڕووداوی ناو ئەفسانە و چیرۆکی ناو یۆتۆپیاکان دەچێت.

ئەگەرچی نووسەر هەوڵ دەدات زەمینەیەک بۆ پێشکەشکردنی ئەم دیمەنە ئامادە بکات، زەمینەیەک کە تا ئەندازەیەک گونجاو بێت، بەڵام سەرئەنجام جووڵەی ئەم کەسێتییەی ڕۆمانەکە شێوەیەک لە بەزۆر سەپاندن یان بەزۆر جێگەکردنەوەی پێوە دیارە. هەر ئەوەش وا دەکات کە وێنەگرە لاوەکە بە تەواوی بڕوا بە چاوی خۆی نەکات و لە ئاستێکی تردا ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە ئایا بە ڕاستی ئەو شتێکی لەو جۆرەی بینیوە، یان ئەوە لەژێر کاریگەریی خەیاڵی فراوانی ساتەوەختی مەستی و تاریکی نێو ئامێزی درەختە چڕەکانی چەمی قلیاسان و جۆرێکیش لە ترسدا ڕووی داوە. لێرەدا هەر لە دەستپێکی گێڕانەوەدا بەشێک لە کەسێتی وێنەگرە لاوەکە وەکو کەسی دیاری ئەم ڕۆمانە ئاشکرا دەبێت، کە کەسێتییەکی تا ئەندازەیەک خەیاڵاوی و تا ئاستێکیش گۆشەگیرە و بەو پێیەش دەشێ بگوترێت کەمتر کۆمەڵایەتییە. بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە هەواڵی بوونی مرۆڤێکی شێوەدرەخت لە دەمی ئەوەوە بە شاردا بڵاو دەبێتەوە، بە هۆی ڕەخنە و سەرزەنشت و تەنانەت ناوبردنی بە شێت یان بە ئاژاوەگێڕ زیاتر گۆشەگیری دەکەن. ئەمە لە کاتێدا کە دواتر لە گێڕانەوەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە مەرج نییە ئەم بە خۆڕسکی گۆشەگیر بێت، بەڵکو ئەو پاشخانە کۆمەڵایەتییەی لێیەوە هاتووە کە مەبەستمان باری خێزانییە زیاتر وای لێ کردووە کە بەو جۆرە گۆشەگیر و تەنیا بێت، چونکە ئەو بە تەنیا لە ماڵێکدا لەگەڵ باوکی دەژی کە ئەویش کەم ئەندامە.

ئەم لە ڕۆژێکدا ئەو مرۆڤە بە گەڵای درەخت پۆشراوەی بینی کە وەستاکەی بۆ دواجار لە ئیشەکەی دەری کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەستی بە جۆرێک لە خۆشی

دەکرد، چونکە هەستی دەکرد لە دەستی ئەو وەستا خراپە ڕزگاری بووە و کاتێکیش ئەو مرۆڤە بە درەختبووەی بینی ئاسوودە بوو، چونکە هەستی کرد مەسیحی بە خاچەوە بینیوە. ئەوەش بۆ ئەم جۆرێک لە هەستکردنی تایبەتی بە بوونی خۆی پێ دەبەخشی. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا کەسێتی وێنەگرە لاوەکە تا چ ئاستێک گونجاوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی کەسێتی تەوەریی لە ڕۆمانەکەدا ببینێت؟ دیارە لێرەدا نامانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەین لە میانەی شیکردنەوەی گوتاری ڕۆمانەکەوە پەیوەست بە گێڕانەوە و ڕووداو و جووڵەی ئەم کەسێتییە خۆی و پەیوەندی بە کەسێتی و کۆی ڕووداوی ڕۆمانەکەوە ئەو وەڵامە ئاشکرا ببێت. بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە ئەم وێنەگرە لاوە کاتێک لە ئیشەکەی دەردەکرێت چۆک دانادات و هەر بەزوویی بڕیار دەدات خۆی کار بکات. ئەمەش خاسێتی کەسێتییەکە کە جۆرێک لە متمانەی بە خۆی هەیە و دەیەوێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت بەتایبەتی لە ڕێگەی کارکردنەوە، کە ئەمەش وەکو هەوڵێک بۆ خۆسەلماندن سەیر دەکات و دەشێ لە ئاستێکی قووڵتردا بگوترێت ئەم کەسێتییە بڕوای بەو چەمکە بۆچوونە هەیە کە کارابوونی مرۆڤ دیاری دەکات. هەر لەم سەرەتایەشەوە سەبارەت بە کەسێتی وێنەگرە لاوەکە ئەو پێشبینییە ئایندەییە foreshadowing دەردەکەوێت کە ئەم کەسێتییە توانای بەردەوامبوونی هەیە و لە لایەک دەیەوێت بوونی خۆی هەبێت، لە لایەکی تریشەوە نایەوێت دەستبەرداری ئاواتە تایبەتییەکەی خۆی بێت کە وێنەگرتنە و شانبەشانی ئەوەش لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤە بەدرەختبووەکەی بینی ئەوە بووە ئامانجی کە بەدوای ئەو درەختەوە بێت و

هەوڵ بـدات وێـنەی بگرێـت و شووناسـی ئاشـکرا بکـات. هەرچەنـدە بەرامـبەر بە پێـشبینی بـۆ ئەوەی دواتـر چـی ڕوو دەدات کەسـێتی تەوەریـی ئەم ڕۆمـانە هەنـدێجار بە خێرایـی بەرەو دواوە دەگەڕێـتەوە، واتە لە شـێوەی فلاشـباکدا Flashback کە کۆبـوونەوەی ئەم دوو ڕەگەزەش پـێکەوە واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، پێشبینی بۆ داهاتوو وەکو جیاوازی کات نیشان دەدرێت Anachronies. ئەمەش لە ڕۆمـان یـان چیرۆکـدا وەکـو ڕێکخـستن ناودەبرێـت، کە ئەوە دەگەیەنێـت داستان یان چیرۆک سیستێمێکی کاتی دوو تافییە بە پێی کات، یان تێکەڵاوە، کە تێیدا دوو دیمەنی کاتی داستان دەبینین، کە یەکەمیان کاتی ڕووداوی چیرۆک یان داستانە وەکو ئەوەی کە ڕوو دەدات. بەڵام کـاتی دووەمیـان ئەوەیە کە پەیوەسـتی ڕێکخستنی گوتـار یـان چیـرۆکە کە جینێت بە کـاتی پێشتر و دواتر ناویان دەبات. ئەمە سەرباری ئەوەی زۆر جار کە باسی کـاتی پێـشتر و دواتـر دەکرێـت، مانـای وایە کـاتی ئێـستاش ئامـادەیی دەبێـت پەیوەسـت بە کـردای گێـڕانەوە و کـۆی ڕەگەزەکانی ڕووداو و کەسێتی. هەر لە گەڕانەوەدا مەسەلەی چیرۆکـی یەکەم دێـتە ئـاراوە کە لە دەرەوەی داسـتانی ئەم ڕۆمانەیە، بەڵام وەکو ڕووداوێکی پێشینە وەکو سەرچاوە، یان چیرۆکـی یەکەم سـەیر دەکرێـت کە ئەویـش دەشـێ ڕووداوی یەکەمی میتامۆرفیس بێت کە ئەویش میتامۆرفیسی کافکایە کە دەبێتە سەرچاوە بۆ میتامۆرفیسی ئەو پیاوەی درەختێک بوو. هەر لێرەشـەوە نەگونجانێـک لە شـێوەی داڕشـتنی ناونیـشانی ڕۆمـانەکەدا دەردەکەوێـت، چـونکە کاتێـک دەڵێـین ئەو پیـاوەی درەختێک بوو، لە ڕووی سیمانتیکەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ئەفریدەبووە پێشتر درەخت بووە و پاشان بووەتە مرۆڤ یان

پیاوێــــک. بەڵام ئەوەی لە دەقەکەدا هەیە ئەوەیە کە مرۆڤێــــک بـووە بە دەرخـت، هەر بەو پێـیە دەبـوا ناونیـشانی ڕۆمـانەکە بریتی بووایە لە "ئەو درەختەی پیاوێک بوو". کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دیارە کە مرۆڤێک لە پرۆسێسی میتامۆرفیسدا بووەتە درەخـــت کە لە ســـیاقی دەقەکەشـــدا ئەمە دەبینرێـــت، نەک درەختێک بـووبێتە مرۆڤ، واتە لێرەدا پرۆسێسی بەشـتبوون هەیە نەک پرۆسێـسی بەمرۆڤبــوون. لە ڕاستیــشدا گەوهەری میتــامۆرفیس بــریتییە لە پرۆسێـسێکی پـێچەوانەی گەشـــەی سروشتی، چونکە گەشەی سروشتی ئەوەیە گۆڕانکاری بەرەو بە مرۆڤبوون ڕوو بدات، کە ئەم پرۆسێسە نەک تەنیا گۆڕینی زینـدەوەرانی تـر بـۆ مـرۆڤ دەگـرێتەوە، بەڵکـو گـۆڕینی ئەو ئەفریـدەبووەش دەگـرێتەوە کە پێـی دەوترێـت مـرۆڤ بـۆ بە مرۆڤبـوون بەو مانــایەی کە شوونـاســی ڕاســتەقینەی مرۆڤــ بەدەست بهێنێت.

ئایـا بنەمـای پێشبینیکردنی ئاینـدە Foreshadowing لەم دەقەدا لە چ ئاســتێکدایە؟ ئـێمە پێـشتر باسـی کەسـێتی لاوە وێنەگرەکەمـــان کـــرد و گوتمـــان لە دەســـتپێکی چیرۆکـــی ڕۆمـــانەکەوە وەکـو کەسـێک دەردەکەوێـت کە بەرەو ئاینـدە بڕوانێت، کاتێ پەرۆشی ئەوەیە بزانێت ئەو پیاوە بەدرەختبووە چییە و چارەنووسـی بە کـوێ دەگـات. بەڵام دوای ئەوەی کە پیاوە بەدرەختبووەکە لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت و بە تەور لـق و چڵەکـانی دەبـڕنەوە، بە جۆرێـک مێـژووی ئەو بـوونەوەرە کە مێژوویەکـی تـا ئەنـدازەیەک سـەرەتا نەزانـراوە کۆتـایی دێـت. لەگەڵ کۆتاییهـاتنی ئەو مـرۆڤە بەدرەختبـووەدا، ئیتر لاوە وێنەگرەکەش نەک هیچ پێشبینییەکی ئەوە ناکات کە دواتر چی ڕوو دەدات، بەڵکو خۆی دەداتە دەست ئەو واقیعەی

که هەیە و وەکو هەر کەسێکی ئاسایی ڕۆژەکانی ژیان بەڕێ دەکــات بەرەو کۆتــایی هەنگــاو هەڵــدەهێنێت. ڕەنــگە تــاکە ســیمایەکی ئاینــدەخوازی و ئومێــدبوون بە بەردەوامــی لەم کەسـێتییەدا ئەوە بێـت کە دوای چەنـد سـاڵێک لە کۆتاییهـاتنی مێژووی مرۆڤە بەدرەختبووەکە، ئەم لەگەڵ کچێکی هـاوڕێی لە باخی گشتی و لەژێر درەختێکی سەوز و تەڕدا دانیشتووە. کە ئەمەش جۆرێک لە زیندەگانی و ژیاندۆستی پێوە دەبینرێت و لە ڕووکەشـدا وا دەردەکەوێـت کە بەرنـامەیەک بـۆ ئاینـدەیان لەنێوانیاندا دانرابێت، هەرچەندە تا کۆتـایی ڕۆمـانەکەش شـتێکی وەهـا نابینرێت. بەڵام دیسان بە زوویـی و لەکـاتی قسەکردنی لاوە وێنەگـرەکە بـۆ کیـژۆڵەکەی هــاوڕێی لەبـری ئەو کەســە سەرکەشــەی کە پێـشتر بەدوای مـرۆڤە بەدرەختبـووەوەکەوە بـوو، دەیویـست بزانێـت چارەنووسـی بە کـوێ دەگـات. ئێـستا کەسێکی دەستەمۆی تـا ئەندازەیەک ترسنۆک دەبینرێت کە بە چــپە باســـی مێــژووی ئەو درەخـــتە دەکــات کە ئەمــان لە سـێبەرەکەیدا دانیـشتوون و بە جۆرێـک دەدوێـت کە نایەوێـت هـیچ کەسـی تـر بەو نهێنییـانە بزانێـت، واتە نهێنـی ئەوەی ئەو درەختە تەڕ و پەلوپۆ سـەوزە لە کوێوە هـاتووە. ئەمەش ئەوە نیـــــشان دەدات لاوە وێنەگـــــرەکە کە ئێـــــستا نەک هەر دەسـتبەرداری وێنەگـرتن بـووە، بەڵکـو ڕێـگە نـادات وێنەشـی بگــرن، دەترســێت لەوەی ئەگەر ئەوە ئاشــکرا بێــت کە ئەم درەختە سەوز و تەڕە نەوەی مرۆڤە بەدرەختبووەکەیە، ڕەنگە چارەنووســی بکەوێــتە بەردەم مەترســییەوە. کەواتە لێــرەدا ئاشـکرا دەبێـت ئەو لاوەی ئەوسـا جۆرێـک لە سەرکێشی تێدا بــوو، ئێــستا بــووەتە کەســێکی پارێزکــار و دەســتبەرداری سەرکێشییەکانی ڕابردووی بووە.

بێگومـان ئەوە ئاشـكرايە ڕۆمـان يـان چيـرۆك سـێ پـايەی سەرەكی هەيە كە كۆی ڕەگەزە دووەمييەكان كۆدەكەنەوە كە ئەوانــيش بــريتين لە چيــرۆك (داســتان)، دەق، گێــڕانەوە. كە گێڕانەوەش لە ميانەی كرداری گێڕانەوەدا ڕووداو و كارەكتەر و كـۆی جـووڵە و پەيوەنــدييەكانی نێـوان پێكهاتەكـانی دەق پێـشكەش دەكـات. ئەگەر چيـرۆك هـاتنی ڕووداو و جـووڵەی كەسێتييەكان بێت، ئەوا "دەق گوتـاری نووسـراو، يـان زارەكيـيە كە دەتـوانين بيخـوێنينەوە. لەبەر ئەوەی دەق بـريتييە لە گوتـار كەواتە دەبێ نووسـەر يـان قسەكەر (گوتـاربێژ)ی هەبێت. هەر لێرەشەوە كردار يان پرۆسێسی بەرهەمهێنان، دەشێ بە لايەنی سـێيەم دابنرێـت واتە گێـڕانەوە. هەروەك لە ميـانەی دەقەوە، چيرۆك دەناسين بەوەی كە چيرۆك بابەتی دەقەو گێڕانەوەش دەناســين بەوەی كە پرۆسێــسی بەرهەمهێنــانە"[٥]. ئێــستا لە ڕۆمـــانی "ئەو پيـــاوەی درەختێـــك بـــوو" چيـــرۆك و دەق و گێـڕانەوە وەكـو سـێ پـايەی سـەرەكی ئامادەبوونيـان هەيە، هەروەك بەو پێيەش گوتار ئامادەبوونی هەيە. هەرچەندە ئەوە ڕوونە بۆچوونی لەو جۆرە هەيە كە ڕستە بە بچووكترين يەكە يـان بە يەكەی سـەرەكی گوتـار دادەنێت. بەڵام ئەوە ئاشـكرايە كە ڕستە لە سـادەترين بونياديدا هەڵگری دەلالاتە و ڕەنگە لە دەلالەتێكـيش زيـاتر هەڵبگرێـت، ئەمەش سـەرنجمان بـۆ ئەوە ڕادەكێشێت كە دەق زياتر لە پرسـيارێك بەرز دەكاتەوە و بەو پێـيەش زيـاتر لە جيهـانبينييەك بەرهەم دەهێنێـت. هەر لێـرەدە فرەگوتـاری دەقـی ڕۆمـان دێـتە ئـاراوە كە ئەوەش هـاوتەريبە لەگەڵ ئەو بۆچـوونەی كە ڕۆمـــان ئەو ژاتـــرە ئەدەبيـــيەيە كە زيــاتر نــزيكە لە واقـيعەوە، كە ديـارە واقيعـيش بارگـاوييە بە ڕوانين و لێكدانەوە و بۆچوونی جۆراوجۆر.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ڕۆمانی ئەو پیاوەی درەختێک بوو بکەین، ئەوە دەبێ لەو جومگە سەرەکیانەی دەقەکەوە دەست پێ بکەین کە لە شێوەیەکی ئۆرگانیدا پێکەوە پەیوەستن و دەجووڵێن و لە ئاستێکی تردا دەلالاتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فیکری، جوانی بەرهەم دەهێنن. هەموو ئەمانەش لە ئاستێکی قووڵتردا پەیوەستن بە گەوهەری بوون و ژیانەوە. کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە و کەسێتییە دووەمییەکانیش هەر یەکە بە شێوەیەک دەجووڵێن و نوێنەرایەتی ڕووبەڕێکی ئەو واقیعە دەکەن کە ڕۆمانەکە بە جۆرێک لە فەزای خەیاڵی و فانتازییەوە بەرجەستەی دەکات، ئەگەرچی وەکو پێشتریش گوتمان لە هەندێ جار و لە هەندێ شوێندا ئەو فەزا فانتازی و خەیاڵییە دروست نەبووە و ئەوەش وای کردووە جووڵەی مرۆڤە بەدرەختبووەکە زیاتر میکانیکانە دەربکەوێت لەبری ئەوەی سیما و سروشتێکی ئاسایی واقیعیانەی هەبێت. هەر ئەمەش وا دەکات بڕوابوونی خوێنەری ناوەوەی دەق و تەنانەت خوێنەری دەرەوەی دەقەکەش بەو جۆرە جووڵەیە و بەو شێوازی گۆڕانکارییەش بڕوابوونێکی لاواز بێت، کە ئەوەش لە ئاستێکی قووڵتردا زەمینەخۆشکەر بێت بۆ ئەو ئەنجامە تراژیدییەی ئەم کەسێتییە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بە واتایەکی تر بۆ خوێنەری دەق لەم ڕۆمانەدا ڕووداوی دیار کە دواتر دەبێتە تراژیدیا لە ساتێکەوە دەست پێ دەکات کە بینینی یەکەمجاری ئەو ڕووداوەیە، واتە ڕووداوی بوون بە درەختی مرۆڤێک، بەڵام پاش بەردەوامبوونی کرداری گێڕانەوە و بەرزبوونەوەی ئاستی جووڵەی لە چنینی چیرۆکی دەقەکەدا و گەیشتنی ڕووداو بە کۆتایی. خوێنەر چڵی درەختەکە دەبینێت کە بووەتە درەختێکی سەوز و تەڕ. وێنەگرە لاوەکەش دەبینێت لە کەسێکی سەرکێش و خوازیاری زانینی شتەکانەوە لەگەڵ کچێک لەبن درەختەکەی

نەوەی مرۆڤە بە درەختبووەکەدا دانیشتووە و کەسێکی خۆپارێز و دەستبەرداربووی ڕابردووی خۆیەتی. درەختەکەی نەوەی مرۆڤە بەدرەختبووەکەش کە بە هۆی هەوڵی باخەوانەکەوە بووە بەو درەختە، ئێستا جێگیر بووە و وەکو هەر درەختێکی تری ناو باخی گشتی سەوز و تەڕە و خاسێتە دوولایەنەکانی باوکی لەدەست داوە، واتە خاسێتە مرۆییەکانی باوکی تێدا نەماوە و ئێستا بە تەنیا درەختێکی ئاساییە. کە خوێنەر ئەم سەرئەنجامە دەبینێت دەشێ بپرسێت گوتاری ئەم دەقە چی پێشکەش دەکات؟ لە ئاستێکی تردا ئێمەش دەپرسین: ئایا لەو چیرۆکی میتامۆرفیسەی کە نووسەر وەکو چیرۆک دەقەکەیمان پێشکەش دەکات و لە پرۆسێسی گێڕانەوەدا کە گێڕانەوەی کەسی سێیەمە، چ گوتارێک بەرهەم دێت؟ یان ئەو پرسیارەی کە ئەم دەقە وەکو گوتار بەرزی دەکاتەوە چییە؟ ئایا جیهانبینی گشتی ئەم دەقە وەکو کۆی دەلالاتی دەقەکە چییە؟

-٤-

بۆ ئەوەی لەبارەی گوتاری ڕۆمانی "ئەو پیاوەی درەختێک بوو" بدوێین، جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ نێو جوگرافیای دەقەکە، چونکە ئێمە پێشتر گوتمان ڕستە بچووکترین یەکەی گوتارە، ئەمە لە کاتێکدا کە گوتار دەقێکی نووسراو یان زارەکی بارگاوی کراوە بە مانا. دەقیش زنجیرەیەکی ڕێکخراوە لە ڕستەی بەدوای یەکداهاتوو. ئەگەر ڕستە هەڵگری زیاتر لە دەلالەتێک بێت، ئەوا دەق هەڵگری دەلالاتی زۆری جۆراوجۆرە، بەڵام سەرئەنجامیش دەکرێت گوتاری هەر دەقێک لە چوارچێوەی گوتاری فیکری، فەلسەفی، مێژوویی، ئایدیۆلۆجی، ئیستاتیکیدا بێت و لەو میانەشدا ئاڕاستەی جۆراوجۆر و جیاواز بگرێتەوە.

**گوتاری کات**

دەستپێکردنی چیرۆکی ڕۆمانی "ئەو پیاوەی درەختێک بوو" کاتێکی مێژوویی دیاریکراوی نییە، بەڵکو لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە گێڕەرەوە دەڵێت: "ئەو ڕۆژە وێنەگرە لاوەکە نیو سەعات درەنگتر لە کاتی خۆی گەیشتە بەردەم ستۆدیۆکە". کەواتە لێرەدا ئاشکرایە سەرەتای کات دیاری نەکراوە، دەربڕینی "ئەو ڕۆژە" شتێکی گشتی لەبارەی کاتەوە پێشکەش دەکات، کەواتە لە ڕووی مێژووییەوە سەرەتایەکی ئاشکرا و دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی ڕووداو لە چیرۆکی ڕۆمانەکەدا نابینرێت. کەواتە دەبێ دواتر لە ڕێگەی کاتی گێڕانەوەوە هەوڵی دیاریکردنی گوتاری کات بدرێت کە بێگومان ئەویش جیاوازە لە کاتی گێڕانەوە، چونکە کاتی گێڕانەوە ئەو کاتەیە کە چیرۆکی ڕۆمانەکە پێویستێتی بۆ گێڕانەوە یان بۆ خوێندنەوە. جارێکی تر گێڕەرەوە دەڵێت: ئەو ڕۆژە بۆ وێنەگرە لاوەکە سەرەتای ژیانێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی زیاتر بوو. هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری دا وەک وێنەگری گەڕۆک کار بکات. هەر ئەو ڕۆژە کامێراکەی خۆیی هەڵگرت و بەرەو سەرچنار کەوتەڕێ، بەڵام دەمەو عەسر وردە وردە زەوقی گۆڕا و تا دەهات بێزارتر دەبوو (ڕۆمان، ل١٠-١١). ئێستا بە ئاشکرا کاتی دەستپێکردنی ڕووداو و جووڵە ڕۆژێکە، ڕۆژێکی دیارینەکراو کە دەشێ هەر ڕۆژێکی ساڵ بێت. بەڵام تەنها ئەوە هەیە کە دەزانین وەرزی گەرمایە ئەویش لەو وەسفەی کە گێڕەرەوە بۆ وێنەگرەکەی دەکات کە چۆن عەرەق بە دەموچاویدا دێتە خوارەوە. بەڵام لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بە نزیکەیی سەرەتای دەستپێکی ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانەکەمان بۆ دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت: دوو ساڵێک دەبوو خەڵک لە دیکتاتۆریەت

ڕزگاریـــان بووبـــوو (ڕۆمـــان، ل١٢). کەواتە ئــێمە ئێـــستا مێژوویەکـی دیاریکراومـان هەیە کە مێـژووی ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١)ە، دەسـتپێکی چیرۆکـی ڕۆمـانەکە دوو سـاڵ دوای ئەو مێژووەیە، کەواتە ئێستا بە نزیکەیی لە ڕێگەی کاتی گێڕراوەوە دەزانـین کە کـاتی دەسـتپێکی چیـرۆکەکە دەوروبەری هـاوینی ١٩٩٣ دەکـات، بەتـایبەتی ئەو بـارەی کە گێـڕەرەوە لە وەسـفی وێنەگرەکەدا بەتایبەتی لە وەسفی عەرەقکردنەوەیدا پێشکەشی دەکـات زیـاتر وەرزەکە دەستنیـشان دەکـات. هەروەک کـاتی کۆتاییهـاتنی چیرۆکـی ڕۆمـانەکە هەمـان شـێوەی کـاتی دەسـتپێکردنەکەی ئەویـش دیـاریکراو نیـیە، بەڵام دیـسان لە ڕێگەی کاتی گێڕراوەوە کە گێڕەرەوە لە گێڕانەوەدا ئاشکرای دەکات بە نزیکەیی کاتی کۆتاییهاتنی چیرۆکەکە ئاشکرا دەبێت، کاتێـک دەڵێـت: چەنـد سـاڵێک دوای ڕووداوە گومانئامێزەکـانی پیاوێکی درەختئاسا، کاتێک خەڵکی شار و شارانی تر خەریکی شـــەڕکردن بـــوون لەگەڵ ئەو هەژاریـــیە بـــێ وێـــنەیەی سەرتاسەری مەملەکەتی گرتبووەوە و سەرگەرمی باسکردنی خۆپاراسـتن بـوون لە شـەڕە خوێنـاوییە بێباکەکـانی گـروپە چەکدارەکان، کە چـی تـر نەیانـدەتوانی وەک بـرا سـامانەکانی مەمـلەکەت لەنێـوان خۆیانـدا دابەشـکەن، لە عەسـرێکی درەنگـی سەرەتای بەهاردا، لەسەر کورسییەکی تەختە لەژێر درەختێکی بەرزی سەوزی تەڕوبڕدا لەگەڵ کیژۆڵەیەکی هاوڕێی لە باخـی گـشتی دانیـشتبوو (ڕۆمـان، ل١٤٤-١٤٥). ئاشـکرایە شـەڕی نـــاوخۆ لە ڕۆژی ٢-٥-١٩٩٤ دەســـتی پـــێ کـــرد. لە گێڕانەوەکەشدا دەردەکەوێت هێشتا شەڕەکە تازە دەستی پێ کـردووە، هەر بـۆیە خەڵکـی باسـی خۆپاراسـتن لەو شـەڕە دەکەن. دیـــارە ئێـــستا ئاشـــکرایە کە دەســـتپێکی ڕوواوی

چیرۆکەکە ساڵی ١٩٩٣ و شەڕی ناوخۆش ١٩٩٤ و کۆتایی چیرۆکەکەش چەند ساڵێک دوای ڕووداوە گوماناوییەکانی مرۆڤە بەدرەختبووەکەیە. بەڵام وەکو لە گێڕانەوەدا دەردەکەوێت خەڵک باسی خۆپاراستن لەو شەڕە دەکەن، واتە هێشتا کاتێکی زۆر بەسەر دەستپێکردنی شەڕەکەدا تێنەپەڕیوە بۆیە ئەمەش لەگەڵ دەربڕینی "چەند ساڵێک" زۆر کۆک نییە. بۆیە هەر چۆن ڕۆماننووس لە دیاریکردنی سەرەتا و کۆتایی کاتی چیرۆکی ڕۆمانەکەدا ورد نەبووە، دیسان لە دیاریکردنی کاتی ڕووداوەکانیشدا تێکەڵاوییەک هەیە. ئایا دەشێ وای بۆ بچین کە ئەو تێکەڵاوییە لە کاتی گێڕانەوە و لە ڕێکخستنی کاتی گێڕانەوە و کاتی گێڕراوەشدا ئەوە بگەیەنێت کە سەردەمی شەڕ و هەژاری و نەهامەتی ژیانی خەڵک و هەرەسهێنانی زۆرێک لە ئومێدەکانی خەڵک بە هۆی شەڕی ناوخۆوە، ئەو تێکەڵوپێکەڵییەی لە کاتدا دروست کردبێت، یان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەر پێی وا بێت کە ئەو کات وەکو مێژوو نانووسێتەوە، بەڵکو کات بۆ بەرجەستەکردنی ڕووداوەکان بەکار دەهێنێت، چونکە ناشێت ڕووداو لە دەرەوەی کات و شوێندا بوونی هەبێت.

دیارە لەسەر بنەمای کاتی گێڕانەوە و کاتی ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانەکە لەسەر زەمینەی واقیع، دەشێ بگوترێت ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە مێژوویەکدا ڕوو دەدەن، کە مێژوویەکی پڕ لە کارەساتە بە گوێرەی ئەو واقیعەی کە ڕووداوی چیرۆکەکەی تێدا ڕوو دەدات، کە مێژووی شەڕی نێوان برا چەوساوەکانە. ئەوەش دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی ئەو ئومێدانەی کە جەماوەری ئەو واقیعە چەندین ساڵ بوو

لەســـەر ئـــازادی هەڵیـــانچنیبوو، دیـــارە شـــەڕ نەک هەر ئەو ئومێدانەی هەرەس پێهێنا، بەڵکو جوانییەکانیشی ناشیرین کرد. کە دەشـــێ لە ئاســـتێکی تـــردا بگوترێـــت کـــۆی ڕووداوی میتامۆرفیس لە ڕۆمانەکەدا کە گۆڕینی مرۆڤێکە بۆ شتێکی تر بەرهەمـی ئەو هەرەسـی ئومێـد و هیـوایەیە و بێبەهـاکردنی مرۆڤە لەو شـەڕەدا بە هەمـوو مانـایەک. ئەمەش ئەو پرسـیارە گەوهەریـــیەیە کە دەقەکە بەرزی دەکـــاتەوە. واتە پرســـیاری ئەوەی چۆن شـەڕ ئومێدەکانی مرۆڤـ دەڕوخێنێت و چۆن وا دەکـات بەهـا مرۆییەکـان پێشێل بکـرێن و بـوونی مرۆڤـ نەک وەکو گەوهەر، بەڵکو وەکو ڕووخساریش گرنگییەکی نەمێنێت. ئەگەرچی ئاڕاستەی میتامۆرفیس وەکو پێشتریش گوتمـان بەو ئەندازەیە نێگەتیف نییە کە بتوانرێت بکرێتە دەرهاوێشتەی ئەو بـارودۆخە نـاجۆرەی کە لە واقیعـی دەرەوەی دەقەکەدا هەیە. هەروەک لە ڕووی بونیادنـــــانی کەسێتیـــــشەوە نووســـــەر کەسێتییەکی لەو جۆرەی بینا نەکردووە کە لەژێر فشارەکانی نـــاخی خۆیـــدا ئەو گۆڕانکـــارییە واتە بـــوون بەدرەخـــت بە شـیوەیەکی بابەتیـانەی بڕواپێکـراو تێیـدا ڕوو بـدات. ئەمەش ڕوویەکـــی گوتـــاری ڕۆمـــانەکەیە کە زیـــاتر لەوەی ملکەچـــی جۆرێک لە یاساوڕێسای جووڵەکانی نـاو واقیـع یـان تەنـانەت فانتازیـــا و خەیـــاڵ بێـــت زیـــاتر ملکەچـــی یاساوڕێـــساکانی (دیـوئیکس ماشـینە)یە. ئەمەش وای کـردووە کە جووڵانـدنی پیـاوە بەدرەختبـووەکە میکانیکـانە دەربکەوێـت و بـۆ خـوێنەر جێگەی قایلبوون یان بڕواپێکردن نەبێت.

**گوتاری شوێن**

کاتێ باسی شوێن دەکرێت لە چیرۆک و ڕۆماندا، مەبەست گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ڕووداو لە کوێ ڕوو دەدات. کەواتە بەو پێیە شوێن هەمان شێوەی کات یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی چیرۆک و ڕۆمان. هەروەک مەبەست لە شوێن ئەوەیە کە دنیایەکی فیزیکی هەبێت کارەکتەر یان کەسێتی تێیدا جێگیر بێت و بجووڵێت. هەروەک شوێن سەرباری ئەوەی کە بەهای فیزیکی هەیە، دیسان بەهای ئیستاتیکیشی هەیە لە دەقدا، ئەوەش وا دەکات کە شوێن پێویستی بەوە بێت جۆرێک لە زیندوویەتی یان ژیانی پێ ببەخشرێت. "شوێن ئاسایی بەکار دێت بۆ ئاماژەکردن بە ژینگەی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ڕووداوەکانی ڕۆمان ڕوو دەدەن"[٦]. واتە لە کۆی ئەم قسانەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە شوێن زەمینەی ڕوودانی ڕووداوەکانی چیرۆک و ڕۆمانە و بەبێ بوونی شوێن ناکرێت باسی هیچ کام لە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان بکرێت، هەرچەندە ئەو بۆچوونەش هەیە کە شوێن بە ڕەگەزی سێیەم دادەنێت لە دوای کارەکتەر و گرێچن و تەنانەت کاتیش. بەڵام لە لایەکی تریشەوە بۆچوونی لەو جۆرە هەیە کە بایەخی شوێن وەکو بایەخی کارەکتەر سەیر دەکات و هەر لەو بۆچوونەشەوە "شوێن بە کارەکتەر دادەنێت"[٧]. گرنگە ئاگاداری ئەو چوارچێوەیە بین کە تێیدا ڕووداوی ڕۆمانێک ڕوو دەدات. مەبەست لەو چوارچێوەیەش تەنیا پێگە یان شوێنی جوگرافی نییە، بەڵکو کارکەرە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیش هەروەها گرنگن[٨]. دیارە کاتێک باسی بایەخی شوێن دەکەین پەیوەست بە ڕووداوەکانی ڕۆمان، دەبێ ئاماژە

بۆ جۆرێک لە ڕۆمانیش بکەین کە بە ڕۆمانی دەرەوەی شوێن ناودەبرێت، بەڵام ئەوەیان باسێکی ترە.

لێرەوە ئەگەر سەیری شوێن بکەین لە ڕۆمانی "ئەو پیاوەی کە درەختێک بوو"، ئەوە شوێنی ڕووداوی ڕۆمانەکە وەکو جوگرافیا سلێمانی و قلیاسانە کە گوندێکی نزیک سەرچنارە. ئەوەی شوێن بە خوێنەر دەناسێنێت لە ئاستی یەکەمدا وەسفکردنی شوێنەکەیە لەسەر زمانی گێڕەرەوەوە، واتە ناساندنی شوێن لە ئاستێکدا دەچێتە سنووری ئەرکی گێڕەرەوەوە، لە ئاستی دووەمیشدا شوێن بە هۆی ڕووداوەوە دەناسرێت. ئەگینا ئەگەر شوێن لە ڕۆمانەکەدا هیچ ڕووداوێکی تێدا ڕوو نەدات، مانای وایە پاساوێک نییە بۆ بوونی ئەو شوێنە. ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لەو خاڵانەی کە لەم ڕۆمانەدا مایەی لەسەروەستان و قسە لەسەرکردن بێت. یەکەمین شوێن لە ڕۆمانەکەدا ئەو ستۆدیۆیەیە کە وێنەگرە لاوەکە کاری تێدا کردووە و لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا وەستاکەی لەو ستۆدیۆیە دەری دەکات. ستۆدیۆکە لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە بە پێی درێژەی ڕووداو لە چیرۆکی ڕۆمانەکەدا، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ستۆدیۆکە بەشداری دەکات لە بیناکردنی کەسێتی وێنەگرە لاوەکەدا. ئەویش لەو ڕووەوە کە ئەم وێنەگرە لاوە لەم ستۆدیۆیە شاگرد بووە. ئەمە مانای ئەوەیە کە خاسێتی وێنەگریی لەوێ وەرگرتووە و هەر جووڵەیەکی دواتریش کە لە بواری وێنەگرتندا بیکات ئاساییە، چونکە پێشتر زەمینە بۆ کەسێتی ئەو بۆ ئەوەی وەکو وێنەگر بجووڵێت و کار بکات ئامادە کراوە.

شوێنی دووەم سەرچنارە کە وێنەگرە لاوەکە دوای ئەوەی وەستاکەی دەریدەکات بڕیار دەدات بچێتە ئەوێ و لەوێ وێنە بگرێت. سەرچنار لە ڕووی ڕوداوەوە بەشدارییەکی ئەوتۆی نییە لە ڕووداوی چیرۆکەکەدا. بەڵکو لە وەسفی سەرچناردا گێڕەرەوە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن سەرچنار جێگەیەکە بۆ ئەوەی خەڵک کاتی خۆیانی بە دانیشتن و خواردنەوەوە تێدا بەسەر بەرن. هەروەک ئەو وەسفەی بۆ سەرچنار و بۆنی عەرەق و کاریگەریی لەسەر وێنەگرە لاوەکە دەکرێت، تەنیا دەشێت وەکو زەمینەخۆشکردنێک سەیر بکرێت بۆ ئەو هەنگاوانەی کە دواتر وێنەگرە لاوەکە دەینێت بەوەی کە ناتوانێت ئەو ئێوارەیە خۆی لە ئارەزووی خواردنەوە ڕزگار بکات، کە دواتر سەرەتای ڕووداوی سەرەکی لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە ئەو بە تەنیا دەچێتە چەمی قلیاسان و دەخواتەوە و پاشتر لاوە ڕووتەکە دەبینێت. کەواتە لێرەوە شوێنی سێیەم دەست پێ دەکات کە ئەویش بن درەختەکانی چەمی قلیاسانە کە سەرەتای دەرکەوتنی لاوە ڕووتەکە، کە پاشتر بە مرۆڤە بەدرەختبووەکە ناودەبرێت دەست پێ دەکات کە لە ڕاستیشدا ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە و گوتاری سەرەکی ڕۆمانەکە پەیوەستن بە دەرکەوتنی ئەو مرۆڤە بە درەختبووەوە. وێنەگرە لاوەکە کاتێ دەخواتەوە، لەگەڵ وەسفی سەرچنار و ئەوەی ئەو ڕۆژە لەوێ بینیوێتی لە دیمەن و لەو خەڵکەی کە چۆن پەرۆشی بەسەربردنی کاتەکانی خۆیانن لە ساتەوەختێکدا کە گرانی و نەبوونی یەخەی گرتوون. وێنەگرە لاوەکە لە وەسفی خەڵک و دیمەنەکاندا دەیەوێت نالەباریی باری ژیانی خەڵک بەگشتی وەکو کۆمەڵگە و ناموراادی و بێزاری و بێتاقەتی کەسانێکیش وەک تاکەکەس نیشان بدات.

کە دەشێ لە پشتی ئەم نیشاندانەشەوە ئەوەمان پێ بڵێت کە نە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە تا کۆمەڵگە ئاسوودە بێت، نە لە ژیانیشدا ئاسوودەییەکی ئەوتۆ هەیە تا تاکەکان هەست بە بەهای ژیان بکەن، کە ئەمەی دووەمیان دەشێ دیسان بەشێکی پەیوەندی بە نەبوونی عەدالەتە کۆمەڵایەتییەکەوە هەبێت و بەشێکی تریشی پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە مرۆڤ بە سروشتی ئەو ئەفریدەبووەیە کە ناگاتە ئاسوودەیی ڕەها و هەرگیز ئارام ناگرێت. بە مانایەکی تر کێشەکانی مرۆڤ کێشەی ئەنتۆلۆجیانەن و لە باشترین ئاستی ژیانیشدا هێشتا مرۆڤ لەبەردەم ترسی گەورەی نەگەیشتن بە خواست و ویستەکانیدایە. لە سەرووی ئەوەشەوە مرۆڤ لەبەردەم مەترسی گەورەی مردن و لەناوچووندایە، کە ئەوەش لە ئاستی دیار و نادیاردا سەرچاوەی نیگەرانی و مەترسییە گەورەکانی مرۆڤە، کە دەشێ زۆرینەی ئەوانەی گێڕەرەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکە باسیان دەکات، لە سەرچنار دانیشتوون و کاتەکانی خۆیان بە خواردنەوەوە بەسەر دەبەن تەنیا بۆ ئەوەبێت کە بۆ ساتێک خۆیان لە خەمە گەورەکانیان دوور بخەنەوە و بە ئاسوودەیی بژین، بەڵام ئەوانیش هەمان شێوەی وێنەگرە لاوەکە هەر کە کەمێک مەست دەبن زیاتر خەمەکانیان دەورووژێت و قەبارەی ئازارەکانیان زیاتر دەبێت. کەواتە لێرەدا سەرچنار وەکو شوێن هەرچەندە لە ڕۆمانەکەدا جێگەی ڕوودانی ڕووداوی دیار نییە، بەڵام لە میانەی وەسفەکانی گێڕەرەوە و قسەکانی وێنەگرە لاوەکەوە ڕۆڵی شوێن دەبینێت وەکو ڕەگەزێکی هونەری.

شوێنێکی چەمی قلیاسان کە گرنگترین ڕووداوی ڕۆمانەکەی تێدا ڕوو دەدات، بن دارێکی گەورەی کەنار ئەو

چەمەیە کە ئـاوەکەی پێـدا دەڕوات. کە ڕووداوی دەرکەوتنـی مـرۆڤە ڕووتەکە لەوێ ڕوو دەدات، بەڵام لە بـارێکی نائاسـایی بینیندا وێنەگرە لاوەکە ئەو دەبینێت. لەبەر ئەوەی وا پێدەچێت وێنەگرەکە سەرخۆش بێت و لە ئەنجامی ئەوەشـدا بێئاگا بێت کە بینینـی لاوە ڕووتەکە وەکـو جۆرێـک لە زینـدەخەون یـان ڕێشکەوپێشکەی چاوەکانی لێک بدرێتەوە. هەروەک لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئەوەش لە بیر بکەین کە وێنەگرەکە لە بارێکی نائاسـاییدا بـووە لە کـاتی بینینـی ئەو ڕووداوەدا، هێـشتا ئەو شێوازەی ئەو مرۆڤە ڕووتەی لەنێو ڕەگوڕیشەی درەختەکەوە یــان لەنــاو ئــاوەکەوە دێــتە دەرەوە شــێوازێکی لاوازە بــۆ دروســـتکردنی ڕووداو لە ڕۆمـــان یـــان چیرۆکـــدا. هەروەک ئامادەکارییەکی نابابەتیانەشـە کە بـێ زانینـی هۆکـار مرۆڤێـک لەناو ئاو یان لەنێو ڕەگوڕیشەی درەختێکەوە بێتە دەرەوە و نیوەدرەخت نیوەمرۆڤ بێت. کە ئەمە زیاتر لەوەی کە بەرهەم و دەرهاویـشتەی دیـدێکی فیکـری یـان فەلـسەفی بێت، وەکـو ڕووداوی نــاو ئەو چیرۆکــانەی جنــۆکە وایە کە دەمــاودەم دەگێــڕدرێنەوە. ڕاســـتە یەکێــک لە ڕەگەزە ســـەرەکییەکانی چیرۆک یان ڕۆمان خەیاڵە و دەشێ خەیاڵی فانتازی ڕووداو و دیاردەی سەیر دروست بکات، بەڵام هەمیشە ئەو ڕووداوانەی خەیـاڵی فانتـازی دروسـتیان دەکـات، یـان بەرهەمیـان دەهێنێت دیدێکی فیکری و فەلسەفی لە پشتیانەوەیە و پرسیاری دیـار و جۆرێک لە جیهانبینی بەرهەم دەهێنێن، کە دواجـار ئەو دیـد و جیهـانبینییە لە چوارچێـوەی ئاڕاسـتەیەکی فیکـری و فەلـسەفیدا جێگە بۆ خۆیان دەکەنەوە. بەتایبەتی ئەگەر هێڵی سـەرەکی لەم ڕۆمــانەدا بەرهەمهێنــانی جۆرێــک لە میتــامۆرفیس بێــت، ئەوا میتـامۆرفیس کە ڕوودانـی گۆڕانکـارییە لە مرۆڤـدا بـۆ ئەوەی

ببێتە ئەفریدەیەکی تر، ئەوە بە مەبەستی دەرخستنی بێتوانایی و ناکارایی و چارەڕەشیی مرۆڤە لەم گەردوونەدا. شێوازی گۆڕانکارییەکەش وەکو لە میتامۆرفیسی کافکاییدا دەبینرێت، زەمینەیەکی لەبار فەراهەم دەکات بۆ قەناعەتهێنان بەو شێوازی گۆڕانکارییە. بەڵام ئایا لەم دەقەدا زەمینەی گۆڕانی مرۆڤێک بۆ درەخت، خوێنەر دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو گۆڕانکارییە شتێکی سروشتی یان ئاساییە؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە مرۆڤە بەدرەختبووەکە لە یەکێک لە باخەکانی قلیاسان تەلبەندێکی بەدەوردا دەکرێت و پاسەوانێکیشی بۆ دادەنرێت. بەڵام ئەو دەبێتەوە بە مرۆڤە ڕووتەکە و بەسەر تەلبەندەکەدا باز دەدات. دواتر لە شوێنێکی تر کە ئەویش گەڕەکی ڕزگارییە لەناو بینایەکی تەواونەکراودا دەردەکەوێت. لە ڕاستیدا وەکو پێشتر گوتمان هیچ پاڵنەرێکی بابەتی لە دوای جووڵەی ئەم مرۆڤە بە درەختبووەوە نییە بەو ئەندازەی کە نووسەر وەکو ئەوەی خۆی دەیەوێت بە بەرنامە بیجووڵێنێت، کە ئەمەش ڕۆڵی ئامادەی نووسەر لەسەر جووڵەی ڕووداو لە دەقەکەدا نیشان دەدات. دیارە لە کۆی ئەو دەقانەدا کە نووسەر بە پلان و بەرنامەوە ئامادەبوونی هەیە، ئامادەبوونی ئەو لەسەر بنەمای پاسیڤکردنی کارەکتەرەکانی یان کەسێتی دەقەکەیە. هەر لێرەدا لە ڕووی شوێنەوە لە گەڕەکی ڕزگاری کە پیاوە بەدرەختبووەکە لە بینایەکی تەواونەبوودا ماوەتەوە و بە گەڵایەکی پان عەورەتی خۆیی داپۆشیووە، "سەرنج دەدات بەو بەیانی زووە لە خانوویەکی گەورەدا کە دەوروبەری بە ئاڵا و پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەی گەورەکراوی کەسانی جیاجیا ڕازابووەوە، بە دەنگی بەرز مۆسیقا و گۆرانی لێ دەدرا، وردەوردە خەڵک بەرەو

ئەوێ دەهــاتن و لەبەر دەرگــاکە ڕیــز دەبــوون و پێــدەچوو چــاوەڕوان بــن بکــرێنە ژوورەوە... ئینجــا چــوونە ژوورەوە دەستی پێ کرد، ئەوانەی دەچوونە ژوورەوە، هەر زوو دوای چەند دەقیقەیەک دەهـاتنە دەرەوە و یەکێک لە پەنجەکانیـان تـا نیـوەی مـۆر بووبـوو، پیشانی یەکتریـان دەدا"(ڕۆمـان،ل-٢١). ئەگەر ســەیری ڕۆڵــی شــوێن بکەیــن لێــرەدا چ ئەو کەلاوەیەی مـرۆڤە بەدرەختبـووەکە خـۆیی تێدا حەشـارداوە، کە دیـارە بـۆ چـاودێری ئەوە هێنـراوەتە ئێـرە تـا دوو شـتمان پـێ بلێـت کە یەکەمیـان هەڵبـژرادنە و دووەمیشیان چـۆن لە هەڵبـژاردنەکەدا ساختە دەکرێت کاتێ باسی ئەوە دەکات: لەپڕ دوو پیاوی گەنج خۆیان کرد بە خانووە داڕووخاوەکەدا و بێ ئەوەی ئەم ببینن.. ســەری قوتـوویەکی پـڕ لە کەفـاوی گیراوەیـان هەڵپچـڕی و لە قوتـوویەکی تـرەوە تـۆزێکی سـپییان تـێ کـرد و تێکیانهەڵـدا و ئەمجـا هەردووکیـان پەنــجە مۆرەکـانی خۆیــان پــێ شــت، لە کاتێکدا پەڕۆیەکـی زبریـان لە پەنجەیـان دەخـشاند (ڕۆمـان،ل-٢١-٢١).

بێگومـان ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ کـاتی ڕووداوی چیرۆکـی ڕۆمانەکە، ئەوا پێشتر دەڵێت: دوای دوو ساڵێک دەبوو خەڵـک لە دیکتــاتۆریەت ڕزگاریــان بووبــوو، بینــی لەبەر پێــیەوە لە ئــاوەکەدا.. بــوونەوەرێکی گرمۆڵەبــوو پێچولــوول دەخــوات، (ڕۆمـــان،ل-١٢،١٥). کەواتە لە ڕووی کـــاتەوە درشـــتییەک لە کـاتەکەدا هەیە، چـونکە یەکەم هەڵبژاردنـی کوردسـتان مایـسی ١٩٩٢ کـراوە و ئیتـر بـۆ مـاوەی دە سـاڵ هـیچ هەڵبژاردنێـک نەکراوە. هەر لێرەوە بوونی ئامانجی قسەکردن لەسـەر عەقڵـی حیزبی و ساختەکردن لە هەڵبژاردندا وای لە نووسەر کردووە تەنیا گرنگی بەوە بدات کە خۆی دەیەوێت، تەنانەت بایەخیش

بەوە نەدات کە چۆنی دەڵێت و چۆنی دەردەبڕێت. بۆیە لێرەدا کات و شوێن هەردووکیان بە جۆرێک بەکارهێنراون نە خاسیێتی ڕەگەزی هونەری شوێنکاتیان هەیە، نەوەکو ئەوەی کە لە واقیعدا هەن هێڵراونەتەوە. ڕاستە ڕۆمان کۆپیکردنەوەی واقیع نییە، بەڵام کاتێک باسی ڕووداوێکی مێژوویی، یان ڕووداوێکی ڕیالیستی دەکرێت، دەبێ فەزای کات و شوێن بۆ ئەو باسکردن یان گوتنە ئامادە بکرێت. هەر بۆیە لێرەوە لە ڕوویەکی ترەوە شوێن زیاتر خاسیێتی شوێن وەکو بوویەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، کە دەبێتە زەمینە بۆ ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان کە هەڵبژاردن و سیاسەت و زۆر چالاکی تری مرۆیی دەکەونە ئەو جوگرافیایەوە، بەڵام ئامانجی بەکۆمەڵایەتیکردنی شوێن لێرەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانەکەوە نییە، بەڵکو پاڵنەرێک کە تەنیا پاڵنەری دواندنی واقیع و ڕەخنەلێگرتنێتی ئەم شوێنەی هێناوەتە نێو دەقەکەوە کە نە ڕەخنەگرتنەکە و نە شوێنەکەش هیچ بەشدارییەک ناکەن لە گوتاری سەرەکی ڕۆمانەکەدا. ڕاستە ڕۆمان نزیکترین ڕەگەزی ئەدەبییە لە واقیعەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە نووسەر چی دەوێت لەسەر جوگرافیای ئەو دەقە جێگەی بکاتەوە، ئیتر پەیوەندی و بەشداری هەبێت لە ئاراستەکردنی پرسیاری دەقەکە و بەرهەمهێنانی جیهانبینی دەقەکەدا، یان نەیبێت.

کاتێک لاوە وێنەگرەکە و هاوڕێکەی شەو درەنگانێک بە مەستی دەگەنە لای ئەمنەسوورەکە، لەژێر درەختێکدا دەوەستن کە لە ڕاستیدا ئەو درەختە لاوە بەدەرختبووەکەیە. بۆ سبەینێ لاوەکە دێتەوە هەمان جێگە بۆ ئەوەی وێنەی بگرێت، بەڵام لەو کاتەدا دەستگیر دەکرێت. پاشان پاسەوانی

ئەمنەسوورەکە کە دوکانداریێکی سمێڵ ڕەشە و ژنی نییە و پێشتریش کاتێ دەربارەی لاوە جوانە بەدەرختبووەکە بیستبووی سەوداسەری دۆزینەوەی بوو. لەناو بۆنیدی یەکێک لەو دەبابە تێکشکاوانەی لەوێ بەجێماوبوون لاوە ڕووتەکە دەدۆزێتەوە و بە تاکسییەک دەیباتە ماڵی خۆی. دیسان لێرەدا شوێن دەلالەتێکی ئەوتۆی نییە پەیوەست بە ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانەکە. ئەوە ئاشکرایە کە ئەمنەسوورەکە لە زیهنی خەڵکدا بووەتە ناوێکی ناسراو و کاتێ ناوی دێت، چاوەڕوانی بیستنی ڕووداوێکی گرنگ دەکرێت. بەڵام لێرەدا ئەمنەسوورەکە کەسێک پاسەوانیەتی کە سەرەتا پێدەچێت نێرباز بێت، بەتایبەتی کاتێ کە لاوە وێنەگرەکە بە دەبابەکەدا هەڵدەزنێت، ئەو لە دواوە ڕانەکانی دەگرێت. هەروەک کاتێ وێنەگرە لاوەکە دەچێتە سەر یەکێک لە دەبابە تێکشکاوەکان، لەو کاتەدا هێزێک دێت و دەستگیری دەکات، کە ئەمەش سەرباری نەمانی ڕژێم و هەوڵدانی سەرەتایی ئەو کاتە بۆ هێشتنەوەی ئەمنەسوورەکە وەکو مۆزەخانەیەک بۆ نیشاندانی زەبروزەنگەکانی ڕژێم، هێشتا گرتن و ئەمنەسوورەکە پەیوەندییەک هەیە لەنێوانیاندا.

لە لایەکی ترەوە دواتر پاسەوانە سمێڵ ڕەشەکە، لاوە ڕووتەکە لەناو دەبابەکەدا دەدۆزێتەوە و دەیباتەوە ماڵی خۆی و دواجار دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەری. ئایا دەشێ نووسەر مەبەستی ئەوە بێت کە جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان دەستدرێژییەکەی ئەم پیاوە و دەستدرێژی جەلادەکانی ئەمنەسوورەکە بۆ سەر ژن و کچە دەستگیرکراوەکان دروست بکات؟ ئەگەر بەم بارەیاندا لێکدانەوە بکەین، ئەوا لە بارێکی وەهادا پاسەوانەکە دەبێتەوە بە جەلادەکان و لاوە ڕووتەکەش

دەبێــــــت بەو قوربانیـــــانەی کە لەبەر دژایەتیکـــــردن و لە ڕووداوەستانی ڕژێم دەستگیر کرابوون، بەڵام ئایا دەتوانرێت هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم لاوە ڕووتە و زیندانیانی دەستی ڕژێمـــدا دروســـت بکرێـــت؟ بە هەرحـــاڵ دیـــسان هێنـــانی ئەمنەسوورەکە وەکو شوێن بۆ نێو جوگرافیای ڕۆمانەکە لە ڕووی شـوێنەوە وەکـو زەمینەیەکـی کـۆمەڵایەتی کە جـێگەی ڕووداو و ململانێکان بێت، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە.

یەکێکـــی تـــر لەو ڕووداوانەی کە ڕووبەڕێکـــی دیـــاری لە ڕۆمانەکەدا داگیر کردووە، بریتییە لە هەوڵدانی پاسەوان یان دوکانـدارە سـمێڵ ڕەشـەکە بـۆ ئەوەی دەسـتدرێژی سێکسی بکاتە سەر لاوە ڕووتەکە و سەرئەنجام کوشتنی ئەو پیاوە لە لایەن لاوە ڕووتەکەوە، کە شێوەی کوشتنەکە جۆرێکە ئەگەر جڵەوی خەیاڵ تا ڕەهاترین ئاستیشی بەرەڵا بکرێت، هێشتا ئەو شـــێوەیەی کە مـــرۆڤە بەدرەختبـــووەکە لە چرکەســـاتێکدا بەو جـــۆرە پەلوپـــۆ دەرکـــات و ژوورێـــک بگـــرێتەوە و ببێتـــە بارســـتەیەکی هێنـــدە گـــران کە پیـــاوەکە لەژێریـــدا بپـــسێت، لە سەرووی قەناعەت پێهێنانەوەیە. بەتایبەتی ئەوەی دواتر خەڵک دەیبینن تەنیا چەند دڵۆپە خوێنێکە. ئایا دەلالەتی خوێن لێرەدا چییە؟ ئایا دەشێ بە هۆی جووتبوونی دوکاندارەکەوە لەگەڵ مرۆڤە بەدرەختبووەکەدا ڕژابێت؟ یان ئایا لە ئەنجامی کوشتنی ئەو پیاوەدا ڕژاوە؟ ئایا دەشێ پیاوێک لە کوشتنیدا تەنیا چەند دڵۆپە خوێنێکی لێ بێت؟ ئایا لە ئاستێکی تردا دەشێ خوێن هێمـا بێـت بـۆ تـاوانکردن؟ ئەگەر سـەیری مـاڵی دوکانـدارەکە بکەیـن وەکـو شـوێن، ئەوا بە ئاشـکرا بەشـداری دەکـات لە بونیـادی دەقەکەدا، ئەویـش لەو ڕوانـگەیەوە کە یەکەم مـاڵی پیاوێکی تا ئەندازەیەک بە تەمەنی تەنیایە کە ئەمەش لەو ژینگە

کۆمەڵایەتییەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە، شتێکی ئاسایی نییە و لەوێوە تیشکێک دەخرێتە سەر شووناسی ئەو پیاوە و گومانێکی دوو ئاڕاستەی لێ دەکرێت، کە یەکەمیان ئەوەیە توانای پیاوەتی نەبێت. بۆیە بە تەنیا دەژی، کە سمێڵە ڕەشەکەی بە جۆرێک ئەم گومانەیان دەڕەوێنێتەوە. ئاڕاستەی دووەم ئەوەیە ئەم پیاوە هۆمۆسێکشوڵ بێت کە بردنەوەی لاوە بەدرەختبووەکەش زیاتر ئەمەیان دەسەلمێنێت. کە دیارە مەسەلەی هۆمۆسێکشوڵ لەو زەمینەیەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە لە دروستبوونی شارەکەوە ڕەگوڕیشە و مێژوویەکی هەیە، هەر بۆیە لێرەدا شوێن کە ماڵەکەیە دەبێتە زەمینیەک بۆ ئەو دیاردە نەشازە کۆمەڵایەتییە و سەرئەنجامی ئەو ڕەفتارەش بکەری ئەم بەشەی ڕووداوەکە دەبێتە قوربانیی ڕێگەی حەز و ئارەزووەکانی کە لە ڕاستیدا ئارەزووەکانی ناجۆر دەدرێنە قەڵەم لە ڕوانگەی پەیوەندی سروشتی نێوان دوو ڕەگەزەکەوە. لە کاتێکدا پەیوەندی سروشتی پەیوەندی نێوان نێر و مێیە، نەک نێر و نێر، یان مێ و مێ.

دەرکەوتنی لاوە بەدرەختبووەکە لە حەوشەی ئۆفیسی ڕۆژنامەکە و پاشان خۆهەڵواسینی بە پەنجەرەی ژووری سەرنووسەردا و بینینی لە لایەن سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسە کچەکە و ئەو ژنەوە کە سەوداسەری بینینی وێنەگرە لاوەکە بوو، جێگەی لەسەرڕاوەستانە. ئەو ژنە بە جۆرێک بەدوای لاوە بەدرەختبووەکەوەیە، پێدەچێت دایکی بێت، هەر بۆیە کاتێ لاوەکە بە ڕووتی دەبینێت دەمرێت. ئەوەی گرنگە بە گوێرەی ئۆفیسی ڕۆژنامەکە پەیوەست بە ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانەکە ئەوەیە، کە سەرەداوێک

سەبارەت بە مێژووی لاوە بەدرەختبووەکە لە لایەن ئەو ژنەوە دەردەکەوێت کە کاتێ ئەو لاوە بەدرەختبووە ساوا بووە پێشی نۆزدە ساڵ، کە پەیوەست بە ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانەکە دەکاتە ساڵی ١٩٧٤، واتە لەسەردەمی شەڕی نێوان بزووتنەوەی کورد و ڕژێمدا ئەو ژنە لە ڕۆژێکی سارد و بەفردا لە سیتەک کە بۆ لای مێردەکەی دەچێت کوڕەکەی ون دەکات. هەرچەندە بەستنەوەی کوڕێکی ونبوو لە سیتەک و پاشان بینینی ساوایەک لە قلیاسان بەدەم سەگێکەوە، دوو بەڵگەی زۆر لاوازن بۆ ئەوەی لاوە بەدرەختبووەکە ئەو ساوایە بێت. دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا لەبەر چی ساوایەک دەبێتە مرۆڤێکی بەدرەختبوو؟ ئایا هیچ هۆکارێکی بابەتی هەیە کە ئەو گۆڕانکارییە دروست بکات؟ گریمان ئەوەش ڕاستە و ئەوە ئەو ساوایەیە بووەتە ئەو مرۆڤە بەدرەختبووە، بەڵام ئایا چۆن ئەو ژنە دەزانێت ئەوە کوڕەکەی ئەوە؟ بێگومان ئەمانەش دەچنە پاڵ ئەو خاڵە لاوازانەی تری ڕۆمانەکە بۆ بیناکردنی ئەم کەسێتییە لەنێوان مرۆڤ و درەختدا، چونکە هۆکارێکی بابەتی بەدی ناکرێت بۆ ڕوودانی ئەو گۆڕانکارییە و خودی گۆڕانکارییەکەش ناتوانێت ئەو وەزیفەیە بگرێتە ئەستۆ کە لە پرۆسێسی میتامۆرفیسدا چاوەڕوانکراوە. هەروەک ئەو هۆکارانەشی کە پرۆسێسی میتامۆرفیس بەرهەم دەهێنن، لە بونیادی ئەم ڕۆمانەدا بوون و ئامادەبوونی نییە.

جارێکی تر لاوە بەدرەختبووەکە لە بەردەم مۆزەخانەی سلێمانیدا دەردەکەوێتەوە (ئێوارەیەک تازە تاریکی کردبوو، درەختەکە لە باخچە بچکۆلەکەی بەردەم مۆزەخانەی شارەکەدا لە تەک درەختێکی ترەوە وەستابوو، لە خەڵکەکەی

دەڕوانی (ڕۆمان، ل-٩٧). لێرەدا و لە زۆر شوێنی تریشدا لاوە بەدرەختبـووەکە ڕۆڵــی گێــڕەرەوە دەبینێـت، چـونکە ئەوەی ڕووداوەکان دەبینێت ئەوە و لەبری گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە ئەو ئەو ڕووداوانە دەگێــڕێتەوە. لەو دیــمەنەدا باســـی قـــسە و گفتوگـۆی ئەو کـچ و کـوڕە لاوانە دەکـات کە لەو بـاخچەیەدا کۆبـوونەتەوە. هەر لە گێڕانەوەکانیـشدا جۆرێـک لە سانـسۆر لەنێوان کوڕان و کچاندا بۆ قسەکردن نیشان دەدات. دەشـێ لێـرەدا ڕۆڵــی لاوە بەدرەخبـووەکە تەنیـا ئەوەنـدە بێـت کە بینەرێکی ئەو واقیعە بێت کە هەیە و ئەرکەکەشی گێڕانەوەی دیمەنەکـان بێت وەکـو خۆیـان و وەکـو ئەوەی هەن. ئەگەر لە بنەڕەتــدا ئەم کەســێتییە بــۆ ئەوە بینـا کرابێــت کە وەکــو شـایەتحاڵێک دیـاردە و ڕووداو و نهێنییەکـانی شـەوانی شـار بگێــڕێتەوە، ئەوا دەشـــیا ئەو ئەرکە بە هەر کەســـێکی تــر بـسپێردرێت، لە بـارێکی وەهاشــدا ئاشـکرایە پێویـستی بەوە نەدەکرد کە کەسێکی لەو جۆرە بکرێـت بە شـایەتحاڵ بەسـەر ڕووداوە نهێنییەکانی شارەوە، کە مێژووی ئەو کەسە خۆی لە هـیچ ئاسـتێکدا زانـراو نیـیە و هۆکـاری بـوون بەدرەختیـشی نەزانـــراو و نادیـــارە. ئەمەش لە ئاســـتێکی تـــردا لاوازیـــی ئامادەبوونی کۆمەڵایەتی ئەم کەسە نیشان دەدات.

هەر لەو ساتەدا لاوە بەدرەختبووەکە تێبینی گیرفانی لاوە وێنەگـرەکە دەکـات، کە گەڵایەکـی ســەوزی تێـدایە و وای بـۆ دەچێت کە یەکێک بێت لە گەڵاکانی خۆی. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە هێـشتا ئەو لاوە بەدرەخبـووە هەسـت و هۆشـیاری مرۆڤانەی خۆیی لەدەست نەداوە. لە لایەکی ترەوە کاتێ لاوە وێنەگـرەکە دەیەوێـت گەڵا ســەوزەکەی گیرفـانی بە گەڵاکـانی لاوە بەدرەختبـووەکە بەراورد بکـات، بـایەکی بەهێـز دێـت و

گەڵاکە دەفڕێنێـت و جـارێکی تـر وێنەگـرەکە نایـدۆزێتەوە. لە ڕاستیدا ڕووداوێکی لەم جۆرە تەنیا لە چوارچێوەی بنەماکانی یاساوڕێساکانی دیوئیکس ماشینەدا جێگەی دەبێتەوە و زیاتر بەخـشینی خاسـێتەکانی جیهـانی ڕێکەوتـێکە کە لە سـنوورە فراوانەکانی خەیاڵیشدا جێگەی نابێتەوە.

دواتـر یـان بـۆ ڕۆژی دواتـر لاوە بەدرەختبـووەکە دەگـاتە بـاخی گـشتی و مـاوەیەک لە ژووی بـاخەوانەکەدا و لەسـەر قەرەوێڵەیەک دەمێنێـتەوە. کە جگە لە وەسفێکی باخەوانەکە و شـێوازی هەڵسوکەوتی و کارکردنی هـیچ شـتێکی تـر لەبارەی ئەم کەسێـتییەوە لە بـاخی گـشتیدا بـایەخی نیـیە و هـیچ ڕووداوێکـی گەورە یـان بچـووکیش پەیوەسـت بە لاوە بەدرەختبـووەکە ڕوو نـادات. تـا سـەرئەنجام ئەوێـش بەجـێ دەهێڵێت و دەچێـتە شـەقامی مەولەوی و لەبەردەم دوکانێکدا سـەوز دەبێـت، دیـارە ئەوەش بـۆ بینینـی ئەوەی کە چـۆن کۆمەڵێـک چەکـدار دەچـنە دوکـانێکی وێـنە و مۆمیـاکردنی گیانلەبەرانەوە. ئاشکرایەک لێرەشدا ئەوەی مەبەستە بگوترێت ئەوەیە کە شـار چـاودێریی لەسـەرە و کەسـانێک کە خاسـێتی ڕەسمییان نییە ئازادییەکانی خەڵک تەسک دەکەنەوە.

پـاش ئەوە لاوە بەدرەختبـووەکە دەگـاتە ژێـر پـردەکەی شـەقامی مەولەوی و دەچێـتە خـوارەوە و "لەناکـاو گـوێی لە هەناسەبڕکێی پیاوێک بوو، یەکسەر لە جێگەی خۆیدا وەستا. بینی لەبەر پێیدا پیاوێکی سمێڵ زلی جامانەبەسەر لەنێو دوو کـارتۆنی گەورەدا چـۆکی داداوە و بەدەم هەناسـەبڕکێوە، ملەقـوتێیەتی و سـەیری ئەمـلاولا دەکـات. کە سـەرنجیدا لە تاریکییەکەدا کوڕێکی منداڵکار سەری لە ناوگەڵی پیاوەکەدایە.." (ڕۆمان-ل-١١٦). لێرەدا وێنەیەکی تری یەکێک لەو دیاردانەی

که له سلێمانیدا له دروستبوونیەوە باو بووە و یەکێکە له دیاردە ناشیرینەکان نیشان دەدات، کە ئەویش دیاردەی نێربازییە. تەنانەت لە وێناکردنی ئەو جۆرە پیاوانەی کە ئارەزوومەندی ئەو ڕەفتارە نەشازەن، سەرکەوتووانە وێنەکەی بەرجەستە کردووە کە دیارە ئەم جۆرە ڕەفتارە نائاساییەش بە پێی کولتووری کوردەواری ڕەفتارێکی ناشیرین و نادروستە و یەکێکە لە خاسێتە دیارەکانی سلێمانی وەکو شار کە هەر لە دروستبوونیەوە ئەو دیاردەیەی تێدا باو بووە.

دواتر درەختەکە بەرەو مەزادخانەکە دەڕوات و لەوێش لەگەڵ دەستەیەک چەکداردا هەڵدەکوتنە سەر ژن و پیاوێک، کە لە نهۆمی دووەمی دوکانیکدا تێکئالاون. درەختەکە ڕۆڵی چاودێرێک دەبینێت بۆ وێنەگرتنی شتەکان. هەر بەدوای ئەوەدا لە لای بازاڕی شووشە جەستەی پارچەپارچەکراوی ژنێکی کوژراو دەبینێت لە گونییەکدا. پاشان لاوە ڕووتە بەدرەختبووەکە لە نهۆمی دووەمی بینایەکی کۆنی سەر بەلەدیێکەدا دەبینرێت کە لەوێدا دەستگیر دەکرێت و دەبرێتە بنکەی پۆلیسی ئیجرام و لەوێ بە مشار و کەتەر و دواتر بە تەور پارچەپارچە دەکرێت و لەوێ باخەوانەکەی باخی گشتی چڵێکی دەبات لە باخەکەدا دەیڕوێنێت و ئەو چڵەش دەبێتە دارێکی تەڕ و سەوز و ئێستا وێنەگرە لاوەکە و کچێکی هاوڕێی لەبن ئەو دارەدا دانیشتوون.

ئێستا تا ئەندازەیەک ئەو ئامانجە ئاشکرا دەبێت کە کەسێتی ئەم لاوە بەدرەختبووەی بۆ ئەفرێندراوە، کە بریتییە لە بینین و وێنەگرتنی دیاردە نادروست و خراپەکانی شار. بە واتایەکی تر ڕۆمانووس دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە پەردە لەسەر ڕووی بەشێک لە نهێنییەکانی شار لا ببات. دیارە لە ئاشکراکردنی ئەو

نهێنیانەشـدا ئەگەر لە ئاسـتی نەبینـراودا جۆرێـک لە ڕەخـنە هەبێت، ئەوا لە ئاستی بینراودا ئەو دیاردانە بێلایەنانە و وەکو ئەوەی هەن دەگێڕێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا سپاردنی ئەرکی ئەو ئاشـکراکردنە بە لاوە بەدرەختبـووەکە کـارێکی سـەرکەوتوو نیــیە، چــونکە لە لایەک مێــژووی ئەو کەســێتییە خــۆی تەمومژاوییە، لە لایەکی ترەوە شێوازی گۆڕینی بۆ درەخت شـێوازێکی نـاواقیعییە، چـونکە هۆکـارێکی ئاشـکرا بـۆ ئەو پرۆسێسی گۆڕانی مرۆڤە بۆ درەخت بوونی نییە. لە لایەکی تـرەوە کـۆی جـووڵەی درەخـتەکە بە جـۆرێکە ناتوانرێـت قەنـاعەتی پـێ بهێنرێت. هەر بـۆیە لێـرەوە لاوازیـی زەمیـنەی بیناکردنی ئەم کەسێتییە بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە ئاشکرا دەبێـت. لێـرەوە کە باسـی بـوونی ئەم کەسـێتییەمان کـرد لە شـوێندا دەبینـین زۆریـنەی شـوێنەکان ڕۆڵـی شـوێن وەکـو ژینگەیەکـــی کـــۆمەڵایەتی بـــۆ ئەوەی ڕووداو بە چەمـــکە کـۆمەڵایەتییەکەی تێیانـدا ڕوو بـدا دەور نـابینن، بەڵکـو زیـاتر شوێنن بێ ڕووداوێک کە شووناسی ڕووداوی هەبێت.

ئێمە گوتمان ڕۆڵی سەرەکی مرۆڤە بەدرەختبووەکە ئەوەیە کە وەکو بینەرێک ڕووناکی بخاتە سەر بەشێک لە نهێنییەکانی شـار، یـان بە واتـایەکی تـر پەردە لەسـەر بەشـێکی خاسێـتە شاراوەکانی شار لا بدات، بە تایبەتی هەندێک لەو خاسێتانەی کە زیاتر خاسێتی تاکەکەسن و تاک خۆی لێیان بەرپرسیارە، کە هەندێک لەوانەش زیاتر وەکو ڕەفتاری نەشازی تاکەکەس دەردەکەون بەتـــایبەتی ئەوەی کە لە ڕۆمـــانەکەدا وەکـــو دیاردەیەکی باو جەختی دەکرێتە سەر، کە ئەویش دیاردەی نێربـازی و دیـاردەی سیکـسی ناشـەرعییە، واتە سێکـسی دەرەوەی خێـزان. بێگومـان ئەوە ئاشـکرایە کە شـار وەکـو

زەمینەیەکی فراوان بۆ ژیانی ڕووبەڕێکی فراوان لە مرۆڤـ هەموو جۆرێک لە مرۆڤ کۆدەکاتەوە، بۆیە ئاساییە کە ببێتە زەمینەی کۆی ڕەفتارە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤـ ئێستا ئەوەی لێرەدا وەکو پرسیار خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە: ئایا لە زەقکردنەوەی دیاردە نەشازەکانی شاردا ئەم دەقە دەیەوێت چی لەبارەی شار و ئەو قۆناغە مێژووییەوە بڵێت کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە؟ ئایا سەرباری بوونی ئەو دیاردە نەشازانە لە سلێمانیدا، فەزای باڵادەست لە شارەکەدا ئەو دیاردانەیە یان تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ئەو دیاردانە لەم شارەدا بە سروشتی وەردەگیرێن؟ بەتایبەتیش ئەوە ئاشکرایە کە سلێمانی لە دروستبوونییەوە خاڵی نەبووە لەم جۆرە دیاردانە و ئەوەش نەبووەتە خاڵی لاوازی ئەم شارە و تەنانەت ئەوانەشی کە بەو کارانەوە خەریک بوون لە کۆمەڵگەدا ئەفەرۆز نەکراون. لە ڕاستیشدا ئەوە یەکێکە لە خاسێتەکانی سلێمانی وەکو شار. واتە سلێمانی وەکو جوگرافیایەک کە دەشێ بەشێک لە خاسێتەکانی شاری هەبێت، لەم ڕووانەوە وەکو شار مامەڵەی کردووە. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە ئەو جۆرە دیاردانە لە شار و لە کۆمەڵگەی شاردا وەکو بەشێک لە ئازادی تاکەکەس سەیر دەکرێن. ئایا ئەم دەقە دەیەوێت بڵێت لەم ڕووەوە سلێمانی خاسێتی شاری هەیە و ئەو دیاردانە وەکو بەشێک لە ئازادی تاکەکەس سەیر دەکات کە لە ڕاستیدا لەو ڕەفتارەدا ئاستە جیاوازەکانی خەڵک بەشدار بوون، هەر لە خەڵکی ئاساییەوە تا کەسانی ناو نوخبەی ڕۆشنبیر و دەوڵەمەند و سیاسی و تەنانەت لەناو پیاوانی ئایینیشدا ڕەفتاری نێربازی شتێکی نەبیستراو نەبووە. یان بە شێوەیەکی تر ئەم دەقە دەیەوێت ڕەخنە لەو دیاردەیە بگرێت و

به خاسیەتێکی ناشیرینی سلێمانی بزانێت و ئەوەش ببەستێتەوە بە زۆرێـــک لەو ڕەفتـــار و هەڵـــسوکەوتانەوە کە لە لایەن کۆمەڵگەوە ئەفەرۆز دەکرێن؟

هەروەک گوتارێکی تری ئامادە لەم دەقەدا گوتاری سیاسی کوردییە، کە دیسان لە پاڵ گێڕەرەوەدا لاوە بەدرەختبووەکە چـــاودێرێکی وردە بەســـەر گوتـــاری سیاســـی و تەنـــانەت دامەزراوەی سیاســـی ئەم شـــارە و وڵاتیـــشەوە بەگـــشتی و ئەوەش بە ئاشکرا بە مەبەستی ڕەخنەگرتنە لەو گوتارە و لە کۆی دامەزراوەی سیاسی و حیزبی کوردستان.

لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: تۆ دەزانیت ئەم خەڵکەی لەم دێیەدا دەژیـن کـێن و چییـان بەســەر هـاتووە؟ ئێـستا بە هەژاری و دامـاوی خۆمـانەوە وازمـان لـێ نـاهێنن و دەتانەوێت شـێتمان کەن؟ دەبڕۆ مامە گیان ئێمە دەنگ بۆ کەس نادەین... کاتێ لاوە وێنەگـرەکە ســەیری گیرفـانی خـۆی کـرد و گەڵا ســەوزەکەی بینـی، تێگەیـشت پیـاوەکە مەبەستی چـی بـوو (ڕۆمـان، ل-٢٠). درەختەکە گەیشتبووە گەڕەکی ڕزگاری، سەرنجیدا بەو بەیانی زووە لە خانوویەکی گەورەدا کە دەوروبەری بە ئاڵا و پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەی گەورەکـراو ڕازابـووەوە، خەڵـک بەرەو ئەوێ دەهـاتن، ئەمجـارە چـوونە ژوورەوە دەسـتی پـێ کـرد و ئەوانەی دەچـوونە ژوورەوە هەر زوو دوای چەنـد دەقـیقەیەک دەهاتنە دەرەوە و یەکێک لە پەنجەکانیان تـا نیوەی مۆر بـوو.. لەپڕ دوو پیاوی گەنج خۆیان کرد بە خانووە ڕووخاوەکەدا و.. پەنجە مۆرکراوەکـانی خۆیـان بە کەفاوێـک شـت و پاشـانیش بە پەڕۆیەکـی زبـر پەنجەیـان تەواو پـاک کـردەوە (ڕۆمـان-ل٢٣).

لێرەدا لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوانەوە دوو دیمەنی جیاواز بەڵام بۆ گەیاندنی یەک مەبەست بەرجەستە دەکرێت. ئەویش لە دوو ئاستدا ڕەخنەگرتنە لەو بارودۆخەی کە دوای ڕاپەڕین هاتووەتە ئاراوە. لە یەکەمیاندا کاتێک پیاوەکەی قلیاسان بە وێنەگرە لاوەکە دەڵێت وازیان لێ بهێنێت و ئەوان دووچاری داماوی و بەدبەختی هاتوون و دەنگ بە هیچ کەس نادەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جەماوەر لە دەسەڵاتی دوای ڕاپەڕین بێزارە، چونکە سەرباری ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر خەڵکدا هاتووە، دەسەڵات هیچ باکی بە خەڵک نییە و هەر لێیشیان ناپرسێتەوە. هەر لەبەر ئەوەش کابرا دەڵێت کە ئەوان دەنگ بە کەس نادەن، بەتایبەتیش کاتێ گەڵا سەوزەکە لە گیرفانیدا دەبینێت وا تێدەگات کە ئەم کوڕە لاوە سەر بە لایەنێکی دیاریکراوە و دەشێ بۆ کۆکردنەوەی دەنگ هاتبێت. بە واتا پیاوەکە وا تێدەگات کە پرسیار دەربارەی درەختەکە تەنیا بیانووە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە سەرنجی خەڵکەکە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

لە وێنەی دووەمیشدا کە تابلۆیەک لە دیمەنی یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان نیشان دەدرێت، باسی چۆنێتی ڕیزگرتنی خەڵک بۆ دەنگدان دەکات، لەگەڵ ئەو فێڵ و گزییانەی کە لە دەنگدانددا کراوە، کە بەشێکی لە ڕێگەی خاوێنکردنەوەی پەنجە و دووبارە دەنگدانەوە نیشان دەدرێت. لێرەشدا ئامانجێک ئاشکرا دەبێت کە ئەویش بریتییە لە دەرخستنی ڕووی ناشیرین و دزێوی عەقڵی سیاسی و لاوازی هۆشیاری خەڵک و عەقڵی تەسکی حیزبی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا

کە دەقەکە لەم کـــۆمەڵگەیەدا بەرهەمهـــاتووە، هەر بـــۆیەش بارگـاوی کـراوە بە کـۆی ئەو ڕەگەز و هێمـا و بنەمایـانەی کە بەرجەستەی واقیعی بـاوی کۆمەڵگەکە دەکەن. کەواتە جـارێکی تر لێرەدا ئەو بۆچوونە بە باشـی خـۆی دەسـەپێنێت، کە ژانـری ڕۆمـان وەکـو ژانرێکـی هـونەری لە کـۆی ژانـرە ئەدەبـی و هونەرییەکانی تر زیاتر نزیکە لە واقیعەوە.

**پەراوێزەکان:**

1 -Christoph Bobe، The Novel، Tran. by James Vigus، Wiley BHlackwell، 2011، p.65.

2 -John Peck and Martin Coyle، Literary Terms and Criticisim، p. 121.

3 -Christoph Bobe، The Novel، p. 76.

4 -Christoph Bobe، The Novel، p.77.

٥- سعید یقطین- تحلیل الخطاب الروائي- المرکز الثقافي العربي، الطبعة الرابعة، ٢٠٠٥، ص ٤٢.

6 -David Lodge، Modern Criticism and Theory- 2nd edition، Longman، 2000، p.58-60

7 -David Lodge، Modern Criticim، p.60

8 -Jeremy Hawthorn. Studying the Novel، London- 1989- p.59.

# نەتەوەی زێرابەکان و یۆتۆپیای پێکهاتن

-١-

نەتەوەی زێرابەکان ڕۆمانێکی نووسەر (جەبار جەمال غەریب)ە کە ساڵی ٢٠١٣ بە چاپی گەیاندووە. چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە ئەوەیە باوکی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە دوای ئەوەی ژنێکی نوێ دەهێنێت و دایکی ئەم کە ژنی یەکەمیەتی لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و دەڕوات، باوکیشی ئەم لە دەرگای ماڵەکەی دەکاتە دەرەوە و پێی دەڵێت بەدوای دایکیدا بڕوات. ئەم دەبیستێت دایکی ئەوکات لەگەڵ نانەوایەک لە ئەوسەری شار پێکەوە دەژین. کاتێ ئەم دەچێتە ئەوسەری شار و نانەواکە دەدۆزێتەوە، نانەواکە ئاگری گرتووە و نانەواچییەکە نیوەسووتاو بووە. هەرچەند ئاشکرا نییە، بەڵام دایکی ئەمیش لە تەنووری نانەواکەدا بووەتە قەرەبرووت. ئەمی گێڕەوە کە دواتر دەبێتە یەکێک لە کەسە تەوەرییەکانی ڕۆمانەکە، لەوێ واتە لە نزیک نانەوا سووتاوەکە میجەوەرێک ئەو شەوە دەیباتە مزگەوت و بۆ سبەینێ سایەق لۆرییەک هەڵیدەگرێت و

نانی بەیانی پێکەوە دەخۆن و لەوێوە گەشتی ترسناکی ژیانی ئەم دەست پێ دەکات، کە دەبێتە شاگردی سایەق لۆری و لەو کارە بەردەوام دەبێت و چەندین سایەق لۆری دەگۆڕێت تا دواکەسیان لەنێو فیتەر و سیکرابچییەکانی شەقامی شێخ عومەر لە بەغدا لەگەڵ بۆنیدی لۆرییەکە بەجێی دەهێڵێت و جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ لای. بۆنیدی لۆرییەکە دەبێتە ماڵی ئەم و لەگەڵ سەرنشینانی شەوانی شێخ عومەردا لە سەرخۆش و شێت و ئافرەتی بێکەس و لەشفرۆش و بەرەڵا و پیاوانی سەرسەری و هەتیوباز و جرج و مشک و مار و مارمێلکە و کیسەڵ و هەرچی ئەفریدەبووی ئەو سکرابخانەیە هەیە ڕادێت و لەناو ئەو پیسی و چەوری و جڕوجانەوەرانەدا ژیان دەگوزەرێنێت.

دواجار شەوێک ژنێکی سفوور کە ئەمی گێڕەرەوە لە ڕێبواران و سایەقی لۆرییەکانەوە ناوی بیستبوو، دێتە لای و پاپوجە بەرزەکانی لەوێ بەجێ دەهێڵێت. پاشتر چەکدارانی دەوڵەت دێن بە شوێن نهێنی ئەو ئافرەتەدا دەگەڕێن و پاش بگرەوبەردەیەکی زۆر دەیدۆزنەوە و دەیکوژن. لەو کاتەوە ڕیتم و هارمۆنیای جیهانە تایبەتییەکەی سکرابخانەی شێخ عومەر تێکدەچێت و سەرجەمی ئەفەریدەبووانی ئەو جیهانە تایبەتییە پێکەوە بە ئەمیشەوە کۆچی گەورە دەکەن لە شێوەی خێزانێکدا بەرەو ناو زێرابە گەورەکانی ژێر بەغدا دەڕۆن. گێڕەرەوە کە خۆی یەکێکە لەو ئەفریدەبووانەی نێو زێرابەکان، باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو سەرنشینانە بوونەتە تارمایی و هەر یەکەش لە لایەن دەستەی خزمەتگوزاری نێو زێرابەکانەوە کە جرج و مارمێلکە و هەندێ ناوی تارماین، مێخ لەسەر دڵی سەرنشینانی نێو زێرابەکان دەچەقێنرێت و دوای

ئەوەش ئەو سەرنشینانە دەبن بە تارمایی و لە خاسیەتەکانی زیندەوەری ئاسایی ڕووت دەکرێنەوە. سەرنشینانی نێو زێرابەکان کە بە نەتەوەی زێرابەکان ناو دەبرێن، ژیانی خۆیان بەسەر دەبەن و بە ئازادی دەژین. تا ئەو کاتەی لەگەڵ ئاوی زێرابەکاندا کۆچی کۆترەکان بۆ ئەوێ دەست پێ دەکات، کە ئەوەش بۆ سەرنشینەکان مایەی مەترسییە، چونکە کۆترەکان نابن بە تارمایی و مێخ لەسەر دڵیان نادرێت، چونکە ئەوان ئومێدیان هەیە. لەوێ وەرزەکان بە باشی لێکتر جیا ناکرێنەوە. کاتە خۆشەکانی زۆرینەی سەرنشینەکانی ئەوێ بەتایبەتی ئەمی گێڕەرەوە ئەو کاتانەیە کە سەرڕێژەکانی ئاوی دیجلە لە شێوەی تاڤگەدا دەڕژێنە ناو زێرابەکانەوە و ئەمانیش خۆیان دەدەنە بەر ئەو ئاوە، ئەگەرچی هەندێجار ماسی گەورە و شتی تریش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و دەیدات بە سەریاندا. پاشان پەیامی دووەم کە پەیامی کۆترەکان بوو، ئاشکرا بوو کە مەبەست لە پەیامی دووەم ئەوە بوو کە ڕۆیشتن دەست پێ بکرێت، ئەوەش لە ڕاستیدا بریتی بوو لە لێدانی تونێل و ڕێگە و پێکەوەبەستنی زێرابی هەموو شارەکان لە ژێرەوە. لەو کارەشدا گێڕەرەوە وەها وەسفی خۆی دەکات کە ئەندازیاری تونێل لێدانەکە بووە. سەرئەنجام نەتەوەی زێرابەکان گەیشتنە گۆڕستانی ئێسقانەکان، کە گێڕەرەوە بە شاری ئێسقانەکان ناوی دەبات و لەوێ بۆ یەکەم جار ئەو ژنە قژبژەی کە ئەم بینیبووی کورسییەکی لە ئێسقان دروست کردبوو. بەدوای ئەوەدا تارماییەکان لە ئێسقان چەندین شتی وەکو مێز و کورسی و قاپ و قاچاغیان دروست کرد. پاشان پەیکەری پادشایەکیان لە ئێسقان دروست کرد. لە تەنیشتیشیەوە پەیکەری شاژن و وەزیرەکان و خزمەتکار و دەستوپێوەند لە

ئێسقان دروست کران. شاری ئێسقان لە ڕاستیدا وەکو گەورەترین پایتەختی ژێر زەوی دەناسرێت. کارگوزاری خزمەتگوزاری ناو زێرابەکان دەیەوێت مێخ لە دڵی پەیکەرە ئێسکەکان بدات تا ببن بە تارمایی، بەڵام دواتر مێچ لە کورسی پادشا و لە لولەی تفەنگ و کێلانی شمشێری دەست و دایەرەکەی پادشا دەدات و هەمووان ناکارا دەکات. چەند تارماییەکیش لە گروپی هەستەوەرەکانەوە هاتبوون، ئەوان شاعیرەکان بوون ئەوانەی خەریکی کتێب و ڕستە و وشە بوون و لە ڕاستیشدا مێشکیان لە ئەو سەبەتە و زەمیلانە پێکهاتبوون کە پارچە کاغەز و شتی تریان تێ فڕێ دەدرا. دوای داکوتینی مێخ پاشا و دەستودایەرەکەشی بوون بە تارمایی، واتە بوونە بەشێک لە نەتەوەی زێرابەکان.

سەرباری ئەوەی تارماییەکان لە تونێلە درێژ و قووڵەکاندا ڕۆدەچن بەرەو قوڵایی زیاتر، بەڵام دواجار لە کۆتایی زستاندا ئەمی گێڕەرەوە بە کۆڵێ ئێسقانەوە ئەشکەوتی ئێسقانەکان بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ زێرابەکانی ژێر بەغدا کە خۆی بە بەهەشتی تارماییەکان ناوی دەبات. کاتێ دەگەڕێتەوە دەبینێت تارماییەکان پەیکەرێکی گەورەیان لە بوتڵی عەرەق بۆ عەبدوئەمیر ئەلحەسەری دروست کردووە، کە ئەم کەسێتییە یەکێک لە پیاوە هەمیشە سەرخۆشەکانی ناو شەقامەکانی بەغدا بوو. ئەو لە خۆیدا یەکێک لە تارماییەکانی سەر زەوی بوو، ئێستا بەغدای چۆڵ کردبوو، گواستبوویەوە بۆ لای نەتەوەی زێرابەکان. ئەم پیاوە بە تارمایی مەی ناسراوە. هەرچەندە ئەم بە هیوا بوو ئەو گەنجەی کە ئومێدی پێی هەبوو شوێنەکەی ئەم چۆڵ نەکات، بەڵام گەنجەکەش لەگەڵ

مردنی ئەمدا پەیوەندی کردبوو بە لەشکری تارماییەکانەوە و مێخیان لە دڵی دابوو.

دواتر لێشاوی ئەو تارماییانە بەرەو زێرابەکان دێن کە پارچەپارچە کراون، یان چەند بەشێکی لەشیان خوراوە. هەروەک تەرمی ناتەواوی ئەو سەربازانە دێت کە لە سوپا ڕایانکردووە و گورگ و دڕندەی تر چەند بەشێکیان لێ خواردوون. بەدوای ئەوەدا لەشکری تارمایی بیابان کە لەشکرێکی گەورە بوو، ڕێگەی زێرابەکانیان لەبەر گرتبوو. بەم جۆرە ڕۆژ بە ڕۆژ نەتەوەی زێرابەکان گەورەتر دەبوو. تارمایی بیابان لە خۆڵ دروست نەکرابوون، بەڵکو تارمایی ئاسن بوون بۆیە مێخ توانای بڕینی دڵ و جەستەی ئەوانی نەبوو، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەوان سکرابخانەی شێخ عومەرو شەقام و سەرنشینەکانی بەغدایان نەناسیبوو. تارماییە ئاساییەکان هیچ ئومێدێکیان نییە، بەڵام تارماییە نائاساییەکان ئومێدیان هێنابوو، ئەوەش کێشە بوو بۆ نەتەوەی زێرابەکان. گێڕەرەوە لە تارماییە نائاساییەکان بێزار دەبێت و دەچێتەوە بۆ تونێلەکان و بۆ لای پەیکەری ئێسکەکان و بەتایبەتی پەیکەری پادشای لە ئێسقان دروستکراو، لەوێش ترسی ئەوە دایدەگرێت کە ئەو پاشایە سیستمێکیان بۆ دابنێت و ئازادی نەتەوەی زێرابەکان بکوژێت. ئەوەی گێڕەرەوە تێبینی دەکات ئەوەیە کە ژنەی قژلفکەش گەڕاوەتەوە بۆ ئەوێ، کە دیارە ئەویش لە ترسی بۆنی باروتی پەیکەرە ئاسنینەکان هەڵاتووە و لێرەش لەبەردەم مەترسی پادشای ئێسقاندان.

ڕۆژێک زەوی زێرابەکان دەلەرزێت و پێدەچێت هەموو ڕووی زەوی قڵیش ببات و شارەکان بکەونە ناو زێرابەکانەوە، ئەوەش دەشێ گەورەترین مەترسی بێت بۆ نەتەوەی

زێرابەکان. لەو کاتەوە شەپۆلی هاتن بۆ ناو زێرابەکان دەستی پێ کرد، بەتایبەتی لەگەڵ ئاوڕێژی دیجلەدا. چەندین کۆتر گەیشتن کە بۆنی باروتیان لێ دەهات و زۆر بە زوویش دەمردن. دیارە بۆنەکەیان بۆ تارماییەکانی نێو زێرابەکانیش مەترسیدار بوو. دوای هاتنی ئەو بۆنە نەگریسە، تارماییەکان بوون بە سێ بەشەوە. تارماییە باریکەکان بڕیاریاندا بەرەو تونێلە قووڵ و دوورترەکانی ناو زێرابەکان بڕۆن، هەرچەندە ئومێدی ڕزگاربوونیشیان نەبوو. ئەو تارماییانەشی کە دوای کۆچی گەورە لە کاتی جۆراوجۆردا هاتبوون، بڕیاریاندا لەناو زێرابەکان بمێننەوە و ددان بەخۆدا بگرن. دەستەی سێیەمیش کە تارماییە ئاسنین و پۆلاینەکان بوون کە لەم دواییەدا هاتبوون، بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی.

دوای گەڕانەوەی بەشێک لە تارماییەکان بۆ سەر زەوی، گێڕەرەوە باسی عەبدولقادر سوڵتانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە سوڵتانی کتێبە و لە شەقامی ڕەشید دەژی و چەندین کتێب و دەستنووس و سیپاڵەی کۆ کردووەتەوە. عەبدولقادر سوڵتان کاتی خۆی کە دایکی ژان گرتوویەتی، بردوویانەتە مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و لەوێ ئەم لەدایکبووە و هەر لەبەر ئەوەش ناویان ناوە عەبدولقادر. لە کتێبخانەکەیدا کەسانی جۆراوجۆر سەردانی دەکەن. دواجار کە بەغدا دەبێتە مەیدانی شەڕ، ڕۆژانە کەسانێکی زۆر دەکوژرێن و شارەکە بەرەو چۆڵبوون دەچێت، لە ئەنجامی ئەوەدا عەبدولقادر زیاتر هەست بە تەنیایی دەکات. شەقامەکان پڕ دەبن لە تەرمی کوژراو و هەندێکیشیان بە چەکێک کوژراون کە کردوونی بە تۆپەڵە ئێسقانێک. عەبدولقادر لە ژوورەکەی خۆیدا لە ترسی کوشتن مایەوە و برسی و تینوو بوو، ئەو کاتە بۆی دەرکەوت

که ئەو کتێبانە بێسوودن، چونکە بەو هەموو دنیا سەیروسەمەرانەی ناویانەوە ناتوانن قومێ ئاوی بدەنێ. دواجار عەبدولقادر لە ماڵەکەی دێتە دەرەوە، شارێک لە تەرمی بۆگەنکردووی مرۆڤەکان دەبینێت. پاڵ دەدات بە پایەیەکی سەر شەقامەکەوە، لەشکرێک لە تارمایی شەقامەکە داگیر دەکەن کە ئەو هەرگیز لەو جۆرە مەخلوقەی نەبینیوە. دواجار دەگاتە قاوەخانەی بەڕازیلی و لەبنی تەپەدۆرێکدا تۆزێ ئاوی دەست دەکەوێت و دەیخواتەوە و چاوەکانی دەگەشێنەوە و بە ئومێدە تەرمی هاوڕێ دێرینەکەی کە لەسەر تەختەیەکە زیندوو بێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا دەستڕێژی گوللە جەستەی شێخ عەبدولقادر دەبێژێت. هەر کە هەڵدەستێت، تەرمی ئافرەتێکیش دەبینێت دوو پەڕەسێلکە لە قژیدایە. ئەو ژنە مردووە کە تارمایی بوو بە عەبدولقادر دەڵێت هاوڕێ پۆلیسەکەت باش دەزانێت کە من لە تەنوورەکەدا سووتام. ئەم پیاوە دەست دەکات بە خوێندنەوەی ئەو پەڕە زەرد و کونکونانەی کە بە ژنەکە بوون، بۆی دەردەکەوێت ئەوە ژنەکەی خۆی بوو کە کاتێ ژنی دووەمی هێنا دەری کرد. دەیەوێت بڕوات بەدوای کوڕەکەیدا بگەڕێت، بەڵام لەو کاتەدا گوللەی قەناسێک بەر دڵی دەکەوێت و دەیکوژێت. لەو کاتەدا کزەبایەک دێت و لاپەڕە زەردەکانی دەستی دەفڕێنێت و پێدەچێت سەربازێکی ئەمەریکی بەناوی دەستنووسێکی کۆنی سەردەمی حامورابییەوە ئەو لاپەڕە زەرد و گواویانەی ژنەکە لە زێرابەکانەوە هێنابوونیەوە، بفرۆشێت بە مۆزەخانەی وڵاتەکەی.

ئەمەی سەرەوە کورتەی ڕووداوی ڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکانە. گێڕەرەوە کەسی یەکەمە و خۆیشی یەکێکە لە

کەسێتییە تەوەرییەکانی ڕۆمانەکە. لێرەدا وەکو لە سەرەوە بە کورتی گێڕامانەوە، چیرۆک یان بەسەرهات یان ڕووداو کە پایەی سەرەکی ڕۆمانە، لەم دەقەدا بە ئاشکرا بوونی هەیە. ئەم چیرۆک یان بەسەرهاتەش لە لایەن گێڕەرەوەوە پێشکەش دەکرێت یان دەگێڕرێتەوە، ئەویش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە کە لەم بارەشدا ئێمە دەبین بە بۆگێڕەرەوە، یان گوێگرین یان خوێنەر. بێگومان چوارچێوەی ئەو تێڕوانین و دیدەی کە ئەم کرداری گێڕانەوەیەی کە لێیەوە پەیوەندی نێوان گێڕەرەوە و بۆگێڕەرەوە بەرجەستە دەبێت، پێی دەوترێت (بواری بینین- بواری دید- ڕوانگە-Focalization) واتە چڕکردنەوەی بواری بینین لە لای گێڕەرەوە و سنووردانی زانیارییەکانی. ئەوەش لە خاسیەتەکانی دید و ڕوانینی گێڕانەوەدا بایەخی گرنگی هەیە. دیارە ئەم زاراوەیەش وەکو ئاشکرایە کلینس برۆکس و ڕۆبێرت وارین لەبری زاراوەی تێڕوانین، یان دید بەکاریان هێناوە. ئەم زاراوەیەش وەکو کاری جێبەجێکردن بۆ شیکاری بونیادی گێرانەوەیە[١]. ئەم زاراوەیە لە لای جیرار جینێت دەبێتە سێ ئاست یان سێ جۆر، ئەویش لەسەر بنەمای بەراوردکردنی زانیاری گێڕەرەوە لەگەڵ زانیاری کەسێتییەکان. کە ئەوانیش مەیدانی دیدی سفر، مەیدانی دیدی ناوەوەیی و مەیدانی دیدی دەرەوەییە. بەڵام تۆدۆرۆڤ ئەم دابەشکردنە بە جۆرێکی تر ناودەنێت کە بریتین لە: ١- گێڕەرەوەی باڵاتر لە کەسێتی کە تێیدا زانیاری گێڕەرەوە زیاترە لە زانیاری کەسێتی چیرۆک و ڕۆمان. ٢- گێڕەرەوەی هاوتا یان یەکسان لەگەڵ کەسێتی، لەمەشدا گێڕەرەوە هەمان ئەو زانیارییانەی هەیە کە کەسێتییەکان هەیانە. ٣- گێڕەرەوەی نزمتر یان بچووکتر لە کەسێتییەکان کە زانیاری گێڕەرەوە لێرەدا کەمە و

کەسـێتییەکان وەهـا پێـشکەش دەکـات کە دەیانبینێت و گـوێی لێیان دەبێت بەبێ ئەوەی شۆڕبێتەوە بۆ قووڵایی ناخیان[٢]. له باری یەکەمدا واتە مەیدانی دیدی سفر یان گێڕەرەوەی بالاتر لە کەسـێتیدا، گێڕەرەوە وا پێناسـە دەکرێت کە هەمـوو شـتێک دەزانێت، لەبەر ئەوە لە گۆشـەنیگایەکەوە سـەیر ناکـات، بەڵکـو ئامادەبوونێکی گشتی هەیە لە ڕۆمانەکەدا و ئازادی بەرفراوانی هەیە بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و کەسـێتییەکان و هـیچ بەربەسـت و ڕێگـرییەک لە بەردەمیـدا نییە بۆ بینینی واقیـع و هەر جـووڵە و ڕووداوێـک، لەمەشـدا چڕکـردنەوەی بینینـی لە گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە بوونی نابێت، بەڵکو بینین گشتگر و هەمەلایەن دەبێـــــت. "لەم بـــــارەدا گێـــــڕەرەوە لە دوای کەسـێتییەکانەوە نابێت، بەڵکـو لە سـەرووویانەوە دەبێت وەکـو خواوەندێک کە ئامادەبوونی هەمیشەیی هەیە. ئەم جۆرە بینینە ڕەهـایەش ناشـێت لە ڕێگەی کەسـێتییەکی دیـاریکراوەوە بگـاتە ئەنجـام"[٣]. لێـرەدا دەردەکەوێـت کە گێـڕەرەوە هەمـوو شـتە ئاشـکراکان و هەمـوو نهێنییەکـان لەبـارەی کەسـێتییەکانەوە دەزانێت.

لە بەرامـبەر گێـڕەرەوەی هاوتـادا دەشـێ بـواری بینینـی نـاوەوەیی یـان بینینـی نـاخ یـان دیـوی نـاوەوە دابنرێـت، کە لەمەشـدا بـاری تێڕوانین لە کەسـێتییەکدا کـورت دەکـرێتەوە و زانیـاری گێـڕەرەوە هەمـان زانیـاری کەسـێتی نـاو چیـرۆکەکە دەبێت و گێڕەرەوە هیچ زانیاری یان لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێک پێـشکەش ناکـات کە زیـاتر بێـت لەوەی کەسـێتییەکە خـۆی دەیگاتێ، یان گێڕەرەوە هـیچ زانیـاری و ڕاڤەکردنێک پێشکەش ناکات، هەتا ئەو کاتەی کەسـێتییەکە خـۆی ئەوە نەکـات. بـواری بینینی ناوەوەیی لە شێوەی ناڕاستەوخۆدا بەرجەستە دەبێت و

لە زیاترین ئاستیدا دەگاتە ئاستی مۆنۆلۆجی ناوەوە و لەوەشدا کەسێتی دەبێتە بوارێک بۆ بینین. لەم بارەشدا دەشێت بینینی ناوەوەیی لە شێوازی قسەکەردا بنووسرێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە دەقدا.

هەروەک لە بەرامبەر گێڕەرەوەی نزمتر لە کەسێتی ڕۆمان، بواری بینینی دەرەوەیی هەیە، کە مەبەست لەمەش ئەوەیە کە بواری بینین لە دەرەوەی ئەو کەسێتییەیە کە لەبارەیەوە دەگێڕدرێتەوە. لەم بارەشدا گێڕەرەوە یان خوێنەر کەمتر دەزانێت لەو کەسێتییەی کە گێڕانەوە لەبارەی ئەوەوەیە، هەروەک لەم گێڕانەوەیەشدا زیاتر باسی ڕووکەشی دەرەوەی کەسێتییەکە دەکرێت و گێڕەرەوە نازانێت چی لە ناخی کەسێتییەکاندا ڕوو دەدات. گێڕەرەوە کەسێتییەک پێشکەش دەکات لە ئێستادا بێ ئەوەی لێکدانەوەی کار و ڕەفتارەکانی بکات، یان ڕاڤەی بیروبۆچوون و هەستکردنەکانی بکات، بەڵکو ئەو تەنیا سیمای دەرەوە یان ڕووکەشی تۆمار دەکات.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە گێڕانەوە لە ڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکاندا گێڕانەوەی کەسی یەکەمە کە خۆیشی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکەیە. ئەوە ئاشکرایە کە "کەسی یەکەم هەلی ئەوەی هەیە کە بتوانێت خوێنەر زۆر نزیک بکاتەوە لە کەسێتی گێڕەرەوەوە و هەروەها وا بکات لە ڕووداوەکان زۆر زیندوو بن، چونکە ڕووداوەکان بە چاوی بینەر دەبینرێن. هەروەک کەسی یەکەمی گێڕەرەوە وا دادەنرێت کە کەسێکی ئاسایی بێت و توانای ئەوەی نەبێت کە بزانێت لەناو سەری کارەکتەرەکانی تردا چی ڕوو دەدات، یان توانای نەبێت کۆی ڕاستی حاڵەتێک بزانێت، بەڵام ئەم زانیارییە سنووردارە سوودی خۆیی هەیە، کە ئاسایی لە ڕۆماندا بەکار

دێــت ســـەبارەت بە پەرەســـەندن (بەرەو پێــشەوەچوون)، لەو شـوێنەدا کە گەشـەی دەروونیی گێڕەرەوە ڕەگەزی سـەرەکی بێـت[٤]. گێـڕەرەوە سـەرباری ئەم خاسـێتانەی سـەرەوە، بەڵام لەم ڕۆمـانەدا هەنـدێجار وەکـو گێـڕەرەوەی خـاوەن زانیـاری تەواویـش دەردەکەوێـت، کـاتێ لەبـارەی کەسـێتییەکانی تـر و ڕووداوەکـانەوە دەدوێـت. هەر چەنـدە گێـڕەرەوەی خـاوەن زانیـاری تەواو گێـڕەرەوەیە لە شـێوازی کەسـی سـێیەم. لە دەستپێکدا گێڕەرەوە وەکو کەسێکی هۆشیار و بەئاگا دەست بە گێڕانەوە دەکات، بەڵام باسی ڕابردوومـان بۆ دەگێڕێتەوە، واتە دەستپێکی گێڕانەوە باسی قۆناغێک دەکات کە ئەو هێشتا زۆر منـداڵ بـووە، بەڵام کـاری گێـڕانەوە لە تەمەنێکـی تـردا ئەنجـام دەدرێـت کە ئاســاییە بـۆ ئەو تەمەنە گێـڕەرەوە بەو زانیارییانەوە بدوێت.

گێڕەرەوە لە سەرەتادا وەها خۆی پێشکەش دەکات، کە ئەو لە تەمەنێکـــی زۆر منداڵیـــدا بـــێچەک دەکرێـــت و ئەو چەکە بەهێـزەی کە لە ژیانـدا پێویـستێتی بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی سەختیەکانی ژیان لێی زەوت دەکرێت. ئەو چەکەش دایکیەتی. واتە ئەو دایک وەکو ئەو پشت و پەنا بەهێزە پێشکەش دەکات، ئەگەر دایکـی لە ژیـانی ئەمـدا ئامـادەبوونی هەبێـت کە ئەم کەسـێتییەکی تەوەریـی ڕۆمـانەکەیە، ئەوا دەتوانێت لەبەرامبەر هەموو سەختییەکانی ژیاندا ڕابوەستێت و چۆک دانەدات. دیارە ئەگەر ئەم ڕووبەرە فراوانتـــر بکەیـــن، ئەوا دایـــک ئەو پشتوپەنایەیە کە ڕۆڵـی قەڵایەکـی بەهێـز بـۆ مـرۆڤ دەبینێـت. دیـارە هەر وەکـو گێـڕەرەوە خـۆی بۆمـان دەگێـڕێتەوە لەدەستچوونی دایکی ئەو کاتە ڕوویدا کە باوکی ژنێکی تری

هێنا و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دایکی ماڵەوە بەجێ بهێڵێت و سەرئەنجام لە تەنووری نانەوایەکدا بسووتێت.

گێڕەرەوە شتێکی ئەوتۆ لەبارەی شووناسی دایکی و باوکیەوە پێشکەش ناکات. تەنیا ئەوەندە باس دەکات کە ژنهێنانەکەی باوکی دەبێتە هۆی شێواندنی هێلانەی ئەمی منداڵ، کە ئەوەش دواتر بەرەو زنجیرەیەک لە کارەساتی تراژیدی دەیبات. واتە باسکردنی لەدەستچوونی دایکی و لە پاڵیشیدا دەرکردنی لە لایەن باوکیەوە، ئامادەکردنی زەمینەیە بۆ ئەوەی قۆناغەکانی دواتری ژیانی ئەم کە پەیوەستە بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە بە شێوەیەکی سروشتی ببینرێت و پەیوەست بە کەسێتی ئەم جووڵەی ڕووداو لە گرێچندا دەبینرێت کە چۆن بەرەو لوتکە لەگەڵ گەشەکردنی کەسێتی ئەمدا وەکو کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە بەرەو پێشەوە دەچێت و سەرئەنجام قۆناغی دابەزین و بەرەو کۆتایی گرێچن دەست پێ دەکات. لە درێژەی زنجیرەی گرێچندا چەندین ڕووداو و هەڵچوون و داچوون بە پێی کەسێتی گێڕەرەوە و کەسێتییەکانی تریش دەبینرێن، کە لەوەشدا چەندین دیمەنی فەنتازی و خەیاڵی بەرز و بەرهەمهێنانی یۆتۆپیا سیمای گشتی ئەو فەزایەن کە دەقی ڕۆمانەکە لە ڕێگەی زمانەوە بینای دەکات.

وەکو گوتمان شتێکی ئەوتۆ لەبارەی شووناسی باوک و دایکی گێڕەرەوەوە کە کەسێتی سەرەکیشە، لە دەستپێکی دەقەکەدا پێشکەش ناکرێت. هەتا کۆتایی دەقەکەش بوون و شووناسی ئەوان بە تەمومژاوی و پەردە لەسەرنراوی دەمێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا تا ئەندازەیەک شووناسی باوکی ئاشکرا دەبێت کە ئەویش لەژێر ناوی عەبدولقادر سوڵتانی

کتێبدا خۆی نمایش دەکات و ئەوەشی کە بۆمان ئاشکرا دەکات کە ئەم عەبدولقادر سولتانە باوکی گێڕەرەوەیە، تارمایی ئەو ژنەیە کە لە هێرشکردن بۆ سەر بەغدا دەپێکرێت و عەبدولقادر دەیبینێت دوو پەڕەسێلکە لەناو قژەکەیدایە. عەبدولقادر بە جۆرێک لە گومانەوە سەیری ئەم ژنە تارماییە دەکات، بەڵام ئەو تێی دەگەیەنێت کە کۆنە ژنەکەی خۆیەتی و هەر دوای ئەوەی کە ئەو ژنی هێنا، ئەم ماڵەکەی بەجێهێشت و لە نانەوەخانەکەی ئەوسەری شاردا هەر ئەو کاتە بە ئاگاداری برادەرە پۆلیسەکەی عەبدولقادر کەوتە تەنوورەکەوە و بوو بە قەرەبرووت. کەواتە ئەگەر سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکە پێکەوە ببەستینەوە، ئەوا مێژووی پچڕپچڕی باوک و دایکی گێڕەرەوە لە یەک دەدەینەوە و دواتریش بۆمان دەردەکەوێت کە سەرباری ماوەیەکی مێژوویی نادیار پەیوەست بە بوون و ئامادەبووونی هەردووکیانەوە لە جیهانی دەقەکەدا، بەڵام ئەوان لە بەشێکی دیاری دەقەکەدا بوون و ئامادەبوونیان هەیە و ناناسرێنەوە. ئەمەش لە خۆیدا و لە ئاستی قووڵدا دوو خاڵمان بۆ بەرجەستە دەکات کە یەکەمیان ئەوەیە ئەگەر شتێک هەبێت ناوی شووناس و ئامادەبوون بێت، ئەوا ئەو شووناس یان ئامادەبوونە لەناو ناچێت یان ون نابێت، ئەگەرچی بۆ کات و ماوەی دوورودرێژیش پەردەی لەسەر بنرێت، یان بە هۆی وەستان یان نەمانی کردارەوە نەبینرێت. دووەمیان ئەوەیە کە مێژوو زنجیرەیەکی بەدوای یەکداهاتووە و ئەوەی لە مێژوودا لە ئاستێک یان لە قۆناغێکدا بوونی هەبووبێت، دەشێ لە قۆناغ یان ئاستێکی تردا دەربکەوێتەوە، ئەویش یان وەکو خۆی، یان لە شێوەی تردا یان، بەرهەم و پێشکەشکردنەکانی ببینرێت لە دەرەوەی بینینی خۆی.

گێــــڕەرەوە باســــی ئەو تەمەنە بچــــووکەی خۆیمــــان بــــۆ دەگێڕێتەوە، کە چۆن کاتێ دایکی ماڵەوە بەجێ دەهێڵێت، باوکی پەلی ئەمیش دەگرێت و فڕێی دەداتە ئەودیوی دەرگای حەوشەوە و ئامۆژگاری دەکات بە دوای دایکیدا بڕوات، چونکە چیتر جێگەی ئەو لەو ماڵەدا نەماوە. لێرەدا سیما و خاسیێتەکانی کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری دەردەکەوێت، کە چۆن پیاو بە ئارەزووی خۆی و لە پێنـاوی تێرکردنـی حەز و ئارەزووەکانیـدا ئـافرەت سـەرکووت دەکات. تەنانەت بێ ئەوەی وەکو مرۆڤ سەیری بکات، ژنێکی تر دێنێتە ژوورەوە و ژنـی یەکەمـی فڕێ دەداتە دەرەوە و دەیخـاتە دەرەوەی ئەو جوگرافیـایەوە کە پێـی دەگوترێـت خێـزان و بە حیـــساب ئەو خێـــزانەش لە ڕووی ئـــایینی و یاســـایی و کۆمەڵایەتیـشەوە بە پێـی بەڵگەنـامەی فەرمـی پێکهـاتووە، بەڵام هەموو ئەوانەش هەمان بوونی مرۆڤەکە یان باشتر بڵێین ژنەکە هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت، هەموویان پێکەوە هاوتای ئەوی ژن لەم کـۆمەڵگەیەدا هـیچ بەهایەکیـان پـێ نادرێت. هاوکـات ئەوەش ئاشکرا دەبێت کە ژنـی دووەمیش بەبێ ئەوەی گوێ بە بـوون و ژیانی هاوڕەگەزەکەی خۆی بدات شوو دەکات بە پیاوێکی خاوەن ژن و منداڵ و ژیانی ژن و منداڵەکەش تێک دەدات. لێرەوە وێنەی کۆمەڵگەیەکمان بۆ دەکێشێت کە بوون و بەهای مرۆڤـ تێیدا لە چ ئاســتێکی نزمــدایە و بەچ شــێوەیەک پیــاو ڕەوایەتــی تەواوی بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی چۆن ئارەزوو دەکات وەکو کاڵا مامەڵە بە ئافرەتەکانەوە بکات و ئافرەتەکانیش لەبەر ناهۆشیاری و لاوازیی ئاستی تێگەیشتنیان چۆن خۆیان وەکو هەر کاڵایەکی تر نمایش دەکەن و نـاتوانن لەوە تێبگەن بـۆ ئەوەی بـوون و مـافی خۆیـان پـارێزراو بێـت، دەبـێ پـێش هەمـوو شـتێ پارێزگـاری لە مـافی هاوڕەگەزەکـانی خۆیـان بـکەن، بەڵام ئەوە ڕوو نـادات. ئەمەش خاسیێتی کۆمەڵگەی باوکسالارییە، کە پیاو نەک تەنیا وەکو کاڵا

مامەڵە لەگەڵ ژن دەکات، بەڵکو لەپێناوی تێرکردنی غەریزەکانی خۆیدا منداڵیش وەکو پاشکۆی ئەو کاڵایە سەیر دەکات و هەر بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ دەکات. لێرەوە بەدبەختییەکانی ئەوی گێڕەرەوە کە ئەو کاتە منداڵێکی دەرکراو بووە دەست پێ دەکات. منداڵێک کە باوکی بەدوای دایکیدا فڕێی دەدات، بەڵام ئەو نە دایکی دەدۆزێتەوە، نە هەنگاویکیش بە ئاڕاستەی دواوە دەنێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای باوکی. ئەمەش ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات کە ئەو منداڵە هیچ پەیوەستییەکی ڕۆحی و سۆزداری بە باوکیەوە نایبەستێتەوە، کە ئەمەش دیسان سیمای کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا مرۆڤەکان جیاوازی گەورەیان لەگەڵ زیندەوەرەکانی تردا نییە، هەر چۆن بێچووی زیندەوەرەکانی تر کاتێک کەمێک گەورە دەبن دایک و باوکیان بەجێ دەهێڵن، ئیتر ناگەڕینەوە لایان و ڕەنگە نەشیان ناسنەوە. واتە لێرەدا نووسەر کۆمەڵگەیەکمان بۆ بەرجەستە دەکات کە هێشتا لە پێش قۆناغی پەڕینەوە، یان گەیشتن بە هەست و بنەما مرۆییەکاندایە واتە وێنەی کۆمەڵگەیەکمان بۆ دەکێشێت کە هێشتا ئاستی بە مرۆڤبوون لە ڕووی شووناسی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە لاوازە.

باوکی گێڕەرەوە کاتێ ئەم بە دەم شەقازلەیەکەوە لە دەرگای حەوشەوە پاڵ دەنێتە دەرەوە، پێی دەڵێت بەدوای دایکیدا بڕوات بۆ دۆزەخ. ئەم قسەیە لە ئاستێکدا ئومێدێک بەم دەبەخشێت کە ئەوە دەگەیەنێت هێشتا دایکی لە دنیادا ماوە، بەڵام کاتێ بەدوای دایکیدا دەگاتە ئەوسەری شار و ئەو ناونیشانەی کە وەریگرتووە، دەبینێت نانەواکە دەسووتێت. واتە لە ڕوانینی ئەمەوە قسەکەی باوکی دێتەدی، چونکە دایکی لە ئاگر یان لە تەنووری نانەواکەدا دەسووتێت، واتە دەگاتە ئەو دۆزەخەی کە باوکی پێی گوت. هەر ئەو کاتەش دەبینێت

که باوکی زۆر بێباکه لەوەی کە ڕووی داوە. خەڵک نانەواکە بە سووتاوی لە ئاگرەکە دەردەهێنن و بەدوای کەسێکی تردا دەگەڕێن. ئەمی گێڕەرەوە پێناچێت لەوە تێبگات کە ئەو خەڵکە لە ئاگرەکەدا بەدوای دایکی ئەودا دەگەڕێت. بەڵام باوکی و پۆلیسێکی هاوڕێی دەبینێت کە لەو دەوروبەرەدان. ئەم وا تێدەگات کە ئەوان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە هاتبن، بەڵام گوێی لێ دەبێت باوکی بە پۆلیسەکەی هاوڕێی دەڵێت: "زۆر باش بوو، ئێستا ئاسوودە بووم. با بڕۆین ئیشمان لێرە نەما".

بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە هۆکاری ئاسوودەبوونی باوکی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە کە ئەم کەسێییە تەوەرییە دیسان گێڕەرەوەشە، سووتان و مردنی ژنەکەیەتی واتە دایکی گێڕەرەوە. ئەوە ئاشکرا نییە کە ئەم دوو پۆلیسە چۆن گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام ناڕاستەوخۆ پێدەچێت هاتنەکەیان بۆ ئەوێ پێشینەیەکی هەبووبێت کە ڕەنگە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بووبێت، یان ڕەنگە ئەو زانیبێتی ژنەکەی لای ئەو نانەوایەیە و کاتێ هەواڵی ئاگرکەوتنەوەکەی بیستبێت هاتبێت سۆراخێکی بکات، بەو مەبەستەی لە چارەنووسی ئەو ئافرەتە دڵنیا بێت، کە هێشتا لە ڕووی یاساییەوە بە ژنی ئەو حیسابە. دیارە زانینی ئەوەی کە ژنەکەی سووتاوە و مردووە، خۆشییەک بەو دەبەخشێت وەکو ئەوەی لە بەڵایەک یان لە کێشەیەک ڕزگاری بووبێت. کەواتە هۆی ئاسوودەبوونەکەی مردنی ژنەکەیەتی. لێرەدا جارێکی تر نووسەر وێنەی کۆمەڵگەیەکمان بۆ دەکێشێت کە تێیدا مرۆڤ چەند بێبەها سەیر دەکرێت. پیاوێک کە نموونەی پیاوی ئەم کۆمەڵگەیەیە ئاسوودە و دڵخۆشە بەوەی کە ژنەکەی دەسووتێت و دەمرێت، بەتایبەتیش کە ئەو خۆی هۆکاری

ڕوودانـی ئەو کارەسـاتەیە و ژنهێنـانەکەی ئەو هۆکـاری ئەوە بـوو ژنـی یەکەمـی مـاڵەوە بەجێ بهێڵێت و پەنـا بباتە بەر ئەو نانەوایە و لەوێش لە کورتترین ماوەدا بسووتێت. ئێستا ئەوە ئاشـکرا نیـیە کە چ جـۆرە پەیوەنـدییەک لەنێـوان ئەم ژنە و نـانەواکەدا هەبـووە، بۆ ئەوەی ئەم ژنە بچێتە ئەوێ. هەروەک ئاسـوودەیی مێردەکەشـی سـەرباری ئەوەی کە هەسـت دەکات ئەمـــی لە کـــۆڵ بـــووەتەوە، لە ئاســـتێکی تـــردا ئەو دەلالەتە هەڵـــدەگرێت کە ئەم ژنە جۆرێـــک لە گونـــاهی هەبووبێـــت و سووتانەکەی لە ڕوانینی مێردەکەیەوە وەکو جۆرێک لە تۆڵەی ئەو گونـاهە سـەیر بکرێـت. بە هەرحـاڵ ئـێمە لێـرەدا وێـنەی کۆمەڵگەیەکمـــان هەیە کە مرۆڤەکـــان تێیـــدا وەکـــو هەر زینـدەوەرێکی تـر دەمـرن، یـان دەکـوژرێن و کەسـێکیش نیـیە بپرســـێت ئەمە بـــۆچی ڕوو دەدات؟ یـــان کـــێ لە پـــشتی ئەم ڕووداوە نائاسـاییانەوەیە. لە لایەکـی تریـشەوە گێـڕەرەوە دوو پۆلیـسمان لە پـاڵ ڕووداوێکـی لەو جـۆرەدا نیـشان دەدات کە یەکێکیـــان مێـــردی ژنە ســـووتاوەکەیە و ئاســـوودەیە و ئەویتریشیان هاوڕێی ئەمە و هیچ هەڵوێستێکی لێ نابینرێت. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە ئاساییەکاندا پۆلیس پارێزەری ژیانی خەڵکە و هەر ئەوە بەدوای دۆزیـــنەوە و قەلاچـــۆکردنی هۆکـــار و ئەنجامـــدەری تـــاوانە جۆراوجۆرەکـــانەوەیە، کەچـــی لەو کـۆمەڵگەیەدا کە دەقـی ئەم ڕۆمـانەی تێـدا بەرهەم هـاتووە، پـــۆلیس ئەو ڕۆڵە نابینێـــت کە پێویـــستە بیبینێـــت. ئەمەش ســـەرەتاییبوونی ئەم کـــۆمەڵگەیە نیـــشان دەدات، کە تێیـــدا هێماکـــانی پاراســـتنی یاســـاش ئەگەر بەشـــداریش نەبـــن لە تاوانەکاندا، ئەوا چاوی خۆیانی لێ دەنوقێنن.

-٢-

کەسی تەوەریی یان بە چەمکی کلاسیک پاڵەوانی ڕۆمانی "نەتەوەی زێرابەکان" کێیە؟ لە کوێوە هاتووە؟ پاشخانی کۆمەڵایەتی ئەو چییە؟ لە کوێوە دەست پێ دەکات و بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا کەسێکە بە پێی نەخشە و بەرنامەی خۆی دەڕوات، یان کەسێکە ڕووداوەکان ڕاپێچی دەکەن و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن؟ ئایا چارەنووسی بە کوێ دەگات؟ ڕۆڵ و جووڵەی ئەم کەسێتییە چییە لە بونیادی کرداری ڕۆمانەکە و لە بەرهەمهێنانی پرسیاری دەقەکە و ئەو جیهانبینییەی کە دەقەکە بەرهەمی دەهێنێت؟

کەسێتی تەوەریی ئەم دەقە کە خۆیشی گێڕەرەوەیە، لە دەستپێکردنی ڕۆمانەکەدا منداڵێکە نە ناو و نە تەمەنی نەزانراوە. ڕۆژێک دوای ئەوەی کە دایکی ماڵەوە بەجێ دەهێڵێت، باوکی لە دەرگای حەوشەکەوە دەیکاتە دەرەوە و ئیتر لەو چرکەساتە بەدواوە ئەو دەبێتە منداڵێکی بێکەس و دەکەوێتە دەرەوە و ناو کۆمەڵگە. لە کاتی سووتاندنی نانەواکەدا ئەم بێهۆش دەبێت و میجەوەری مزگەوتەکە ئەو شەوە دەیباتە لای خۆی. ئاشکرایە کە ئەم منداڵە لەو کاتەدا دەکەوێتە بارێکی سەختەوە. هەر خۆی کە گێڕەرەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکەیە، باسی ئەوە دەکات کە ئەو شەوەی لای میجەوەرێکی سەرخۆش بەسەر بردووە و بەیانیش بە دەنگی بانگدانی ئەو بەئاگا هاتووە و لە ترسی ئەوەی نەوەک باوکی بێت بۆ نوێژی بەیانی و بیبینێت، مزگەوتەکە بەجێ دەهێڵیت و سایەق لۆرییەک دەیباتە چایخانەیەک و خواردنی بەیانی

دەداتــــیّ. ئەو خەون دەبینێــت خەونـــی ترســـناک بەوەی کە پۆلیسەکەی هاوڕێی باوکی و کەسانی تر دایکی فڕێ دەدەنە نـــاو تەنـــووری نـــانەواکەوە، بەڵام ناســـووتێت. لێـــرەدا لە خەونەکەی ئەمدا ئاماژەیەک بۆ بوونی پلانێک بۆ سووتاندنی دایکی دەردەکەوێت. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لێرەوە منداڵێکی بچووک ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیان دەبێتەوە و خۆیشی ئەوە دەگێڕێتەوە کە تازە ئەو هەموو جوانییەکانی ژیانی لا بووە بە خەون مادەم لەو تەمەنەدا دایکی لەدەست داوە. تاکو ئێستا ئەوەی لەبارەی ئەم کەسێتییەوە دەزانرێت ئەوەیە، کە کوڕی پیاوێکی پۆلیسە و بە منداڵی فڕێدراوەتە سەر شەقام و کەسێک نییە بەرپرسیارێتی ژیانی ئەو بگرێتە ئەستۆ. ئەمەش ئەو سەرەتا ترسناکەیە کە زۆر جار لە کۆمەڵگە بێ سیستێم و بێ یاساکانی وەکو کۆمەڵگەی ئێمەدا دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ژیانی تاکەکەس.

ئێمە پێشتر باسی گێڕەرەوە و بۆگێڕەرەوە و کرداری گێڕانەوەمـــان کـــرد. ئەوە ئاشـــکرایە کە: گێـــڕانەوە یـــانی پێشکەشکردنی داستان، یان بە چیرۆککردن. لە گێڕانەوەشدا دوو خاسێتی دیار هەن کە بریتین لە پلەی بەشداربوونی گێڕەرەوە لە چیرۆکدا، لەگەڵ ڕوانگە (بواری بینین)[٥]. ئەوەی لێرەدا جەختی دەکەینە سەر پلەی بەشداربوونی گێڕەرەوەیە لە چیرۆکی ئەم ڕۆمانەدا. ئەوەی ئاشکرایە گێڕەرەوە کە بە ڕاناوی کەسی یەکەم دەدوێت، خۆی کەسێتییەکی تەوەریی ڕۆمانەکەیە و بەو ئەندازەیی کە کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات، بەشداریش دەبێت لە زنجیرەی ڕووداوەکانی چیرۆکی ڕۆمانەکەدا. گێڕەرەوە لێرەدا هەم بەشداری چیرۆکی ڕۆمانەکە دەکات و هەم ئامادەبوونیشی هەیە لە چیرۆکی ڕۆمانەکەدا و

هەم وەکـو گێـڕەرەوەش بە ئاسـتی جیاجیـا کـاری گێـڕانەوە ئەنجـــام دەدات و گێـــڕانەوەش بە پێـــی کـــات و شـــوێن لە ڕۆمانەکەدا بەرەو پێشەوە دەچێت.

گێـڕانەوەی ڕووداوەکـان لەم ڕۆمـانەدا بە کـاتی ڕابـردوو فراوانترین ڕووبەری داگیر کردووە. ئەم شێوازەی گێڕانەوە لە هونەری چیرۆک و ڕۆماندا زیاترین بایەخی پێ دەدرێت، ئەوە بێجگە لەوەی کە ڕۆمانی مێژوویی پەیوەستە بە ڕابردووەوە، بەڵام دیـسان شـێوازەکانی تـری ڕۆمـانیش زیـاتر کەڵـک لەو ڕووداوە واقیعیـانە وەردەگـرن کە لە کـاتی ڕابـردوودا و لە شوێندا ڕوویان داوە. هەروەک لە هەندێ تابلۆشدا گێڕانەوە بە کـاتی داهـاتوو دەکرێـت، ئەگەرچـی ئەم شـێوازە کەمە و لە ڕاستیشدا زیـاتر ئامـاژەیەکی ئـایینی هەیە کە جۆرێک لە هێڵـی کـات لە ئایینەکانـدا بەرەو ئاینـدە کێـشراوە و ئەنجـام تـا ئەنـدازەیەک ئاشـکرایە. دیـسان لەم ڕۆمـانەدا هەنـدێ دیمەنـی گێـڕانەوە بە کـاتی ئێـستا دەبینرێـت، ئەمەش پەیوەسـتنەبوونی ئەو ڕووداوانە بە کـــاتەوە نیـــشان دەدات، کە ئەوانەش ئەو ڕووداوانەن زیـاتر خاسـێتی حەقـیقەت یـان دووبـارەبوونەوەی بەردەوامیـان هەیە. هەروەک لەم ڕۆمـانەدا گێـڕانەوەی تـێکەڵ هەیە، کە ئەویش ئەو کاتانەیە کە گێڕەرەوە وەکو کەسێتییەکی تەوەریـی لە ڕۆمـانەکەدا دەگەڕێـتەوە بـۆ نـاو بیرەوەرییەکـانی ڕابردووی و ڕاستەوخۆ لە ئێستادا لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات.

لە دەسـتپێکدا گێـڕەرەوە پەیـڕەوی شـێوازی گێـڕانەوە بە کاتی ڕابردوو دەکات، کاتێ دەڵێت: من چەک کرام. بێ دەنگ و

ئاســان چەک کــرام. ئەو بەیــانییەی کە لە مــزگەوتەکە دێــتە دەرەوە و بە بەردەمی چەند دوکانێکدا دەڕوات و ئەو پەیکەرە جوانانە دەبینێت ڕوویان بە زەردەخەنەوەیە. لە گێڕانەوەکانیدا کاتی ڕابردوو ئێستا تێکەڵاو دەکات. ئەوەتا دەڵێت: کوڕ و کچی باڵابەرز بە جلی شیک و جوانەوە وەستابوون. زۆر بە هێمنی و سۆزەوە بۆ منیان دەڕوانی. لەبەر خۆمەوە گوتم: دنیا بەوە خۆشە، ئەوەتا کاتێک دەرگایەکت لێ دادەخرێ، مەیتێک زراوت دەبا، چەند پەیکەرێکی ئەودیو جامخانەیەک دڵخۆشت دەکەن. هەروەک دوای ئەوەی ســایەقی لــۆریەکە دەیبــات بــۆ نــاو چایخانەکە و نان و ماست دەخوات. لەنێوان خەو و بە ئاگاییدا خەون دەبینێــت و دەڵێــت: جــارێکی دیــکە لەگەڵ هاوڕێکــانم سروودی خوایە وەتەن ئاوەکەی ناڵێمەوە. خودا تازە هەرگیز ڕۆکردنــی یــاپراخ لەســەر ســینی نــابینم. هاوســێیەک نــایەت سەردانمان بکات، پورێکم گلەیی ناکات بۆ نەچوومە ماڵیان.

لێــرەوە لەم بەشــەی گێــڕانەوەدا کە بە کــاتی داهــاتووە، گێــڕەرەوە ئەوەمــان بــۆ ئاشــکرا دەکــات کە هەنگاوەکــانی داهاتووی بە ئاقارێکی تردا دەڕوات، بەڵام لە گێڕانەوەکانیدا کە باسی داهاتوو دەکات، بە خوێنەری دەقەکە ناڵێت هەنگاوەکانی داهــاتووی چیــیە و بە چ ئاڕاســتەیەکە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە کوڕێکی منداڵی فڕێدراو بۆ سەر شەقام هیچ پێــشبینییەکی نیــیە بــۆ ئاینــدەی خــۆی، بەڵکــو ئەوەی چــــاوەڕوانکراوە ئەوەیە کە خــــۆی دەدات بەدەم شــــەپۆلی ژیــانەوە، ئەویــش بــۆ کــوێی دەبــات ئاشــکرا نیــیە. ئەو وەکــو گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە ئەو سایەق لۆرییەی دەیبات بۆ چایخانەکەوە و نان و ماستی بۆ دەکڕێت، لەگەڵ خۆی هەڵی

دەگرێت و ئیتر ئەم دەبێتە شاگردی سایەق لۆری و لە گەڕانی بەردەوامدا دەبێت، گەڕانێک کە خۆی وەها وەسفی دەکات ئەو هەرگیز ناگات بەو شوێنەی بۆی دەچێت. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لە ئاستی یەکەمدا ئەم نازانێت بۆ کوێ دەچێت، لە ئاستی دووەمدا ئەو لە گەشتی ژیاندایە، بەڵام گەشتێکی بێ ئامانج و گەشتێکی بێ پلان، چونکە ئەوە خۆی نییە ئەو گەشتەی هەڵبژاردووە، بەڵکو بەناچاری کەوتووەتە ڕێ و خۆیشی نازانێت بۆ کوێ دەچێت. ئەمەش وای لێ دەکات کە هیچ شتێک، نە دیمەنە جوانەکان و نە شار و گوند و دارودرەخت و چیا و دۆڵەکان و نە ڕۆژ و مانگ و ساڵ، بۆ ئەو هیچ مانایەکیان نەبێت. ئەمەش وێناکردنی مرۆڤێکە ناپەیوەست بە هیچ شتێکەوە. مرۆڤێک لە ونبوونی بەردەوامدایە، بەڵام تاکە شتێک کە پێوەی پەیوەست بووە لۆرییەکانە. ئەو لۆرییانە بوونەتە ژیان و نیشتیمانی ئەو، هەرچەندە خاوەن لۆرییەکانیش وەکو پارچەیەک لە لۆرییەکان مامەڵەی پێوە دەکەن و لەگەڵ لۆرییەکاندا دەفرۆشرێت یان دەگۆڕدرێتەوە. ئەم سەرباری ئەوەی لە تەمەنێکی کەمدایە، بەڵام لەگەڵ ئەو بارە ناهەموارەدا ڕادێت کە ڕەنگە ئەوەش لەبەر ناچاری و بێدەرەتانی بێت کە ئەوە قبووڵ بکات و مل بۆ ئەوە بدات کە بەسەریدا دەسەپێنن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەو بارە سەختەی ژیانیدا بیر لە ڕابردوو ناکاتەوە و ناگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕابردووەوەی کە لە ئامێزی دایکیدا بوو. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە لە ئاستی یەکەمدا ئەم لە مردن و نەمانی دایکی دڵنیا بووبێت و هیچ ئومێدێکی ئەوەی

نەمابێت کە جارێکی تر ئەو ببینێتەوە. لە ئاستی دووەمیشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم کەسێتییە کە بە کردەوە لە ئێستادا دەژی، زۆر ڕیالیستییانە بڕوانێت و ئومێدی بە ڕابردوو نەبێت و وای نەبینێت کە ڕابردوو بۆ ئەم لە ئێستادا هیچ بەهایەکی هەبێت، واتە بۆ ئەم ڕابردوو سەردەمی لەدەست چووە و گەڕاندنەوەی نییە. هەروەها بەو جۆرەش سەیری داهاتوو دەکات کە شتێکە ئەم هەرگیز نایگاتێ و بۆی دەستەبەر ناکرێت. ئەمەش وای لێ دەکات بەو بارە ڕازی بێت کە تێیدایە. ئەم تێڕوانین و لێکدانەوانەی هۆکاری سەرەکی ڕاهاتن و هەڵکردنیەتی لەگەڵ ئەو بارە ناهەموارەی کە تێیدا دەژی. ئەم هەست بەوە دەکات و دەشبینێت کە چۆن لەنێوان سایەق لۆرییەکاندا مامەڵەی پێوە دەکرێت و تەنانەت ئاماژەی ئەوەش دەدات کە هەندێ جار ویستویانە سەرگەرمی بکەن و دەستدرێژی بکەنە سەری، بەڵام ئەو دواتر لە گێڕانەوەکانیدا زۆر بە ئاسایی باسی ئەو شتانە دەکات.

-٣-

ئەمی گێڕەرەوە و کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە، باسی ئەوە دەکات کە دواجار دەگەنە بەغدا و دەچنە شەقامی شێخ عومەر کە ئەو شوێنە جێگەی فیتەر و سیکرابچییەکانە. سەرباری ئەوەی کە گێڕەرەوە کەسی یەکەمە، بەڵام زۆرێک لە خاسێتەکانی ڕوانینی دەرەکی یان بابەتی لەم دەقەدا دەبینرێت، کە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە چیرۆک بێلایەنانە بگێڕدرێتەوە، واتە ڕوانگەی بینین دەرەکییە، مەبەست لەمەش

ئەوەیە چیرۆک لە شێوەی کامێرادا وێنەی دەرەوەی شتەکان دەگرێت و چۆن دەردەکەون بەو جۆرە نیشانیان دەدات. بەڵام دیسان حاڵەتێکی تریش لەم دەقەدا دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە و کەسێتی تەوەریی هەمان کەسێتین، هەمان زانیاریشیان هەیە لەبارەی چیرۆکی ڕۆمانەکە و کۆی وردەکاری گرێچن و جووڵەی ڕووداوەوە. هەر لەم نیگایەوە ڕوانگەی بینین (ناوەوەیی) دەبێت.

(لە چرکەیەکدا سەدان دەنگ بەر یەک دەکەون، دەنگی کوتانی ئاسن و ڕاستکردنەوەی پلێت، فڕەی ئاگری لەحیم، هرۆژمی هەوای پەنچەری کردن). لێرەدا کامێرایەک وێنەی شتەکان دەگرێت و تۆمارێکیش دەیانبیستێت. گێڕەرەوە شتەکان وێنە دەگرێت وەکو ئەوەی هەن. خوێنەری دەقیش هەر ئەوە دەزانێت و دەبینێت کە گێڕەرەوە دەیزانێت و دەیبینێت. کەواتە لێرەدا ڕوانگەی بینین دەرەکییە.

(زۆر درەنگ بۆ چەند ساتێکی کەم ئەو شەقامەم جێهێشت کە ناوی شێخ عومەرە، بۆ چەند کاتژمێرێک ئەو ڕۆژە زانیم ئێرە بەغدایە، ڕاچەنیم)، ئەمە قسەی گێڕەرەوەیە. ئەوانەی لەگەڵمان سوار دەبوون کەمیان هەبوون باسی بەغدا نەکەن و نەڵێن (بەغدا شاری شارانە، خەونی هەموو شارێک بوو ببێتە بەغدا، شاری کەڵەمێرد و زانا و شاعیران، شاری مەلها و مزگەوت، شاری شەراب و عیبادەت، شاری سۆفی و هەتیوباز. یەکێکیان لە بیستوپێنج ساڵییەوە بەغدای ناسیوە و بۆ قوماشکڕین چووەتە شۆڕیجە. ئەوی دیکە چووە بۆ شەکر و چا و قەسپ و ئەشرەسی کڕین. پیاوەی خورمافرۆش گوتی: بەغدا بۆ خۆی لە هەموو شەکرەکان شیرینتر بوو. یەکێکی تر کە بۆ پسکیت و چەورەک و لوقم کڕین چووبوو دەیگوت:

بەڵام کوڕەکـانی بەغـدا لە کچەکانیـان لـوقمترن. یەکێکـی تـر دەیگووت: بەڕاستی من لەبەر خاتری ژنەکانی دەچووم، لەبەر خـاتری مەلهاکـانی). لێـرەدا بە ئاشـکرا دیـارە کە زانیـاریی کەسەکان لە زانیاریی گێڕەرەوە زیاترە، کەواتە ڕوانگەی بینین ڕوانگەی دەرەکییە، کە لەمەشدا گێڕەرەوە ناتوانێت بچێتە نـاو نـاخ و قـووڵایی کەسـێتییەکانەوە و لێرەدا ڕوانـگەی بینـین زۆر کـورتە و گێـڕەرەوە تەنیـا ڕووکەش و دەرەوەی شـتەکان و کەســەکان و ڕووداوەکــان دەبینێــت. ئەمەش بە پـێچەوانەی ڕوانـگەی بینیـی سـفرەوەیە کە زانیـاریی گێـڕەرەوە زیـاترە لە زانیـاریی کەسـێتییەکان و لەم بارەشـدا ڕوانـگەی بینـین سـفرە یان بوونی نییە و گێڕەرەوە بـواری ڕوانـین کـورت ناکاتەوە و ناچار نابێت ملکەچی ڕوانگەی هیچ کەسێتییەکی ڕۆمانەکە بێت و پێویـستی بەوە نیـیە کە هەڵبـژاردەیەک لە زانیـاری بـداتە خـوێنەر، بەڵکـو وەکـو ئەوەی خـۆی دەیەوێـت زانیارییەکـان پێـشکەش دەکـات و تەواو شـۆڕ دەبێـتەوە بـۆ نـاخ و زیهنـی کەسەکان و گەوهەری شتەکان و هەموو شتێک لەبارەیانەوە دەزانێـت و دەڵێـت، چـونکە "لە گێـڕانەوەی ڕوانـگەی سـفردا ڕوانگەی گێڕەرەوە چیرۆک ڕێک دەخات"(٦).

وەکـو ئاماژەمـان بـۆ کـرد کـاتێ گێـڕەرەوە دەگـاتە بەغـدا، گێڕانەوەکانی لەبارەی بەغداوە گێڕانەوەی ڕوانگەی دەرەوەیە. ئایا دەشێ لەم ڕوانگەیەوە سەیری بەغدا بکرێت وەکو ئەوەی کە کەسانی چیرۆکی ڕۆمانەکە لەبارەیەوە دەدوێن و زانیاری دەخەنە ڕوو. بە پێـی ئەو زانیارییـانەی کە ئەوان لەبـارەی ئەو شـارەوە پێشکەشی دەکەن، تـا ئەنـدازەیەک شووناسـی بەغـدا ئاشکرا دەبێت بەوەی ئایا بەغدا هەڵگری کولتووری شـارە یـان نـا؟ بێگومـان شـار ئەو زەمیـنەیە کە لەسـەر بنەمـای بـوونی

کولتوور و عەقڵی شار شووناسی شار وەردەگرێت نەک بە پێی ژمارەی دانیشتوان و مێژووی دروستبوونی. یەکێک لە خاسێتە سەرەکییەکانی شار ئەوەیە کە وەکو دەریایە هەموو تاکە جۆراوجۆرەکان لەئامێز دەگرێت و هەموانیش جێگەیان تێدا دەبێتەوە و هەموو کولتوورە جیاوازەکان تێیدا جێگەیان دەبێتەوە و پێکەوەش هەڵدەکەن و دەژین. لە شاردا تاکەکەس لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی خۆی جێگەوپێگە دەگرێت، واتە شار ئەو زەمینەیە کە تاکی خاوەن شووناسی تێدا بەرهەم دێت. شار ئەو زەمینەیە بە ئەندازەی جۆراوجۆری و ڕەنگاوڕەنگی تاکەکانی شووناس و عەقڵ و تێڕوانین و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تێدا بەرهەم دێت. بە واتایەکی تر شار ئەو زەمینەیە کە بەشی سەرجەمی تاکەکانی پێوەیە، کە ئەمەش مانای جۆراوجۆرییە لە هەموو شتێکدا. شار زەمینەی کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیر و بازرگان و خاوەن سامان و کەسانی ئایینی و فەرهەنگی و دز و مافیا و پیاوباش و پیاوخراپ و سۆفی و زاهید و دز و بێبڕوا و سەرسەری و هەتیوباز و لەشفرۆش و لەشکر و مزگەوت و کەنیسە و مەلهایە. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین لە زانیارییەکانی کەسەکانی چیرۆکی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، کە بەغدا زەمینەی بەرهەمێنان و هەڵگری ئەم جۆراوجۆرێتییەیە. کەواتە لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت بەغدا لە دەقی ڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکاندا وەکو شار پێشکەش دەکرێت. ئەمەش لە ڕوویەکی ترەوە سەرنجمان بە لای ئەو بۆچوونەدا ڕادەکێشێت کە بۆچی نووسەر وەکو ئەفریدەکەرێک لە دەرەوەی دەقەکە، بەغدا چ وەکو شار و ئەوەی لەسەر زەوی هەیە و چی وەکو زێرابەکانی ژێر شارەکە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بیکاتە شوێنی

ڕوودانـــــی زۆریـــــنەی ڕووداوەکـــــانی ڕۆمـــــانەکەی. ئەم لێکدانەوەیەش بۆ هەڵبژاردنی بەغدا وەکو شارێکی خاوەن شووناسی شار، زیاتر لەو بۆچوونە نزیکمان دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ڕۆمـــان وەکـــو ژانرێکـــی ئەدەبـــی بە ئەدەبـــی شـــار دەناسرێت، کەواتە لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژاردنی شارێکی وەکو بەغدا وەکو شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانی چیرۆکی ڕۆمانەکە، ئەو بۆچوونە بەهێز دەکات و یارمەتیدەریشە بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ کولتوور و زمان و جۆرێک لە کەسەکان کە پەیوەندییان هەیە بەو کولتوورەوە کە کولتووری شارە و بە شێوەیەکی تریش زەمینەی بەرهەمهێنانی ڕۆمانە.

ئەمـــی کەسـێتی تەوەریـی ڕۆمـــانەکە کە لە هەمـــان کاتــدا گێڕەرەوەشـــە، بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک لە لایەن شـۆفێری لۆرییەکەوە بەجێ دەهێڵرێت. ئەم بەردەوام چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە کابرا بێتەوە بەدوایدا و لەگەڵ خۆی بیباتەوە، تا ئەو ڕۆژەی بەتەمەنترین فیتەری ئەوێ بانگی دەکات و پێی دەڵێت: "کوڕم ئیدی چاوەڕێ مەبە، ئێرە بەغدایە، ئەوەی تێیدا ونبوو هەرگیز نادۆزرێتەوە". دیسان ئەم ڕاگەیاندنەش یەکێکی تر لە خاسیەتەکانی شار نیشان دەدات. هەروەک لە ئاستێکی تریشدا ئەم ڕاگەیانـــدنە ئەو دەلالەتە هەڵـــدەگرێت کە لەم زەمیـــنەیەدا پێویستە هەر کەس پشت بە خۆی ببەستێت و لە چاوەڕوانی کەسی تردا نەبێت. بە مانایەکی تر دەبێ هەر کەس خۆی بێت و خۆی بڕیار بۆ خۆی بدات. هەر لێرەوە ئەمی کەسێتی ڕۆمـــانەکە ناچـار دەبێـت بڕیـار بـۆ خـۆی بـدات و چیتـر لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی شۆفێری لۆرییەکەدا نەبێت، ئەگەرچی لە ڕاستیـــشدا ئەو نە ئامـــانجێکی دیـــاریکراوی هەیە بەدوایـــدا بڕوات، نە شوێنێکی دیاریکراو هەیە بۆی بچێت، نە دەرگایەک

هەیە بە ڕوویدا بکرێتەوە و نە کەسێک هەیە بەمەوە پەیوەست بێت. کەواتە ئەم تاکە کەسێکە تەنیا لە ئێستادا دەژی، بڕوای بەو ڕابردووە نییە کە لێوەی هاتووە. بەڵگەش ئەوەیە کە تەنانەت بە خەیاڵ یان بە فلاشباکیش ناگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت ڕابردووی ئەم پڕ لە ناخۆشی و ئازار بووە و نایەوێت بە خەیاڵیش بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشیانە.

کاتێکیش باسی ئێستای خۆی دەکات دەڵێت: "لە گەڕۆکێکەوە لە ڕێبوارێکی بەردەوامەوە بوومە سۆفییەکی خەڵوەتگە، لە باڵندەیەکی فڕیوەوە بوومە کیسەڵێکی ناو لیتە. ئەوەی هاوبەشە لەو نێوانە منم. من چ لەناو لۆرییەکی گەڕۆک و پشتە لۆریەکی هەڵگەڕاو بم وەک یەکە. شوێنێک نییە هەرگیز بیگەمێ. شوێنێک نییە هەرگیز چاوەڕێم بێت...". لێرەوە و لەم گێڕانەوە تێکەڵاوەدا کە کاتی ڕابردوو، داهاتوو پێکەوە کۆکراونەتەوە و هەندێ ئامាژەی ڕانەبردووی تەواویش لە ڕستەکاندا هەیە، بەرنامەی خۆی ئاشکرا دەکات کە بریتییە لە بێبەرنامەیی. پێشتر ئەو لە لۆرییەکی گەڕۆکدا بووە و ئێستا لە پشتەلۆرییەکی هەڵگەڕاوەی وەستاودایە. ئەوسا بە ڕێگە جۆراوجۆرەکاندا سەفەری دەکرد، ئێستا لەنێو پشتەلۆریەک و لەنێو سکرابچی و فیتەرەکانی شەقامی شێخ عومەردا جێگیر بووە. دیارە ئەم شوێنە جێگەی سەگی بەرەڵا و تاژی و پشیلە و جرج و کیسەڵ و مشک و مارمێلکە و پیاوانی مەستی بێلانە و ژنانی سواڵکەر و منداڵانی فڕێدراو...تاد بوو. ئەم سەرەتا وەکو نامۆیەک لەم جیهانە سەیرەدا خۆی بینییەوە. ئەم جیهانە بچکۆلەی کە گێڕەرەوە بە دڵی پڕ لە نهێنی بەغدا ناوی دەبات. کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە شەقامی شێخ عومەر نموونەی ئەو شوێنە تایبەتانەیە کە لە شاردا دروست دەبێت و دەبێتە پەراوێزێک بۆ لەئامێزگرتنی

بێلانە و بێدەرەتانەکانی شار و لە هەمان کاتدا دەبێتە جێگەیەک کۆی ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی تێدا دەکرێت کە ڕووە درەوشاوەکەی شار ڕێگە نادات لەسەر ئاوێنەی بە ڕووکەش خاوێنی ئەو ئەنجام بدرێن. کەواتە سکرابخانە و شوێنی فیتەرەکانی شێخ عومەر، ئەو شوێنەیە کە بەشێک لە نهێنییە ناشیرینەکانی شاری تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەو خاسیەتانەش شەقامی شێخ عومەر دەکاتە ڕێگە یان دەروازەیەک بەرەو ئەو زێرابانەی کە دواتر کۆی ئەفریدەبووەکانی شێخ عومەر لە کۆچێکی گەورەدا بۆی دەچن و لەوێش نەتەوەی زێرابەکان پێکدەهێنن. کەواتە شێخ عومەر دەروازەی ئەو جوگرافیایەیە کە دەبێتە نیشتمانێک بۆ ئەوەی نەتەوەسازیی نێو زێرابەکانی تێدا بکرێت. کەواتە بە ئاشکرا دیارە ئەوەی ئەم دەقە زەمینەسازیی بۆ دەکات، دروستکردنی نەتەوەی زێرابەکانە کە سەرەتاکەی لە شەقامی شێخ عومەرەوە دەست پێ دەکات، کە گێڕەرەوە بە دڵی بەغدا ناوی دەبات.

-٤-

**لە مرۆڤەوە بۆ تارمایی (جۆرێك لە میتامۆرفیس)**

گێڕەرەوە بەم جۆرە باسی ئەو شەوە دەکات کە لە دەنگی باران و گڤەی با بەئاگا دێت و دەڵێت: "لە قووڵایی خۆمدا هەست دەکەم بە سووڕێکدا تێدەپەڕم... کە ئەویش سووڕی ژیانە و دەمگوازێتەوە لە ئینسانەوە بۆ شتێک جارێ ناوێکی نییە، من ناوی دەنێم تارمایی". لێرەدا هەرچەندە گێڕەرەوە کەسی یەکەمە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خۆیشی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکەیە. بۆیە کاتێ گێڕانەوە ئەو شێوازە وەردەگرێت کە کەوتبێتە دەستی کەسێتی تەوەریی ڕۆمان، ئەوا گێڕانەوە دەبێتە ڕوانگەی ناوەوەیی و گێڕەرەوە ئەو

زانیارییانە پێشکەش دەکات کە بارودۆخی کەسێتییەکان بواری پێ دەدات. لێرەشەوە بوار بۆ کەسێتییەکان دەسازێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناخی خۆیان. ئێستا ئەم کەسێتییە دەگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی و دەروونی خۆی دەدوێنێت و لەوێشەوە نهێنییەکانی ئەو ڕووبەرە ئاشکرا دەکات. ئەو باسی ئەو بارە دەروونییە دەکات کە پێیدا تێدەپەڕێت و دڵنیاشە گۆڕانکاری بەسەریدا دێت و لە مرۆڤەوە دەگۆڕێت بۆ شتێکی تر. ئەوە ئاشکرایە مرۆڤ لە گەردووندا وەکو ناوەند یان چەق وایە، گۆڕانکاریی لە مرۆڤەوە بۆ هەر شتێکی تر، مانای ونبوون و لە دەستچوونی خاسیەتەکانی مرۆڤە، بەو پێیەش لەدەستدانی شووناسی مرۆییە. ئەمی کەسێتی تەوەریی لەو گۆڕانکارییەش بەئاگایە کاتێ دەڵێت: سەرئەنجام دەگۆڕێم بۆ شتێکی وەکو تارمایی. تارمایی لە وەسفەکانی ئەودا شتێکە بێ هەست وەکو خۆڵ. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هێشتا ترسی پێوە دیارە، بەتایبەتی کاتێک باسی ئەوە دەکات دەنگێک، خشەیەک، ترپەیەک نزیکی ئەوە و دواجاریش بۆنوبەرامەیەک دێت کە لە بۆنوبەرامەی جیهانە تایبەتەکەی شێخ عومەر جیاوازە. دواتر هەست دەکات ئەوە بۆنی ژنە. لە ڕاستیشدا ئەو تارمایی ژنێک دەبینێت لە تەنیشت خانووەکەی ئەمەوە کە لە ئاسن پێکهاتووە، کروشکەی کردووە و دەیەوێت خۆی لە باران بپارێزێت. ئەم بەتانییە شڕەکەی خۆی دەدات بە شانی ئەو ژنەدا. لێرەدا سەرباری ئەوەی کە ئەم باسی خۆی وەکو تارمایی دەکات، بەڵام دیارە هەستە مرۆییەکانی هێشتا نەمردوون و سۆز و بەزەیی بۆ ژنێک دەجووڵێت کە لە سەرما دەلەرزێت. هەر لێرەشەوە خۆی لەنێوان خەون و خەیاڵدایە و، لەوێشڕا خەون بە ئاگر و تەنوورەوە دەبینێت و ئەوەش بە

چاوی خۆی دەبینێت کە چۆن کۆمەڵێک پیاو ژنێک فڕی دەدەنە ناو تەنوورێکەوە و یەکێکیشیان دەڵێت: ژن لە جنسی شەیتانە ناسووتێت. کەواتە لێرەدا لەنێوان خەون و خەیاڵدا بۆی دەردەکەوێت کە چۆن دایکی لە تەنووری نانەواکەدا سووتاوە. بە واتا دەردەکەوێت کە پیاوەکان دایکی ئەویان فڕێداوەتە ناو ئەو تەنوورەوە. بۆچی ئەوەیان کردووە؟ تاکو ئێستا ئاشکرا نییە. ئایا لەبەر ئەوەیە کە مێردە پۆلیسەکەی بەجێ هێشتووە؟ یان داخۆ ناپاکی لە مێردەکەی کردووە و خەڵکیش بەوەیان زانیوە، بۆیە ئەو سزا توندەی دەدەن؟ یان ئەوە پلانی مێردە پۆلیسەکەی بووە، بەتایبەتیش کاتێ کە ئەوە ڕوویدا ئەم بە گوێی خۆی گوێی لێ بوو باوکی بە هاوڕێ پۆلیسەکەی گوت ئێستا ئاسوودەیە و ئیشی ئەوان تەواو بووە باشتر وایە بڕۆن. لە لایەکی ترەوە ئەو ڕستەیەی کە وەکو جۆرێک لە ڕاگەیاندن باسی ئەوە دەکات کە ژن لە جینسی شەیتانە. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە کۆمەلایەتییە ئایینی و کولتوورییەی کە ژن بە ڕەگەزی دووەم و هەندێ جاریش بە سەرچاوەی گوناه و نەفرەتی دادەنێت. هەر لەوێشەوە ڕەوایەتی بە کوشتنی ژن و بە سووتاندنی دەدات و تاوانباریشی دەکات بەوەی کە لە ڕەگەزی شەیتانە، واتە لە لایەک سەرچاوەی نەفرەتە، لە لایەکی تریشەوە بە پێی بۆچوونە ئەفسانییەکان شەیتان پادشای سەر کورسی ئاگرە، بەو پێیە ناسووتێت. کاتێکیش ژن دەبرێتەوە سەر ڕەگەزی شەیتان، مانای وایە ژن شاژنی دۆزەخە و چێژ و خۆشی لە ئاگر وەردەگرێت.

بە هەرحاڵ هاتنی بۆنی ژن و پاشانیش دەرکەوتنی ژنێک کە باران تەڕی کردووە و بۆ خۆپاراستن دێتە ژێر پاساری

خانووه له ئاسن دروستكراوهكهى ئهم و ئهميش بهتانييه شڕهكهى خۆى دهدات به شانيدا، ناڕاستهوخۆ ئاماژهى ئهوه دهردهكهوێت كه ئهو ژنه دايكى بێت. ئهمهش ئهوه دهگهيهنێت كه ئهم كهسێتييه سهربارى ئهوهى باسى خۆى وا دهكات كه گۆڕاوه بۆ تارمايى، بهڵام هێشتا له ههسته مرۆييهكانى ڕووت نهكراوهتهوه. له كاتێكدا وهسفى ئهو پياوانه به مس دهكات كه ژنهكه، يان دايكى ئهم فڕێ دهدهنه ناو ئاگرهكهوه. ئهمهش ئهو دهلالهته ههڵدهگرێت كه ئهو پياوانه هيچ ههست و سۆز و ويژدانێكيان تێدا نييه و له سهرجهمى خاسێته مرۆييهكان ڕووتكراونهتهوه. بهڵام ئێستا پرسيار ئهوهيه ئايا تهنيا ئهو چهند پياوه بهو جۆرهن و وهها ڕهفتار دهكهن؟ يان ئهمه خاسێتێكى گشتيه بۆ پياو له كۆمهڵگه سهرهتايى و دواكهوتوو و باوكسالارييهكاندا؟ ديسانهوه ئهم كاتێ گوێى لهو ڕستهيه دهبێت كه گوايه ژن له جينسى شهيتانه و ناسووتێت، ئومێدى ئهوه لهلاى گهشه دهكات كه دايكى له تهنوورهكهدا نهسووتابێت.

به ههرحاڵ ئهوه بهرههمى خهونێكه كه ئهم له سهرما و لهو شوێنه ناخۆشهدا دهيبينێت. تهنانهت دواجار ههست دهكات بۆنى ئهو ژنه لێى نزيكتر دهبێتهوه و لهگهڵيدا دهخهوێت. پاشانيش كه بهئاگا دێتهوه هێشتا ئاسوودهيى پێوه دياره. لێرهوه ئاماژهى ئهوه ههيه كه ئهم خهونى به ژنێكهوه بينيبێت كه دياره له ئاماژهكانيدا وا دهردهكهوێت خهونى سێكسى بينيوه. ئهگهرچى دواتر ئهو خهونه وهكو شتێك لهنێوان واقيع و خهياڵدا وهسف دهكرێت بهتايبهتى دواى ئهوهى كه دهردهكهوێت شهو ئافرهتێكى سفوور هاتووهته لاى ئهم و لهگهڵيدا خهوتووه و پێڵاوهكانيشى وهكو بهڵگهيهك بۆ ئهو ڕووداوه لهوێ بهجێماوه. لێرهدا لهگهڵ

کۆی ڕووداوەکەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤـ سەرباری بارودۆخی ناهەموار و سەرباری ئازارەکانی، بەڵام هێشتا غەریزە و حەزە دنیاییەکـــانی نـــامرن و ئەوان لە ڕووبەری خۆیانـــدا بە جۆرێک بە زیندوویی دەمێننەوە و کاری خۆیان دەکەن. وەستا و شاگردەکان کاتێ دەزانن ژنی سفوور ئەو شـەوە سـەردانی ئەوی کردووە و لەگەڵی ئەو خەوتووە، ئیرەیی پێ دەبن و هەر یەکەیان بە ناوێک بانگی دەکەن، یەکێک بە پادشا و یەکێکی تر بە هـارونە ڕەشـید و...تـاد. بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەم وەکـو خـۆی پێشتر گـوتی بەرەو گـۆڕان دەچێت بـۆ ئەوەی ببێت بە شـتێکی تـری غەیـری مـرۆڤ، کە خـۆی بە تارمـایی نـاوی دەبـرد. کەواتە ئەم ئێستا لە قۆنـــاغی میتامۆرفیـــسدایە، واتە دەبێـــتە تارمـــایی. ئەوەش خۆئامـادەکردنە بـۆ بـوونە ئەنـدامێکی ئەو ڕووبەرە فـراوانەی تارمایی، کە دواتر نەتەوەی ژێرابەکان پێک دەهێنن.

-٥-

## گەڕان بەدوای نهێنی ژنی سفووردا

ژنی سفوور چییە؟ گێڕەرەوە یـان کەسـی تەوەریـی چیرۆکـی ئەم ڕۆمـانە بەدوای ناسـینی ژنـی سـفووردا دەگەڕێـت. ڕەنـگە نـاوەکە بـۆ خـۆی جـێگەی سـەرنج بێـت و ئەوەش یەکێـک لە هۆکارەکانی گەڕانی ئەم کەسێتییە بێت. بۆ یەکەم جار ئەم ناوی ژنی سفووری لە ڕێگە بیست، کاتێک یەکێک لەو ڕێبوارانەی لە ڕێگە لەگەڵ لۆرییەکە سەردەکەوتن باسـی ژنـی سـفووری دەکرد لە بەغدا. ئەم گوێی لێ بوو ئەو پیاوە لە پێشی لۆرییەکەدا گوتی: "ئـاخ ئـاخ سـەدجار ئـاخ بـۆ ژنـی سـفووری بەغـدا". ئەم ڕسـتەیە کـاریگەریی خۆی لەسـەر مێشکی ئەم بەجێ هێشت و پاشـتر لە خەیاڵی خۆیدا بیری لەو ئافریدەبووە دەکردەوە کە پێی دەگـوترا ژنی سفووری بەغدادی. ڕەنگە هۆکاری زیاتر کاریگەربوونی ژنی

سـفووری بەغـدادی لەسـەر ئەم، لەبەر ئەوە بووبێـت کە ئەو ڕێبـوارە و شـۆفێری لۆرییەکە زۆر بە تـامەزۆرییەوە باسـی ژنـی سفووریان دەکرد و پێشیانەوە دیار بوو کە وروژاون. دواتریش کاتێ ئەو شەوە لەنێو بۆنیتە هەڵگەڕاوەکەدا، کە بۆنی ژن هـات و پاشـان ئەو خەونـی پێـوە بینـی، یـان هەر لە ڕاسـتیدا ئەم بەدەم خەونەوە لەگەڵ ژنێک خەوتبـوو، تەواو ئاسـوودە بـوو. هەسـتی دەکرد بووە بە پاشا، فیتەر و شاگردەکان پێیان گوت ئەو بووەتە هارونە ڕەشید، چونکە لەگەڵ ژنی سفوور خەوتووە. ئەم دەیزانی چ بۆن و بەرامەیەکی خۆش هاتووەتە ژێر بەتانییە شڕەکەیەوە و چ چێژێکـی خۆشـی وەرگرتـووە، هەر بـۆیە کەوتە گەڕان و پەیجوور بەدوای دۆزینەوە یان بینین و ناسینی ژنـی سفووردا. بەڵام ئەو پێشتر ئەو جووتە پێڵاوە بەرزەی بینیبوو کە ئەو ژنەی ئەو شەوە هاتە ژێر بەتانییەکەی لێی بەجێ مابوو. کەواتە ئێستا ئەم دەتوانێـت بە سـەیرکردنی پـێڵاوی ژنـان، ژنـی سـفوور بناسێـتەوە. کەواتە لێرەدا پـێڵاوی بەرز دەبێـتە هێمـا بـۆ ژنـی سـفوور. ئەم لەبـارەی خاسـێتە ڕووکەشـەکانی ژنـی سـفوورەوە دەدوێت و باسی ئەوە دەکات کە دەبینێت چۆن ژنە سفوورەکان هەڵـسوکەوت دەکەن. ئێـستا ئەو لە گەڕانەکەیـدا دەگـاتە دەرئەنجامێک ئەویش ئەوەیە کە ژنی سفوور دەبینێت و دەزانێت چۆنە. بەڵام کۆی ئەم دیمەنە ئەوە نیشان دەدات کە ژنـی سـفوور ژنـی شـارە، بـۆیە ئەم ئافریـدەبووە لە بەغـدا دەبینرێـت و لەو شـوێنەی کە ئەمـی لێـوە هـاتووە و لەو جێگەیانەشـی کە ئەو ڕێبـوارانەی لێـوە دەهـاتن کە لە لـۆرییەکە لەگەڵ ئەمـان سـەردەکەوتن ژنـی سـفوور نەبـوو، ئەمەش جیـاوازی نێـوان دوو ژینگە نیشان دەدات، کە یەکێکیان بەغدایە و هەڵگری خاسێتەکانی شار و کولتووری شارە، ئەویتریشیان شوێنی لەدایکبوونی ئەمـی کەسـێتی تەوەریـی چیرۆکـی ڕۆمـانەکە و ئەو ڕێبـوارانەیە کە لە

شــوێنی جۆراوجـۆرەوە دەهــاتنە نــاو لـۆرییەکەوە کە هەڵگـری خاسیێتەکانی لادێ و کولتووری لادێن. کەواتە لە ئاستی یەکەمدا ژنی سفوور هێمایە بۆ نیشاندانی ژن لە ئاستێکدا کە خۆی وەکو ئەوەی هەیە دەربخـات. ئەمەش لە ئاسـتێکی تـردا شـکاندنی ئەو دەمــامکەیە یــان لابردنــی ئەو ڕووپۆشــەیە کە ڕووی ڕاســتی شتەکانی پێ دەشـاردرێتەوە بە مرۆڤیشەوە. لابردنـی دەمـامکیش هەنگــاوێکە بە ئاڕاســتەی خۆنمایــشکردن و لەوێــشەوە زیــاتر گەوهەر و ماهیەتی شار دەردەکەوێت کە بەرهەمهێنی شووناسـی تاکەکەس و جۆراوجۆرێتییە. ئێستا شووناسـی ژنـی سـفوور لای ئەمـی کەسـێتی تەوەریـی ڕۆمـانەکە ئاشـکرا دەبێت. بەڵام ئایـا لە ئەنجـامی هـاتنی ژنـی سـفوور بـۆ سـکرابخانەی شـەقامی شـێخ عومەر چی ڕوو دەدات؟

-٦-

ڕاســتە ئەمــی کەســێتی تەوەریــی چیرۆکــی ڕۆمــانەکە تــا ئەندازەیەک تێگەیشت و زانـی ژنـی سـفوور چییە، بەڵام هێشتا نهێنـی گەورە پەیوەسـت بەو ژنە تـایبەتە مـاوە کە ئەو شــەوە هـاتە سـکرابخانەکە و خـۆی کێـشایە ژێـر بەتـانییەکەی ئەم و پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیشی لەوێ بەجێما. ئەو نهێنییەش کـاتێ ئاشکرا دەبێت کە دوای پێنج شـەو لە هـاتنی ئەو ژنە سـفوورە، ئەم لەنــاو ئەو چــاڵەدا ڕاکــشابوو کە لە تەنیــشت بــۆنیتی لـۆرییەکەدا هەڵیکەنـدبوو، هەر لە گـۆڕ دەچـوو. ئەو کـاتە ئەم دوو پیکـابی بینـی کە چەنـدین چەکداریان تێدا بـوو هـاتنە نـاو سـکرابخانەکە و پـشێوییەکی تەواویـان نـایەوە. دواتـر بـۆی دەرکەوت بـۆ سـۆراخی ئەو ژنە سـفوورە هـاتوون، کە پێـشتر هاتووەتە ئەوێ و بۆی دەرکەوت ئەم چەکدارانە بۆیە بەدوای

ئەو ژنەدا دەگەڕێــن، چــونکە بڵاوکــراوەی نهێنــی بــڵاو کــردووەتەوە، ئەوەش مەترســی بــۆ ســەر دەســەڵات هەیە. چەکـدارەکان بەدوای ژنەکە و ئەو کەسەشـدا دەگەڕان کە ئەو ژنە سـەردانی کـردووە، بەڵام ئەم تارمـاییەی کە پـێش خۆیـان خستبوو، هەرگیز شوێنی ڕاستەقینەی ئەو کەسەی پێ نەگوتن. ئەمەش ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەکـات کە تارمـاییش هەمـان شــێوەی مــرۆڤە ئازاکــان توانــای پاراســتنی نهێنــی هەیە و لەبەرامــبەر فــشار و ســوکایەتی پێکردنیــشدا ددان بە خــۆدا دەگرێــت. ســەرئەنجام پێــدەچێت چەکــدارەکان ئەو ژنە سـفوورەیان لە شـوێنێکی نێـو سـکرابخانەکەدا دۆزیبێـتەوە و دەســتبەجێ کوشــتبێتیان. بەوەش لە ســەرکەوتنی خۆیــان لە ئەرکەکەیانـدا دڵنیـا دەبـن و بە خێرایـی سـکرابخانەکە بەجـێ دەهـێڵن. بەڵام ئەوەی گـرنگە لێـرەدا کـاری چەکدارەکان نیـیە، بەڵکـو ئەو ڕووداوە گـرنگەیە کە بە هـۆی بـۆنی خـوێنی ژنە سفوورەکەوە ڕوو دەدات.

ئایا دەلالەتی خوێن چییە و چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆی سەرنــشینانی ســکرابخانەکە هەیە؟ ڕژانــی خــوێن لە ڕووە سادەکەیدا مانای کۆتاییهێنان بە ژیانی بوونەوەرێک کە دەشـێ ئەو بوونەوەرە مرۆڤـ یان هەر زیندەوەرێکی تر بێت. ئەمەش ئەگەر لە ڕووی ئایینییەوە سەیر بکرێت ئەوا تاوانە، ئەگەر لە ڕووی مرۆیشەوە سەیر بکرێت دیسان تاوانە، چونکە مرۆڤ یـان زینـدەوەرانی تـریش بە هـیچ پاسـاوێک شـایانی ئەوە نـین بکوژرێن، کەواتە بەو پێیە ڕژانی خوێن لە سکرابخانەکە مانـای کۆتاییهێنــان بە ژیــانی زینــدەوەرێک کە دواتــریش دەزانــین کوشـتنی مرۆڤێکە. بکوژەکانیش جگە لە پاسـاوێکی زۆر لاواز هیچی تریان پێ نییە بۆ ئەو کوشتنە. لە ڕوویەکی ترەوە ئەو

کوشتنە یان ڕژانی خوێن و بڵاوبوونەوەی بۆنی خوێن دەبێتە ئاگاداركردنەوەیەكی خۆڕسكانە كە كۆی ئەفریدەبووەكانی جیهانە پڕ لە نهێنییەكەی شەقامی شێخ عومەر بەرەو سەرچاوەی بۆنی ئەو خوێنە كون و قوژبنەكانی خۆیان بەجێ دەهێڵن و لە شێوازی جۆراوجۆریشدا دەردەكەون، بەڵام لە گەوهەر و ماهیەتدا هەموویان شتێك كۆیان دەكاتەوە، ئەویش ئەوەیە كە بوون بە تارمایی. تارمایی بەو مانایەی لە شووناسی مرۆیی یان لە شووناسی زیندەوەربوونیان ڕووت كراونەتەوە و ئێستا نەك سوپایەك بەڵكو حەشاماتێك لە تارمایی ڕووی زەوی شێخ عومەری داگیر كردووە، كە ئەویش نارەزایی یان ترس لە كارەساتی كوشتنی ژنە سفوورەكە هەموویانی لەوێدا كۆكردووەتەوە و هەر ئەو ترس و نارەزاییەش بڕیارێكی یەكلاكەرەوەیان پێ دەدات كە ئەویش بڕیاری كۆچێكی بەكۆمەڵە كە گێڕەرەوە بە كۆچی گەورەی تارمایی یان بە خلیسكانی گەورە و هەمەلایەن ناوی دەبات.

گێڕەرەوە باسی تەرمی ئافرەتە سفوورەكە دەكات و دەڵێت: "ئەو لەسەر ڕوو كەوتبوو، لە لای چەپیەوە خوێن هەر بە ڕەنگی تارماییەكی تۆخ چاڵێكی پڕكردبووەوە،... دەستی چەپی كەوتبووە سەر نیوەسوكانێكی شكاو، كاغەزێكی بە توندی لە دەستیدا گرتبوو. ئەو هاوڕەگەزەی ئێمە كە خۆی لە ئاشكراكردنی شوێنەكەی من بواردبوو، كاغەزەكەی لە دەستی دەرهێنا. ئەو پارچەیەی تلیسابووەوە، بە دەستییەوە ما، تارماییەكان یەكە یەكە كاغەزەكەیان خوێندەوە، بێدەنگ و كپ، لەو دەستەوە بۆ ئەو دەست، من تەنها یەك تاكە وشەم لێ بیستن، یەك وشە و بەس: نەتەوەی زێرابەكان". گێڕەرەوە بە كاتی ڕابردوو، وەكو كامێرا چۆن وێنەی دیمەنێك دەگرێت،

ئەویـــش بەوجــۆرە لە دەرەوە بێلایەنـــانە و بە شـــێوازێکی بابەتیانە زانیاری خۆی پێشکەش دەکات. لێرەشدا ڕوانگەی بینـین شـێوازی دەرەوەیـیە و ئەوەی گێـڕەرەوە پێـشکەشی دەکات تەنیا دەرخستنی ڕواڵەتی شتەکانە، بەڵام ئەوەی جێگەی بـایەخی زیـاترە لێـرەدا ئەو دەربـڕینە کـورتەیە کە ئەم وەکـو کەســی تەوەریـــی چیرۆکـــی ڕۆمـــانەکە لە خوێنـــدنەوە و دەمـاودەمکردنی ئەوەی لەسـەر پـارچە کـاغەزەکەیە گـوێی لـێ دەبێـت ئەویـش دەربڕینـی (نەتەوەی زێرابەکـان)ە. ڕەنـگە ئەو پرسیارەش لێرەدا سـەر هەڵبدات: ئایا چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەو ژنە سـفوورە و خەوتنـی لەگەڵ ئەمـی کەسـێتی تەوەریـی ڕۆمـــانەکە و کوشـــتنەکەی و کۆبـــوونەوەی حەشـــاماتە بەتارماییبووەکەی سکرابخانەی شەقامی شێخ عومەر و کۆچی گەورەی ئەم حەشاماتە و پێکهاتنی نەتەوەی زێرابەکاندا هەیە؟

ئێمە دەزانـین هـۆی سـەرەکی کۆبـوونەوەی ئەو حەشـاماتە بەتارمـــاییبووە خــوێنی ڕژاوی ژنە ســفوورەکەیە، کەواتە بــا بزانین خوێن چ دەلالەتێک هەڵدەگرێت؟ میشێل فێربێر لەبارەی هێمــای خــوێنەوە دەڵێــت: خــوێن وەکــو مــاددە شــتێکی زۆر بنەڕەتیـیە پەیوەسـت بە ژیـانی مرۆڤــ و لە دیمەنیـشدا زۆر سەرنجڕاکێـشە و چەنـدین مانـای هێماییـانەی هەیە، لەوانەش خوێن وەکو ژیان، خوێن وەکو خێزان و بنەچە، خوێن وەکو هێمـای قوربانیـدان(٧). ئەگەر تەنیـا لە ڕوانـگەی ژیـانەوە سـەیر بکەیـن، ئەوا ڕژانــی خــوێنی ژنە سـفوورەکە کوشـتنی ژیـانە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو ئەرکە نەزانراوەوە سەیر بکەین کە ژنە ســـفوورەکە لە پێناویـــدا هـــاتبووە جیهـــانە تـــایبەتەکەی سیکرابخانەی شێخ عومەر، ئەوا لە ڕووکەشدا نـازانین ئایـا ئەو ئەرکە ڕەوایەتی هەبووە یان نا؟ ئەگەر ئەرکێکی ڕەوا بوو بێت

ئەوا دیسان ڕژانی خوێن لێرەدا دەبێتە جۆرێک لە قوربانیدان. لە ئاستی قوولّی دەقەکەشدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە دەشێ ئەرکی ئەم ژنە سفوورە لە ڕێگەی نامەکانیەوە کۆکردنەوەی حەشاماتەکەی سیکرابخانەکە بووبێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆچی گەورە و پێکهێنانی نەتەوەی زێرابەکان. هاتنی چەکدارەکانی دەسەڵات و گەڕان بەدوای ئەو خانمەدا و پاشانیش کوشتنی زیاتر ڕاستیودروستی ئەم لێکدانەوەیە دەسەلمێنێت.

خوێن وەکو ڕایەڵەی خێزان و بنەماڵە، دیسان پەیوەست بە پەیوەندی نێوان ژنە سفوورەکە و خەوتنی لەگەڵ ئەمی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکەدا کە لە دوای ئەو خەوتنە حەشاماتەکە دەگوڕێن بۆ تارمایی، جێگەی لەسەرڕاوەستانە. دەشێ ئەم تێڕوانینە وەها ڕاڤە بکرێت کە نەتەوەی زێرابەکان بەرهەمی ئەو خەوتنەی ژنە سفوورەکەیە لەگەڵ کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکەدا، کە خوێن لێرەدا ڕایەڵەی پێکەوەبەستنی کۆی حەشاماتی بەتارماییبووی کۆچکردووە بۆ ناو زێرابەکان و لەوێش نەتەوەی زێرابەکانیان پێکهێناوە. لەمەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە ڕایەڵەی دەمار و خوێن بنەمای سەرەکی پێکهێنانی نەتەوەی زێرابەکانن. خۆ ئەگەر ئەو خەوتنەی ژنە سفوورەکە و ئەمی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە بەرهەمهێنی ئەو نەتەوەیە بێت، ئەوا دیسان شووناسی ڕەسەنایەتی ئەو نەتەوەیەش دەکەوێتە بەردەم پرسیار و گومانەوە. کە دەشێ لە ئاستێکی قوولّتری لێکدانەوەدا ئەوە ببێتە ڕەگوڕیشەی نەتەوەی دەرەوەی زێرابەکانیش لەو سەرزەمینەیەدا کە بەغدا یان دۆڵی دوو ڕووبارەکەیە و لە زێرابەکانیدا نەتەوەیەک پێکدێت بە ناوی نەتەوەی زێرابەکان.

کەواتە لێرەدا بابەتی شوێن یان ژینگە و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر ئەو پێکهاتە مرۆییانە دەردەکەوێت کە لەسەر ئەو شوێنە دەژین. سکرابخانەی شێخ عومەر وەکو دڵی پڕ لە نهێنی بەغدا نیشان دەدرێت. ئێستاش کۆچ یان خزانی گەورە بە ئاڕاستەی زێرابەکان هەر لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات. ئەوانەشی کە کۆچ دەکەن ئەفریدەبووە جۆراوجۆرەکانی ئەوێن بە مرۆڤ و زیندەوەرەکانەوە. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە هەریەکەیان لە شوێن و جێگەیەکەوە هاتوون، هەر چۆن ئەمی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە بە ڕێکەوت گەیشتووەتە ئەوێ و لەوێ بەجێهێڵراوە. ئەمەش ئەوە دەردەخاتە کە زۆرینەی حەشاماتەکەی شێخ عومەر لەبەر ئەوەی لە شوێنی جۆراوجۆرەوە هاتوون، شووناسی ئەو شوێنانەیان لەگەڵ خۆیان هەڵ نەگرتووە، بەڵکو شێخ عومەر جۆرێک لە شووناسی سادەی پێ بەخشیون. دواتریش کە پێکەوە دەگۆڕێن بۆ تارمایی، مانای وایە لە پرۆسێسێکی دەستەجەمیدا دەبن بە خاوەنی شووناسێک کە شووناسی تارماییبوونە. کاتێکیش پێکەوە لە شێوەی ڕێکخستنێکی کۆنەستیانەدا کۆچی گەورە دەکەن زیاتر مانا بەو شووناسە دەبەخشن. کاتێکیش وەکو پێکهاتەیەک نەتەوەی زێرابەکان پێکدەهێنن، دەبنە خاوەنی شووناسی نەتەوەی زێرابەکان کە دەشێ ئەو شووناسە زۆر جیاواز نەبێت لە شووناسی نەتەوەی عێراق، یان گەلی عێراق کە تەنیا شوێن لەنێوانیاندا جیاوازە، ئەویش سەرزەمینی عێراق و زێرابەکانی عێراقە کە لە ئاستێکی تردا دەتوانرێت بگوترێت بە پێی ئەو هەموو کارەساتەی لە سەدەی بیستدا ڕووبەڕووی ئەم شوێنە واتە سەرزەمینی عێراق بووەتەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زێرابەکاندا.

تەنانەت ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ناونیشانی ڕۆمانەکە، ئەویش وەکو کلیلی کردنەوەی دەرگای ئەم دەقە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە زێرابەکان بریتی بن لە عێراق و نەتەوەی زێرابەکانیش بریتی بن لە گەلی عێراق. نیشاندانی کۆی حەشاماتی شێخ عومەر وەکو سوپایەک لە تارمایی هاوشێوەیە لەگەڵ پێکهاتەی خەڵکی عێراقدا، بەتایبەتی لە سەردەمی دیکتاتۆریەت و تەنانەت ئێستاشدا کە چۆن وەکو مێگەل هەر شوانێک بێت لێی دەخوڕێت و بە ئارەزووی خۆی مامەڵەی پێوە دەکات و ئەمیش بێدەنگ و گوێڕایەڵ ملکەچی فەرمانی شوانەکانی دەبێت و ئەم پێکهاتەیە هەمیشە هۆکارێک بۆ گەورەکردن و پیرۆزکردنی ئەوانەی کە فەرمانڕەوایی دەکەن دەدۆزێتەوە، تەنانەت تاکو ئێستاش ئەم بارە بەردەوامە و وەکو دیاردە و تەنانەت وەکو کولتووریشی لێ هاتووە.

-٧-

گێڕەرەوە باسی کۆچی حەشاماتی تارمایی دەکات کە چۆن هێزی سەرەکی ئەو سوپایە لە سکرابخانەکەی شەقامی شێخ عومەرەوە دەست پێ دەکات و پاشان سوپایەکی تر لە حەیدەرخانە و سوپای تریش لە ئەعزەمیە و کازمیەوە دێن و لە گۆڕەپانی حەنەفیدا تێکەڵاوی یەکتر دەبن و ئەم لەشکرە گەورەیەی تارمایی سەرزەمینی بەغدا بەجێ دەهێڵێت و بە ماتیی خۆڵەوە دەچنە ناو گەورەترین زێرابی بەغداوە و ئەویش دەبێتە گەورەترین نیشتیمانی تارمایی، کە ئەو تارماییانە لە دەقەکەدا بە نەتەوە ناو دەبرێن. لە دەرگای زێرابە گەورەکەدا لە لایەن تارماییەکی بچووکەوە پێشوازی دەکرێن

کە لاقەکانی لە لولاکی حەمباڵێکی پیری فەیلی پێکهاتبوو کە زووتر بە کۆڵێکی گەورەوە خزابووە ناو زێرابێکی گەورەی شۆڕیجەوە، خەڵک و دەوڵەت کۆڵەکەیان ڕزگار کردبوو، بەڵام هیچ گوێیان بەو پیرەمێردە فەیلییە نەدابوو. ئەمەش لە ئاستی یەکەمدا ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەت و خەڵکیش بارەکەیان بە لاوە گرنگتر بووە لە خودی حەمباڵەکە. ئەوەش سیمایەکی تری ئەو کۆمەڵگە و کولتوورە نیشان دەدات کە دواتر نەتەوەی زێرابەکان بەرهەم دەهێنێت، کە کۆمەڵگەیەکە تێیدا، یەکەم بەهای مرۆڤ زۆر لە بەهای کالا و شت کەمترە. لە ئاستی دووەمدا، ئەو حەمباڵە کوردێکی فەیلییە کە دەشێ پشتگوێخستن و وازلێهێنانی لە لایەن خەڵک و دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی لەناو زێرابەکەدا بخنکێت، پەیوەندی بە جیاوازیی ڕەگەزەوە هەبێت کە ئەمەش نیشاندەری ئاستێکە لە هەستی شۆڤێنیستانە لە لای دەسەڵات و ئەوانەی کە بە بەرچاویانەوە ئەو حەمباڵە پیرەمێردە کوردە فەیلییە دەخزێتە ناو زێرابەکەوە.

ئەوەی سەرەتا گێڕەرەوە لەبارەی ئەو حەمباڵە پیرەمێردە فەیلییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، هەر ئەوەندەیە کە بە کۆڵەکەیەوە دەخزێتە ناو گەورەترین زێرابی شۆڕیجە و کەس ڕزگاری ناکات. ئەم کەسێتییە کە پێش کۆچی گەورە کەوتووەتە ناو زێرابەکەی شۆڕیجەوە و وەکو یەکەم تارمایی لەوێ بووە، لە کاتی کۆچی گەورەی تارماییدا بۆ نێو زێرابەکان، ئەم بە هۆی ئەو پێشینەیەی کە هەیەتی دەبێتە یەکەم کارگوزاری تارمایی لە قووڵایی زێرابەکاندا و بەو هۆیەشەوە کە درێژترین مێژوویی هەیە لەو جیهانەدا، مافی ئەوەی بەدەست هێناوە کە ئەو شووناسی بوون بە ئەندام لە لەشکری تارمایی و هەر بەو پێیەش بوون بە ئەندام لە نەتەوەی زێرابەکان ببەخشێت.

شێوازی شووناس بەخشینی ئەم کارگوزارەش ئەوەیە کە هەر تارماییەک دەچێتە ناو زێرابەکە ئەو چیلکەیەکی تیژ لە دڵی دەچەقێنێت کە هەر یەکە لەو چیلکانەش لێی نووسراوە، یان لەسەری هەڵکۆڵراوە (سەرنشینی زێرابەکان). لێرەوە ئاشکرا دەبێت ئەوەی دەقەکە وەکو تارمایی و زێراب باسی دەکات وێنەیەکی تری هەمان ئەو جیهانە و ئەو بارودۆخەیە کە ئێمە لە ڕابردوودا لە عێراقدا ژیانمان تێدا گوزەراندووە و شووناسی عێراقیبوونیشمان وەکو ئەوە وا بووە بە گوللە یان بە شمشێر لەسەر دڵمان دیاری کرابێت، واتە بەسەرماندا سەپێندراوە. ئەو دەست و پەنجانەشی کە ئەو شووناسەی پێ بەخشیوین لە پیسایی دروست کراوە. ئەمەش گەوهەر و ماهیەتی ئەو شووناسە دەردەخات کە ئێمە بۆمان کراوە کە شووناسی عێراقیبوونە. دیارە وەکو پێشتر گوتمان عێراق زێرابەکانە و گەلی عێراقیش لەشکری تارمایی، یان نەتەوەی زێرابەکان. ئەمەش بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو بۆچوونە مێژووییەیە کە باسی ئەوە دەکات گەلی عێراق گەلێکی ئاست بڵندە لە مێژوودا، چونکە شارستانێتی دۆڵی دوو ڕووبارەکەی بەرهەم هێناوە و بۆ یەکەم جار یاسا لێرە لەدایکبووە و نووسین لێرە دۆزراوەتەوە و کشتوکاڵ لێرە کراوە.

-٨-

گێڕەرەوە کە خۆیشی یەکێکە لە تارمایی زێرابەکان، لەبارەی تارمایی زێرابەکانەوە دەدوێت و دەڵێت: "ئێمە هەموومان نەوەکانی تارمایی، لە ڕەنگی خۆڵ بووین. ڕەنگێک کە خۆڵی پێ دەناسرێ و دەبێتە ناونیشانی تارمایی، یەکەم پێناسەی تارمایی ئەو ڕەنگە خۆڵیەیە، بەڵام ڕەنگێک کە

دەمـاری خـۆڵ و تارمـایی دەخـولْقێنێ جێمـان هێـشتبوو، ئەو ڕەنگە ڕەنگی ژنی سفوور بوو، بۆیە دەمارەکانی تارمایی جگە لە تۆز، جگە لە ساردی، جگە لە مردن هەستێکی دیکەی تێدا نیـیە". بە پێـی ئەم گێـڕانەوەیە نەوەکـانی تارمـایی هەمـوو لە ڕەنگـی خـۆڵن. کەواتە تارمـایی بەم پێـیە بـوونەوەرە ڕەنـگ خاکییەکـانن، کە ئەمەش لە ڕوانـگەی ڕەگەزناسـییەوە دەشـێ سـەرنجمان بـۆ لای ڕەگەزێکـی دیـاریکراو ڕابکێشێت.، چـونکە هەر ڕەگەزە و بە ڕەنگێک پێناسـە دەکرێت یـان دەناسـرێتەوە. بـۆ نمـوونە پێـست سـپی چـاو شـین، ئەسـمەری چـاو بچکـۆلە، ئەسـمەری چـاو ڕەشـی لێـو پـان. گەنمڕەنـگ یـان خـاکی چـاو قاوەیی. کە دەشێ ڕەنگی خۆڵیش ئاماژە بێت بـۆ ئەوەی زیـاتر شووناســــی نەتەوەی زێرابەکـــــان ئاشـــــکرا بکرێـــــت. لەم گێڕانەوەیەدا باسی ئەوە دەکرێت ئەو ڕەنگەی دەماری خۆڵ و تارمـایی دەخولْقێنێـت ڕەنگـی ژنـی سـفوورە. کەواتە لێـرەوە جــارێکی تــر شووناســـی تارمـــایی دەبەســـترێتەوە بە ژنـــی سفوورەوە. ئەوەیشی پەیوەندی بە ژنی سفوورەوە هەیە لەم دەقەدا ئەوەیە کە ئەو کەسـانەی لە لـۆرییەکەدا لەگەڵ ئەمــان سـەردەکەوتن، باسـی ژنـی سـفووری بەغدایان وەکـو جۆرێـک جـوانی و هۆکـاری سـەرگەرمکردن و چێژوەرگـرتن دەکـرد. لە باری دووەمیشدا ژنی سفوور ئەو ژنە بوو کە شـەو هـاتە ژێـر بەتـــانییە شـــڕەکەی ئەمـــی کەســـێتی تەوەریـــی ڕۆمـــانەکە و پێدەچێت لەگەڵـی جـووت بووبێـت. کەواتە پەیوەسـتکردنەوەی تارماییەکان بە ڕەنگی ژنی سفوورەوە، بە جۆرێکی تر جۆرێک لە گومـان لەسـەر شووناسـی تارمـایی و بەو پێـیەش نەتەوەی زێرابەکـــان دروســـت دەکـــات. هەروەک دەردەکەوێـــت کە سـەرچاوەی هێـز و چـالاکی و زینـدەکانی لە بـوونی پێـشتری

تارماییەکانی ئێستادا ڕەنگی ژنی سفوور بووە. کەواتە ڕەنگی ژنـی سـفوور چـیە؟ دەشـێ بە پێـی سـیاقی دەقەکە وەهـای لێکبـدەینەوە کە ڕەنگـی ژنـی سـفوور بـریتییە لە مۆتیـڤ و پاڵنەری ژیان و زیندەگانی، یان بە دەربڕینێکی تر ڕەنگی ژنی سفوور بریتییە لە هێزی ئیرۆسیەت لە بوونی زیندەوەراندا بە گشتی و لە بوونی حەشاماتەکەی پێشتری سیکرابخانەی شێخ عومەرو حەیدەرخانە و ئەعزەمیە و کازمیەدا بەتایبەتی، واتە پێش ئەو کاتەی کە بگۆڕێن بۆ تارمایی، بەڵام دوای ئەوەی کە ئەم حەشاماتە لە ڕەنگی ژنی سفوور ڕووتکرانەوە بوون بە تارمـایی، بە واتـا لە کـۆی بنەماکـانی زینـدەگانی و ژیـان ڕووتکرانەوە. ئەمەش ئەو چرکەساتەیە کە مرۆڤ خاسیێتەکانی مرۆڤبـوونی لەدەسـت دەدات کە دەشـێ ئەوەش بە جۆرێک لە میتامۆرفیـــسی دەســـتەجەمی نـــاو ببرێـــت. هەروەک لە گێڕانەوەکـانی گێڕەرەوەشـدا هـاتووە کـۆی ئەو حەشـاماتە بە مرۆڤـ و غەیری مـرۆڤەوە بوونەتە تارمـایی بێهەست. ئەمەش بەرهەمی ئەو پرۆسێسی میتامۆرفیسەیە کە بەسەر کۆی ئەو بوونەوەرانەدا دێت. بەڵام لە دوای گۆڕینی ئەم بوونەوەرانە بۆ تارمـایی و کـۆچی گەورەیـان بـۆ نێـو زێرابەکـان، ئیتـر بە نەتەوەی زێرابەکـان نـاو دەبـرێن. کەواتە لێرەدا ئەوە ئاشـکرا دەبێـت کە پرۆسێـسی گۆڕانکـارییەکە هاوشـێوەیە لەگەڵ پرۆسێـسی بە نەتەوەبوونـدا یـان ئەم کـردەی میتامۆرفیـسە هاوشـانە لەگەڵ کـردەی نەتەوەسـازی یـان دروسـتبوونی نەتەوەدا، لەکاتێکـدا کە حەشـاماتی تارمـایی یەکسان بـن بە نەتەوەی زێرابەکـان. هەروەک گێـڕەرەوە دیـوارێکی ئەسـتوور لەنێـوان خۆیـان وەکـو حەشـاماتی تارماییەکـان و مـرۆڤە ئاسـاییەکانی سـەر زەویـدا دروسـت دەکـات و وەکـو دوو

پێکهاتەی تەواو جیاواز دەناسرێن. لێرەشەوە دەردەکەوێت نەتەوەی زێرابەکان وەها خۆیان پێشکەش دەکەن کە ئەوان لە ئاستێکی نزمتردان لەچاو نەتەوەی سەر زەوی یان لەچاو مرۆڤی خاوەن عەقڵ و هەست و بیروبۆچوون و خاوەن بڕیاری سەر زەوی. کەواتە ئایا گریمانەی ئەوە لە ئارادایە کە مەبەست لە نەتەوەی زێرابەکان پێکهاتەیەکی تایبەت بێت کە جیاواز بێت لە نەتەوەکانی سەر زەوی؟ ئایا ئەگەر ئەو گریمانەیە ڕاست بێت، دەشێ نەتەوەی زێرابەکان بێجگە لەو بۆچوونە گشتییەی کە دەشێ بریتی بێت لە گەلی عێراق چیی تر دەگەیەنێت؟ ئایا دەشێ مەبەست لە نەتەوەی زێرابەکان پێکهاتەیەکی تایبەتتر بێت لە گەلی عێراق؟ واتە پێکهاتەیەک کە هەر چۆن تارماییەکان جیاوازن لە مرۆڤە ئاساییەکانی سەر زەوی، ئەویش جیاواز بێت لە نەتەوەکانی تر؟

-٩-

**نەتەوەی زێرابەکان، یان نیشتیمانێك لە یۆتۆپیا**

لێرەدا قسەکردن لەسەر نەتەوەی زێرابەکان و پێکهاتەی نێو زێرابەکان و حەشاماتی تارمایی لەگەڵ شوێنی ئەو حەشاماتە واتە زێرابەکان دەبێتە قسەکردن بۆ ئاشکراکردنی زیاتری شووناسی هەردووکیان، واتە نەتەوە و زێراب. دیارە هەر یەک لەم دووانەش خاسێت و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە. گێڕەرەوە دەڵێت: "نیشتیمانی ئێمەی بێ سنوورە، هیچ هێڵێکی خوێنین زێرابێکی لە زێرابێک جیا نەکردووەتەوە، هێڵێکی سووری سنوور جۆگەلەیەکی لە جۆگەلەیەکی دیکە دانەدەبڕی... کەسێک نەبوو بە فوتە و گەچ و مێخەوە مەتر بە مەتری ئەو زەوی زێرابانەمان لەسەر بژمێرێ. یاسایەک نەبوو

ئێمە فرێداتە دەرەوەی خۆی، ئایینێک نەبوو نەفس و ئیمان و عەقڵمان پێوانە بکات و لەسەر ئەوە گومڕا و کافر و زەندیقمان بکـــات. لەوێ لەو نیـــشتیمانە پـــڕ گـــوو و سەربەســـتی و خۆشنوودییەی ئێمەدا، خودایەک نەبوو لەبەر نینۆکی درێژ و لەشی بێنوێژی بمانترسێنێ و مەنجەنیقمان بۆ داخات... ئاوی زێرابەکـــان ســـــەرڕێژبوون لە بەرەکەت، لە خـــواردن و خواردنەوە. هیچ ئاو و شەرابێک ئەوەندەی ئاوی زێرابەکان ڕۆح و گیانی ئێمەی ئاو نەداوە. هیچ کانی و ئاوێک ئەوەندەی ئاوی زێرابەکان بێ حیساب بەخشندە نەبووە. ئاوێکی پڕ دادپەروەری، پڕ شیفا و خۆشنوودی، پڕ بۆن و کەری تۆپیو".

لەم گێـــڕانەوەیەی ســـەرەوەدا شووناســـی نیـــشتیمانی زێرابەکـــان ئاشـــکرا دەبێـــت کە جـــۆرێکە لە یۆتۆپیـــا، بەڵام یۆتۆپیـــایەک تەنیـــا بـــۆ حەشـــاماتی تارمـــایی مانـــای هەیە، یۆتۆپیایەک بۆ ئەوان نیشتیمانە، بەڵام بۆ مرۆڤە ئاساییەکان تەنانەت ناوهێنانیشی ڕاستەوخۆ پیس و ناشیرینی و دزێوترین شـت و شـوێن دەگەیەنێت. تەنـانەت ئەو مرۆڤانەشـی کە لە ڕووی مرۆییەوە ناخیان و ویژدانیان وەکو زێرابەکان پیس و ناشـیرین و بـۆگەنە، هێـشتا بێـز لەو شـوێنە دەکەنەوە کە لە دەقەکەدا بە نیـشتیمانی تارماییەکـان ناودەبرێـت. بە گـوێرەی تارماییەکان وەکو گێڕەرەوە دەیانناسێنێت پێکهاتەی بێ هەست و بێ ئـارەزوون. ئەمەش مانـای ئەوەیە کە هەسـت و چێـژی جوانناسـی و خۆشـی وەرگرتنیـان نییە. کەواتە ئەم پێکهـاتە سـەیر و سـەمەرەیە دەبێ چی بنووێنێت و چ ڕۆڵێکی هەبێت ئەگەر لەناو دەقەکەوە بە ئاڕاستەی دەرەوەی دەقەکە بڕوانین و بجووڵێین؟

ئـــێمە پێـــشتر ئاماژەمـــان بـــۆ ئەوە کـــرد کە گـــۆڕینی حەشاماتەکەی سکرابخانەی شێخ عومەر و شوێنەکانی تری بەغدا، سەرباری ئەوەی کە دەشێ لە ئاستی قوولی دەقەکەدا دەلالەتی تری هەبێت، بەڵام لە ئاستی یەکەمی لێکدانەوەدا، ئەو گۆڕانکـــارییە لە مـــرۆڤەوە بـــۆ تارمـــایی کە گۆڕانکـــارییەکی نەرێنییە، وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو بارە ناهەموارەی کە مرۆڤی ئەم زەمینە و تەنانەت زیندەوەرانی تریشی تێدا دەژین. واتە بـــوون بە تارمـــایی کـــاردانەوەیەکی نەرێنیـــیە بەرامـــبەر هەرەســـهێنان و ڕووخانـــدنی بەهاکـــانی مرۆڤـــ و ژیـــان لەم ســـەرزەمینەدا کە بەغـداد وەکـو شـــار و وەکـو پـایتەختی ئەم جوگرافیایە ئەو ناوەندەیە کە کۆی فەرمانەکانی بێبەهاکردنی مرۆڤی ئەم نیشتیمانە لەو مێژووەدا کە دەقەکە لێی دەدوێت و پێش ئەو مێژووەش و تەنانەت ئێستاش لەوێوە دەردەچن.

گێـڕەرەوە کـاتێ بـارودۆخ و خاسـێتەکانی نـاو زێرابەکـانی ژێـر بەغـدا دەگێـڕێتەوە، لە لایەک دەیەوێت زانیارییەکـانی بـۆ بـــۆگێڕەرەوە یـــان خـــوێنەری دەرەوەی دەقەکە بە جۆرێـــک پێشکەش بکـات کە دیـد و تێڕوانینیـان سـەبارەت بەو شـوێنە قێزەونە بگۆڕێت، بەتایبەتی بۆ خوێنەرانی ئاسایی یان مرۆڤە ئاســاییەکان، ئەوانەی لەســـەر زەمینـــی زێرابەکـان بە درێژایـــی ژیانیان لە بەدبەختی و کوێرەوەری و چەوساندنەوەدا ژیاون. لە لایەکـی تریـشەوە زانیارییەکـان بـۆ خـوێنەری نـاو دەق بە جۆرێک دەگێڕێتەوە کە زیاتر سەرنجیان بە لای ئەو زەمینەدا ڕابکێشێت کە تێیدا دەژین و پێیان بڵێت مادەم لێرە کۆت و پێوەند و سنووربەندی و یاساوڕێسا و هیچ پێوەرێک بوونی نیـــیە، کەواتە زۆر لەو ســـەرزەمینە خۆشـــترە کە هەمـــوو ئازادییەکـانی تێدا کـوژراوە. ئێستا ئەوەی جێگەی پرسیارە

ئەمەیە ئایا بـــوونی مرۆڤـــ لەســـەر زەوی و بە خاســـێتە مرۆییەکـــانەوە، بەڵام بـــێ بـــوونی ئـــازادی و بـــێ پاراســـتنی کەرامەتی مرۆیی باشترە، یان بوون بە تارمایی و لەدەستدانی هەســت و بــوونە مرۆییەکــان و ژیــان لە ژینگەیەکــی پــیس و قێزەونــی وەکــو زێرابەکانــدا، بەڵام بە ئــازادی ڕەهــاوە و بــێ بوونی هیچ کۆت و پێوەند و سنوور و یاساوڕێسا و خــودا و ئــایین و ئەخــلاق و کولتوورێــک؟ دیــارە ئەوەش ئاشــکرایە کە یاساوڕێــسا و ســنوور و دابونەریــت و خــودا و ئــایین لەگەڵ ئەفریدەبوونی مرۆڤدا وەکو بوویەکی ژێر دەرکەوتوون، بەڵام کارەســات ئەوەیە کە ئەو لایەنــانە بە خــودا و ئایینیــشەوە کە ڕۆڵی ســەرەکییان بۆ ئاسوودەیی مرۆڤـ و پاراســتنی کەرامەتــی مــرۆڤە، لە ئەنجــامی دەســـەڵاتخوازی مرۆڤــدا هەمــوو ئەوانە کراون بە ڕەقیب بەسەر مرۆڤەوە و بەوەش چەندین بەربەست لەبەردەم ئــازادییە سروشــتییەکانی مرۆڤــدا دروســت کــراون. بەڵام ئەو ئــازادییەی کە لە زێرابەکانــدا بــۆ تارماییەکــان هەیە، هــیچ مانــایەکی نیــیە، چــونکە وەکــو لە پێناســەی تارمــایی لە دەقەکەدا هـــاتووە تارمـــایی بـــوویەکی ڕەنگخـــۆڵی ســـارد و بێهەست و مردووە.

-١٠-

## مێژووی بەغدا لە زێرابەکاندا

گێڕەرەوە سەرزەمینی بەغدا و زێرابەکان وەکو دوو دنیای جیاواز لە یەکتــر بــاس دەکــات. لە ئاســتی یەکەمــدا ســەرزەمین شوێنی مرۆڤە ئاساییەکانە، واتە ئەوانەی کە هەمــوو ویستێکی ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی و بیناکردن و ئاوەدانییان لە بــوونی خۆیانــدا هەڵگرتــووە و تێدەکۆشــن بــۆ ئەوەی ژیــان بە بەهــا

ڕاست و جوانەکانیەوە و ئەوەی لە سروشتدا پێویستە بەڕێ بکەن و بەردەوامبن لە بونیادناندا، ئەگەرچی ململانێکان زۆر جار ئەم ئاڕاستەیە دەگۆڕن و بەرەو شەڕ و ئاژاوە و وێرانکاری دەبەن. دنیای ژێر زەویش یان زێرابەکان لە ڕوانینی ئێمەوە ئەو دنیا پیس و ناشیرین و قێزەونەیە کە مرۆڤی ڕاستەقینە ناتوانێت لێی نزیک بێتەوە. بەڵکو ئەوەی خۆیان بە هاونیشتیمانی ئەوێ دەزانن تارمایی بەخۆڵبووەکانن کە ئەوانیش پێشتر تەنیا مرۆڤ نەبوون، بەڵکو کۆی ئافەریدەبووەکانی سکرابخانەی شێخ عومەر و حەیدەرخانە و شوێنەکانی تری بەغدا بوون.

دیارە زێرابەکان لە هەموو شوێنێکی دنیا جێگەی کۆبوونەوەی پیسی و کۆی پاشماوەکانی مرۆڤ و تەنانەت زیندەوەرانی تری سەر زەوین. هەر بەو پێیەش هەموو جۆرە شتێک ڕوو لە زێرابەکان دەکات. پاشماوەکانی مرۆڤ بەرهەمی کار و چالاکییەکانی مرۆڤ چی کاری ئەرێنی بێت یان نەرێنی بەرەو زێرابەکان دەڕۆن. تەنانەت هەندێ جار مرۆڤەکانی سەر زەوی لەو شوێنانەی وەکو بەغدا کە ئازادییان نەبووە، زۆرێک لە نهێنییەکانی خۆیان فڕێداوەتە نێو زێرابەکانەوە. کتێبە نهێنییەکان و بڵاوکراوە و بەیاننامە قاچاخەکان و زۆر شتی تریش لە کاتی ترسدا فڕێدراونەتە نێو زێرابەکانەوە. هەندێ جار ئەو کەسانەی لەسەر هەر هۆکارێکی ئەخلاقی یان هەر شتێکی تر کە کوژراون، فڕێدراونەتە نێو زێرابەکانەوە. تەنانەت هەندێ جار لە شارێکی وەکو بەغدا و لەو سەردەمەی کە دەقەکە باسی دەکات، کاتێ مرۆڤە ڕاستەقینەکانی سەر زەوی توانای ئەوەیان نەبووە لە ڕووی ڕژێم و سەرۆکی فەرماندەدا ڕابوەستن، بۆ دەربڕینی ڕقی

خۆیان وێنەکانی سەرۆک و بڵاوکراوەکانی ڕژێمەکەی ئەویان فڕێداوەتە زێرابەکانەوە کە لە ئاستێکدا ئەمەشیان بە خەبات و کاری پاڵەوانانە زانیوە. کەواتە لێرەوە ئاشکرا دەبێت ئەوەی کە گێڕەرەوە باسی دەکات کە چۆن هەموو پاشماوەکانی مرۆڤی سەر زەوی و چالاکییەکانیان بەرەو زێرابەکانی نیشتیمانی ئەوان دەڕۆن، ئەوە شتێکی ڕاستە و لە بنەڕەتیشدا زێرابەکان بۆ ئەوە دروست کراون پاشماوەکانی مرۆڤ بشارنەوە بۆ ئەوەی سەر زەوی بۆگەن نەکات. بە مانایەکی تر زێرابەکان شوێنی شاردنەوەی پیسی و ناشیرینییەکانی مرۆڤە، بەڵام ئێستا بووەتە نیشتیمانی تارمایی و تارماییەکانیش بە نەتەوەی زێرابەکان ناو دەبرێن. لە ڕاستیدا گێڕەرەوە گێڕانەوەکانی لەسەر سروشتی زێرابەکان و تارمایی ناو زێرابەکان و هاتنی تەرم و پاشماوەکانی تری سەر زەوی بۆ ناو زێرابەکان زۆر درێژە پێ دەدات کە لە ڕاستیدا دەکرا ئەو هەموو وەسفە دوورودرێژە کورت بکرایەتەوە، چونکە لە پێکهاتەی گشتی دەقەکەدا گۆڕینی ئەو حەشاماتە بۆ تارمایی و ڕۆچوونیان بۆ ناو زێرابەکان و وەسفی ناو زێرابەکان لە چەند لاپەڕەی یەکەمی دوای کۆچەکەدا بەسە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیهانبینییەی کە دەقەکە بەرهەمی دەهێنێت. تەنانەت ناوهێنانی کەسایەتییەکانی بەغدا و وەسفی زۆر ڕووداوی وردودرشت تەنیا لە ڕووی قەبارەوە دەقەکەیان گەورەتر کردووە، ئەگینا لە ڕووی پرسیاری دەق و جیهانبینی دەق و ئەو دەلالات و مانایانەوە کە دەقەکە بەرهەمی دەهێنێت، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە.

ئەوەی لە پشتی وەسفی دوورودرێژی زێرابەکانەوەیە ئەوەیە کە زێرابەکان ڕۆڵی ئەو ڕاڕەوە تاریکانە دەبینن کە

زۆر جـار ڕوونکردنەوەیـان دەبێـتە ڕێـگە خۆشـکەر بـۆ خوێندنەوەی ڕابردوو یان مێژوو یان بۆ دەرخستنی ڕووە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ و ئاشکراکردنی پانتایی نهێنی لە کەسێتی مرۆڤدا. زێرابەکان لە ئاستێکی تردا ڕۆڵی ئەو ڕاڕەوە تاریک و بێکۆتاییانە دەبینن کە بریتییە لە مێژووی بەغدا و تەنـانەت مێـژووی ئەم وڵاتەی کە ئەم دەقەی تێـدا بەهەم هـاتووە. ئەگەر لەم ڕوانـگەیەوە سـەیر بکرێـت، ئەوا ڕوونـاککردنەوەی ئەو ڕاڕەوە تاریـک و درێـژ و بێکۆتاییـانە، خوێندنەوە و ئاشکراکردنی مێژووی ئەم وڵاتەیە. ئەم وڵاتەی کە بە یەکێـک لە شـوێنە بەرهەمهێنەرەکـانی شارسـتانێتی مرۆڤایەتی ناودەبرێت.

لە ڕوویەکی ترەوە ئەگەر لە دوای دەلالاتی شوێن و دوو جۆر لە بوونەوەر بگەڕێین لەنێوان سەر زەوی و زێرابەکاندا، ئەوا دەزانین کە سەر زەوی دەلالەتی بەرزیی هەڵدەگرێت، لە کاتێکدا زێراب دەلالەتی نزمی هەڵدەگرێت. لە زەوییەوە بەرەو خوارەوە سەیر دەکرێت بۆ ئەوەی زێراب ببینرێت، بەڵام ئەگەر بە گریمـانە مرۆڤـ لەنێو زێرابدا بێت دەبێ بەرەو سـەرەوە سـەیر بکـات. هەروەک شـوێنی مرۆڤـ سـەر زەوییـە، واتە لە ئاسـتێکی تـردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێـت کە مرۆڤـ وەکـو ئافەریـدەبووی یەکەم کە خـاوەنی ژیـرییە و هەر ئەوەش لە ئافەریـدەبووەکانی تـری جیـا کـردۆتەوە و کردوویەتـی بە فەرمـانڕەوا و خـاوەنی زەوی و شایـستەی شـوێنی بەرز و خـاوێن و جـوان و دڵگیـرە. لە کاتێکـدا کە تارمـایی و ئەو ئافەریـدەبووە جۆراوجـۆرە ناهۆشـیارانەن کە گـۆڕاون بـۆ تارمایی و بوون و نەبوونیان بەهایەکی ئەوتۆی نییە مەگەر تەنیا لە ڕووی هاوسـەنگی و هارمۆنیـای سروشـتەوە وەکـو

جۆرێــک لە پێویــستی ســەیریان بکرێــت، شــوێن و پێگەیــان هەمیــشە لە چــاو مرۆڤــدا زۆر نــزمە. هەر بــۆیەش کــۆچی گەورەی ئەوان بەرەو نزمــاییە، چــونکە بەهــای خۆیــان نــزمە. تەنــانەت لە نزماییــشدا بەرەو دزێــوترین و ناشــیرینترین و پیــسترین شــوێن کــۆچ دەکەن کە زێرابەکــانە. هەر لێــرەوەیە زاراوەی نەتەوە کە بۆ پێکهاتەیەکی هاوڕەگەزی مرۆیی بەکار دێــت دەشــێ لەگەڵ سروشــتی ئەو پێکهــاتە هەمەچیــزە بەتارماییبووە ناهۆشیارەدا نەگونجاو بێت. تەنانەت ئەگەر بە گریمــانە وەهاشــی دابنــێین کە ئەو حەشــاماتە هێمــایە بــۆ پێکهاتەیەک کە لەسەر زەوی لەبەر هەر هۆیەک بێت نەیتوانیوە قۆناغەکــانی گەشــەی خــۆی ببڕێــت و نەتەوە بە مانــا مۆدێرنەکەی پێک بهێنێت. هەر لەبەر ئەوەی نەفرەت لە هەموو دووپێیەکانی سەر زەوی واتە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات و لە کــاردانەوەی ئەو دەستەوســانی و بێتوانــاییەی خۆیــدا لە میتامۆرفیسێکی گشتیدا دەبێتە تارمایی و ڕێگەی زێرابەکان دەگرێتە بەر، لەبەر ئەوەی ناو زێرابەکان هیچ سیستێم و یاسا و دەستوور و پادشا و دەسەڵات و خودا و ئایینێکی تێدا نییە و بەو پێــیەش گــوایە ئــازادییەکی ڕەهــا هەیە لەوێ، ئەوا لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەدا ئەو لێکدانەوەیەش هەیە کە ئازادی بەبــێ ژیــری و یاســا و سیــستێم هــیچ مانــایەکی نیــیە و هاوشــێوەی ژیــانی ئاژەڵەکــانە. واتە ئەوانەی کە لە دەرەوەی ژیری و هۆشیاری دەژین. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو پێکهاتەیە لەبەر ئەوەی پشت لە کۆمەڵگەی ژیری و هۆشیاری هەڵ بکات و ڕێگەی بوونە تارمایی و لەدەستدانی ژیری و هۆش بگرێتە بەر، دەبێ تێبکۆشێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. بە مانایەکی تر ئەگەر مرۆڤی خاوەن ژیری و هۆشیاری جێگرەوەی خودابن

لەسەر زەوی، ئەوا ئەوە ئاشکرایە کە هەمیشە ئەم جۆرە مرۆڤە ویستی هەڵکشانی زیاتری هەیە بەرەو سەرەوە، تا بە تەواوی دەسەڵات بەسەر گەردووندا بکات، کە ئەوەش لە پێگەی خودایی نزیکی دەکاتەوە. بەڵام کاتێ مرۆڤ ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەڵکشان دەگرێتەبەر و بەرەو ژێرابەکان دەچێت مانای ئەوەیە خۆی پێگەی ئاسایی مرۆڤیش کە سەر زەوییە بە خۆی ڕەوا نابینێت، ئیتر گرنگ نییە کە پاسا و بیانووی بۆ ئەو هەڵبژاردنە چییە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر نەتەوەی ژێرابەکان شووناس بێت بۆ هەر پێکهاتەیەک، ئەوا شووناسێکی نێگەتیفە لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستییەوە. بە مانایەکی تر دەقی نەتەوەی ژێرابەکان ڕوانینێکی دژە هیومانیستانە بەرجەستە دەکات و مرۆڤ زۆر ناشیرینتر و کەمبەهاتر لەوەی کە هەیە نیشان دەدات و چارەنووسی مرۆڤەکانیش بە ئاراستەیەک دەجوولێنێت و دەبات کە خودی مرۆڤ لە بوون و گەوهەر و ماهیەتە مرۆییەکەی ڕووت دەکاتەوە.

دەشێ لە ڕوانگەیەکی تریشەوە لێکدانەوەی گۆڕینی مرۆڤەکان بۆ تارمایی و ڕۆیشتن بۆ ناو ژێرابەکان و دواتریش گەڕان بە دوای کپی و بێدەنگیدا بکرێت. گێڕەرەوە دەڵێت: "گرانترین سەفەری تارمایی بۆ قووڵایی زەوییە، لەزەتی دوورکەوتنەوە، کەڵەکەبوونی چینچینی بێدەنگی، غەرقبوون لە کپیدا، شۆڕ بوونەوە بەناو چینی تاریکیدا تەنها تارمایی دەزانێ لە دوای بێدەنگی بێدەنگی دیکە هەیە". مرۆڤ بە سروشتی مەیلی گەڕانەوەی هەیە بۆ هێمنترین شوێنێک کە لێیەوە هاتووە ئەویش منداڵدانی دایکە. ئێستا ئەو شوێنەی کە تارمایی دەیەوێت بۆی شۆڕبێتەوە ژێرابەکان و قووڵایی دووری

زێرابەکانە، کە دەشێ سەرباری بێهەستی تارمایی وەهای لێک بدەینەوە زێرابەکان بە گوێرەی تارماییەکان هەمان ئەو ئەرکە دەلالییە دەبینن کە منداڵدان بە گوێرەی مرۆڤ دەیبینێت. هەروەک دەشێت دوا ئاواتی تارماییەکان گەیشتن بێت بەوپەڕی کپی و بێدەنگی، کە ئەمەش مانای نەمان و کۆتاییهاتنی هەموو جۆرە جووڵەیەک. ئەمەش بە گوێرەی مرۆڤایەتی وەستانی ژیانە بە هەموو ماناکانیەوە کە بێگومان کاتێک ژیان دەوەستێت، ئیتر گەردوون هیچ مانایەکی نامێنێت. ئەوەش تراژیدیای کۆتاییهاتنی مرۆڤە و مرۆڤایەتی هەموو هەوڵێک دەدات بۆ دوورخستنەوەی ڕووداوی پڕ لە کەسەر و کارەسات و تراژیدیای لەو جۆرەیە، بەڵام بە گوێرەی حەشاماتی تارمایی گەیشتن بەو کپی و بێدەنگییە دوا ئامانجە. هەر بۆیە ئەگەر هەر ناوێک لە نەتەوەی زێرابەکان بنێین لە ڕووی ئەم ئاکامە نامرۆییەوە، ئەوا ناوێکی پێچەوانەی ڕەوتی هیومانیستانەی مرۆڤە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە. لە کاتێکدا کە زاراوەی نەتەوە دەبینین یان دەبیستین تەنانەت لە ئاستی بینراوی زمانیشدا ئەوە پێکهاتەیەک ئامادەبوونی خۆی دەنوێنێت کە هەڵگری بەرنامە و پرۆژەیەکی مێژووییە، بەڵام نەتەوەی زێرابەکان هەر چۆن بڕوایان بە سیستێم و یاسا و کتێبە پیرۆزەکان و دڵ و ئایین و خوداش نییە بە هەمان شێوە هیچ بڕوایەکیان بە مێژوو نییە کە مەبەست لە مێژووش لێرەدا ڕابردوو نییە بەو ئەندازەیەی ئامادەکردنەوەی ڕابردووە لە ئێستادا و ئامادەبوونی ئێستایە بۆ خۆسەلماندن و بەشداریکردن لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا.

گێڕەرەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە جۆرێکی تر لە تارمایی، بەڵام نەک تارمایی ڕاستەقینە ڕێگەی زێرابەکانیان گرتووەتە بەر، کە ئەوانیش ئەو سەرباز و ئەفسەر و کەسانەن کە یان لە سوپا هەڵهاتوون، یان لە شەڕدا کوژراون. ئەمەش ئاماژەیەک دەدات بەوەی کە بارودۆخی سەر زەوی سەرەوەی زێرابەکان بارودۆخێکی نائاساییە کە دەشێ ئاماژە بێت بۆ کارەساتی جەنگ و کوشتن و بڕین لە لایەن دەسەڵاتی سەر زەوی زێرابەکانەوە کە سەرزەمینی بەغدایە. تارماییەکانی ناو زێرابەکان نەک ئەمانەی سەر زەوی بە بەشێک لە خۆیان نازانن، بەڵکو وەکو تارمایی ئاسن وەسفیان دەکەن و تارماییەکی گەنجیش باسی ئەو بەڵایە دەکات کە ئەم تارماییە ئاسنانە کە لەسەر زەویش زۆر جیاواز بوون لەو مرۆڤانەی کە بوون بە تارمایی خۆڵ، لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە بۆ نێو نیشتمانی تارماییەکان کە ئەویش ئومێدە. واتە تارماییەکان وەکو بەڵایەکی ترسناک و دوژمنێکی سەرسەخت سەیری ئومێد دەکەن و بە خاسیەتی مرۆڤی دەزانن. تەنانەت ئومێد بە ڕووخێنەر و تێکشکێنەری هەموو تارماییەکان و بە کۆتاییهێنەری مێژووی نەتەوەی زێرابەکانیشی دەزانن. ئەوە ئاشکرایە کە مرۆڤ وەکو ئافەریدەبوویەکی ژیر و هۆشیار ناتوانێت بەبێ ئومێد بژی، بەڵکو ئومێد بۆ ژیانێکی باشتر و بۆ ئایندەیەکی گەشتر پاڵنەری سەرەکی بەردەوامی و بونیادنان و ئاوەدانکردنەوەیە لای مرۆڤ بەڵام بۆ تارمایی ئومێد دوژمن و لەناوبەرە. کەواتە لێرەوە ئاشکرا دەبێت تارمایی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە ئومێدیان نییە چی مرۆڤ بن یان غەیری مرۆڤ هەر لێرەوە بە تەواوەتی شووناسی تارمایی و نەتەوەی زێرابەکان ئاشکرا دەبێت کە بریتین لەو ئافەریدەبووە

جۆراوجـۆرانەی کە هـیچ ئومێـدێکیان نیـیە، لەناویـشیاندا ئەو مرۆڤـانەی کە بـێ ئومێـدن. هەر لێرەشـەوە دەردەکەوێـت کە چـۆن گێـڕەرەوە کە کەسـێتی تەوەری ڕۆمـانەکەیە لە دوای ئەوەی باوکی لە دەرگای ماڵەوە پاڵی نایە دەرەوە بێ بەرنامە و بـێ هـیچ ئومێـدێک کەوتە تەک شـۆفێری لۆرییەکـان و تـا دواجار گەیشتە سکرابخانەی شێخ عومەر و لەوێشەوە لەگەڵ لەشکری هەمـوو ئافەریـدەبووە بێئومێدەکانی سـکرابخانەکە و حەیـــدەرخانە و شـــوێنەکانی تـــری بەغـــدا ڕێـــگەی بەرەو ژێرابەکانی بەغدایان لەبەر گرت. کەواتە دەشێ بگوترێت کاتێ مرۆڤـ هیچ ئومێدێکی نەبێت، مانای وایە هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ ژیان و ناتوانێت لەو گەردوونەی کە لەبەر مرۆڤـ دروست کراوە هیچ کارێک ئەنجام بدات. بۆیە ئەو جۆرە ئافەریدەبووە شوێنی سەر زەوی نییە، بەڵکو شوێنی شایستەی ئەو پیسی و قێزەونـی نـاو ژێرابەکـانە. هەر بەم پێـیە شووناسـی نەتەوەی ژێرابەکان زیـاتر ئاشکرا دەبێت کە دەشـێ بگوترێت نەتەوەی ژێرابەکـــان بـــریتییە لەو پێکهـــاتە جۆراوجـــۆرانە کە هـــیچ ئومێدێکیان نییە تا بەدوایدا بچن، هەر بۆیە باشترین نیشتیمانی ئەوان قووڵایی ژێرابەکانە.

دواجار شەقاربوونی زەوی و مەترسی بۆ سەر ژێرابەکان و ئەو ئومێـــدەی کە لە نـــاو ژێرابەکـــان بڵاوبـــووەوە، یـــان تارماییەکـان بۆنیـان دەکـرد و بۆنەکەشـی لە بـۆنی بـاروت ترسـناکتر بـوو، بـۆ تارمـایی دەبـنە هـۆی پـۆلێنکردن واتە تارماییەکان دابەش دەبن. ئەوانەی کە هیچ خاسیێتێکی مرۆڤیـان تێـدا نەمـاوە بە کەسـێتی تەوەریـی ڕۆمانەکەشـەوە، بەرەو قـووڵایی زیـاتر دەڕۆن. بەشـێکی تـری تارماییەکـان لەنـاو

زێرابەکانـدا دەمێنـنەوە، ئەوانەشـیان کە کارەسـاتی جەنـگ و کوشتن و بڕین کردوونـی بە تارمـایی و گێڕەرەوە بە تارمـایی ئاسـن ناویـان دەبـات و دەڵێـت "ئەو تارماییـانەی لەشـیان لە لوولەی تفەنگ و قەوانە تۆپ بوو، دەستیان لە شریتی گوللە و هەمـوو لەشـیان ئاسـن بـوو، خۆیـان یەکـلا کردبـووەوە کە دەگەڕێـنەوە بـۆ سـەر زەوی، ئەوان هەمیـشە دڵیـان لەسـەر زەوی و چاویـان لە ئومێـددا بـوو". ئەم بەشـەی تارماییەکـان دیـارە کە بە تەواوی خاسیـەتە مرۆییەکانیـان ون نەکـردووە، بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر زەوی دەدەن. ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێـت کە ئەوانەی خاسـیەتی مرۆڤیـان تێـدا مـاوە بەرەو بەرزی دەکشێن، چـونکە شـوێنی شایـستەی مرۆڤـ بەرزاییـە. هەروەک لە گێڕانەوەی گێڕەرەوەشـدا بە جۆرێک خاسـیەتەکانی مرۆڤی سـەر زەوی یـان باشـتر بڵێین خاسـیەتەکانی مـرۆڤ لە ڕووی پێکهـاتنەوە و لە ڕوانـگەی ئەوی تارمـاییەوە دەخـرێتە ڕوو. کە ئەو خـــستنە ڕووەش ئەوەی تێـــدایە مرۆڤـــ کە ڕەگەزەکـانی پێکهـاتنی بریتـی بێـت لە پێکهاتەکـانی چەک و تەقەمەنـی و پێداویـستییەکانی جەنـگ، مانـای وایە دەیەوێـت پێمان بڵێت مرۆڤـ بووەیەکی بە فیزیکی شەڕەنگێز و وێرانکەرە و نەک هەر چەک و تەقەمەنی دروست دەکات، بەڵکو پێکهاتەی فیزیکیـــی خۆیـــشی چەک و تەقەمەنیـــیە کە ئەوەش لە لایەک سروشتی پێکهاتەی مرۆڤ وەکو بوویەکی بێ هەست و سۆز نیـشان دەدات. لە لایەکـی تـرەوە نیـشاندانی پێکهـاتەی فیزیکـی مرۆڤـ بەو جـۆرە پێکهـاتەیەوە لە ئاسـتێکی تـردا ئەو دەلالەتە هەڵـــدەگرێت کە مرۆڤـــ بە سروشـــتی و لە دروســـتبوونیدا

بوویەکی دەسەڵاتخواز و شەڕەنگێزە. ئەوەش زیاتر وای لێ دەکات کە نەک هەوڵی گەڕانەوە بۆ سەر زەوی بدات، بەڵکو ئەگەر بۆی بکرێت ڕێگە لە مردن دەگرێت بۆ ئەوەی سەر زەوی بەجێ نەهێڵێت. لە ئاستی ئەفسانەیشدا گەڕانەوەی مرۆڤەکان بۆ سەر زەوی ئاماژەی گەڕانەوەی دوای مردنی تێدایە، واتە گەڕانەوەی مردووەکان بۆ سەر زەوی کە ڕەنگە ئەوەش ببێتە هۆکارێک بۆ گەیاندنی زانیاری سەبارەت بە دنیای دوای مردن. کە ئەمە تەنیا لە ئەفسانەدا جێگەی دەبێتەوە و لە گەڵ تێڕوانینی کۆی ئایینەکان و زانستیشدا ناکۆکە. هەر چەندە لە ڕووی ئایینییەوە ئەگەر زێرابەکان بە دۆزەخ بشوبهێنرێت لە پیسی و قێزەونیدا دەشێ شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام ناکرێت بەهەشت وەکو شوێنێک کە نموونەی باڵای جوانی و خۆشی و ئاسوودەیی بێت، لە هیچ ئاستێکدا لەگەڵ نیشتیمانی تارماییەکان کە نموونەی پیسی و ناشیرینییە لیکتر نزیک بکرێنەوە.

## سوڵتانی کتێب و تراژیدیای وێرانبوونی بەغدا

گێڕەرەوە بەو پێیەی کە خۆی لە پۆلی یەکەمی تارماییەکانە، کەواتە دەبێ لەگەڵ کۆچی بەرەو کۆتایی تارمییەکان ڕۆشتبێت و نەگەڕابێتەوە بۆ سەر زەوی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لە دوابەشی ڕۆمانەکەدا وەکو گێڕەرەوە دەمێنێتەوە. هەر چەندە ئەمجارە گێڕەوەرە لە دەرەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکەیە و وەکو چاودێر کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات. لە گێڕانەوەی کەسی سێیەمدا "چیرۆک لە لایەن

کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە لە دەرەوەی چیرۆکەکەیە و ئاماژە بۆ کەسەکان دەکات بە ناوی خۆیانەوە یان بە ڕاناوی کەسی سێیەم واتە (ئەو، ئەوان) "[٨]. لێرەدا گێڕەرەوە دەڵێت:
"عەبدولقادر سولتان ئەمڕۆ تەمەنی دەبێتە نەوەدویەک ساڵی تەواو، پەنجاوپێنج ساڵی ڕێکە لەگەڵ کتێب دەژیێت و چل ساڵیشە ئەو ماڵە کۆنەی وەک میرات لە شەقامی ڕەشید بۆ بەجێماوە. ئەو لە تەمەنی گەنجیدا دوای هەوەسی خۆی کەوتبوو، بەو هۆیەشەوە بەغدا و خێزانەکەی بەجێ هێشتبوو- ل٢١٩ ". لێرەدا ئەوەش دەردەکەوێت کە گێڕەرەوە لەو جۆرەیانە کە زانیاری تەواوی هەیە لەسەر کەسێتی و ڕووداوەکان و هەموو شتێک لەبارەیانەوە دەزانێت، تەنانەت ئاگاداری شێواز و ئاستی بیرکردنەوە و خواست و ویست و پاڵنەرەکانی جووڵاندنیانە. لێرەدا گێڕەرەوە زانیاری زۆر لەسەر عەبدولقادر سولتان و کتێبخانەکەی و ڕووداوی شەڕی بەغدا و کوشتن و بڕینی خەڵک پێشکەش دەکات. لەبارەی تەمەنی و کارکردنی ئێستای و پێشتری و ژمارەی ئەو ژنانەی هێناونی و پەیوەندی جۆراوجۆری لەگەڵ ئافرەت و کەسانی تردا و تەنانەت لە دایکبوون و خواردن و خەوتن و کۆی چالاکییەکانی دەدوێت. لێرەدا ڕوانگەی گێڕەرەوە ڕوانگەی سفرە، واتە زانیاری گێڕەرەوە زیاترە لە زانیاری کەسێتییەکان لەبارەی ڕووداو و خودی کەسێتییەکانەوە.

ئایا عەبدولقادر کێیە کە لە دوا بەشی ڕۆمانەکەدا وەکو پیاوێکی ناودار دەردەکەوێت؟ ئایا دەشێ کەسێکی ئاسایی بێت، یان کاتێ کە زەمینەی ڕوودا لە ڕۆمانەکەدا بەغدا و زێرابەکانیەتی، دەشێ خەیاڵمان بۆ لای بەناوبانگترین عەبدولقادر بچێت لە مێژووی بەغدا و ئیسلام و تەسەوفیشدا؟

بەڵام هەر لە گێـــڕانەوەدا ئەوە ئاشـــکرا دەکرێـــت کە ئەم عەبدولقادرە بە ناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە ناونراوە، چـونکە دایکـی بەمەوە تێـوەپێچراوە و بردوویـانەتە مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، ئیتر منداڵەکەی لێ بووەتەوە. هەر لەبەر پیـرۆزی نـاو و گەورەیـی و توانـای ئەو زاتە موبـارەکە، ئەمیان بە ناوی شێخ عەبدولقادرەوە ناوناوە. ئەم کەسێتییە کە پێشتر پـۆلیس بـووە و ئێستا بـووەتە خـاوەنی کتێبخـانە و بە سوڵتانی کتێب ناسراوە و لە گێڕانەوەکانی گێڕەرەوەشدا وەکو کەسێکی زۆر شارەزا باس دەکرێت. بەڵام لە کاتی کارەساتی هێرشی سەر بەغدادا بۆی دەردەکەوێت کە جیهانی نـاو کتێب جیهانێکی وشکە لە ڕووی پێداویستییە فیزیکییەکانەوە و کتێب تەنیا خـۆراکی ڕۆح دەبەخشێت. ئەوەتا کاتێ هێرش بۆ سـەر بەغدا دەست پێ دەکات و خـورادن و ئـاو نامێنێت، ئەو تەواو پەرێـشان دەبێـت، بەڵام ئەو هەمـوو کتێـبە بە فریـای هیچـی ناکەون. تا دەگاتە ئەوەی پێی وابێت کتێب لە مـرۆڤ نەمرتـرە، چـونکە لە هەمـوو سـەردەمەکاندا دەتوانێـت درێـژە بە بـوونی خۆی بدات و دەشێ بۆ هەتاهەتـایەش بمێنێتەوە، بەڵام مـرۆڤ بەرگەی کـورتترین مـاوەی برسـێتی و تینـوێتی ناگرێـت. هەر بـۆیە ئـاواتی ئەوە دەخوازێـت کە ئەمـیش وەکـو کتێـبە پـڕ بەهــاکەی شـێخ عەبـدولقادری گەیلانـی جزوبەنـد بکـرایە و بخـرایەتە سـندوقێکی لە ئاسـن دروسـتکراوەوە و دابخـرایە و نەوەکـــانی داهـــاتوو بیانتوانیـــایە لاپەڕەکـــانی بـــکەنەوە و بیخوێننەوە.

بە هەرحاڵ کۆتایی ڕۆمانەکە بە هەڵگیرسانی شەڕ لە بەغدا کۆتـــایی دێـت، کە ئەویـــش شـــەڕێکە بەغـــدا وێـــران دەکـــات. گێڕەرەوە باسی ئەوە دەکات کەسانێک بە چەکێک کوژرابوون

کەس نەیدەزانی ئەو چەکە چییە، چونکە کوژراوەکان بووبوونە تۆپەڵە ئێسقانێک و بەسەر یەکدا کەوتبوون. لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو شەڕەی لێرەدا باس دەکرێت هێرشی ئەمەریکییەکانە بۆ سەر بەغدا و بەکارهێنانی ئەو چەکەی کە لە چرکەساتێکدا ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە گاردە تایبەتییەکانی سەرۆک و کەسانی تریشی سووتان و ئەوەش بوو بە هۆی کەوتنی بەغدا. کارەساتی جەنگ و کەوتنی بەغدا کاریگەری لەسەر زێرابەکانیش دانا، بەوەی کە زۆربەیان وشک بوون و چی تر نەتەوەی زێرابەکانیش واتە تارماییەکان نەیاندەتوانی لەوێ بمێننەوە. ڕەنگە سەرباری ئەوەی کە جەنگ و بەکارهێنانی چەکە ترسناکەکانی سوپای ئەمەریکا ڕووبەرێکی فراوانی لە خەڵکی بەغدا کردبێت بە تارمایی، دیسان حەشاماتی تارماییش لەو بارودۆخە ناهەموارەدا بەتایبەتی لە شەقامی ڕەشیددا تێکەڵاوی مرۆڤەکانی سەر زەوی بووبنەوە، کە چەکە ترسناکەکان کردبوونی بە تارمایی. بە هەرحاڵ عەبدولقادر پەرۆشی ئاو و خواردن بوو، بۆیە سەرباری ئەو هەموو تەرمەی لە شەقامی ڕەشیددا کەوتبوو، سەرباری ئەوەی کە زرێپۆش و تانکەکان دەهاتن و دەچوون، ئەو بڕیاری خۆیدا بۆ ئەوەی بچێتە کەبابخانەی هاوڕێ کۆنە پۆلیسەکەی، بەڵکو خواردن و ئاوی دەست بکەوێت. بەڵام کاتێ گەیشتە ئەوێ بینی هاوڕێکەی کوژراوە. ئەم قومێ ئاوی ناو تەپەدۆرێکی ناو دوکانی هاوڕێکەی زیندووی دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ لای یەکێک لە پایەکانی شەقامی ڕەشید. لەوێڕا لە کۆڕی تارماییەکاندا ژنێکی بەتارماییبوو دەبینێت کە دوو پەڕەسێلکە لەناو پرچە چڵکن و ناشیرینەکەیدا دەبن و ژنەکە بریندار دەبێت، بەڵام لێرەدا سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکە پێکەوە

دەبەستریێنەوە. ئەم ژنە کە بە زەحمەت دەتوانێت بدوێت، دەڵێت عەبدولقادر واز لە من بهێنە، هاوڕێ پۆلیسەکەت باش دەزانێ من لە تەندوورەکەدا سووتاوم. لێرەدا بە تەواوی شووناسی عەبدولقادر و ژنەی تارمایی ئاشکرا دەبن، کە بریتین لە دایک و باوکی کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە کە لە هەمان کاتدا گێڕەرەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکەشە. ئەو کاتە عەبدولقادر بیری دەکەوێتەوە کە کاتێ ژنی دووەمی هێنا، چۆن ژنی یەکەمی بەجێی هێشت و لە تەنووری نانەوەکەدا سووتا و چۆنیش کوڕەکەی دەرکردە دەرەوە و جارێکی تر لێی نەپرسییەوە. ئێستا دەیەوێت بڕوات بەدوای کوڕەکەیدا بگەڕێت، بەڵام لەو کاتەدا گوللەیەک لە دوورەوە دێت و دڵی پارچەپارچە دەکات و دەیکوژێت. دیارە لەو کاتەوە کە عەبدولقادر کوڕەکەی دەرکرد کە ماوەیەکی دوورودرێژە تەنیا ئەو چرکەساتە سۆزێک تێیدا بۆ کوڕەکەی جووڵا، بەڵام گوللەی جەنگ ئەو دڵەی پارچەپارچە کرد. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لە جەنگدا بچووکترین ڕووبەر بۆ سۆز و هەستە مرۆییەکان نامێنێتەوە.

لێرەدا دوو خاڵی گرنگ وەکو دەرئەنجام ئاشکرا دەبن، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو زەمینەی دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە یان دەقەکە لێی دەدوێت، مرۆڤگەلێکی بەرهەمهێناوە شێوە تارماین و ڕاهاتوون لەو زەمینە دژوار و نامرۆییەدا بژین کە لە دروستبوونی ئەم وڵاتەوە هەیە و بەردەوامە و گۆڕانکاریی لەبەرچاوی بەسەردا نایەت و هەر دەسەڵات و هێزێک دێت کۆی خەڵکی ئەم سەرزەمینە وەکو مێگەل لێدەخوڕێت و ئەوانیش وەکو تارماییەکان بێ هەست و بێ ویست و بێ هیچ ئیرادەیەک شوێنی دەکەون و لەژێر فەرمانیدا

دەجـــوولێن. ئەوەش پاســـاوێک بـــۆ لێکـــدانەوەی نەتەوەی زێرابەکـان دەهێنێـتەوە کە دەتوانرێـت بگوترێـت گەلـی عێـراق جۆرێکە لە تارمایی و وڵاتەکەش لەبری ئەوەی عەقڵ و هەست و هۆشـــیاری بەرهەم بهێنێـــت، جۆرێـــک لە تارمـــایی بەرهەم دەهێنێت، بۆیە دەشێ وەکو زێراب ناو ببرێت.

دووەەم: کەسێتی عەبدولقادر سوڵتان کە بە سوڵتانی کتێب بەناوبـانگە و لە پۆلیـسییەوە دەسـتی پـێ کـردووە و هەر لە قۆنـاغێکی زوودا ژنـی دووەمـی هێنـاوە و ژن و کـوڕەکەی دەڕۆن و ژنەکەی لە تەنـدووردا دەسووتێـت و کوڕەکەشـی پاش چەندین چەرمەسەری دەگاتە سیکرابخانەی شێخ عومەر و لەوێشەوە لە سەرجەم خاسێتە مرۆییەکانی ڕووت دەبێتەوە و لەگەڵ یەکەمـین کـۆچی گەورەی تارماییەکانـدا کە ئەمـیش یەکـێکە لەوان بەرەو زێرابەکـان کـۆچ دەکـات. ئەم پیـاوە بـۆ جـارێکیش لە ژن و منـداڵەکەی ناپرسێـتەوە، کەچـی پـاش مـاوەیەکی دوورودرێـژ دەبێـتە بەرپرسـی کتێبەکـانی شـەقامی ڕەشـید و نهێنـی کتێبەکـان دەدۆزێتەوە. ئەمەش دروسـتکردنی مێـژووە بـۆ کەسـێک کە هـیچ مێژوویەکـی نیـیە بـێجگە لە نـامرۆییبوون، کـاتی ژن و منـداڵەکەی دەردەکـات و لێیـان ناپرسێتەوە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مێژووی ئەم سـەرزەمینە کە نـاوی عێـراقە و بە حیـساب حـامورابی یەکەم یاسای تێدا نووسیوەتەوە و بۆ یەکەم جار لێرە مرۆڤـ دەستی کـردووە بە کـشتوکاڵ و کـۆنترین شـێوەی نووسـین لێـرە داهێنـراوە، وڵاتێکـی بـێ ڕەگوڕیـشەیە و کەسـانی سـاختە و خۆویست و ئارەزوو و ویستی تایبەتی دروستیان کردووە.

هەر بــۆیە نە شارســـتانێتییەکەی و نە مێــژووەکەی بەهـــا و ڕەگوڕیشەیەکی ئەوتۆیان نییە، لەبەر ئەوە مرۆڤەکانیشی هەر کەســێک دێــت بە ئــارەزووی خــۆی بەکاریــان دەهێنێــت و ســەرئەنجامیش دەبــنە ئەو تارماییــانەی کە بەرەو زێرابەکــانی ژێر بەغدا کێش دەکرێن.

**پەراوێزەکان:**

١- السعید بولعسل- مصطلح و مفهوم التبئیر- مجلة عود الند- العدد ٧٦، تشرین الاول- ٢٠١٢.

2 -Peter Huhn ، Jon Christoph Meister، Handbook of Narratology، 2nd edition، Amazon book، p.47 .

٣- السعید بولعسل- مصطلح و مفهوم التبئیر- مجلة عود الند- العدد ٧٦ - تشرین الاول- ٢٠١٢

4 -Alex Martin and Robert Hill- Modern Novls، Prentice Hall، New York - London، 1996، p. 16

٥- ڤــەنسان ژووڤـــ بووتیقــای ڕۆمــان، وەرگێڕانــی دکتــۆر مــحەمەد ڕەحیم ئەحمەدی - هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠١٢، ل. ٤٦.

٦- ڤــەنسان ژووڤ- بووتیقای ڕۆمان، ل. ٧٠.

7 -Michael Ferber: A dictionary of Literary Symbols ، Cambridge، 2007، p. 29

8 -Alex Martin and Robert Hill- Modern Novels، Prentice Hall، New York، London، 1996، p.16.

# میرنامه
# سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤی خاوەن شووناس

-١-

میرنامە یەکێکە لە ڕۆمانە دیارەکانی نووسەری کوردی ڕۆژئاوا (جان دۆست) کە (سەباح ئیسماعیل) کردوویەتی بە کوردی زاری سۆرانی و بە چاپی گەیاندووە. بەوەش کاک سەباح کارێکی زۆر گرنگی کردووە کە خوێنەری کوردی کرمانجی نەزان و عەرەبی نەزانی بەم بەرهەم ئاشنا کردووە. لە ڕاستیشدا کوردییەکەی کاک سەباح شایانی پیاهەڵدان و پەسنکردنە چ لە ڕووی دەوڵەمەندی زاراوەکانیەوە و چ لە ڕووی بونیادی زمانەوە، لە دەستەواژە و ڕستە و پێکهاتەی گشتی زمانەکەی. کاتێ من ڕۆمانەکەم خوێندەوە، هەستم کرد شوکر مستەفایەکی لاو بە وزە و توانەیەکی بەهێزترەوە ئەو کوردییەی داڕشتووە. بۆیە من لێرەوە دەستخۆشی زۆری لێ دەکەم و هیوادارم بەو کوردییە نایابەی بەردەوام بێت.

**دەقی ڕۆمانی میرنامە**

ڕەنگە بە هەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین دیارترین دەقێک کە لە کۆنەستی زۆرینەی خوێنەراندا ئامادەبوونی هەبێت بە ناوی میر، کتێبە بەناوبانگەکەی میکیاڤیللی بێت بەناوی (میر)ەوە کە زیاتر بابەتێکی کۆمەڵناسی فیکری سیاسییە و گەوهەری ئەو کتێبەش لەسەر ئەو چەمکە بونیادنراوە کە دەڵێت "ئامانج پاساوی ئامراز دەکات". بە هەرحاڵ ئەوەی لەنێوان ئەم دوو کتێبەدا لێکچوونە یان نزیکیە ناونیشانەکەیە، هەروەک لە خاسێت و شێوازی سیاسەتکردنی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی سەردەمی ئەحمەدی خانیدا بەشێک لەو بنەما و پرینسیپانە دەبینرێت کە میری میکیاڤیللی باسی دەکات. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە دەسەڵات تا ئەندازەیەکی ئاشکرا هەمان گەوهەر و ماهیەتی هەیە و پەیوەندی ڕۆشنبیر و دەسەڵاتیش هەمیشە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و دڕدۆنگە و بەردەوام ئەم دووانە لەگەڵ یەکتر ناکۆک و ناتەبان، ئەگەر ڕۆشنبیر هەڵگری شوناسی ڕۆشنبیر بێت.

سەرچاوەی سەرەکی دەقی میرنامە مێژووە، کە ئەویش مێژووی دەسەڵاتی میری بایەزید و پێگە و هەڵوێستی شاعیرێکی گەورە و منەوەری وەکو ئەحمەدی خانی و پەیوەندی ئەم ڕۆشنبیرەیە بە دەسەڵاتی میرایەتی ئەو کاتەی کوردییەوە. دەسەڵاتێک کە مەستە لە ژیانی بێ بیرکردنەوە و کوێرە لە ئاستی ئایندەبینیدا لەبەرامبەر ئایندەبینی و واقیعبینی و ئاسۆڕوونی و تێگەیشتنی منەوەرێکی وەکو ئەحمەدی خانیدا لە کێشەکانی نەتەوە و ژیان بەگشتیدا. کە دواجار لە سایەی ئەو دەسەڵاتە پووچ و بێگەوهەر و ناوچەیی و ناکاملەدا، ئەم لە پای دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتندا دەبێتە قۆچی قوربانی.

ڕۆمانەکە لەو چرکەساتەوە دەست پێ دەکات کە کابرای دەمولوت هەڵپێچراو گۆڕەکەی خانی تەواو دەکات و دێتە دەرەوە و تەرمەکە بەسەر شانی چەند کەسێکەوە بەرەو گۆڕەکە دەهێنرێت و ئەسپاردەی خاک دەکرێت. میر ئامادەی بەخاکسپاردنی ئەحمەدی خانی نابێت. لە بری خۆی بەنگینەی دەرگاوان دەنێرێت، ئەویش مەلا سمایل دەبینێت و هەندێ پارچە کاغەزی دەداتێ. دوای ئەوەی کە تەرمەکە دەشارنەوە، شێخ سەیفەدینی جبەشین دەست دەکات بە تەڵقینکردنی، بەڵام لەو کاتەدا تەیموری مەیخۆر دەگات و تەڵقینەکە بە شێخ سەیفەدین دەبڕێت. پێشتریش شێخ سەیفەدین دەستخۆشی لە گۆڕهەڵکەنی دەمامکدار کرد کە گۆڕێکی باشی بۆ خانی هەڵکەندبوو. هەر پێش تەڵقینکردنەکە حاجی زوهدی بازرگان دەگات و کوێرێک بە تەوسەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە. لێرەدا هەر لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی ئەحمەدی خانیدا دوو دەستە خەڵک دەردەکەون. یەکەمیان بریتین لە کابرای دەمامکدار و مەلا فەرید و شێخ سەیفەدین و بەنگینەی دەرگاوان، بەرامبەر بە ئەوانی تر کە خەڵکن. خانی بەخاک سپێردرا، کە ئەوەش لە ڕاستیدا کۆتایی ژیان و دوا ساتەوەختی ئەحمەدی خانییە لەسەر زەوی کە ساڵی ١٧٠٧ دەکات و ئێستا زیاتر لە سێ سەدە بەسەر کۆچی ئەم شاعیرە گەورەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوەی ئەو ئەو کاتە ئازاری بەدەستەوە دەچەشت، تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە و سەرباری زۆر گۆڕانکاری گەورە لە عەقڵ و شارستانێتی مرۆڤایەتیدا، کوردەکەی لەمەڕ ئێمە هێشتا لەسەر بازنەی داخراوی مێژوو دەخولێتەوە و هەمان ئەو کێشانەی هەیە کە خانی ئەو کات هەستی پێ کرد و لەبەر ئەوەش لەگەڵ لوتکەی

هەرەمی دەسەڵاتی کوردی ئەوکاتەدا ناکۆک بوو، هەمیشە لە ململانێدا بوو کە ئەوەش بووە هۆی لەدەستدانی ژیانی.

لە درێژەی ڕووداوی ڕۆمانەکەدا باسی لاوێتی ئەحمەدی خانی و چۆنێتی خوێندنی و ئیجازەوەرگرتنی و پەیوەندی ئاسایی سەرەتای لەگەڵ میرانی بایەزیددا ڕووبەرێکی دیاریان داگیر کردووە. پاشان خانی عەشقی شەنگێی کچی حاجی زوهدی بازرگان دەبێت، بەڵام حاجی زوهدی شەنگێ دەداتە بازرگانێکی پیر و پەککەوتەی دەوڵەمەند. ئیتر خانی بە تەنیا دەمێنێتەوە و لە حوجرەکەیدا سەرگەرمی وانەوتنەوە و نووسین دەبێت. کاتێ مەم و زین دەنووسێت، تێیدا ڕەخنە لە دەسەڵاتی میر دەگرێت و دەستودایەرەی میر و مەلا و زۆرێکی تری قەڵەمڕەوی عوسمانی و تەنانەت فارسیش، بەوە تاوانباری دەکەن کە لایەنگیری ئیبلیسی کردووە و لە دین وەرگەڕاوە. هەروەک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم کتێبە واتە مەم و زین ئەخلاق دەڕووخێنێت و بەرەڵایی بڵاو دەکاتەوە، چونکە باسی سەرجێی نووستن دەکات. هەروەک بەدوای ئەوەشدا خانی لە گوتارەکانی ڕۆژانی هەینیدا دوعا بۆ سوڵتان ناکات و ناوی میری بایەزید ناهێنێت و ناوبەناویش باسی کورد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر بۆ ئەوانەی ڕقیان لێی بوو، تا لای میر بە خراپترین شێوە بۆی تێبچێنن و ئەوەندەی تر ڕقی میری نەزانی بایەزیدی بەرامبەر خەست بکەنەوە. سەرئەنجام ڕاوێژکاری میر کە میرزا سەبریە شەوێک لەگەڵ کابرای دەمولوت هەڵپێچراو و مەلا فەریددا دەچنە لای خانی و داوای لێ دەکەن کە بێتە دیوەخانی میر و پاکانە بکات، بەڵام ئەو بە زانست و زانیاری بەربڵاوی دەمکوتیان دەکات. هەر لەو شەوەدا کابرای دەمولوت هەڵپێچراو فرسەت دەقۆزێتەوە

و و ژەهـر دەکـاتە نـاو چـراکەی خـانییەوە و لە ڕووکەشـدا وا دەردەکەوێت ئەوە ببێتە هۆی مردنی. کە ئەمانەش بە فەرمـانی میر دەچنە لای خانی. بەم جۆرە بە پیلانـی میـر عەبدولفەتاحی بایەزیـد خـانی بە جۆرێک لە جۆرەکـان ژەهرخـوارد دەکرێت. ئەحمەدی خانی بە هۆی پەیوەندی باشیەوە لەگەڵ خەڵکدا زۆر کەس دەچـوونە لای و دەمـانەوە و خۆشـیان دەویـست. وەکـو دۆستۆی ورمێیی دەنگبێژ کە چەنـدین جـار بەسـەرهاتی قەڵای دمدمی بە گۆرانی بۆ خانی گوتبوو، بەو ئومێدەی وەکو مەم و زیـن بیکـاتە داسـتانی شـیعری. هەروەهـا ڕەجەبـی بەرگـدروو سـەردانی خـانی دەکـرد و دواجـاریش کە ویـستی بـڕوات بـۆ ئەستەمبوڵ، خانی ئامۆژگاری کرد کە خاک و وڵاتـی خـۆیی لە بیر نەچێت و پارەیشی دا بە کاروانچییەکان کە لەگەڵ خـۆیـان ڕەجەب ببەن. درێژەی گەشتەکەی ڕەجەبیش بۆ ئەسـتەمبوڵ و بەشـــداریکردنی لە غەزای دژی گاورانـــدا نەیتـــوانی خـــانی و ئامۆژگارییەکانی لەبیر ڕەجەب بباتەوە.

کاتێ خـانی بەرەو گـۆڕستان بەڕێ دەکەن، خالیدی چـۆلاق کە یەک باڵی هەبوو ویستی بچێتە ژێر تەرمەکەی، بەڵام میـرزا سـەبری نـامەردانە ڕێگەی نەدا. خالید دڵـی شـکا و ڕەخنەی لە میرزا سەبری گرت کە هەمیشە ڕقـی لە خـانی بـووە و گـاڵتەی پێ کردووە کە بە کوردی نووسیوێتی. خالید پێـشتر کـۆڵهەڵگر بـووە، بەڵام دواتـر چـووەتە جیهـادی دژی عەجەم و لە شـەڕی ئیرەوانـــدا بەشـــداری کـــردووە و لەگەڵ دوو بـــرای خەڵکـــی مەریواندا ڕووبەڕوو بوونەتەوە و یەکەمیـانی کوشـتووە، بەڵام دووەمیـان بـاڵێکی ئەمـی پەڕانـدووە. خالیـد چـۆلاق پێـشتر لای مەلا ئەلیاســی بــاوکی خــانی کەمێکــی خوێنــدووە و هەر ئەو کــاتەش ئەحــمەدی ناســیوە کە مەلا ئەلیــاس باســی زیرەکــی

ئەحمەدی بۆ کردووە. دواتریش کە ئەحمەد لە مزگەوتی موورادیە بووە، خالید چووەتە لای و چیرۆک و بەسەرهاتەکانی بۆ گێڕاوەتەوە، بەتایبەتی بەسەرهاتی خۆی و دوو برا مەریوانییەکە، خانی بەم ڕووداوە زۆر دڵتەنگ بووە و لەوێوە ڕەخنەی لە میرانی کورد گرتووە کە شەڕ بۆ تورک و عەجەم دەکەن.

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە باس لە خانی و مردنی خانی دەکات، سۆفی حەیدەری قەرسییە کە خۆی بە موریدی خانی دەزانێت. سۆفی باسی ئەوە دەکات کە خانی لێی پرسیوە داخۆ دڵ بە چی زاخاو دەدرێت؟ سۆفیش باسی ئەوەی بۆ خانی کردووە کە دڵ بە هێمنی و ددانبەخۆداگرتن زاخاو دەدرێت. هەروەک سۆفی حەیدەر باسی بارینی مەرەکەب یان میسک دەکات لەو بەیانییەدا کە ئەحمەدی خانییان بەخاک دەسپارد. هەروەک باسی ئەوە دەکات کە خەڵکێکی زۆر دەهاتنە گوێگرتن لە وتارەکانی خانی، تەنانەت تەیموری فاسیقیش ئامادە دەبوو کە زۆر کەس ئەوەیان پێ ناخۆش بوو.

کەسێکی تر کە ئامادەبوونی هەیە لەبەرامبەر خانیدا و ڕقێکی سەختیشی لە خانییە، شێخ سەیفەدینی جبەشینە. کە ئەم کابرایە، کراوە بە شێخ ئەگینا نە شێخە و نە مەلایە و نە تەریقەتی وەرگرتووە. ئەم پیاوە خەڵکی وانە و گەیشتووەتە دیوانی میری بایەزید و دوای ئەوەی کە میر محەمەد دەکوژرێت، ئەم لایەنگری ئەوەیە کە عەبدولفەتاحی برای میر محەمەد بچێتە شوێنی میر، نەک میرزای کوڕی میر محەمەد خۆی، لە کاتێکدا ئەحمەدی خانی لایەنگری میرزا بوو بۆ شوێنگرتنەوەی باوکی. خانی لە چامەیەکدا ئەوەی بە ئاشکرا دەربڕیبوو، کە ئەوەش بووە هۆی خراپبوونی پەیوەندی ئەو

لەگەڵ میــر عەبدولفەتاحــدا و وای لــێ هــات خــانی پــێ لە دیوەخـــــانی میـــــر ببڕێــــت، کە ئەوەش ڕێـــــگەی بـــــۆ دەرمانخواردکردنی یان لەناوبردنی خۆش کرد.

ئەم شـێخ سـەیفەدینە موریدی زۆری هەبوون. کاتێ خانی نەخۆش کەوت، ئەم شـێخە ساختەیە سـەردانی کرد و ویستی ئایەتی قورئان بەسەر ئاودا بخوێنێت تا خانی ئاوەکە بخواتەوە و چـاک بێـتەوە، بەڵام خـانی ئەوەی ڕەت کـردەوە. لە هەمـان کاتـدا فەلەی عەتـار لە حـوجرەی خـانی بـوو دەیگـوت خـانی دەرمانخوارد کراوە. بەمەش شـێخ سـەیفەدینی جبەشـین زیاتر ڕقی هەستا و بڕیاریدا جارێکی تر نەچێتە لای خانی. هەروەها خانی بە لادەر لە ئایین تۆمەتبار دەکرد، ئەویش لەبەر ئەوەی کە دژی تـورک و عوسـمانی بـوو. جبەشـین پێـی وا بـوو بەم هەڵوێـستەی ئەحـمەدی خـانی دژایەتـی خەلـیفەی مـسوڵمانان دەکـات. هەروەهــا بە قــسەی جبەشــین خــانی لە کتێبەکەیــدا پشتگیری ئیبلیسی نەفرەتی کردبوو. بەڵام دواجاریش کە خانی مـرد، جبەشـین لەسـەر داوای میر عەبدولفەتاح تەڵقینی کـرد و دواتریش نکوڵی ئەوەی دەکرد کە بارانی مەرەکەب یان بـارانی ڕەش بارییێت و ئەوەی بە قسەی تەیموری فاسیق ناو دەبرد.

کـــاتێ نەخۆشـــییەکەی خـــانی زیـــاتر پەرە دەســـتێنێ، سەڵاحەدینی کتێبفرۆش دەچێت بەدوای فەلەی حەکیمدا. فەلەی حەکیم هەموو توانا و شارەزایی خۆی دەخـاتە کـار، بەڵام هەر زوو دەزانێت کە خانی لە لایەن حەکیم یان کەسێکی شارەزاوە لە گرتنەوەی دەرمـان ژەهرخـوارد کـراوە و دەزانێت کە ژەهـر تێکەڵاوی خـوێنی بـووە و چارەی نییە. شـێخ سـەیفەدینی تـازە بەشــــێخبوو مــــاوەیەک لای ئەم حەکـــیمە فەلەیە دەرمــــانی گرتـووەتەوە، بەڵام دواتـر لە سـەیفەوە بـووەتە شـێخ و نەزانـی

خەڵک وای کردووە بۆ هەموو دەرد و ناتەواویەک خەڵک بچنە لای و ئەویش بێ ئەوەی گوێ بداتێ چارەی بۆ هەموان کردووە بە نووشتە و دوعا و فێڵ و جادوو... شێخ سەیفەدین زۆر ڕقی لە فەلەی حەکیم بووە و گوتوویەتی مسوڵمان نابێت لای فەلە چارەسەری خۆی بکات، لەبری ئەوە دەبێت ئایەتی قورئان چاکیان بکاتەوە. سەرئەنجام فەلەی حەکیم بەو دوو مەلایە دەڵێت کە لای خانین، خانی بەرەو مردن دەچێت لێگەڕێن با وەسیەتی خۆی بکات.

یەکێکی تر لەوانەی کە لەبارەی ئەحمەدی خانییەوە دەدوێت مەلا سەڵحە کە هاوڕێی سەردەمی فەقێیەتی خانی بووە و باسی زیرەکی و لێهاتوویی خانی دەکات، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە خانی چەند سەرسام بووە بە مەلای جزیری. بەڵام کاتێ خانی زانیویێتی جزیری پەسنی میر شەرەفی کردووە، کاتێ میر شەرەف خان عەبداڵ، ئێزەدینی برای کە یاخی بووبوو بە فێڵ کوشتبوو، ڕەخنەی لە جزیری گرتبوو لەسەر پەسنکردنی ئەو کارە ناجوامێرییە. خانی ڕەخنەی لە جزیری گرتبوو پێی وا بوو دەبێ شاعیر و زانا و ئەهلی عیرفانی لە جۆری مەلای جزیری ڕەخنە لە هەڵوێستێکی لەو جۆرە بگرێت. مەلا ساڵح باسی ئەوە دەکات کە دوای ئەوەی خانی خوێندنی لە مزگەوتی سوور تەواو کرد، جزیرەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بایەزید. لەوێ بووە نووسەری دیوانی میر محەمەد، کە میر کوژرا لەبری میرزای کوڕی میر عەبدولفەتاحی برای بووە فەرمانڕەوا، ئەویش بە پشتی والی وان، ئیتر خانی دەستبەرداری ئەو کارە بوو، تەنیا بە وانە وتنەوە و پێشنوێژییەوە خەریک بوو. دواتر مەلا ساڵح دەچێتە بایەزید و لەگەڵ خانیدا بەیەکتر شاد دەبنەوە. کاتێ خانی

تەواو لە کارەکانی میر عەبدولفەتاح بێزار دەبێت، نامەیەک بۆ میر دەنووسێت کە دواتر ئەو نامەیە و هەندێ هۆکاری تر دەبنە هۆی ژەهرخواردکردنی خانی. مەلا ساڵح باسی دوا شەوی ژیانی خانی دەکات کە چەند جارێک داوای شەنگێی کردووە و پاشانیش چراکەی ژوور سەری کوژاوەتەوە. دواتر فەلەی حەکیم بەو شەوە هاتووە لێدانی دڵی خانی گرتووە و دەرمانێکی بۆ چێ کردووە و سەیری میزەکەی خانی کردووە، کە لە شووشەیەکدا بووە، پاشان کە ڕۆیشتووە لەبەر دەرگا بە مەلا ساڵح و مەلا سمایلی گوتووە خانی لە دواساتەکانی ژیانیدایە و گیان دەدات.

سەلاحەدینی سەحافیش لە کاتی گیانسپاردنی خانیدا لەوێ بوو، باسی ئەوە دەکات کاتێ دەرگای حوجرەکەی خانی کردۆتەوە، بایەکی بەهێز هاتووەتە ژوورەکەوە و مۆمەکەی پشت سەری خانی سێ جار کوژاندووەتەوە، ئەوەش بەڵگەی ڕووداوی ترسناک بووە، بەلام خانی لە مردن نەترساوە. سەلاحەدین کە سەحاف بوو، ئەم پیشەیەی لە باوکیەوە بۆ مابووەوە، کە باوکی لە شەری تورک و عەجەمان چووبووە تەوریز و لەوێ ژنی هێنابوو، لەوێش لە خەزوورییەوە فێری ئەو پیشەیە بووبوو. سەلاحەدین باسی قەیرانی زانست و زانیاری دەکات و لەوەش دەدوێت کە بازاڕی ناڵبەندی زۆر لە بازاڕی کتێب باشترە لە بایەزید. هەموو جارێ مەلا فەرید دێتە لای سەلاحەدین و سەیری کتێبەکانی دەکات، بەلام هەرگیز کتێب ناکڕێت. لەوێ هەندێ شت دەخوێنێتەوە. شێخ سەیفەدین هەرگیز ڕوو لە کتێب و دوکانی سەلاحەدین ناکات، بەڵکو دەچێتە لای سەلیمی ناڵبەند. خاڵە ئۆمەریش بە سەلاحەدین دەڵێ بایەزید چرای تاریکی لێ هەڵ کراوە باشتر وایە بچێتە

ئەستانە یان تەورێز یان بەغدا، حەڵەب، بەدلیس. چونکە ئەو کارە هیچی لێ پەیدا نابێت تا ژیانی خۆی و ماڵ و مناڵی پێ دابین بکات.

ڕۆژێک کابرای دەمامکدار کە بە حیساب خزمی میرزا سەبری بوو، بە کتێبێکی شیرین و خوسرەوی نیزامییەوە خۆی دەکاتە دوکانەکەی سەلاحەدیندا و داوای لێ دەکات ئەو کتێبەی بۆ بفرۆشێت. پاش ماوەیەکی کەم خانی دێت و کتێبەکە دەبینێت و بڕیار دەدات کە لە مزگەوت گەڕایەوە بیبات، بەڵام بیری دەچێت و دوای ئەوەش نەخۆش دەکەوێت. پاشان کابرای دەمامکدار دێت کتێبەکە دەباتەوە. سەلاحەدین باسی خەم و نیگەرانییەکانی خانی دەکات و پاشانیش کە خانی نەخۆش دەکەوێت مەلا سمایل و سۆفی حەیدەر و سەلاحەدین بەردەوام لای دەبن تا ئەو شەوەی کۆچی دوایی دەکات. سەلاحەدین دراوسێ دوکانی سەلیمی ناڵبەند دەبێت و باسی ئەوەش دەکات کە چۆن پیشەی ناڵبەندی بەرهەمدارترە لە کتێبفرۆشی. سەلیمیش باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو پیشەیەی لە باوکیەوە بۆ ماوەتەوە و باسی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی باوکی دەکات. سەلیم هەواڵی مردنی خانی بیست، بەڵام خەریکی قاتر ناڵکردن بوو، نەیپەرژا بچێتە سەر قەبران.

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە بەڕێزەوە سەیری خانی دەکرد و بۆ مردنەکەشی خەمبار بوو، بەنگینەی دەرگاوانی میر بوو. کە هەواڵەکەی پێ گەیشت بە میری گوت، بەڵام میری وا دیار بوو مردنی خانی پێخۆش بێت، هەرچەندە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان بوو میر نەچووە سەرقەبران و چوو بۆ ڕاو. میر فەرمانی کرد مەلا سمایل نوێژ لەسەر تەرمی خانی بکات و

شێخ سەیفەدینیش تەڵقینی بخوێنێت. لەو ڕووەوە فەرمانەکەی میر جێبەجێ کرا.

کەسێکی تر کە گیانسپاردنی خانی خەمباری کرد، شەمسۆی قەوواڵ بوو کە پیاوێکی یەزیدی بوو. ئەو شەوەی خانی کۆچی دوایی کرد، بارانێکی بەهێز بوو. شەمسۆ خەریکی قاوە خواردنەوە و قەنینەکێشان بوو. ژنەکەی پێی وت مەلا بانگەوازی مردنی کەسێک دەکات. دواتر زانییان خانی کۆچی دوایی کردووە. شەمسۆ ڕۆیشت بۆ مزگەوت و ویستی بچێتە سەرقەبران، بەڵام شێخ سەیفەدین ڕێگەی نەدا بە بیانووی ئەوەی کە ئەوە جایز نییە یەزیدی بچێتە سەر گۆڕی مسوڵمانان. هەرچەندە مەلا سمایل بەرسڤی شێخ سەیفەدینی جبەشینی دایەوە، بەڵام بێسوود بوو.

لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی خانیدا بۆ گۆڕستان، بەنگینی دەرگاوان بە خەمبارییەوە و بە نهێنی نامەکەی خانی کە بۆ میری نووسیبوو، میر نەیخوێندبووەوە دایەوە بە مەلا سمایلی بایەزیدی هاوڕێی دێرینی خانی. بە قسەی مەلا سمایل ئەو لەو نامەیە بێئاگا بوو، بەڵام مەلا ساڵح و تەیموری گورجی ئاگاداری ئەو نامەیە بوون کە خانی لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بۆ میری نووسی. خانی و مەلا سمایل هاوڕێی دێرینی یەکتر بوون و لە هەموو بۆچوونەکانیاندا وەکو یەک بوون. مەلا سمایل باسی ئەوە دەکات کە چۆن پێشتر خانی داوای لە میر کردووە قەیسەرییەک بۆ کتێب لە ناوەڕاستی شاردا بکاتەوە، بەڵام میر گوێی لێ نەگرتووە. مەلا سمایل باسی عیشقەکەی خانی بۆ شەنگێ دەکات، هەروەها لەبارەی نووسینی مەم و زین و ڕۆڵی خراپی مەلایان بەگشتی و شێخ سەیفەدینی جبەشین بەتایبەتی دەدوێت. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە

خـانی خەریکـی نووسـینەوەی داسـتانی قەڵای دمـدم بـوو، زۆریـش بە پەلە بـوو لە تەواوکردنـی. خـانی پاشـان باسـی سەردانی میرزا سەبری و مەلا فەرید و یارۆی دەمامکدار بۆ حوجرەکەی دەکات و لەوە دەدوێت کە چۆن هەڕەشـەیان لێ کـردووە و داوایـان لـێ کـردووە بێـدەنگ بێـت و سـەردانی دیوەخانی میر بکات. ئەویش پێی وتوون با میر بێتە سەردانی ئەم بۆ حوجرەکەی. هەروەک خانی باسی ئەوە بۆ مەلا سمایل دەکـات کە دەردی ئەو ئـازاری ناپـاکی میرانـی کـورد و ملکەچییـانە بـۆ تـورک. مەلا سـمایل دەیەوێـت لە پرسـەکەی خانیـدا نـامەکەی ئەو بـۆ میـر بخـوێنێتەوە، بەڵام نـامەکەی لـێ کەوتبوو، دواتر گەڕایەوە و نامەکەی لەبەر باران هەڵگرتەوە و پاشان وشکی کردەوە و خوێندیەوە.

دەمامکدار شووناسی خۆی ئاشکرا دەکات کە کاتێ تەمەنی دە ساڵان دەبێت، باوکی بە خەنجەر دایکی دەکوژێت، ئەمیش لە ترسـان هەڵـدێت و دەچێـتە شـارێک لەوێ تێکەڵـی دز و جەردە و چەقـۆکێش و حەشیـشکێش دەبێـت و دەسـتدرێژی دەکەنە سـەری، تـا وای لـێ دێت خـۆی حەز لەو کـارە دەکـات. پاشان بەرەو دیاربەکر دەڕوات، شـەو لە ڕێگە دەمێنێتەوە، ڕوو دەکاتە ئاگرێک کە خانێکی ڕووخاو دەبێت، پیاوێکی لێ دەبێت، لەوێ دەخەوێت. شـەو پیـاوەکە دەسـتدرێژی دەکـاتە سـەری، دواتـر بـۆی دەردەکەوێـت ئەوە بـاوکیەتی، خـۆی بە بـاوکی دەناسـێنێت، بـاوکی بە خەنـجەر پەلامـاری دەدات، بەڵام ئەم هەرچەند بریندار دەبێت، باوکی دەکوژێت. پاشـان بازرگانێک بەناوی وەستا خەلیل دەیباتە دیاربەکر و خزمەتی دەکـات، کە ئەویش وەستا خەلیلی خۆشنووس دەبێت. فێری خۆشنووسـی دەکـات، پاشـانیش پەیوەنـدی سیکسی لەنێوانیانـدا دروسـت

دەبێت. پاش ماوەیەک وەستا خەلیل گەنجێکی جوان دێنێتە لای خۆی، ئەمیش زۆری پێ ناخۆش دەبێت. ڕۆژێک کە دەمامکدار دێـتەوە وەسـتا خەلیـل بەسـەر کـوڕەکەوە دەبێـت، دەمامکـدار وەستا خەلیل بە خەنجەر دەکوژێت و کوڕەش ڕادەکات. پاشان دەمامکــدار خۆیــشی بەرەو بــاکور دەڕوات و پاشـــان ڕێـــی دەکەوێتە بایەزید و لەگەڵ میرزا سەبریدا پلانی کوشتنی میر محەمەد و سلێمانی باشکاتب دادەنێن و جێبەجێی دەکەن.

میـرزا سـەبری داوا لە دەمامکـدار دەکـات کە خـانی لەنـاو ببـات، بەڵام نابێـت بە خەنـجەر لەنـاوی ببـات. دەمامکـدار شـارەزای کیمیـاگەری و دەرمانەکـان و سروشـتی ژەهرەکـان بـوو کە کیمیـاگەرێکی نزیـک لە بەغـدا لە شـاری وان فێـری کردبوو. ئەم پیاوە کۆپییەکی شیرین و خوسرەوی نیزامی بە مەرەکەبـی ژەهـر نووسـیبووەوە و بـردی بـۆ سـەلاحەدینی سـەحاف بە مەبەسـتی ئەوەی بەڵکـو خـانی بیکڕێـت و ئەو مەرەکەبە ژەهـــرەی پێـــی نووســـیبوویەوە بیکوژێـــت. ڕاستییەکەشی هەر وا دەرچوو. ئەو ژەهرە خانی کوشت، نەک ئەو ڕۆنەی کە دەمامکـدار کـردیە چـراکەی خـانییەوە. دوای مردنی خانی دەمامکدار زۆر پەشیمان بوو لەوەی کە کردی، چونکە کاتێ بینی زۆر خانی چوو بە دڵدا، بەڵام پێشتر میرزا سەبری بڕێکی باشـی پارە پـێ دابـوو. دوای بەخاکسپاردنی خـانی کە دەمامکـدار گـۆڕەکەی بـۆ چـێ کـرد، دەمامکـدار ئەو جامەدانەی دەمـامکی پـێ کردبـوو، هەڵدا بـۆ میـرزا سـەبری و پێی وت: عەورەتی دڵتی پێ داپۆشە. پاشان پشتی لە بایەزید کرد و ئەوێی بەجێ هێشت.

دواجار میر دێتە قسەکردن و باسی ئەوە دەکات کە چۆن پەرییەکی کڕیوە بە پێنجسەد پارچە زێڕ، کە نموونەی جوانی

و شـۆخ و شـەنگی بـوو. پاشـان باسـی ئەوە دەکـات کە ئەو ساڵەی چـووە سـەر کورسـی دەسـەڵات، یەکێـک لە خانەکـانی تەوریز بە حاجی زوهدی بازرگاندا ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبی بە دیـاری بـۆ نـارد، نـاوی لێنـا شـەهێن. هەروەهـا شـێخ سەیفەدینی جبەشین لە شاری وانەوە بازێکی بۆ هێنا، ئەویش قـاوەچییەکەی نـاوی لێنـا شـیهاب، کە نمـوونەی باشـترین بـاز بوو، ناوەکەیشی لەگەڵ شیرین و شەهێندا باش دەگونجا، بۆیە میر دیارییەکی باشی بەخشی بە قاوەچییەکەی. پاشـان یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان کە هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە خانی تێدا بەخاک سـپێردرا، میـر خـۆی و پیاوەکـانی چـوو بـۆ ڕاو، بەڵام بـاران ڕاوەکەی لـێ تێکـدا بەتـایبەتی کە بـارانی ڕەش یـان بـارانی مەرەکەباوی دەباری.

قفڵی کۆتایی ئەم ڕۆمانە نامەکەی ئەحمەدی خانییە بۆ میر عەبـدولفەتاحی میـری سـەرحەدان. نـامەکە بە هـۆی ئـاوی بـارانەوە زۆرێکـی سـڕایەوە، بەڵام هێـشتا گەوهەر و مانـای خـۆیی لەدەسـت نەداوە و ئامـانجەکە دەگەیەنێـت. میـر ئەم نامەیەی نەخوێندەوە، چونکە ئەو بەیانییەی کە هەواڵی کۆچی دوایی خانییان بە میر گەیاند، ئەو خۆی ئامادە کردبوو بچێت بۆ ڕاو. میر بە بەنگینەی دەرگاوانی گوت تـازە مەلا ئەحمەد کۆچی دوایی کردووە، ئیتر خوێندنەوەی نامەکەی چ سوودێکی هەیە. نـامەکەی بە بەنگیـنەی دەرگاوانـدا نـاردەوە بـۆ مەلا سمایلی بایەزیدی هاوڕێی دێرینی مەلا ئەحمەد.

-٢-

**میرنامه له چی دەدوێت؟**

ئەمەی سەرەوە کورتەی بەسەرهاتی ڕۆمانی میرنامەیە. ئەم ڕۆمانە لە سەر پاشخانی کۆمەڵێ ڕووداوی مێژوویی بونیادنراوە، لە ڕووبەرێکی جوگرافیای دیاریکراودا و باس لە قۆناغێکی مێژوویی کورد لەو ڕووبەرە جوگرافیایە و پەیوەندی کورد بە تورک و عەجەمەوە دەکات و لەوێشەوە پەیوەندی میری سەرحەدان و ناڕاستەوخۆش پەیوەندی میرانی کورد بەگشتی بە تورک و عەجەمەوە دەردەخات. هاوکات ئەم دەقە بەرجەستەکردنێکی ورد و پڕ لە زانیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری ئەو قۆناغە مێژووییەیە کە دەقەکە لێی دەدوێت. ئەوە ئاشکرایە کە ڕۆمان ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە کە تەنانەت ئەگەر لە لوتکەی فانتازیاشدا بێت، هێشتا واقیع یان ڕووداوە ڕاستەقینەکان ڕەگەزی بەرهەمهێنانیەتی و بە جۆرێک بەرجەستەکردنی واقیعە. لەم ڕووەوە ڕۆمانی میرنامە بە شێوەیەک لە شێوەکان وەکو شەڕو ئاشتی و ئانا کارنینا و تاوان و سزا و هەژاران و ئۆلیڤەر تویست و ئاواتە مەزنەکان و بەسەرهاتی دوو شارەکە و شارانی خوێ و وەرزی کۆچ بەرەو باکور و ئەو کاتەی پردەکەمان بەجێهێشت و منداڵانی کوچەکەمان و چەندین ڕۆمانی تر بەرجەستەی واقیعێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی دەکات، کە بریتییە لە قۆناغێک لە مێژووی تۆمارکراوی ئێمە، ئەویش لە ڕێگەی بەرهەمەکانی شاعیر و منەوەرێکی وەکو ئەحمەدی خانییەوە، کە خۆی لە ڕۆمانەکەدا قوربانی دەستی

ئەو تۆمـارکردنە و بۆچوونەکـانیەتی وەکـو کەسـێکی خـاوەن شووناسی ڕەخنەگر لەسەر دەسەڵات.

ڕۆمانەکە باسی ئەو قۆناغە دەکات کە تێیدا کورد میللەتێکی دواکەوتوو و پارچەپارچەکراو بووە لەنێوان تورک و عەجەمدا لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە میرانی کورد هەر یەکەیان دەســەڵاتیان بەســەر نــاوچەیەکی وڵاتەکەیانــدا هەبــوو، بەڵام زۆربەیان پیاوی سوڵتانی تورک یان پادشای عەجەم بوون، یـان پاشـکۆ و وابەسـتەی والییەکـانی وان و بەغـدا و تەورێـز بوون. هەر یەکەیان لەبری هەوڵدان بۆ برەودان بە وڵاتەکەی خۆی، سەرگەرمی ڕابواردن و کۆیلەی حەز و ئارەزووەکانی خۆیان بوون و بۆ ئەو مەبەستەش چی کۆیلایەتی و ملکەچییە بۆ سوڵتان و پاشا و والییەکانی تورک و عەجەمیان کردووە و بەردەوامیش لەناو یەکدا ناکۆک بوون و بەگشتیش خوێنمژی مـیللەتەکەی خۆیـان بـوون و چییـان پـێ کرابێـت لە پێنـاوی مـانەوەی خۆیاندا لەسـەر کورسـی میرایەتـی کردوویـانە و بـۆ ئەو مەبەستەش دەستیان لە میللەتەکەی خۆیان نەپاراستووە و خوێندەواران و دڵسۆزانی میللەتیان سەرکوت کردووە و چی ماسـتاوچی و نەزان و بەرژەوەنـدی پەرسـت بـووە لە خۆیـان کــۆکردووەتەوە و تەنــانەت ئەو دەســتوپێوەندە دڕنــدە و نادڵسۆزانەیان بۆ لێدانی زانستخوازان و نیشتیمانپەروەران و سەرڕاسـتان بەکـار هێنـاوە. نمـوونەی دیـاری ئەو سیاسـەتە نەگریسەی میرانـی کـوردیش، هەڵوێـستی میـر عەبـدولفەتاحی سـەرحەدانە بەرامـبەر بە شـاعیر و زانـا و نیشتیمانپەروەرێکی وەکو شێخ ئەحمەدی خانی.

سـەرەتای دەرکەوتنـی ڕۆمـانی مێژوویی وەکـو ڕەگەزێکـی هونەری باڵا نەک تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەکو جۆرێک

له مێــژووی وەســفی، دەگەڕێــتەوە بــۆ ســـەرەتای ســـەدەی نــۆزدەیەم. لە ڕاستیــشدا ئەم ســـەرەتایە پەیوەنــدی هەیە بە دەرکەوتن و سـەرهەڵدانی هەسـتی مێژووییەوە، ئەوەش وەکو جـــۆرج لۆکـــاش ئامـــاژەی بـــۆ دەکـــات دەرئەنجـــامی ئەو بارودۆخەیە کە لە دوای شۆڕشـی فەڕەنسای ١٨٧١ دروسـت بـوو. لەم ڕوەوە لۆکـاش پێـی وایە: ئاشـکرابوونی هەسـتی مێژوویی پەیوەستە بە شۆڕشـی فەرەنسییەوە[١]. دیارە لێرەدا باسی ڕۆمانی مێژوویی وەکو ژانرێکی هونەری دەکەین کە بە بەراورد بە ژانرە ئەدەبییەکانی تر، ئەم پەیوەندییەکی زیاتری بە ژیانی واقیعەوە هەیە، هەرچەندە لێرەدا مەبەستمان ڕۆمانی ڕیالیزم نییە بە تەنیا، بەڵکو باسی ڕۆمان دەکەین بەگشتی. مەبەسـت لەم قـسەیەش ئەوەیە کە ژانـرە ئەدەبییەکـانی پـێش ڕۆمـان کە زیـاتر بەرهەمـی خەیـاڵ و ئەفسانەی ڕۆمـانتیکی و بەرجەستەکردنی ناعەقڵانیەتی قۆناغی فیودیالی یان کۆمەڵگەی پێش شار بوون، لەو ڕووەوە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لە ڕۆمان جیاوازن. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو هەستە مێژووییەدا کە هاوکاتە لەگەڵ ســـەرهەڵدانی قۆنـــاغی ڕۆشـــنگەری و دروســـتبوونی کۆمەڵگەی عەقل لە شـوێنی کۆمەڵگەی خەیاڵ، کە مەبەسـت لە کـۆمەڵگەی عەقڵـیش کـۆمەڵگەی شـارە. لەگەڵ دەرکەوتنـی ئەو هەستە مێژووییەدا، ڕوانینێکی نوێ بۆ مێژوو دێتە ئاراوە، کە ئەویش یان لێکدانەوەی مێژووە لە ڕوانگەی ململانێ و ناکۆکی و پەیوەنــدییە چینایەتییەکــانەوە، یــان ڕوانیــنە لە ڕوانــگەی ڕابوونەوەی نەتەوەییەوە، کە ئەمـانەش زیـاتر وەکـو بەرهەمـی شۆڕشی فەرەنسی لێک دەدرێتەوە. ڕۆمانی میرنامە سـەرباری

ئەوەی کە مێـژوویەک دەگێـڕێتەوە، بە گـوێرەی کـورد وەکـو کـۆمەڵگە، لە قۆناغێک دەدوێت دەشـێ پێـی بگوترێت قۆنـاغی فیودیـالیەتی بێ شـووناس و قۆنـاغی بەرهەمهێنـانی دەرەوەی شووناسـێکی پێناسـەکراو، بەڵام لە ئاسـتێکی تـردا سـەرهەڵدانی ئەو ڕابـوونە نەتەوەیـیە سـادەیە نمـایش دەکـات، کە دەتـواین بڵێـین لە ئاسـتێکی سـادەدا نـوێنەرایەتی ئەو هەسـتە، تـاکی گوڵبژێری خاوەن شووناس دەیکات کە نموونەی باڵا و دیاری ئەو گوڵبژێرە ئەحمەدی خانییە.

ڕۆمـانی میرنـامە سـەرباری ئەوەی باسـی کـۆمەڵگەیەکی دواکەوتـووی خێڵایەتـی داخـراوی سـەرەتای سـەدەی هەژدە دەکات و هەوڵ دەدات واقیعی ئەو کاتەی ئەم کۆمەڵگەیە وەکو ئەوەی هەبـووە بەرجەسـتە بکـات. کەسـێتییەکان بە هەسـت و عەقڵ و ڕوانین و لێکدانەوە و ڕەفتار و ئەخلاقی ئەو کاتەوە بەرجەستە دەکات، بەڵام نووسەر خۆی لە ئێستادا ڕاوەستاوە و سـەیری ئەو ڕابـردووە دەکـات، بەڵام بە شـارەزیيەکی تەواوەوە لە هەردوو بـواری چـۆنێتی ڕوانـین بـۆ ئەو قۆنـاغە مێژووییە و سروشتی کەسەکان و شێوازی پەیوەندییەکان و ڕۆڵ و پێگەی تاکە دیارەکان وەکو نوخبەی جۆراوجۆری ئەو کـاتە لەبەرامـبەر غیـابێکی ئاشـکرای خەڵـک یـان جەمـاوەردا. ئەوەش ئەو مێژووەیە کە تەنیا وەکو مێژووی دەسـەڵات یان نوخبەی سەرەوەی کۆمەڵگە دەنووسرێتەوە، یان بوونی هەیە کە لەو کـاتەدا واتە لەو مـاوە مێـژووییەدا کە ڕۆمـانەکە لێـی دەدوێت، مێژوو مێژووی میر و نوخبەی سـەرەوەیە لە خەڵکی بازرگان و دەوڵەمەند و دەستەوتاقمی میر، نەک مێژووی گەل

یـان خەڵـک. بـۆ نمـوونە ئەوەی لە ڕۆمـانەکەدا ئامـادەبوونی مێژووییـانەی هەیە میرانـی بایەزیـدن بە پـلەی یەکەم، لە پـاڵ ئامــادەبوونی ئەوانیــشدا والــی وان و ســوڵتانی عوســمانی و پاشـای عەجەم ئامادەبوونیـان هەیە. لە نمـوونەی دەوڵەمەنـد و بازرگان حاجی زوهدی ئەفەندی و لە نموونەی توێژی خـاوەن پیـشەی سـەرەتایی نـاو شـار سـەلیمی ناڵبەنـد و سـەلاحەدینی ســەحاف و لە ئەڵــقەی دەوری میــر، میــرزا ســەبری و لە نموونەی پیاوی ساختەچی و دەجال شێخ سەیفەدینی جبەشین و لە نمـوونەی مەلاش وەکـو نـوخبەی خوێنـدەواری ئاڕاسـتەی خۆپــارێز وەکــو مەلا فەریــد و مەلا ســمایل، لە نــوخبەی خوێنـدەواری هۆشـیار و یـاخیش مەلا ئەحـمەدی مەلا ئەلیـاس واتە ئەحمەدی خانی و دوای ئەویش مەلا ساڵحی بایەزیدی. لە نموونەی فەلەی خاوەن پیشە و دڵسۆزیش فەلەی عەتـار بـوو، لە نمــوونەی کەســانی دەرەوەی ئیــسلامیش فەلەی حەکـیم و شەمـــــــسۆی قەوواڵ هەن کە ئەمەش جۆراوجـــــــۆری و وێنـاکردنەوەی واقیعـی دەرەوەی دەقەکەیە، بەڵام لە ئاسـتێکی هونەری باڵادا. ئەمەش بەڵگەیەکی تری ئاشکرای نزیکیی دەقی ڕۆمــانە لە واقــیعەوە. ڕۆمــانەکە بەم شــێوەیە بەرجەســتەی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەو کاتەی کردووە کە مەبەست لێــی کــۆمەڵگەی کــوردییە لە ســەرحەدان و لە چوارچێــوەی میرنـشینی بایەزیـددا. ئەگەرچـی ڕۆمـانەکە باسـی مێـژوویەک دەکــات کە پــێش شۆڕشــی فەڕەنــسی و پــێش بە ئاشــکرا دەرکەوتنـی هەسـتی نەتەوەیـیە نەک لە کوردسـتان، بەڵکـو لە ئەورووپـا، بەڵام دیسان جۆرێک لە ململانێ نیشان دەدات کە

سەرەتای سەرهەڵدانی پیشەسازی بێت لە شێوەیەکی سادەدا، ئەوەش زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئەحمەدی خانی تەنیا وەکو جۆرێک لە دەربڕینی ناواقیعیانە نەمێننەوە، بەڵکو پەیوەست بکرێنەوە بە سەرەتای ئەو قۆناغەوە کە هەست و هۆشیاریی میللی بەرەو دەرکەوتن و سەرهەڵدان دەچن. هەر لێرەشەوە ململانێی سەختی چینی فیودیالی خۆسەپێن و خۆپارێز لەگەڵ نوخبەی بۆرژوای ڕوو لە دروستبووندا دەردەکەوێت. بێگومان لەو سەروبەندەشدا بۆرژوای بچووک لە جۆری نوخبەی ڕۆشنبیر زووتر و خێراتر هەست بەوە دەکەن کە جووڵەی ڕووداوەکان بە چ ئاڕاستەیەکە و تا ئەندازەیەک پەی بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لەو کاتەدا دەبەن و ئاسۆی بەرەو ئایندەش تا ئەندازەیەک دەبینن. ڕوانین و هەڵوێستەکانی ئەحمەدی خانی لەو قۆناغەدا بەرجەستەکردنی ڕوانین و پێگەی نوخبەی ڕۆشنبیرە وەکو توێژێکی بۆرژوای بچووک.

-٣-

**دەستپێکی ڕۆمانەکە**

دەستپێکی ڕۆمانەکە لە کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەست پێ دەکات و لەوێوە لە شێوەی گێڕانەوەی ئاست جیاوازدا بە پێی کەسەکان درێژەی ڕووداوەکان دەگێڕرێنەوە و ئامادە دەکرێنەوە. کۆتایی ڕووداو بە گوێرەی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە کە ئەحمەدی خانییە، ئەو کاتەیە کە تەرمەکەی شۆڕ دەکرێتەوە بۆ ناو گۆڕ و بۆ دواجار دنیای ڕۆشن بەجێ

دەهێڵێـت، ئەو دنیـایەی کە ئەو خەونـی بەوەوە دەبینـی تێیـدا ببینێت کورد یەکگرتـوو بێت و ئەمیش وەکو تـورک و عەجەم خـاوەنی دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینەی خـۆیەتی. بەڵام دیـارە خـانی خەونەکەی بردە ژێر گڵ، هەرچەندە ئەو وەکو شـاعیرێک هەم تاکو ئێستا بە ڕۆح زیندووە و هەم دید و بۆچوونەکانی تـاکو ئێستا بەرز و بەنـرخن و تـاکو ئێستاش ئـاواتەکەی ئەو بەدی نەهـاتووە و ئەو کـوردەی ئەو پـێش سێـسەد سـاڵ داوای یەکبوون و یەکگرتنی لێ دەکرد تاکو ئێستاش پەرت و بڵاو و دابەش بووە و تاکو ئێستاش نەبووەتە خاوەنی خۆی.

سـەرەتای ڕۆمـانەکە وەکو گێڕەرەوە بۆمـان باس دەکـات، لەو چرکەساتەوە دەست پێ دەکات کە کابرای دەمامکدار (واتە یاووسی بە منداڵی هەڵهاتوو لە باوکی دوای ئەوەی کە بـاوکی دایکـی سـەردەبڕێت و ئەمـیش دەکەوێـتە نـاو جەردە و دز و کەسـێتی تێکدەشـکێنرێت) لە گـۆڕەکە دێـتە دەرەوە و بە هێواشی تەرمەکە دادەهێڵنە خوارەوە بۆ ناو گۆڕەکە. ئەمە ئەو چرکەسـاتەیە کە دیـارترین شـاعیر و منەوەرتـرین ڕۆشـنبیری سەردەمی میرایەتی بایەزید بۆ دواجار ماڵئاوایی لەو میرنشینە دەکـات کە میرەکـانی بەتـایبەتی میـر عەبـدولفەتاح حەزی بە چـارەی کەسـانی وەکـو ئەحـمەدی خـانی نەدەکـرد تێیـدا. هۆکارەکەیـشی وەکـو خـانی خـۆی باسـی دەکـات و درێـژەی ڕۆمانەکەش وەکو دەقێکی هونەری، زیـاتر لەسـەر ئەو ڕەگەزە زینـدووە بونیـادنراوە کە ڕۆڵـی ڕۆشـنبیرە لە پـاڵ دەسـەڵاتدا، بەتـایبەتی ڕۆشـنبیری مـنەوەری وەکـو خـانی لە سـایەی دەسـەڵاتی دواکەوتـووی میرنـشینی کـۆمەڵگەیەکی نـیمچە سـەرەتایی وەکـو کـۆمەڵگەی کـوردی ئەو کـاتەدا. کە لە بـارودۆخێکی کـۆمەڵایەتی لەو جـۆرەدا چـۆن ڕۆشـنبیری

هۆشیار و بەئاگا تووشی هەست بە نامۆییکردن دەکات کاتێک ئەو دەرک دەکــــات کە چــــۆن ئەو دەســــەڵاتە بێبــــاک لە بەرژەوەنـدییەکانی نەتەوە و کـۆمەڵگە، یـان بەرژەوەنـدی ئەو مرۆڤــانەی لە ســایەیدا دەژیــن ڕەفتــار دەکــات و هەمــوو هەنگــاوێکی لە پێنــاوی بەرژەوەنــدییە تایبەتییەکــانی ئەڵــقەی داخراوی ئەو دەسەڵاتە داخراوەدایەو لوتکەی دەسـەڵاتەکە کە خودی میرە تەنیا لە ڕوونگەی تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی خـۆیەوە سـەیری هەمـوو شـتەکان دەکـات و لە پێنـاوی ئەو ئامانجە تایبەتییەشیدا کە زیاتر غەریزەی ئاژەڵیی بزوێنەرێتی نەک هۆشـیاری و عەقـڵ، چـی بە بـاش بزانێـت دەیکـات، بـێ ئەوەی گوێ بە کـاریگەری نەرێنی ئەو کـار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستانەی لەسـەر کـۆمەڵگەکەی بـدات. نمـوونەی ئەم دوو لایەنەش یەکەمیـان کە ئەو دەسـەڵاتە بێباکەیە، بـریتییە لە میـر عەبدولفەتاحی میری بایەزید کە ئەویش لە ئاستێکدا دەتوانرێت بە گشتاندنی بۆ بکرێت و وەکو نموونەی هەموو میرانی کورد لە مێــژوودا ســەیر بکرێــت. نمــوونەی بەرامــبەریش وەکــو ڕۆشـنبیری خـاوەن دیـد و تێـڕوانین و هەڵوێـست ئەحـمەدی خـانییە کە ئەویـش دەشـێ وەکـو نمـوونەی بـاڵای ڕۆشـنبیری جیدی و منەوەر لە مێژووی شکستخواردوو و پڕ لە تەمومژی کورددا سەیر بکرێت.

گێــڕەرەوە لە دەســتپێکی ڕۆمــانەکەدا وەکــو چــاودێرێکی بەئاگــا لە درێــژە و وردەکــاری ڕووداوەکــان لە شــوێنێکدا ڕاوەســتاوە و درێـژەی ڕووداوەکـان بە چـاوێکی کامێرائاسـا دەگێڕێتەوە. هەرچەندە شووناسـی گێـڕەرەوە لەم سـەرەتایەدا بە ئاشکرا باس نەکراوە، بەڵام دیارە نووسەر وەکو کەسێک لە دەرەوەی ڕۆمانەکە کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات، بەڵام ئەم

شێوازەی گێڕانەوە بەردەوام نابێت مەگەر لە هەندێ شوێندا نووسەر بۆ پێشکەشکردنی کەسەکان یان ڕووناکی خستنەسەر ڕوویەکی نائاشکرای کەیسێک یان ڕووداوێک بگەڕێتەوە بۆ ئەم شێوەیەی گێڕانەوە کە لە دەستپێکدا دەبینرێت، چونکە وەکو دواتر دەبینین لە هەر بەشێکی ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە یەکێکە لە کەسە ئامادەکانی ناو دەقەکە و خۆی لەبارەی خۆی و ئەو ڕووداوانەوە دەدوێت کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە، ئەمەش ڕۆڵێکی ئاشکرای هەیە لەوەدا کە دەقەکە زیاتر نزیک بێت لەو ڕووداو و کەسانەی لە واقیعدا هەن و هیچ جۆرە ناسروشتیبوون، یان سەپاندنێک لە شێوازی دەرکەوتن و دەربڕینی کەسەکان و درێژەی ڕووداوەکاندا دەرنەکەوێت. واتە دەتوانرێت بگوترێت گێڕانەوە لە ڕۆمانی میرنامەدا لەسەر بنەمای فرەگێڕانەوە بونیادنراوە "ئەمەش مانای وەسفکردنی ڕووداوەکانە لە چاوی گێڕەرەوەی جیاوازەوە"[٢]. واتە وەسفکردنی ڕووداو و کەسەکان تەنیا لە یەک گۆشەنیگاوە نابێت، ئەم جۆرە گێڕانەوەیەش لە سەرەتادا زیاتر سەری هەڵداوە و باشترین نموونەی دیاریش کە چەمکی فرە گێڕەرەوەی تێدا بەرجەستە کراوە ڕۆمانەکانی ویلیەم فۆکنەرە بەتایبەتی ڕۆمانی (هاوار و توونودتیژی، کاتێ دەمرم). دیارە هۆکاری سەرهەڵدانی فرەگێڕەرەوەش لە ڕۆمانی سەدەی بیستدا دەرئەنجامی ڕووداو و سەرهەڵدانە نوێیەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە لەم سەدەیەدا. "تاقیکردنەوەی ئەو کاریگەرییە جۆراوجۆرانەی کە لە لایەن گێڕەرەوەی جۆراوجۆر و تێڕوانینی جۆراوجۆرەوە بەرهەم دەهێنرێن، لەوانەیە گرنگترین بەرەو پێشەوەچوون بن لە ڕۆمانی هاوچەرخدا. لەوانەیە ئەمەش بە شێوەیەکی دیار ڕەنگدانەوەی

هەلومەرجی سەدەی بیست بێت لە جۆری سروشتی ئاڵۆزی حەقـیقەت، هەرەسـی بڕوابـوون بە حەقیقەتـی ڕەهـا، مەفتوونبوون بە شیکرنەوە دەروونییەکان، بڕوابوون بە گرنگی ئەزموون و بیروبۆچوونی تاکەکەس، هەندێ لە ڕۆماننووسانی نوێ جەخت دەکەنە سەر ئاڵۆزی و دەوڵەمەندیی ئەزموون بە بەکارهێنانی فرەگێڕەرەوە و فرەگۆشەیی تێڕوانین"[٣]. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە جان دۆست بە کۆی نیگەرانی و گومانەکانی مرۆڤی سەدەی بیستەوە لەبەردەم هەرەسی زۆر لە بۆچوونە ڕەها و جێگیرەکانی ڕابردوودا، جیهانێکمان بۆ بەرجەستە دەکات کە لە سەردەمێکی زۆر پێشتر دەدوێت، بەڵام بە ئامڕازە نوێیەکانی ئێستا ئەو جیهانە بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی لە بیری بچێت کە ئەو کۆمەڵە ڕووداو و کەسانێک بەرجەستە دەکاتەوە کە لە قۆناغێکی مێژوویی‌دا هەبوون و ئەو کەسێتییانە بەرهەمی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو سەردەمەی خۆیانن. لەم ڕووەشەوە زانیوێتی چۆن کەسەکان وەکو ئەوەی هەبوون یان وەکو ئەوەی بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان چۆن بوون بەو جۆرە بونیادیان بنێتەوە، واتە کەسێتییەکانی وەها بونیادناوە کە مرۆڤی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و پارچەپارچەبووی پێش سێ سەدەن، جان دۆست کەسێتییەکانی بە جۆرێک بەرجەستە کردۆتەوە کە هەمان مرۆڤەکانی سێسەد ساڵ پێش ئێستای کۆمەڵگەی کوردین و بە سیما و عەقڵ و ڕوانین و ڕەفتار و باری دەروونی و کۆمەڵایەتیشیانەوە و تەنانەت کەسێتییەکان بە هەمان ئەو زمان و شێواز و میزاجەش دەدوێن و ڕەفتار دەکەن، کە دەشێ لە سەردەمی خۆیاندا هەبووبن و ڕەفتار و گوفتاریان کردبێت. ئەمەش ئەو خاڵە گەشەیە لە ڕۆمانی

میرنـامەدا کە کەسـێتییەکان هەر یەکەیـان خـاوەنی شووناسـی تـایبەتی خـۆیەتی و بە شـێوەیەکی سروشـتی دەجـووڵێن و دەدوێـن و دوانـدن و دەربڕینەکانیـان جیـاواز نییە لە پـێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییـان. واتە نووسـەر نەهـاتووە کەسـەکان بکاتە ئامڕاز یان مایکرۆفۆن و خۆی لەسـەریانەوە قسە بکات. کە بە داخەوە زۆرێـک لە ڕۆماننووسـانی کـورد بە ئاشـکرا پەیـڕەوی ئەم خـاڵە نـاکەن و ئەوەی دەدوێت و دەجووڵێت و هەڵوێست وەردەگرێت لە دەقەکانیاندا، نووسـەر خۆیەتی نەک کەسێتییەکی خاوەن شووناسی ناو جیهانی ڕۆمـانەکە. هەڵبەت لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە دەبێ کەسێتی ناو ڕۆمـان هەمـان شـێوەی کەسـێتی نـاو واقیـع بێت، بەڵکو مەبەسـت ئەوەیە ئەو کەسـێتییەی ڕۆمـاننووس بینـای دەکـات و ئافەریـدەی دەکـات، کەسـێتییەک بێـت لە جیهـانی ڕۆمـانەکەدا، یـان لە ژیـانی نـاو جیهـانی ڕۆمـانەکەدا بـوون و ئامـادەبوونی خـۆیی هەبێت، نەک بـۆ ئەوە ئافەریـدە کرابێـت نووسـەر ڕوانـین و بیـر و بۆچوونەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەوەوە بخاتە ڕوو. "دەشێ ئێمە ئەوە بزانین کە کەسێتییەکانی نـاو ڕۆمـان بە تەواوەتـی هەمـان کەسێتییەکانی ناو واقیع نین"(٤). هەروەک دەبێ ئەوەش بزانین کە کەسـێتییەکانی نـاو ڕۆمـان ڕاسـتە ئەفرێنـدراوی دەسـتی نووسـەرن لە جوگرافیـای ڕۆمـانەکەدا، بەڵام ئـامڕاز نـین بـۆ خـستنەڕووی بۆچـوون و تێـڕوانینە تایبەتەکـانی نووسـەر. هەروەک ئی ئێم فۆرستەر باسی دەکات جیاوازی گەوهەری هەیە لەنێـوان کەسـێتی یـان مرۆڤـی سـەر زەمینـەی واقیـع و کەسێتی ناو ڕۆمان. کەسێتی سەر زەمینەی واقیع کەسێتییەکی مێـژووییە، بەڵام کەسـێتی نـاو ڕۆمـان کەسـێتییەکی هـونەرییە. یەکەمیـان ڕووداو دروسـت دەکـات، هەر بەو پێـیەش ئەو

بابەتەی لە کەسێتی ناو واقیع دەدوێت مێژووە و مێژووش لە ڕوانگەی بوون و ئامادەبوونی کەسەکانەوە لە ڕووداوەکاندا لە خودی کەسەکان دەدوێت، بەڵام ڕۆمان لە ژیانی نهێنی و شاراوەی کەسەکان دەدوێت لە ڕووداوەکاندا، کە ئەوەش زیاتر لە ڕێگەی شیکردنەوە یان ئاشکراکردنی هێما و ئاماژە و دەلالاتەوە جێبەجێ دەکرێت. هەر لێرەوەیە کە ڕۆمان سەربارى پەیوەندی بەهێزی بە واقیعەوە، واقیع وەکو خۆی نانووسێتەوە، بەڵکو واقیعێکی تر لە خەیاڵ و ئەندێشەدا ئافەریدە دەکات، کە دەشێ وێنایەکی یۆتۆپیانەی واقیعی یەکەم بێت. هەر لەم ڕووەوە فۆرستەر دەڵێت: لە کاتێکدا کە مێژوونووس (شتەکان) تۆمار دەکات، ڕۆمانووس پێویستە (شت بە هەموو جۆرەکانیەوە) ئافەریدە بکات[٥]. جان دۆست باسی مێژووی میرنشینی بایەزید ناگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە شارەزای چۆنێتی دامەزراندنی ئەو میرنشینە و سنووری قەڵەمڕەوەکەی و پەیوەندی بە تورک و عەجەمەوە بین و بزانین میر چەند ژن و چەند کەنیزەک و چەند خزمەتکار و دەرگاوان و چەند ئەسپ و باز و هەڵۆ و پاسەوان و چەندێ ئاڵتوونی هەبووە، بەڵکو مێژووی میرنشینی بایەزید و کەسێتی ئەحمەدی خانی و ڕووداوە مێژووییەکانی وەکو ماددەی خاو هێناوە و جیهانێکی تری لێ بەرهەم هێناوە کە زۆر جیاوازە لەو جیهانەی ئێمە لە مێژوودا سەبارەت بە میرایەتی بایەزید و سەرحەدان خوێندوومانەتەوە. هەروەک لە میانەی ئەفراندنی ئەم جیهانە جیاوازەوە، ڕۆمانووس هەوڵی داوە ئەوەی نهێنییە و نەزانراوە لە کەسێتی میر و پێگەی میرنشین و کەسێتی منەوەری ئەحمەدی خانی و کەسانی تری وەکو میرزا سەبری و شێخ سەیفەدینی جبەشین و مەلا سمایل و مەلا ساڵح و

سەلاحەدینی سەحاف و سەلیمی نالبەند و دەمامکدار و فەلەی حەکیم و ئۆمەری خەزنەدار و تەیموری فاسق و ئەوانی تریشدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاشکرا بکات. کە ئاشکرایە ئەم کەسێتییانە ئەگەر نموونەشیان لەسەر زەمینەی واقیع و لەو مێژووەدا هەبووبێت، ئەوەی لە جیهانی ڕۆمانەکەدا هەن زیاتر خولقێنراوی دەستی ڕۆماننووسن، ئەویش بە ئامانجی بەرجەستەکردنی جیهانێک کە تێیدا ئەوە ئاشکرا بکات کە چۆن میرانی کورد سەرگەرمی خۆشی و ڕابواردنی خۆیان بوون و لەو پێناوەشدا ئەوەی بیریان لێ نەکردبێتەوە کورد و ئایندەی میرنشینەکانیان بووە. هەروەک لەبەرامبەر دەسەلاتی میرایەتی کوردیدا کەسێتییەکی نموونەیی و منەوەری وەکو ئەحمەدی خانی لەسەردەمی پێش تەنویر و ناسیۆنالیزمدا ئافەریدە بکات و بیخاتە ململانێی سەختەوە لەگەڵ دەسەلاتی میردا. لەوەشدا یەکەم ڕۆڵی ڕۆشنبیر وەکو پێشەنگی کۆمەڵگە دەربخات. هەروەها ئەو ڕاسییەش بەرجەستە بکاتەوە کە هەمیشە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری جیدی و دەسەلات پەیوەندییەکی نائاساییە و ڕۆشنبیری جیدی هەمیشە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەیە بەرامبەر بە دەسەلات و هەرگیز پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری جیدی و دەسەلات پەیوەندییەکی هاوسەنگ نەبووە، بەو مانایەی کە ڕۆشنبیری جیدی لەگەڵ دەسەلاتدا کۆک بێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو کۆکبوونێکی ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەلاتدا لەسەر لەدەستدانی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە و جیدیانەی ڕۆشنبیرە، چونکە باشترین دەسەلاتیش ئەوەندەی کەموکورتی هەیە کە جێگەی ڕەخنە بێت لە لایەن ڕۆشنبیری جیدییەوە کە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرەی لە شێوەی ئەحمەدی

خانی هەمیشە لەوە باشتر و لەوە جوانتری بۆ کۆمەڵگە دەوێت کە نموونەییترین دەسەڵات جێبەجێی دەکات.

ئـێمە پێـشتر باسـی فرەگێڕەرەوەمـان کـرد لە ڕۆمـانی میرنامەدا، کە مەبەستمان لەوەش ئەوەیە بێجگە لە دەستپێکی ڕۆمانەکە کە تێیدا گێڕەرەوە کە ئەویش کەسی سێیەمە و لە دەقەکەدا تەنیـا لە ڕێـگەی کـرداری گێـڕانەوەوە ئامـادەبوونی هەیە، بەشـەکانی تـری ڕۆمـانەکە لە لایەن کەسـە جیاوازەکـانی ڕۆمـانەکەوە دەگێـڕرێنەوە و هەر یەکەش ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە ئاگـاداریەتی و خـۆی تێیدا بەشـدارە. هەروەک هەنـدێک لە ڕووداوەکـان لە لایەن زیـاتر لە کەسـێکەوە دەگێـڕرێنەوە و کـۆکردنەوەی تێکـڕای گێـڕانەوە جیاوازەکـانی هەمان ڕووداو لە لایەنی کەسانی جیاوازەوە زیاتر وردەکاری ڕووداوەکـان و بابەتیبوونیـان ئاشـکرا دەکـات، بە جۆرێـک کە میـزاج و تێڕوانینـی تـاکەکەس ناتوانێت ڕووداوەکە بەو جـۆرە بگێڕێـتەوە کە خـۆی پێـی خۆشـە، یـان بەو جـۆرەی کە خـۆی دەیەوێـت بیگێـڕێتەوە. تەنـانەت لە بـاری فرەگێـڕانەوەدا ئەگەر جیـاوازیش لە شـێوەی گێـڕانەوەی ڕووداوێـک لە لایەن چەنـد گێـڕەرەوەیەکەوە هەبێـت، ئەوا خـوێنەری دەق دەتوانێـت لە کـۆکردنەوەی جیاوازییەکـان بگـاتە ئەو ئەنجـامەی کە کـام گێـڕانەوە و دەربـڕین و باسـکردنی ڕووداوێکـی تـایبەتی لە واقیعەوە نزیکە.

لە کـۆی گێڕانەوەکانـدا سـەبارەت بە کەسـێتی ئەحـمەدی خـانی دوو بۆچـوون ئاشـکران. بۆچـوونی لایەنگرانـی خـانی کە هەمـوو ئەوانەن لەگەڵ دەسـەڵاتی میـری بایەزیـد و دەسـەڵاتی تـورک و والـی وان و تەبرێـز و تەنـانەت عەجەمیـشدا دژو نـاکۆکن و زیـاتر ئەهلـی زانـست و خوێنـدەواری و

نیشتیمانپەروەرین و ئەوانەش لە زۆرێک لە زانایان و خاوەن پیشە و ئەهلی بازاڕ و مسولمانان و غەیری مسۆڵمانان لە یەزیدی و فەلە و هیی تر پێکهاتوون. لایەنی دووەمیش کە دژی ئەحمەدی خانی، ڕوانین و بۆچوونەکانین، خودی میری بایەزید میر عەبدولفەتاح و ئەو کەسانەی بەرژەوەندییان لەگەڵ میر و ئەو لایەنانەدا هەیە کە میر ملکەچە بۆیان لە تورک و والییەکانی و عەجەم، لە نموونەی ئەوانەش میرزا سەبری و ئەو کەسانەی کە بە درۆودەلەسە و ساختە وەکو شێخ سەیفەدینی جبەشین خۆیان لە میر نزیک کردووەتەوە و ئەو بەناو مەلا و شێخانەی کە نەزان و نەخوێندەوار و بێ سەوادن، وەکو مەلا سمایل کە بەرژەوەندییان لەوەدا نییە زانایەکی گەورەی وەکو خانی بە عیلم و بە هەڵوێستەوە ببینن، چونکە لە بینینی گەورەیەکی لە جۆری خانیدا لە ڕووی دەروونییەوە ئەمانە هەست بە بچووکی خۆیان دەکەن و ئەوەش بەشی ئەوەندە ئازاریان پێ دەگەیەنێت کە هەڵوێستی لە دژ وەربگرن. وەکو گوتمان لە میانەی کرداری گێڕانەوەی جیاوازی کەسەکان و لەسەر زمانی خودی کەسەکانیش خۆیانەوە، ئەم دوو بۆچوونە سەبارەت بە کەسێتی تەوەریی ڕۆمانەکە کە ئەحمەدی خانییە ئاشکرا دەبێت.

وەکو گوتمان سەرەتا و دەستپێکی ڕۆمانەکە گێڕانەوەیە لە لایەن کەسی سێیەمەوە. گێڕانەوە لە لایەن کەسی سێیەمەوە دوو جۆرە، یەکەمیان گێڕانەوەی هەمەوو شتێک یان گێڕەرەوەی هەمووشتزانە. دووەمیشیان گێڕانەوەی زانینی سنووردارە کە گێڕەرەوەی زانین سنووردار ئەنجامی دەدات. لە دەستپێکی ڕۆمانی میرنامەدا گێڕەرەوە کە ڕووداوی بەخاکسپاردنی ئەحمەدی خانی دەگێڕێتەوە لە جۆری گێڕانەوەی زانینی بەربڵاو

یان هەمەلایەن لە لایەن گێڕەرەوەی هەمووشتزان یان چوونە ناو وردەکــاری تــایبەتی کەســەکانەوە Intrusive Narrator. گێڕەرەوە بە وردی شێوازی بەخاکسپاردنی خانی دەگێڕێتەوە و بـاری سـەرنجی خـۆی لەسـەر ئەو کەسـانە دەخـاتە ڕوو کە لەو کارەدا بەشدار بوون. هەر لە ڕێگەی لێدوانەکانی گێڕەرەوەوە لەم دەســتپێکەی ڕۆمــانەکەوە جــۆرە تێڕوانینێکمــان لەســەر ئەو کەسـێتییانە لا دروسـت دەبێـت کە زیـاتر وەکـو ناسـاندنی ئەو کەسێتییانەی لێ دێت کە بە جۆرێک سروشتی ئەو کەسێـتییانە و تێڕوانین و هەڵوێستەکانی دواتریان لە درێژەی ڕۆمانەکەدا دەبنە تەواوکەری ئەو ناســــاندنەی ســــەرەتا. واتە لە دوای ئەم دەســتپێکەوە ئیتــر شــێوەی بەشــداریکردن و هەڵوێــست و ئامادەبوونی زۆرینەی کەسێتییەکان ئاشکرا دەبن لە لای خوێنەر. ئەمەش بەشـێکە لەو پێداویـستییانەی کە نووسـەری بەتوانـا لە بونیادنانی کەسێتییەکانیدا پەیڕەوی دەکات و کەسێتییەکانیش لە ئەنجـامی ئەوەدا بە جۆرێـک بینـا دەکـرێن کە تـا ئەنـدازەیەکی ئاشـکرا هەر یەکە خـاوەنی شووناسـی تـایبەتی خـۆی بێـت و بە ئاسانی لە لایەن خوێنەری دەقەکەوە بناسرێنەوە.

-٤-

### سەرچاوەی ناکۆکی نێوان میر عەبدولفەتاح و خانی

ئەحــمەدی خــانی دوای ئەوەی خوێنــدن تەواو دەکــات و دەبێـتە مەلا و پێـشنوێژی دەکـات و وانە بە فەقێیـان دەڵێـتەوە، وەکــو نووســەری دیــوانی میــریش کــار دەکــات. ئەمەش لە سـەردەمی میـر مـحەمەددا، بەڵام دواتـر بە پلانـی تورکەکـان و والی وان، میر محەمەد و سلێمانی باشکاتبی کوژران. هەر ئەو کاتە خانی لایەنگری ئەوە بوو کە میرزای کوڕی میر مـحەمەد شـوێنی بـاوکی بگـرێتەوە، بەڵام بە یـارمەتی و جـووڵەی شـێخ

سەیفەدینی جبەشین، میر عەبدولفەتاحی برای میر محەمەد توانی بە برێکی زۆر ئاڵتون دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕازی بکات کە ئەو بکەن میر و دوای کوشتنی براکەی بچێتە سەر کورسی میرایەتی. سەرەتای ناکۆکی ئەحمەدی خانی و میر عەبدولفەتاح لەوێوە دەستی پێ کرد، واتە لە کڕینی کورسی دەسەڵاتەوە لە لایەن میر عەبدولفەتاحەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە میر عەبدولفەتاح هیچ بەتەنگ پەرەپێدانی میرنشینەکەیەوە نەبوو، پێشنیارەکانی خانی بۆ گەشەپێدانی بایەزید پشتگوێ دەخست. هەروەها میر عەبدولفەتاح لەبری هەوڵدان بۆ یەکبوون و یەکخستنی عێلاتی کورد، خەریکی دووبەرەکی و حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی بوو. بۆ ئەو مەبەستەش چی ملکەچی و بچووکی هەبوو بۆ والی و سوڵتانی عوسمانی دەکرد و خۆی وەکو بچووک و خزمەتکاری ئەوان نیشان دەدا، بەڵام بەرامبەر کەسانی وەکو خانی کە داوای یەکگرتن و یەکبوونی کوردانیان لێ دەکرد و پێشنیاری پەرەپێدانی میرنشینیان بۆ دەکرد توونـد و ڕەق و نەیار بوو. هۆکاری ناکۆکی میر و ئەحمەدی خانی ئەمە بوو کە دەشێ لە ئاستێکی تردا بوترێت ناکۆکی بوو لەسەر دڵسۆزی بۆ کورد و دڵسۆزی بۆ داگیرکەرانی کوردستان. خانی وەکو ڕۆشنبیرێکی خاوەن دید و بۆچوون نموونەی داکۆکیکەری سەروەری نەتەوە و نیشتیمان بوو، لەو پێناوەشدا دەیخواست کە میر هەڵوێستی هەبێت و بۆ ئەو مەبەستە کار بکات. لە بەرامبەردا میر عەبدولفەتاح کە نموونەی ئاشکرای زۆرینەی میر و دەسەڵاتدارانی کوردە دڵسۆزی بابی عالی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سوڵتان و والی تورک بوو. هەموو کارێکی میر عەبدولفەتاح ئەوە بوو کە

دەسەڵاتدارانی تورک ڕازی بکات تا لەسەر کورسیی میرایەتی بیهێڵنەوە و دژی هەر دید و بۆچوونێکیش بوو کە باس لە کورد و یەکخستنی عێلاتی کورد بکات و تەنانەت حەزی بەوەش نەدەکرد کە کەسانی وەکو خانی بە کوردی بنووسن و دژی ئەوەش بوو کە خانی داوای لە کەسانی تر دەکرد گرنگی بە زمانی کوردی بدەن و گرنگی بە نەتەوەکەی خۆیان بدەن. ئەمەش لە ئاستی قووڵتردا دەبووە ناکۆکی و ململانێی نێوان دوو بۆچوونی ناکۆک سەبارەت بە پێگەی سوڵتانی عوسمانی لە ئیسلامدا. میر پێی وا بوو کە سوڵتانی عوسمانی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئیلاهی و پێغەمبەری ئیسلام دەکات لەسەر زەوی و بەو پێیەش دەبێ هەموو مسوڵمانان دڵسۆز بن بۆی و ملکەچی فەرمانەکانی بن و هەموو شەڕێکیش لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیدا غەزایە و بەو پێیەش ڕەوایە، هەموو مردنێکیش لەو پێناوەدا شەهیدبوونە. لە کاتێکدا ئەحمەدی خانی بڕوای وا بوو کە دەسەڵاتی عوسمانی هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە و بەو پێیەش سوڵتان نوێنەری دەسەڵاتی ئیلاهی و پێغەمبەری مسوڵمانان نییە لەسەر زەوی و هەموو پاڕانەوە و دوعاکردنێک بۆ سەلامەتی و پارستن و سەرکەوتنی سوڵتان ناڕەوایە، بەتایبەتی بۆ کوردان کە خانی وای دەبینی هیچیان لە تورکان کەمتر نییە و بگرە مسوڵمانتریشن، ئیتر بۆ دەبێ تورکان فەرمانڕەوایی کوردان بکەن. واتە لە کاتێکدا کە میرانی کورد بە میری بایەزیدیشەوە دەسەڵاتی تورکی ڕۆمی و عەجەمیان بە دەسەڵاتی ڕەوای ئیسلام دەزانی، یان لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا وایان نیشان دەدا کە ئەو دوو دەسەڵاتە دەسەڵاتی ئیسلامن لەسەر زەوی، خانی پێی وا بوو ئەو دوو

دەسـەڵاتە هـیچ پەیوەنـدییەکیان بە ئیـسلامەوە نییـە و لەسـەر کـوردیش پێویـست نیـیە گوێڕایەڵیـان بێت، بەڵکـو دەبـێ کـورد هەوڵ بدات دەسەڵاتی خۆی دروست بکات و خـۆی لە دەسـتی تـورک و فـارس ڕزگـار بکـات. ئەمە نەک تەنیـا گەوهەری ململانێی ڕۆشنبیرێکی منەوەری کوردی پێش سێ سەدە بووە لەگەڵ دەسەڵاتـە لۆکاڵییەکانی کوردی ئەو کاتەدا، بەڵکو هەمان ململانـێ و نـاکۆکی تـاکو ئێستاش لەنێوان ڕۆشـنبیرانی جیدی هەسـتکردوو بە کێشەی نەتەوە و بەرپرسـیارێتی نەتەوەیـی و دەسەڵات و حیزبی بەرژەوەندی خۆپەرست و هەژرا و ناتەواو لە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا بەردەوامە.

ڕسـتەی یەکەمـی ڕۆمـانی میرنـامە کە گێـڕەرەوە بۆمـان دەگێـڕێتەوە (دەم و لـووت هەڵپێچـراو بە دەسـتی ڕاسـتی جلەکانی و جامەدانییەکەی لە خۆڵی تێکەڵ بە بارانەکە تەکاند، لەناو گۆڕەکەوە بە دەنگی بەرز گوتی..)، دوو ئاماژەی تێدایە کە هەر یەکەیـان بە جۆرێـک بەرهەمهێنـی تـرس یـان بـارێکی نائاسـایین. یەکەمیـان دەم و لـووت هەڵپێچـراو کە ئامـاژە بـۆ شـاردنەوە و حەشـاردنی ڕاسـتییەک دەکـات، واتە شـتێک هەیە نهێنیـیە. دووەمیـان لەنـاو گـۆڕەکەوە کە ئەویـش ئامـاژەی ئاشـکرایە بـۆ مردنـی کەسـێک. ئەو کەسـە کێـیە مـردووە ئەوە دواتـر ئاشـکرا دەبێت کە شـێخ ئەحمەدی خـانییە، بەڵام بۆچی دەبێت لە هەڵکەندنی گۆڕی کەسێکی گەورە و پایەبەرزی وەکو خانیـدا کەسـێک گـۆڕ هەڵبکەنێت کە نەیەوێت خەڵکـی سـیما و ڕووخـساری ببیـنن؟ لێـرەوە و لە ئاسـتی قـووڵتردا پەیوەنـدی لەنێـوان نهێنـی مـردنەکە و نێهنـی شووناسـی ئەم کەسـەدا دروسـت دەبێـت کە دەمـامکی کـردووە و گـۆڕ بـۆ کەسـێک هەڵدەکەنێت کە هۆکاری مردنەکەی نهێنییە. هەروەک سەرەتای

ڕۆمانەکە بە دروستکردنی فەزایەک دەست پێ دەکات کە ترس و خەم پێکەوە باڵیان بەسەردا کێشاوە، ترس لە مردنی نائاسایی کەسێکی نائاسایی و گومان و ترسی لە شووناسی نەناسراوێکی دەمامکدار کە گۆڕ بۆ مردووە نائاساییەکە هەڵدەکەنێت، کە ئەم ترس و گومانەش بۆ کەسانی نزیکی خانی و بۆ خوێنەری دەقەکەش تێکەڵاوی خەمێک دەبێت کە خەمە بۆ لەدەستچوونی پیاوێکی گەورە و منەوەری وەکو ئەحمەدی خانی. ئەم فەزایەی کە ترس و خەم دایپۆشیوە لە بەخاکسپاردنی خانیدا، زیاتر گوماناوی و مەترسیدارتر دەبێت کاتێ باران دەبارێت کەچی تەرمەکەی خانی دڵۆپێک ئاوی بارانی بەرناکەوێت و تەڕ نابێت. دەشێ ئەمەیان وەها لێک بدرێتەوە کە پەیوەندی بە گەورەیی کەسێتی خانی و خاوێنی و بەرزی و بڵندیی ڕۆحی پاکی ئەو کەسێتییە نموونەییەوە هەبێت. لە ڕاستیدا باران دەبارێت بەسەر جەستە پیس و ڕۆحە شەڕەنگێز و ناپاک و پیسەکاندا، تا بیانشواتەوە و کەمێ خاوێن و پاکژیان بکاتەوە، بەڵام بۆ کەسێکی پاکژ و خاوێنی وەکو خانی لە ڕووی ڕۆح و جەستەوە دەشێ باران پێویست نەبێت، چونکە ئەوەی باران دەیشواتەوە لە جەستە و ڕۆحی خانیدا بوونی نییە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە کاتی مەراسیمی بەخاکسپاردنی خانیدا بارانی ئاسایی نابارێت، بەڵکو بارانی ڕەش یان مەرەکەبی ڕەش دەبارێت.

یەکەمین کەسیش کە هەستی بەوە کرد تەیموری فاسیق بوو، ئەو پیاوەی کە سەرباری ئەوەی بەردەوام مەست بوو، خانی ڕێزی لێ دەگرت. بێ گوێدانە ڕەخنە و قسەی دەوروبەر، خانی بەخۆشییەوە ڕێگەی پێ دەدا ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوە و گوتارەکانی بێت. لە بەرامبەریشدا تەیمور ڕێز و

خۆشەویستییەکی لە ئەندازەبەدەری بۆ خانی هەبوو. هەر تەیموریش بوو کاتێ شێخ سەیفەدینی جبەشین تەڵقینی خانی دەخوێند، هاواری کرد مەرەکەب یان بارانی ڕەش دەبارێت. پێشتر تەیمور ئەوەی لە خانی بیستبوو کە مەرەکەبدانەکەیان دزیوە، دەشێ تەیمور لە خەیاڵی خۆیدا هەوڵی دابێت بارینی مەرەکەبی ڕەش و دزینی مەرەکەبدانەکەی خانی پێکەوە ببەستێت و لە پشتی ئەم پێکەوەبەستنەش دەلالەتێک بەرهەم بێت کە گەورەیی و مەزنی خانی لە چاوی تەیموری فاسیقەوە نیشان بدات. هاوکات بارینی مەرەکەب بۆ خۆی شتێکی نائاساییە و بەتایبەتیش لە کاتی بەخاکسپارنی گەورە پیاوێکی وەکو ئەحمەدی خانیدا. دەشێ لە ئاستی یەکەمدا بارینی مەرەکەبی ڕەش لە مەرگی خانیدا وەها لێک بدرێتەوە کە تەنانەت گەردوونیش بۆ مەرگی ئەم کەسێتییە خەمبار و نیگەران بووە و فرمێسکی ڕەشی بۆ ڕشتووە. لە ئاستی دووەمدا خانی کە بەردەوام سەرقاڵی نووسین بووە و هەمیشە بە کاغەز و مەرەکەبەوە خەریک بووە و ئەو زانست و زانیاری و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و عیشقە ڕاستەقینەی زێد و نیشتیمان و تەنانەت عیشقی شەنگەی حاجی زوهدی و ڕەخنەگرتنی لە میران و دەسەڵاتدارانی کورد بە قسە و زیاتریش بە نووسین بە مەرەکەبە، ئەوە دەگەیەنێت کە خانی ئاسمانی فراوانی بایەزید و کوردستانی لە ڕێگەی مەرەکەبەوە بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و عیشقی ڕاستەقینە و ڕەخنە پڕ کردووە و بەرهەمەکانی ئەو لە کۆچی دوایی خۆیی و بەخاکسپاردنیدا بەسەر وڵاتدا دەبارێن، بەڵکو میری بایەزید و عێلاتی تری کورد و دەستوپێوەند و پیاوانی دەرباری میر و دەسەڵاتدارانی کورد لە جۆری میرزا سەبری و شێخ

سـەیفەدین شـەرم بیـانگرێ و بیـر بـکەنەوە کە پـایەبەرزی و گەورەیی بە هەڵوێستی مەردانەی وەکو ئەوەی خانی دەبێت، کە ئەوەتـا بەرهەمەکـانی لە ئاسـمانەوە لە شـێوەی مەرەکەبـی ڕەشـدا دەبـارێن، ئەوەتـا ئاسـمان لە مەرگـی ئەودا فرمێسکی ڕەش دەبارێنێت، بەڵام کاتێ پیاوانی بچووکی وەکو میرەکان و ئەوانی دەستوپێوەندیان دەمرن، گەردوون پێیان پێدەکەنێت و ڕەنگە ئاهەنگی خۆرەتاو بگێڕێت.

دوای بەخاکسپاردنی خـانی و تەڵقینکردنـی لە لایەن شـێخ سەیفەدینی جبەشینەوە، یەکەم کەس کە قسە دەکات تەیموری فاسـقە. ئـێمە پێـشتر گوتمـان ڕۆمـانی میرنـامە ڕۆمـانی فرەگێـــڕەرەوەیە. دەســـتپێکی ڕۆمـــانەکە کە ســـەبارەت بە بەخاکـسپاردن و تەڵقینکردنـــی خـــانی بـــوو لە لایەن کەســـی سـێیەمەوە کـرداری گێـڕانەوە ئەنجـام دەدرێـت، هەر لە کـاتی تەڵقینکـردنەکەدا کە بـاران بە هێمنـی دەبارێـت، تەیمـور هـاوار دەکات مەرەکەبە دەبارێت، باسـی ئەوەش دەکات ئەوە هەمـان ئەو مەرەکەبەیە کە خـانی پێـی دەنووسـی. لە گێڕانەوەکـانی تەیموردا زیاتر پەیوەندی نێوان تەیمور و خانی ئاشکرا دەبێت. سەرباری ئەوەی کە تەیمور هەمیشە مەست بوو، بەڵام خانی ڕێـزی لـێ دەگـرت و بەردەوام تەیمـور دەچـووە لای خـانی و زۆریـــش خـــانی خۆشدەویـــست. بە لای تەیمـــورەوە خـــانی ڕۆحێکـی سـپی و خـاوێن بـوو. تەیمـور ئەوە دەگێـڕێتەوە کە دواجـار لە کـاتی نەخۆشـییەکەی خانیـدا سـەردانی کـردووە، بینیوێتی خانی خەریکی نووسینە، کە لێی پرسیوە داخۆ دیسان غەزەل دەنووسێت، خانی وەڵامی داوەتەوە کە خەریکە نامە بۆ میر دەنووسێت. پاشان خـانی دوو پرسیاری گرنگ لە تەیمـور دەکات. ئەویش بـریتین لە (مـردن چییە؟ ژیـان چییە؟). ئایـا بۆ

خانی لەو کاتەدا ئەم دوو پرسیارە دەکات؟ ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە خانی پەی بەوە بردبێت کە مردنی نزیک بووەتەوە و دەیەوێت لە سەر زمانی کەسێکی هەمیشە مەستی وەکو تەیمورەوە دید و بۆچوونی کەسانێک سەبارەت بەو دوو چەمکە بزانێت. ڕەنگە خانی ئەو بۆچوونەشی هەبووبێت کە مرۆڤ لە مەستیدا ئاسۆی فراوانتر دەبێت و ڕەنگە بێ پەردەتر و ڕاستگۆیانەتر بدوێت.

بێگومان وەڵامەکەی تەیمور بۆ خانی مایەی جۆرێک لە دڵخۆشی بوو بەتایبەتی کە تەیمور دەڵێت مردن ڕابوونی مەزنە و ژیانیش سەرخۆشییەکی دووروودرێژە. ئەم وەڵامە دەلالەتێکی فەلسەفی پەیوەست بە دنیای ئایدیالیزمی هەیە و هاوکات شێوە وەڵامێکی سۆفیانەیە. هەر لێرەشەوە دەشێ باس لە جۆرێک لە نزیکی لەنێوان مەستی و تەقسەکانی تەسەوفدا بکرێت کە لە هەردووکیاندا مرۆڤ هەنگاوی بەرەو جۆرێک لە پاکژبوونەوەی ڕۆحی دەنێت. هەروەک وەڵامەکەی تەیمور ئەوە بە خانی دەڵێت کە ژیانی نەبڕاوە و مەزن لە دوای مردنەوە دەست پێ دەکات، بۆیە خانی دەڵێت بە پێی قسەکانی تەیمور ئەو لە بەردەم دەرگای ڕابوونەوەدایە، کە مەبەستی ئەوەیە ئەو چاوەڕوانی مردن دەکات، بەڵام ئەگەر وەکو ئەوەی تەیمور دەیڵێت مردن ڕابوونەوە بێت، کەواتە خانی دەبێ بەخۆشییەوە بەرەو پیری مردن بچێت. ڕەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ئایا بۆچی خانی بەو جۆرە بایەخ بە تەیموری فاسق و کەسانی پەراوێزکەوتووی کۆمەڵگە دەدات؟ ئایا بۆچی یەکەم کەسی شووناس ئاشکرا کە لە ڕۆمانەکەدا لەبارەی خانییەوە دەدوێت تەیمورە؟ ئایا بۆچی یەکەم کەس

که دەست بە گێڕانەوە دەکات لە دوای دەستپێکی ڕۆمانەکە تەیموری فاسقە؟

بایەخدانی خانی بە تەیموری فاسق و کەسانی تری لەو جۆرە لە کۆمەڵگەدا، ئەوە نیشان دەدات کە خانی بە ڕوانینێکی کراوەوە سەیری ژیان دەکات. سەرباری ئەوەی کە مسوڵمانە و زانایەکی ئایینییە، بەڵام بڕوای بە ئازادی تاکەکەس هەیە و هەرگیز شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تایبەتی کەسەکان ناکاتە بنەما بۆ قبووڵکردنی ئەو کەسانە. ئەمە بێجگە لەوەی کە خانی حەزی لە پەیوەندیکردنی ئەو کەسانەیە کە ڕاستگۆن و بێ پەردە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەڵێن و بەردەوامیش ئەم جۆرە کەسانە لەگەڵ ڕووبەرە فراوانەکەی کۆمەڵگەن نەک دەسەڵات. دیارە خانیش سەرباری پلەی بەرزی زانستی و پێگەی باڵای لە کۆمەڵگەدا، خۆی لە ڕیزی ئەو زۆرینەیەی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دەبینێت و پێیشی وایە کەمینەی دەسەڵات لە پێناوی خواست و ویستە کاتی و کورتتەمەنەکانی خۆیدا ئەم زۆرینەیە بەکار دەهێنێت.

دیارە ئەوەش بە ڕێکەوت نییە کە یەکەم گێڕەرەوە تەیموری فاسقە کە دەربارەی خۆی و خانی و بەشێک لە ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە دەدوێت، بەتایبەتی لە گێڕانەوەکانیدا، تەیمور باسی عیشقی خانی بۆ مەرەکەب و چۆنێتی دزینی مەرەکەبدانەکەی و نووسینی نامە بۆ میر عەبدولفەتاح دەکات و دواجاریش لە کاتی ناشتنی خانیدا ڕووداوی مەرەکەب بارینەکە دەگێڕێتەوە. بە ئاشکرا دیارە کە تەیمور ئاگاداری بەشێک لە نهێنییەکانی ژیانی خانییە و ئەمەش بەڵگەی بوونی پەیوەندییەکی ڕۆحییە لەنێوان ئەم دوو کەسەدا. هەروەک تەیمور کاتێ هاوار دەکات بارانی ڕەش یان مەرەکەب

دەباریێت، بانگەواز بۆ ڕووداو یان دیاردەیەکی نائاسایی و ناسروشتی دەکات، کە ئەوەش ئاماژەکردنە بۆ بوونی ترسێکی خنکێنەر کە لە ئاستی قووڵدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە مردنی ئەحمەدی خانی مردنێکی ئاسایی نییە. لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەوە ئەوەش ئاشکرا دەبێت کە ئەم کەسێتییە واتە خانی کەسێتییەکی ئاسایی نییە و تەنانەت لە مردنیشیدا نەک هەر مرۆڤەکان، بەڵکو سروشتیش بەشداری دەکات لە دروستکردنی فەزایەکی لەو جۆرەدا کە ئەو ڕووداوی مردنە نائاساییە و دەشێ نەخشەیەکی شاراوە لە پشتیەوە هەبێت. هەروەک لە دوای ئەوەی کە کەسی سێیەم لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات، دەرکەوتنی تەیموری فاسق وەکو یەکەم گێڕەرەوەی ڕاستەوخۆ کە خۆیشی بەشداری بەشێک لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەکات، وەکو کەسێکی ڕاستگۆ ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای ڕاستبێژی بونیاد نراوە، چونکە گێڕەرەوە لێرەدا کەسێکی ڕاستگۆیە و مەستبوونی بەردەوام وای لێ دەکات شتەکان لە بوونی خۆیاندا چۆنن وەها بیانگێڕێتەوە.

تەیمور باسی مەینۆشی و سەرخۆشی بۆ خانی دەگێڕێتەوە، ئەوەش وەکو وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی کە خانی لە سەروبەندی نووسینەوەی مەم و زیندا لێی پرسی. خانی پرسی: "تەمۆ بیژە من، مەی چیت لێ دەکات؟ تەیمور وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: مەی کلیلی زمانە". دواتر تەیمور باسی ئەوە دەکات وەکو ئەزموونی تاکەکەسیی خۆی، کاتێک مەی دەنۆشێت، زمانی دەکرێتەوە و چی لە ناخیدایە بێ ترس و دڵەڕاوکێ دەری دەبڕێت. هەروەک لە باسکردنەکانی تەیموردا بۆ مەینۆشی، خانی لێکچوون و هاوشێوەبوون

لەنێوان مەینۆشی و تەسەوفدا دەبینێت کە لە هەردووکیاندا مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی خۆی و شتەکان وەکو خۆیان دەبینێت و دەردەبڕێت. هەروەک خانی بیری دوورتر دەڕوات و بیر لەوە دەکاتەوە کە شەراب تێکەڵاوی مەرەکەب بکات بۆ نووسینەوەی مەم و زین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خانی قەناعەتی بەوە هێناوە نووسینەوەی مەم و زین بە مەرەکەبێکی مەست ڕەنگە عیشقی ئەو و خۆشەویستی بەهێزی ئەو بۆ شەنگێ زیاتر و جوانتر بەرجەستە بکات. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە نەک هەر مەستبوون ڕێگەیە بۆ ڕاستگۆیی، بەڵکو شەرابیش ئامڕازە بۆ گوزارشتکردنی بێ پەردە لەوەی لە ناخیدایە، بەتایبەتی گوزارشتکردن لەو عەشقەی بەهێزەی کە لە ناخەوە ڕۆحی خانی دەخوارد، عەشقی ئەو بۆ شەنگێی کچی حاجی زوهدی و عەشقی ئەو بۆ نیشتیمان. خانی بڕوای وایە کە نووسینەوەی چیرۆکی عیشقێکی مەزنی وەکو ئەوەی ئەو بۆ شەنگێ دەشێ لە چیرۆکی شێوە ئەفسانەیی مەم و زیندا بەرجەستە بکرێت. دەشێیەوێت مەم و زین بە مەرەکەبی تێکەڵ بە شەراب بنووسێتەوە، تا لە ئاستی یەکەمدا لە بەرزترین ئاستی ڕاستگۆیی و بوێریدا گوزارشت لەوە بکات کە لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە. دووەم تا بنەمایەک لە تەسەوف یان جۆرێک لە سرووتی فەزای عیشقی خودایی بە چامەکەی ببەخشێت. بە هەرحاڵ ئەم شێوە مامەڵەیەی ئەحمەدی خانی لەگەڵ تەیموری هەمیشە مەست و سەرخۆشدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە خانی هەر ئەوە نەبووە کەسێتییەکی هۆشیار و زانا و پایەدار بووبێت لە سەردەمەکەی خۆیدا، بەڵکو بەو پەیوەستبوونە ئایینییەی و بەو زانینە بەربڵاوەی کە هەیبووە و

بەو ئازایەتی و بوێرییەی کە هەڵوێستی ئەوی دیاری کردووە لە بەرامبەر تورک و عەجەم و دەسەڵاتی میرانی کورددا، خاسیەتێکی گەش و گرنگی تریشی هەبووە، کە قبووڵکردنی ئەوانی جیاواز بووە لە بیروڕا و بۆچوون و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریشدا. هەر لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە هەر چۆن خانی لە سەردەمێکدا باسی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی کردووە کە ناسیۆنالیزم لە جیهانی پێشکەوتووی ڕۆژئاواش هێشتا بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو دەرنەکەوتووە، دیسان لە سەردەمێکدا هەڵوێستی قبووڵکردنی ئەوی تری جیاوازی هەیە کە دیسان چەمکی یەکتر قبووڵکردن نەک لە کولتووری دواکەوتووی کوردیدا، بەڵکو لە کولتووری جیهانی پەرەسەندووشدا هێشتا شتێکی نادیار و باسلێنەکراو بووە.

-٥-

دوای ئەوەی ڕۆڵی تەیموری فاسق لە باسکردنی خۆی و گێڕانەوەی پەیوەندی خۆی و ئەحمەدی خانی تەواو دەبێت، کەسی دووەم وەکو گێڕەرەوە دەردەکەوێت کە ئەویش ئۆمەری خەزنەدارە کە لەناو خەڵکدا بە ئۆمەرەکوێر دەناسرێت. ئۆمەر کێیە و بۆچی کوێر بووە و پەیوەندی بە ئەحمەدی خانییەوە چییە؟ ئۆمەر خەزنەداری میر ئەبداڵخانی میری بەدلیس بوو. کاتێ ئەحمەد پاشای والی وان هێرشی کردە سەر میر ئەبدالخان و میرنشینەکەی ڕووخاند و ناوچەکەی داگیر کرد، بە شێوەیەکی دڕندانە هانی پیاوەکانی دا چاوی ئۆمەر بە دوو میللی سوورکراوە کوێر بکەن. هۆکەشی ئەوە بوو کە ئۆمەر شوێنی زێڕ و ئاڵتوونەکانی میر ئەبداڵخانی

بە والی وان نەگوت. ئەو کاتە ئۆمەر لە کتێبخانە و سامانی میر تەنیا کتێبی شەرەفنامەی بۆ ڕزگار کرا. هەروەک ئۆمەر خۆی دەیگێڕێتەوە دوای ئەوە ڕووی لە بایەزید کردووە و هاتووەتە ماڵی مەلا ئەلیاسی باوکی ئەحمەدی خانی کە تازە مەلا ئەلیاس کۆچی دوایی کردبوو. مەلا قاسمی برای ئەحمەد، براکەی بە ئۆمەر دەسپێرێت بۆ ئەوەی فێری قورئانی بکات. ئۆمەر لە گێڕانەوەکانیدا زانیارییەکی دەوڵەمەند لەسەر کەسێتی منداڵیی خانی پێشکەش دەکات و باس لە زیرەکی و وریایی و ئیلتیزامی ئەحمەد دەکات لەگەڵ توانای بۆ ئەزبەرکردن و فێربوون. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە ئەحمەد هەر لە سەرەتاوە خاسێتەکانی کەسێتییەکی پێشەنگی تێدا بووە و پاشخانە کۆمەڵایەتییەکەشی لەبار و گونجاو بووە وەکو زەمینەیەک بۆ پەروەردەکردنی ئەو بە جۆرێکی جیاواز لە زۆرینەی خەڵک. وەکو لە گێڕانەوەکانی ئۆمەردا دەردەکەوێت ئەحمەد کوڕی مەلا ئەلیاس بووە و برا گەورەکەشی کە دوای مردنی باوکی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەحمەدی کەوتووەتە ئەستۆ ئەویش مەلا بووە. بە واتە ئەحمەد نەوەی مەلا و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی مەلادا پەروەردە بووە. واتە لە خێزانێکی خوێندەواردا لە دایکبووە و گەورە بووە و سەرەتای خوێندنیشی لە لای ئۆمەر دەست پێ کردووە، کە ئەویش هەم خوێندەوار بووە، هەم کەسێکی سەرڕاست و ئازا بووە و ئەو سەرڕاستی و ئازایەتییەش بوونەتە هۆی لەدەستدانی چاوەکانی. دیارە لەدەستدانی بینایی‌یش بۆ ئۆمەر هۆکارێک بووە بۆ زیاتر قووڵبوونەوە بە ناخی خۆیدا و بۆ زیاتر ڕۆچوون بە مانای ژیان و ناعەدالەتی یاساکانی گەردووندا، کە

ئەمــــانەش لە کەســـێتی ئــۆمەردا ڕەنگـــی داوەتەوە و دیـــارە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆش کـــاریگەری ئاشـــکرای لەســـەر کەسێتی قوتابییەکەی هەبووە.

ئــۆمەر باســـی ئەو چرکەســـاتە پــڕ لە ئـــازارە دەکـــات کە ئەحـمەد لێـی دەپرسـێت چـۆن چاوەکـانی لەدەسـتداوە، سـاتی بیستنی پرسیارەکەی ئەحمەد بەراورد دەکاتەوە بە هەمان ئەو کاتەی کە والی دڵڕەق و داگیرکەری وان فەرمانی بە پیاوەکانی کرد دوو سیخی سوورکراوە بە چاوەکانیدا بهێنن، بۆ ئەوەی هەتاهەتـایە بە چـاوی کـوێرەوە چـاوەڕوانی گەڕانەوەی میـر ئەبدالْخان بکات. کاتێ ئۆمەر باسی دوو جۆر لە ئازار دەکات لە لەدەســـتچوونی چاوەکانیـــدا، بە ئەنـــدازەی ئازارەکـــانی ئەو دڕندەیی و وەحشیگەریی والی وان و کۆی والییەکانی دەوڵەتی عوســـمانی و ســـوڵتانەکانیان بەرامـــبەر بە کـــوردی هەژار و ژێردەســـتە دەردەکەوێـــت، بە هەمـــان ئەنـــدازە بچـــووکی و بێهەڵوێستی و خۆپەرستی زۆرینەی میرانی کوردیش ئاشکرا دەبێت. ئۆمەر لە ئاستی یەکەمدا باسی ئەو ئازارە جەستەییە دەکات کە دوو سیخی گەرم بینایی دەسووتێنن و قرەچەقرچی سـووتانی گلێنەکـانی خـۆیی گـوێ لـێ دەبێـت. ڕەنـگە ئەمەش دڕندانەترین شێوەی ئازاردان بێت. مەگەر تەنیا ئەو مرۆڤانەی کە هەمـــوو خاسێـــتە مرۆییەکـــان لەدەســـت دەدەن و دەبـــنە دڕنـــدەی نائاســـایی، جـورئەتی ئەوە بـکەن بەو جـۆرە سـزای مـرۆڤ بـدەن، سـزایەکیش کە هـیچ گوناهێـک بـۆ ئەنجامـدانی نەکرابێـت، بەڵکـــو لە پـــای ئەوەی کەســـێک نایەوێـــت نهێنـــی دەســـەڵاتێک ئاشـکرا بکـات کە پێـشتر ئەم متمـانەی ئەوەی پـێ دراوە کلیلی پاراستنی بەشێک لە نهێنییەکانی بەدەستەوە بێت.

هەروەک ئۆمەر لە گێڕانەوەکانیدا باسی جۆری دووەمی ئازارە سەختەکەی خۆی دەکات، ئەویش ئازاری لەدەستچوونی بینایی و تاریکبوونی دنیایە لەبەرچاوی بۆ هەتاهەتایە. ئۆمەر باسی ئەو ئازارە سەختەی خۆی دەکات بەتایبەتی لە دوو کاتی جیاوازدا. یەکەمیان دوابەدوای کوێربوونی کە بە ناچاری شاری بەدلیس بەجێ دەهێڵێت. ئۆمەر لەو بارەوە دەڵێت: دوای ئەوەی تەوارێک ڕێم کرد، بێ ئەوەی بە دەستی خۆم بێت ئاوڕێکم لە شارە وێرانەکەم دایەوە، تاکو بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ بکەم. کاتێک هیچم نەبینی، خەریک بوو دڵم لەتلەت و شەقارشەقار بێت، وەکو توتکە سەگێک زارۆکان کلکیان قرتاندبێت، لە پرمەی گریانم دا- ڕۆمان-ل٣٩-٤٠). ڕەنگە هیچ دەربڕینێک نەتوانێت جوانتر لەوەی ئۆمەر خۆی گوزارشت لە ئازارەکانی ئەو بکات کە بریتییە لە ئازاری هەر مرۆڤێک کە پاش ئەوەی بینایی لێ بسەندرێتەوە بە ناچاری زێدی خۆی بەجێ بهێڵێت و تاکە ئومێدێکی لەو ساتی بەجێهێشتنەدا ئەوە بێت کە دوا دیمەنی زێدی خۆی وەکو بەشێک لە بوون و مێژووی خۆی ببینێت، بەڵام کاتێ بە خۆی دەزانێت ئەو بینایی لەدەستداوە و توانای ئەو دوا بینینەشی نییە. لێرەدا ئازاری ڕاستەقینەی مرۆڤێک بۆ لەدەستدانی بینایی و بۆ نەتوانینی دوا بینینی زێدی خۆی ئاشکرا دەبێت، کە دەشێ ئەوەش سەختترین ئازار بێت. دووەم کاتی ئازارچەشتنی سەختی ئۆمەر کاتی بەخاکسپاردنی ئەحمەدی خانییە، بەتایبەتی کاتێ گوێی لێ بوو تەیموری فاسق هاواری دەکرد مەرەکەبە دەبارێت. ئۆمەر ئاواتی ئەوەی دەخواست کە بیتوانیایە ئەو بارینی مەرەکەبە ببینێت بەڵام لەوە بێئومێد بوو. پاشان دەستی دەخستە بەر تنۆکی بارانەکە و بە بۆن زانی ئەوەی

دەبارێت هەر بە تەواوی مەرەکەبە. ئۆمەر لە گێڕانەوەکەیدا بۆ بۆگێڕەرەوە یان بۆ خوێنەر باسی ئەوە دەکات کە کوێریی بۆ خـــۆی مەرەکەبــێکە تەنیـــا کوێرەکـــان دەتـــوانن دێڕەکـــانی بخوێننەوە. لە ڕاستیدا گێڕانەوەکانی ئۆمەر ڕووناکی دەخاتە سەر چەند ئاستێکی ڕووداو و تێڕوانینی ئەو قۆناغە. یەکەمیان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ باشیی میر عەبداڵخان دەکات و وەکو میرێکـــــی خوێنـــــدەواریش دەیناســـــێنێت، ئەویـــــش لەوەدا دەردەکەوێـت کە ئـۆمەر باسـی کتێبخـانەکەی میـر دەکـات. هەروەک لە ئاستی نەوتراویشدا ئەوە لە پشتی گێڕانەوەکانی ئـۆمەرەوە دەردەکەوێـت کە میـر ئەبـداڵخان پەیوەنـدی لەگەڵ والی واندا باش نەبووە و ناڕاستەوخۆش ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی ئەم میرەی کـورد لەگەڵ سـوڵتانی عوسمانیشدا بـــاش نەبـــووە، ئەگینـــا ســـوڵتان ڕێـــگەی نەدەدا والـــی وان میرنشینەکەی داگیر بکات و وڵاتەکەشـی تـالان و وێران بکات. هەروەها لە کوێرکردنی خۆیدا ڕووی دزێوی والی وان وەکو دەســـەڵاتی داگیـــرکەری کوردســـتان و دەرخـــستنی دڕنـــدەیی داگیرکەرانی ئەم وڵاتە نیشان دەدات. لە ئاستی دووەمدا باسی پاشخانی کۆمەڵایەتی ئەحمەدی کوڕی مەلا ئەلیاس دەکات و بەشـــێک لەو زەمیـــنەیە لە ڕێـــگەی گێڕانەوەکـــانیەوە بـــۆ بۆگێڕەرەوە دەگێڕێتەوە کە بنەمای کەسێتی خانییان هەر لەو ســەرەتایەوە نەخــشاندووە. هەروەهــا لە گێڕانەوەکانیــدا ڕقــی خۆیـشی بـۆ بازرگـانێکی دزێـو و چـاوچنۆکی وەکـو حـاجی زوهدی نیشان دەدات، بەتایبەتی کە حاجی زوهدی لە پێناوی پـارە و سـامانی دنیـادا شـەنگێی کچـی خـۆی لە پیرەمێردێکـی دەوڵەمەنــدی تەبریــزی مـــارە کـــرد، بـــۆ ئەوەی نەیـــدات بە ئەحمەدی خانی.

## رۆڵی شەرەفنامە لەسەر پێکهێنانی کەسێتی خانی

ئۆمەر دەیگێڕێتەوە لەناو کتێبخانەکەی میر ئەبداڵخاندا ئەو توانیبووی تەنیا کتێبی شەرەفنامە ڕزگار بکات. دیارە ئەم کتێبە بە لای ئۆمەرەوە لە کتێبەکانی تر بە نرختر بووە، هەر بۆیە لەناو هەموو کتێبەکاندا ئەوی پاراستووە. هەروەک دەشیگێڕێتەوە کتێبەکە لە لایەن شەرەفخانی مامی میر ئەبدالخانەوە پێشکەش بە باوکی کرابوو. لێرەدا لە گێڕانەوەکەی ئۆمەردا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە شەرەفخان لە بنەماڵەی میری بەدلیس بووە و ناوەکەش لای خوێنەری کورد ئاشکرایە کە شەرەفخانی بەدلیسییە. ئەوەش جێگەی سەرنجێکی ئەرێنییە لەنێو بنەماڵەی میرانی کورددا کەسانی وەکو شەرەفخانی بەدلیسی هەڵکەوتوون. هەرچەندە لە گێڕانەوەکانی ئۆمەردا ئاماژەی پیاوچاکی و سەروەری بۆ کەسێتی میر ئەبداڵخانیش هەیە.

ئۆمەر دەیگێڕێتەوە کاتێ خانی لای ئەو سوختە دەبێت زیرەک و وریا دەبێت و چەندین پرسیاری زۆر ورد دەکات کە لە سەرووی ئاستی تەمەنی ئەوەوە بوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئۆمەر خۆی بەگشتی باسی لە مێژووی کورد و بەتایبەتیش مێژووی بەدلیس و بەسەرهاتی کوردان و ڕۆڵی خراپی عەجەم و تورکی ڕۆمی بۆ دەکات، ئەحمەد زیاتر هۆشیار دەبێتەوە. ئۆمەر دەڵێت ئەحمەد پێش ئەوەی بڕوات بۆ جزیرە بۆتان بۆ خوێندنی زانستی زیاتر و وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی، لێی پرسیم: (باشە کەسێک لەناو کورداندا نەبوو وەک سوڵتانێن تورک و پاشاێن عەجەم، ئەم هۆز و ئێلاتە لەژێر ئالاکەیدا یەک بخات و دەوڵەتێکی مەزن دامەزرێنێت؟–

ڕۆمـان-ل٤٨). دیـارە ئەمەی ئـۆمەر دەیگێـڕێتەوە پرسـیارێکی گەوهەری ئەو کـاتەی خـانییە کە بـۆ سـێ سـەدە دوای ئەویش تاوەکو ئێستا بە کردار وەڵام نەدراوەتەوە. خانی لە سـەردەمی مێرمنداڵیدا پرسیاری لەم جۆرەی لا دروست دەبێت. ئۆمەر لە گێڕانەوەکەیـدا باسـی ئەوە دەکـات کە کتێبـی شـەرەفنامەی داوەتە ئەحـمەد بیخـوێنێتەوە، چـونکە بە بۆچـوونی ئەو کـاتەی ئـۆمەر شـەرەفنامە وەڵامـی ئەو پرسـیارە گـرنگەی ئەحـمەدی دەدایەوە. دیـارە وەکـو لە درێـژەی گێڕانەوەکـانی ئـۆمەردا هاتووە خانی شەرەفنامەی خوێندووەتەوە و ئەمیش یارمەتی داوە لە ڕاڤەکـردن و باسـکردنی ئەو شـتانەی کە بە لای خـانییەوە ئـاڵۆز بـوون، بەتـایبەتی لەبەر ئەوەی شـەرەفنامە بە فارسی نووسراوە و وەکو ئۆمەریش دەیگێڕێتەوە فارسییەکەی ئەحـمەد بەرەو باشـی چـووە، بەڵام ڕەنـگە هێـشتا هەنـدێ لە ڕووداوەکـانی نـاو شـەرەفنامە پێویـستیان بە لێکـدانەوە و ڕاڤەکردن هەبووبێت بۆ گەنجێکی وەکو ئەحمەدی خانی. دیارە خوێندنەوەی شەرەفنامە و گوێگرتن لە ڕاڤەکردنەکانی ئۆمەری مامۆسـتای، ڕۆڵـی ئاشـکرایان هەبـوو لەسـەر زیـاتر هۆشـیارکردنەوەی ئەحـمەد و بەهێزکردنـی پـێگەی ئەو لە بونیادنـانی سـەرەتای گوتـاری کوردیـدا، کە دیـارە کـاریگەریی ڕۆڵی شەرەفنامە و ئۆمەری مامۆستایی پێوە دیارە. هەرچەندە ئۆمەر باسی پرسیارە وردەکانی ئەحمەد و سمایلی بایەزیدی دەکات کە دواتر ئەویش بوو بە مەلا سمایل. هەروەک ئۆمەر لە گێڕانەوەکەیـدا دەڵێـت ئەحـمەد لێـی پرسـیم باشـە بـۆچی شـەرەفخان ئەم کتێـبەی بە فارسـی نووسـیوە و بە کـوردی

نەینووسیوە؟ کە ئەمەش پرسیارێکی گەوهەرییە و سەرەتای پەیبردنە بەوەی کە کاتێ هەستی نەتەوایەتی دەردەکەوێت، گەڕانەوە بۆ ناو جەستەی نەتەوە خاسێتی سەرەکی دەرکەوتنی ئەو هەستەیە. دیارە دەستکردن بە نووسین بە زمانی نەتەوە خاڵێکی بنەڕەتی ئەو گەڕانەوەیەیە. کەواتە لێرەدا ئاشکرا دەبێت کە خانی پێش ئەوەی مۆڵەتی مەلایەتی وەربگرێت و هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە پەی بە پێویستبوونی نووسین بە زمانی نەتەوە بردووە. تەنانەت ئۆمەری مامۆستای باسی ئەوە دەکات کە ئەو تا ئەو کاتە نەگەیشتبووە ئەوەی لە خۆی بپرسێت داخۆ بۆچی شەرەفخان شەرەفنامەی بە زمانی کوردی نەنووسیوە.

گێڕانەوەکانی ئۆمەر بەوە کۆتایی دێت کە دوای ئەوەی ئەحمەد دەڕوات بۆ جزیرە بۆتان بۆ خوێندن، ئەمیش دەچێتە لای ئاغایەکی جەلالی لە شارۆچکەی دیادینی و لەوێ دەبێتە دەنگبێژی ئەو ئاغایە، ئەگەرچی ئەم خۆی قورئانخوێن بوو. دواجار هەست دەکات دۆستۆی دەنگبێژ خەریکە پێشی دەداتەوە. جۆرێک لە هەستکردن بە لاوازبوونی پێگەی لای ئاغای جەلالی وا لە ئۆمەر دەکات بگەڕێتەوە بۆ بایەزید و یەکەم کەس کە دەیناسێتەوە سۆفی مەهدی دەبێت، دەیباتە دوکانەکەیەوە و ئۆمەر بە ئارەزووی خۆی بۆنی کاغەز و مەرەکەب دەکات، هەر لەوێش دەزانێت کە خانی مەم و زینی نووسیوە و کاتێ کتێبەکە دەگرێتە دەستەوە دەڵێت ئەم کتێبە بۆنی دوو دڵی سووتاوی لێ دێت، کە دیارە ئەو دوو دڵەش مەم و زینن یان ئاشکراتر بڵێین ئەحمەدی خانی و شەنگێی حاجی زوهدی بازرگانن. ئەوکاتە سۆفی مەهدی سەرسام

دەبێت و وای بۆ دەچێت ئۆمەر بە نووری یەزدان شتەکان دەبینێت. دواجار ئۆمەر ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەچێتە لای خانی قوتابی خۆی کە ئەو کات مەلایەکی خاوەن پێگە و خوێندنگە بوو. ئێستا ئاشکرا دەبێت کە ئۆمەر لە ڕێگەی گێڕانەوەکانیەوە ڕووناکییەکی تەواو دەخاتە سەر ئەو قۆناغە مێژووییەی کە دەقی میرنامە لێی دەدوێت. هەروەها زانیاری ورد لەسەر ئۆتۆبایۆگرافیای ئەحمەدی خانی پێشکەش دەکات.

-٦-

شەنگێی کچی حاجی زوهدی بازرگان کە لەگەڵ خانیدا شەیدای یەکتر بوون. شەنگێ ڕۆڵی بەشێک لە گێڕانەوەی دەقەکە دەگرێتە ئەستۆ و ئەویش لە جێگەی خۆیەوە ڕووناکی دەخاتە سەر بەشێک لەو مێژووەی کە ڕۆمانەکە لێی دەدوێت، لەوێشەوە لە گێڕانەوەکانیدا ڕووناکی دەخاتە سەر باری کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کۆمەڵگەی کوردی و شوێن و پێگەی ئافرەت لەو کاتەی کۆمەڵگەی کوردیدا نیشان دەدات. هاوکات تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت بەگشتی و تێڕوانینی تویژی دەوڵەمەندی ئەو کاتەی کۆمەڵگە سەبارەت بە ئافرەت و هەروەها سەبارەت بە نوخبەی خوێندەواری کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو. کە حاجی زوهدی باوکی شەنگێ نوێنەرایەتی تویژی دەوڵەمەند و بازرگانی ئەو کاتەی کۆمەڵگە دەکات و ئەحمەدی خانیش نوێنەرایەتی نوخبەی خوێندەوار دەکات. بە دەربڕینی کۆمەڵناسیانەش خانی نوێنەرایەتی تویژی بۆرژوای بچوک دەکات لە کۆمەڵگەدا، ئەوەش لە مێژوویەکدا کە بێجگە لە بەریتانیا هێشتا لە ئەورووپای ڕۆژئاواش شۆڕشی پیشەسازی

نەکرابوو، واتە چینی ناوەند یان بۆرژوای پیشەسازی هێشتا وەکو چینێکی خاوەن شووناس لە ڕۆژئاواش فۆرمەلە نەبووبوو.

شەنگێ لە گێڕانەوەدا بۆ بۆگێڕەرەوە، لە ڕستەیەکی ڕاگەیاندندا دەڵێت: ئەو ڕۆژەی باوکم لە ماکۆ گەڕایەوە بۆ من ڕۆژێکی ڕەش بوو. باوکم گوتی: "شەنگێ کچم ئەوە بەشووم دایت". شەنگێ لە گێڕانەوەکەیدا بە ڕستەیەکی ڕاگەیاندن دەست پێ دەکات کە ئەویش لە ئەنجامی ڕستەیەکی تری ڕاگەیاندن کە هەڵگری هەواڵێکی دڵتەزێنە بۆ ئەو دروست دەبێت. ئەویش ئەو هەواڵەیە کە بێ ئەوەی هیچ پرسێکی پێ بکرێت دەدرێت بە شوو، بەڵام بە کێ؟ ئایا دەدرێت بە دڵخوازەکەی خۆی کە مەلا ئەحمەدی خانییە، کە لە کاتی بیستنی ئەو هەواڵە ناخۆشەدا ئەم مەرەکەبی بۆ خانی چێ دەکرد؟ بێگومان نەخێر. بەڵکو حاجی زوهدی، شەنگێی کچی دەدات بە کەسێکی تر کە ئەویش ئەلاقوڵی بازرگانی پێستەیە، کە پیاوێکی تەمەن شەست ساڵانە و سێ ژنی تر و شەست منالی هەیە. حاجی زوهدی لەژێر کاریگەریی دوو هۆکاردا بەم جۆرە کچەکەی بەمێرد دا. یەکەمیان بۆ ئەوەی نەیدات بە ئەحمەدی خانی کە بە لای ئەوەوە ناکارا و بێ سەروەت و سامان بوو، چونکە باوکی شەنگێ پێی وا بوو مەلایەتی و زانست هیچیان بەرهەم نەدەهێنا. دووەم حاجی زوهدی کچەکەی لە بەرامبەر بارخانەیەک پێستە و شتومەکی تردا دا بە ئەلاقوڵی. واتە بە جۆرێک کچەکەی دا بە شیربایی کە ئەویش بریتییە لە فرۆشتنی ئافرەتان و خاسیێتی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووانەیە کە ئافرەت وەکو هەر کالایەکی تر سەیر

دەکەن و پێیـان وایە ئـافرەت تەنیـا بـۆ خۆشـییەکانی پیـاو و نەوەخستنەوە دروست کراوە.

شـــەنگێ بە زمـــانێکی شـــیعری تراژیـــدیانە و بە جۆرێـــک کـــاریگەری ناخۆشـــی بیـــستنی هەواڵـــی بەمێـــرددانەکەی و خۆئامادەکردنی و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی بە بووکبردنی دەگێـڕێتەوە، وەکـو ئەوەی باسـی تراژیـدیایەکی گەورە بکـات. شەنگێ ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن عاشقی ئەحمەدی خـانییە و چـۆن پـێش بیـستنی هەواڵـی شـوکردنەکەی لە بـاوکیەوە، ئەو سەرگەرمی دروستکردنی مەرەکەب بووە بۆ ئەحمەدی خـانی کە پێـشتر خـانی نـامەیەکی بـۆ نووسـیوە تـا مەرەکەبێکـی بـۆ ئامـــادە بکـــات بـــۆ ئەوەی مەم و زینـــی پـــێ بنووســـێت. ئەو داوایەشی لە ڕێگەی نامەیەکەوە پێ گەیاندووە. لێرەدا شـەنگێ ناڕاسـتەوخۆ ئەوەمـان بـۆ دەگێـڕێتەوە کە خوێنـدەوار بـووە و دواتـریش دەردەکەوێت کە پێشتر لای خـانی خوێنـدوویەتی و هەر لەو ڕێگەیەشەوە خانی عەشقی شەنگێ بووە. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێـت سـەرباری بـارودۆخی دواکەوتـووی کـۆمەڵگەی کـوردی ئەو کـاتەی کە خـانی تێـدا ژیـاوە، هێـشتا لای خێـزانە دەوڵەمەنـدەکان و بە چەمکـی نـوێ ئەرسـتۆکرات یـان خـاوەن سەرمایە و سامانەکانی کۆمەڵگە، بنەمـایەک هەبوو بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن، کە دیارە خوێندنی ئەو کاتەش خوێنـدنی ئـایینی بـووە، ئەویـش هەر هـیچ نەبێـت بـۆ ئەوەی شـتێک لە قورئـان و فەرمـوودەی پێغەمـبەر فێـر ببن. شـەنگێ لەگەڵ ڕەوانەکرنـــی ئەو مەرەکەبەی کە بـــۆ خـــانی ئامـــادە کردبـوو، تەنـانەت فرمێـسکەکانی خۆیـشی ڕژانـدبووە نـاوی، هەواڵـــی شـــووکردنەکەی بەو ســـوختەیەدا کە هـــاتبوو بـــۆ مەرەکەبەکە بۆ خـانی دەنێـرێتەوە. ڕەنـگە ئەو هەواڵە دڵتەزێنە

ڕۆڵێکی دیاری هەبووبێت لەوەدا کە خانی بە هەستێکی قووڵتر و بە خەم و حەسـرەتێکی سـەختترەوە دێڕەکـانی ئەو عیـشقە تراژیدییەی خستبێتە سـەر کـاغەز، ئەویـش بە مەرەکەبێـک کە تێکەڵاوی هەناسە و حەسرەت و فرمێسکەکانی شەنگێ بوو.

لە گێـــڕانەوەی شـــێوازی بەشـــوودانەکەی شـــەنگێ و ڕێگەنەدانی باوکی بەوەی کە شەنگێ شوو بکات بە ئەحمەدی دڵخـــوازی خـــۆی، ســـیما و ڕووخـــساری کـــۆمەڵگەیەکی دواکەوتـــووی پەراوێـــزی مێـــژوو ئاشـــکرا دەبێـــت، کە تێیـــدا مرۆڤەکان بەتایبەتی ڕەگەزی مێ نەک هیچ مـافێکی بڕیـاردانی نییە، بەڵکو لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیشیدا هیچ پرسـێکی پێ ناکرێت. شـەنگێ لە گێڕانەوەکەیـدا باسـی ئەوە دەکـات کە چەنـــد ئـــاواتەخواز بـــووە ئەوەی بیـــستی لەبـــارەی شووکردنەکەیەوە و ئەوەی پێیەوە خەریکە لە ئامادەکاری بۆ ڕۆیـشتنی بە بـووکی هەمـووی خەیـاڵ بێت. ئەم خەیـاڵەش لە نـاخی خۆیدا بە خەیـاڵێکی ئەفسانەیی تر دادەپۆشێت، ئەویش خەیـاڵی ئەوەیە کە ببینێـت ئەحـمەدی خـانی وەکـو ئەوەی لە داستانە کوردییەکاندا ڕوو دەدات بە ئەسپێکی بۆز بێت و ئەم بهاوێـتە پـشتی خـۆیەوە و ئەسـپی تـاین بـاڵ بگرێـت و بەرەو شـوێنێکی هێند دوور هەڵبێن دەسـتی کەسـی پێ نەگـات. بەڵام دیارە هەر زوو داوی ئەم خەیاڵە قووڵ و فراوانە دەپچڕێت و شـــەنگێ دەگەڕێـتەوە بـۆ نـاو ئەو واقـیعە تـاڵەی کە ڕاسـتی بەمێرددانیەتی بە پیاوێـک کە تـا شـەوی بـووکێنییەکەی هیچـی لەبارەوە نەدەزانی. شەنگێ لەو شـەوەدا زانـی کە ئەو دراوە بە خێـوێکی بـۆگەن، کە لە هـیچ شـتێکیدا شـایانی ئەوە نیـیە لە کچێکـی لاوی ناسـکی وەکـو ئەم نزیـک بێـتەوە. ئەمەش ئەو

ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییەیە کە مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام دروستکەرێتی.

شـەنگێ لە گێـڕانەوەی ڕووداوی بەبـووکبردنی و شـەوی بـــــووکێنیەکەی و چـــــۆنێتی هـــــاتنە ژوورەوەی زاواو و جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی وەکو هەر بووکێکی تر و خەیاڵی بەردەوامیـــشی لای ئەحـــمەدی خۆشەویـــستی بە زمـــانێکی شیعریی ناسک دەدوێ و بەرجەستەی ئەو تراژیدیایە دەکات کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە تراژیدیای دەستدرێژیکردنی پیاوێکی دڕندە بۆ سەر هەر کچێکی گەنج کە کچەکە بە هیچ شـــێوەیەک بەو دەســـتدرێژیکردنە ڕازی نیـــیە، بەڵام هـــیچ دەسـەڵاتێکی ڕەتکردنەوەیشی نییە. لێرەدا شـەنگێ لە ڕێگەی گێڕانەوەی تراژیدیای شووکردنەکەی و کەسێتی مێردەکەیەوە بەرجەســتەی سروشــتی هاوســەرگیری و پێکهێنـانی خێـزان دەکات لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی وەکو کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە چـۆن تەنیـا ڕەگەزی یەکەم لەو پرۆسێـسەدا ئامـادەبوونی هەیە و ڕەگەزی دووەم ڕەگەزێکی بەلاوەنراو و پاسیڤکراوە و تەنیـا ڕۆڵـی بەرکـار دەبینێـت و هیچـی تـر. لە گێڕانەوەکـانی شــــەنگێدا ئەلاقــــولی مێـــردی پــــاش ســــیانزە ســــاڵ لە هاوســەرگیرییەکەیان دەمرێت. دەشـێ خـوێنەر پێشبینی ئەوە بکـات کە دوای مردنـی مێـردەکەی، شـەنگێ بگەڕێـتەوە بـۆ بایەزید و ئەم جارەیان وەکو بێوەژنێک کە بە پێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام خۆی خاوەنی بڕیاری خۆیەتی، شوو بکات بە ئەحـمەدی دڵخـوازی خـۆی کە تـاکو ئەو کـاتەش ژنـی نەهێنـــابوو، بە دیـــار یـــادەوەریی عەشـــقە قەوڵەکەیەوە فرمێسکەکانی تێکەڵاوی مەرەکەب دەکرد و داستانی دڵداری پێ دەنووسییەوە. بەڵام هێشتا شەنگێ ئەو مافەی پێ نادرێت

که دوای تراژیـدیای بەشـوودانی بە ئەڵاقـوڵی شـوو بکـات بە ئەحمەدی دڵخوازی. ئەمەش ئەو ڕاستییە دووبارە دەکاتەوە کە لە کـۆمەڵگە مـسوڵمانەکاندا زۆرجـار (عـورف- نەریـت) پـێش شەرع دەکەوێت، کە ئەوەش بنەمـایەکی زیـاتر دواکەوتـووانەی ئەم جـۆرە کۆمەڵگەیـانەیە کە سـەرباری چوارچێـوەی تەسـکی شەرع بۆ هەندێ بابەت، هێشتا نەریت زۆر لە شەرع داخراوتـر و تووندترە، واتە نەریت لەو بارانەدا باڵادەست دەبێت بەسـەر شەرعدا و ئەو مـافە سـادانەی کە شـەرع لە هەندێ بارودۆخدا بە ڕەگەزی دووەمـــی دەدات، نەریـــت ئاســـایی شـــەرع بەلاوە دەنێــت و ڕەگەزی دووەم واتە مـێ ناتوانێــت ببێــتە خــاوەنی بەشێک لەو مافە سادانەی کە شەرع پێی بەخشیوە.

**حاجی زوهدی بازرگان**

حــاجی زوهــدی بازرگــانێکی نــاوداری بایەزیـدە و بــاوکی شـــەنگێی خۆشەویـــستی ئەحـــمەدی خـــانییە. پێـــشتر ئەحـــمەد شـــەنگێی فێـــری خوێنـــدەواری کـــردووە و چەنـــد ســـورەتێکی قورئان و چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری پێ ئەزبەر کردووە. بەڵام شـەنگێ لە گێڕانەوەکانی خۆیدا باسـی ئەوە دەکات کـاتێ باوکی لە حەج دێتەوە، ئەم تەمەنی حەڤدە ساڵان دەبێت، لەنـاو ئەم هەمـوو پیـاوانەی کە دێـن بـۆ بەخێرهـاتنەوەی بـاوکی ئەو چاوی لەسەر مەلا ئەحمەد دەبێت و عاشقی دەبێت. دواتـریش لەســـــەر گەڵای دارچنـــــار چەنـــــدین نـــــامە دەگـــــۆڕنەوە. کە خۆشەویـستییەکەیان لەنـــاو خەڵکـدا بـــڵاو دەبێــتەوە، حـــاجی زوهدی شەنگێ لە بەرامبەر پێستە و زێڕدا دەدات بە ئەڵاقـوڵی ماکۆیـان. حـاجی زوهـدی بەشـێک لەو ڕووداوانەی ڕۆمـانەکە دەگێـــڕێتەوە کە پەیوەنـــدی بە ئەحـــمەدی خـــانییەوە هەیە،

لەوێشەوە تیشک دەخاتە سەر هەندێ گۆشەی تری ڕووداو و کەسێتییەکانی ناو دنیای ڕۆمانەکە.

حاجی زوهدی ئەگەرچی لە دڵەوە پێی ناخۆشە ددان بەو ڕاستییەدا بنێت، بەڵام ناتوانێت خۆی لە بینینی ڕووداوێکی ڕاستەقینە نابینا بکات، کە بارینی بارانی ڕەش یان مەرەکەب لە کاتی بەخاکسپاردن و تەڵقینکردنی ئەحمەدی خانیدا. ئەو خەم بۆ ئەوە دەخوات کە بارانی ڕەش جلە نوێیەکانی پیس کردووە و لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە گوێی لەوە بوو دەیانگوت کفنەکەی خانی وشکە و باران تەڕی ناکات. حاجی زوهدی لە گێڕانەوەکەیدا دەپرسێت باشە ئەوە خانی مرد، بەڵام بۆچی بارانی ڕەش لە دوای مردنەکەی ئەو دەبارێت؟ دیارە حاجی زوهدی هەست بە نهێنییەک دەکات و دەشزانێت بارینی مەرەکەب پەیوەندی بە کەسێتی خانییەوە هەیە، بەتایبەتیش کە بارانی مەرەکەب ناتوانێت کفنی خانی تەڕ بکات، بەڵام حاجی زوهدی وەکو بازرگانێکی چاوچنۆک کە ڕازی نەبوو شەنگێی کچی بدات بە سەیدا خانی، ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆی نەکات، ئەوا دەزانێت کە خانی کەسێکە پێگەیەکی بەرزی لای خودا هەیە، بۆیە لە مەرگی ئەودا لەبری بارانی ئاسایی، بارانی ڕەش دەبارێت. هەروەک دەشێ حاجی زوهدی سەرباری هەستکردنی بە نزیکی خانی لە خوداوە، وای بۆ بچێت کە بارانی ڕەش یان مەرەکەب کە ئاسمان لە کۆچی خانیدا دەیبارێنێت، جۆرە سزایەک بێت بۆ ئەوی دڵڕەق و نامرۆڤ کە ڕێگەی نەدا درەختی عیشقی خانی سەوز بێت و بەر بگرێت. واتە دەشێ لە پشتی گێڕانەوەکانی حاجی زوهدییەوە جۆرێک لە هەست بە تاوانبارbوونی خۆی ئاشکرا بێت. هەر ئەوەش

وای لـێ دەکـات کە بڵێـت: "دەتگـوت ئەو بـارانە بەڵایەکە و بە تەنێ بەسەر مندا دەبارێت..ل٦٥".

حـاجی زوهـدی دەگێـڕێتەوە کە کـاتێ گەیـشتە گۆڕسـتان، ئۆمەرە کوێر کە دۆستی نزیکی خانی بوو، خراپ لەو چووەتە پێشەوە و بە جۆرێک پێی ڕابواردووە. هەروەک حاجی زوهدی ئاشـکرای دەکـات کە سـەرباری ئەوەی ئەم یـارمەتی ئـۆمەری داوە، بەڵام لەو ڕۆژەوە کە پـێش حەڤـدە سـاڵ خـانی داوای شـەنگێی کـردووە و ئەم نەیـداوەتێ، ئیتـر ئـۆمەر لە حـاجی زوهدی چووەتە سەنگەرەوە و لە هەر جێگەیەک حاجی ببینێت قـسەی ڕەق و توونـدی بەرامـبەر دەکـات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆمەر بە ڕاستی خانی خۆشویستووە و پێی وا بووە خانی لە ئاستێکدایە کە ناشێت لە بابەتێکی وەهادا کەس دەست بە ڕوویەوە بنێت، بەتـایبەتی بازرگـانێکی چـاوچنۆکی وەکو حاجی زوهدی کە هەموو خواست و ویستی ئەو پارە و سـامانە و لەو پێناوەشـدا کـچە گەنـجەکەی دەداتە پیـاوێکی شەسـت سـاڵانی خـاوەن سـێ ژن. لێـرەوە بە ئاشـکرا دەردەکەوێت هەرچەندە کۆمەڵگەی کوردی سـەردەمی خـانی نەبـووەتە کـۆمەڵگەیەکی پێـشەسازی، سـەرباری دەرکەوتنـی هەنـدێ بنەمـای سـادەی پیـشەی نـاوخۆیی و بەرهەمهێنـانی هەنـدێ شـتی دروسـتکراوی سـادە، بەڵام بازرگـان و دەوڵەمەندەکان سەرباری خراپیی دابونەریت و کولتووری ئەو کـاتەی کـوردی، ئەوان دیـسان وەکـو کـاڵا مامەڵەیـان لەگەڵ ئافرەت کردووە.

حـاجی زوهـدی لە گێڕانەوەکەیـدا باسـی ئەوە دەکـات کە دادی خـۆیی لە دەسـتی ئـۆمەر بـردووەتە لای میـرزا سـەبری ڕاوێژکـاری میـر ئەبدولفەتاح، بەڵام میـرزا بەرسـیڤی داوەتەوە

که لەسەر ئەو بابەتە نەڕوات بە بیانووی ئەوەی کە میر ئۆمەری خۆش دەوێت. ئایا بۆچی میر ئۆمەری خۆشویستووە؟ تۆی بڵێیت ئۆمەری مامۆستای خانی پشتگیری هەڵوێستی خراپی میر عەبدولفەتاحی کردبێت؟ لە ڕاستیدا نەخێر، چونکە ئۆمەر لە باسکردنی مێژووی ململانێ و ناکۆکی میرە کوردەکاندا بۆ ئەحمەدی خوێندکاری ڕۆڵێکی ئاشکرای بینیوە لە زیاتر پێگەیاندنی کەسێتی هۆشیار و بەئاگای خانیدا و تەنانەت کاتێ شەرەفنامەی دەداتێ بیخوێنێتەوە و خۆیشی لە ڕاڤەکردنی هەندێ بەش و ناوی شوێن و کەسەکاندا یارمەتی دەدات، زیاتر خانی دەخاتە سەر ڕێگەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هۆکارەکانی لاوازیی کەسێتی کوردی و لەگەڵ یەکتر هەڵنەکردنیاندا. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە میر سەرسام بووە بە دەنگبێژیی ئۆمەر و حەزی لە گۆرانی وتن و قورئان خوێندنەکەی ئۆمەر بووە.

حاجی زوهدی وەکو بازرگانێکی فێڵباز لە گێڕانەوەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە ویستویەتی ئۆمەر ڕازی بکات و بیباتەوە بۆ بەدلیس، بەڵام ئۆمەر گاڵتەی بە قسەکانی حاجی زوهدی هاتووە و پێی گوتووە ئەو کوێرە، لە هەر کوێیەک بێت بۆ ئەو وەکو یەکە. ئەو بە چاو هیچ نابینێت، بە چاوی دڵ یان بە ڕۆح شتەکان دەبینێت. هەروەها ئۆمەر باسی ئەوە دەکات کە گەڕانەوە بۆ بەدلیس بۆ ئەو بەبێ دوو چاوی تیژ تا هەموو جوانییەکانی زێدی خۆیی پێ ببینێت، هیچ مانایەکی نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆمەر دڵی نایەت بچێتەوە ناو بەدلیس و نەتوانێت شارەکە وەکو ئەوەی هەیە ببینێت، یان لە ڕاستیدا پڕکێشی ددان بەخۆداگرتن لەبەردەم ئازارێکی وەها سەختدا ناکات کە لەناو بەدلیسدا بێت و نەتوانێت بە چاوی ئاسایی ئەو شارە ببینێت کە

هەر بستێکی وەکو بەشێک لە بوونی ئەم وایە. بۆیە پێی باشترە هەر لە دوورەوە بە چاوی دڵ یان بە چاوی ڕۆح بەدلیس ببینێت و جوانییەکانی ئەو شارەی کە منداڵی و هەرزەکاری خۆی بە دوو چاوی بیناوە تێدا بەسەر بردووە، ئێستا لە یادەوەریدا هەموو جوانییەکانی ئەو شارە و سیما و خاسیێتەکانی یاد بکاتەوە و بە زیندوویی بیانپارێزێت، نەک بە کوێری بچێتەوە ئەوێ و نەتوانێت هیچ ببینێت.

حاجی زوهدی بۆ بۆگێڕەرەوەی دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەحمەدی خانی داوای کچەکەیی کردووە و ئەمیش نەیداوەتێ، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە چۆن شەوێک دەچێتە لای خانی و داوای لێ دەکات کە ناموسی ئەو نەبات و واز لە شەنگێی کچی بهێنێت و لە هۆزانەکانیدا باسی نەکات. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە دواتر چۆن ڕێگەی لە ماڵی خواجە ئەلاقوڵی ماکۆیان کەوتووە و بڕیاری داوە شەنگێی کچی بداتێ و هەر واشی کردووە و شەنگێی داوەتە ئەو پیرەمێردە و لەبری ئەوەش بارێک پێستەی خۆشکراوی وەرگرتووە. دیسان باسی ئەوە دەکات کە چۆن هەواڵی بەمێرددانەکەی شەنگێی بە شەنگێ خۆی گوتووە و سەرەتا شەنگێ وای زانیوە کە داویەتی بە مەلا ئەحمەد. پاشان حاجی زوهدی باسی سیمای شەنگێ دەکات لە بیستنی هەواڵی بەشوودانی و هەروەها باسی ئەو ڕەشییە دەکات بە پەنجەکانی شەگێی کچیەوە بوون و چۆن شەنگێ مەسینەیەک ئاو هەڵدەگرێت تا ڕەشییەکە لە دەستی بکاتەوە. گێڕانەوەکانی حاجی زوهدی سەبارەت بە شەنگێ و کاردانەوەی شەنگێ بەرامبەر بە هەواڵی بەشوودانی هەمان ئەو گێڕانەوەیە کە شەنگێ خۆی پێشتر دەیانگێڕێتەوە. ئەمەش سوودی فرەگێڕەرەوەیە کە چۆن هەر گێڕەرەوەیەک

لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و سەرئەنجام هەموو مەوداکانی ڕووداوە جۆراوجۆرەکان و کەسەکان زیاتر ئاشکرا دەبن.

هەروەک لە پشتی گێڕانەوەکانی حاجی زوهدییەوە، بنەما و خاسیەتەکانی کەسێتی بازرگانێکی چاوچنۆک ئاشکرا دەبێت بە هەموو خاسیەتەکانیەوە، کە چۆن تەنیا لە ڕوانگەی ماڵ و سامانەوە سەیری هەموو شتەکان دەکات و چۆن پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بەهای مرۆڤ لەو سامانەدایە کە هەیەتی، واتە ئەگەر کەسێک سامانی هەبوو ئەوا بە ئەندازەی بڕی سامانەکەی کەسێتییەکەی بەرز و بەنرخ دەبێت. لە بەرامبەریشدا ئەو وەکو بارزگانێک یان خاوەن سەرمایەیەک ڕوانینی ئەو توێژە یان ئەو چینە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ڕوو کە پێیان وایە زانست و زانیاری و کتێب شتێک نین کەسێتی مرۆڤەکان بەهێز بکەن و پێگە و پلەوپایەیان بۆ پەیدا بکەن. ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە سامان، یان بە دەربڕینێکی تر ئابووری بوونی کۆمەڵایەتی تاکەکەس دیاری دەکات، ئەگەر ئابووری وەکو بەرهەمی کار سەیر بکرێت، ئەوا نزیکییەک هەیە لە بۆچوونەکەدا، بەڵام بە ئاشکرا دیارە مەبەستی حاجی زوهدی ئەوەیە هەر کەس سامانی نەبێت بوونی نییە، ئەمەش تێڕوانینێکی دژ و ناکۆکە بە کۆی بنەما مرۆییەکان. دیارە ڕوانینەکەی حاجی زوهدی و زۆرێک لەوانەی بەهای مرۆڤ لە سامانەکەیدا دەبینن، ئاوەژووکردنەوەی ئەو بۆچوونە مارکسیانەیە کە پێی وایە کار بوونی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. هەرچەندە تێڕوانینەکەی حاجی زوهدی بازرگان زیاتر لە سەدە و نیوێک لە پێش تێزەکەی مارکسەوە دەرکەوتووە.

-٧-

## بوهاری شاعیرێك له پەراوێزی خانیدا

ئەو شاعیرەیە کە لە گێڕانەوەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن شیعری نووسیوە و بە والی و خەلیفە و سوڵتانی عوسمانیدا شیعری هۆنیوەتەوە و ئەوەشی بە زمانی تورکی کردووە، بە ئومێدی ئەوە بووە ڕۆژێک بێت لە کۆشکی سوڵتان جێگە و پایەی هەبێت. لەبەر ئەو کارەی ئەحمەدی خانی سەرزەنشتی کردووە و هانی داوە بە زمانی کوردی بنووسێت. هەروەک ئەوەشی بۆ باس کردووە کە پێویستە زمانی خۆیی لە زمانی تورکی پێ باشتر بێت، لە کاتێکدا کە ئەو بە کوردی گۆش کراوە و لایلایەی بۆ کراوە. سەرەتا بوهاری ناچێتە سەر قسەی خانی، بەڵام دواتر لەوە بێئومێد دەبێت کە دەنگی بە ئەستانە بگات، ملکەچی داواکەی خانی دەبێت، بەتایبەتیش کە دەبینێت خەڵکێکی زۆر لە خانی کۆبوونەتەوە. بەڵام بوهاری سەرباری ڕق و ئیرەییبردن و غیرەکردنی لە خانی، پەی بەوە دەبات کە بۆچی خەڵکی ئاسایی و فەقێ و کەسانی تریش دەوری خانییان داوە. بوهاری لە گێڕانەوەکەیدا لەوە دەدوێت کە خانی باسی جەور و ستەمی تورک و عەجەمی بۆ خەڵک دەکرد و دژی شەڕ و ئاژاوە و باج و خەراج و ملکانە و ستەمی ئەو دوو دەوڵەتە بەناو ئیسلامییە قسەی بۆ خەڵک دەکرد و هەروەها خۆیشی لە ڕەخنەگرتن لە میر و ئێلاتی خۆپەرست و ئەڵقەلەگوێی کوردان بۆ ڕۆم و عەجەم نەدەپاراست. خانی سەرگەرمی باسکردنی ئازارەکانی خەڵک بوو. ئەوەش وای لە خەڵکی کردبوو بە چاوی ڕێزەوە سەیری خانی بکەن و لە دەوری کۆببنەوە.

دیاره بوهاری ڕقێکی زۆری لە خانی بوو. ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان پلەی شیعری خانی لە ئاستێکدا بوو کە بوهاری لە سێبەری ئەودا شاردرابووەوە. دووەمیش بوهاری کەسێکی پەراوێزخراو بوو لە لایەن خەڵکەوە، لە کاتێکدا خانی جێگەی ڕێز و خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بوو. سەرباری ئەوە بوهاری خۆی دەیگێڕێتەوە کە چامەی "شێتەی سەرحەدان"ی لە مەلا ئەحمەدی خانی دزیوە و پاشان نووسیوێتییەوە. کەواتە بوهاری لە میانەی گێڕانەوەکانیدا، کەسێتی خۆی دەناسێنێت و شووناسی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات کە کەسێتییەکی لاواز بووە و ئامادەبووە و ئاواتیشی خواستووە کە ببێتە شاعیری دەرباری سوڵتان و بەتەنگ زمانی دایکیەوە نەهاتووە. هەروەک لە گێڕانەوەکانیدا دەردەکەوێت کە کەسێکی غیرەکەر و ڕقاوی بووە و پاشانیش دزی ئەدەبیی لە خانی کردووە و تەنانەت ئاواتەخوازی ئەوەش بووە کە بیتوانیایە خانی لەناو ببات. ئەمەش نموونەی شاعیری بچکۆلە و کەسێتی لاواز و گرگنە، کە هەمیشە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە بچووکانە نەک هەر خۆیان خزمەتکاری دەسەڵاتن، بەڵکو بەربەستی سەختیشن لەبەردەم ڕۆشنبیری بە هەڵوێستدا کە خانی نموونەی یەکەمی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە خاوەن فیکر و هەڵوێستەیە و لە پێگەی ڕۆشنبیری ڕەخنەگردایە لە مێژووی ئێمەدا. بوهاریش نموونە نێگەتیفەکەیە کە لە ئێستادا شوێنکەوتووانی بوهاری زۆر لە شوێنکەوتووانی خانی زۆرترن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.

بوهاری لە گێڕانەوەکانیدا ددان بە هەندێ ڕەفتاری ناجۆری خۆیدا دەنێت کە بەرامبەر بە خانی کردوویەتی، لەوانەش باسی ئەوە دەکات کە بیرۆکە و درێژەی چامەی شێتەی

سەرحەدانی لە خانی دزیوە و بە ناونیشانی "دێوانەی بایەزید" نووسیویێتییەوە. بەڵام خەمی گەورەی بوهاری ئەوەبوو کە خانی نە ڕووبەڕووی خۆی و نە لای هیچ کەس بە وشەیەک باسی ئەوەی نەکرد. دیارە ئەم هەڵوێستەش بەهێزی و لێهاتوویی کەسێتی خانی نیشان دەدات. کەسێک دزی لێ بکات و بەردەوامیش بیبینێت کەچی بە وشەیەکیش باسی نەکات. هەروەها بوهاری باسی ئەوە دەکات کە چۆن شووشە مەرەکەبێکی نایابی خانی دزیوە، بە مەبەستی ئەوەی جوانترین شتی پێ بنووسێت. بەڵام سیحری ئەو مەرەکەبەی کە خانی خۆی دروستی کردووە، هاوکات لەگەڵ بارینی مەرەکەب لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی خانیدا کاریگەریی زۆر نەرێنییان لەسەر بوهاری شاعیری کەسێتی لاواز هەبووە. بۆنی مەرەکەبەکە کە لای بوهاری گۆڕاوە بۆ بۆنێکی ناخۆش، وەکو مۆتەکەیەکی لێ هاتووە بەسەر هەست و ناخی بوهارییەوە و گەیشتووەتە ئەوەی مەرەکەب هەڵبهێنێتەوە، بە جۆرێک ناچار بووە بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆی پێ بنووسێت، شووشە مەرەکەبەکە بشکێنێت. بەڵام بەوەش هێشتا لە کاریگەری ترسناکی ئەو مەرەکەبە ڕزگاری نەبووە. دەشێ ئەمە وەها لێک بدرێتەوە ئەوە کاریگەری ئاشکرای کەسێتییەکی خاوێن و گەورەی وەکو ئەحمەدی خانی بووە بەسەر شاعیرێکی کەسێتی لاواز و دز و ملکەچی دەرباری میرەوە. لێرەدا ڕۆڵی ئەرێنی فرەگێڕانەوە ئاشکراتر دەبێت بەتایبەتی کە هەر کەسێتییەک ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە لە درێژەی ڕووداو و جووڵەی پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی نێو ڕۆمانەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە

کەسـێتی ئەوەوە هەیە. لێرەشـەوە بوهـاری دوو ڕاسـتی سـەبارەت بە کەسـێتی خـۆی دەدرکێنێت. یەکەمیـان لاوازی و ئیرەییبردن و ڕق جوولێنەرێتی، کە ئەمانەش خاسێتی کەسێتی نێگەتیفن چ لە ژیانی ئاساییدا، چ لە دەقێکی ئەدەبیدا بەتایبەتی ڕۆمـان کە ژانرێکـی نـزیکە لە واقیـع و ژیـانی نێـو واقـیعەوە. دووەم ددانننـانی ئەم کەسـێتییەیە بەوەدا کە زمـانی تـورکی لە کوردی پێ باشتر بووە، لەبری ئەوەی خەون بەوەوە ببینێت شـیعرەکانی لە لایەن جەمـاوەر و هاوزمانـانی خـۆیەوە پەسـن بکـرێن، لە خەمـی ئەوەدایە سـوڵتانی عوسـمانی و والییەکـان و تەنـانەت میـری بایەزیـد پەسـنی شـیعرەکانی بـکەن. هەروەهـا ددان بەوەشدا دەنێت کە دووجـار دزی لە خـانی کـردووە و بە هیـوای ئەوە بـووە دزی تریـشی لـێ بکـات. جارێـک بیـرۆکەی چامەی شێتەی سەرحەدانی لێ دزیوە، جاری دووەمیش دوێتە مەرەکەبەکەی دزیـوە. خـاڵێکی لە هەمـوو ئەمـانەش نێگەتیفتـر ئەوەیە کە بوهاری بەردەوام ئاواتەخوازی ئەوە بووە کە خانی لەناوبچێت و خۆی ببێتە شاعیری یەکەم. هەر بۆیە باسی ئەوە دەکات بە هەواڵی مردنەکەی زۆر دڵخۆش بووە. دیارە ئەوەش خاسێتێکی زۆر نامرۆڤانەیە بەتایبەتی بۆ شاعیر کە بە حیساب کەسێکی ناسکە، کەچی ئەم بە مردنی کەسانی تر دڵخۆش بێت. کەواتە لێـرەوە دەردەکەوێـت بوهـاری کەسـێتییەکی لاوازی بچووک بووە وەکو کەسێتی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و ئەدیبان کە سەرباری ئەوەی بەهرەیەکی جیاوازیان لە خەڵکی ئاسایی هەیە، بەڵام لە ڕووی کەسێتییەوە لاوازن.

**مەلا فەرید**

کەسێتییەکی تری ناو دەقەکە کە ئەو بەشەی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا پەیوەندی بە خۆی و میرزا سەبری و کابرای دەماکدار و چوونیان بۆ لای خانییەوە هەیە دەگێڕێتەوە، ئەویش مەلا فەریدە. باسی ئەوە دەکات کە چۆن بە فەرمانی میر لەگەڵ میرزا سەبری ڕاوێژکاری میر و کابرای دەمامکداردا نزیکەی بیست ڕۆژێک پێش گیانسپاردنی خانی، چوونەتە لای خانی و ئەو ئێستا بە پەشیمانییەوە گومانی ئەوە دەکات کە لەو سەردانەدا کە بۆ ورپاکردنەوەی خانی و داوای پەشیمانبوونەوە بووە لێی، میرزا و دەمامکدار خانییان دەرمانخوارد کردبێت. مەلا فەرید بە جۆرێک باسی مەرەکەب بارین یان بارانی ڕەش دەکات کە تەنانەت پێش هاوارکردنی تەمیوری فاسق ئەم بینیویتی کە مەرەکەب دەبارێت و پێش ئەوەی بەر کفنەکەی خانی بکەوێت دەبێت بە هەڵم و کفنەکە تەڕ نابێت. ئەمەش لە ئاستی نەگوتراودا بە لای مەلا فەریدەوە بەڵگەی گەورەیی و مەزنی و خاوێنی خانییە کە ئێستا گیانی سپاردووە و لەناو کفندایە، کەچی بارانی ڕەش یان مەرەکەب دەبارێت و بەر کفنەکەی ئەو ناکەوێت. ئەم حاڵەتە هەر ئەوە نەبوو کە مەلا فەرید ڕابچەڵەکێنێت، بەڵکو دڵڕەق و بێسۆزێکی وەکو میرزا سەبری ڕاوێژکاری میریش دەترسێنێت و دەکەوێتە گومانەوە. بەتایبەتی کە ئەو مەلا فەریدی لەگەڵ خۆیدا بردووە بۆ ئەوەی بەرپەرچی بۆچوونەکانی خانی بدەنەوە و ناچاری بکەن داوای لێبووردن لە میر بکات. هەروەک مەلا فەرید لە گێڕانەوەکانیدا پەردە لەسەر فێڵبازی و

هیچوپـووچیی میـرزا سـەبری ڕاوێژکـاری میـر لا دەبـات و هاوکاتیش ناڕاستەوخۆ باسی ساویلکەیی و دەبەنگی خۆیشی دەکات کە چۆن بەو جۆرە کەوتووەتە داوی میرزا سەبرییەوە و ئێستا ئەم خۆی وەکو بەشداری تاوانی دەرمانخواردکردنی ئەحـمەدی خـانی دادەنێـت و دیـارە ئەوەش ئـازارێکی گەورەی ویژدانی بۆ دروست کردووە.

مەلا فەرید باسی دوو خاڵ دەکات سەبارەت بە خانی کە دەشێ بۆ ئەوە باسی ئەو دوو خاڵە بکات هەتا پاساو بۆ باری ویژدانـی خـۆی بهێنێـتەوە، کە هاوکـاری میـرزا سـەبری و دەمامکـداری کـردووە بـۆ وریـاکردنەوەی ئەحـمەدی خـانی مامۆسـتای. یەکەمیـان مەلا فەریـد تـا ئەنـدازەیەک لەبـارەی ڕایەکانی خانی لەسەر ئیبلیس دەچێتە سەر ڕای میرزا سەبری و ئەو هەڵوێستەی خانی کە باسی مەزنیی ئیبلیسی کردووە، بە کارێکی دژی پەیامی خودا دەزانێت. دووەمیشیان سەبارەت بە قـسەکانی خـانی دەربـارەی میعـراج، کە چـۆن خـانی داوا لە پێغەمـبەر دەکـات جـارێکی تـر بچێـتە دیـداری پەروەردگـار و پرسیاری سەبارەت بە زۆر شت لێ بکات کە ئەو پرسیارانەی خانی دیارییان دەکات بە لای مەلای قارس و زۆرینەی مەلای ئەو سەردەمەوە لادانێکی ئاشکرایە لە بنەماکانی ئیسلام.. کاتێ مەلا فەرید لە سەردانیدا بۆ ئەرزەڕۆم مەلایەکی خەڵکی قارس لە خانێکدا دەبینێت، ئەو مەلایە باسی ڕایەکانی ئەحمەدی خانی لەسـەر میعـراج بـۆ مەلا فەریـد دەکـات. کـاتێ مەلا فەریـد دەگەڕێتەوە بۆ بایەزید و دیباجەی مەم و زین دەخوێنێتەوە، دەچێتە سەر ڕای مەلای خەڵکی قارس و بڕوا بەوە دەهێنێت ئەوەی کە خانی نووسیویێتی دژی پەیامی ئیسلامە. کەواتە مەلا فەرید لە گێڕانەوەکەیدا هەوڵ دەدات دەرەچەیەکی ڕزگاربوونی

خۆی لەو ئـازارە ویـژدانییەی بە هـۆی چـوونی بـۆ لای خـانی لەگەڵ نێـردراوەکەی میـردا دووچـاری بـووە بـدۆزێتەوە. ئەو دوو خـاڵەی لە سـەرەوە باسـمان کـردن، مەسـەلەی ئیبلـیس و میعـــراج هەردووکیـــان پاســـاوی مەلا فەریـــدن بـــۆ ئەوەی ناڕاستەوخۆ ڕەوایەتی بدات بە هاوکاریکردنەکەی لەگەڵ میـرزا سەبریدا.

مەلا فەرید لەگەڵ ئەوەشدا کە پاساو بۆ بەشداریکردنەکەی دەهێنێـــتەوە، بەڵام هێـــشتا باســـی ئەو شـــەرم و هەســـت بە ڕووزەردییەی خۆی دەکات کە بەو شەوە و بۆ وریاکردنەوەی خانی کەوتووەتە تەک ڕاوێژکاری میر عەبدولفەتاح و کابرای دەمامکدار. لە ڕاستیدا دەمامک هێمایە بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاســتەقینەی شــتێک. بــۆیە کــاتێ نــاوی دەمامکــدار دێــت لە بەرامبەریدا شاردنەوەی ڕاستی شتێک هەیە، یان ئامادەسازییە بـــۆ ئەنجامـــدانی تاوانێـــک. دیـــارە بە گـــوێرەی ئەم کـــابرا دەمامکـداره، هەردوو لایەنەکەیەتـی. هێنـانی ئەم کەسـەش بـۆ لای زاتێکـی گەورەی وەکـو خـانی لە لایەن میـرزا سـەبرییەوە، یەکێـک لەم دوو ئامـانجەی هەیە. یـان بـۆ ئەوەیە ڕاسـتەوخۆ خانی بکوژێت. یان بۆ ئەوەیە ئەم سیما دزێوە نیشانی خـانی بدات و ناڕاستەوخۆ پێی بڵێت ئەگەر ئەوەی ئێمە بە فەرمـانی میر داوات لێ دەکەیـن، جێبەجێی نەکەیت، ئەوا ئەمە ئیـزرائیلە هێناومـــانە تـــا بیبینیـــت. واتە بۆچـــوونی میـــرزا ئەوەیە کە بەم دەمامکدارە خـانی دەترسـێنێت بـۆ ئەوەی پەشـیمان بێتەوە لە ڕاوبۆچوون و هەڵوێستەکانی.

دیـارە لە نێوەنـدی هەر دەسـتە و گـروپێکـی نەزانـدا، لە هەر بوارێکـدا بێـت ئەگەر تاکەکەســی دانــا و شــارەزا و لێهــاتوو دەربکەوێــت، ئەوا کۆمەڵێــک نەیــاری بــۆ دروســت دەبێــت،

بەتـايبەتی لە ڕیـزی مەلادا ئەوە وەکـو کولتـوور یـان شـتێکی باوی لێ هـاتووە. کە مەلا تـاکە تاکەیـان لـێ دەرچێت، هەمیشـە زۆرینەیـان دیـدێکی سـەلەفیانەیان هەیە بـۆ پەیوەنـدی نێـوان خۆیان و ڕاعی یان وەلیئەمر، ئەمەش وایـان لێدەکات بەردەوام دژی ئەو تاکە مەلا زانا و لێهاتوو و خـاوەن بۆچوونانەیـان بـن کە بڕوا بە شـەعوەزە و شتی پڕوپووچ نـاکەن و ڕای تـایبەتی خۆیـان هەیە لەسـەر ئـایین و شـەرع و کۆی مەسـەلەکان. ئەمە سـەرباری ئەوەی کە پیـاوانی ئـایین تـا ئەندازەیەکی ئاشـکرا بە هۆی ئەو بنەما سـەلەفییەی کە لە فیکری ئایینیدا هەیە، یـان بە هـۆی ئەوەی کە پیـاوی ئـایینی زیـاتر خۆپـارێزن، بـۆیە تـا ئەندازەیەکی ئاشکرا لە دەسەڵاتەوە نزیکن و ئەوەش وایـان لـێ دەکات کە ببنە نەیاری سەرسەختی ئەو تـاکە کەسانەی ڕیـزی خۆیان کە هەڵوێستی جیاواز لەمانیان دەبێت. ئەم هەڵوێستەش بە ئاشکرا بە مەلا فەریدەوە دیارە.

### میرزا سەبری، مرۆڤی پاشکۆ

-٩-

میـرزا سـەبری کە ڕاوێژکـاری میـر بـوو، ئەو بەشـەی ڕۆمـانەکە دەگێـڕێتەوە کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە خـۆیەوە هەیە. هەروەها لە گێڕانەوەکانیشیدا بە هۆی ئەڵقەلەگوێیەوە بۆ میر بە شـێوەیەکی نـامەردانە و بە تەواوی وەکـو چـۆن پیـاوی دەسـەڵات دژی ڕۆشـنبیری خـاوەن هەڵوێـست و ڕەخنەگـر دەدوێت، میرزاش بە هەمان شێوە دژی خـانی دەدوێت. دیـارە ئەوەش شـتێکی ئاسـاییە و ئەوەی لە پیـاوی دەسـەڵات چـاوەڕوان دەکرێـت هەر ئەوەیە کە بـۆ ڕازیکردنـی ئەو دەسـەڵاتەی کە ئەم ملـکەچ و ئەڵقەلەگـوێیەتی، چـی دەربڕینـی

ناشـیرین و چـی نـاهەقییە بەرامـبەر بە ڕۆشـنبیرێکی خـاوەن هەڵوێست و ڕەخنەگر لەسەر دەسەڵات بیکات.

میــــرزا ســـــەبری لە گێڕانەوەکەیـــدا دەیەوێـــت ئەوە بە بۆگێڕەرەوە بڵێت کە میرانی بایەزید زۆر خزمەتی ئەحمەدی خانییان کردووە، بەڵام خانی پیاوێکی بێوەفا و نمەکبەحەرامە، چـــونکە بە دەربڕینـــی ئەو، ئەو هەمـــوو بەخـــشندەیی و یارمەتیـدانەی میرانـی پـێ نەزانیـوە و ڕەخـنەی توونـدی لـێ گرتوون و تەنانەت وەکو میرزا دەڵێت بە ڕەوەند و بێ ئەسڵ و ڕەگوڕیشە ناوی بنەماڵەی میری بایەزیدی بردووە. ئەوەش بە لای میـرزا سـەبرییەوە لە کفـری خـودا سـەختترە و بـێجگە لەوەی کە میـرزا دەیەوێت ئەو دەربـڕینەی خـانی کە لە مەم و زیندا هـاتووە بەبێ بنەمـا بـاس بکـات و لە پاڵ ئەوەشـدا خـانی تۆمەتبــار دەکـــات بە بێـــویژدان و بێوەفـــا و درۆزن. لەگەڵ ئەوەشدا میرزا سـەبری وەکـو هەر پیـاوێکی تـری ئەڵقەلەگوێی دەسەڵات وەسفی لە ئەندازەبەدەری بنەماڵەی میر دەکات و بە خاوەن پایە و مێژوو ناویـان دەبات کە ئەمەش سـووکایەتی و لاوازی کەسێتی میرزا سەبری نیشان دەدات. هەروەها ئەوەش دەخاتە ڕوو کە چۆن بەردەوام دەسـەڵات، بەتایبەتیش پنتەکانی ســەرەوەی دەســەڵات حەزیـان لەوەیە کەسـانی لاواز و پـێگە شـلۆقی وەکـو میـرزا سـەبرییان لێـوە نزیـک بێـت، بـۆ ئەوەی چۆنیان بوێت بەو جۆرە بەکاری بهێنن.

یەکێـک لەو دەربڕینـانەی خـانی بەرامـبەر بە ڕەگوڕیـشەی میر نووسـیوێتی و میـرزا سـەبری وەکـو کفـری خـودا سـەیری دەکـات ئەو دێـڕەیە کە خـانی وەکـو هاوکێـشەیەک دایـنـاوە بـۆ پەیوەنـدی نێـوان ئەسـڵ و ڕەگوڕیـشە و زانـست و ئەدەب. کە دێـڕەکە ئەمەیە: (ئەوێـک زانـست و ئەدەبـی لا نەپەســەندە... بە

ئەسڵ و نەسەبی خۆی وی ڕەوەندە). ئەمەش بە بنەماڵەی میر دەڵێت و بۆچوونەکەی خانی ئەوەیە ئەگەر کەسێک لەو پلەوپایەیەدا دژی زانست و ئەدەب بێت، بە دڵنیاییەوە ئەوە کەسێکە کێشەی هەیە لە ئەسڵ و نەسەبیدا و دەشێ کۆچەری بێت یان لەوانەبێت کە بە خاکەوە نەبەستراون و لە گەرمیان و گوێستاندان، کە ئەوەش قۆناغێکە هێشتا نیشتەجێبوونی تێدا فەراهەم نەبووە و گومانی تێدا نییە قۆناغێکی زۆر دواکەوتووی ژیانە. خانی ڕەگوڕیشەی میر دەگێڕێتەوە بۆ کۆچەری و دەشێ مەبەستیشی قەرەج بێ، هەر ئەوەش دەکات بە هۆی ئەوەی کە میر دژی زانست و ئەدەبە و سەرگەرمی ڕاووشکارە و خولیای تانجی و ئەسپی هەیە. لە پشتی ئەم بۆچوونەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە خانی پێی وایە کەسانی لەم جۆرە لەو ئاستەدا نین بەرپرسیاریێتی بەڕێوەبردنی خەڵک و وڵات بگرنە ئەستۆ.

میرزا سەبری لە گێڕانەوەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە میر عەبدولفەتاح تەواو لە خانی بێزار بووبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لەناو خەڵکدا بڵاو بووبووەوە کە خانی لە گوتارەکانیدا نزا بۆ میر و خەلیفە و سوڵتان ناکات و لەبری ئەوەی بڵێت مسوڵمانینە، دەڵێت کوردینە. هەروەک نارەزایی مەلا و کەسانی تری میرنشینەکانی تر و ژێر دەسەڵاتی والی وان کە هەندێکیان مەم و زینیان خوێندبووەوە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە ئەحمەدی خانی: یەکەم لە ئایینی ئیسلام لایداوە. دووەم بڕوای بە خەلیفایەتی سوڵتانی مسوڵمانان نییە و دەمارگیریی نەتەوەیی ئەو زۆر لە دەمارگیریی مسوڵمانێتی بەهێزترە. میرزا سەبری ڕاوێژکاری میر لە میر داخلەدڵتر بوو

بۆ ئەحمەدی خانی و نەک ڕۆڵی باشی نەبوو، بەڵکو ڕۆڵی هەبوو لەوەی کە میر توندتر و تووڕەتر بکات لە خانی. هەر بۆیە میر ئەرکی بێدەنگکردنی خانی بە میرزا سەبری سپارد. میرزا سەبری لە گێڕانەوەکانیدا ڕەهەندەکانی کەسێتی خۆی نیشان دەدات، کە چەند کەسێکی سووک و بێ ئیتیکە و هەموو شتێکی بۆ ئەوەیە کە پیرۆزی بە کەسێتی میر عەبدولفەتاح ببەخشێت کە لە ڕاستیدا ئەم میرە خاوەنی کەسێتییەکی لاواز بوو، نەزان و ناجێگیر بوو لە بەڕێوەبردندا و بۆ سەرکوتکردنی هاووڵاتیانی خۆی ئازا و توند و دڵڕەق بوو. لە ئاستی میرەکانی تر و والی و سوڵتانی عوسمانیشدا، لاواز و ملکەچ و بێهەڵوێست بوو. میرزا سەبری لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ئەم کەسێتییە لاوازەی بە پاڵەوان و پیرۆز نیشان دەدا و کەسێتییەکی خوێندەوار و زانا و خاوەن هەڵوێستی وەکو ئەحمەدی خانیشی بە دوژمن و نەیاری میرنشین دەزانی. هەروەک ئامۆژگاری میریشی دەکرد کە تا زووتر خانی بێدەنگ بکرێت باشترە، چونکە دەیزانی کە خانی لایەنگری زۆرە و دەشێ بە دژی دەسەڵاتی میر هانیان بدات و ئەوەش ببێتە هۆی ئاژەوە و لەدەستچوونی دەسەڵات لە لایەن میر عەبدولفەتاحەوە. کەواتە هاوشێوەی شێخ سەیفەدینی جبەشین و چەندین مەلای تری بایەزید و دەوروبەری و قەڵەمڕەوی وان، میرزا سەبریش یەکێک بوو لە کەسێتییە نێگەتیفەکانی نێو ئەم ڕۆمانە کە واقیعی کۆمەڵایەتی بەگشتی زۆرێک لەم جۆرە کەسانەی تێدایە کە هەم ترۆپکی دەسەڵاتی گەمژە و نەزان ئاڕاستە دەکەن، هەم بۆ مانەوەی خۆیان ئەو

ترۆپکە ناکارا و هیچ لەبارانەبووە پیرۆز دەکەن، هەم لەوێوە دژایەتی هەر عەقڵ و هەڵوێستێکی دروست دەکەن کە لە لای کەسانی دەرەوەی دەسەڵات دروست ببێت و خۆی نمایش بکات.

میرزا سەبری زۆر بێشەرمانە باسی ئەوە دەکات کە ئەوەی خانی داوا لە کوردان دەکات یەکگرتوو بن و شان بدەنە شانی یەکترەوە، ئیتر تورک ناتوانێت خۆیان بەسەردا ڕابوەشێنێت، وەکو کفر و لە ئیسلام لادان باس دەکات و پێی وایە سوڵتانی تورک جێنشینی خەلیفەی ئیسلامە و بە پێی شەرعیش دەبێ هەموو مسوڵمانێک ملکەچی فەرمانی خەلیفە بێت کە ئەو وەلیئەمرە. هەروەها لە گێڕانەوەکانیدا زۆر بێشەرمانە بە شانوباڵی دەسەڵاتدارانی تورک و والییەکاندا هەڵدەدات و وای نیشان دەدات کورد لە سایەی ئەواندا دەتوانێت بژی و ئەوە تورکەکانن کە ژیان و ئاسودەییان بۆ کورد مسۆگەر کردووە. لێرەدا دوو هەڵوێستی جیاوازی دژ بەیەک دەردەکەون. هەڵوێستی ئەحمەدی خانی کە بریتییە لە هەڵوێستی ڕۆشنبیرێکی نیشتیمانپەروەری پەیبردوو بە گەوهەری ئیسلام و پڕوپووچیی ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەبێ هەمووان ملکەچی فەرمانی خەلیفەی مسوڵمانان بن. ڕۆشنبیرێک کە بە باشی لەوە تێگەیشتووە کوردیش وەکو نەتەوە و ڕەگەزەکانی تر مافی خۆیەتی خاوەنی خۆی بێت و بڕیاری لە دەستی خۆیدا بێت. لەو ڕووەشەوە لە لایەک داوا لە ئێلاتی کورد دەکات کە یەک بگرن و یەکێتییان هەبێت. هەروەها داوا لە میرانی کورد دەکات لەوە زیاتر ئەڵقەلەگوێ نەبن و ملکەچی والی و سوڵتانی عوسمانی و پاشای سەفەوی

نەبن. لە بەرامبەردا هەڵوێستی ترسنۆکانە و ملکەچانە هەیە، کە ئەویش لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندایە، ئەویش هەڵوێستی خودی میرە کوردەکان و کەسانی کاسەلێسی وەکو میرزا سەبری و شێخ سەیفەدینی جبەشین و چەندانی تر لە مەلا و خاوەن بەرژەوەندییەکان و ئەوانەی کە کوێرانە و نەزانانە دوای ئیسلام کەوتوون و پێیان وا بووە کە کورد دەبێ ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی خەلیفەی ئیسلام و ئەو والی و میرانە بێت کە خەلیفە دایان دەنێت. بۆچوون و هەڵوێستەکانی خانی لە چوارچێوەی دەقی میرنامەدا، لە ئاستی قووڵدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ئەو تێڕوانینە ئاوەژووەی کورد بۆ دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی وەکو خەلیفەی ئیسلام و ئەرکی مسوڵمانیش بۆ پەیڕەوکردنی هەموو فەرمانێکی خەلیفە، ئەو تێگەیشتنە ئیفلیجەیە کە بە درێژایی مێژووی ئیسلام کوردی بە پاشکۆیی هێشتووەتەوە و بەربەست بووە لەوەی کە کوردیش هەوڵ بدات ئایینی ئیسلام لە پێناوی دروستکردنەوەی کەسێتی خۆیدا بەکار بهێنێت و لەوێشەوە هەوڵ بدات هەر چۆن فارس ئایینیان کردووەتە ئامراز لە پێناوی زیندووکردنەوە و بونیادنانەوەی کەسێتی خۆیاندا و تورکیش کە چەند خێڵێک بوون لە قەوقاز و ئاسیای ناوەندەوە هاتوون و بوونەتە مسوڵمان و توانیویانە ئایینی ئیسلام بخەنە خزمەتی خۆیانەوە و لەو ڕێگەیەشەوە بۆ ماوەی دووردرێژ فەرمانڕەوایی ڕووبەرێکی فراوان لە جیهانی ئیسلامی بکەن بە بەشێکی فراوانی وڵاتی کوردانیشەوە. بەڵام دیارە کورد ئەمەی نەکردووە، یان بۆی نەکراوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش لە ئاستی یەکەمدا لاوازی کەسێتی کوردی بووە کە پێشتر و لە فەتحی ئیسلامیدا

کەسێتییەکەی تێکشکێندراوە و گەیەندراوەتە ئاستێکی هەست بە بچووکیکردن کە نەتوانێت بە پێوە بوەستێت. هۆکاری دووەمیشی کە نەیتوانیوە سوود لە ئیسلام وەربگرێت بۆ زیندووکردنەوەی کەسێتی خۆی، بە هۆی ئەوەوە بووە کە کورد بووەتە سوونەی شافیعی کە ئەم مەزهەبەش مەزهەبی ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی بووە و لەم ڕووەشەوە کورد لەناو ئیسلامدا تواوەتەوە، یان توێنراوەتەوە و بۆشاییەکی گەورە لەنێوان سەردەمی ئیسلامبوونی و ژیانی ڕابردوویدا واتە ژیانی پێش ئیسلامبوونیدا دروست بووە، بە جۆرێک پەیوەندی ئەوتۆی بە ڕابردووی پێش بەئیسلامبوونیەوە نەماوە و ئەو ڕووبەرەی کە پێی دەگوترێت یادەوەریی ڕابردوو، لای ئەم سڕاوەتەوە. ئەوەش ڕەگوڕیشەی ئەمی وەکو نەتەوە بە ڕابردووەوە تا ئەندازەیەک پچڕاندووە کە ئەو ڕەگوڕیشەیە و ئەو ڕووبەرەی یادەوەریی مێژوویی یان ڕابردوو زۆر گرنگە لە پرۆسێسی ژیانەوە و ڕابوونەوە و خۆدروستکردنەوەدا. میرزا سەبری دەڵێت: خانی چی لێ قەومابوو، تاکو بڵێت: با کوردان یەکگرن، تاکو ڕۆم و عەجەم سەروبەر ببنە خوڵام و نۆکەریان. سەیرە ئێمە نۆکەری تورکانین و شانازی و شکۆ و سەربەرزیمان بەوانەوەیە.. ئەوان پارێزەری دین و دەوڵەتن.. ئەو تانەیەی لە عەجەمانی داوە جێی خەم نییە، ئەوان دوژمنی مەزهەبی ئێمەن، بەڵام بۆچی ڕۆم؟ (میرنامە-ل١٠٥). لێرەوە تەواو ئاشکرایە کە تێڕوانینی باو و باڵادەستی ئەو کاتە مێژووییەی ڕۆمانەکە لێی دەدوێت و تەنانەت تاکو ئێستاش لای کورد سەبارەت بە شوێنی ئەو لە ئاییني ئیسلام و پەیوەندی بە داگیرکەرانی کوردستانەوە لە ڕۆم و عەجەمی ئەوسا و فارس و تورک و

عەرەبی ئێستا چییە و چۆنە. کە میرزا سەبری ڕاوێژکاری میری بایەزید لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەیەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا بە ئاشکرا و بێپەردە ئەو هەڵوێستە ئاشکرا دەکات کە بۆ ئێستاش لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی هەمان بۆچوون وەکو ئەوسا زیندووە و ئامادەبوونی هەیە و کار دەکات و ئەوانەی لە نەزانییەوە بێت یان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا بێت یان لەژێر کاریگەریی کەسێتی لاواز و تێکشکاویاندا بێت کە گۆرانی بە باڵای تورک و فارس و عەرەبدا دەڵێن کەم نین، کە ئەوەش هۆکاری سەرەکی مانەوەی تا ئێستای کوردە بە پاشکۆیەتی.

میرزا سەبری لە گێڕانەوەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو شەوە خۆی و مەلا فەرید و کابرای دەمامکدار، کە ئەو بە ئامۆزای خۆی ناساندبووی، کە لە بنەڕەتدا پیاوێکی خراپ یان خراپکراو بوو، وەکو کیمیاگەریش وا بوو، چونکە ماوەیەک بەو کارەوە خەریک بوو بوو. بە باشی دەیزانی چۆن دەرمان و تەنانەت ژەهر ئامادە بکات. دیارە میرزا سەبری کابرای دەمامکداری بۆ ئەوە بردبوو بە شێوەیەک خانی دەرمانخوارد بکات. میرزا سەبری خۆی باسی ئەوە دەکات کە خانی لە مەسەلەی ئیبلیس و میعراجدا بە بەڵگەی ئایەتی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر وەڵامی دابوونەوە و ئەمان بەتایبەتی مەلا فەرید نەیتوانیبوو لە ڕووی زانایەکی گەورەی وەکو خانیدا زمانی هەڵبێنێت. بەڵام دەمامکدار هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسابوو کە نەوتی چراکەی خانی بگۆڕێت بۆ ئەوەی ژەهرخواردی بکات. لێرەوە ئەوەندەی تر دڕندەیی و نامرۆییبوونی میر عەبدولفەتاح وەکو نموونەی دەسەڵات و میرزا سەبری وەکو

ڕاوێژکـار و ئەڵقەلەگـوێی ئەو دەســەڵاتە و دەمامکـدار وەکـو کەسێکی لە هەموو بنەمایەکی مرۆیی داماڵراو و مەلا فەریدیش وەکـو مەلا و ڕۆشــنبیری بێهەڵوێـست و ملکەچـی دەســەڵات دەردەکەوێــــت، کە چـــۆن بە هەموویـــــان لە هەڵوێـــــستی ڕۆشنبیرێکی خاوەن هەڵوێستی وەکو خـانی دەترسـن و پلانـی لەناوبردنی دادەڕێژن. لێرەوە لە گێڕانەوەکانی میرزا سـەبریدا جـارێکی تـر بـایەخی فرەگێـڕەرەوە دەردەکەوێت کە چـۆن لە لایەک زیـاتر لە کەسـێک هەمـان ڕووداوەکـان دەگێـڕنەوە و ســەرئەنجامیش دەردەکەوێـت کە گێـڕانەوەی ڕووداوەکـان لە لایەن کەســانی جۆراوجــۆرەوە هەمــان شــێوەن، هەروەهــا سەرباری تیشکەنیگای هەر گێڕەرەوەیەک بۆ هەر ڕووداو یان کەســێتییەک، بەڵام خـــاڵێکی ئاشــکرا دەبینرێــت کە نیگــا و بینینەکان لەو خاڵەدا کۆدەبنەوە و هەر ڕووداوێکی تایبەتی یان هەر کەسێتییەک لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە سەیر دەکرێت، ئەوەش وا دەکـات کە کـۆی ڕەهەنـدی ڕووداو و کەسـەکان بە ئاشکرا ببینرێن. ئەوەش زیاتر سیما و خەسڵەتی کەسەکان لە ڕۆمانـدا ئاشــکرا دەکـات. کە لەم ڕووەوە کەســە دیارەکــانی ڕۆمــــانی میرنــــامە بە ئاســــانی دەناســــرێنەوە و هەر یەکە شووناسـی دیـاری خـۆیی هەیە و بە شـێوەیەکی سروشـتی و دوور لە هەر بەزۆر خــستنەپاڵێکی میکانیکــانە، کەســەکان لە ڕێگەی دەربڕینەکانی خۆیان و لە ڕێگەی جووڵە و کارەکانیـان و بەشـداریکردنیان لە ڕووداوەکانـدا، سـیمای کەسـێتی خۆیـان دیاری دەکەن. لە لایەکی تریـشەوە کەسـەکان ئاسـایی کەسـانی ناو واقیعی کۆمەڵایەتین و ڕاستە کەسـێتی قۆنـاغێکی مێژوویـی پـێش سێـسەد سـاڵ لە ئێـستای کـۆمەڵگەی کـوردین، بەڵام بە بەراوردکـردن لەنێـوان ڕووداوەکـانی ئێـستای نێـو کـۆمەڵگەی

کـوردی و ئەو قۆنـاغەی کە ئەحـمەدی خـانی تێـدا ژیـاوە و کوردستان لەنێوان بەرداشی تورکی ڕۆمی و عەجەمدا هاڕاوە و ئێـستایەک کە ئـێمەی تێـدا دەژیـن و کوردسـتان هێـشتا بە ئاشکرا دابەشبووی ژێر سایەی هەژموونی نەوەکانی تورکی ڕۆمـی و نەوەکـانی سـەفەوی و قاجـارییە، ئەوا بە ئاشـکرا دەردەکەوێـت کە جـان دۆسـت وەکـو بەرهەمهێنـی ئەم دەقە، چەنـد بە وردی ئەو مێـژووە شکـستخواردووەی ئـێمەی خوێندووەتەوە و چەند بە وردیش لە بونیادی کەسێتی کورد تێگەیشتووە کە کەسێتییەکی تێکشکاو و پاشکۆیە و نەک هەر لە سەر ئاستی کۆمەڵگە، بەڵکو هەر چۆن لە ڕابردوودا میر و سـەرخێڵی ئێلاتـی کـورد پیـاوی تـورک یـان عەجەم بـوون، ئێستاش هەمان شێوە حیزب یان بەرپرسی حیزبی کوردی لە کوردسـتانی گەورەدا جێگـرەوەی میـر و سـەرخێڵەکانی ڕابردوون و ئێستاش هەر ملکەچی ئەوانی ترن، واتە ئەوانی داگیـرکەر کە پێـشتر بە نـاوی خەلـیفەی ئیـسلامەوە خـوێنی کوردیـان دەمژی، ئێستاش بە ناوی برایەتی درۆینەی نێوان نەتەوەی سەردەسـت و نەتەوەی بندەسـتەوە کە بندەسـتەکە ئـێمەین، دەمـانکوژن و وڵاتمـان وێـران دەکەن و سـامانمان دەبەن بۆ خۆیـان. واتە هەر چۆن لە ڕابردوودا ئێمە قوربانیی ڕێگەی نەزانی و دواکەوتوویی و لاوازیی میر و سەرخێڵ و عەقڵ و ستراتیژی خێڵ بووین، لە ئێستاشدا بەدەست هەمان کێشەکانی ڕابردووەوە دەناڵێنین، ئەویش بە هۆی ملکەچی و وابەستەیی و بچووکی حیزب و بەرپرسانی حیزبی کوردییەوە بۆ ئەوانی داگیرکەرانی کوردستان لە ئێستادا.

**دۆستۆی ورمێیی دەنگبێژ**

کەسـێکی تـر کە بەشـداری گێـڕانەوە دەکـات دۆسـتۆی دەنگبێـژە. ئەو سـەرباری ئەوەی شووناسـی خـۆی ئاشـکرا دەکات و باسی ئەوە دەکات کێیە و لە کوێوە هاتووە و چۆن لە دەنگخۆشیدا چووەتەوە سەر باوکی و بەتایبەتی باسی ئەوە دەکات کە چۆن باوکی پێش ئەم بە گۆرانی بەسەرهاتی قەڵای دمـدمی لە دیوەخـان دەچـڕی. هەروەهـا دۆسـتۆ باسـی ئەوە دەگێـڕێتەوە کە خانی بە چەند مانگێک پـێش ئەوەی نەخـۆش بکەوێت و گیـان بسـپێرێت، ئەم بەسـەرهاتی قەڵای دمـدمی بە گۆرانی بۆ گێڕاوەتەوە. هەروەها دۆستۆ باسی غەمگینی خۆی بۆ کۆچی دوایی خانی دەکات و دەشپرسێت: ئایا دەبێت خانی فریـــای ئەوە کەوتبێـــت کە بەســـەرهاتی قەڵای دمـــدم و تێکشکاندنی قەڵا بە دەستی شاعەباسی سەفەوی وەکو مەم و زین بە شیعر نووسیبێتەوە؟ بەڵام دیارە دۆستۆ هیچ وەڵامێکی ئەو پرسـیارەی دەسـت ناکەوێـت، هەرچەنـدە باسـی ئەوەش دەکـات کە لە کـاتی نەخۆشـکەوتنی خانیـدا چەنـد جارێـک سـەردانی ئەوی کـردووە. لێـرەدا ئەوە ئاشـکرا دەبێـت کە نووسـەر نایەوێـت بە شـێوازێکی دوور لە ئامادەکـاری، خـانی وەها پێشکەش بکات کە لەخۆوە یان لە غەیبەوە هەموو شتێک دەزانێت، بەڵکـو خـانی وەهـا پێـشکەش دەکـات کە مرۆڤـێکی ئاسـاییە، بەڵام بە هەوڵ و کۆشـشی خـۆی بە خوێنـدنەوە، بە بەدواداچوون، بە گەڕان، بە گوێگرتن و پاشان بیرلێکردنەوە و لێڕامـــان و هەڵـــسەنگاندن و نەخـــشەبۆدانان و کـــارکردنی بەردەوام لە نووسـین و خوێنـدنەوەدا بـووەتە ئەو کەسـێتییە بەئاگـایەی کە وەکـو یەکەمـین نمـوونەی مـنەوەر و داهێـنەر و پەیبردوو بە مەسـەلەی نەتەوە و نیشتیمان لە مێژووی ئێمەدا

دەربکەوێت، لە مێژوویەکدا کە هێشتا مەسەلەی نەتەوایەتی و پەیبردن بە پێداویستییەکانی یەکبوون و یەکێتی نەتەوەیی لە ڕۆژئاوایش پەرەی نەسەندبوو.

لە گێڕانەوەکانی دۆستۆدا سەبارەت بەوەی کە چۆن خانی پێش مردنی، ئەمی بانگ کردووە و داوای لێ کردووە جارێکی تر بەسەرهاتی قەڵای دمدم و کوشتنی پیاوە دیارەکانی موکریانی لە لایەن عەجەمەوە بۆ بڵێتەوە. هەروەک باسی ئەوەش دەکات کە خانی لەو کاتەدا کە ئەم بەسەرهاتەکەی بۆ دەگوتەوە، ئەو لەسەر کاغەز چەند شتێکی نووسیوە. لێرەدا سەرنجمان بە لای ئەوەدا دەچێت کە چۆن مێژووی ڕابردووی ئێمە مێژوویەکی زارەکی بووە و لە شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی یان زیاتر لە شێوەی بەیت و گۆرانیدا دەنگبێژان ڕێکیان خستوون و بە گۆرانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی نێو دەوار و دیوەخاندا گوتویانەتەوە و دەمبەدەمیش ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە گواستراونەتەوە. کە ئەمەش شێوازی گێڕانەوەی زارەکی مێژووە. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین میرنامە ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ ئەوە دەکات کە مێژووی ئێمە لە ڕابردوودا مێژوویەکی زارەکی بووە، هەر بۆیە دەشێ بەشێکی زۆری لە بیر چووبێتەوە، یان وەکو ئەوە نەگێڕدرابێتەوە کە لە ڕاستیدا لەسەر زەمینەی واقیع ڕوویداوە. هەروەک لە لایەکی تریشەوە جۆرێک لە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕابردوودا کۆمەڵگەی دەرەوەی نووسین و تۆمارکردن بووە، کە ئەوەش خاسیەتی کۆمەڵگەی سەرەتایی یان کۆمەڵگەی سروشت یان ناو سروشتە، کە ئەویش قۆناغی کۆمەڵگەی پێش شارە یان کۆمەڵگەی پێش ڕۆشنبیرییە. کەواتە ڕۆمانی میرنامە هەر ئەوە نییە باسی پێگە و هەڵوێستی

ڕۆشنبیرێکی دەگمەن دەکات لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی پەراوێزی مێژوودا، بەڵکو ناڕاستەوخۆ سروشتی ئەو کۆمەڵگەیەش لەو قۆناغەدا دەخاتە ڕوو کە ڕۆمانەکە لێی دەدوێت. هەروەها لەپاڵ ئەوەشدا ڕۆڵی ڕۆشنبیری دەگمەن دەردەخات کە چۆن لە قۆناغێکی وەها دواکەوتوودا ئەو سەرقاڵی تۆمارکردنی ڕابردووی نەتەوە، یان کۆمەڵگەکەیەتی بە مەبەستی ناسینی ئەو ڕابردووە و لە ڕێگەی ئەویشەوە زەمینەخۆشکردن بۆ تۆماری ئەو ڕابردووە لە پێناوی ئێستا و بوونی بە پایەیەک بۆ بونیادنانی داهاتوو. ئەحمەدی خانی لە تۆمارکردنی مەم و زیندا سەرباری بەرهەمهێنانی دەقێکی داهێنراوی باڵا، دیسان ئەو ڕابردووەش لە ڕێگەی دەقەکەیەوە تۆمار دەکات.

**ڕەجەبی بەرگدروو لەنێوان سەرکێشی و کشانەوەدا**

کەسێکی تری ڕۆمانەکە کە بەشداری کاری گێڕانەوە دەکات، ڕەجەبی بەرگدرووە. ڕەجەب لە گێڕانەوەکانیدا شووناسی خۆی ئاشکرا دەکات کە هیچ کەسی نییە و تاکە ئومێدێک لە ژیانیدا هەیبووبێت یارەکەی بووە، ئێستا ئەویشیان بەمێرد داوە و ئەو تروسکەی کە بە بایەزیدیەوە دەبەستەوە ئەویش کوژاوەتەوە. ڕەجەب بەرگدروویی دەکرد و یەکێک لەوانەشی کە جلوبەرگی بۆ دەدووری یان چاک دەکرد، ئەحمەدی خانی بوو. هەر بۆیە کاتێ ڕەجەب بڕیار دەدات بڕواتە ئەستانە، یەکەم کەس بڕیارەکەی بۆ خانی باس دەکات، بەڵام خانی وریای دەکاتەوە کە ئەستانە شوێنێکی دوور و ئاڵۆزە و باشتر وایە ڕەجەب لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە، بەڵام ڕەجەب هەر سوور دەبێت لەسەر بڕیاری خۆی. ئەو

کات خانی ئامۆژگاری دەکات کە خۆی لە بیر نەکات و ئاگادار بێـت کە ئەو کـوڕی ئەو خـاک و ئـاوەیە و هەروەهـا پێـشی دەڵێــت ئەســتانە مــرۆڤ قــووت دەدات و نزیکبــوونەوە لە تورکانیش کارەساتە.

لە هەڵوێـستەکەی ڕەجەبـدا دەردەکەوێـت کـاتێ مــرۆڤ پەیوەندیی ڕۆحی بە شوێنێکەوە یان بە کەسێکەوە دەپچڕێت و نامێنێـت، ئیتـر پاڵنەرێـک نامێنێـت بـۆ مـانەوە لەو شـوێنە یـان لەگەڵ ئەو کەسـە. بـۆیە دوورکەوتـنەوە دەبێـتە ئامـانج و لە ئاســتێکی تریــشدا دوورکەوتــنەوە گەڕانە بــۆ دۆزیــنەوەی جێگـرەوە و پڕکـردنەوەی ئەو بۆشـاییەی کە دروسـت بـووە، بەتایبەتی بۆشایی ڕۆحی و سۆزداری کە بەرگەگرتنی ڕەنگە کـارێکی ئاسـان نەبێت. هەر ئەم هۆکارەشـە کە ڕەجەب پـاڵ دەنێـت بەرەو لەبەرگرتنـی سـەفەری دوورودرێـژ و ترسـناک بەرەو نادیـار، کە ئەمەش جـۆرێکە لەسەرکێـشییەکانی مرۆڤـ لەپێناوی پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحی و سۆزدارییەکانیدا.

لە لایەکــی تــرەوە ئامۆژگارییەکــانی خــانی بــۆ ڕەجەب سـەبارەت بە خـاک و زێدی خـۆی و پاشـان ڕۆیشتنی بۆ نـاو گەورەتــرین شــاری تورکــان، لە ئاســتی یەکەمــدا تێڕوانینــی فراوانــی خــانی نیــشان دەدات، کە چــۆن مــرۆڤ لە شــارە گەورەکانــدا دەشــێ ون ببێــت بە جۆرێــک کە شووناســی ڕاســتەقینەی خۆیــشی بیــر بچێــتەوە. هەروەهــا تێڕوانینــی ئاشکرای خانی لەسەر تورک نیشان دەدات، کە بە ڕوانینی ئەو تورک جۆرە پێکهاتە یان نەتەوەیەکن مرۆڤ لە دوورەوە لێیان بێزارە، نەخوازەڵلا ئەگەر بکەوێتە سایەیانەوە و لە گەورەترین شاری ئەواندا بژی. ڕاستە خراپیی سیاسـەتی تورک بەرامبەر بە نەتەوەکــــی خــــانی ڕۆڵــــی کــــاریگەری هەبــــووە لە

بەرجەستەکردنی ئەو تێڕوانینەی خانیدا، بەڵام دیسان جۆرێک لە بنەمای بە جیاواز ڕوانین بۆ ڕەگەز و ئیتنیکە جیاوازەکانی تێدایە. ئەگەرچی ڕەنگە کارێکی نەشیاو بێت بۆ سەردەمەکەی خانی باسی بنەماکانی ڕەیسیزم بکرێت، بەڵام ئەگەر هەستکردنێکی وەهاش لە دەربڕینەکانی خانیدا هەبێت ئەوە سیاسەتی خراپی ئەوی تورکی داگیرکەر ئەو هەستەی دروست کردووە. هەروەک دەشێ وەهای لێک بدەینەوە ئەوە تێڕوانین و بیرکردنەوەی بەرهەمهێنی دەقی میرنامەیە لە کەسێتی خانیدا و لە دوای نزیکەی سێسەد ساڵ و پاش ئەو ماوە درێژە لە کۆچی دوایی خانی و لە ئەنجامی سیاسەتی شوڤێنیانەی تورکدا، ئەم نووسەرە دیارەی ئێمە بەو جۆرە لە ژێر عەباکەی ئەحمەدی خانییەوە گوزارشت لە تێڕوانینی خۆی بەرامبەر بە تورکی داگیرکەری ڕووبەرێکی هێجگار فراوان لە وڵاتەکەی خۆی دەکات.

رەجەب ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن گەیشتووەتە ئەستەمبوڵ و هەروەها باسی گەورەیی شارەکە و خواست و خەونەکانی خۆی لەو شارەدا دەکات، کە گەیشتنە بە کۆشکی سوڵتان و بوونێتی بە بەرگدرووی ئافرەتەکانی ناو حەرەمی کۆشکی سوڵتان. کە ئەو حەز و خەونەی سەرئەنجام دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی و فڕێدانی بۆ زیندان. تا دواجار بە هۆی دووریی دەستێ جلەوە بۆ بەرپرسی زیندانەکە، ئازاد دەکرێت. ڕەجەب لە گەیشتنی بەو شارە گەورەیەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان دووچاری نامۆبوون دەبێت. نامۆبوون بەرامبەر بە شوێن، کە ئەوەش سەرئەنجام نامۆبوون بەرامبەر بە خودی خۆیی لێ دەکەوێتەوە. لە ئەنجامی ئەو نامۆبوونەدا ڕەجەب بەرەو جۆرێک لە ونبوون دەچێت، واتە ونبوونی کەسێک لە

ئەنجامی گۆڕینی شوێنی ژیانیدا، کە لە ژینگەیەکی بچووک یان شارۆچکەیەکەوە کە بایەزیدە و لەچاو ئەستەمبوڵدا شوێنێکی زۆر بچووکە، دەگوازرێتەوە بۆ شارێکی گەورە و جەنجاڵی وەکو ئەستەمبوڵ.

پاشان ڕەجەب کە لە بایەزیددا وەکو بەرگدروویەکی شارەزا دەناسرا، لە ئەستەمبوڵدا دەبێتە شاگردی بەرگدروویەکی تر. ئەمەش ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە چۆن شارەزایی لە ژینگەیەکی نیمچەلادێدا، ناتوانێت لە ژینگەی شاردا بە هەمان پێوانە بپێورێت و هەمان ئەو شووناسەی پێ ببەخشرێت کە لە ژینگە یان زەمینە ناوچەیی یان سنووردارەکەدا پێی بەخشراوە. ئەوەتا ڕەجەب بەرگدرووی شارەزای بایەزید، لە ئەستەمبوڵ دەبێتە شاگرد. دیارە لەو کارەشیدا بە هۆی ئەوەی کە ئەم پەروەردەی کولتووری سادەی لادێیە، سەرئەنجام کچە شارییەک کە ناوی (ئێمای بۆسنایی)یە فریوی دەدات و بە ناوی عیشق و خۆشەویستییەوە پارەکانی خاوەن کارەکەیی لێ دەبات و ڕەجەب جارێکی تر دەکەوێتەوە خۆشاردنەوە و کارەکەی بەجێ دەهێڵێت. بێگومان لێرەشدا دوو کەس دەبینین، یەکێکیان پەروەردەی کولتووری شار کە جۆرێک لە ئەزموون و فێڵ و توانای فریودانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە ئەو کەسێتییەی نوێنەر و هەڵگری ئەم کولتوورەیە ئێمای بۆسناییە، لەبەرامبەر ئەم کەسێتییەدا، کەسێتی ڕەجەب هەیە کە هەڵگری کولتووری سادەی لادێیە و ئەزموونی ڕاستبێژی و سەرڕاستی و دەرخستنی خۆی وەکو ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەیە و ئەو سادەییەش سەرچاوەی متمانەبوونیەتی بە هەموو ئەوانی تر و ئەوەش وای لێ دەکات کە هیچ گومان و دوودڵی و ترسێکی

نەبێت لە ئیمای بۆسنایی و هەرگیز تەسەوری ئەوەی لێ نەکات کە بەمەبەستی دزینی پارەکانی دوکانەکە بەو جۆرە خۆی لێ نزیک کردووەتەوە.

ڕەجەب لە ترسی لێپرسینەوەی خاوەن دوکانەکەی هەڵدێت و ڕوو لە مزگەوتەکان دەکات و دەکەوێتە ناو کۆڕی سۆفیانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییەوە. لەوێشەوە ناوی لە ڕەجەبەوە دەگۆڕێت بۆ دەلی کورد. دیارە سەرباری خەم و نیگەرانیەکانی، ڕەجەب ئەوەی پێ خۆش بوو، چونکە ئەوە وای دەکرد کە خاوەن دوکان نەیدۆزێتەوە و ئەو پارەوپولەی پێ نەبژێرێت کە ئیمای بۆسنایی لێی دزیبوو. لە گێڕانەوەکانیدا ڕەجەب خۆی وا پێشکەش دەکات کە ئەم هیچ کەس و خزم و هاوڕێ و دۆستێکی نییە، واتە بە جۆرێک خۆی وەکو کەسێکی بێ شووناس پێشکەش دەکات. دیارە ئەو پاشخانەی ڕەجەب کە بەو جۆرە و بێ شووناس خۆی پێشکەش دەکات، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی بە ئاسانی ناوی لە ڕەجەبەوە بگۆڕێت بۆ دەلی، یان هەر ناوێکی تر. هەر ئەو بارەی کە ڕەجەبی تێدایە پاڵی دەنێت بۆ بارێکی خراپتر، واتە بارێک خۆی بدات بەدەم شەپۆلێکی نەناسراوەوە بۆ کوێی هەڵ دەگرێت هەڵیبگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕەجەب لەو بارودۆخە خراپەوە کە تێیدایە بەرەو ونبوونێکی زیاتر دەچێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕەجەب وەها سەیری خۆی دەکات کە ژیان بەو شێوەی ئەو هیچ مانایەکی نییە و بەردەوامبوونی لە ژیان بێبەها سەیر دەکات. تا دواجار لە ئەنجامی گوێگرتنی لە بانگەواز و بانگەشەی مەلای مزگەوتەکان بۆ جیهاد دژی کافران کە سوڵتان مستەفا ڕایگەیاندبوو، ئەمیش بڕیاریدا ڕێگەی جیهادکردن لەبەر بگرێت. کە ئەوەش بۆ ڕەجەب

ئومێدێکی نوێ بوو، چونکە بە بۆچوونی خۆی و وەکو ئەوەی لە ڕێگەی ئیسلامەوە تێگەیشتبوو، ئەگەر شەهید بووبووایە ئەوا لەو دنیا دەبووە خاوەنی حەفتا حۆری و جۆگەی شەراب و هەنگوین و میوەی جۆراوجۆر، ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست هات و شەهید نەبوو، دەبێتە خاوەنی کەنیزەک و دەستکەوت و ناو و شکۆ. ئەمەش بە هەر لایەکیاندا بێت، سەرکەوتن بێت یان شەهیدبوون، بۆ ڕەجەب هەر سەرکەوتنە، واتە بۆ ئەو دۆزینەوەی جۆرێکە یەقین و دڵنیایی و ڕێگەی بەرەو ئایندەی ڕووناک دەبێت، یان بەهەشت و حۆری و هەموو بەخشینەکانی تر، یان سەرکەوتن و کەنیزەک و هەموو دەستکەوتەکانی تری پێویست بۆ ژیان.

## مەلای فریودەر و غەزای درۆ

دوای ئەوەی ڕەجەب چووە ڕیزی سوارەوە لە سوپاکەی سوڵتان مستەفادا و بەرەو مەجەڕستان و ڕۆژئاوا هێرشیان برد و بە ئومێدی ئەوە بوون بگەنە نەمسا، لەناکاو لەسەر ڕووبارێک لە کاتی پەڕینەوەدا سوپای دوژمن پەلاماری دان و تێکوپێکی شکاندن. سەدری ئەعزەم کوژرا و سوڵتان هەڵهات. لەو کاتەدا ڕەجەب تێگەیشت ئەوەی بۆی هاتوون نە غەزایە و نە فەرمانی خوادایە، بەڵکو جۆرێکە لە چاوچنۆکی و پاوانخوازی سوڵتان و لەو پێناوەشدا خەڵکێکی زۆری بەکوشتدا. هەر لەو کاتانەدا کە ڕەجەب بە هەزار زەحمەت ڕزگاری بوو، بە خەیاڵ گەڕایەوە بۆ بایەزید و گوێی لە ئاخاوتنەکانی خانی بوو کە پێی دەگوت ئەم خاک و ئاوەت بیر نەچێت. ئەمەش گەڕانەوەی ڕەجەبە بە خەیاڵ، یان لە ڕێگەی فلاشباکەوە بۆ بایەزید. هەروەک زرنگانەوەی ئاخاوتنەکانی

ئەحمەدی خانی لە گوێیدا، وەکو سەرەتایەک بۆ خۆناسینی ڕەجەب دەردەکەوت، بەتایبەتی کە زانی ئەوەی بۆی هاتوون بێجگە لە شوێنکەوتنی کوێرانە و فریوخواردن بە بانگەوازی مەلا درۆزنەکانی ئەستەمبوڵ بۆ جیهاد دژی کافران، هیچی تر نەبوو. هەر لەو کاتەدا ڕەجەب دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە کوشتنی ئەو لە شەڕێکی لەو جۆرەدا بێجگە لە کوشتن لە پێناوی درۆدا هیچی تر نییە و بەهای ئەو و کێچێک لەناو دەستی کەسێکدا وەکو یەکن. گەیشتن بەم ئاستەی تێگەیشتن، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە مرۆڤ بە سروشتی بوونەوەرێکی ئەزموونگەرە و ئەوەی بە چاوی خۆی نەیبینێت و بە کردەوە پیادەی نەکات، بە ئاسانی بڕوای پێ ناکات. بینین و پیادەکرن باشترین ڕێگەن بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە شتەکان و لەوێشەوە پەیبردن بە ڕاستی ئەو شتانە. گەیشتن بەو ئاستە لە تێگەیشتن وا لە ڕەجەب دەکات بگەڕێتەوە بۆ بایەزید. لەوێش کە خانی دەبینێت، دوای ئەوە مەم و زین دەخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات ئەگەر پێشتر مەم و زینی بخوێندایەتەوە، ئەوا هەرگیز دوای ئەو درۆیە نەدەکەوت کە ناویان لێ نابوو غەزا. بەتایبەتیش کاتێ خانی فێری دەکات تاکە شەڕێک کە پێویست بێت بکرێت، ئەو شەڕەیە کە دەبێت لە دژی عوسمانییەکان بکرێت، نەک لە پێناوی ئەواندا. کەواتە لێرەوە ڕۆڵی ئاشکرای خانی و ڕوانینی بۆ دەسەڵاتی عوسمانی و پەیوەندی بە کوردەوە لەو ساتە مێژووییە زۆر زووەدا ئاشکرا دەبێت، کە زۆرێک لە کۆمەڵگەی کوردی تا ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانیش هەر پێیان وا بوو سوڵتان خەلیفەی مسوڵمانانە و پێویستە هەموو مسوڵمانێک بەرگری لێ بکات.

**خالیدی چۆلاق**

خالیـدی چـۆلاق کە کەسـێکی تـری نـاو جیهـانی دەقـی میرنـامەیە لە گێـڕانەوەدا بەشـدار دەبێـت و ئەو بەشـەی ڕۆمـانەکە کە پەیوەنـدی بەوەوە هەیە لەسـەر زاری خـۆیەوە گوێمـان لێـی دەبێـت، کە ئەمەش زیـاتر سـیمای ڕوون و ئاشکرای ڕووداوەکان و کەسێتی گێڕەرەوەش ئاشکرا دەکات. خالید باسی پاشخانی خۆی و خێزانەکەی دەگێڕێتەوە و باسی ئەوە دەکات کە کوڕی جوتیارێکی دەوری وان بووە و پاشان بووەتە کۆڵهەڵگر و زۆر بەهێز و بەتوانا بووە. دواتر بە هـۆی هانـدانی مەلاکـانی ئەو کـاتەوە و لە پـێش هەموویـشیانەوە بە کـاریگەریی مەلا ئەلیاسـی بـاوکی ئەحـمەدی خـانی دەچێـتە یەریڤان بۆ جیهاد دژی عەجەمـان، بەڵام هەر زوو تێدەگات کە میر و بەگ و ئاغاکان وەکو ئاژەڵ دەیانفرۆشن بە بڕێک پارە. ئەمەش ئەوە نیـشان دەدات کە لەو سـەروەختەدا چـۆن وەکـو هەر ئاژەڵێکی تـر مـامەڵە بە مـرۆڤەوە کـراوە. ئەوەش لە لایەک خراپی و دڕندەیی دەسەڵاتی تورک و عەجەم نیشان دەدات کە زەمینەیـان بـۆ ئەوە خۆشـکردووە بەهـای مرۆڤەکـان ئەوەنـدە سـووک و کەم بێـت بە ئاسـانی وەکـو هەر ئـاژەڵێکی تـری کەمبەهـا مـامەڵەی کڕین و فرۆشـتنیان پێوە بکرێت. هەروەهـا ئەو دیـاردەیە ڕووی دزێو و نامرۆڤـانەی ئاغـا و بەگ و میرە کوردەکـان نیـشان دەدات کە چـۆن لە لایەکەوە چاوبرسـی و چاوچنۆکییەکەیان وای لێ کردوون هێندە بە سـووک سـەیری مرۆڤەکـان بـکەن و بە بـڕی زۆر کەمـی پـارە بیـانگۆڕنەوە. هەروەها لەو بارودۆخەدا ڕۆڵی نەرێنی میر و بەگ و ئاغاکان دەردەکەوێـت کە هەمـوو شـتێکیان لە پێنـاوی بەرژەوەنـدی خۆیانـدا کـردووە تەنـانەت ئەو مرۆڤانەشـیان فرۆشـتووە کە

دابـونەریتی ئەو قۆنـاغەی کـۆمەڵگەی کـوردەواری هێنـد بە سووک سەیری مرۆڤەکانی کردووە کە بەو جۆرە وەکو ئاژەڵ مامەڵەی پێوە کردوون.

دوای ئەوە خالید دەچێتە ئێرەوان و بەشداری شەڕ دەکات و کەسێک بە تەور دەکوژێت، بـرای کـوژراوەکە وەکـو شـێر پەلامـاری دەدات، بەڵام بە خـۆی و هـاوڕێ دیـاربەکرییەکەی ئەویـش دەکـوژن. بەڵام ئەوەی جـێگەی سـەرنجە، ئەو دوو برایەی کە ئەمان کوشتنیان، دوو کوردی مەریوانی بوون. لەم شەڕەدا خالیدیش شانی بریندار بوو، کەم ئەندام بوو، بوو بە خالیـدی چـۆلاق. لێرەدا ئەوەی ئامـانجی دەقەکەیە کە جەختـی بکـاتە سـەر کوشـتنی دوو بـرای خەڵکـی مەریـوانن کە دیـارە کـوردن، لە لایەن کـوردێکی بایەزیـدییەوە. ئەمەش ئەڵقەیەکـی ئەو تراژیـدیایە کە بە درێژایـی مێـژوو کـورد بەدەسـتیەوە نالاندوویەتی. واتە دوژمنـان و داگیرکەرانـی کوردسـتان چـۆن کوردیان بە یەکتر بەکوشت داوە و چۆنیش تا ئێستا ئەم کارە بە شـێوەی جۆراوجـۆر بەردەوامە، کە ئەوەش یەکـێکە لە هۆکارەکانی دابەشبوون و پەرتبوونی کورد و بەربەستەکانی بەردەمی بۆ هاتنە ناو مێژووەوە. خاڵی ئاشکرا بۆ خالید کە مـایەی خەم و نیگەرانیەتـی، ئەوە کە ئەو بەبـێ ویـستی خـۆی تـاوانی کوشـتنی بـرای ئەنجامـداوە. لە ئاسـتێکی تـردا کـورد لە مێـژوودا دابەشـبووە لەنێـوان قابیـل و هابیلـدا، کە ئەوەش بـۆ خالید مایەی خەم و نیگەرانیەکی گەورە بوو. بەڵام تاکە شتێک کەمێ باری گرانی خالیدی سووک دەکرد، قسەکانی خانی بوو کە دەیگـوت ئەوە تـاوانی خەڵکـی ئاسـایی نییە، بەڵکـو تـاوان و گوناهی میرە گەمژەکانی کوردە کە عەجەم و تورک بەو جۆرە کوردان بە یەکتر بەکوشت دەدان.

## سۆفی حەیدەری قەرسی

سـۆفی حەیـدەر گێڕانەوەکـانی بە پرسـیارێکی ئەحـمەدی خـانی سـەبارەت بە زاخـاودانی دڵ دەسـت پـێ دەکـات و لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا وەکو سۆفییەک لەگەڵ خانیدا سەبارەت بە خـاوێنبوونەوەی ڕۆح و عیـشق و ئەوینـی ڕاسـتەقینە دەدوێت. لە گێڕانەوەکانی سۆفی حەیدەردا بە ئاشکرا خوێنەر ئەو مانایـانە بەرهەم دەهێنێـت کە لە چوارچێـوەی سـۆفیزمدا بوونیـان هەیە. هەروەک سـۆفی ئەوە دەگێـڕێتەوە کە خـانی باسی هێزی عیشق دەکات کە چۆن دەتوانێت هەموو شتێک بگۆڕێت. ئەو بۆچوونەشی بە عیشقەکەی شێخی سەنعان بۆ کچی گـاور پاسـاو دەدات. لە پشتی ئەم نموونەیەی خـانییەوە ئەو مانـایە بەرهەم دێت کە عیشق بەبێ قوربانیدان مانـایەکی نیـیە و قوربانیـدانی شـێخی سـەنعانیش بە ئـایین و خواپەرسـتییەکەی لە پێنـاوی عیـشقی ڕاسـتەقینەی ئەو کـچە فەلەیەدا باشترین و جوانترین نموونەی قوربانیدانە. هەروەک لە لایەکی ترەوە عیشقی ڕاستەقینە جۆرێکە لە خوداپەرستی، تەنـانەت ئەگەر وەکـو شـێخی سـەنعانیش عیـشقی یـار واتە عیـشقی ڕەگەزی بەرامـبەر سـەنگەکەی لە عیـشقی ئـایین و تەنـانەت لە عیـشقی خـودایش گرانتـر و پڕبەهـاتر بێـت. لە بەرامـبەر ئەم عیـشقە نمـوونەییەی شـێخی سـەنعاندا، خـانی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت باسی گەورەیی عیشقەکەی خـۆی بـۆ شـەنگێی کچـی حـاجی زوهـدی بازرگـان بکـات. واتە خـانی دەیەوێت هاوشـێوەبوونێک لەنێـوان خـۆی و شـێخی سـەنعاندا دروسـت بکـات. دیـارە ئەوە ئاشـکرایە کە شـتێک نییە ئاسـتی عیشقی پێ بپێورێت، تا بزانرێت ئایا ئاستی عیشقەکەی خـانی لە کوێی عیشەکەی شێخی سەنعاندا بووە، یان ڕەنگە لەویش

باڵاتر بووبێت، یان دەشێ لەو بەهێزتر بووبێت، یان لاوازتر و کەمتینتر. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە شێخی سەنعان عاشقێکی سەرکێش و قوربانیدەر بووە، تەنانەت قوربانیی بە ئایینەکەشی داوە لە پێناوی کچی گاوردا. بەڵام بە گوێرەی خانی هەموو قورسایی عیشقەکەی دەباتەوە ناو ناخی خۆی و هەنگاوێکی کردەیی نانێت و هیچ سەرکێشییەک ناکات، واتە خانی قوربانی بە عیشقەکەی دەدات لە پێناوی مانەوە یان ڕەنگە ئامانجێکی تردا، بەڵام شێخی سەنعان هەموو شتێک دەکاتە قوربانی عیشقەکەی. لێرەشەوە هەڵوێستی دوو شێخ یان دوو پیاوی بڕوابوو بە ئیسلام دەبینین، کە یەکێکیان قوربانی بە ئایینەکەی دەدات لە پێناوی عیشقدا، ئەوی تریشیان قوربانی بە عیشقەکەی دەدات ڕەنگە لە پێناوی پاراستنی دابونەریتی کۆمەڵایەتیدا، یان لە پێناوی پاراستنی ئایینەکەیدا، لە کاتێکدا ئەم هیچ بڕوایەکی بەو پێوەنان و جادوو و درۆودەلەسانە نییە کە خراونەتە پاڵ ئیسلام. هەروەک خانی زیاتر هەڵوێستی خۆی لەسەر عیشقی ڕاستەقینە دەخاتە ڕوو کاتێک پەنجەکانی دەخاتە بەر ئاگری چراکەی و سۆفی حەیدەر پەنجەی خانی دەبینێت کە چۆن خوێن دەچرێت و بۆنی نینۆکەکانی ژوورەکە پڕ دەکەن. بەم کارەی خانی دەیەوێت ئەوە بە سۆفی و ئیمەی خوێنەر بڵێت، یان ئەو مانایە لە هەڵوێست و کارەکەی ئەو بەرهەم بهێنین، کە عیشقی ڕاستەقینە ئەو سووتانە هێمن و بێدەنگەیە کە هاوشێوەی سووتانی پەنجەکانی ئەوە بە گڕی چراکەی، نەک ناڵە و هاوار و فیغانی عاشقە سەرشێتەکان. لەم کارەشیدا ناڕاستەوخۆ خانی ڕەخنە لە هەڵوێستی شێخی سەنعان دەگرێت کە لە پێناوی عیشقەکەیدا لەبری ئەوەی بە هێمنی و لە ناخدا بە

قـووڵی بـسووتێت، ئەو بە ڕووکەش سـووتاوە و بە زوویـی دەستبەرداری ئایینەکەی بووە و پشتوێنی بەستووە و بووەتە شـوانی بەراز، کە ئەمەش بە ڕوانینـی خـانی هەڵوێـستێکی بە پەلەیە، لە کاتێکـدا هەڵوێـستی عاشـقی ڕاسـتەقینە ددانبەخۆداگرتن و سـووتانی هێمنی نـاخە کە خـاوێنبوونەوەی ڕاسـتەقینەی ڕۆح و زاخـاودانی دڵ و بـوون بەرهەم دەهێنێت. هەر لێرەشەوە دەشێ وەها لێک بدرێتەوە کە هەڵوێستە گرنگ و پـتەو و خۆڕاگرییەکـانی خـانی، بەرهەمـی ئەو عیـشقە ڕاسـتەقینەیە کە ئەو خاسـێتە دەگمەنـانەی لە کەسـێتی خانیـدا بەرهەم هێناوە.

## شێخ سەیفەدینی جبەشین و شووناسی ساختە

یەکێـک لە کەسـێتییە دیارەکـانی ڕۆمـانی میرنـامە کە لە ئاخـاوتن و جـووڵە و هەڵـسوکەوتەکانیدا دەتوانرێـت کەسێتیەکەی هەڵبسەنگێنرێت شـێخ سـەیفەدینی جبەشـینە. ئەم بەناو شێخە ڕۆڵی کەسێتییەکی نێگەتیف بەرامبەر بە نوخبەی خوێنـدەوار دەبینێـت و هاوکـات دەسـتەمۆ و لاوازە و لەژێـر فەرمانی تەواوەتی میر عەبدولفەتاحدایە و لە لایەکی تریشەوە بێ بـوونی بنەمـایەکی زانستی و بێ بـوونی ڕەچەڵکێکی دیـار خـۆی کـردووە بە شـێخ و لە هەمـوو لایەکـی وڵاتـی کوردانـدا موریـد و شـوێنکەوتووانی هەن. شـێخ سـەیفەدین وەکـو خـۆی دەگێڕێتەوە خەڵکی وانە و بەردەوامیش نـاکۆکی زۆر لەنێوان خەڵکـی وان و سـەرحەداندا هەبـووە، بەڵام ئەو سـەرباری ئەوەش توانیـوێتی سـەرنجی میـر عەبـدولفەتاح بە لای خۆیـدا ڕابکێشێت و ببێتە جێگەی متمانەی ئەو میرە نابووتە.

لە گێڕانەوەکانی شێخ سەیفەدیندا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کەسێتییە ناسەرەکییەکانی ڕۆمان کە بەشداری گێڕانەوە دەکەن لەبەر پێگەی لاوازیان، یان لەبەر ڕۆڵی کەم و ئامادەبوونی لاوازییان لە دەقەکەدا، زیاتر ڕووناکی دەخەنە سەر کەسە سەرەکییەکان و ڕووداوە دیارەکان و مەگەر لە پەراوێزی کەسێتییە سەرەکییەکان و ڕووداوەکاندا ڕۆڵی ئەمان کە ڕۆڵی دووەمی یان ناسەرەکییە دەربکەوێت. شێخ سەیفەدین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و لە ئاخاوتنەکانیدا لەبارەی ئەحمەدی خانی و مەلا سمایل و میر عەبدولفەتاح و تەنانەت میر محەمەد و میرزای کوڕیەوە، بوار بۆ ناسینی هەر یەک لەو کەسێتیانە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەکاتەوە، بەڵام لە میانەی هەڵوێستی دژانەی یان ملکەچانەی بۆ هەر یەک لەوانە ڕووناکی دەخاتە سەر کەسێتی خۆی. ئەمەش لەو دەقانەی بەتایبەتی دەقی ڕۆمان کە سەرچاوەی مێژووییان هەیە، وا دەکات خوێندنەوەی پێشتری ڕووداوەکان ببێتە هۆی ئامادەکردنی مانای پێشتر و پێشکات بۆ دەقەکە. هەر بۆیە دەشێ خوێندنەوەی پێشتری ئەو مێژووەی بووەتە سەرچاوەی دەقەکە، وەکو خۆی و بێ بیرکردنەوە لەوەی کە ئەم مێژووە لە ڕۆمانەکەدا ئەو مێژووە نییە کە لە واقیعدا هەبووە یان هەیە، دەشێ گۆشەنیگایەکی داخراوی بینین لە دەقەکەدا دروست بکات. ئەمەش وا دەکات: سەرنجت لەسەر هەموو ئەو هێزانە بێت کە دەورەی دەقەکەیان داوە، یان تێهەڵکێشی بوون لە ڕووی ماناوە. پێویست بەوە دەکات ئاگادارییەکی تەواوت هەبێت لە ژمارەیەک مەسەلە کە دەکەونە دەرەوەی دەقەکە[٦]. ئەمەش ئەو بارەیە کە وا دەکات لەبری ئەوەی لە سنووری زمانی دەقەکە و بونیادی گێڕانەوەدا

لە دوای دۆزینەوەی مانا و پرسیارەکانی دەقەکە بگەڕێین، واقیع و ئەو ژینگەیەی دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە و ئامادەبوونی ڕووداوە مێژووییەکان ڕۆڵ لە دیاریکردنی پرسیارەکانی دەقەکەدا ببینن و مانای ئامادە لە پێش شیکردنەوەی دەقەکەدا بوونی هەبێت.. بۆ ئەوەی بتوانین دەقێکی سەرچاوە مێژوویی وەکو ڕەگەزێکی هونەری شی بکەینەوە، دەبێ فراوانتر سەیر بکەین و ڕووبەری کارکردنیش خودی دەقەکە بێت، بەڵام بێگومان دەبێ: بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی گشتگیر لە زەمینە و ژینگەی کولتووری، بۆ خەریکبوون بە وەسفێکی چڕوپڕەوە، لەوانەیە پێویستت بە هەندێ کاری بەرفراوان و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و پێماڵکردنی ئەو سەرچاوە و زانیاریانە هەبێت کە پەیوەستن بەو شوێن و کاتەوەی کە وەکو دوو بنەما دەقەکە بە جۆرێک پەیوەستە پێیانەوە.

شێخ سەیفەدین لە گێڕانەوەکانیدا لە لایەک ڕوانینی ئەحمەدی خانی سەبارەت بە کەسێتی میر محەمەد و شایانبوونی میرزای کوڕی بۆ شوێنگرتنەوەی باوکی دەگوازێتەوە، لە لایەکی تریشەوە باسی ئەو زەمینە مێژووییە وردە دەکات کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی میر عەبدولفەتاح لەبری میرزای جێنشین شوێنی میر محەمەد بگرێتەوە. ئەویش وەکو جۆرێک لە هاوشێوەبوون لەنێوان تەختی سوڵتان و کورسیی میرنشینی بایەزیدا نیشان دەدات. کە لە هەردوو لا بەدەست جۆرێک لە ئاژاوە و ناسەقامگیرییەوە ناڵاندوویانە و کێشەیان هەبووە. لە ئەستەمبوڵ ئەحمەدخان لە شوێنی سوڵتان مستەفای برای بووبوو بە سوڵتانی دەوڵەت. بە هەمان شێوە و لە سایەی ئەو ناشایستەبوونەی کە لە ئەستەمبوڵ

ڕوویدا بوو، لە بایەزیدیش لەبری میرزای کوڕی میر محەمەد، عەبدولفەتاحی برای میر محەمەد بە فەرمانی ئەستانە خرایە شوێنی میر محەمەد. ئەم دوو ڕووداوە مێژووییە لە دەقەکەدا دەبنە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی مانای ناعەدالەتی و دانانی کەسانی نەشیاو لە شوێنی بەرپرسیارێتیدا. لە ڕاستیدا خانی ناڕەزایی خۆی تەنیا بەرامبەر بە دانانی عەبدولفەتاح بە میری بایەزید نیشان دەدات، بەڵام شێخ سەیفەدین لە گێڕانەوەکەیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگیری بۆچوونەکەی خانی دەکات، ئەگەرچی ئەو بەرژەوەندی لەگەڵ میر عەبدولفەتاحدایە. ئەو پشتگیرییە ناڕاستەوخۆیەش لە هەڵوێستەکەی خانی لەوەدا دەردەکەوێت کە شێخ سەیفەدین دەڵێت لە ئەستانەش بە هۆی ئاڵۆزییەوە ئەحمەدخان لە شوێنی سوڵتان مستەفا بوو بە سوڵتانی دەوڵەت. کە لە پشتی شێوازی دەربڕینەکەی سەیفەدینی جبەشینەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە دانانی عەبدولفەتاح وەکو میری بایەزید، هەمان شێوەی دانانی ئەحمەدخان بە سوڵتانی عوسمانی لە جێی خۆیدا نییە.

شێخ سەیفەدین لە گێڕانەوەکانیدا بە توندی ڕق و کینەی خۆی بۆ خانی دەردەبڕێت، چونکە دەزانێت خانی پیاوێکی زانایە و گاڵتەی بە شێخایەتی پووچ و پڕ لە ساختەچێتی ئەو دێت و ناڕاستەوخۆش خانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەڵەکەبازێکی وەکو شێخ سەیفەدین کە هیچ لە ئایین نازانێت و کەسیش نازانێت ئەسڵ و ڕەچەڵەکی چییە، لەسەر بنەمای درۆ و ساختەچێتی، خەڵکی هەژار و نەدار و ناهۆشیاری فریو داوە و لەو ڕووەشەوە دەسەڵاتی نادروست و لایەنگری نەزانان و دژ بە زانست و زانایان، کە میر عەبدولفەتاح لە لوتکەکەیدا،

بوو یارمەتیدەر بوو بۆ شێخی جبەشین و کەسانی لەو جۆرە. شێخ سەیفەدین ڕەخنەی لە خانی دەگرت بەوەی کە ناتوانێت کەرامەت بنوێنێت، هەروەها جارێکی تریش باسی ئەوەی دەکرد کە خانی شاعیرە و خودایش لە قورئاندا بە باش باسی شاعیران ناکات. ئەمە سەرباری ئەوەی کە شێخ سەیفەدین باسی پشتگیری خانی لە ئیبلیس دەکرد و بە دژی تورکەکانی دەدایە قەڵەم. لە کاتێکدا بە لای جبەشینەوە تورک برای دینیی ئێمەن و دەبێ ملکەچی فەرمانی سوڵتانی مسوڵمانان بین، کەچی خانی هانی کوردان دەدات کە دژایەتی تورک بکەن. ئەمەش بە درۆی شێخ سەیفەدینی نەشارەزا لە ئایین و لە بنەماکانی ئیسلام، کفرە و لادانە لە ئایینی ئیسلام. لە پشتی گێڕانەوەکەی شێخ سەیفەدینەوە، خوێنەر دەتوانێت ئەو مانایە بەرهەم بهێنێت کە چۆن شێخ سەیفەدین و دەسەڵاتی میر عەبدولفەتاح و ڕووبەرێکی فراوان لە عەقڵی کۆمەڵگەکەی ئێمە نەک هەر ئەو کاتە بەڵکو تاکو ئێستاش پێیان وایە دەبێ ئەم کۆمەڵگەیە خزمەتکار و پاشکۆی کۆمەڵگەی ئیسلامی یان دەسەڵاتی ئیسلامی تورک و عەرەب و فارس بێت. کە لە پشتی ئەمەشەوە بچووکی و لاوازیی کەسێتی کوردی بەگشتی و دەسەڵاتی میرنشین و تەنانەت دەسەڵاتەکانی ئێستاشی تێدا دەردەکەوێت. دیارە هەموو ئەمانەش بەرهەمی هەڵوێستی کەسێتییەکی تێکشکاون کە میرەکان و چەندینی وەکو شێخ سەیفەدین و میرزا سەبری و ڕووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگەش لەبەر ناهۆشیاری لایەنگری ئەم هەڵوێستەن و بەشێک لە نوخبەی هۆشیاریش کە خانی نموونەیانە، دژی ئەم هەڵوێستەن و پێیان وایە بوونی کورد لە دەرەوەی هەژموونی

ئەم دەسەڵاتە بەناو مسوڵمانانە کە داگیرکەری وڵاتی کوردانن دەگاتە ئەنجام.

شێخ سەیفەدینی جادووگەر باسی ئەوە دەکات کە کاتێ خانی نەخۆش کەوت ئەم ویستویەتی بە دوعا و جادوو چارەسەری بکات، بەڵام خانی ڕێگەی پێ نەداوە و پێی گوتووە کە ئەو بڕوای بەو جۆرە شتانە نییە. شێخ سەیفەدین ئەوەندەی تر جامی ڕق و کینەی لە خانی پڕ دەبێت و ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێت کە ئەگەر ئەو زانایەکی وەها شارەزا بێت لە ئایینی ئیسلام، چۆن دەبێت بڕوای بە چارەسەرکردن لە ڕێگەی دوعا خوێندنەوە نەبێت. واتە ئەم شێخە فێڵبازە لە ڕێگەی ئەو پرسیارەوە دەیەوێت گومان بخاتە سەر بڕوابوونی خانی بە ئیسلام یان ئاستی شارەزایی و زانایی ئەو لە ئیسلامدا. لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە لاوازەی شێخ سەیفەدیندا، هەڵوێستی بەهێزی زانایانەی خانی دەردەکەوێت کە تەنانەت لە خراپترین باری تەندروستیشیدا ناتوانێت بڕوا بە شەعوەزە و کەسانی نەزان و ساختەچی وەکو شێخ سەیفەدین بکات و نەخۆشی و مردنیش وەکو دوو شتی ئاسایی سەیر دەکات و پێی وایە چاوەنووسی هەموو بوونەوەرێک بە مرۆڤیشەوە کۆتاییهاتنی ژیانە. هەروەک جبەشین باسی ئەوە دەکات کە خانی ڕێگەی نەداوە ئەم ئایەتی قورئانی بەسەردا بخوێنێت، بەڵام ڕێگەی بە کەسێکی غەیری مسوڵمان داوە لەوێ لە تەنیشتیەوە دابنیشێت کە ئەویش فەلەی عەتار بووە کە سەرقاڵی چارەسەرکردنی بووە. ئەوەش دەکاتە پرسیار و دەپرسێت: ئایا دەبێ کەسێکی خاوەن ئیمان بڕوای بە ئایەتی قورئانی پیرۆز نەبێت بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی، بەڵام بڕوای بەو دەرمانانە هەبێت کە فەلەیەک بۆی چێ بکات؟

## فەلەی حەکیم: هێمای ڕاستگۆیی

فەلەی حەکیمیش لای خۆیەوە بەشداری کاری گێڕانەوە لە ڕۆمانی میرنامەدا دەکات و ئەویش لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕوونـاکی زیـاتر دەخـاتە سـەر کەسـێتی شـیخ سـەیفەدینی جبەشـین و ئەحـمەدی خـانی. کە ڕووی دوو مرۆڤـی جیـاواز نیـشان دەدەن. لە گێڕانەوەکـانی فەلەی حەکیمـدا، کەسـێتی جـــــادووگەر و درۆزن و ڕق لە دڵ و پارەپەرســــــت و هەلپەرستیی شێخ سەیفەدین و کەسێتی بەهێز و ڕاستگۆ و سەرڕاست و زانستپەروەر و نیشتیمانپەروەریی ئەحـمەدی خـانی زیـاتر دەردەکەوێـت. هەروەک فەلەی حەکـیم بـاس لە وردەکاری شارەزایی خۆی لە بواری دەرمان دروستکردن و چارەســـەرکردندا دەکـــات و ئەوەش بەراورد دەکـــات بە جادووگەرییەکانی شێخ سەیفەدین و نوشتە و دوعاکانی بۆ هەمـوو شـتێک. هەروەک باسـی ئەوەش دەکـات کە چـۆن ئەم شێخە جادووگەرە سوودی لە نەزانی و ناهۆشیاری خەڵکەکە وەرگرتـووە. لێرەشـەوە لە گێڕانەوەکـانی فەلەی عەتـاردا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە چۆن کەسانێک ئیسلامیان کردووە بە ئامڕاز و درۆودەلەســـەی بەدەمەوە دەکەن و بـــۆ پـــارە پەیـــداکردن هەمـان شـێوەی جـادوو بەکـاری دەهێـنن. ئەمەش خاسـێتی زۆرینەی ئەو کەسانەیە بە ناوی شێخ و مەلاوە نوشتە و دوعا بـۆ نەخـۆش و هەمـوو شـتێک دەکەن. نمـوونەی ئەم جـۆرە کەسـانە لە ڕۆمـانی میرنـامەدا شـێخ سـەیفەدینی جبەشـینە. هەروەهـــا نمـــوونەی حەکـــیمە سەرڕاســـت و ڕاســـتگۆ و دڵسۆزەکانی وەکـو فەلەی حەکـیمش کە غەیـری مـسوڵمانن و کەسانی ساختە و پووچی وەکو شێخی جبەشین بە غەیـرەدین ناویان دەبەن، بەڵام بە ئاشکرا دەردەکەوێت ک کەسـانی وەکـو

فەلەی حەکیم کە چەند دڵسۆز و ڕاستگۆن. کەواتە ڕاستگۆیی مرۆڤ پەیوەندی بە ڕەنگ و ڕەگەز و ئایینەوە نییە و دەریش دەکەوێت کە کەسانی وەکو شێخی جبەشین ئایینیان کردووە بە ئامراز بۆ فریودانی خەڵک لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بەڵام کەسانی وەکو فەلەی حەکیم مرۆڤایەتی دەخەنە پێش ئایینەوە و خودی مرۆڤیان پێ بنەمایە نەک بیروباوەڕی ئایینی، یان سیاسی کەسەکان.

سەرباری هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ئەحمەدی خانی، دواجار فەلەی حەکیم ئومێدی ئەوەی نامێنێت کە خانی بەرەو چاکبوونەوە بچێت. هەروەک هەر لەسەرەتاشەوە ئەو زانی کە خانی ژەهرخوارد کراوە و ژەهرەکەش بە هێواشی بە جەستەیدا بڵاو بووەتەوە. شێوازی نەخۆشییەکەی خانی، فەلەی حەکیمی گەیاندە ئەو بۆچوونەی کە ئەو کەسەی خانی دەرمانخوارد کردووە، یان حەکیم بووە یان کەسێک بووە شارەزای گرتنەوەی ژەهری سلێمانی بووە. ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە خانی بە ژەهری سلێمانی ژەهرخوارد کراوە. بە قسەی فەلەی حەکیم ئەوەی ئەم ژەهرە بچێتە خوێنییەوە ژیانی تەواو دەبێت. لە پشتی ئەم گێڕانەوەیەی فەلەی حەکیمەوە ئەو مانایە لای خوێنەر بەرهەم دێت کە ڕق و کینەی کەسانێک لە خانی لە پای زانین و باڵادەستییەکەی لە بواری زانستدا، یان ڕق و کینەی دەسەڵاتی میرنشین لە خانی بە هۆی هەڵوێستە جێگیر و پڕ لە ئازایەتییەکانییەوە هۆکاری ژەهرخواردنەکەیەتی کە ئەوەش ئاشکرایە بە پێی نەخشە و بەرنامەیەکی داڕێژراو کراوە. لە پشتی ژەهرخواردکردن و

مردنـــی دواتـــری ئەحـــمەدی خـــانییەوە گەوهەر و مـــاهیەتی دەسەڵاتی ئەو کاتەی کوردی کە دەسەڵاتی میرنشینی بایەزید بووە، لەگەڵ گەوهەر و ماهیەتی کەسانی پاشکۆ و وابەستەی ئەو دەســەڵاتە و ملکەچییـان بـۆ تـورک و تێگەیـشتنی هەڵە و ئاوەژوویان بۆ ئیسلام دەردەکەوێت.

## مەلا ساڵحی جزیری

مەلا ساڵحی جزیری هاوڕێی سەردەمی خوێندنی ئەحمەدی خـانییە. ئەو کـاتەی ئەحـمەد بـۆ خوێـندن دەچێـتە جزیـرە، بـۆ ماوەیەک پێکەوە دەبن. گێڕانەوەکانی مەلا سـاڵح ڕووناکییەکی ئاشــکرا دەخەنە ســـەر کەســـێتی خـــانی. لە وەســـفەکانی مەلا ســاڵحدا، خــانی کەســێکی زیــرەک و هــێمن و وریــا و ورد و خاوەن لێکدانەوە و خـاوەن تێڕوانینە. ئەو کەسێتییەی وەسـف و گێڕانەوەکـانی مەلا سـاڵح بـۆ خـانی بەرجەستەی دەکـات، بە ئاشکرا وەکو نموونەیەکی دیـار و ناسـراو و خـاوەن شـووناس لەبەرچــاوی ئـێمەی خــوێنەردا ئامــادە و بەرجەســتە دەبێـت. تەنـانەت مەلا ســاڵح باســی ڕۆڵ و کــاریگەری خــانی دەکـات لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی ئەو بەرامبەر بە ئـایین و ئایینزاکانی تر، چونکە وەکو ئەو دەیگێڕێتەوە خانی بڕوای وا بووە خـودا زیـاتر لە مـاڵێکی هەیە بـۆ ئەوەی بڕوادارانـی جۆربەجـۆر ڕوو لەو مـاڵانە بـکەن، نەک وەکـو ئەوەی کە زۆرێک لە مەلا ئاسـۆ تەنگەکانی ئیسلام پێیـان وایە تەنیـا ئیسلام ئـایینی بڕوادارانە و ئەوانـی تـر یـان بێ بـڕوان، یـان لە ئـایین لایانـداوە. هەر چـۆن زۆرێـــک لە مـــوفتی و مەلاکـــان لە ســـەردەمی عوســـمانی و سەفەوی و قاجاریدا فتـوای غەزایـان بە دژی فەلە و جووەکان

دەدا و بە کافر و لە ڕێلادەر ناویان دەبردن. فتوای ئەوەشیان دەدا، کوژرانی مسوڵمان لەو جیهادەدا شەهیدبوونە، کوشتنی ئەوانیش غەزایە. بەو پێیەش ماڵ و سامانی ئەوان و گرتنی ژن و کچەکانیشیان حەڵاڵ و ڕێگەپێدراو بوو. لە گێڕانەوەکانی مەلا ساڵحدا هەموو ئەمانە بە لای خانییەوە قسەی پووچ بوون و دوور بوون لە گەوهەری ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام و بەشێک بوون لەو خونکیکردن و ملکەچیانەی کە زۆرێک لە موفتی و مەلاکانی ئیسلام بۆ سوڵتان و خەلیفە و میرەکانیان دەکردن.

مەلا ساڵح دەیگێڕێتەوە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا خانی ڕەخنەی لە هەڵوێستی مەلای جزیری گرتووە، ئەویش لەبەر ئەوە نا کە بە لای ئەوەوە جزیری شاعیرێکی باش نەبووبێت. نەخێر بە لای خانییەوە شیعر و عیرفان و تەسەوفی مەلای جزیری لە ئاستێکی بەرزادا بوون، بەڵام خانی ڕەخنەی لە مەلای جزیری گرتووە لە پای ئەوەی کە پەسنی میر شەرەفی میری جزیرەی کردووە، لە کاتێکدا ئەو میرە لەسەر کورسی دەسەڵات بە فێڵ و تەڵەکە برای خۆیی کوشتووە. بە لای خانییەوە ئەوە هەڵوێستێکی لاوازە بۆ شاعیرێکی دیاری وەکو مەلای جزیری کە بتوانێت بە باڵای کەسێکدا هەڵبدات کە لە پێناوی کورسیی دەسەڵاتدا برای خۆی بکوژێت. لە پشتی ئەم تێڕوانینەی خانییەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە دەبێ شاعیر و نووسەر و نوخبەی ڕۆشنبیر هەمیشە ڕەخنەگر بن لە کەموکورتی و کارە لاروخوارەکانی دەسەڵات، بە مەبەستی ڕاستکردنەوەیان، نەک بچنە سەنگەری دەسەڵادارانەوە و لە پای کارە دزێو و نادروستەکانیان ستایش و پەسنیان بکەن.

لە گێڕانەوەکـــانی مەلا ســـاڵحدا ئەوە بە تەواوی ئاشـــکرا دەبێت کە خـانی تـا چ ئەنـدازەیەک نـیگەران و تـووڕە بـووە لە میرانی کـورد بەگشتی و بەتـایبەتیش میـر عەبدولفەتاح کە ئەو هەرگیز ددانی پێدا نەدەنا و دەیگوت عەبدولفەتاح شایەنی ئەوە نییە میر بێت، چونکە خاسیەتەکانی کەسێکی وای تێدا نییە کە بەرپرســـیارێتییەکی لەو جـــۆرە بگـــرێتە ئەســـتۆ. لە کاتێکـــدا عەبدولفەتاح کورسیی میرایەتی بە پارە لە والی وان کڕیبوو. والی وانیش خۆی کۆیلەی سوڵتانی عوسمانی بوو. لەبەر ئەوە خـــانی دەیگـــوت عەبـــدولفەتاح و زۆریـــنەی میرەکـــانی کـــورد کۆیلەی کۆیلەن. خۆیشی وەکو زانایەک نیشان دەدا کە دەنگی زانست و ڕۆحی خەڵکە و ئەرکی ئایینی ئەوە میر وریا بکاتەوە و لە بەرامـــبەر کـــارە نادروســـت و چەوتەکـــانی و لەبەرامـــبەر غەدر و ناهەقیەکانیدا لە خەڵک بێدەنگ نەبێت. ئەمە تێڕوانینی ئەحمەدی خانی بوو بۆ پێگە و ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا و بەرامبەر بە دەسەڵات. تەنانەت کاتێکیش کە هیچ ئومێدێکی بە میـر عەبـدولفەتاح نەمـا، وەک لە گێڕانەوەکـانی مەلا سـاڵحدا دەردەکەوێـت، نـامەیەکی توونـدی بـۆ میـر نووسـی کە وەکـو دواتـــــر دەردەکەوێـــــت میـــــری گەمـــــژە ئەو نـــــامەیەی نەخوێندووەتەوە. هەرچەندە هەندێ کەس وای بۆ دەچوون کە هۆکـاری دەرمـانخواردکردنەکەی خـانی ئەو نـامەیە بووبێـت، بەڵام دیـارە کـۆی هەڵوێـستە پـڕ لە ئـازایەتی و بوێرییەکـانی بوون بە هۆی لەناوبردنی.

**سەلاحەدینی سەحاف: سەرەتای پیشەگەری**

سەلاحەدینی سەحاف کە کەسێکی دیاری نێو ڕۆمانی میرنامەیە، بەشداری لە گێڕانەوەدا دەکات. وەکو پێشتر گوتمان فرەگێڕانەوە ڕۆڵی ئاشکرا دەبینێت لە خستنە ڕووی لایەن و ئاستە جۆراوجۆرەکانی دەقەکەدا، هەر لە گرێچن و بینای کەسێتی و چیرۆکی بنەڕەتی ڕۆمانەکە و ڕووداوەکان و بەرزبوونەوەی ململانێ و گەیشتن بە لوتکە و پاشانیش دابەزین. لە کۆی جووڵە و پەیوەندی نێوان ئەم ڕەگەزە پێکهێنەرانەی ڕۆماندا، گێڕانەوە ئەو گوتاری دەربڕینەیە کە لە جیهانی ڕۆمانەکە ئاگادارمان دەکات(٧). بێگومان ئەمە ئەرکی گێڕانەوەیە بە شێوە گشتییەکەی. دیارە فرەگێڕانەوە وردەکاری زیاتر و لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە لەسەر جیهانی ڕۆمانەکە پێشکەش دەکات.

هەر لەم ڕووەوە گێڕانەوەکانی سەلاحەدینی سەحاف ڕووناکی زیاتر دەخاتە سەر ئەو ڕووبەرەی ڕووداوەکان کە خۆی ئامادەبوونی تێیدا هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی پەیوەندیبوونیەوە بە کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەوە کە ئەحمەدی خانییە. سەلاحەدین لە ساتەوەختی بەخاکسپاردنی خانییەوە دەست پێ دەکات و بە گەڕانەوە بۆ دواوە بەشێک لە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ئەو لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات کە تەیموری فاسق هاوار دەکات مەرەکەب دەبارێت. سەلاحەدین لە بیستنی ئەو هاوارکردنەی تەیمورەوە دێتە ئاخاوتن و باسی ئەوە دەکات دەبوو یەکەم کەس ئەو خۆی بووایە هەستی بە بارینی مەرەکەب بکردایە، چونکە ئەو هەموو ژیانی لەناو مەرەکەب و کاغەز و کتێبدا بەسەر بردووە و لە هەمووان باشتر بۆنی مەرەکەب دەناسێتەوە. بەلام دیارە

سەرقاڵی و نیگەرانییەکەی بە هۆی کۆچی خانییەوە ڕۆڵی لەوەدا هەبوو کە هەست بە بۆنی مەرەکەبەکە نەکات لەو کاتەدا. هەروەک لە بیستنی هاوارکردنەکەی تەیمورەوە، سەلاحەدین پاشخانی مێژوویی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی کاری بەرگتێگرتنی کتێب و لەبەرنووسینەوەی کتێب بووە و بەوەش ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت ئەم لە کەسە نزیکەکانی خانی و دۆستی کتێب و داکۆکیکەری زانست و زانیاری بووە. ئەو خانییەی کە دەیگوت ئەگەر میری بایەزید بە قسەی منی بکردایە قەیسەرییەکەی گەورەی بۆ کتێب لەبەرگرتنەوە و کتێب بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی دروست دەکرد و بایەزیدی دەکرد بە شوێنێک لە هەر چوار پارچەی کوردستان و تەنانەت لە ئەسفەهان و بەغدا و ئەستانەشەوە خەڵک بۆ زانست ڕوویان تێ بکردایە. دیارە لێرەوە بایەخی خانی بە کتێب و زانست دەردەکەوێت. لە پاڵ ئەوەشدا سەلاحەدین کە دیارترینی ئەو کەسانە بوو کە بەو کارەوە خەریک بوون، لەبەر ئەم بۆچوونەی خانی هەم خانی خۆشدەویست هەم خانی دۆستی ئەو بوو.

سەلاحەدینی باسی هەڵگرتنی تەرمەکەی خانی دەکات کە چەند سووک بووە و چۆنیش بارانی مەرەکەب بەری نەکەوتووە و تەڕ و ڕەشی نەکردووە. ئەوەش دەگێڕێتەوە کاتێ میرزا سەبری دەزانێت تەرمەکە وشکە و کفنەکەی سپی و خاوێنە، ئەو ترس دایدەگرێت. دەشێ میرزا سەبری ترسی لەو هەموو نامەردی و ناپاکییە هەبێت کە بەرامبەر بە خانی کردبووی لە پێناوی ڕازیکردنی دڵی میر عەبدولفەتاحدا. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە مرۆڤە نامەردەکان با نەخشە و پلانە شەیتانییەکانیشیان سەربگرێت، بەڵام هەرگیز

ئاسووده نابن و بەردەوام لە بەردەم ترس و نیگەرانی و هەست بە تاوانکردن و بچووکی خۆیاندا دەژین و لە بەردەم کەسانی بەهەڵوێست و ئازا و خوێندەوار و دڵسۆزی وەکو خانیدا هەست بە بچووکی دەکەن.

سەلاحەدین لە گێڕانەوەکانی بەردەوام دەبێت و لەسەر زمانی باوکیەوە ئەوە دەگێڕێتەوە ئەو ڕۆژەی خانی لەدایکبووە، دیسان بارانێکی بەتاو باریوە. کاتێ ساواکەیان لە قوماشی سپی بەفرینی پێچاوە و قوماتیان کردووە و بە بەر بارانەکەدا بردوویانە بۆ حوجرەکەی مەلا ئەلیاسی باوکی تا ناوی بنێ، باوکی بینیویەتی قوماتەکە بە هیچ شێوەیەک تەڕ نەبووە. ئەوەش بۆ باوکی و ئەوانی تریش جێگەی سەرسووڕمان بووە. بۆیە باوکی گوتوویەتی بارانبارین دوو مانای هەیە. مانای یەکەم و سەرەکی خێرە و لە پاڵ ئەوەشدا دەشێ مانای خراپ و بەدقومیشی هەبێت. بۆیە هەر ئەوکاتە مەلا ئەلیاس پێشبینی ئەوە دەکات کە کوڕەکەی یان ببێتە کەسێکی ناسراو، یان کەسێکی خراپ. بەڵام دیارە خاسێتی سەرەکی باران کە خێرە بەسەر ئەحمەدی کوڕی مەلا ئەلیاسدا شکاوەتەوە کە بووە بەو کەسێتییەی کە نەک هەر لە مێژووی میللەتەکەی خۆیدا دیار و ناسراوە و جێگەی بایەخە، بەڵکو پەلی بۆ دەرەوەی مێژووی کوردیش هاویشتووە. لێرەوە سەلاحەدین لە گێڕانەوەکانیدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە خانی کەسێکی ئاسایی نەبووە و هەر لە لەدایکبوونیەوە تاکو بەخاکسپاردنی کەسێکی جیاواز و دەگمەن بووە.

سەلاحەدین بە هۆی پیشەکەیەوە دەزانێت کێ دۆستی زانستە و کێیش بە ساختە خۆی کردووە بە مەلا و شێخ. لەو ڕووەوە باسی مەلا فەرید و شیخ سەیفەدینی جبەشین دەکات

کە چەند چرووک بوون و هەرگیز کتێبێکیان نەکڕیوە. هەروەها باسی بێنموودیی زانست و زانیاری دەکات لە بایەزیددا بەتایبەتی لە سەردەمی ئەودا کە خەڵکی هەمووی بەدوای پارەدا وێڵن و کەس بایەخ بە زانست و فێربوون نادات. هەروەها باسی کابرای دەمامکداریش دەکات کە چۆن چووەتە دوکانەکەی و دانەیەک لە کتێبی "شیرین و خوسرەو"ی نیزامی گەنجەوی پێ بووە، گوایە هێنابووی سەلاحەدین بۆی بفرۆشێت. کە پێدەچێت هۆی مردنەکەی خانی بە تەواوی ئەو کتێبە بووبێت. بەتایبەتی کە دواتر کابرای دەمامکدار دێت و بە پەرۆشەوە کتێبەکە دەباتەوە.

لە گێڕانەوەکانی سەلاحەدیندا، کە زیاتر باسی کاتی نەخۆشییەکەی خانی و هەوڵی فەلەی حەکیم بۆ چارەسەرکردنی دەکات و لەبارەی کۆبوونەوەی هاوڕێ دۆستەکانی خانی لە حوجرەکەی دەدوێت، تا ئەو کاتەی لە شەوێکی ڕەشەباویدا خانی گیانی دەسپێرێت. خانی خەمێکی گەورەی هەبووە ئەویش خەمی پەرتوبڵاوی و دووبەرەکی نێوان میللەتەکەی و بێدەربەستی میرانی کورد بەگشتی و میری بایەزید بوو بەتایبەتی. هەرچەندە ئەو دەڵێت ئەرکی خۆیی جێبەجێ کردووە، بەڵام نە میرانی کورد و نە ڕەشەخەڵکەکەش کەسیان گوێیان لێ نەگرتووە. لە پشتی ئەم گێڕانەوەیەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە خانی بە هۆشیارییەکی بەرزەوە داوای یەکگرتن و یەکبوونی لە میران و ڕەشەخەڵکی کورد کردووە، تا بتوانن ئەمانیش وەکو تورک و عەجەم ببنە خاوەنی خۆیان. هەروەها بە هۆشیاریشەوە زانیویتی کە میللەتەکەی ئەو هێشتا لە خەوی قووڵی بێئاگاییدایە و هەست و هۆشیاری میللی هێشتا لای ئەوان لەدایک نەبووە و

میرەکـــانیش بەردەوام لە خەمـــی پاراســـتنی کورســـییەکانی خۆیانـدان و بـۆ ئەو مەبەسـتەش ملـکەچ و ئەڵقەلەگوێی میـری وان و سوڵـتانی عوسـمانی یـان پاشـای عەجەمـن. لێـرەوە لە گێڕانەوەکـــانی ســـەلاحەدیندا بەتـــایبەتی ئەوەی لەبـــارەی ساتەوەختی سەرەمەرگی ئەوەوە دەیگێڕێتەوە، قـوولایی نـاخی ئەو دەردەکەوێت. ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە: عەقڵی کەسێتییەکە بـۆ گێـڕەرەوە نیـشان دەدرێـت و ئاشـکرا دەبێـت[٨]. لێـرەوە گێـڕەرەوە ئەگەرچـی لە دەرەوەی کەسـێتی خـانی وەسـتاوە، بەڵام پانتـــاییەکی دیـــار لە نـــاخی ئەم کەســـێتییە کە کەســـی سەرەکی ڕۆمانەکەیە لە ڕێگەی گێڕانەوەکانیەوە دەخـاتە ڕوو. بەتـایبەتی لە کاتێکدا باسـی سـاتەوەختی دەرمـانخواردکردن و ئەو چرکەساتانە دەگێڕێتەوە کە خانی لەباری نیمچە بێهۆشیدا بـووە و لەو کاتـانەدا کە دواوە نەسـتی کـراوەتەوە و ئەوەی تـا ئەو کـاتە نەیدرکاندووە درکانـدوویەتی. بۆ نمـوونە لەو کـاتەدا خانی بێئاگایانە دەپرسێت: ئایا میر ئەو نامەیەی خوێندووەتەوە کە ئەم بۆی نووسیوە؟ کە پێشتر ئەو نامەنووسینەی بـۆ میـر وەکو نهێنییەک وا بووە. یان وەکـو پێشتریش لە گێڕانەوەکـانی مەلا ساڵحدا دەردەکەوێت، خانی بە بێئاگـایی و لەو کاتـانەی لە هـۆش خـۆی دەچێـت و هۆشـی دێتەوە داوای بینینـی شـەنگێی دڵخوازی دەکات، کە پێش چل سـاڵێک عاشـقی یەکتـر بـوون و حاجی زوهـدی بـاوکی شـەنگێ ڕازی نەبـوو کـچەکەی مێـرد بە خانی بکات. لەو کاتەوە خانی ئەو بابەتەی داخستووە، بەڵام لە ســـاتەوەختی نەخۆشـــییەکەیدا کە نەســـتی کـــراوەتەوە ئەوانە دەخـاتە ڕوو. ئەمەش ئەو ڕووەی فرەگێـڕانەوەیە کە زۆرینـەی ڕەهەندەکانی کەسێتی ڕۆمان ئاشکرا دەکات.

## بەنگینی دەرگاوان

بەنگین دەرگاوانی میر عەبدولفەتاح بوو، بەڵام لە کاتی هەواڵی گیانسپاردنی خانیدا، دەردەکەوێت کە بەنگین پیاوێکی گێل نییە و بەشی ئەوە هۆشیاریی هەیە کە بە باشی لە شتەکان تێبگات. هەر بۆیە ناڕاستەوخۆ ناڕازیبوونی خۆی لە هەڵوێست و کەسێتی میر و ڕق و کینەی میرزا سەبری ڕاوێژکاری میر لە خانی دەردەبڕێت. ئەو لە گێڕانەوەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەوەی زیاتر میری لە خانی توورە کرد، میرزا سەبری بوو. کاتێ بەنگین هەواڵی گیانسپارنی خانی دەبیستێت، دەیەوێت میر ئاگادار بکات، بەڵام غوڵامەکەی میر ڕازی نابێت بە بیانووی ئەوەی کە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانە و میر تا پارشێو نەخەوتووە و فەرمانی بەو کردووە کە بەیانی کەس هەڵینەسێنێت. بە هەرحاڵ دوای ئەوەی میر خۆی لەخە و هەڵدەسێت، بەنگین ئاگادرای دەکات کە خانی گیانی سپاردووە. بەڵام لە بیستنی ئەو هەواڵەدا، خۆشی و ئاسوودەیی لە چاوانی میردا دەگەشێتەوە و بەنگین بە ئاشکرا هەست بەوە دەکات. دواتریش میر فەرمان بە بەنگین دەکات کە خانی لە حەوشەی مزگەوتەکەیدا بنێژن و مەلا سمایل نوێژی مردووی لەسەر بکات و شێخ سەیفەدین تەڵقینی بکات. میر بەدوای ئەوەدا خۆی دەپێچێتەوە و دەچێت بۆ ڕاو و شکار. لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە میر نەک هەر خەمبار نەبووە بە کۆچی دوایی خانی، بەڵکو ئاسوودە و دڵخۆشیش بووە، چونکە ئەو بە تەواوی ڕقی لە خانی هەستابوو. میر عەبدولفەتاح دەیزانی خانی ئەو بە میرێکی کارامە نازانێت و کورسیی میرایەتیشی بە زێڕ کڕیوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە میر دەیزانی خانی تورک و عەجەم بە دوژمنی کوردان دەزانێت و

میرانی کوردیش وەکو کۆیلە و ئەڵقەلەگوێی والی و سوڵتانی عوسمانی و پاشای فارسەکان سەیر دەکات. هەروەها میر دەیزانی کە خانی لە وتارەکانی ڕۆژانی هەینیدا خەریکی هۆشیارکردنەوەی ڕەشە خەڵکەکە بوو، دوعای بۆ میر و والی و سوڵتان نەدەکرد و گاڵتەی بەو شەڕانە دەکرد کە سوڵتانی عوسمانی بە ناوی غەزاوە بەرپای دەکردن. خانی هانی کوردانی دەدا کە بەشداری نەکەن لەو شەڕانەدا، چونکە شەڕی مسوڵمانان و کافران نییە و هەر بەو پێیەش غەزا نییە. بەڵکو سوڵتان لە پێناوی دەستکەوتی زیاتردا بۆ خۆی ئەو شەڕانە بەرپا دەکات. هەروەها میر ئاگاداری ئەوەش بوو کە خانی لە مەم و زیندا چۆن باسی یەکبوونی و یەکێتی ئێلاتی کوردی دەکات و چۆن ڕەخنە لە میر و کاربەدەستانی کوردی دەگرێت و چۆنیش بە هۆکاری دواکەوتوویی و ژێردەستەیی کوردیان دەزانێت. هەروەک میر بڕوای بە قسەکانی میرزا سەبریش کردبوو کە بە میری دەگوت خانی دەیەوێت ڕەشەخەڵکەکە بکا بە گژتا، چونکە ئەو پێی وایە تۆ میرایەتیت بە زێڕ کڕیوە. لە پشتی ئەم لێکدانەوانەوە دوو بۆچوون بەرجەستە دەبێت. یەکەمیان میر کەسێکی نەزان و دەبەنگ و ئەڵقەلەگوێی تورکەکان بووە و دیسان خۆشباوەڕ بووە و هەمیشە حەزی لەوە کردووە کەسانی لاوازو ملکەچی وەکو میرزا سەبری و شێخ سەیفەدینی بەدەورەوە بێت و گوێی لە قسەی ڕاست نەبێت و هەڵوێستی ڕاست و دروست نەبینێت. دووەم خانی کەسێکی دڵسۆز و هەستیار و هۆشیار و بەئاگا و خۆنەویست و پەیبردوو بوو بە کۆی کێشەکان و لە پێناوی هیچ بەرژەوەندی و پلەوپایەیەکدا دەستبەرداری هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆی نەدەبوو، کە ئەوەش هەڵوێستی

ڕۆشـــنبیرێکی ڕەخنەگـــری خـــاوەن شـــووناســـە لە ســـەردەمی قەیرانی بوون و قەیرانی شووناسی نەتەوەکەیدا.

بەنگینـــی دەرگـــاوان ســـەرباری ئەوەی لە دیـــوانی میـــر عەبدولفەتاحـــدا بـــوو، بەڵام وەکـــو کەســـێکی سەرڕاســـت دەردەکەوت، بەتایبەتی کاتێ هەواڵی مردنی خانی دەبیستێت تەواو خەمیار دەبێت. هەروەک پێشتر لە کاتی نەخۆشییەکەی خانیدا سەردانی خانی کردووە و خانیش بەودا نامەکەی بۆ میر عەبدولفەتاح ناردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەرچەندە بەنگین ناچار بووە لەبەر ژیان لە دیوانی میردا کار بکات، بەڵام کەرامەت و کەسێتی خۆیی نەفرۆشتووە و بەهای بەرزی مرۆیی خۆیی نەدۆڕاندووە.

### شەمسۆی قەوواڵ

شەمسۆ کەسێکی ئێزیدی بوو، بەڵام دۆستێکی نزیکی خانی بوو. لە گێڕانەوەکانیدا، شەمسۆ باسی ئەوە دەکات کە خانی مسوڵمانێکی کراوە بوو، زۆر ڕێزی لە ئەوانی غەیرە مسوڵمان دەگرت و پێی وا بوو هەموو ئایینەکان ڕێگەن بۆ گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار و ئەوەی جیاوازی و ناکۆکی دروست دەکات خودی مرۆڤەکانن نەک ئایینەکان. ئەم تێڕوانینەی خانی کە بە لای شەمـــسۆوە زۆر جیـــاواز بـــوو لە بۆچـــوونی زۆریـــنەی مـسوڵمانان بەتایبەتی بۆچوونێکی جیاواز بوو لە بۆچوونی مەلایانی تری مسوڵمان، وای کردبوو نەک هەر ئێزیدییەکان بە ڕێزەوە سەیری خانی بکەن، بەڵکو فەلە و جوو و ئەوانی تریش هەموو ڕێزیان لە ئەحمەدی خانی دەگرت، چونکە بە لای ئەوانەوە خانی جوانترین نموونەی مرۆڤی مسوڵمان بوو بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانی تردا و بۆ قبوولکردنی ئەوانی

تری غەیری مسوڵمان. دیارە تاکو ئێستاش دوای نزیکەی سێسەد ساڵ بەسەر کۆچی دوایی خانیدا هێشتا لای پیاوانی ئایینی مسوڵمان قبووڵکردنی ئەوانی تری غەیری مسوڵمان نەبووەتە بەشێک لە کولتوور.

شەمسۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەو بە هەواڵی گیانسپاردنی خانی زۆر نیگەران بووە و سەرباری ئەوەی کە ئێزیدی بووە بەرەو مزگەوتی شار کەوتووەتە ڕێ بۆ بەشداریکردن لە سرووتی بەخاکسپاردنی خانیدا، بەڵام شێخی جبەشینی نامەرد بە بیانووی ئەوەی کە جاهیز نییە غەیری مسوڵمان بچێتە سەر گۆڕی مسوڵمان نایەڵێت شەمسۆ لەگەڵ تەرمەکەی خانی بڕواتە گۆڕستان. بەڵام شەمسۆ سەرباری نیگەرانییەکەی بۆ کۆچی دوایی خانی چەند جارێک ئەوە دووبارە دەکاتەوە، ئەو کەسەی کۆچی دوایی کردووە ئەحمەدی خانییە. ئەحمەدی خانیش کەسێکی جیاوازە بۆیە هەم لە دڵەوە بۆی نیگەرانە، هەم لە دڵەوە خوازیاری ئەوەیە بەشداری ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی بکات. شەمسۆ دەڵێت: "ئەمە خانییە خانی نەک کەسێکی تر". ئەم دەربڕینە ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ئەحمەدی خانی مرۆڤێکی جیاوازە و لە خەڵکی تر ناچێت، بۆیە شەمسۆ بە ئەرکی سەرشانی خۆیی دەزانێت هەم بچێتە مزگەوت و هەم لەگەڵ تەرمەکەی خانی بچێتە گۆڕستان. دیسان ئەم دەربڕینەی شەمسۆ لەناو هەموو مسوڵمانان و زانایانی مسوڵمانی ئەو کاتەدا شووناسێکی تایبەتی بە ئەحمەدی خانی دەبەخشێت. شووناسێک کە ئەوانی غەیری مسوڵمان و تەنانەت ئەوانی بەناو مسوڵمان، بەڵام پەیڕەونەکەری ئیسلام بە ڕێزەوە سەیری خانی بکەن. بۆ نموونە ئەم جیاوازبوونەی خانی وای کردووە شەمسۆی

ئێزیـــدی و فەلەی حەکـــیم و تەیمـــوری فاســـق، هەر یەکە بە جۆرێـک ڕێـز لە ئەحـمەدی خـانی بگـرن. ئەمەش ئەو مانـایە بەرهەم دەهێنێت کە مرۆڤەکان لە هەموو ئایین و مەزهەبەکان گەورەترن. هەر بۆیە ئەگەر بنیادەم ئاستی مرۆڤبوونی بگاتە ئەو ئاستە پێگەیشتووەی ئەحمەدی خانی، ئەوا لەبری ئایین و مەزهەب و ڕێباز گەوهەری مرۆڤـ خۆی دەبینێت و لە بارێکی وەهاشدا دەتوانێت بێ گوێدانە ئینتیمای ئایینی و مەزهەبی نەک هەر ئەوانی تر قبووڵ بکات، بەڵکو دۆست و هاوڕێیشیان بێت و پێکەوە لەگەڵیاندا بژی.

هەروەک لە گێڕانەوەکانی شەمسۆدا لە بەرامبەر کەسێتی گەورەی ئەحەدی خانیدا، کەسێتی سووک و لاواز و ساختە و بێگەوهەری شێخ سەیفەدینیش دەخرێتە ڕوو. دیارە ئەمەش بۆ پەسەندکردنی زیاتری خانی و سووکایەتیکردن بە شێخ سەیفەدین نییە، بەڵکو بۆ دەرخستنی دوو جۆر لە هەڵوێستە کە هەر یەکەیان بەرهەم و داهێنراوی جۆرێکن لە کەسێتی. هەڵوێستێکی لاواز و خوێنکیکەر و بێگەوهەر کە شێخ سەیفەدین نوێنەرایەتی دەکات و ڕەنگە ڕووبەرێکی زۆریش لە کۆمەڵگە بگرێتەوە. لە بەرامبەردا هەڵوێستێکی چەسپاو و جێگیر و دروست و مرۆڤانە، نەرم و نیان لەگەڵ ڕەشەخەڵک و هاوڕێ و دۆست لەگەڵ ئەوانەی لە ئایین و بۆچووندا لەم جیاوازن و توونـد و نەچەماوە و ڕەخنەگر لە دەسەڵات و لەوانەی بە ساختە و درۆ خەڵکی فریو دەدەن لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، کە ئەحمەدی خانی نوێنەرایەتی ئەم هەڵوێستە دەکات.

**مەلا سمایلی بایەزیدی**

مەلا سمایل وەکو خۆی دەگێڕێتەوە ئەم کەمێک لە خانی منداڵتر بووە و تەنانەت خانی هەندێ بابەتی ئایینی پێ گوتووەتەوە پێش ئەوەی مۆڵەتی مەلایەتی وەربگرێت. هەر وەکو خۆیشی دەیگێڕێتەوە ئەم و خانی زۆر نزیک بوون لە یەکتر و خانی هیچ شتێکی لەم نەشاردۆتەوە. لای ئەم بەردەوام گلەیی و گازەندەی لە میرانی بایەزید کردووە کە بایەخیان بە زانست و زانین و خوێندەواری نەداوە و شارەکەش لەو ڕووەوە نەبووەتە جێگەیەکی دیار. ئەوەی کە خانی بۆ مەلا سمایلی باس نەکردووە نووسین و ناردنی ئەو نامەیە بووە کە پێش گیانسپاردنی بۆ میر عەبدولفەتاحی نووسیبوو. ئەویش کاتێ مەلا سمایل بەو نامەیەی زانی کە لە کاتی بەخاکسپاردنەکەدا بوو کە بەنگینی دەرگاوان بە خەمبارییەوە ئەو نامەیەی لە میرەوە بۆ مەلا سمایلی هێنابووەوە، دایە دەستی مەلا سمایل. ئایا نامەکە چی تێدا نووسرابوو؟ ئایا خانی داوای لێبووردنی لە میر کردبوو؟ یان سووربوونی خۆیی لەسەر هەڵوێستەکانی دەربڕیبوو؟ هەروەها ئایا خانی میری ئاگادارکردبووەوە کە ئەو شێوە کارکردنەی ئەو و میرەکانی تریش هەڵەیە و سەرئەنجام بە خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە؟

مەلا سمایل لە گێڕانەوەکانیدا سەبارەت بە ئەوین و عیشقی خانی بۆ شەنگێی کچی حاجی زوهدی، وەکو نموونەیەکی باڵا باسی خانی دەکات، بە جۆرێک کە خانی بۆ ئەو عیشقەی دەسووتاو سەرئەنجامیش کە نەگەیشت بە دڵدارەکەی بڕیاریدا بۆ ئەو عیشقە بسووتێت و جێگەی شەنگێ بە هیچ کەسێکی تر پڕ نەکاتەوە. لە گێڕانەوەکانی مەلا سمایلدا دەردەکەوێت کە

خانی بڕوایەکی تەواوی بە عیشق و خۆشەویستی هەبووە و پێی وا بووە هاوسەرگیری بێ ئەو عیشقە هیچ مانایەکی نییە. هەر بۆیە کاتێ ئەم پێی دەڵێت بۆ نیوەکەی تری ئایینەکەت تەواو ناکەیت و ژن ناهێنیت، خانی لە وەڵامدا دەڵێت نایەوێت عیشقی پاک و بێگەردی شەنگێ بە ژنهێنانێکی ئاساییەوە پیس بکات. لە پشتی ئەم دەربڕینەی خانییەوە ئەو مانایە بەرهەم دێت کە هاوسەرگیری و پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزەکە لە دەرەوەی عیشق هیچ مانایەکیان نییە. ئەمەش لوتکەی تواندنەوەیە لە عیشقدا کە وەکو بەشێک لە تەسەوفی لێ دێت و لە بارێکی وەهاشدا عاشق و مەعشوق دەبنە تەواوکەری یەکتری و وای دەبینی لە دەرەوەی عیشقەکەی ئەوان هیچ شتێک مانای نییە. ئەمە تێڕوانینی خانییە، هەر بۆیە دوای ئەوەی کە دڵدارەکەی بە شوو دەدرێت ئەو عەشقەکەی دەباتەوە ناخی خۆی و بە بێدەنگی بە گڕی ئەو عیشقە دەسووتێت و پێی وا نییە ئاوی هیچ ئەوینێکی تر گڕی ناخی ئەم کپ بکاتەوە.

مەلا سمایل دەگێڕێتەوە کاتێ مەم و زین بڵاوبووەوە زۆرێک لە مەلا و شێخ و پیاوی ئایینی کەوتنە دژایەتیکردنی خانی و دەیانگوت مەم و زین پڕە لە کفر و دژایەتی ئایین و هانی گەنجان دەدات بۆ داوێنپیسی و هانی ڕەشەخەڵکەکە دەدات بۆ دژایەتیکردنی تورکەکان. لە ڕاستیدا مەم و زین نموونەی دەقێکی زیندووی باڵایە کە خانی لە زۆر دەرگاوە ناشیرینییەکانی کۆمەڵگە و کولتوور و ئایین و ئەو جادوو و شتە خراپانەی بەناوی ئایینەوە سەپێندراون ڕەت دەکاتەوە. هەروەها پێی وایە سوڵتانی عوسمانی بۆ تاڵان و کەنیزەک و دەستکەوت شەڕی فەلە و ڕۆژئاواییەکان دەکات، نەک ئەوە

غەزا بێت. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە پێویستە کوردان خۆیان یەکگرتوو بن و ئەمانیش پێویستە دەوڵەت و سوڵتانی خۆیانیان هەبێت نەک شوێن سوڵتانی عوسمانی و پاشایانی عەجەم بکەون. ئەم بۆچوون و تێڕوانینانەی خانی زۆرێک لە مەلا نەزان و ئاسۆتەنگ و بیرکوێرەکان و شێخە ساختەچییەکانی وەکو سەیفەدینی جبەشین و میرانیشی بێزار کردبوو، کە ئەمانە هەندێکیان وایان دەزانی سوڵتان نوێنەری خودایە لەسەر زەوی و هەندێکی تریشیان لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا دژایەتی خانی و بۆچوونەکانیان دەکرد و ملکەچی والی و سوڵتانەکانی عوسمانی و عەجەم بوون.

هەروەها مەلا سمایل ئەوەش دەگێڕێتەوە کە خانی دەستی کردبوو بە نووسینەوەی قەڵای دمدم و زۆریش بەپەلە بوو لە نووسینەوەیدا. پاساوەکەشی ئەوە بووە کە ئەو زۆر شتی لە خەیاڵدایە بینووسێت و تەمەنیش زۆر لەوە کورتترە کە فریای هەموو ئەو شتانە بکەوێت. کەواتە لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە خانی مرۆڤێکی ڕیالیست بووە و ترسێکی وەهای لە مردن نەبووە و وەها سەیری ژیانی کردووە کە شتێکی کاتی و کورتتەمەنە، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن لەو ژیانە کورتەدا مرۆڤ کار بکات بۆ ئەوەی ئەوەندە پێشکەش بکات کە ناوی بە زیندوویی بمێنێتەوە و هاوکات ئەوەی لە توانانیدایە پێشکەشی بکات، کە ئەوەش وەکو جۆرێک لە ئەرک سەیر دەکات.

مەلا سمایل لە گێڕانەوەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی نەخۆشییەکەی خانیدا ئەم چۆن دواندوویەتی و بۆی دەرکەوتووە کە میرزا سەبری و مەلا فەرید و کابرای

دەمامکدار ئازاری ڕۆحی خانییان داوە و خانی نیگەران بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە کە داوایان لە خانی کردووە گوتار نەدات و سەردانی دیوەخانی میر بکات. بەڵام خانی داواکەیانی ڕەت کردووەتەوە و لە بەرامبەردا پێی گوتوون با میر عەبدولفەتاح سەردانی ئەم بکات. ئەوەشی گوتووە کە حوجرەکەی ئەم لە دیوەخانەکەی ئەو خاوێنترە، چونکە خەڵکی پیس و ناپاکی تێ نایەت. لەم قسانەی خانییەوە، مەلا سمایل ئەو بۆچوونەی لا بەرجەستە دەبێت کە خانی ژەهرخوارد کراوە. بەڵام خانی ئەوە ڕەت دەکاتەوە و خراپیی باری تەندروستی خۆی و بێتاقەتییەکەی دەبەستێتەوە بە هەموو ئەو خەم و خەفەتەوە کە ئەو چل ساڵ زیاتر بۆ میللەتەکەی دەیخوات و پێوەی دەناڵێنێت. واتە چل ساڵ ژەهری خراپەی میرە چاوچنۆکەکان و ژەهری بێباکی و ناهۆشیاریی ڕەشەخەڵکەکە ڕۆحی ئەو دەخۆن. لێرەدا ئەو مانایە بۆ خوێنەر بەرهەم دێت کە خەمە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەی میللەت بۆ مرۆڤی هەستیار و هۆشیاری وەکو خانی کاریگەری خراپ و نێگەتیفیان دەبێت و ڕۆڵی نەخۆشییەکی ترسناکی وەکو ژەهرخواردکردن دەبینن. هەر لەو ڕووەوە خانی دەڵێت کەس ئەوی دەرمانخوارد نەکردووە، بەڵکو ئەو نەخۆشی باری ناهەمواری میللەتەکەی و لاوازی و ملکەچی و نادڵسۆزی میرەکانە کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی مانەوەی میللەتەکەی بە ملکەچی و ژێردەستەیی. ئازار و کاریگەریی ترسناکی ئەوەش هیچی لە کاریگەریی ژەهری سلێمان کەمتر نییە.

دوابەشی گێڕانەوەکانی مەلا سمایل، سەبارەت بەو نامەیەیە کە خانی بۆ میر عەبدولفەتاحی نووسیبوو، بەڵام میر

نامەکەی نەخوێندبووە و کاتێ ئەو بەیانییە هەواڵی کۆچی دوایی خانییان پێدا، میر نامەکەی خانی دایە دەستی بەنگینی دەرگاوان و داوای لێ کرد کە ئەو نامەیە بداتەوە دەستی مەلا سمایل. بەنگین لە کاتی بەخاکسپاردنی خانیدا، بە نهێنی نامەکەی ڕادەستی مەلا سمایل کرد، بەڵام مەلا باسی ئەوە دەکات کە چۆن نامەکەی لێ دەکەوێت و دواتر دوای ئەوەی باران زۆرینەی نامەکەی سڕیبووەوە، دەیدۆزێتەوە و وشکی دەکاتەوە بەو ئومێدەی ئەو نامە مێژووییە ون نەبێت. پاشان مەلا سمایل ئەو بەشانەی نامەکە دەخوێنێتەوە کە نەسڕابوونەوە. ئەو بەشانەی نامەکەش کە مابوونەوە و مەلا سمایل خوێندنیەوە زیاتر ئازایەتی و دڵسۆزی و دووربینی و نیشتیمانپەروەری خانی دەردەخەن و دەبنە نیشاندەری بەشێک لە ڕوانینەکانی ئەو بۆ پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری جیدی ڕەخنەگر و دەسەڵات.

### دەمامکدار

دەمامکدار کەسێکە تا ئەو کاتەی خۆی لە گێڕانەوەکانیدا ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی دەخاتە ڕوو، لای کەسانی نێو جوگرافیای ڕۆمانەکە و ئێمەی خوێنەریش شووناسەکەی نەزانراوە. ئەوەی لای خوێنەر و تەنانەت کەسانی ڕۆمانەکەش لەبارەی ئەم کەسەوە زانراوە ئەوەیە کە هەمیشە دەمامکی کردووە و میرزا سەبری ڕاوێژکاری میر عەبدولفەتاحیش وەکو خزمی نزیکی خۆی باسی دەکات و تەنانەت بە پسمام بانگی دەکات. بەڵام دواتر کە دەمامکدار شووناسی خۆی ئاشکرا دەکات، دەردەکەوێت هیچ پەیوەندییەکی بە میرزا

سەبرییەوە نییە، بەڵکو میرزا بەکاری هێناوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە گڵاو و نامرۆییەکانی خۆی.

ڕاستە دەمامکدار ئێستا وەکو جەلادێک دەردەکەوێت، بەڵام کاتێ ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە، ئاشکرا دەبێت ئەو قوربانی دەستی دڕندەیی و نامرۆڤبوونی باوکێتی. کاتێ ئەم تەمەنی دە ساڵان بووە باوکی بە چەقۆ لەبەر چاوی ئەم دایکی سەربڕیوە. ئەمیش هەڵهاتووە و چووەتە شارێک و لەوێ کەوتووەتە ناو کەسانی سەرسەری و چەقۆکێش و هەتیوباز و دز و جەردە و نامرۆڤەوە و بە ئارەزووی خۆیان بەکاریان هێناوە. لەوێوە تێکشکاندنی کەسێتی ئەم دەستی پێ کردووە و تا دواجار وای لێ هاتووە هیچ بەهایەک لای ئەم گرنگی نەماوە. دزی، گەڕان بەدوای هەتیوباز و پاشان پیاوکوشتن بوونەتە بەشێک لە ژیانی ئەم کەسێتییە. لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە چۆن پەروەردەی نادروست مرۆڤ لە مرۆڤەوە دەکاتە دڕندە، کە زۆربەی کات ئەو دڕندەیەش لە گەوهەردا جۆرێکە لە قوربانی.

یەکێک لەو ڕووداوانەی ڕۆمانەکە جێگەی سەرنجە ڕێکخستنی جۆرێک لە ڕێکەوتە بۆ بەرهەمهێنانی ڕووداو. ئەگەرچی ئەو ڕێکەوتە زەمینەسازیشی بۆ کراوە، بەڵام هێشتا تا ئەندازەیەک نائاسایی دەردەکەوێت، ئەویش بەیەکترگەیشتنی دەمامکدار و باوکێتی لە چۆڵەوانییەکی سەر ڕێگەی دیاربەکردا و لەناو خانێکی چۆڵ و وێرانەدا و لە شەودا، بەبێ ئەوەی یەکتر بناسنەوە. تەنانەت باوکی دەستدرێژی دەکاتە سەری. بەڵام لەو کاتە بەدواوە ئەمی دەمامکداری ئێستا کە ئەوکات ناوی ئاشکرای یاووس بوو، بە هۆی خەنجەرەکانی باوکیەوە سیمای شێوێنرا و ناچار بوو دەمامک بکات. یاووس لەبەر

ڕووناکی مانگەشەوەکەدا باوکی دەناسێتەوە. ئامبازی یەکتر دەبن و سەرئەنجام یاووس باوکی بەخەنجەر دەکوژێت، بەڵام باوکیشی هەموو دەمووچاوی ئەم بەخەنجەر دادەدورێت بە جۆرێک ناشیرینی دەکات کە دەمامککردنەکەی یاووس تاکو ئێستا لەبەر شاردنەوەی شوێن خەنجەرەکانی باوکیەتی. لێرەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان یاووس تۆڵەی دایکی و سەرگەردانبوونی خۆی و تێکشاندنی لە باوکی دەکاتەوە. هەروەک هاوکات دەشێ ئەو کوشتنەش وەکو تاوانی کوشتنی باوک لێک بدرێتەوە. ئەگەرچی لە ڕووکەشدا ڕەنگە مرۆڤ ڕەوایی بە کارەکەی یاووس بدات لە کوشتنی باوکیدا. هەرچەندە کوشتن بە هەر جۆرێک و بە هەر پاساوێک بێت، هێشتا هەر ناڕەوایە و مرۆڤـ لە لوتکەی خراپی و دڕندەییشدا هێشتا شایانی کوشتن نییە.

هەر لێرەوە یاووس بەرەو کوشتنی کەسێکی تر دەچێت و ئەویش دەکوژێت، کە ئەویش وەستا خەلیلی دیاربەکرییە. ئەم وەستا خەلیلە یاووسی بە بریندارى بردەوە ماڵەکەی خۆیی و پاشان فێری خۆشنووسی کرد و دواتریش کاری نێربازی لەگەڵدا کرد. یاووس بەوە ئاسوودە بوو، بەڵام دواتر وەستا خەلیل هەتیوێکی تر دەهێنێتە ماڵەوە. لە کاتی خەریکبوون لەگەڵیدا یاووس غیرەی لێ دەکات و وەهای لێک دەداتەوە کە ئەو هەتیوە نوێیە جێگەی ئەمی گرتووە، بۆیە بە خەنجەر وەستا خەلیل دەکوژێت. پاڵنەری ئەم کوشتنەیان هەستکردنی یاووس بووە بەوەی کە چیتر وەستا خەلیل لەگەڵ ئەم جووت نابێت. ئەوەش دەرئەنجامی حەز و ئالۆشیی نێرینەیەکە بۆ ئەوەی ڕەگەزی بەرامبەری لەگەڵیدا جووت بێت، کە هێزی ئەو پاڵنەرە ئەم کەسێتییەی گۆڕیوە بۆ جۆرێک لە دڕندە. ئەگەرچی

بەدڕنـــدەبوونی ئەم پێــشینەی تریـــشی هەیە کە بـــریتییە لە کوشـــتنی دایکـــی بە بەرچـــاوی ئەمەوە لە لایەن بـــاوکیەوە و دەستدرێژیکردنەســـــەری لە لایەن کەســـــانی تـــــرەوە و دەستدرێژیکردنەسەری لە لایەن باوکیەوە و کوشتنی باوکیشی کـاتێ کە ئەم زانـی ئەوەی ئەو شـەوە لەگەڵـی جـووت بـووە باوکی بووە.

دەمامکـدار لە گێڕانەوەکەیـدا، باسـی ئەوە دەکـات کە میـرزا سەبری سیازدە پارچە زێری پێ داوە بۆ ئەوەی خانی لەنـاو ببات، بەڵام ئەوەشی پێ گوتووە نابێت بە خەنجەر و شـتی لەو جۆرە بکوژرێت، بەڵکو باشتر وایە دەرمانخوارد بکرێت. پێشتر دەمامکدار لە گێڕانەوەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە لای کیمیـاگەرێکی بەغـدادی شـێوازەکانی گـرتنەوەی دەرمـان فێـر بووە. کەواتە هەڵبژاردنەکەی میرزا سـەبری لە جێگەی خۆیـدا بووە بۆ ئەوەی ئەو خانی ژەهرخوارد بکات. دەمامکدار باسـی ئەوەش دەکــات کە پێــشتر لەگەڵ میــرزا ســەبریدا نەخــشەی کوشـــتنی میــر مــحەمەد و ســلێمانی باشــکاتبیان دانــاوە. بــۆ لەنـاوبردنی خـانیش ژەهرێکـی تـایبەتی ئامـادە کـردووە. بەڵام وەکو خۆی دەڵێـت ئەم سـەرباری ئەوەی کە نەوتـی چـراکەی خـــانی گۆڕیـــوە، بەڵام ئەو خـــانی دەرمـــانخوارد نەکـــردووە. ئەگەرچــی پێــشتریش بە ژەهــر دانەیەک لە کتێبــی شــیرین و خوسـرەوی نووسـیوەتەوە و بردوویەتـی بۆ لای سـەلاحەدینی سەحاف بۆ ئەوەی خانی بیکرێت. دواتر لە کاتی خوێندنەوەیدا ئەو ژەهرەی تێکەڵاوی مەرەکەبەکەی کردبوو بچێتە ڕۆحیەوە و بیکوژێت. بەڵام دەمامکـدار بە جیـدی پێداگری لەسـەر ئەوە دەکـات کە ئەو خـانی دەرمـانخوارد نەکـردووە. ئەویـش لەبەر دوو هــۆ: یەکەم ئەو نەوتەی کردبــوویە چــراکەی خــانییەوە

نەوتێکی ئاسایی بوو، ئەو ژەهرە نەبوو کە ئامادەی کردبوو. پاشـــانیش ئەو کتێـــبەی کە لای ســـەڵاحەدین داینـــابوو بەو هیوایەی خانی بیکڕێت و لە خوێندنەوەیدا ئەو ژەهرەی پێی نووســـرابووەوە بچێـــتە خـــوێنی خـــانییەوە و بیکوژێـــت، بە بۆچوونی ئەو ئەوەش ڕووی نەداوە، چونکە خانی کتێبەکەی نەکڕیبـوو. ئەمەش ئەو کـاتە دەردەکەوێـت کە دوای مردنـی خانی کاتێ دەمامکدار چووەوە بۆ دوکانەکەی سەڵاحەدین و هەواڵی شیرین و خوسرەوەکەی پرسی. سەڵاحەدین پێی گوت کەس کتێبەکەی نەبـردووە و مـاوە. دەمامکـدار بە خۆشـییەوە ئەو دانەیەی کتێبەکەی بردەوە و دڵنیاش بوو کە بەر دەستی خانی نەکەوتـووە، کەواتە ئەو خـانی دەرمـانخوارد نەکـردووە. بەڵام لە ڕاستیدا خانی بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری ئەو کتێبەی کردبوو، پەڕەکانی هەڵدابووەوە. بەڵام دەمامکدار لەو ڕاستییە بێئاگا بوو. هەر بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو خانی نەکوشتووە. هەڵبەت دەمامکدار مردنەکەی خانی پێ ناخۆش بوو، چونکە کاتێ خانی بینی هەستی کرد خانی پیاوێکی باشە و شایەنی ئەوە نییە کە کەس بیکوژێت.

دەمامکدار لە گێڕانەوەکەیدا هەرچەندە باسی ئەوە دەکات کە ئەم کوشتن و لەناوبردنی خەڵکی زۆر بە لاوە ئاسان بووە، بەڵام نکـوڵی ئەوە دەکـات کە ئەم خـانی کوشـتبێت. هەروەک دەشزانێت کە میرزا سەبری مەبەستی بووە خانی لەناو ببرێت، بۆیە گومانی ئەوە دەکات کە یەکێکی تر ئەو کارەی بۆ میرزا ئەنجام دابێت. هەر لەبەر ئەوەشە کاتێ کە گۆڕەکەی بۆ خانی ئامادە کرد، جەمەدانەکەی هەڵدا بۆ میرزا و پێی گوت: بیگرە، عەورەتـی دڵتـی پـێ داپۆشـە. ئەمەش ئەوە نیـشان دەدات کە دەمامکدار بەو هەموو خراپی و دڕندەیەتییەیەوە میرزا سەبری

له خـۆی بە تاوانبـارتر دەزانێـت. هەر بەدوای ئەوەشـدا ئەم کەسە پشت لە بایەزید دەکات و دەڕوات، ئەوەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێـت کە هەسـتی بە تـاوانێکی گەورە کـردووە کـاتێ کەوتـووەتە گومـانی ئەوەوە کە مـردنەکەی خـانی پەیوەنـدی بەمەوە هەبێت، یـان ڕەنـگە میـرزا سـەبری خـۆی ئەو کـارەی کردبێت، یان بە کەسێکی تری سپاردبێت. ئێستا دەردەکەوێت کە کەسێتی دەمامکدار سەرباری ئەو پاشخانە مێژووییەی کە ئەوی لە منـداڵییەوە گەیانـدووەتە ئەو ئاسـتەی کە لە هـیچ کوشـتن و تاوانێـک نەگەڕێـتەوە، بەڵام هێـشتا جۆرێـک لە مرۆییبـوون لە ناخیـدا زینـدووە و ئەوەش وای لـێ دەکـات بە مـردنەکەی خـانی نیگەران بێت و بڵێت دوای ئەوە نەمـدەتوانی پاسارییەکیش لە گیان بکەم.

**میر عەبدولفەتاح نموونەی ڕاستەقینەی میری کورد**

میـر عەبـدولفەتاح بەشـداری کـرداری گێـڕانەوە لە ڕۆمـانی میرنـامەدا دەکـات. ئەگەرچـی ڕۆمـانەکە نـاوی میرنـامەیە و لە جوگرافیای دەقەکەدا ئەو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەوەی خۆی دەیگێڕێتەوە بایەخێکی گرنگتری هەیە بـۆ ڕوونـاکی خـستنە سـەر کەسـێتی خـۆی و کـۆی ئەو ڕووداوانەش کە ڕۆمـانەکە لە خۆیـان دەگرێـت. میـر لە گێڕانەوەکانیدا لەبری چۆنێتی بەڕێوەبردنی قەڵەمڕەوەکەی و هەوڵدانی بۆ بەرەو پێشەوەبردنی و کارکردن بۆ یەکگرتن و یەکخـستنی هەمـووان و خۆتەرخـانکردنی بـۆ یارمەتیـدان و هاریکاریکردنی میرەکانی تر بە ئومێدی ئەوەی ئێلاتی کورد یەک پێ بگرن و وەکو خانی دەڵێت کوردیش وڵاتی خۆی و دەوڵەتی خۆی و سوڵتانی خۆیی هەبێت، ئەم باسی ژنە شۆخ

و شەنگەکەی و چۆنێتی کڕینی بە بڕێکی زۆر ئاڵتون و حەز و ئارەزووەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا دەکات و لەبارەی ئەو ئەسپە بێوێنەیەوە دەدوێت کە یەکێک لە خانەکانی تەوریز بە دیاری بۆی ناردبوو. هەروەها باسی ئەو بازە نموونەییەی خۆیی دەکرد کە شێخ سەیفەدینی جبەشین لە وانەوە بۆی هێنابوو. هەروەکو خۆیشی دەڵێت پیاوانی دەرباری ئەو میرزا سەبری و شێخی جبەشین و مەلا فەرید و بوهاری چەند ڕۆژ سەرقاڵ بوون تا ناوێکی گونجاو بۆ بازەکەی بدۆزنەوە، وەلێ میر پێشنیاری هیچیانی بەدڵ نەبوو. ئەو ناوەی بۆ بازەکەی هەڵبژارد کە قاوەچییەکەی پێشنیاری کرد. میر شیرن و شەهێن و شیهابی هەبوو. ئەوەی بە لای ئەوەوە گرنگ بوو بەزم و کەیف و خۆشییەکانی ژیانی خۆی بوو، لەگەڵ ژنە جوانەکەی و ئەسپە نایابەکەی و بازە بەهەڵمەتەکەی و تانجی و تولە و غولام و دەستوپێوەندەکەیدا کە تەنانەت لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی خانیدا کە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو ئەو چوو بۆ ڕاو، بەڵام بارانی ڕەش و مەرەکەب ڕاوەکەی لێ تێکدا کە بە هۆی کۆچی دوایی خانییەوە ئەو جۆرە بارانە دەباری. لێرەوە زیاتر کەسێتی میر عەبدولفەتاح دەردەکەوێت کە چەند کەسێتییەکی لاواز و خۆویست و بێئاگا بووە لە کاروباری بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی میرنشینەکەی بە جۆرێک کە هێشتا ڕەخنە و سەرزەنشتەکانی خانی بۆ ئەو کەم بوون. بێگومان ئەگەر لە جوگرافیای دەقەکەوە بەرەو جوگرافیای دەرەوەی دەقەکە بێین واتە بێینە ناو زەمینەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمەوە کە دەقەکە لێی دەدوێت، ئەوا زۆرێک لە میر و بەگ و دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی کورد لە جۆری میر عەبدولفەتاح بوون و

تەنانەت ئێستاش لە بەرگێکی تر و شێوەیەکی تردا بەشێک لە بەرپرسانی کورد هەڵگری هەمان عەقڵیەت و بۆچوونی میر عەبدولفەتاحن. کە ئەوەش هۆیەکی سەرەکییە لەو هۆیانەی کە تاکو ئێستا کۆمەڵی کوردەواری لە پەراوێزی مێژوودا هێشتووەتەوە.

### نامەکەی خانی بۆ میر یان میرنامە

خانی چەند ڕۆژێک پێش گیانسپاردنی، نامەیەک بۆ میر عەبدولفەتاح دەنووسێت، کە تێیدا بێ ترس ئەوەی بە ڕاستی دەزانێت و لە بنەڕەتدا بووەتە هۆی ناکۆکی ئەو و میر بە نووسین دەخاتە بەر چاوی میر. بەڵام میری گەمژە و بێدەربەست لە ڕەخنە و نیگەرانییەکانی منەوەرێکی وەکو خانی ئەو نامەیە ناخوێنێتەوە و لای خۆی دەیهێڵێتەوە تا ئەو ڕۆژەی هەواڵی مردنی خانی پێ دەگات، ئەویش نامەکە دەداتە دەستی بەنگینی دەرگاوان و فەرمانی پێ دەکات بیداتە دەستی مەلا سمایل. بەنگین لە کاتی بەخاکسپاردنی خانیدا نامەکە دەداتە مەلا سمایل، بەڵام مەلا نامەکەی لێ دەکەوێت و دواتر بە زەحمەت بە تەڕی لەبەر بارانەکەدا پارچەپارچە کۆی دەکاتەوە و وشکی دەکاتەوە و ئەوەی دەخوێندرێتەوە لێرەدا نووسەری ئەم دەقە بۆ ئێمەی دەنووسێتەوە، کە وەکو مانیفێستی ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر لە دەسەڵات دەردەکەوێت. بایەخی سەرەکی نامەکە ئەوەیە کە: یەکەم ڕەخنەی ڕاستەوخۆیە لە میر واتە لە دەسەڵات. دووەم لە لایەن ڕۆشنبیرێکەوە نووسراوە کە تاکو ئێستاش وەکو کەسی یەکەمی ناو مێژووی ئێمە دەناسرێت کە لە قۆناغێکی زۆر زوودا لە کێشەکانی نەتەوەکەی تێگەیشتووە و زانیوێتی چی پێویستە بۆ ئەوەی

نەتەوەکەی ئەمیش وەکو تورک و فارس ببێتە خاوەنی خۆی، بەڵام میرانی نادڵسۆز و کەسێتی لاواز و ئەڵقەلەگوێی تورک و عەجەم لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا نەک هەر هیچ هەنگاوێکی جیدییان بە ئاڕاستەی یەکبوون و یەکخستنی ئێلاتی کوردی نەناوە، بەڵکو دڵسۆزییان بۆ بێگانە و هەوڵدانیان بۆ پاراستنی کورسی دەسەڵاتە تەسک و ناوچەییەکانیان وای لێ کردوون دوژمنایەتی کەسانی ڕۆشنبیر و خاوەن بۆچوونی وەکو خانی بکەن و تەنانەت بە فیتی ئەوان دەرمانخوارد بکرێت و لەناو ببرێت. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە و جێگەی سەرنجلێدانە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە سێسەد ساڵ بەسەر ڕەخنەکانی خانیدا لە میری بایەزید و میرامی کورد بەگشتی تێپەڕ بووە، دەسەڵاتە حیزبی و ناوچەییەکانی کورد هەمان شێوەی ئەوکات دابەش بوون لە پەیوەستبوونیاندا بۆ فارس و تورکەکان و تاکو ئێستاش کورد هەر نەبووەتە خاوەنی دەوڵەت و وڵات و سوڵتانی خۆی وەکو ئەوەی ئەوسا خانی داوای دەکرد. ئەمەش ئەو بۆچوونەمان لە لا بەرجەستە دەکات کە دەشێ ناتەواوییەکی ئەنتۆلۆجیانە لە بوونی مرۆڤی کورددا هەبێت، بۆیە بەم شێوەیە لە گەشەکردندا خاوە و تاکو ئێستا نەیتوانیوە هەنگاوی بەرەو هاتنە ناو مێژوو هەڵبهێنێت بەو مانایەی کە تاکو ئێستا نەبووەتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر لەسەر جوگرافیای خۆی. بکەرێکی ئەوتۆ کە توانای خۆسەلماندن و خۆنمایشکردنی هەبێت لە ڕووی بەشداریکردنیەوە لە بەرهەمهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا کە ئەوەش بەبێ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی ناگاتە ئەنجام. واتە تاکو ئێستاش داواکارییەکانی ئەحمەدی خانی بۆ یەکگرتن و

یەکبوون و بەدەستهێنانی شووناسی نەتەوەیی وەکو خۆی زیندووە. تاکو کورد نەبێتە یەکەیەکی یەکگرتووی بەهێز و لەسەر جوگرافای خۆی بوونی خۆی نەسەلمێنێت، مانای وایە هێشتا ئەوەی خانی باسی کردووە بەدی نەهاتووە.

**پەراوێزەکان:**


١- جورج لوكاش- الرواية التاريخية- ترجمة الدكتور صالح جواد الكاظم- بغداد - دار الشؤون الثقافية العامة- الطبعة الثانية- ١٩٨٦- ص ١٣.

2 -Alex Martin and Robert Hill، Modern Novels، Prentice Hall، New York، London،1996، p.18.

3 -Alex Martin and Robert Hill، Modern Novels، p.18.

4 -Jeremy Hawthorn، Studying the Novel، London- New York، 1985، p.47.

5 -E. M. Forster، Aspects of the Novels، A Pelican Book، 1927، p.54.

9 -Ann B. Dobic، Theory into Practice: An Introduction to Literary Criticism، United States، 4th edition، 2015، p. 196.

٧- سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الرابعة، ٢٠٠٥، ص ٣٤.

8 -Sholmith Rimmon -Kenan، Narrative Fiction، London، 2nd edition، 2008، p. 73 .

# کەوتنی بۆرە قەڵا و تراژیدیای مرۆڤی کورد

**سەرەتا**

(کەوتنی بۆرە قەڵا) ڕۆمانێکی (ماردین ئیبراهیم)ە کە لە ١٢٩ لاپەڕە پێکهاتووە و لە ساڵی ٢٠١١ چاپکراوە. بەسەرهاتی ئەم ڕۆمانە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە سوپای مەغۆڵ بە سەرۆکایەتی تەیموری لەنگ پەلاماری دیمەشق دەدات و داگیری دەکات. پاش سێ ساڵ لەو داگیرکردنە تاعوون لە شارەکەدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی داگیرکردنی شارەکە، چونکە تەمیموری لەنگ لە ترسی تاعوون بە سوپاکەیەوە پاشەکشە لە دیمەشق دەکات. لەناو ئەم بەسەرهاتەدا باوکی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە کە وەکو حیکایەتخوان پێشکەش دەکرێت بە پێی سەردەمی داگیرکردنی دیمەشق چیرۆکێک لە بارەی ئایندەوە بۆ تەیموری لەنگ دەگێڕێتەوە کە ماوەیەکی زۆر دوای ئەو کاتە ڕوو دەدات، ئەویش چیرۆکی ڕوودانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق

و ئێرانە. کاتێ باوکی جابری گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە ئەو شەوە لە کۆشکی تەیمور ئەو چیرۆکە دوورودرێژە ئایندەییە سەبارەت بە جەنگی عێراق- ئێران و کارەساتەکانی ئەو جەنگە دەگێڕێتەوە، تەیمور زۆر بێزار دەبێت و هەڵدەسێت و دەڕوات و ئامادەبووان بەجێ دەهێڵێت کە باوکی جابر و ئەحمەد غەزنەوی فەلەکناس و چەنگژەنێکی نەینەوایی و ڕەبابەژەنێکی بەسرایش لە ڕیزی ئەو میوانانەدا بوون کە ئەو شەوە بە زۆرەملێ هێنرابوونە دیوەخانی تەیمور. دیارە دوای ئەوەی تەیمور بە پاساوی درەنگی شەو و ڕۆیشتن بۆ خەو کۆڕەکەی بەجێ هێشت، پاشتر میوانەکان بەرەوماڵەکانی خۆیان گەڕانەوە، بەڵام پاسەوانەکان ڕێگەیان پێ نەدان بێجگە لە جابر کە تەمەنی سیانزە ساڵ بوو بە پاساوی کەمی تەمەنی ڕێگەی درا کۆشک بەجێ بهێڵێت. ئەوانی تر دەستگیر کران بە باوکی جابریشەوە، دواتر هەموویان کوژران.

دوای کوشتنی باوکی جابر، وەکو ئەحمەد غەزنەوی پێشبینی کردبوو تاعوون لە دیمەشق بڵاوبووەوە و ئەو تاعوونەش سوپاکەی تەیموریشی گرتەوە. لە ترسی ئەو پەتایە تەیمور بە خۆی و سوپاکەیەوە کشایەوە بۆ تاشقەند. لە ڕێگە خەڵکی مێردین لاوازیی سوپاکەی تەیموریان بە هەل زانی و تۆڵەی ئەو وێرانکارییەیان لێ کردنەوە کە پێشتر ئەو سوپایە لە ڕێگەی هێرشکردن بۆ سەر دیمەشق لە ناوچەکەی ئەوانەدا کردبووی. سەرئەنجام سوپاکەی تەیمور بە تەواوی تێکشکا و شتێکی ئەوتۆی لێ نەمایەوە.

پاش تاعوونەکە جابر گیانی تۆڵەسەندنەوە لە ناخیدا دەبزوێت و بەرەو حەڵەب دەڕوات و دەچێتە ڕیزی سوپاوە و دواتر دەگاتە ناوچەی بوخارا. ئەو دەمە لەشکرەکەی تەیمور

تێکدەشکێ و سەرئەنجام ئەو فەرماندانەی لەشکرەکە کە بە زیندوویی مابوونەوە، تەیمور دەرمانخوارد دەکەن. ئەو دەمە جابر لە جەنگ و گیانبازی بێزار دەبێت و بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ حەڵەب و جارێکی تر دەست بکاتەوە بە دەرس و موتاڵاکردن. ئەمە کورتەی بەسەرهاتی ڕۆمانەکەیە کە جابر دەیگێڕێتەوە. بەڵام لە ئامێزی ئەم گێڕانەوەیەدا، گێڕانەوەی ڕووی دووەمی ڕۆمانەکە هەیە کە ئەویش لە لایەن باوکی جابرەوە دەگێڕرێتەوە کە ئەویش گێڕانەوەی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانە. ئاستی بەرز و هونەیی ڕۆمانەکە زیاتر لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە چۆن نووسەر لە ڕووداوێکی واقیعی کە ڕووداوی جەنگە، هونەرێکی فانتازی بالای بەرهەم هێناوە. بەرهەمێک کە شارەزایانە و هونەرییانە دوو ڕووداوی ترسناکی مێژوویی لە ڕووی ماوەوە مامناوەند و مێژووی نزیکی پێکەوە بەستووە و بە جۆرێک لە هەناوی یەکەمیانەوە دێتە ناو دووەمیان و لەوێوە کارەساتەکانی جەنگ و خوێنڕشتن و وێرانکردن و بەدڕندەبوونی مرۆڤ بەرجەستە دەکات.

ئاشکرایە ئەم ڕۆمانە لە دوو ڕووداوی مێژوویی پێکهاتووە، بەڵام دیارە لە ئاستێکی هونەری باڵادا داڕێژراوە و بە شارەزاییەکی هونەری باڵاوە ئەو دوو ڕووداوە پێکەوە کراونەتە ڕەگەزی بونیادنانی ئەم دەقە. ئێستا ڕەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: کە ئایا چۆن ڕووداوە مێژووییەکان دەکرێنە دەقی هونەری بەتایبەتی ڕۆمان؟ دەشێ لەو ڕوانگەیەوە پێویستمان بەوە بێت کە بپرسین: ئایا هەستی مێژوویی ئێمە چەندە و لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا تا چەند مێژوو بە لامانەوە بایەخی هەیە کە مەبەست لەمەش مێژوو وەکو

ڕووداو و مێژوو وەکو ڕابردوویەک کە پەیوەندی بە بوونی ئێمەوە هەیە وەکو مرۆڤ لە ئێستاماندا و بۆ داهاتووشمان؟ بێگومان ئەگەر هەستی مێژوویی بوونی نەبێت، ڕەنگە لە بەهای بە بنەماکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بۆ نووسینی دەقێکی هونەری تێنەگەین بەتایبەتی دەقی ڕۆمان. مێژووی ڕۆمانی مێژوویی تا ئەندازەیەک دوورودرێژە و هاوشانە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆماندا وەکو ژانرێکی ئەدەبی. دیارە لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی بەگشتی بە ئەدەبی قۆناغی شار یان بە ئەدەبی کۆمەڵگەی شار دادەنرێت. کە دەشێ هەندێ بە ئەدەبی کۆمەڵگەی سەرمایەداری یان بۆرژوازی ناوی ببەن و هەندێکی تر بە ئەدەبی سەردەمی تەنویر و هەندێکی تریش بە ئەدەبی سەردەمی کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێن. بە هەرحاڵ لە هەموو بارەکاندا ڕۆمان ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە لە ژانرەکانی تر زیاتر نزیکە لە ژیانی واقیعی مرۆڤەوە و دەشێ سەرباری ئامادەبوونی ڕەگەزەکانی خەیاڵ و وەهم و ئەفسانە.. هێشتا هەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە واقیعبوونی ژیانەوە هەبێت.

لە بارەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژووییەوە جۆرج لۆکاش دەڵێت: ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەرکەوتووە و گەشەی کردووە.. هەرچەندە شتێکی سروشتییە کە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەشدا ئەو ڕۆمانانە ببینرێن کە بابەتەکانیان مێژووییە[١]. کەواتە ئەوە ئاشکرایە کە مێژوو یان ڕووداوە مێژووییەکان یەکێک لە سەرچاوە دیارەکانی ڕۆمانن، یان لەو ڕەگەزە سەرەکیانەن کە دەقی ڕۆمانیان لێ بەرهەم دەهێنرێت. جێرمی هۆسۆرن لەبارەی ڕۆمانی مێژووییەوە

دەڵێت: ڕۆمانی مێژوویی وەکو ناوەکەی نیشانی دەدات ڕووداو و کەسێتییەکانی لە سیاقێکی باش پێناسەکراوی مێژووییەوە وەردەگرێت، کە دەشێ کەسێتی خەیاڵی و کەسێتی واقیعی هەردووکیانی تێدا بێت[٢]. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا ڕووخانی بۆره قەلا ئەم دوو خاسێتە سەرەکییەی تێدایە کە لێرەدا باس کراون، کە ئەوانیش بریتین لە ڕووداوی مێژوویی و کەسێتی واقیعی و خەیاڵی. دوو ڕووداوی سەرەکی ئەم ڕۆمانە کە ڕووداوی داگیرکردن و وێرانکردنی دیمەشقە لە لایەن تەیموری لەنگەوە و ڕووداوی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران دوو ڕووداوی واقیعین لە مێژوودا. ڕووداوی کوشتنی باوکی جابر و ئەحمەد غەزنەوی و بەتارماییبوونی قەحتان و هاوار و بانگکردنی سورمەی کچی سیامەند و چەندین ڕووداوی تری لەو جۆرە ڕووداوی خەیاڵین کە بە ڕەگەزەکانی فانتازیا بارگاوی کراون. کەسێتی تەیموری لەنگ و سەدام حسێن و سەربازەکان و باوکی لوقمان و ئامینەی کچی وەهاب و چەندانی تر کەسانی واقیعین، بەڵام خودی جابر و باوکی و ئەحمەد غەزنەوی و چەنگژەنی نەینەوا و ڕەبابەژەنی بەسراوی و چەندانی تریش کەسانێکن لە خەیاڵی بەرهەمهێنی دەقەکەدا ئەفرێندراون، ئەگەرچی دەشێ لەسەر زەمینەی واقیعی کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکە، یان ئەو کاتە مێژووییەی کە دەقەکە لێی دەدوێت کەسێتی لەو جۆرانە هەبووبن.

وەکو ئاشکرایە لە هونەری چیرۆک و ڕۆمانیشدا کە ڕەگەزەکانی چیرۆکی بە شێوەیەکی فراوانتر و دەوڵەمەندتر تێدایە، یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکی و بنەڕەتییەکان بریتییە لە گرێچن Plot، کەواتە گرێچن چییە؟ ئایا لە ڕۆمانی بۆره قەلادا

گرێچن چ جۆرێکە؟ گرێچنی ئەرستۆیی یان گرێچنی دەروونی یان تێکەڵاوە؟ گرێچن بریتییە لە نەخشە، هێڵکاری، پێوانە یان شـێوازی ڕووداوەکـان لە شـانۆگەری و قەسـیدەدا، یـان لە بەرهەمی ڕۆماندا، لەوەش زیاتر بریتییە لە ڕێکخستنی ڕووداو و کەسێتی بە ڕێگەیەک کە زانینخوازی و گومان لە گوێگر یان خـوێنەردا بورووژێنێـت. هەر لەم ڕووەشـەوە ئەم پرسـیارانە دەکـرێن کە سـێ دەمـی جیـاواز لەخـۆ دەگـرن: بـۆچی ئەوە ڕوویدا؟ بۆچی ئێستا ئەوە ڕوو دەدات؟ دواتر چی ڕوو دەدات و بۆچی ڕوو دەدات؟ کە دەشێ ئەمەشی بۆ زیاد بکرێت: ئایا هـیچ شـتێک ڕوو دەدات؟[٣]. ئەوە ئاشـکرایە کە لای ئەرسـتۆتالیس گـرێچن یەکـێکە لە ڕەگەزە سـەرەکییەکانی تراژیـدیا، بەڵام وەکـو پێـشتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد گـرێچن یەکـێکە لە ڕەگەزە سـەرەکییەکانی هـونەری پەخـشانی کە مەبەستمان لەمەش چیرۆک و ڕۆمانە. دیارە گرێچن بریتییە لە چنین یـان ڕێکخستنی ڕووداوەکـان پەیوەست بە کەسـەکان و کـات و شـوێنەوە. ئەم ڕەگەزە سـەرەکیانەش وا لە گـرێچن دەکەن کە دەسـتپێک و بەرزبـوونەوە و دابەزینـی کـار هەبێـت تێیدا، کە دەشێ ئەوەش بە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ناو ببرێت. دیارە سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی گرێچن کە بریتین لە کەسـێتی و ڕووداو و شـوێنکات، ڕاسـتەوخۆ ئەم پرسـیارانە دروست دەکەن: کەسێتییەکان کێن؟ لە کوێن؟ چیی دەکەن، یان کاریان چییە؟ کەی کارەکە ڕوو دەدات؟[٤]. دیارە شوێنکات لە ڕۆمانـدا ئەتمۆسـفیر دروسـت دەکـات کە ئەو ئەتمۆسـفیرە کاریگەری ڕیشەییانەی دەبێت لەسەر کەسێتییەکان و چۆنێتی بونیادنانیان و کاردانەوەیان لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و شـێوازی ڕەفتـار و هەڵـسوکەوت کردنیـان. کە ئاشـکرایە لە

هەر دوو ڕووداوی دیاری ڕۆمانی بۆره قەڵادا کە بریتین لە گرتنی دیمەشق و جەنگی نێوان عێراق و ئێران ئەتمۆسفیرێک لە شوێنکاتدا بەرهەم هاتووە یان خوڵقێندراوە کە کاریگەری نەرێنی ئاشکرای لەسەر کەسێتییەکان و کاردانەوە و بینای کەسێتییان و ڕەفتارکردنیان و هەڵوێستوەرگرتنیان بەرامبەر بە جووڵەی ڕووداو بە پێی گرێچنەکە هەبووە.

گرێچنی ڕۆمانی بۆره قەڵا لەوێوە دەست پێ دەکات کە سوپای تەیموری لەنگ هێرش دەکاتە سەر دیمەشق و داگیری دەکات و شارەکە وێران دەکات و کەسانێکی زۆر دەکوژێت. لەنێو ئەم گرێچنەدا کە جووڵەی کردار بەرەو لوتکە دەڕوات، گرێچنێکی تر لە ناوەوە هەیە و تەواوی دەکات ئەویش گرێچنی ڕووداوەکانی جەنگی عێراق و ئێرانە. کە ئەم گرێچنەشیان سەرەتای هەیە و لە دەستپێکی جەنگەکەوە دەست پێ دەکات و بەرزبوونەوەی ڕووداو لە چڕبوونەوەی جەنگەکەدایە. بۆ ماوەی دوورودرێژ ئاڕاستەی جووڵەی ڕووداوەکان لە گرێچنەدا بە پێی کات و شوێن ئاسۆییانە لە ئاستی گەیشتن بە لوتکەدا بەردەوام دەبن، یان دەشێ لە ڕووی فیزیکییەوە بگوترێت سەرباری ڕوودانی ڕووداوەکان لە کات و شوێندا، بەڵام جووڵەی ڕووداوەکان جۆرێک لە وەستانیان پێوە دیارە کە ئەوەش بە هۆی ڕوونەدانی گۆڕانکارییەوە لە ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا جۆرێک لە وەستان دەبینرێت، ئەوەش ئەو کاتە دوورودرێژەیە کە جەنگەکە دەیخایەنێت. سەرئەنجام وەستانی جەنگەکە شۆڕبوونەوەی ئاڕاستە جووڵەی ڕووداوەکان نیشان دەدات بە هەموو ئەو ڕووداوە دووەمی و لاوەکیانەی ترەوە کە لەو جەنگەدا ڕوو دەدەن. بە گوێرەی گرێچنی سەرەکی ڕۆمانەکە هاتنی تاعوون

و تێکشکاندنی سوپاکەی تەیمور و پاشەکشەکردنی لوتکەی ڕووداوە و لەوێوە شۆڕبوونەوە یان دابەزینی ئاڕاستە جوولەی ڕووداو لە گریێچنی ڕۆمانەکەدا دەست پێ دەکات. کە گەیشتنی جوولەی گرێچن بە خاڵی کۆتایی لە مردنی تەیمور و گەڕانەوەی جابر لە ڕیزەکانی سوپاوە بۆ دەرس و موتالاکردندا بەرجەستە دەبێت.

دیارە ئەوە ئاشکرایە کە گرێچن بریتییە لە چنینی شتێک لە پێناوی ئامانجێکدا، یان چنینی کۆمەڵێک ڕووداوی پێکەوە پەیوەستە کە بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو دەجوڵێن. لەبارەی پەیوەندی گرێچن و کەسێتییەوە لە بەرهەمی پەخشانیدا، دکتۆر عەدنان خالید دەڵێت: بۆ مرۆڤ کارێکی زەحمەتە گرێچن و کەسێتی لە بەرهەمی پەخشانیدا لێکتر پەرت بکات، ئەم دووانە پێویست و پەیوەستی یەکترین، چونکە ئەرکی گرێچن بریتییە لە وێناکردنی هەر کەسێتییەک لە هەر ڕووداوێکدا، لە هەمان کاتدا ئەرکی کەسێتی بریتییە لە وێناکردنی ڕووداو، یان گرێچن[٥]. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا پەیوەندی کەسێتی جابر وەکو کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە و گرێچن و ڕووداوەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن ئەم کەسێتییە لە ڕێگەی گێڕانەوە و لە ڕێگەی جوولەی خۆیشیەوە وێنای ڕووداوەکان و درێژە و وردەکاری گرێچنەکەش دەکات. لە هەمان کاتدا گرێچن وێنای کەسێتی جابر و تەنانەت باوکی جابر و تەیمور و سیامەند و قەحتان و لوقمان و ئامینەی کچی وەهاب و سورمە و ئاکۆ عومەر و عەبدولجەبارمان بۆ دەکات. کە دوای ئەوە لە ڕێگەی جوولە و بەشداریکردنەوە لە ئاستی ئاگایی و لە ئاستی نائاگایشدا کە ئەمەی دوومیان پەیوەستە بە شەپۆلی هۆشەوە زیاتر وێنای بەرجەستەبووی

ئەم کەسێتییانە دەردەکەوێت. هەر لێرەشەوە خاسێتی ئەرستۆیی گرێچنی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت کە سەرەتا بە نمایشکردن و خستنەڕووی کەسێتی سەرەکی دەست پێ دەکات، ئەویش وەسفکردنی جابرە کە تاکە کوڕی باوکیەتی کە لە ژنە مردووەکەیەوە بۆی بەجێماوە و تەمەنی سیانزە ساڵە. سەرکەوتنی ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا لەوێوە دەست پێ دەکات کە جووڵە ئاستی خستنە ڕوو یان نمایشکردن بەجێ دەهێڵێت و دەگاتە هۆکارەکانی قەیران یان ململانێ و جیاوازی کە ئەویش لە سەرهەڵدانی ئەو هۆیانەوە دەست پێ دەکات کە بۆچی تەیموری لەنگ دەیەوێت بە سوپایەکی دڕندەوە پەلاماری دیمەشق بدات. بەدوای ئەوەشدا لوتکە یان ناوەند بە پێی کات دێت کە ئەویش کاتی چڕبوونەوە و هەڵچوونە، دیسان خاڵی وەرگەڕانە لە ئاڕاستەی جووڵەی ڕووداودا پەیوەست بە کەسێتی سەرەکی و تەنانەت بە کەسێتییەکانی تریشەوە. لوتکەی گرێچن لە ڕۆمانی بۆرە قەلادا داگیرکردنی دیمەشق و وێرانکردنیەتی. دابەزینی ئاڕاستەی جووڵەش لە ڕۆمانەدا کە ئاڕاستەی بەرەو خاوبوونەوەی ئەو چڕبوونەوە هەڵچوونەی ڕووداوەکانە، لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی تاعوون و ئالودەبوونی سوپاکەی تەیمورە بەو درمە دەست پێ دەکات کە ئەوەش سەرەتای بەرەو کۆتاییهاتنی هەڵچوون و چڕبوونەوەی ڕووداوەکانە. دیارە کۆتاییش لەم ڕۆمانەدا تێکشکاندنی سوپاکەی تەیمور و مردنی خۆیەتی. کە ئەوەش وەکو کرانەوەی گرێی کۆتایی سەیر دەکرێت. دیارە ئاشکرایە لەم ڕۆمانەدا گرێچن زیاتر بە پێی زەمەنی مێژوویی چنراوە، واتە ڕۆماننووس گرێچن و ڕووداوی بە پێی کاتی مێژوویی ڕێکخستووە و چنیوە کە لە کاتێکی مێژوویی جێگیرەوە دەست

پێ دەکات کە ساتەوەختی هێرشکردنی سوپای تەیمورە بۆ سەر دیمەشق. هەروەک ئەم جۆرە گرێچنەش لە خاڵێکی دیاریکراوی کاتدا کۆتایی دێت، کە لە ڕۆمانی ڕووخانی بۆرە قەڵادا کاتی کۆتاییهاتنی جووڵەی ڕووداو و مردنی تەیمور و بڕیاردانی گەڕانەوەی جابرە لە ڕیزی سوپاوە بۆ دەرس و موتالاکردن. هەروەک لە گرێچنی دووەمدا کە لە شێوەی حیکایەتێکی ئایندەیدا لە لایەن باوکی جابرەوە بۆ تەیموری لەنگ دەگێڕدرێتەوە، گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ وێنای سیامەند دەکات کە لەنێو ژوورەکەی خۆیەتی لە لەندەن و بینینی هەندێ دیمەن و بینینی کوڕە گەنجەکەی دراوسێی کە بەردەوام لە چالاکیدا بوو بۆ بەرگریکردن لە مافی ئەوانی تر و پاشانیش بینینی ڕووداوی لە سێدارەدانی سەدام حسێن لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکەیەوە. لەو کاتەدا ئاهێکی هەڵکێشا و سەیرێکی وێنەکەی سورمەی کچی و هاوسەرەکەیی کرد کە هەردووکیان لە قوربانییەکانی کارەساتی ئەنفالن، لەوێوە بە فلاشباک گەڕایەوە بۆ ڕابردوو کە شەڕی عێراق ئێران دەستی پێ کرد و چۆن ئەو شەڕە بووە قەسابخانەیەکی تری ڕژێم بۆ سەربڕین و هاڕینی جەستەی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی عێراق و ئێران و کەمئەندامکردنی ژمارەیەکی تری هێجگار زۆر کە سیامەند خۆی یەکێک بوو لەوانە. گێڕەرەوە ڕووداوی ئەو جەنگە و دروستبوونی گوندی بۆرە قەڵا و بڕیاری ئەو پێنج کوڕە لاوەی گوندەکە بۆ چوونە ڕیزی سوپا و پاشان تراژیدیای جەنگ و وێرانبوونی وڵات و ململانێکانی ئەم پێنج لاوە لەگەڵ خۆیان و ئەو بارودۆخە ناهەموارەدا دەگێڕێتەوە. سەرئەنجام بە شێوازێکی تراژیدیانە مێژووی ئەو پێنج لاوە لە جەنگدا پێشکەش دەکات کە تەنیا سیامەندیان بە زیندوویی لە

شـــــەڕ دەردەچێـــــت، ئەویـــــش بە کەم ئەنـــــدامی و دوای دەستگیرکردنی لە لایەن ئێرانییەکانەوە. کاتێکیش وەکو دیل دەدرێتەوە بە عێراق دەبینێت هەم گوندەکەی وێران بووە، هەم ژن و کچەکەشی ئەنفال بردوونی. دیارە وێنەی نزیک لەم کەسێتییە لە ئەنفالی کوردستان هەیە. کۆتایی ئەم گرێچنەیان بریتییە لە گەڕانەوەی سیامەند و باوکی لوقمان و ئامینەی کچی وەهاب بۆ بۆرە قەڵا و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە. لێرەوە ئەوە دەبینرێت کە لە کۆتایی هەردوو گرێچنەکەدا گەڕانەوە هەیە. لە یەکەمیاندا گەڕانەوەی جابر بۆ دیمەشق و جارێکی تر دەستـــکردنەوە بە دەرس و موتـــالا، هەروەک لە دووەمیانـــدا گەڕانەوەی سیامەندی کەم ئەندام و ئامینەی وەهابی تاک و تەنیا و باوکی لوقمانی بێکەس و جگەرسووتاو بۆ گوندی بۆرە قەڵا و هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەو جارێکی تر دەستکردنەوە بە ژیان تێیدا. کە ئەمەش تا ئەندازەیەکی ئاشکرا دوو کۆتایی هاوشێوەن. ڕووداوی ئەنفال کە یەکێکە لە نموونە هەرە دیارەکانی دیکتاتۆریەت کە لەسەردەمی مۆدێرنێتەدا ئەنجـــامی داوە و لە زۆر ڕووەوە هاوشـــێوەیە لەگەڵ ئەو وێرانکاریانەی کە یەکێک لە سەرکردە خوێنڕێژەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەنجامی داوە کە ئەویش تەیموری لەنگە، کە ڕووداوی داگیرکردن و وێرانکردنی دیمەشق ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی ئەو زنجیرە دوورودرێژەی وێرانکاری کە لە لایەن تەیموری لەنگەوە ئەنجام دراون.

### گێڕانەوە لە ڕۆمانی بۆرە قەڵادا

ئەفلاتوون و ئەرستۆ سێ جۆری سەرەکی لە گێڕانەوەیان جیاکردۆتەوە. یەکەمیان بریتییە لە قسەکەر یان شاعیر یان هەر جۆرە نووسەرێکی تر کە دەنگی خۆی بەکار دەهێنێت. دووەم ئەوەی کە دەنگی کەسێک یان کەسانێکی تر وەردەگرێت و بە دەنگێک قسە دەکات کە دەنگی تایبەتی خۆی نییە. سێیەم ئەوەی کە تێکەڵاویەک لە دەنگی خۆی و لە دەنگی ئەوانی تر بەکار دەهێنێت[٦]. هەروەک گێڕانەوە دەشێ لە لایەن کەسی یەکەم یان لە لایەن کەسی سێیەمەوە بێت. کەسی یەکەم بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک یان دەشێ کەسی یەکەمی تاک بە ناوی کەسی یەکەمی کۆوە واتە "ئێمە"وە گێڕانەوە ئەنجام بدات. کەسی سێیەم وەکو گێڕەرەوە بە ڕاناوی "ئەو" یان بە ناوی ئاساییەوە کرداری گێڕانەوە ئەنجام دەدات. هەروەک ئەو بۆچوونەش هەیە کاتێ گێڕانەوە لە لایەن کەسی یەکەم یان کەسی سێیەمەوە ئەنجام دەدرێت: شتێکی گرنگی ئەوتۆمان پێ ناڵێت، تا وەکو زۆر ورد نەبین و وەسفی ئەوە نەکەین کە چۆن خاسێتە تایبەتییەکانی گێڕەرەوەکان پەیوەندییان بە کاریگەرییە دیاریکراوەکانەوە هەیە. ئەوە ڕاستە کە هەڵبژاردنی کەسی یەکەم هەندێ جار لە ئەندازەبەدەر سنووردارە[٧]. لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرە قەڵادا، گێڕەرەوەی سەرەکی کە هەر ئەویش گێڕەرەوەی دووەم پێشکەش دەکات، جابرە کە وەکو کەسی یەکەم کاری گێڕانەوە دەکات و بەم جۆرە دەست پێ دەکات: من تازە تەمەنم بووبوو بە سیانزە ساڵان، من تاقانە منالّی ئەو بووم، من خۆم بۆ دەرفەتێک دەگەڕام سوپا بەجێ بهێڵم..." واتە گێڕەرەوە بە ڕاناوی کەسی

یەکەمی تاک کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات کە ئەم کەسێتییە هەر خۆیشی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە.

ئاستی دووەمی گێڕانەوە، کە گێڕانەوەی جەنگی درێژخایەنی نێوان عێراق و ئێرانە، لە لایەن باوکی جابرەوە دەگێردرێتەوە کە خۆی حیکایەتخوانێکی دیارە. باوکی جابر وەکو هەر حیکایەتخوانێکی نێو دیوەخانی کەسانی پلەوپایە بەرز بەسەرهاتی جەنگی عێراق ئێران کە بۆ سەردەمی تەیموری لەنگ داهاتوویەکی دوورە دەگێڕێتەوە. لێرەدا گێڕەرەوە تەنیا لە ڕێگەی ئەو وەسفانەوە کە جابری کوڕی بۆی دەکات و لە ڕێگەی ئەوەی کە دەیگێڕێتەوە دەناسرێت. هەروەک لە ڕێگەی گێڕانەوەکانی جابرەوە وەکو گێڕەرەوە لە باری کەسی یەکەمدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە گێڕەرەوەی دووەم چارەنووسی بە چی دەگات. باوکی جابر وەکو گێڕەرەوەیەک لە شووناسی کەسی سێیەمدا کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات کە لە خاسێتە دیارەکانی گێڕەرەوە لە باری کەسی سێیەمدا ئەوەیە: چیرۆک (یان ڕۆمان) لە لایەن گێڕەرەوەیەکەوە دەگێڕدرێتەوە کە خۆی لە دەرەوەی چیرۆک (یان ڕۆمانەکەیە) و ئاماژە بۆ کەسەکان دەکات بە ناوی خۆیانەوە، یان بە ڕاناوی (ئەو، ئەوان). دیارە سوودی گێڕەرەوەی کەسی سێیەم (لە چاو کەسی یەکەمدا) ئەوەیە کە ئازادییەکی زۆری هەیە بۆ جولان لە کات و شوێندا و بۆ هێنانە ناوەوەی کەسێتی زیاتر[٨]. لەم ڕووەوە ئەگەر سەیری ژمارەی کەسێتییەکان و جۆراوجۆری کات و شوێن و جوولە لەو ڕووبەردا بکەین لە ئاستی دووەمی گێڕانەوەدا کە گێڕانەوەی پێش ڕوودانی شەڕی عێراق و ئێرانە لە لایەن باوکی جابرەوە وەکو کەسی سێیەم، ئەوا ژمارەیەکی زۆر لە

کەسـێتی هێنـراونەتە نـاو جوگرافیـای دەقەکەوە و جـووڵەی ئاشکرا لە شوێن و کاتدا هەیە. شوێن لەنێوان لەندەن و بۆرە قەڵا و بەرەکانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران و ئۆردوگای دیلەکان لە ئێران و جارێکی تر بۆرە قەڵا و.. هەروەها کات لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە سیامەند لەنێو شوقەیەکی لەندەندا بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، ڕابردووی بۆرە قەڵا و تەنانەت پێشتریش پێش ئەوەی بۆرە قەڵا دروست بکرێت و ئەو خەڵکەی تێدا کۆبکرێتەوە، لەوێشەوە بۆ کاتە ترسناک و ناخۆشەکانی خۆشاردنەوە لە ترسی بەشداریکردن لە جەنگدا و پاشـانیش ئەو کـاتەی کە لەگەڵ هاوڕێکانیـدا بڕیـار دەدەن پەیوەندی بکەن بە سوپای عێراقەوە و بەشداری جەنگ بکەن. بەدوای ئەوەشدا کاتی دابەشکردنی ئەو پێج کوڕە لاوەی بۆرە قەڵا و بەسەر یەکە سەربازییە جیاوازەکاندا و کاتی مانەوەیان لە سـەربازگەکان و کـاتی بەشـداریکردنی هێـرش و کـاتی بەرکەوتنی دووانیان لە هێرشی فڕۆکەدا و کاتی برینداربوونی سیامەند و دەستگیرکردنی لە لایەن سوپای ئێرانەوە و کاتی هەوڵدانی عەبدولجەباری ئەفسەر بۆ دەستدرێژیکردنە سەر لوقمانی حەکیم و پاشانیش کاتی کوشتنی ئەو ئەفسەرە لە لایەن لوقمـانەوە. تـا دەگـاتە دەسـتگیرکردنی ئەریـوان و گوللەبـارانکردن و کـاتی ئەنفـال و کـاتی ڕاپەڕیـن و کـاتی گەڕانەوەی سیامەند بۆ بۆرە قەڵا و کاتی ئاوەدانکردنەوەی گونـدەکە. بەگـشتی کۆمەڵێـک کەسـێتی لە کـات و شـوێنی جۆراوجۆردا، پەیوەست بەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن و لەو کات و شوێنانەدا پەیوەستن بەم کەسانەوە گرێچنی ڕۆمانی بۆرە قەڵا دەچنرێت.

لە کــرداری گێــڕانەوەی ئەم ڕۆمـــانەدا دەردەکەوێــت کە گێڕەرەوەی یەکەم واتە جابر بریتییە لە دەنگی نووسەر یان لە بـارێکی تـردا کەسـێتی نووسـەر خـۆیەتی. بەڵام ئەم دەنـگە لە هەموو ڕۆمانەکەدا بەردەوام نابێت، بەڵکو بەشێکی سەرەکی لە ئەرکەکەی دەسپێرێت بە کەسێکی تر کە ئەویش باوکیەتی کە وەکو کەسی سێیەم کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات. ئەمەش بە جۆرێک دەبێتە تێکەڵاوکردنی دەنگی نووسەر و دەنگی ئەوی تر، یان ئەوانی تر. کە ئەمەش یەکێکە لە خاسیێتە بەهێزەکانی ڕۆمـانی نـویێ لەو ڕووەوە کە ڕۆمـان ژانرێکـی ئەدەبییـە و بە ئەدەبی قۆناغی ژیانی شاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنرێت. لە کـۆمەڵگەی شــار یـان کـۆمەڵگەی هاوچەرخیـشدا هەمیـشە زیــاتر لە دەنگێــک هەیە. کە لە ئاســتێکی قــووڵتردا زیــاتر لە دەنگێـــک لە ئاســـتی گێـــڕانەوەی ڕۆمـــانەکەدا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە سەرباری ئەوەی زیاتر لە دەنگێک هەیە، دەنگی داهێنەر یـان ئەفرێنـدەری ئەو جیهـانە کە جیهـانی ڕۆمـانەکەیە تـاکە دەنـگ نییە، بەڵکو دەنگی تـریش هەیە لە پاڵیـدا. هەر بەو پێیە دەنگی دروستکەری ئەو جیهـانە کۆنترۆڵی هەمـوو شـتێک لە جوگرافیــای ڕۆمـــانەکەدا ناکــات. لێرەشـــەوە ئاســـتێک لە ئاســـۆییبوونی پەیوەنـدییەکان دەردەکەوێـت کە چیتــر تیایــدا تاکەکەسـی یەکەم لە لـوتکەوە فەرمـان ناکـات، بەڵکـو دەنگـی ئەوی تــریش هەیە لە پــاڵ دەنگــی ئەمــدا. ئەمەش یەکــێکە لە خاسـێتە پڕبایەخەکـانی ڕۆمـانی بـۆرە قەڵا کە فەزایەک دێنێـتە ئاراوە بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر لە دەنگێک.

وەکــو ئاشــکرایە ســەرباری گێــڕانەوەی کەســی یەکەم و گێـڕانەوەی کەسـی سـێیەم و گێـڕانەوەی بـابەتی کە ئەمەیـان کەسـی گێـڕەرەوە نائامـادەیە و زیـاتر کـرداری گێـڕانەوە لە

شـێوەی دایەلـۆگی نێـوان کەســەکانەوە بەرهەم دێـت وەکـو ئەوەی لە شـانۆدا پەیـڕەو دەکرێـت، بەڵام دەشـێ گێـڕانەوە لە دوو ڕوانـگەی تـرەوە بـاس بکرێـت ئەویـش بە پێـی کەسـێتی گێڕەرەوە کە ئەوانیش بـریتین لە: ئەو گێڕەرەوەی کە هەمـوو شت دەزانێت Omniscient Point of View ئەمەش مانـای ئەوەیە کە گێــڕەرەوە هەمــوو شــتێک لە بــارەی ڕووداو و کەسـێتییەکانەوە دەزانێـت و ئاگـاداری هەمـوو بیرکـردنەوە و جووڵێنەرەکانیانە[٩]. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بـریتییە لە زانیـاری پێــشکەشکردن یــان جۆرێــک لە بەیــانکردنی ڕەهەنــدەکانی کەســێتییەکان و ڕووداوەکــان. گێڕانەوەکــانی جــابر وەکــو گێــڕەرەوەی ســەرەکی ڕۆمــانەکە بەشــێکی ئاشــکرا لە خاسـێتەکانی ئەم جـۆرە گێـڕانەوەیەی پێـوەیە. هەرچەنـدە لە ڕاستیدا گێڕەرەوەی کەسی یەکەم زیاتر پەیوەستە بە تەکنیکی شــەپۆلی هۆشــەوە. هەروەک گێڕانەوەکـانی بـاوکی جـابر کە لەبـاری کەســی ســێیەمدایە دەشــێ بە گێــڕانەوەی زانیــاری سنووردا نـاو ببرێت Limited Point of view لەم جۆرە گێــڕانەوەیەدا ســەرباری ئەوەی کە چەنــد کەســێتییەک ئامادەبوونیان هەیە، بەڵام گێڕەرەوە زیاتر بایەخ بە بۆچوون و هەســتکردنی یەکێــک لە کەســێتییەکان دەدات. لە ئاســتی گێڕانەوەی دووەمدا کە گێڕانەوەی شـەڕی عێراق و ئێرانە لە ڕۆمـانەکەدا گێـڕەرەوە زیـاتر گێڕانەوەکـانی لەسـەر کەسـێتی سـیامەندە کە وەکـو کەسـێتییەکی سـەرەکی یـان تەوەری لە ڕۆمانەکەدا پێشکەش دەکرێت و کەسێتییەکانی تر سـەرباری ئامادەبوونیــان وەکــو کەســێتی دووەم بەرجەســتە دەکــرێن.

کەسێتی مەلیک کەیکاوس، ئەریوان عومەر، لوقمان حەکیم، فەقێ تەیران و هەروەها ئامینەی کچی وەهاب و باوکی لوقمان و عەبدولجەبار ئەو کەسانەن لە گێڕانەوەکاندا ڕۆڵ دەبینین بۆ زیاتر بەهێزکردنی گرێچن بەگشتی و زیاتر ئاشکراکردنی لایەنەکانی کەسێتی سیامەند. تەنانەت خودی تەیموری لەنگ و سەدام حسێن و ئەحمەد غەزنەوی و عەماری کوڕی کاتیب و ئیبن خەلدوون و...تاد ئەو کەسانەن لە گێڕانەوەکانی جابر و باوکیدا ڕووناکییەک دەخەنە سەر ڕووداو و شوێن و پێگەی کەسێتییەکانی تر و زیاتر خزمەتی گرێچنی ڕۆمانەکە دەکەن کە هەموو ئەوانەش زیاتر بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی کەسێتی سیامەندە کە لە ڕێگەی ئەوەوە تراژیدیای جەنگ دەخرێتە ڕوو. هەروەک پێکەوە کۆکردنەوەی تەیموری لەنگ و داگیرکردن و وێرانکردنی دیمەشق و سەدام حسێن و جەنگی عێراق و ئێران و پاشانیش کارەساتی ئەنفال پێکەوە بەرجەستەکردنی وێنەی دوو دیکتاتۆر یان دوو ئەفریدەبووی تینووی خوێن و وێرانکارین لە دوو سەردەمی جیاوازدا. شانبەشانی خستنە ڕووی دوو میللەتی بێدەسەڵات لە هەمان دوو قۆناغی جیاوازدا کە ئەمەش زیاتر ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە مێژوو بەردەوام لە دووبارەبوونەوەدایە یان بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام دەشێ ئەو دووبارەبوونەوەیە لە فۆرمی جیاوازدا بێت بە پێی سەردەمە جیاوازەکان.

## کات و شوێن لە ڕۆمانی بۆرە قەڵادا

ئەوە ئاشکرایە لە هونەری ڕۆمان و چیرۆکدا، کات لە دوو تیشکە نیگاوە سەیر دەکرێت. یەکەمیان کات وەکو کاتێکی فیزیکی لە چرکە و خولەک و سەعات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ و...کە دەشێ لە هەر یەک لەم کاتانەدا ڕووداو ڕوو بدات و مرۆڤـ بە ئاستی جیاواز ئامادەبوونی هەبێت چ بە پێی کاتەکە و چ لە ڕووداوەکانی ئەو کاتانەدا. دووەمیان کات بە پێ پەرەسەندن و گەشەکردنی کەسێتییەکانی نێو دەقەکە، کە دەشێ ئەو پەرەسەندانە لە ڕووی فیزیکییەوە بێت یان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیی سیاسی و عەقڵی و کولتوورییەوە کە دەرئەنجامی ئەم پەرەسەندن و پێشەوەچوونانە جۆرێک لە هەڵوێست یان وەڵامدانەوە یان بەشداریکردن یان ڕۆڵی کەسێتییەکان لە ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی کاتەوە سەیر بکەین ئەوا لە ئاستی یەکەمدا کات خاسێتە ئاسایییەکانی کاتی هەیە لە ڕۆمانەکەدا. ئەگەر لە ئێستادا سەیر بکەین ئەوا ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە کە دوو ڕووداوە، داگیرکردنی دیمەشق و شەڕی عێراق و ئێران، هەردوو ڕووداوەکە ڕابردوون، ئەگەرچی ماوەیەکی کاتی تا ئەندازەیەک درێژ لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام لەو ڕووەوە ئەوە ڕەوتی کاتە لە بارێکی کرۆنۆلۆجیدا واتە هاتنی ڕووداوەکان بە پێی ڕۆیشتنی کات. هەرچەندە گێڕەرەوە لە دەستپێکدا کە باسی خۆی دەکات وەکو کەسی یەکەم پێمان دەڵێت، ڕووداوی داگیرکردنی دیمەشق لە ڕابردوودا ڕوویداوە، کە بە گوێرەی ئێستا گێڕانەوەکەی ئەویش بووە بە ڕابردوو، کەواتە بەو پێیە، داگیرکردنی دیمەشق وەکو ڕابردووی دوور

یـان تەواو دەردەکەوێـت. هەروەک کاتێـک گێـڕەرەوەی دووەم کە مەیەستمان باوکی جابرە، کاتێ کارەساتی جەنگی عێراق و ئێران بۆ تەیموری لەنگ دەگێڕێتەوە باسـی داهـاتوو دەکـات. ئاشکراشـــە ئەو ڕووداوە بە گـــوێرەی ســـەردەمی تەیمـــور داهـــاتوویەکی تـــا ئەنـــدازەیەک دوورە، بەڵام ئەو بە دەمـــی ڕابـردوو دەیگێـڕێتەوە، کـاتێ دەڵێت: سـەرلەبەیانی زوو، وەک هەر بەیـانییەکی تـر سـیامەند زوو لە خەو هەسـتا، هەمـان ئەو هەستەی هەبوو کە بیست ساڵ زیاتر بوو یەخەی بەرنەدەدا، ئەویـش هەسـتی غەریبـی بـوو (ڕۆمـان- ل٢٤). کەواتە ئەوە ئاشکرایە لە ڕووی کاتەوە گێڕانەوە بە دەمی ڕابردوو ئەنجام دەدرێت، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە نووسـەر لە دەرەوەی دەقەکە وەستاوە و سـەرباری ئەوەی لە ڕووداوی یەکەمدا کە مـاوەیەکی زۆری بەسـەردا تێپەڕیوە، ڕوو لە ئایندە لە ڕێگەی گێـــڕەرەوەوە ڕووداوی دووەممـــان پێـــشکەش دەکـــات کە ڕووداوێکە بە پێی مێژووی یەکەم داهـاتووە، بەڵام لە ڕوانینی ئەوەوە کە وەکو چاودێر کە دەشێ دەنگی گێڕەرەوەی یەکەم کە بە شـێوازی کەسـی یەکەمە دیـسان دەنگی نووسـەر بێت، ڕووداوی دووەمیش وەکو ڕابردوو پێشکەش دەکرێت. بەڵام لە ڕاستیدا وەکو چیرۆکی پێشبینیکردن دەگێڕدرێتەوە.

بـــایەخی کـــات لە ڕوویەکـــی تـــرەوە بە پێـــی گەشـــە و پەرەســـەندن و جـــووڵەی کەســـێتییەکان لەنێـــو ڕووداوەکانـــدا دەردەکەوێـت. گێـڕەرەوە کە خـۆی وەکـو کەسـێتییەکی نێـو ڕۆمانەکەش دەجووڵێت، لە سەرەتای کاتدا مێرمنداڵێکی سیانزە سـاڵانە کە سـەرقاڵی خوێنـدنی کیمیـایە و باوکیـشی ئومێـدی ئەوەی پێی هەیە کە ببێت بە کیمیـاگەر، بەڵام لەگەڵ ڕۆیـشتنی کاتـدا و لەنێـو گەرمەی ڕووداوەکانـدا ئەم کەسـێتییە گەشـە

دەکات. یەکەمجار لەگەڵ باوکی و ئەوانی تردا دەچێتە دیوانی تەیموری لەنگ و لە یەکەم هەڵوێستدا ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت ئیبن خەلدوون و عەمار ئیبن کاتیب، هەڵوێستیان لاواز بوو بەتایبەتی کە بە ئاشکرا دەڵێت: عەمار لە ژێرەوە دەستی لەگەڵ مەغۆلەکاندا تێکەڵ کردبوو، من زۆرجار لەگەڵ ئیبن خەلدووندا بینیبووم (ڕۆمان-ل١٣). لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەم کەسێتییە لە ڕووی هۆشیارییەوە گەشەی کردووە و تێدەگات کە ئەو دەست تێکەڵکردنە هەڵوێستێکی لاوازە یان نزیکیی ئیبن خەلدوون لە تەیموری لەنگەوە دیسان هەڵوێستێکە جێگەی ڕەخنەیە. هەروەک جابر دوای کوشتنی باوکی ڕەتی دەکاتەوە بچێتە لای خزمەکانی بۆ بیقاع و بۆ ماوەی سێ ساڵ تا ئەو کاتەی کە تاعوون لە دیمەشق بڵاو دەبێتەوە، یارمەتی حەکیمێکی دراوسێیان دەدات و زیاتر هۆشیار دەبێتەوە و پاش تاعوونەکەش کە سوپای تەیمور پاشەکشە دەکات ئەم بە هۆشیارییەوە دەچێتە ڕیزی جەنگاوەران و دەگاتە بوخارا. ئەمەش وەکو ئەرکێک کە ئەم دەیویست تۆڵەی باوکی و ئەحمەدی غەزنەوی و زەیدی کوڕی سەبات و ڕەبابەژەنە بەسرایییەکە و چەنگژەنە نەینەوایییەکە لە تەیمور و مەغۆلەکان بکاتەوە. دواجاریش کەسێتی جابر زیاتر گەشە دەکات و بڕیار دەدات ڕیزی جەنگاوەران بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ دەرس و موتاڵاکردن، کە ئەوەش بەرزترین ئاستە جابر وەکو گێڕەرەوە و وەکو کەسی یەکەمی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە بە پێی کاتی گەشەی کەسێتی بیگاتێ کە گرێچنی سەرەکی ڕۆمانەکە دەیچنێت، کە ئەویش چوارچێوەکەی بریتییە لە هێرشی تەیموری لەنگ بۆ سەر دیمەشق تا ئەو کاتەی تاعوون لە دیمەشق بڵاو دەبێتەوە و

دەبێتە هۆی پاشەکشەی ئەو سوپا داگیرکەرە و پاشانیش تێکشکاندنی تەواوی سوپاکە و مردنی تەیمور خۆی.

هەروەک لە گێڕانەوەکانیدا سەبارەت بە جەنگی عێراق و ئێران، باوکی جابر، باسی کەسێتی سەرەکی سیامەند دەکات کە ئەم کەسێتییەش کاتی بەرەو پێشەوەچوون و گەشەکردنی خۆیی هەیە ئەگەرچی کۆتایی ئەم کەسێتییەیان وەکو کەسێتییە دووەمییەکان کۆتاییەکی تراژیدیانەیە. بەڵام ئەو گەشەکردنە لەناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بەرهەم دێت. ئاشکرایە کاتێ شەڕ دەست پێدەکات هێشتا سیامەند گەنجێکی تازە پێگەیشتووە، بەڵام بەشداریکردن لە جەنگدا لە ڕووی فیکری و سایکۆلۆجییەوە گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت و وای لێ دەکات زۆر بێبەهایانە سەیری ئەو واقیعە بکات کە تێی کەوتووە و بگاتە تێگەیشتنەی کە بڕوای وا بێت ژیان بێبەها ببینێت و تەنانەت پێی وا بێت مردن ڕێگەیەکە بۆ ڕزگاربوونی جەستە و ڕۆح لەو ئازار و بەدبەختیانەی کە شەڕ بۆی هێناوە. گەیشتن بەم ئاستەی تێڕوانین وای لێ دەکات چاونەترسانە بۆ ڕزگارکردنی جەستە و ڕۆحی شێلگیرانە بەرەو دوژمن هێرش بەرێت، کە ئەوەش سەرئەنجام دەبێتە هۆی کەم ئەندامبوونی. دواتریش لە دیلێتیدا کۆی ئەو سووکایەتیانە دەبینێت کە بە مرۆڤ دەکرێن. کاتێکیش کە دەگەڕێتەوە و دێتەوە سەر وڵاتێکی وێران و ماڵێکی چۆڵ و کاولکراو دەبینێت تەنانەت ژن و تاکە کچەکەشی ئەنفال کراون. ئەوەش لوتکەی بێئومێدییەکانیەتی کە نەک جەستە و ڕۆحی بە هۆی هێرشکردنەوە ڕزگار نەبوون، بەڵکو ئازارەکانی زیاتر بوون. ئەمەش وێناکردنی کەسێتییەکە کە هەڵگری سەرجەم ئازار و

بەدبەختییەکـــانی نەوەیەکە لەم وڵاتەدا کە جەنـــگ لە هەمـــوو ڕوویەکەوە هاڕیویتی.

دیـارە هەر چـۆن کـات سـەرباری جـووڵە و ڕۆیـشتنی لە ڕووی کرۆنۆلـۆجییەوە، دیـسان ڕووداویـش ڕۆڵ دەبینێـت لەوەیدا بیکات بە کاتێکی خاوەن شووناس، هەروەها شوێنیش بە پێ کەسەکان و چۆنێتی گەشەکردن و پەرەسـەندنیان لەگەڵ ڕووداوەکانـدا ڕۆڵـی خـۆی دەبینێـت لەسـەر لەپەروەردە و بیناکردن و پەرەسەندی کەسێتییەکان لە کاتدا. کەسێتی جابر لەناو تاقیگەی کیمیاگەرییەوە بۆ بینینی دیوەخانی تەیموری لەنـگ و بـۆ بینینـی کارەسـاتەکانی کوشـتن و وێرانکـردن لە سـەرزەمینی دیمەشـقدا و وەسـتانی لە نزیک شـوێنی کوشـتنی باوکی و ئەوانی تردا و کارکردنی لە لای حەکیمەکەی هاوسێی و گەڕانـــی بەنـــاو دیمەشـــقدا لەو کـــاتەدا کە تـــاعوون لە جوگرافیایەدا چەندین کەسی کوشـتووە کە ئەو وەکو وێنەی تراژیـــدی بۆمـــان دەگێـــڕێتەوە و پاشـــان بینینـــی حەڵەب و ڕۆیشتنی بۆ بوخارا و بینینی ڕووداوەکان لەم شوێنانەدا ڕۆڵ و گەریگەرییـان لەسـەر کەسێتی ئەم هەبـووە بە جۆرێک ئەم ئەزموونانە لە شوێندا و لە کاتی جۆراوجۆردا گەیاندوویانەتە ئەوەی کە بڕیـــار بـــدات دواجـــار چـــی بکـــات. بە جۆرێـــک دروستترین بڕیاردان بۆ ئەو بڕیاردانی گەڕانەوەیە بۆ تەدریس و موتاڵاکردن، واتە گەڕانەوە بۆ لای کتێب و بۆ ناو تاقیگە.

هەروەک شـــوێن بە گـــوێرەی کەســـێتی ســـیامەند و هاوڕێکانیـشی ڕۆڵـی دیـاری بینیـوە لە پەرەسـەندنی کەسـێتی ئەوان و ئاسۆی ڕوانین و باری فیکری و دەروونیاندا. شوێن لە گێڕانەوەکـانی جـابردا لە دیمەشـقەوە دەسـت پـێ دەکـات. ڕاسـتە دیمەشق وەکو هەر شـوێنێکی تـر شووناسـی شـوێنی

هەیە، بەڵام شوێنێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دیمەشق یەکێکە لە شوێنە گرنگەکان لە مێژوودا، تەنانەت لە گێڕانەوەکانی جابردا دەردەکەوێت کە ئەو دەمەی سوپای تەیموری لەنگ هێرش دەکەنە سەر شارەکە، ئەو شارە چ بایەخێکی گرنگی هەبووە و چۆن چەندین کەسی بەناوبانگ لە زانا و حەکیم و شارەزا و گۆرانیبێژ لەو شارەدا کۆبوونەتەوە. دەشێ هەڵبژاردنی دیمەشق وەکو شارێک کە تەیمور وێرانی بکات، زیاتر ئەو دەلالەتە هەڵبگرێت کە چۆن سەرکردە دڕندەکان تینووی وێرانکردنی ئەو شوێنانە بوون کە لە شوێنەکانی تر پێشکەوتووتر و دیارتر بوون. دەشێ هەر ئەم هۆکارە ڕۆڵی هەبووبێت لەوەدا کە ڕۆماننووس لەنێوان چەندین شوێندا کە تەیمور و سوپاکەی وێرانیان کردوون، دیمەش وەکو شوێن هەڵبژێرێت تا لەوێوە دڕندەیی تەیمور نیشان بدات. هەروەک دیمەشق وەکو شوێن ڕۆڵی هەبووە لە پەروەردەکردن و بونیادنانی کەسێتی جابر و باوکیدا کە نموونەی دوو کەسێتی دیار و نائاساین لە کۆمەڵگەدا، یان لە ڕوویەکی ترەوە دەتوانین بڵێین تا ئەندازەیەک ئەم کەسێتییانە جیاوازن لەو کەسێتییانەی کە ئاسایی لە واقیعدا هەن.

لە گێڕانەوەکانی باوکی جابردا، پەیوەست بە ژیانی سیامەند و کەسێتییەکانی تری ناو گێڕانەوەکانی ئەو، یەکەمین شوێنی دیار کە ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە بۆرە قەڵایە. مێژووی بۆرە قەڵا مێژوویەکی نوێیە، چونکە لە کۆکردنەوەی دانیشتوانی ئەو گوندانە پێکهاتووە کە گوندەکانیان بوون بەژێر ئاوی ئەو بەنداوەوە کە نزیکەی بیستودوو ساڵ پێش دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران دروست کراوە. لە ڕاستیدا ئەگەر لەسەر زەمینەی ئەو واقیعەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە بەدوای شوێنێکی

وەهــادا بگەڕێــین، ئەوا ئاشــکرایە بــۆرە قەڵا شــوێنی نــوێی دانیـشتوانی ئەو گونـدانەیە کە گونـدەکانیان بـوو بەژێـر ئـاوی بەنداوە نوێیەکەوە. کە لە جوگرافیای ئێمەدا کۆمەڵێک گوند بوون بەژێر ئاوی بەنداوی دوکان بە پلەی یەکەم و دەربەندیخانیش بە پلەی دووەم. دیارە دانیشتوانی ئەو گوندانە گوێزراونەتەوە بۆ هەنـدێ شــوێنی تــر. هەرچەنــدە مەرج نیــیە ئەوەی لە دەقەکەدا هاتووە چ وەکو شوێن و چ وەکو ڕووداو، هەمان ئەوە بێت کە لە واقیعدا هەبووە. بە هەرحاڵ شوێنی دووەم واتە بۆرە قەڵا ئەو زەمینەیە کە کەسێتی سیامەند و هاوڕێکانی تێیدا گەشە دەکەن و سەرئەنجام دەگەنە ئەو ئاستەی کە بە کۆی دەنگ بڕیارێک بدەن و ڕاگەیاندراوێک بۆ گوندی بۆرە قەڵا بڵاو بکەنەوە کە پەیوەندی بە چارەنووســـی هەموویـــانەوە هەیە. لێـــرەدا لەو شـــوێنەدا کەسێتییەکان بە ئاستێک پێدەگەن کە بڕیاری دەستەجەمی بدەن، کە ئەمەش دەلالەتێکــی قــووڵتری هەیە ئەویــش ئەوەیە کە لەو کـاتەدا و لەو شـوێنەدا چەنـد کەسـێک توانـای لێکتێگەیـشتن و بڕیاردانیـان هەیە بەرامـبەر بە بابەتێـک کە بـۆ ژیـانی خۆیـان مەترسیدارە. کەچی وەکو چۆن بڕیار دەدەن وەهاش بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن. هەرچەنـدە وەرگرتنـی ئەو بڕیـارە و پاشـانیش جێبەجێکردنی زیانی گەورەی هەیە بۆ ئەو چەند کەسە خۆیان، چونکە دواجار دەردەکەوێت کە هەموویان وەکو قوربانی ئەو بڕیـارە کە دەشـێ بڵێـین ئەو بڕیـارە هەڵەیە بـاجی ئەو بڕیـارە دەدەن. دیسان سەربازگە و بەرەکانی جەنگ وەکو شوێن ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەوەیدا کەسێتی سیامەند و هاوڕێکانی هەر یەکە بە جۆرێــک بــۆ ڕۆیــشتن بەرەو مەرگ ئامــادە بکــات. هەرچەندە دەشێ ئەو زەمینەی پێشتری بۆرە قەڵا وەکو شوێن دیـسان دەوری دیـاری هەبووبێـت لە پەروەردەی دەروونــی و کۆمەڵایەتی و مۆراڵی سیامەند و هاوڕێکانیدا.

**بونیادی ڕۆمانی بۆرە قەڵا**

مەبەست لە بونیادی ڕۆمان کۆی ئەو ڕەگەزانەیە کە ڕۆمان وەکو دەقێکی هونەری پێکدەهێنن. بە شێوەیەکی گشتی: بونیاد گرێچن و بیرۆکە (جیهانبینی) و شێوە لەخۆ دەگرێت و ڕێکخستن و شێوازدانانی گشتی ڕۆمان دەگەڕێتەوە بۆ هەستی ئێمە لەو بارەیەوە، لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی کە تێیدا بەشە پێکهێنەرەکان پێکەوە دەسازێن بۆ بەرهەمهێنانی گشتیبوون و گشتێکی قەناعەتهێنەر[٩]. یان بە دەربڕینێکی تر: بونیادی ڕۆمان بریتییە لەو ڕێگەیەی کە ڕۆمانێکی پێ ڕێک دەخرێت، ئەو ڕێگەیەی کە ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ پێکهێنانی ڕۆمانێکی تەواو[١٠]. دیارە بێجگە لە ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆمان وەکو دەق، زمان لە پێشەوەی هەموویان دادەنرێت و بە دوایشیدا گرێچن و کەسەکان و شوێنکات و ڕووداو و بیرۆکە یان جیهانبینی دێت. دیسان بونیاد پێکهاتەی ڕۆمانەکەش دەگەڕێتەوە لە بەش و چاپتەر و هێما و ڕەگەزەکانی ئەفسانە و شێوازی بەکارهێنانی زمان تێیدا لە دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ و تەکنیکەکانی گێڕانەوە و گەڕانەوە و (فلاشباک) و شەپۆلی هۆش. لە ڕاستیدا هەموو ئەم ڕەگەزانە کاتێ بایەخیان دەبێت و ڕۆڵی خۆیان دەبینن کە پێکەوە بگونجێن و کار بکەن بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری باڵا کە هەڵگری پرسیارە گرنگەکان بێت سەبارەت بە مەسەلەی بوون و ژیان، یان بۆ بەرزکردنەوەی پرسیار سەبارەت بە نهێنی بوون و نهێنییەکانی ئەو بوونەوەرە ژیرەی کە پێی دەوترێت مۆرڤ و چۆنێتی جووڵاندنی لە گەردووندا و چۆنێتی کارکردنی بۆ مانەوە و ئاشکراکردن و چۆنیش لەو پێناوەدا ڕێگەی جۆراوجۆر لەبەر دەگرێت کە هەندێ جار گەیشتن بەو

ئامانجـانه له بـوونی ڕاسـتەقینەی مرۆیـی خـۆی ڕووتـی دەکـاتەوە. له ڕووی زمـانەوە ڕۆمـانی بـۆرە قەڵا بە زمـانێکی کـوردی پـاراو نووسـراوە و زمـانی ئەم دەقە وەکـو ئـامڕازی دەربـڕین و پەیوەنـدیکردن و گەیانـدن ڕۆڵـی دیـاری خـۆی دەبینێـت. دیـارە کـۆی ئەو کەسـێتییانەی لە ڕۆمـانەکەدا ئامادەبوونیان هەیە و دەدوێن هەر لە جابر و باوکیەوە وەکو گێڕەرەوە، تا دەگاتە سیامەند و ئەریوان و ئاکۆ و کەیکاوس و لوقمانی حەکیم و ئامینەی کچی وەهاب و... هەموویان کەسانی ئاساییـن، واتە کەسانی نێو کۆمەڵگەن. ڕاستە جابر و باوکی خەڵکی دیمەشقن و ڕەنگە لە ڕووی هۆشیاریشەوە لەوانی تر جیـاواز بـن، ئەوەش وا بکـات نائاسـایی ببینـرێن. بەڵام لە جوگرافیـای ڕۆمـانەکەدا بـوون و ئامادەبوونیـان سروشـتی دەبینرێت هەمـان شـێوەی ئەوانـی تـر کە خەڵکـی گونـدەکانی کوردسـتانن. ئەمـانەش گونـدەکانیان بـووە بەژێـر ئـاوی دەریاچەکەوە، بەڵام دیارە ئەمان لەو گوندانە لەدایک نەبوون، بەڵکو لە بۆرە قەڵا لەدایک بوون. کە ئەویش دیسان گوندێکی گەرەوەیە. بە هەرحاڵ زمانی ئەم کەسێتییانە ئەگەرچی قسە و ئاخـاوتنی زۆر کەمیـان هەیە، بەڵام لەو ڕسـتە و دەربـڕینە کەمانەدا کە دەیڵێن زمـانێکی پاراوی لادێ دەبینرێت، تەنانەت لەو ڕاگەیاندنەشدا کە بە نووسین بڵاویان کردەوە، بە هەمـان شـێوە زمـانێکی پـاراو دەبینرێـت. هەروەک ئەو سـەربازە عێـراقییەی کە خەڵکـی خـانەقین بـوو، بە نیـازی چـاکە و ڕزگـارکردنی سـوورمەی کچـی سـیامەند، ئەو کـچەکەی لە جـێگەیەک دانـابوو، بەڵام دیـارە کـچەکە ڕزگـاری نەبـوو، بە جۆرێک لەناوچوو. دواتر ئەم سەربازە خانەقینییە کە هات بۆ بـۆرە قەڵا بە شـێوە کـوردییەکی تێکـشکاو دەدوا. ئەمەش

جۆرێک لە واقیعیبوون و هاوشێوەبوونی ئەوە نیشان دەدات کە لە ڕاستیدا لەسەر زەمینەی واقیع هەبووە و تاکو ئێستاش بەردەوامە. دیارە زمان هەر چۆن ئامڕازی دەربڕینە، لە هەمان کاتدا دەرخەر و ئاشکراکەری شووناسی کەسەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتیشیانە. لەم ڕووەوە ڕۆمانی بۆره قەڵا سەرباری ئەوەی کە زیاتر ڕۆمانێکی وەسفییە لە ڕووی زمانەوە کە گێڕەرەوەش ئەو وەسفانە دەکات، بەڵام ئەو ڕووبەرە کەمەی قسەکردنی کەسێتییەکان ڕووناکی دەخاتە سەر شووناسی کۆمەڵایەتی و کولتووری کەسێتییەکان.

دیارە ئاشکرایە لە ڕێگەی گێڕانەوە و جووڵەی کەسێتییەکان و پەیوەندییان بە ڕووداو و کۆی گرێچنەوە لە کات و شوێندا دەتوانین زیاتر لە ناسینی شووناسی کەسێتییەکان نزیک ببینەوە. ئەگەر لە ئاستی یەکەمدا سەیری کەسێتی جابر بکەین، ئەوا لە ئەنجامی پشتبەستن بە دوو بنەما دەتوانین گەوهەر و ماهیەتی ئەو کەسێتییە بناسین و هەر بەو پێیەش شووناسی ئەم کەسێتییەمان بۆ ئاشکرا ببێت. ئایا جابر هەر وا ناوێکی ئاساییە، یان سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ ئەو ناوە هەیە؟ دەشێ پەیوەندی و پەیوەستبوونێک لەنێوان جابری گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانی بۆرە قەڵا و ئەبو موسای جابری بنی حەیانی ئەزدیدا هەبێت. جابری بنی حەیان لەنێوان ساڵانی (٧٢١- ٨١٥) زانینیدا ژیاوە کە لە توس لە خۆراسان لەدایکبووە و هەر لەوێش مردووە. جابری بنی حەیان کیمیاگەرێکی بەناوبانگی عەرەب بووە و بیردۆزی ئامادەکردنی ترشی کانزایی داهێناوە و تاکو ئێستا نەک هەر لە نیشتیمانی عەرەبیدا، بەڵکو لە بواری زانستی کیمیادا لەسەر ئاستی جیهان ناو و ناوبانگی خۆیی هەیە. جابری گێڕەرەوەی ئەم ڕۆمانە،

که خــۆی وەهــا دەناســێنێت دایکــی بەســەر ئەمەوە گیــانی سـپاردووە و هەمـان ئەو شـێوەی کە لەنـاو دەوڵەمەنـدەکانی عەرەبدا بـاو بـووە، جـابر نێـردراوەتە لای دایەنێکـی لادێیـی و ئەوەش هۆکارێـک بـووە بـۆ ئەوەی لە لایەک بە ڕەسـەنایەتی عەرەبـی پەروەردە ببێـت، لە لایەکـی تریـشەوە وەکـو خـۆی دەڵێت عەرەبییەکی پاراو فێر ببێت. دوای ئەوەش کە کەمێک گەورە دەبێــت بە زوویــی بــاوکی دەیخــاتە بەر خوێنــدن و دەیەوێـت ببێـت بە کیمیـاگەر. لێـرەوە نزیکـی و هاوشـێوەیی لەنێــوان جــابری گێــڕەرەوە و جــابری کــوڕی حەیانــدا دەردەکەوێت. بە پێی سـەرچاوە مێژووییەکان تەیموری لەنگ لەنێــوان ســاڵانی (١٣٣٦- ١٤٠٥)دا ژیــاوە و لە ســەمەرقەند لەدایکبووە و لە سـاڵی ١٣٧٠ دەست بە هێرشـەکانی دەکات و تا ١٤٠٥ بەردەوام دەبێت. هەر بەو پێیە لەو سەردەمەدا عێراق و شــامی داگیــر کــردووە و بەتــایبەتیش بە پێــی هەنــدێ لە سـەرچاوە مێژووییەکان لە سـاڵی ١٤٠٠دا دیمەشـق و حەڵەبی داگیــــر کــــردووە. ســـەرەتای ڕۆمـــانەکەش بە باســـی ئەو هێرشـکردنە لە هەمـان مێـژوودا دەسـت پـێ دەکـات. دیـارە سوپای تەیموری لەنگ وەکو هەموو ئەو شوێنانەی کە داگیری کردوون، دیمەشقیشی وێران کردووە. بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە جــابری کــوڕی حەیــان نــزیکەی شەشــسەدە لە پــێش هێرشـەکانی تەیموردا ژیاوە. بەڵام هەم ناونانی ئەم کەسێتییە وەکو گێڕەرەوە و وەکو کەسێتییەکی ئامادەی نێو دەقەکە و هەم خەریکبوونی بە کیمیـاگەرییەوە و هەوڵدانی باوکیشی بۆ ئەوەی بیکات بە کیمیاگەر، زیاتر ئەو بۆچوونە لە واقیع نزیک دەکــاتەوە کە جــابری گێــڕەرەوە و کەســێتی ئامــادەی نێــو جوگرافیای ڕۆمانی بۆرە قەڵا هەمان کەسێتی جابری کوڕی

حەیانە. بەڵام دیارە سەردەمەکان جیاوازن، هەر بۆیە دەشێ لێرەوە وەکو زیندووکردنەوەی هێمایەکی بەرزی ڕابردووی مرۆڤایەتی کە جابری کوڕی حەیانە، سەیری کەسێتی جابر بکرێت. هەڵبەت لە پاڵ جابردا وەکو مێرمنداڵێک چەندین کەسی تری دیاری بوارە جیاوازەکان لەو کاتەدا لە دیمەشقدا ژیاون. لە گێڕانەوەکانی جابر خۆیدا وا پێدەچێت باوکی یەکێک لە کەسە شارەزاکان بووبێت، هەر بۆیە جابر دەبات لە دارلعیلمی دیمەشق ناوی تۆمار دەکات بۆ خوێندنی ئاسایی و پاش نیوەڕوانیش دەینێرێتە خانەی زانستی بۆ خوێندنی کیمیا. باوکی جابر زۆر هانی کوڕەکەی دەدات ببێت بە کیمیاگەر. لێرەوە دەشێ باوکی جابر وێنەیەکی تری حەیانی ئەزدی بێت کە چۆن کوڕەکەی لە مێژوویەکی زوودا بوو بە یەکێک لە کەسە دیارەکانی بواری کیمیاگەری. جابر لە گێڕانەوەکانیدا کە لە شێوەی کەسی یەکەمدا دەیگێڕێتەوە و زۆر وردەکاری لەبارەی کەسێتی خۆی وەکو کەسێکی ئامادەی ناو ڕۆمانەکە و ڕووداوەکان پێشکەش دەکات. بە ئاشکرا دەردەکەوێت لێرەدا کەسێتی جابر و کەسێتی نووسەر بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبن بەیەک، هەرچەندە لە دوو مێژووی جیاواز و لە دوو شوێنی جیاوازدا دەژین. ئەمەش شتێکی ئاساییە لە کرداری گێڕانەوەدا بە شێوەی کەسی یەکەم کە نووسەر لە ڕێگەی گێڕەرەوە نەک تەنیا وەکو چاودێری ڕووداوەکان و شاهیدی جووڵەی کەسەکان ناڕاستەوخۆ بەشداری بکات لە پرۆسەی جووڵەی گشتی نێو دەقەکە یان گرێچندا. بەڵکو نووسەر لە ڕێگەی گێڕەرەوە ڕوانین و بۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆیشی دەخاتە ڕوو. "ئاشکرایە کە گێڕەرەوە ئەو کەسەیە یان ئامادەبووەیە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دانەر یان نووسەر لە

دەقەکەدا دەردەکەوێـــت"[١١]. مەبەســـت لەو دەرکەوتـــنەش تێڕوانین و هەژموونی ئەوی نووسەرە وەکو داهێنەری دەقەکە بەسەر ئەو جیهانەوە کە پێی دەگوترێت دەق. بە واتایەکی تر مـــادەم نووســـەر ئەفرێنـــدەری ئەو جیهـــانەیە مانـــای وایە دەسەڵاتیشی بەسەریدا هەیە. هەر لێرەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێـت کە هەمـوو دروسـتکەرێک جۆرێـک لە دەسـەڵاتی هەیە بەســـەر ئەوەدا کە دروسـتی دەکـات. بە گـوێرەی نووســـەری دەقـی ڕۆمـانیش بەو پێـیە کە بەرهەمهێنـی ئەو جیهـانەیە واتە دەقەکە سەرکەتنی وەکو داهێنەرێک لەوێدا دەردەکەوێت کە تا چ ڕادەیەک لە چنینـی گـرێچن و بینـاکردنی کەسێـتییەکان و ڕێکخـستنی ڕووداو و جـووڵەی ڕوداوەکانـدا ســەرکەوتوو دەبێـت. لێـرەوە شـوێنی نووسـەر لە ڕۆمـانی بـۆرە قەڵادا کە بەشێک لە دەسەڵات و هەژموونی ئەو لە کەسێتی گێڕەرەوەدا کە جـابرە دەردەکەوێـت. نووســەر کە لە پـشتی گێـڕەرەوەی ســـەرەکییەوە ڕاوەســـتاوە، لە ڕێـــگەی پێـــسپاردنی ئەرکـــی گێڕانەوەی ڕووداوێکەوە کە شەش سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە وێنەی هەمەلایەنی کەسێتییەکی مێژوویمـان پێشکەش دەکـات کە ڕۆڵـی دیـاری هەبـووە لە ڕووخانـدنی چەنـدین بنەمـای شارســـتانێتی مرۆڤایەتیـــدا. بەڵام لە ڕێـــگەی گێـــڕەرەوەی دووەمەوە کە بە بـاوکی گێڕەرەوەی سـەرەکی دەناسێنرێت و لەو مێژووە کۆنەدا لە شێوەی پێشبینیدا ڕووداوەکانی گرێچنی دووەم دەگێـــڕێتەوە کە لەو کـــاتەدا هێـــشتا ئەو ڕووداوانە ڕوویـــان نەداوە و هەر بەو پێـــیەش نەک لەو مێـــژووەدا نەبوونەتە ڕووداو، بەڵکو لەبری ئەوەی مێژوو بن داهـاتوون. کەواتە لەم ڕۆمانەدا دوو ڕووداوی ترسناکی مێژوویی پێکەوە دەبەسترێن کە مـاوەی نێوانیـان شـەش سـەدەیە. بەڵام ئەوەی

جـێگەی سـەرنجە ڕووداوی یەکەم کە پـێش شـەش سـەدە لە ڕووداوی دووەم ڕوویداوە لە لایەن کوڕەوە دەگێڕدرێتەوە و ڕووداوی دووەم لە لایەن بـاوکەوە دەگێـڕدرێتەوە. ئەمەش ئەگەر لە ئاسـتی قـووڵی دەقەکەدا لە دوای دەلالەتێـک بـۆ ئەم ئـاڵوگۆڕکردنە بگەڕێین ئەوا دەشـێ وەهـای لێک بدەینەوە کە کارەساتەکانی جەنگ و ڕۆڵی دیکتـاتۆر و سـەرکردە تێکدەر و وێرانکەرەکـان نەک هەر بـوونەتە هـۆی کوشـتن و بـڕین و وێرانکردنی شارستانێتی مرۆڤایەتی، بەڵکو ڕۆڵی دیاریشیان بینیوە لە شێواندنی جووڵەی کرۆنۆلۆجیانەی مێژوودا و هەر بەو پێیەی پێگەی کاتی باوک-کوڕ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بـووەتە ڕێکخـستنی کـوڕ-بـاوک کە ئەمەش شـێواندنە لە ڕەوتی سروشتی کاتدا.

## هاوشێوەبوون لەنێوان کەوتنی دیمەشق و کەوتنی بۆرە قەڵادا

ڕەنگە پێکەوەبەستنی دیمەشق و گوندی بۆرە قەڵا لەسەر بنەمای لێکچوون تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ناجۆر بێت. دیمەشق یەکێکە لە شارە دێرینەکان، کە بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان پـێش یـانزە هەزار سـاڵ دروسـت کـراوە و مـاوەیەکی دوورودرێژیـشە پـایتەختە و لە ڕووی خوێنـدەواری و شارستانێتییەوە یەکێکە لە شـارە دیارەکـانی جیهـان. گونـدی بـۆرە قەڵا مێژوویەکـی نـوێی هەیە و تەمەنـی تـا کـاتی بەرهەمهێنانی ئەم ڕۆمانە تازە پێی ناوەتە دەیەی حەوتەمیەوە و وەکـو گونـدێکی تـا ئەنـدازەیەک گەورە و قەرەبـاڵغ لە دانیشتووانی ئەو گونـدانە پێکهـاتووە کە گونـدەکانی خۆیـان بوون بەژێر ئاوی بەنداوەکەوە. (ئەو ڕۆژەی جەنگ هەڵگیرسا بیـستودوو سـاڵ بـوو بـۆرە قەڵا دروسـت کرابـوو، بـۆرە

قەلاییەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو گوندە بچووکانە بوون کە لە ئەنجامی هەڵبەستنی بەنداوی کارانۆوە کەوتبوونە ژێر ئاو- ڕۆمان- ل٣٢). لە وەسفی گێڕەرەوەدا بۆرە قەلا گوندێکی ناخۆشی پڕ ڕەشەبای پڕ لە قنلاشک و مێرووی جۆراوجۆر بوو. بە جۆرێک لە وەسفی گێڕەرەوەدا دەردەکەوێت کە بۆرە قەلا وەکو شوێن تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لە بنەماکانی ژیان ڕووت کرابووەوە. کاتێ ئەم زەمینە ناژیارییە بەراورد دەکرێت بە شارێکی وەکو دیمەشق جیاوازییەکی ئاشکرا هەست پێ دەکرێت. هەر وەکو ئاشکرایە لە جوگرافیای ڕۆمانەکەدا دیمەشق و بۆرە قەلا دوو شوێنن کە زیاترین ڕووبەری شوێنیان داگیر کردووە، بەلام ئەو دیمەشقەی لە ڕۆمانەکەدا باس دەکرێت دیمەشقی سەرەتای سەدەی پانزەیەمە، لە کاتێکدا ئەوەی لەبارەی بۆرە قەلاوە دەگوترێت بۆرە قەلای سالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمە، واتە بۆرە قەلا لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێراندا.

لە ڕاستیدا تاکە ڕووی لێکچوون لەنێوان بۆرە قەلا و دیمەشقدا ئەوەیە کە هەردووکیان کەوتوونەتە ژێر ئاسەواری نێگەتیفی جەنگەوە. دیمەشق لە وەسفی گێڕەرەوەدا کەوتووەتە بەر هێرشی تەیموری لەنگ و سوپای مەغۆل و ئەوەش بووەتە هۆی وێرانکردنی، لەکاتێکدا گوندی بۆرە قەلا کەوتووەتە ژێر کاریگەری جەنگی نێوان و عێراق و ئێران و ئەوەش بووەتە هۆی کوشتن و لەناوچوونی بەشێک لە گەنجانی گوندەکە کە لە سنووری ئەم دەقەدا وەکو کۆمەڵێک قوربانی دەبینرێن. بەلام دەشێ ڕووبەری بۆرە قەلا وەکو بەشێک لە شوێنی ڕووداوی دووەم وەربگرین و لە ئاستێکی فراوانتردا سەیری شوێنی دووەم بکەین و وەکو جێگەی

ڕووداوی دووەم کە بکەرێکی هاوشێوەی بکەری ڕووداوی یەکەمی تێدایە وەری بگرین، کە دەشێ لەم ڕوانگەیانەوە ڕووی لێکچوون لەنێوان گرێچنی یەکەم و دووەمدا بە کەسێتی و ڕووداوەوە هەبێت. ئەویش ڕووی لێکچوونە لەنێوان هێرشی داگیرکردنی دیمەشق لە لایەن تەیموری لەنگ و سوپاکەیەوە لەگەڵ جەنگی ئێران و عێراق لە لایەک و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کورد و وێرانکردنی کوردستان لە لایەکی ترەوە.

**تەیمور و سوپاکەی و سەرۆکی فەرماندە و سوپاکەی**

تەیموری لەنگ سەرکردەیەکی دڕندە و خوێنڕێژی خێڵەکی ئۆزبەکی بوو، کە سوپایەکی گەورەی پێکەوە نابوو بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتان و وێرانکردنیان. سەرەتا بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا و پاشانیش بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات تا دەگاتە چین هێرشەکانی دەست پێ کرد. تەیمور لە سەدەی چواردەیەمدا ژیاوە و لە دیمەشق لەنێو ئەو شوێنە دیارانەدا بووە کە داگیری کردوون و وێرانی کردوون. لە بەرامبەر تەیموری لەنگدا سەرۆکی فەرماندە سەدام حسێنی دیکتاتۆری عێراق هەیە. کە کوڕی خێزانێکی هەڵوەشاوەی خێڵەکی دەوروبەری تکریت بوو. هەر لە منداڵییەوە گەنجێکی توونددوتیژ و سەرسەری و پیاوکوژ و خوێنڕێژ بووە. سەرکێش و خۆبەشتزان بووە بەتایبەتی گرێی هەست بەکەمیکردنی هەبووە لە ڕووی دەروونییەوە و ئەوەش وای لێ کردووە کە بەردەوام هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو هەست بەکەمیکردنەی خۆی بدات، کە ئەوەش سەرئەنجام کەسێتی ئەوی وەکو دڕندەیەک بەرهەم هێناوە. سەرۆک هەمیشە تینووی شەڕ و کوشتن و

بــڕین و خوێنڕشــتن بــووه. پــێش شــەڕی عێــراق و ئێــران بە هەموو شێوەیەک سەرگەرمی لەنێوبردنی کورد و نەیارەکانی تــری بــووە، بەڵام بەوەش تێــری لە خوێنڕشــتن نەخــوارد تــا لەگەڵ ئاخونـدە خـوێنڕێژە ئێرانییەکـان شـەڕی نێوان عێراق و ئێرانیـان دروسـت کـرد، وەکـو سـەربڕینگەیەک بـۆ بەکوشـتدانی لاوانـــی هەردوو وڵات. ئێـــستا بە ئاشـــکرا دیـــارە کە ســـەدام وێنەیەکی دووبارەبووەوەی تەیموری لەنگە کە هەردووکیان لە کوشتن و بڕین و خوێنڕشتن و وێرانکردندا هاوشێوەن. ئەمە بـــــێجگە لەوەی کە هەردووکیـــــان لە ڕووی پاشـــــخانی کـۆمەڵایەتییەوە نـزیکن لە یەک. لێرەشـەوە بە جۆرێـک ڕۆڵـی شــوێن و ژیــنگەی کــۆمەڵایەتی لە پەروەردەکردنــی تاکەکانــدا دەردەکەوێت. هەروەک نووسەر دەیەوێت لە ئاستێکی قووڵتردا پێمـان بڵێـت هەرچەنـدە لە ڕوانـگەی تیـۆری هـۆبزەوە بـوونی جۆرێک لە کاریزما بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بوون بە سەرۆک کە ئەو سەرۆکەی لەسەر ئەم بنەما بەهێزەی کەسێتی دروست دەبێت خەڵک دەیکەن بە سـەرۆک نەک خۆی بسەپێنێت، بەڵام ئەو کەسانەی لە جۆری تەیمور و سـەرۆکی فەرمانـدە ئەوانەن لە ئەنجـامی بـوونی گرێـی هەسـت بەکەمیکردنـدا گەیـشتوونەتە ئەو پلەوپایەیە، ئەویش بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییە دەروونی و ئەنتۆلۆجییەکانیـان. بێگومـان ئەو کەسـانەی بەم شـێوەیەی دووەم دەگەنە ئاسـتی ئەوەی کە خەڵـک بەڕێـوەببەن، هەمیـشە ڕوانین و ڕەفتار و مامەڵەی دوژمنکارانەیان هەیە بەرامبەر بە هەمــوو مرۆڤــایەتی و هەمــوو بەرهەمەکــانی مرۆڤــایەتی لە شارســتانێتی و بەرهەمهێنــان و بونیادنــان و ئــاوەدانکردنەوە. هەر بۆیە ئەم جۆرە سەرۆکانە لە مێژوودا وەکو ڕووخێنەر و وێرانکەری جیهانی مرۆڤایەتی و جیهانی ماددی دەناسرێن.

هاوشێوەبوون لەنێوان گێڕانەوەکانی جابر و گێڕانەوەکانی باوکیدا ئەوەیە کە لە هەردوو گێڕانەوەکاندا ڕووداوی جەنگ و هێرشـــــکردن هەیە. کە هەر دوو جەنـــــگەکەش لە لایەن دوو کارەکتەری خوێنڕێژەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەرکردایەتی دەکرێن. جەنگی یەکەم جگە لە کوشتن و خوێنڕشتنی خەڵکێکی زۆر، یەکێک لە دیارترین شارەکانی مێژوو وێران دەکات کە دیمەشـــقە. جەنگـــی دووەم، دووان لە لانکـــی شارســـتانێتییە مێژووییەکـان وێـران دەکـات کە شارسـتانێتی میزۆپۆتامیـا و شارســتانێتی ساسـانی و ئەخمینییەکـانە. بەڵام دەشـێ ڕووە جیاوازەکـانی ئەم دوو جەنـگەش کەم نەبـن. جەنگـی یەکەم بە چەک و ئامرازە کۆن و تەقلیدییەکانی شـەڕ و کوشـتن و بڕین ئەنجام دەدرێت، بەڵام شەڕی دووەم بە نوێترین جۆری چەک و بەرهەمە سـەربازییەکانی مـۆدێرنێتە ئەنجـام دەدرێـت، بەڵام فاکتەری جوڵێنەر و بەرهەمهێنی هەردوو جەنگەکە غەریـزەی ئـاژەڵیی مـرۆڤە بـۆ وێرانکـردن کە ئەو غەریـزەی خوێنڕشـتنە لێرەدا لە کەسێتی تەیمور و سەدام و خومەینیدا کۆبووەتەوە. لە ڕووی گێـڕانەوەوە هەردوو ڕووداوەکە بە دەمـی ڕابـردوو دەگێڕدرێنەوە ئەگەرچی ڕووداوی دووەم بە پێی ئامادەبوونی بـاوکی جـابر وەکـو حیکـایەتخوان لە دیوەخـانی تەیمـوردا، ڕووداوێکە لە داهاتوودا. هەروەک لە گێڕانەوەکانی جابردا ئەو کەسانەی باسیان لێوە دەکرێت و ئامادەبوونیان هەیە کەسانی دیـار و ناسـراون وەکو: زەیدی کـوڕی سـەبات لە ڕاستیدا لە مێــژووی ئیــسلامدا زەیــدی کــوڕی ســابت هەیە وەکــو کەسێتییەکی دیـار و خوێندەوار و لە هـاوەڵانی پێغەمـبەرە کە خەڵکی فێری خوێندەواری کـردووە و وا بـاوە کـاتێ پێغەمـبەر پەیامی بۆ هاتووە ئەم ئایەتەکانی لەبەر کردووە و پەیامەکەی

بۆ پێغەمبەر نووسیوەتەوە. ئەگەر ئەو مامۆستایەی کە جابری فێری کیمیاگەری کردووە وێنەیەکی تری کەسێتی زەید بێت، ئەوا دەشێ لە دوای شووناسێکی تر بۆ جابر بگەڕێین. هەروەک پێشتریش جابر لە گێڕانەوەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەم دوای ئەوەی دایکی بەسەر ئەمەوە دەمرێت، باوکی دەینێرێتە لای دایەنێک لە لادێیەکی دیمەشق و بۆ ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە. ئەوەش بۆ ئەو کاتە لەبەر ئەوە بووە کە منداڵ فێری ژیانی سەخت و ددان بەخۆداگرتن ببێت و فێری دابونەریت و تەنانەت زمانی پاراوی لادێ ببێت، کە دیارە پێشتر پێغەمبەری مسوڵمانان بە هەمان شێوە نێردراوەتە لای دایەن. کەواتە لێرەدا گێڕەرەوە کە هەم کەسێتی ئامادەی ناو دەقەکەیە دەیەوێت هاوشێوەبوونێک لەنێوان خۆی و پێغەمبەردا دروست بکات، یان بە شێوەیەکی تر دەشێ وەهای لێک بدەینەوە نووسەر لە بیناکردنی کەسێتی جابردا سرۆشی لە کەسێتی پێغەمبەرەوە وەرگرتووە. هەروەک لەو کەسێتییە دیارانەی تر کە گێڕەرەوەی سەرەکی واتە جابر باسیان دەکات بریتین لە ئیبن خەلدوون و عەمار ئیبن کاتیب کە ڕاوێژکارێکی خەلیفە زاهیر بوو، ئەو خەلیفەیەی کە خۆی و وەزیرەکانی و کەسانی تری نزیکی بێجگە لە عەمار کە لەوە دەچوو دەستی لەگەڵ تەیموری لەنگ تێکەڵ کردبێت، ئەوانی تر هەموویان خۆیان ژەهرخوارد کرد. ئەوەش جۆرێک لە ڕەتکردنەوەی ژیانی ژێردەستی بوو. دیارە ئەو هەڵوێستەش جۆرێک لە کەرامەتی مرۆیی و نەتوانینی سەرنەویکردن و قبوڵنەکردنی ژیانی ژێردەستەیی لە پشتیەوەیەتی. هەروەها جابر لە گێڕانەوەکانیدا باسی فەلەکناسی بەناوبانگ ئەحمەدی غەزنەوی و چەنگژەنێکی نەینەوایی و ڕەبابەژەنێکی بەسراوی دەکات،

هەروەها لە دەمی تەیمورەوە ناوی حافزناوێکی شیرازی دەهێنێت، هەرچەندە دوو سەردەمی جیاوازن، بەڵام ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ لای حافزی شاعیری بەناوبانگ دەچێت.

بەڵام باوکی وەکو گێڕەرەوەی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە کە باسی ئایندە دەکات ئەویش گێڕانەوەی حیکایەتێکە سەبارەت بە ئایندە. وەکو خۆی دەڵێت ئەو حیکایەتەش جەنگێکە لە کۆتایی سەدەی بیستدا ڕوو دەدات و ژیانی پێنج کەس دەگۆڕێت کە پێنج کەسی ئاساین و لە گوندی بۆرە قەڵا بڕیارێک دەدەن. بەڵام ئەو کەسێتییانەی کە گێڕەرەوەی یەکەم واتە جابر باسیان لێوە دەکات و لەبارەیانەوە دەدوێت، هەموویان لە شوێنی یەکەمدا ئامادەبوونیان هەیە کە دیمەشقە و کاتەکەش سەرەتای سەدەی پانزەیە. کەسەکانیش کە ئەو لەبارەیانەوە دەدوێت کەسانی دیار و ناسراون، یان وێناکردنەوەی کەسێتییەکی دیاری مێژوویی پێشترن. بەڵام لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە ئایندەییەی کە باوکی جابر دەیگێڕێتەوە ئەو پێنج کەسە سەرەکییەی کە باسیان دەکات، سیمامەند کەسێتی تەوەرییە. ئەم پێنج کەسە هەموویان کەسێتی ئاسایی نێو کۆمەڵگەن، تەنانەت بەو کسێتییە زۆر لاوەکیانەشەوە کە لە بۆرە قەڵا و سەربازگە خۆڵاوییەکان و لە شوێنی دیلەکانی جەنگ لە ئێران و دواتریش لە لەندەن کە سیامەند بە کەمئەندامی دەگاتە ئەویێ، هەموویان کەسێتی ئاساییین. ڕەنگە تاکە کەسێک کە ئاسایی نەبێت سەرۆکی فەرماندە بێت کە چەند جارێک دەردەکەوێت چ لە کاتی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسە حیزبی و حکومییەکان، یان لە کاتی بەخشینی نیشانەی ئازایەتی بە ئەفسەر و سەرباز و سەرۆک جاشە کوردەکان،

یـان تەنـانەت لەو کـاتەی کە بـرایە بەردەم پەتـی سـێدارە و هەڵواسـرا. ڕەنـگە ئێـستا ئەو پرسـیارە خـۆی بـسەپێنێت: ئایـا بۆچی ئەو کەسـێتییانەی کە پێش شـەش سـەدە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانـدا بـاس دەکـرێن کەسـانی دیـار و ناسـراون، بەڵام ئەو کەسێتییانەی لە کۆتایی سەدەی بیستدا باس دەکرێن و لە جوگرافیای دەقەکە و گێڕانەوەدا ئامادەبوونیان هەیە پەیوەست بە ڕووداوەکـــان کەســـانی ســـادە و ئاســـایین؟ دەشـــێ ئەم جیـــاوازییە لە ئاســـتی قووڵـــدا ئەو دەلالەتە هەڵبگرێـــت کە سەردەمی ڕابردوو، واتە قۆناغی پێش مۆدێرنێتە و تەکنۆلۆجیا سـەردەمی کەسـێتی دیـار یـان نـوخبەی دیـاری خـانەدان و نـوخبەی داهێـنەر و ئامـادەبووی نێـو کـۆمەڵگە بـووە، بەڵام سەردەمی مۆدێرنێتە سـەردەمی مرۆڤی ئاسـاییە کە دەشێ بە سـەردەمی هـاووڵاتی یـان بەرهەمهێنـانی تـاکی هاوشـان و یەکسانی ئاسـایی خـاوەن شـووناسـی تـاکەکەس ناوببرێت نەک تاکەکەسی باڵا.

**ڕۆمانی بۆرە قەڵا و پێشبینیکردن**

زاراوەی پێـشبینی لێـرەدا بە مانـای تەواوەتـی Prophecy لە ڕوانـگەی ئـایینەوە بەکـار ناهێنرێت، چـونکە ئەم زاراوەیە لە ڕووی ئایینییەوە بریتییە لە بەڵێنی خـودایی لەبـارەی ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ڕوو دەدات[١٢]. بۆ نموونە لە هەموو ئـایینە ئاسـمانییەکاندا بەڵێنـی بەخـشینی بەهەشـت لە داهـاتوودا بەو کەسـانە دەدرێـت کە بە ڕاسـتی و دروسـتی پەیـڕەوی ئـایینەکە دەکەن و لێـی لا نـادەن. بەڵام ئـی. ئـێم فۆرسـتەر لەو بـارەیەوە دەڵێـت: مەبەسـتمان لە زاراوەی پێـشبینی بەو مانـا تەسکە نییە کە پێشبینیکەر لەبارەی داهاتووەوە دەیڵێت، بەڵکو

گرنگیدانە یان ئاماژەیە لە دەنگی ڕۆماننووسەوە، گرنگی و ئاماژەیەک کە فلوت و سەکسەفۆنی خەیاڵ دەشیا ئێمەیان بۆ ئامادە بکردایە[١٣]. هەروەک دەڵێت: پێشبینی لە تێگەیشتنی ئێمەدا بریتییە لە ئاوازی دەنگێک کە دەشێ هەر کام لەو بیروباوەڕانە بگەیەنێت کە مرۆڤایەتییان سەقامگیر کردووە[١٤]. ئەوەی لەبارەی پێشبینی لەم ڕوانگە ئایینییەوە باس دەکرێت نیشاندانی جۆرێک لە دڵنیاییە بەرامبەر بەوەی لە داهاتوودا ڕوو دەدات. کە ئەم جۆرە تێڕوانینەش زیاتر تێڕوانینێکی ئایینییە کە لەو ڕوانگەیەوە نەخشەی گەردوون و بوونەوەران ئامادەکراوە و بەرەو چارەنووسێک دەڕوات کە ئەویش یەقینی کۆتاییهاتنی کۆی بوونەوەران و گەردوونیشە. کە بۆ ئەو کۆتاییەش دڵنیایی لە سەرەتایەکی تر و دەستپێکردنەوەیەکی هەتاهەتایی ئامادەیە. ئەویش زیندووبوونەوە و ژیانی نەبڕاوەیە. دیارە ئەمەش لە یەقینی هەموو ئایینەکاندا هەیە و تەنانەت لە ڕوانینی ئایدیۆلۆجیا و بیر و تێڕوانینە داخراو و دۆگماشەوە ئەم جۆرە ئاسۆبینینە لە ڕوانگەی یەقینەوە ئاشکرایە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە ئەو دەقە ئەدەبییەی لە ڕووی هەست و هۆشیاری، یان تەنانەت لە ڕووی نەستیشەوە وەکو دەقی ئامانجدار، یان بەرنامەبۆدانراو نووسراون یان بەرهەمهێنراون، تا ئەندازەیەکی لەبەرچاو ئەو پێشبینییە وەکو بابەتێکی بەرنامەبۆداڕێژراو بەرجەستە دەبێت. زۆرترین کاتیش لە دەقی چیرۆک و ڕۆماندا کاتێ ئەمە ڕوو دەدات، کە گێڕەرەوە وەکو کەسی یەکەم بە هەژموونی تەواوەتی نووسەرەوە ئامادە بێت. یان ئامادەبوونی هەبێت لە دەقە ئایدیۆلۆجییەکاندا، یان لەو دەقانەی کە بەرهەمهێنی گوتاری ئایدیۆلۆجین. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئاستی

پێشبینیکردن لە ڕۆمانی بۆرە قەڵادا چۆنە و چیمان لەبارەی داهاتووەوە وەکو جۆرێک لە یەقین پێشکەش دەکات؟

یەکەمین پێشبینیکردن کە جابر لە گێڕانەوەکانیدا لێی دەدوێت، بریتییە لە پێشبینیکردنی باوکی بۆ ئەوەی ئەم ببێت بە کیمیاگەر. هەرچەندە باوکی جابر خۆی حیکایەتخوان بوو، بەڵام دەیویست کوڕەکەی ببێتە کیمیاگەر. ئەگەرچی ئەم دوو پیشەیە زۆر لە یەک دوورن، بەڵام باوکی جابر پێی وابوو (کیمیاگەری و حیکایەتخوانی، هەردووکیان هونەری تێکەڵکردن و سازاندنی شتەکانن- ڕۆمان-ل٥). کیمیاگەری تێکەڵاوکردنی ماددەکانە، بەڵام حیکایەتخوانی بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان پەیوەست بە کەسێتی و گرێچنەوە لە کات و شوێندا و لە ڕێگەی زمانەوە. بەڵام هەر چۆن دەبێ لە کیمیاگەریدا توخمەکان کارلێکی کیمیاوی لەنێوانیاندا ڕوو بدات و گیراوە، یان تێکەڵاویان لێ بەرهەم بێت، بە هەمان شێوە لە گێڕانەوەدا کۆی ڕەگەزەکانی چیرۆک یان ڕۆمان پێکەوە کۆدەکرێنەوە و پێکەوە سازاندن و گونجاندن لەنێوانیاندا ڕوو دەدات و بەوەش بونیادێکی زمانی پێکدێت کە یەکەی پێکهێنانی دەقە، لە یەک کاتدا وەکو دەق هەم چێژی ئێستاتیکی بەرهەم دەهێنێت، هەم ئەو پرسیارانەی کە لە پشتیانەوە جیهانبینی دەقەکە ڕاوەستاوە.

گێڕەرەوەی دووەم کە باوکی جابرە هەرچەندە لە کاتی داگیرکردنی دیمەشقدا ژیاوە، بەڵام ئەو حیکایەتێک دەگێڕێتەوە کە پاشی شەش سەدە لە کەوتنی دیمەشق ڕوو دەدات، لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە دیسان گێڕانەوەکانی باوکی جابرە کە باسی ڕووداوێک دەکەن شەش سەدە دواتر ڕوو دەدات کەچی بە دەمی ڕابردوو دەگێڕدرێتەوە. لە هەمان کاتدا ڕووداوەکان

وەهـا بـاس دەکـرێن کە بە ڕاسـتی ڕوویـان دابێـت. ئەمەش ئەگەرچـی وەکـو پێـشبینی لە کـاتی گرتنـی دیمەشـقدا سـەیر دەکرێـت، بەڵام گێـڕەرەوە وەکـو حەقـیقەت باسـیان دەکـات. ئەمەش لە ڕاسـتیدا خاسـێتی تێڕوانینی ئـایینی یان ئایدیۆلۆجی بە پێـــشبینییەکان دەدات. هەر لێرەشـــەوە مەودای جـــوولەی کەســـەکان و تەنـــانەت پێـــشبینیکردنی دەرئەنجـــامی هەردوو ڕووداوە ســـەرەکییەکەش کە ڕووداوی گرتنـــی دیمەشـــق و ڕووداوی جەنگی عێـراق و ئێـرانە، پـێش ڕوودانیـان دەزانرێـت چـــین و چ دەرئەنجامێکیـــان لـــێ دەکەوێـــتەوە. ئەمەش ئەو پێشبینییەیە کە لە ڕوویەکی ترەوە وەکو ئەوە وایە بە بەرنامە ڕێکخرابێـت. لە کاتێکـدا پێـشبینی زیـاتر بارگـاوی دەکرێـت بە خەیاڵ و لەو چوارچێوەیەشدا مەودایەکی فراوانتر بۆ جوولەی کەســـەکان و بـۆ ئەگەری ڕوودانـی ڕووداوەکـان بە شـێوەی جیـاواز و کەوتـنەوەی دەرئەنجـامی پێـشبینینەکراویش دێـتە ئـاراوە. کە ئەمەش زیـاتر دەبێـتە هـۆی ڕەخساندنی فەزایەکـی یۆتۆپیـانە کە بەرجەسـتەکردنی ئاینـدەیەکە جیـاوازە لەوەی کە هەیە یـــان پێـــشبینی دەکرێـــت. واتە یۆتۆپیـــایەک کە زیـــاتر ڕەهەنـــدی فـــرە ئاڕاســـتە و خاســـێتی جۆراوجـــۆری تێـــدا چـــاوەڕوانکراو بێـــت بەتـــایبەتی وەکـــو فەزایەک بەرجەســـتە دەکرێـت کە کەسـەکان لەوێـدا بـگەنە ئامـانج و ویـستەکانی خۆیان. لە ڕۆمـانی بۆرە قەڵادا کۆی جوولەی ڕووداوەکان و پەرەسەندنی کەسێتییەکان بەو جۆرەیە کە بەگشتی کارەسات و تراژیـــدیا لەبەردەمیانـــدایە و پاشـــتریش دەردەکەوێـــت کە کۆتایی هەمووان کۆتاییەکی کارەساتاوی چاوەڕوانکراوە.

هەروەهـا لە لایەکـی تـرەوە کـاتێ تەیمـور لە ئەحـمەدی غەزنەوی ئەستێرەناس دەپرسێت کە چی هەیە بیڵێت. ئەحمەد

پێشبینییەکی ترسناک دەخاتە بەردەم تەیموری لەنگ و ئەوانی تریشەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە پێی پێشبینییەکەی ئەو دوای سێ ساڵ تاعوونێک لە دیمەشقدا بڵاو دەبێتەوە نەک هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکو سوپاکەی تەیموریش دەگرێتەوە و دووچاری شکستی دەکات. بەڵام لە پێشبینییەکەدا تەیمور خۆی بەر ئەو پەتایە ناکەوێت. هەرچەندە پێشبینیکەرەکە پێی دەڵێت دوای ئەو تاعوونە دووچاری کارەساتێک دەبیت کە ئاوات بە تاعوونەکە بخوازێت. ئەمیش دیسان جۆرە پێشبینییەکی ترە و ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە پێشبینییەکانی ئەحمەدی غەزنەوی وەکو ئەستێرەناسێک دێنەدی. یەکەمیان ئەوەیە هەرچەندە تاعوونەکە سوپاکەی تەیمور تێکدەشکێنێت، بەڵام ئەو سوپایە پێشتر دیمەشقی وێران کرد، ئەمەش وەکو کارەسات لەناو کارەساتدا بە گوێرەی دیمەشق دەردەکەوێت. بەڵام پێشبینی دواییان کە تیاچوونی تەیمورە بە گوێرەی دیمەشق و هەموو ئەو شوێنانەی تر کە ئەو داگیری کردوون و وێرانی کردوون پێشبینییەکی خۆش و ئاسوودەیی بەخشە. هەرچەندە شێوازی پێشبینیکردن لە ڕۆمانی بۆرە قەڵادا بە جۆرێکە نزیک لەو پێشبینییەی بۆ ئایندە کە ئایینەکان یان ئایدیۆلۆجیاکان دەیکەن، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە، ئەم پێشبینیکردنانە بارگاوی کراون بە خەیاڵ و جۆرێک لە فانتازیا، کە ئەوەش لە لایەک جوانییەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە، لە لایەکی ترەوە ئەگەر لەسەر زەمینەی واقیع ڕووداوەکانی داگیرکردنی دیمەشق و وێرانکردنی بەو جۆرە و بڵاوبوونەوەی تاعوون و ژەهرخواردنەوەی کاربەدەستانی دیمەشق و ژەهرخواردکردنی تەیمور و شەڕی عێراق و ئێران و کارەساتی ئەنفال و

وێرانکردنی بۆرە قەڵا... ڕوویان نەدایە، زیاتر وەکو ئەفسانە دەردەکەوتن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوازی بەرجەستەکردنی کۆی ئەم ڕووداوانە لە دەقەکەدا جیاوازە لەوەی کە ڕووداوەکان بە وردی چۆن ڕوویانداوە و کەسێتییەکانی نێو کۆی ڕووداوەکان هەر لە شێوازی بیناکردنیانەوە تا دەگاتە شێوازی جووڵە و کاردانەوە و ڕەفتارکردنیان بارگاوی کراوە بە خەیاڵ و ڕەگەزەکانی فانتازیا و ڕووداوەکانیش هەندێجار بە جۆرێک بەرجەستە دەکرێن، کە مەوداوی خەیاڵ لە بەرجەستەکردنیاندا زۆر فراوانە. ئەمەش ئەو شێوازەیە کە نووسەری سەرکەوتوو لەبەری دەگرێت بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری باڵا لەو ڕووداوە واقیعیانەی کە ڕوویان داوە یان ڕوو دەدەن یان دەشێ ڕوو بدەن. ئێستا بە ئاشکرا دیارە سەرباری ئەوەی کە ڕۆمانی بۆرە قەڵا دوو ڕووداوی سەرەکی مێژوویی کردووەتە ڕەگەزی سەرەکی بونیادنانی خۆی، بەڵام لە خوێندنەوەدا دەشێ تەنانەت خوێنەری ئاساییش بە ئاشکرا هەست بەوە بکات کە دەقێکی هونەری دەخوێنێتەوە نەک مێژوو.

### گوتاری ڕۆمانی کەوتنی بۆرە قەڵا

پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەین کە گوتاری ڕۆمان چییە و بەو پێیەش ڕەهەندەکانی گوتاری ڕۆمانی کەوتنی بۆرە قەڵا دیاری بکەین و لەوێشەوە هەوڵی شیکاری ئەو گوتارە بدەین. دەبێ ئەوە بزانین کە هەر چۆن ڕۆمان ڕەگەزێکی ئەدەبی پەیوەست بە کۆمەڵگەی شارە، بە هەمان شێوە دەبێ گوتاری ڕۆمانیش گوتاری کۆمەڵگەی شار بێت: ڕۆمان لە کۆمەڵگەی دەرەوەی گروپ (دەستە)دا لەدایکبووە و پەیوەستە بە بونیادی

کۆمەڵگەوە کە جیاوازە لە بونیادی دەستە و گرووپی لە جۆری (دەستە، تایەفە، عەشیرەت، خێزان..)، ڕۆمان پێداگری لەو چەمکە تیۆرییە بەکارهێنراوە دەکات کە جیاکردنەوە ناکات لەنێوان ڕۆمان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا[١٥]. بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە گوتار بەبێ زمان بوونی نییە و لە ڕاستیدا گوتار لە پێکهاتەیەکی زمانی پێکدێت کە بارگاوی کراوە بە مانا و دەلالات و مەعریفە و هەروەک بەرهەمهێن و لە هەمان کاتدا هەڵگری جوانی و پرسیاری گەوهەرییە بەرامبەر بە نەزانراوەکان، یان بەرامبەر بە نهێنییەکانی بوون و ژیان. بەڵام سەرباری زمان ڕەگەزەکانی کات و شوێن و شێواز و گێڕانەوە و ڕووداو و کەسێتی پێکەوە بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی گوتاری ڕۆماندا، هەر چۆن ئەمانە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمانن. وەکو ئاشکرایە: گوتار لە ڕستەوە دەست پێ دەکات بۆ گفتوگۆ و مۆنۆلۆج کە بە گوتراو و گوتندا تێدەپەڕێت و لەوێشەوە یەکەیەکی گەورەتر پێکدێت کە ئەویش دەقە و لە سەردەمی نووسینیشدا مەبەست لە دەق پێکهاتەیەکی نووسراوە، کە وەکو گوتمان دەبێ دەق وەکو پێکهاتەیەکی زمانی بارگاوی کرابێت بە مانا و دەلالات و مەعریفە. بە گوێرەی گوتاری ڕۆمان ئەوەی گرنگە بابەتی گێڕانەوەیە، لە کاتێکدا کە ڕۆمان یان هونەری چیرۆک و ڕۆمان بەبێ گێڕانەوە بوونی نییە. کەواتە لەم ڕووەوە ئەو بابەتەی کە لە شیکردنەوەی بونیادی ڕۆماندا ئامانجی کارکردنە دەتوانرێت بگوترێت گوتارە. مادەم گوتاری ڕۆمان لەسەر پایەی گێڕانەوە دەوەستێت. بێگومان بۆ ئەوەی ئاخاوتن لەسەر گوتاری ڕۆمان بکەین و لەوێشەوە شیکاری گوتاری ڕۆمانی کەوتنی بۆرە قەڵا بکەین، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە

بکەین کە مادەم لە گوتارەوە دەست پێ دەکەین، کەواتە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئێمە بەدوای شیکردنەوەی دەقی ئەم ڕۆمـانەوەین وەکـو ئەوەی کە: دەق بونیـادێکی دەلالیـیە و لە هەمـــان کاتـــدا دەق وەکـــو فراوانکردنـــی گوتـــار دێـــت لەو ڕوانـگەیەوە کە گوتـار دیمەنێکـی نەحـوی و بونیـادییە و دەق ئەوە لە ئاستێکەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستێکی تر واتە بۆ ئاستی وەزیفـــی[١٦]. هەرچەنـــدە ئەو بۆچـــوونەش هەیە کە جیـــاوازی ناکات لەنێوان گوتار و دەقدا. بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە دەشـێ وەها سـەیر بکرێت کە: دەق گوتـارێکی نووسـراوە و واتە دەق ئەوەیە کە خـوێنەر مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکـات[١٧]، بەڵام دەشـێ ڕووبەرێـک هەبێت بـۆ قسەکردن لەسـەر گوتـاری زارەکـی کە ئەمەیان گوێگر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بە هەرحاڵ ئێمە لێرەدا مـامەڵە لەگەڵ دەق دەکەیـن، هەر بەو پێیەش کە دەقـی ڕۆمـانە مانـــای وایە مـــامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی گێـــڕراوە Narrative دەکەیـن، کە ئەوەش ئاشـکرایە کـاتێ باسـی گێـڕراوە دەکەیـن ڕاسـتەوخۆ گێـڕەرەوە و Narrator بـۆگێڕەوە و Narratee گێـڕانەوەش Narration ئامادەبوونیـان دەبێـت. هەر لێـرەوە ڕاسـتەوخۆ لە ڕۆمـانی بـۆرە قەڵادا بەسـەرهات یـان حیکـایەت یـــان چیـــرۆک هەیە، کە گێـــڕەرەوە و لە پـــشتی ئەویـــشەوە نووسـەر یـان دانەرێـک هەیە کە خـۆی دەنگـی ئاشـکرای نییە، بەڵکو لە ڕێگەی نەخشەسازی و بونیادنانی ڕۆمـانەکەوە وەکو دەق ئامادەیە.

نووسەر نەخشەی دوو مێژوومان بـۆ دەکێشێت. یەکەمیـان لە سـەرەتای سـەدەی پـانزەدایە و ئەوی تریـان لە کۆتـایی سەدەی بیستدایە. کەواتە لێرەشەوە کات شێوازێکی ڕیزبەندیی نییە بە پێـی ڕۆیـشتنی کـات. هەر لێـرەوە کـاتی گێڕانەوە یـان

کـاتی دەقەکە ئەو کـاتە نیـیە کە لەسـەر زەمیـنەی واقیـع تێدەپەڕێت و وەکـو هێڵێکـی لێکنەپچـڕاوی زنجیرەیـی بـوونی هەیە. گێڕانەوەی یەکەم کە هێرشی تەیمور و سوپاکەیەتی بۆ سـەر دیمەشـق، لە ڕووی کـاتەوە هـیچ پەیوەسـتییەکی نیـیە بە کـاتی چیرۆکـی دووەمەوە کە شـەڕی عێـراق و ئێـران و وێرانکردنـی بـۆرە قەڵا و پرۆسـەی ئەنفـالە. هەروەک ئەم چیـرۆکە جیـاوازانە لە چوارچێـوەی پێکهـاتەیەکی زمانیـدا بە شێوەیەکی هونەری داڕێـژراون کە ئەویش دەقە. کاتێکیش کە وەکـو دەق باسـی ئەم پێکهـاتە زمـانییە دەکەیـن دیـارە ئەوەش لەبەرچـاو دەگـرین کە دەقێکـی زینـدوومان لەبەر دەسـتە و مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکەیـن. لە ڕووی بونیـادی گوتـارەوە دەقـی کەوتنـی بـۆرە قەڵا چنینێکـی ورد و هـونەری هەیە کە لەم ڕووەوە دەشـێ باسـی: گێـڕەرەوە و بـۆگێڕەرەوە و کـات و شـێوازی گوتـار و جیهـانبینی بکرێـت، هەروەک لە پـاڵ ئەمەدا کاتێ باسی دەق دێتە پێشەوە، ئەوا دەشێ باسی نووسـەر و خـوێنەر و بونیـادی دەق بکرێـت[١٨]. بەڵام نەک هەر ئاخـاوتنی ئەم ڕەگەزانە، بەڵکو لە شیکردنەوەی ڕۆماندا قسەکردن لەسەر یەکە سەرەتاییەکانی وەکو ڕستە و بەشەکانی تری نووسین تا دەبێـتە دەق هەمـوو لە ڕوانـگەی مانـا و ئەرکـی دەلالـی و وەزیفییەوە دەبێت. ئەمەش بەرەو ئەو بۆچوونە دەمانبـات کە باسـکردنە لە پرسـیاری ڕۆمـان یـان جیهـانبینی ڕۆمـان یـان گوتـاری ڕۆمـان. بە مانـایەکی تـر هەمـوو ئەو ڕەگەزانەی کە دەقی ڕۆمان پێکدەهێنن لە زمان و گرێچن و کەسەکان و کات و شوێن و ڕووداو وەکو پایە یان ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی دەق و کـرداری گێـڕانەوەش بە شـێوازەکانیەوە لە ڕووی وەسفکردن و مۆنۆلۆگ و دایەلۆگ و شێوازەکانی گفتوگۆ و

دەربڕینـی جۆراوجـۆرەوە وەکـو یەکەیەکـی یەکگرتـوو سـەیر دەکرێن کە دەقی ڕۆمـان بەرهەم دەهێنن و هەمـوو ئەمـانەش پێکەوە بەرهەمهێنی مانا و دەلالات و جیهانبینین، کە سەرباری بەرهەمهێنـانی بونیـادێکی ئێـستاتیکی بە مەبەسـتی بەخـشینی چێـژی جـوانی، لە پـشتی ئەم بونیادنـانەوە نیگـاکردن بەرەو ئایندە و بەرهەمهێنـانی پرسیارە گەوهەرییەکـان سـەبارەت بە مرۆڤـ و بوون بەرجەستە دەبن و شێوەی ئاراستەکردنیشیان دەبێتە جێگەی پرسیار و تێڕامان.

جـابر پاشـی شەسـت سـاڵ لە هێرشـی تەیمـوری لەنـگ و سـوپاکەی بـۆ سـەر دیمەشـق لە حـوجرەیەکی چەپەکـدا دانیشتووە و مێژووی ئەو بەسەرهاتە دەنووسێتەوە. ئەو خۆی بە چـاوی خـۆی بینیـوێتی کە چـۆن ئەو سـوپا وێـرانکەرە پەلامـاری شـارەکەیان داوە و چـۆن هەمـوو شـتێکیان لەناوبردووە و چۆن تەیمور ئارەزووە دڕندەییەکانی خۆیی بە وێرانکـردن و ڕشـتنی خـوێنی خەڵـک و ملپێکەچکردنیـان و سـووکایەتی پێکردنیـان دامرکانـدووەتەوە. هەروەک بە چـاوی خـۆی بینیـوێتی کە چـۆن بـاوکی و ئەحـمەدی غەزنەوی و مامۆستاکەی و چەندانی تر بە دەستی ئەو سوپایە کوژراون. هاوکـات ئەوەشـی بینیـوە کە چۆن عەمـار ئیبن کـاتیم و ئیـبن خەلـدوون لە نزیـک تەیمـور بـوون و پەیوەنـدییان بـاش بـووە لەگەڵیدا. لێرەوە هەر لەسـەرەتاوە گێـڕەرەوە، هەڵوێـستی دوو جۆر لە مرۆڤ بەرجەستە دەکات. هەڵوێستی یەکەم ئەوەیە کە مرۆڤەکـان لە هەر ئاسـتیکی هۆشـیاریدا بـن، سـوورن لەسـەر ئەوەی بڕوایـان پێیەتـی و مـل کەچ نـاکەن و ئامـادەن لەو پێناوەدا بمرن. لە ڕۆمانی بۆرە قەڵادا باوکی جابر و ئەحمەدی غەزنەوی و زەیـدی کـوڕی سـەباتی مامۆسـتای جـابر و

هەزارانی تریش لەم جۆرەیانن و هەڵگری هەڵوێستی خۆڕاگری و ملنەدانن. تەنانەت خەلیفە زاهیر و ژمارەیەک لە وەزیر و کاربەدەستەکانی بۆ ئەوەی بە سەرشۆڕی نەمرن و مردنی بە سەرشۆڕی ڕەت بکەنەوە، خۆیان ژەهرخوارد دەکەن. لە ڕاستیدا لەم هەڵوێستەدا کە هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی ملکەچییە بەهای بەرز و سەرکەشانەی مرۆڤ دەردەکەوێت. لە بەرامبەردا هەڵوێستی خۆبەدەستەوەدان و خۆپاراستن و تەنانەت ملکەچی و گوێڕایەڵی و بەپاشکۆبوون بۆ دوژمن هەیە کە هەڵوێستی عەمار ئیبن کاتیم و کەسانێکی تریشە، تەنانەت باسی ملکەچبوونی کۆمەڵناسی بەناوبانگ ئیبن خەلدوونیش دەکرێت. کە ئەمەشیان ئەو هەڵوێستەیە کە تەنیا مرۆڤە لاواز و خۆپەرستەکان هەڵیدەبژێرن و پەیڕەوی دەکەن. ئەگەر لێرەوە سەیری گوتاری ڕۆمانی بۆرە قەلا بکرێت، ئەوا هەڵگری گوتاری شارە لەوەیدا کە جۆراوجۆری هەڵوێست و جۆراوجۆری بۆچوون و جۆراوجۆری دیدگای تاکەکەسی جۆراوجۆری تێدا دەردەکەوێت کە ئەوەش جیایە لە گوتاری کۆمەڵگەی لادێ، یان خێڵ کە بە یەک ئاڕاستە و یەک بۆچوون و یەک شێوەی ڕەفتار و کارکردن و یەک هەڵوێست بارگاوی کراوە.

ئەگەر ئەم دیمەنە واتە ئەو دوو هەڵوێستە جیاوازەی کەسانی ڕۆمانەکە کە لە شێوەی دووانەیەکی بەرامبەردا دادەنرێن، بەراورد بکەین بە هەندێ دیمەن لە چیرۆکی دووەمی ڕۆمانەکەدا، کە باوکی جابر وەکو ڕووداوێکی پێشبینیکراو لەو کاتەدا دەیگێڕێتەوە کە ئەویش شەڕی عێراق و ئێران و وێرانکردنی بۆرە قەلایە. ئەوا دیسان هەمان جۆرە دابەشبوون لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە. کەسانێکی زۆر دژی

دەســـــەڵاتی ئەوکـــــاتەی عێـــراقن و زۆرێکـــیش پـــشت لە بەشداریکردنی ئەو شـەڕە دەکەن و خۆیـان دەشـارنەوە، یـان ڕێـگەی تـر لەبەر دەگـرن. لەو سەروبەندەشـدا کەسـانێکی تـر دەست تێکەڵاوی ڕژێم دەکەن و ڕاوی ئەو کەسانە دەکەن کە دژن. بۆ نموونە کاتێ ئەریوان عومەر لە سەربازی هەڵهات و گەڕایەوە بۆرە قەڵا و لە کونێکدا خۆی شاردبووەوە، دواجار لە لایەن جاشە کوردەکانەوە دەستگیر کرا و ڕەوانەی زیندان کـرا کە کـۆمەڵێ خەڵکی تـری تێدا بـوو زۆربەیـان جاشـەکان دەسـتگیریان کردبـوون. دواجـاریش گوللەبـاران کـران. ئەمەش جـۆرێکە لە هاوشـێوەبوون لەنێـوان هەڵوێستەکانی مرۆڤدا و تێپەڕبـوونی کـات و گـۆڕینی زەمیـنە و سـەردەم گۆڕانکـاری ئەوتۆ لە هەندێ لە هەڵوێستەکانی مرۆڤدا دروست ناکات.

جـــابر کە خـــۆی گێـــڕەرەوە و کەســـێتی تەوەریـــیە لە ڕۆمـانەکەدا، سەرگوزشتەی خۆی وەهـا دەگێـڕێتەوە کە دوای ئەوەی وەکو منداڵی خێزانە دەوڵەمەند و خـانەدانە عەرەبەکـان چەنـد سـاڵێکی سـەرەتای تەمەنـی لە لای دایەن و لە دەرەوەی شـار بەسـەر بـردووە، بـۆ ئەوەی بە جۆرێـک پەروەردە ببێـت بەرگەی سـەختییەکانی ژیـان بگرێـت و زمانیـشی پـاراو بێـت، دەهێنــرێتەوە بــۆ شـــار و دەخـــرێتە بەر خوێنـــدن. لە لایەک زانستەکانی ئایین دەخوێنێت و لە لایەکی تریش زانستی کیمیا دەخوێنێت بـۆ ئەوەی ببێتە کیمیـاگەر. ئەگەر لە ئاسـتێکی تـردا سەیری جابر و ویستی باوکی بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت بـۆ ئەو سـەردەمەش لە شـارێکی وەکـو دیمەشـقدا خوێنـدن بە هەردوو بارەکەیـــدا واتە ئـــایینی و زانـــستی بـــایەخی زۆری هەبـووە و تەنـانەت بـاوکی جـابر خواسـت و ویـستی ئەوەی هەبووە کە کوڕەکەی ببێتە کیمیـاگەر، کە دەشـێ ناوەکەیـشی

ئامــاژەیەک بێــت بــۆ جــابری کــوڕی حەیــان، کیمیــاگەری بەناوبانگ. کاتێکیش کە تەیمور و سوپاکەی دێنە ناو دیمەشق، زەیدی کوڕی سەبات کە مامۆستای ئەو زانستە بوو بە جابر دەڵێت: مادەم مەغۆلەکان دێن، تازە نە کیمیاگەری و نە هیچ زانستێکی دیکە قەدری نامێنێت (ڕۆمان- ل١١). وەکو گوتمان لە لایەک بایەخی زانست لەو سەردەمەدا دەردەکەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا قسەکەی زەیدی کوڕی سەبات ئەو دەلالەتە هەڵــدەگرێت کە هەمــوو شــتێ بە زانستیــشەوە تەنیــا لە ســەربەخۆیدا بەهــای هەیە. هەروەک لە لایەکــی تریــشەوە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیەکیشە بۆ ئەو بۆچوونەی ئیبن خەلدوون کە پێــی وایە ئــاوەدانی و عیمرانــی هەمەلایەن تەنیــا لە سەقامگیری و ئاشتیدا دەبێت، هەرچەندە کە لە ڕۆمانەکەدا هەڵوێستی نەرمونیانی ئیبن خەلدوون بەرامبەر بە تەیموری لەنگ وەکو جۆرێک لە لاوازیی نیشاندراوە، کە دەشــێ لە ئاســتی قــووڵی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم بێــت کە ئیــبن خەلدوون پێی وا بووبێت فەرماندەیەکی داگیرکەر و خوێنڕێژی وەکو تەیموری لەنگ دەتوانێت سەقامگیری دروست بکات، ئیتر گرنگ نییە با ئەو سەقامگیرییە بە زەبروزەنگیش بێت. هەرچەندە دەشێ ئەوە بۆ ئیبن خەلدوونیش ئاشکرا بووبێت کە چۆن تەیموری لەنگ دژی شارستانێتی و ئاوەدانکردنەوە و بونیادنان و زانست و زانیاری بووە، چونکە گێڕەرەوە بۆمان دەگێــڕێتەوە کە خەڵکــی بیــستبوویان چــۆن جەنگاوەرەکــانی تەیمور لە شیراز میزیان بە کتێبی زانایان و ڕیشی سۆفیان و عاریفانــدا کردبــوو، لە هەمەدان حەکیمــان و زانایانیــان بە ئەسپەکانیان هەڵتلیشاندبوو، لە سیستانیش ئەستێرەناسەکانیان لەبەر هەتاو بەستبووەوە تا مردبوون. دەشێ لە ترسی ئەو

هەوالانە ئیبن خەلدوون خۆی نزیکی تەیمور کردبێتەوە کە ئەمەش هەڵوێستێکی ترسنۆکانەیە، چونکە باوکی جابر و ئەحمەدی غەزنەوی و زەیدی کوڕی سەبات و چەند کەسی دیاری تر ئامادەبوون بمرن، بەلام لە تەیمور نزیک نەبنەوە، کە سەرئەنجام مردنیان هەڵبژارد. لێرەوە بە ئاشکرا هاوشێوەبوونێکی تر لەنێوان تەیمور و سەرۆکی فەرماندەدا دروست دەبێت بەتایبەتی لەو ڕووداوەی کە باوکی جابر پێشبینی دەکات و بۆ تەیموری دەگێڕێتەوە، کە ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێت لە داهاتوودا کە زانست و تەکنۆلۆجیا پەرە دەسێنن، کەسێکی تری وەکو تۆ تینووی خوێن و وێرانکاری بە پشتبەستن بەو تەکنۆلۆجیایەی کە لە داهاتوودا دادەهێنرێت جەنگێکی درێژخایەن دەنێتەوە و ژمارەیەکی گەورە لە مرۆڤ دەدات بە کوشت و دوو ولاتیش وێران دەکات. لە گێڕانەوەکانی باوکی جابردا کۆتایی ژیانی سەرۆکی فەرماندە تراژیدی دەبێت کە سەرئەنجام لە بەیانییەکی ڕۆژی جەژندا سیامەندی قوربانیی دەستی ئەو جەنگەی کە سەرۆک بەرپای کرد، دەبینێت سەرۆکی فەرماندە لە سێدارە دەدرێت. کاتێ باوکی جابر ئەمە بۆ تەیمور دەگێڕێتەوە، ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێت تۆش هەمان چارەنووست دەبێت، هەرچەندە لە پێشبینییەکانی ئەحمەدی غەزنەویدا ئەو بەو تاعوونە نامرێت کە دیمەشق ئەوەندەی تر وێران دەکات. دەشێ پێشبینی ئەحمەدی غەزنەوی بۆ تیاچوونی تەیمور و باسکردنی نیشاندانی وێنەی لە سێدارەدانی سەرۆکی فەرماندە لەسەر تەلەفیزۆنەوە و گێڕانەوەی هەموو ئەمانە لە لایەن باوکی جابرەوە وەکو ڕووداوێکی ئایندەیی، دەشێ هۆکار بن بۆ ئەوەی کە هەردووکیان هەڵبواسرێن. بەلام لە بەرامبەردا ئیبن

خەلدوون لەبەر نەبوونی هیچ هەڵوێستێکی نەیارانە بۆ تەیمور وەکـو لە سـیاقی دەقەکەدا هـاتووە ناکوژرێـت. ئەمەش ئەوە دەردەخات وەرگرتنی هەڵوێستی مرۆڤەکان پەیوەندی نییە بە ئاسـتی تێگەیـشتن و زانینیـانەوە، بەڵکـو پەیوەسـتە بە جـۆری بیرکردنەوە و ئیرادە و کەسێتییانەوە. ئەمەش لە ئاستی قووڵدا ئاڕاستەیەکە لەو گوتارەی کە ڕۆمـانی بۆرە قەلا بەرجەستەی دەکات.

گێڕانەوەی ڕووداوی دووەم یان چیرۆکی دووەم لە لایەن باوکی جابرەوە بە پێی زنجیرەی کات نییە، بەڵکو هەر چۆن کۆی گێڕانەوەکانی باوکی جابر باسی ڕووداوێکە بە پێی کاتی گێـڕانەوە لە ئاینـدەدا ڕوو دەدات، بە هەمـان شـێوە سـەرەتای گێڕانەوە لە دوا چرکەساتەوە دەست پێ دەکات. ئەویش ئەو کاتەیە کە سیامەند وەکو کەسێتییەکی تەوەریـی لە چیرۆکـی دووەمـدا دوای نـزیکەی زیـاتر لە شـانزە سـاڵ لە وەسـتانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە بەیانییەکی مات و تەماوی نێو شـاری لەندەنـدا دوای ئەوەی گـوێی لە گـۆرانییەکی ئینگلیـزی دەبێت و باسـی گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتیمان دەکات و دوای ئەوەی قـــاچە دەســـتکردەکەی دەبەستێـــت و دوای ئەوەی ســـەیری وێـنەی ژنەکەی و سـورمەی کچـی دەکـات و دوای ئەوەی ئەو کەســـە بەتەمەنـــانە دەبینێـــت بە زەمیلەکانیـــانەوە دەگەڕێنەوە بـۆ نـاو ژیـانی تەنیـایی نێـو شـوقەکانیان و دوای ئەوەی وەڵامـــی ســـڵاوی تۆماســـێی دراوســـێی دایەوە، تەلەفیزیۆنەکەی کردەوە و چاوی کەوتە سەر وێنەی سەرۆکی فەرماندە کە بەرەو پەتی قەنارە دەبرا و پاش کەمێک لاشـەی لە سێدارەدراوی سـەدام نیشان درا. کەواتە لێرەوە گێڕەرەوە لە دوا کـاتی ژیـانی کەسـێتی تەوەریـی ڕووداوی دووەمەوە

دەست پێ دەکات و لەوێوە بە فلاشباک دەگەڕێتەوە و لە میانەی گێڕانەوەی ژیانی کەسێتییەکانیەوە درێژەی جەنگی عێراق و ئێران و ئەو کارەساتە تراژیدیانە دەخاتە ڕوو کە ئەو جەنگە بەرهەمی هێنان.

دیارە ئەگەر گێڕانەوەی ڕووداوی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران تەنیا وەکو گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی بێت، ئەوا ڕەنگە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت. تەنانەت ئەگەر گێڕانەوە وەکو بەشداری کەسێتییەکان لە ڕووداوەکاندا بێ ئەوەی ئامانجێک لەو بەشداریکردنەدا هەبێت، ئەوا دیسان گێڕانەوە و بەشداریکردنی ڕووداوەکانیش بایەخێکی ئەوتۆیان نابێت. هەر لێرەوە ئاخاوتن لەبارەی ئەو پێنج کەسەی کە لە گوندی بۆرە قەڵا بڕیارێکی لەناکاو دەدەن و پێکەوە ڕێگەی بەشداریکردن لەو جەنگەدا دەگرنە بەر هەرچەندە هیچ بڕوایەکیشیان بەو جەنگە نییە، ئەوا جێگەی لەسەر ڕاوەستانە و دەشێ لە دوای پاڵنەرەکانی ئەو بڕیارە بگەڕێین تا بزانین چ پەیوەندییەکی بە پرسیاری سەرەکی دەقەکەوە هەیە. ئەگەر ئەو بڕیارە تەنیا بە مەبەستی گێڕانەوە بێت، یان تەنانەت ئەگەر وەکو ڕووداوێکی واقیعیش بێت ئەویش دیسان بایەخێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵکو گرنگی گێڕانەوە و جووڵەی کەسێتییەکان لە ڕووداوەکاندا و لە کاتی هەشت ساڵی جەنگ و لە ڕووبەری جوگرافیای بۆرە قەڵاوە بۆ سەر سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران لەوەدایە کە چ پرسیار و جیهانبینییەک بەرهەم دەهێنێت و لە ئاستی قووڵدا چیی لەبارەی کۆمەڵگەی ئەم دوو وڵاتە و ناوچەکە و ڕۆڵی تاکەکەسی دیکتاتۆر یان دەسەڵات لە مێژوودا پێشکەش دەکات و چۆنیش وەکو کاڵایەکی بێبەها مامەڵە لەگەڵ ژیانی ملیۆنەها کەسدا دەکرێت.

به مانایەکی تر ئەم بەشەی ڕۆمانەکە کە ڕووداو یان چیرۆکی شــەڕی نێــوان عێــراق و ئێــرانە هۆکــار و دەرئەنجامەکــانی جەنگمـان بـۆ دەگێـڕێتەوە، بەڵام لە ئاسـتێکی هـونەریی بـاڵادا و بە تەکنیکێکی هـونەری تۆکمەوە کە کارامەیی و شـارەزایی لە هەردوو بـواری هـونەری ڕۆماننووسـین و زمانـدا لە لایەک و مێژوو و سـایکۆلۆژیای جەنـگ لە لایەکی تـرەوە لە پشتی ئەم دەربڕین و بەرجەستەکردنەوە ڕاوەستاون.

ئەگەر ڕۆمـانەکە تەنیـا لە بەشـی سـێیەم پێکبهاتـایە کە ئەم بەشــە گێــڕانەوەکەی بــاوکی جــابرە و لە گێڕانەوەکــانی ئەودا پێشبینی جەنگێکی ترسناک دەکرێت لە ئایندەیەکی دووردا. لە ڕاسـتیدا ئەم بەشـە هەمـوو بنەماکانی ڕۆمـانێکی هـونەری، یـان دەقێکـی زینـدووی تێـدایە. بەڵام جێگەکـردنەوەی ئەم ڕووداوە لەنێو ڕووداوی یەکەم یان لە چوارچێوەی چیرۆکی یەکەمدا کە لە کەوتنی دیمەشقەوە دەست پێ دەکات بۆ کەوتنـی تەیمـوری لەنگ و بۆ هەڵسانەوەی جابر، هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی دوو مێــژووی جیــاواز و دوور لە یەکتــر لە ڕووی کــاتەوە لە جوگرافیـای دەقێکـدا. هەروەهـا پێکەوەبەسـتنیان بە شـێوەیەکە فەزای هاوشـێوەبوون لە ئاسـتی بینـراو و نەبینـراودا بنەمـای دەقێکی هونەریی بەرز نیشان دەدات. بەڵام دیارە کۆکردنەوەی دوو ڕووداوی مێژوویــی دوو مێــژووی جیــاواز زیــاتر بــۆ نیشاندانی هاوشـێوەیی و جێگیـری گەوهەر و مـاهیەتی مـرۆڤە کە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسـەردا نـایەت و لە هەر کاتێکدا مرۆڤ خۆی ڕادەسـتی غەریـزە ئاژەڵییەکـانی بکـات، وەکـو دڕنـدەیەکی ترسـناک ڕەفتـار دەکـات و دەشــێ ڕووبەرێکــی فــراوان لە مرۆڤــایەتی و پانتــاییەکی بەربــڵاو لە بەرهەمەکانی مـرۆڤ لە شارسـتانێتی و ئـاوەدانکردنەوە وێران

بکات. وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد سەرۆکی فەرماندە وێنەیەکی تری تەیموری لەنگە لە مێژوویەکی تردا. دیارە ئەو قۆناغەی کە تەیموری تێدا دروست بووە قۆناغی ژیانی نیمچەسەرەتایی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و ئەو ڕووبەرە بووە کە کەسێتییە دڕندە و جەنگاوەرە خوێنڕێژەکانی وەکو تەیموری تێدا بەرهەم هاتووە کە سەرباری هێزی تاکەکەسی، دەشێ بنەمای تری وەکو هێزی خێڵ و عەشیرەت و عەقڵی سیستێمی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی لەو ڕووەوە ڕۆڵی کاریگەریان بینیبێت لە زیاتر پشتگیریکردنی ئەو جۆرە دڕندەییبوونەدا. بەڵام بۆ قۆناغەکەی سەرۆکی فەرماندە وەکو لە دەقەکەدا هاتووە کە دوا چارەکی سەدەی بیستەمە، دەشیا زیاتر باس لە فیکر و ئایدیۆلۆجیای تایبەتی بکرێت بۆ بەرهەمهێنانی تاکەکەسی لە جۆری سەرۆکی فەرماندە. هەروەک دەشێ ناڕاستەوخۆش ئەم دەقە ئاخاوتنی باری ژیانی کۆمەڵایەتی و عەقڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عێراقی بکات کە ڕۆڵی هەبووە لە زەمینەخۆشکردندا بۆ بەرهەمهێنانی سەرۆکی فەرماندە و دیکتاتۆرەکانی تر. بە واتایەکی تر دەقی ڕۆمانی بۆرە قەڵا لە ئاستی قووڵدا دەڵێت دروستبوونی تاکەکەسە خوێنڕێژەکان بەشێکی زۆری پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە و ئەوە کۆمەڵگەیە ئەو نموونانە بەرهەم دەهێنێت کە ئەویش لە ئەنجامی نائامادەبوونی کۆمەڵگەدایە. کەواتە ئەگەر ئێستا عێراقێکی وێرانەی دوای جەنگ وێنەیەکی تری دیمەشقی دوای داگیرکردن بێت، ئەوا سەدام حسێن وێنەیەکی تری تەیموری لەنگە، بەتایبەتیش لەو بەشەیدا کە پەیوەندی بە بۆرە قەڵا و هەموو کوردستان و تەنانەت ئەو بەشانەی جوگرافیای

ئێرانیشەوە هەیە کە سوپای عێراق چەند بەشێکی لێ داگیر کردوون و بە هەمان شێوەی سوپاکەی تەیمور ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵک و خاکەکەیشی کردووە. کەواتە لێرەوە ڕۆمانی بۆرە قەلا ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. دیکتاتۆر و خوێنڕێژەکان یەک شووناسیان هەیە و هەموویان پێکەوە چێژ لە کوشتن و بڕین و وێرانکردن وەردەگرن، ئیتر گرنگ نییە لە چ سەردەمێکدا دەژین و ڕەنگیان چۆنە و سەر بە کام نەژاد و ئایینن.

دوای ئەوەی کە سیامەند لەنێو شوقەکەیدا لە لەندەن لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکەیەوە دەبینێت سەرۆک بۆ بەردەم پەتی قەنارە دەبرێت و پاشانیش تەرمەکەی بە مردوویی نیشان دەدرێت، گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی تا ئەندازەیەک مامناوەند دەست پێ دەکات، کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەرەتایەی کە لە مێژووی نوێی عێراقدا سەرۆکی فەرماندە و حیزبی بەعس دەرکەوتن و دەسەڵاتی وڵاتیان گرتە دەست. دواتر ئەو دەسەڵاتە شەڕی کوردی کرد، ڕێکەوتنی لەگەڵ کورد کرد و لە بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە و پاشان کە لە شەڕدا لەگەڵ کورد لاواز بوو، لەبری ئەوەی کێشەکانی کورد چارەسەر بکات، پەنای بۆ ملکەچکردن بۆ ئێران برد و لەگەڵی ڕێکەوت. دواتر خەڵک بینییان چۆن سەدام حسین ڕێکەوتننامەی جەزائیری لەگەڵ ئێران هەڵوەشاندەوە، ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە کاتی خۆی سەدام لەگەڵ شادا کردبووی بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی چەکداریی خەڵکی کوردستان، کە سەدام بۆ ئەو مەبەستەش دەستبەرداری ڕووبەرێکی فراوانی خاکی وڵاتەکەی بوو بۆ ئێران. لە درێژەی گێڕانەوەکاندا کە شوێنی دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی جووڵەی ڕووداوەکان لە دەقەکەدا

گونـــدی بـــۆره قەڵایە کە گونـــدێکی چەپەکـــی دواکەوتـــووی کوردســتانە. گێـڕەرەوە وێنەیەکـی واقیعیـانەی ژیـانی خەڵکـی کوردستان و تەنانەت عێراقیش لە میانەی گوندی بۆرە قەڵاوە پێشکەش دەکـات کە چـۆن لە بـارێکی سـەختی دواکەوتوویـدا دەژین و چۆنیش سەرۆکی فەرماندە بێ بیرکردنەوە لە ژیانی خەڵـک لە پێنـاوی حەزە ئاژەڵییەکانیـدا بـۆ ڕشـتنی خـوێن و وێرانکــردن جەنــگ هەڵدەگیرســێنێت و چــۆنیش ئەو جەنــگە دەکاتە ئاگرێک بۆ سووتاندنی ژیانی لاوانی وڵات، ئەویش یان بە بەشـــداریکردنی ڕاســـتەوخۆیان لە جەنگـــدا یـــان بە خۆشـاردنەوەیان لە شـوێنە چەپەک و نهێنییەکانـدا کە بـۆ ئەو مەبەســتەش دەبــووا دەســتبەردانی هەمــوو ماناکــانی ژیــان بووبوونایە بۆ ئەوەی بتوانن بە زیندوویی بمێننەوە. ئەو وێنە بەرجەستانەی کە گێـڕەرەوە سـەبارەت بە هەڵکەنـدنی کـون و حەشـــارگە بـــۆ خۆشـــاردنەوە و خـــۆ دوورخـــستنەوە لە بەشداریکردنی جەنگ پێشکەشی دەکـات، مێژووی مـاوەیەکی دوورودرێژ لە ژیانی کۆمەڵگەمـان پێشکەش دەکات کە چۆن تێیـدا ژیـان بێبەهایـانە دەڕوات و بەفیـڕۆ دەچێـت. هەروەک لە ئاستێکی تریشدا ئەو باری خۆشاردنەوە و خۆحەشاردانە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن مرۆڤ لە پێناوی مانەوەدا بە زیندوویی هەموو سەختییەکی ژیان قبووڵ دەکات. هەروەک ناڕاستەوخۆ لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە بەهـای بوونی مرۆڤ لەوەدایە کە ئازاد بێت و بە ئازادی کار بکات و بجووڵێــت لەپێنــاوی بەرەوپێــشبردنی ژیــانی مرۆڤــایەتی و لەپێنـاوی بینـاکردنی شارسـتانێتیدا. بەڵام لەو جوگرافیـایەدا کە دیکتاتۆرەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، نەک هەر بیناکردن و شارستانێتی هیچ مانـا و بەهایەکیـان نییە، بەڵکو خودی ژیان

بێبەهایە و تاکە فەرماندەی دیکتاتۆر بە جۆرێک کار دەکات کە هەموو کۆمەڵگە لە بوونی ئەودا بوونیان هەبێت و تەنیا بە پێی ویست و حەزەکانی ئەو بۆیان هەبێت بجووڵێن، هەمان ئەو شێوەی کە تەیمور لە سەروەختی خۆیدا پەیڕەوی کردووە. یان ئەو نموونە ئاشکرایەی کە لە گێڕانەوە ئایندەییەکەی باوکی جابردا دەبینرێت کە ئەویش بەرجەستەکردنی سیستێمێکی تۆتالیتاری وەکو ئەوەی بەعسە لە عێراقدا کە چۆن بە هەموو شێوەیەک هەوڵیداوە هەموو بەهاکانی ژیان بڕووخێنێت و مرۆڤ بکاتە ئامرازێکی بێئیرادەی دەستەمۆ و گوێڕایەڵ. لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە لە گێڕانەوەکانی جابر و لە گێڕانەوەکانی باوکیشیدا دوو گوتاری هاوشێوە بەرهەم دێت، کە بریتین لە ڕووخاندنی بەهاکانی ژیان و ئامادەکردنی زەمینەیەک کە تێیدا سووکایەتی بە مرۆڤ و هەموو بەرهەمە باشەکانی مرۆڤ بکرێت لە شارستانێتی و فەرهەنگ و زانست و زانیاری. ئەوەش لە لایەن تاکەکەسی دڕندە و دەسەڵاتە تۆتالیتار و مەرگدۆستەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەو دوو زەمینەیەی کە تێیاندا لە گێڕانەوەدا درێژەی ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕدرێتەوە، دوو زەمینەن لە دوو قۆناغی جیاوازی مێژووییدا کە تاناتۆس دەسەڵاتی بەسەردا گرتوون و ئومێدی ژیان تێیاندا بەرەو هەرەس ڕۆیشتووە. لەوێشەوە بنەماکانی ژیان و بیناکردنەوە و ئاوەدانی بەرەو هەرەس چوون، کە ئەوەش مانای بەزینی پاڵنەری ژیان و ژیاندۆستییە لە بەرامبەر پاڵنەری مەرگ و مەرگدۆستیدا. بەتایبەتی لە دیمەشق و وڵاتی دوو ڕووبارەکە کە هەردووکیان لە مێژوودا وەکو دوو زەمینەی شارستانێتی و بەرهەمهێنی شارستانێتی ناسراون، بەڵام لە چوارچێوەی دەقەکەدا وەکو دوو دۆزەخ

وەسف دەکرێن کە ئەوەش بکەرە ڕووخێنەر و تێکدەرە دڕندەئاساکانی وەکو تەیمور و سەرۆکی فەرماندە دروستکەر و بەرهەمهێنی بوون. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین ڕۆمانی کەوتنی بۆرە قەڵا دوو ڕووداوی هاوشێوەی دوو سەردەمی جیاوازمان بۆ بەرجەستە دەکاتەوە کە هەردووکیان هەڵگری پرسیارە ترسناکەکانی کاتی جەنگن.

ئەو ڕاگەیاندنەی لە بۆرە قەڵا ڕاگەیەندرا و بڕیاری ئەو پێنج کەسەی ڕۆمانەکە و هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بە هێزە نەیارەکانی ئەو کاتەی کورد جێگەی لەسەر ڕاوەستانە. ئەو ڕاگەیاندنەی کە ئەم پێنج کەسە لە گوندی بۆرە قەڵا بڵاویان کردەوە، هەرچەندە بابەتێکی کورتە، بەڵام هەڵگری مانا و دەلالاتی قووڵە و لە ئاستی قووڵیشدا بەرهەمهێنی گوتارە بە چەند ئاڕاستەیەک. ڕاگەیاندنەکە باسی ئەوە دەکات کە ئەم چەند کەسە بەدەر لە حەز و ئارەزووی خۆیان بڕیاریان داوە بچنە ڕیزەکانی سوپا و بەشداری جەنگی عێراق و ئێران بکەن. لە هەمان کاتدا باسی ئەوە دەکەن کە ئەمانیش وەکو خەڵکی تر ڕقیان لەو حکومەتەیە و ئاواتەخوازن کە ئەو جەنگە ببێتە هۆی ڕووخاندنی. دواتریش دەڵێن هیچ ڕێگەچارەیەکی تریان نییە، بۆیە بەناچاری ئەو ڕێگە دژوارە هەڵدەبژێرن و دەشپرسن باشە ئەگەر ئەوە ناکەن ئەی چی بکەن؟ لێرەدا ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەبێتەوە کە کاتێ خەڵک بەشداری جەنگی کردووە یان ملی بۆ هەندێ لە فەرمانەکانی ڕژێم داوە لە ناچاری و نەبوونی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تردا بووە ئەوەی کردووە. ئەگینا زۆرینە بڕوای پێی نەبووە، هەر چۆن ئەم پێنج کەسە ڕایدەگەیەنن ئەوان بە هیچ جۆرێک بڕوایان بەو جەنگە نییە، بەڵام هیچ ئاسۆیەکی تری خۆدەربازکردنیان نییە. لێرەوە بە

ئاشـكرا دەردەکەوێـت کە سـەرباری ئەوەی مـرۆڤ لەبەردەم یاساکانی گەردووندا ئەوەی کە پەیوەندی بە ژیان و مردنەوە هەیە بێدەسـەڵاتە، بەهەمـان شـێوە لەنێـو ژیـانی واقیعیـشدا بەتـایبەتی لە سـایەی سیستێمە تۆتالیتـار و سـەرکوتکەرەکاندا دیـسان مـرۆڤ بـووەیەکی بەڕێـوەبراو و ئاڕاسـتەکراوە و زۆربەی کـات لە دەرەوەی خـۆی بڕیـاری بـۆ دەدرێـت، بـێ ئەوەی ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەبێت لە ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارانەدا.

لە لایەکـی تـرەوە هەرچەنـدە ئەم ڕاگەیانـدنە جۆرێـک لە شێوازی ڕێکخستن و ژیانی حیزبایەتی کوردستانی پێوە دیارە و خـودی ڕاگەیانـدنەکەش دەریـدەخات کە ئەم کەسـانە خوێندەوارن، هەرچەندە پێشتریش مەلیک کەیکاوس دەڵێت ئەو خۆی ڕاگەیاندنەکە دەنووسێتەوە، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوە نا کە دەستوخەتی لەوانی تر خۆشترە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو مەلیکە. سەرباری ئاشکرابوونی ڕابردوو، پاشخانی ئەم پێنج کەسـێتییە بەتـایبەتی لەو ڕووەوە کە خوێنـدەوارن و لە ڕاگەیانەکەشدا دەردەکەوێت کە دەبێ ئاستێک لە هۆشیارییان هەبێـت، بەڵام ئەو هەڵوێـستەی وەری دەگـرن هەڵوێـستێکە بنەمـای هۆشـیاری پێـوە دیـار نیـیە. ئەمە بـێجگە لەوەی کە هەڵگری ڕۆحێکی یاخیبوونیش نین لە کاتێکدا شوێن گوندی بۆرە قەڵایە، بۆ ساتەوەختی دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران لادێکانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی گەیشتبوونە ئەو ئاسـتەی کە تێیانـدا ترسـی سـاتەوەختی شکـستی بزووتنەوەی کـوردی سـاڵی ١٩٧٥ بەرەو ڕەوینەوە دەچوو. هێزە نەیارەکـانی کـوردیش تـا ئەنـدازەیەک ئامادەبوونیـان لە زۆربەی لادێکانی کوردستان هەبوو. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی

جەنگی عێراق و ئێرانیشدا بە لێشاو لاوانی کوردی شارەکان ڕیزەکانی سوپایان بەجێ دەهێشت و ڕوویان لە لادێکان دەکرد بە مەبەستی خۆپاراستن، کە زۆرینەی ئەوانەش نەدەچوونە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانەوە، بەڵکو لە گوندەکاندا وەکو سەربازی هەڵهاتوو لای ناسیار و کەسوکاریان جێگیر دەبوون. ڕاگەیاندنەکەی بۆرە قەلا لە سەرەتای مانگی مارتی ١٩٨١دا بڵاو دەکرێتەوە کە زیاتر لە شەش مانگ بەسەر دەستپێکردنی جەنگەکەدا تێپەڕ بووبوو. ئەو کاتە مەسەلەی ڕاکردن لە سەربازی بووبووە کارێکی ئاسایی. هەر بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت پێنج کەسێتی ئامادەی نێو چیرۆکی دووەمی ڕۆمانەکە هەرچەندە لە ڕووی شوێنەوە خەڵکی لادێن، بەڵام هەڵگری خاسێتی یاخیبوونی خەڵکی لادێی نین. لە ئاستی دووەمیشدا مۆرقی زەمینەی لادێ مرۆڤێکی پتەوتر و ددانبەخۆداگرتووترە و شارەزای سروشتی لادێیە و ئەوەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانێت خۆی بشارێتەوە و خۆی بپارێزێت. بەڵام دەشێ لەبەر ئەوەی کە گوندی بۆرە قەلا گوندێکی تازە دروستبووە، بۆیە ئەم پێنج لاوە هەڵگری خاسێتەکانی زەمینەی لادێ نەبن. بەڵکو هەر چۆن ئۆردوگا و گوندە بەزۆر دروستکراوەکان بۆ نیشتەجێکردنی خەڵکانی شوێنە جیاوازەکانی کوردستان سروشت و خاسێتی جێگیری لادێی کوردستانیان نییە، هەر بەو پێیە دەشێ وەهای لێک بدەینەوە ئەو کەسانەشی کە لەو زەمینەیەدا لەدایکبوون، یان پەروەردە بوون هەڵگری خاسێتە دیارەکانی گوندنشینان نەبن لە ددانبەخۆداگرتن و خۆبەدەستەوەدان و بەرگەگرتنی ژیانی سەخت و پڕ لە تەنگوچەڵەمە.

لە ڕاگەیانــدنەکەی گونــدی بــۆرە قەڵادا چەنــد پاســاوێک دەهێنرێتەوە بۆ پەیوەندیکردن بە سوپاوە و بەشداریکردن لە جەنگی عێراق و ئێراندا. کە لە ڕاستیدا کۆی پاساوەکان لاوازن کە ئەوانیش بریتین لەوەی کە ئەم پێنج کەسە ئەگەر پەیوەندی نەکەن بە سوپاوە دەبێ یەکێک لەم هەڵبژاردنانەی تر پەسەند بکەن کە بـریتین لە: یـان دەبـێ پەیوەنـدی بـکەن بە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانەوە و شـەڕی براکوژی بـکەن، یـان بـبن بە جــاش، یـــان بخـــزێنە ئەو کـــون و حەشـــارگانەوە کە بـــۆ خۆشـاردنەوە ئامـادە کـراون. دیـارە بـێجگە لەم ڕێگەیـانە ئەم پێنج کەسێتییەی ڕۆمانەکە هیچ ڕێگەیەکی تریان نەبینیوە کە لە ڕاســتیدا زۆرن ئەوانەی کە بەشــداری جەنگیــان نەکــردووە و هــیچ کــام لەو ڕێگەیانەیــشیان هەڵنەبــژرادووە و خۆیــشیان پاراستووە. لێرەوە جۆرێک لە ئاسۆی تەسکی بینین و نەبوونی ڕۆحـی سەرکێشی لەم پێنج کەسێتییەدا دەردەکەوێت. ئەمەش لە ئاستێکی قووڵتردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ئاسـۆی تەسکی بیـنین لای مرۆڤەکـان و نەبـوونی ڕۆحـی یـاخیبوون و سەرکێــشیکردن و ڕەتکــردنەوەیە کە وا دەکــات لە کــۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا فەرمانڕەوای لە جۆری سەرۆکی فەرمانـدە و کـــۆی دیکتـــاتۆر و ســـەرکردە و حیـــزبە ســـەرکوتکەر و خوێنڕێژەکـان دروسـت بـبن و دەسـەڵاتیش بگـرنە دەسـت. بە مانـــایەکی تـــر ڕاگەیانـــدنەکەی بـــۆرە قەڵا ئەو گوتـــاری خۆبەدەسـتەوەدانە بەرجەسـتە دەکـات کە جەمـاوەر هۆکـاری ســـەرەکین بـــۆ دروســـتبوونی سیـــستێمە تۆتالیتارەکـــان و سەرکردە دیکتاتۆرەکان.

لە لایەکـــی تـــرەوە ئەم ڕاگەیانـــدنەی بـــۆرە قەڵا بە دوو ئاڕاستەی تر قسە لەسـەر بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی ئەو

کـاتە دەکـات کە چیرۆکـی دووەمـی ڕۆمـانەکە لێـی دەدوێـت. یەکەمیان بارودۆخی ناوخۆی سیاسـەتی کوردییە لە شـاخ کە چۆن حیزبە کوردییەکـان لەبری یەکبوون و یەکگرتن بە دژی داگیرکەر و دوژمنی سـەرەکی، کەچی سـەرقاڵی دژایەتیکردنی یەکتری و شەڕی ناوخۆ بوون و لەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوی کوردیان بەکوشت داوە. لەم ڕووە ڕاگەیاندنەکەی بۆرە قەلا گوتـاری ڕەخـنە بەرامـبەر بە عەقڵـی سیاسـی و حیزبـی کوردی بەرهەم دەهێنێت و ناڕاستەوخۆ دەڵێت عەقڵی سیاسی کـوردی ئەوەیە کە تەنـانەت لە ڕووبەرێکـدا کە هێـشتا ئەوان خاوەنی نین و ناتوانن تێیدا بحەوێنەوە، کەچی ناتوانن یەکتر قبـووڵ بـکەن. هەروەک لە لایەکـی تریـشەوە ئامـاژەیەکە بـۆ ئەوەی کە عەقڵـی سیاسـی و حیزبـایەتی کـوردی نەیتوانیـوە دوژمنـی سـەرەکی بناسـێت و نەیزانیـوە ئامـانجی سـەرەکی و ئامـانجی لاوەکـی لە خەباتکردنیـدا چییە و کامیـان دەکەوێـتە پـێش کامیـانەوە. ئەوەش لە ئاسـتێکی قـووڵتردا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێـت کە حیزبەکـانی کوردسـتان لەو قۆنـاغەدا بە هەمان عەقڵ و ستراتیژێتی خێڵ و عەشیرەت کاریان کردووە و هەر یەکە لەپێنـاوی پاراسـتنی بەرژەوەنـدییە تەسـکەکانی خۆیـدا بـووە نەک لە پێنـاوی بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوە و نیشتیمانەکەیدا کاری کردبێت.

هەروەک ڕاگەیاندنەکەی بۆرە قەلا کاتێ باسی ئەوە دەکات کە یەکێکـی تـر لە ڕێگەکـانی خۆپارسـتن ئەگەر نەچنە ڕیـزی سـوپاوە بـوون بە جاشـە. ئەمەش ملکەچـی و خـۆدانە دەستەوەیەکی ئاشکرایە کە لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردوودا لە کـۆمەڵگەی کوردیـدا دەرکەوتـووە و بـریتییە لە دەسـتتێکەڵکردن لەگەڵ دوژمنـدا بە دژی نەتەوە و نیـشتیمان.

ئەمەش بەرجەستەکردنی گوتاری خۆبەدەستەوەدانە کە کاریگەری نێگەتیفی هەبووە لەسەر بزووتنەوەکانی کورد و لە هەمان کاتیشدا دەرئەنجام و دەرهاویشتەی کەسێتی لاوازی کوردی بووە کە بوون بە جاش مانای ڕووتکردنەوە و ڕووتبوونەوەیە لە شووناسی نەتەوەیی و نیشتیمانی و لە خودی ناوەکەشەوە وەکو زاراوەی "جاش" ڕووتبوونەوەیە لە شووناسی مرۆیی. لێرەوە ڕاگەیاندنەکەی بۆرە قەلا پەردە لە ڕووی باری ئاسایی کۆمەڵگەی کوردی و ململانێ و ناکۆکییەکانی و لاوازی کەسێتی کوردی و نەبوونی عەقڵی سیاسی کوردی لادەبات. هەروەک لە هەمان کاتدا لە دوو ئاستدا نیگەرانە بە ئەو بارودۆخەی کە کورد یان کەسێتی کوردی تێدایە و ئەوەش لە ئاستێکی قووڵتردا ڕەخنەگرتن لەو بارە باوە بەرهەم دەهێنێت. ئاستی یەکەمیان ڕەخنەگرتنە لەو بارە ناجۆرەی کە حیزب و لایەنەکانی کوردی تێدابوون لەو کاتەدا کە ڕاگەیاندنی بۆرە قەلا بڵاو دەبێتەوە، کات بەهاری ساڵی ١٩٨١ە، هێزە کوردییەکان لەبری یەکێتی و یەکبوون وەکو هێزێکی بەرگریکەر و داکۆکیکار لە مافەکانی کورد زیاتر سەرقاڵی ململانێی ناوخۆ و شەڕی یەکترین. ئەمەش بەڵگەی ئاشکرای ئەوەیە کە عەقڵی حیزبی کوردی و عەقڵی سیاسی کوردی لەو کاتەدا هێشتا هاوشێوەی عەقڵی خێڵ و عەشیرەتی کوردییە.

لە ئاستی دووەمیشدا ڕاگەیاندنەکە ڕەخنە لە باری کەسێتی کوردی دەگرێت کە تا ئەو ئاستە لاواز و ناهۆشیارە، بێدەربەستانە دەست تێکەڵاوی دوژمن و داگیرکەری نیشتیمانەکەی دەکات و لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتی و تەسکە کەسییەکانی خۆیدا هەموو بەها مرۆیی و نەتەوەیی و

نیشتیمانییەکان پێشێل دەکات. هەر لە پاڵ گوتاری ناپاکیکردن و خۆبەدەستەوەدانی زۆرێک لە خەڵک، لە دیمەنێکی تریشدا جۆرێکی تر لە ناپاکی لە چوارچێوەی دەقەکەدا بەرجەستە دەبێت. ئەویش ناپاکیکردنی کەسانێکی تری عێراقییە لە هاوڕێ کۆمۆنیستەکەیان کە باوکی قەحتانی هاوڕێی کەیکاوسە. گێڕەرەوە باسی ئەوە دەکات کە کەیکاوس لە چێشتخانەیەکی بەشی دواوەی هێزە سەرەبازییەکەیاندا لەگەڵ سەربازێکی عەرەب پێکەوە دەژیان و دەردەسەرییەکانی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. دیمەنی ئەو سەربازە عەرەبەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە ناوی قەحتانە و لە گێڕانەوەکەشیدا شووناسی ئەومان بۆ ئاشکرا دەکات کە کوڕی یەکێک لە کادیرە کۆنەکانی حیزبی شیوعییە، لەوانەی حیزبی بەعس لە کاتی هاتنی یەکەمیدا بۆ سەر کورسیی فەرمان لە ساڵی ١٩٦٣دا لەسێدارەی دان. لە گێڕانەوەدا دەردەکەوێت قەحتان گەیشتووەتە ئەو بۆچوونەی کە باوکی لە لایەن هاوڕێ شیوعییەکانی خۆیەوە بەگرتن دراوە و دواتریش لە سێدارە دراوە. لێرەدا ناپاکی گەورەی هاوڕێکانی باوکی قەحتان ئاشکرا دەبێت کە ئەمەش جۆرە دیاردەیەک بووە لە مێژووی سیاسی و حیزبایەتی عێراقدا پەردەپۆش ناکرێت. بەڵام ئەگەر هاوڕێکانی باوکی قەحتان لە لاوازیدا و لە ئەنجامی ددانبەخۆدانەگرتندا ناوی باوکی قەحتانیان ئاشکرا بکردایە، ئەوە هێشتا تا ئەندازەیەک پاساوی بۆ دەهێنرایەوە کە لاوازبوون و توانای خۆڕاگرتنیان نەبووە، بەڵام کێشەکەی قەحتان لەوە سەختترە، چونکە بە بڕوای ئەو هاوڕێکانی باوکی لەبەر ئەوە باوکی ئەمیان بەگرتن داوە تا لەناوبچێت و ئەوانیش بە کەماڵی ئیسراحەت دەست لەگەڵ ژنەکەی تێکەڵ

بــکەن، واتە لەگەڵ دایکــی قەحتــان لە پــشتی لەســێدارەدانی مێردەکەیەوە ڕاببوێرن. لێرەوە جارێکی تر ڕەخنەیەکی توونـد لە ئاستی نەبینراودا لە عەقڵیەتی حیزبی و سیاسـی کۆمەڵگەی عێراقی دەگیرێت. لە هەمووشـی سـەیرتر ئەوەیە کە گێڕەرەوە لەســەر زمـانی قەحتـانەوە بۆمـان بـاس دەکـات کە ئێـستا ئەو هـاوڕێ کۆنـانەی بـاوکی کە دوو جـار ناپاکییـان لە بـاوکی ئەو کردووە، جارێک بەکوشتیان داوە و جارێکیش دەستیان لەگەڵ ژنەکەی تێکەڵاو کردووە، دیسان ناپاکیان لە پرینسیپی حیزبی و ئەخلاقی حیزبی و سیاسـی خۆیشیان کـردووە و وازیـان لە حیزبی شـیوعی هێنـاوە و بـوونەتە بەعسی. لە ڕاستیدا گرنگی گوتـاری ڕۆمـانی بـۆرە قەڵا ئەوەیە کە ڕووداوە واقیعییەکـانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و عێراقـی وەرگرتـووە و وەکـو ڕەگەزە واقیعییەکـانی دەقەکە بە شـێوەیەکی هونەرییـانەی بـاڵا ڕووداو وەکـو ئەوەی ڕووی داوە، ئیجـای لـێ وەرگیـراوە و دنیـایەکی هـونەری تـری لـێ بەرهەم هێنـراوە. دیـارە وەکـو پێـشتریش گوتمــان ڕۆمــان ئەو ژانــرە ئەدەبیــیەیە کە لە هەمــوو ژانــرە ئەدەبییەکانی تر زیاتر نزیکە لە واقیعەوە، بەڵام نووسینەوە و وێناکردنەوەی واقیع نییە وەکو ئەوەی هەبووە یان هەیە، بەڵکو بیناکردنی دنیایەکی ترە بە سوودوەرگرتن لە دنیای واقیعی.

یەکێـک لەو پێنج کەسـەی کە ڕاگەیاندنەکەی بۆرە قەڵایـان بڵاوکردووەتەوە ئەریوانە. ڕاستە زۆرینەی دانیشتوانی گونـدی تــازە دروســـتکراوی بـــۆرە قەڵا تەنیــا ئەوەنـــدە لەبـــارەی ڕابردوویـانەوە دەزانرێـت کە خەڵکـی ئەو گونـدانەن کە دوای دروستکردنی بەنداوەکە گوندەکانی خۆیان بوون بەژێر ئاوەوە و ئیتـــر گواســـــترانەوە بــــۆ ئەو جــــێگەیە. لە بــــارەی شووناسیـشیانەوە ئەوەنــدە دەزانرێــت کە کــۆمەڵێ خەڵکــی

گوندنشینن. بە هەمان شێوە شووناسی پێنج کەسەکەش هەر بە ئەندازەی شووناسی دانیشتوانی تری بۆرە قەڵا زانراوە. تاکە جیاوازییەکی دیار کە گێڕەرەوە بە قسەکانی مەلیک کەیکاوسدا پێمان دەڵێت ئەوەیە کە ئەو پێنج کەسە خوێندەوارن. دیارە ئەوە ئاشکرایە زۆرێکی گوندنشینەکان بەتایبەتی ئەوانەیان کە چوونەتە تەمەنەوە و زۆربەی ئافرەتەکانیش نەخوێندەوارن. لە گێڕانەوەکانی گێڕەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەریوان یەکێکە لەو کەسانەی کە نەک شووناسێکی ئاشکرای نییە، بەڵکو تەنیا وەکو خەون بیری دێت کە باوکی بینیبێت. دواتریش باوکی کە پۆلیس دەبێت لە بەغدا دەکوژرێت و دایکیشی بە نەخۆشیی شێرپەنجە دەمرێت و ئیتر ئەریوان بە تەنیا دەمێنێتەوە. هەر تەنیاییەکەی ئەویش زەمینە بۆ لێکتر نزیکبوونەوەی ئەو پێنج کەسە خۆش دەکات. ئەو پێنج کەسە لە لای ئەریوان وەکو کۆمەڵێ گەنجی گوندی بۆرە قەڵا پێکەوە کۆدەبنەوە و دەبنە هاوڕێی نزیکی یەکتری، بە جۆرێک وایان لێ دێت کە بۆ بڕیاردانێکی سەخت و چارەنووسسازانەی وەکو چوونە ڕیزی سوپا و بەشداریکردن لە جەنگدا پێکەوە لە شێوەی ڕێکخراوێکدا بڕیار بدەن و ڕاگەیاندن بڵاو بکەنەوە. دیارە لە گێڕانەوەکانی باوکی جابردا دەردەکەوێت کە ئەم پێنج کەسە لە کاتی ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠دا منداڵ بوون و ئەوەیان لە یادەوەریدا ماوە کە خەڵکی درووشمیان بە باڵای ئەحمەد حەسەن بەکردا هەڵدەدا، ئەو کاتەشی کە ڕێکەوتنەکە جێبەجێ نەکرا و شەڕ دەستی پێ کردەوە هێشتا ئەمان منداڵ بوون، بەڵام کاتێ بینییان پێشمەرگەکان بە ڕیز خۆیان و چەکەکانیان دەدایە دەستی بەعسەوە، بەشی ئەوەندە هۆشیارییان پەیدا کردبوو کە

گاڵتەیان بە ڕێکەوتنی ئازار بێت و پێیان وا بوو ڕێکەوتنێکی پووچ و بێبەها بوو.

بە هەرحاڵ ئەریوان بەو جۆرە بە تەنیا و لە پاڵ ئەو چوار هاوڕێیەیدا گەورە بوو، تا سەرئەنجام گەیشتە بەرەکانی جەنگ لە سەرپێڵی زەهاو. بە پێی گێڕانەوەکانی باوکی جابر ئەریوان سێ ساڵ بە بێزاری لەنێو سوپا و لە کارەساتی جەنگدا بەسەر دەبات. هەر لە دوای ماوەیەکی کەم لە چوونە ڕیزی سوپاوە، لە هەلێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی ڕیزی سوپا بەجێ بهێڵێت، بەڵام مۆڵەتی پێ نادرێت ئەویش لە لایەک بە هۆی ئەوەی کە لە شەڕدان و لە لایەکی تریشەوە ئەو بێکەسە ئیتر چ پێویست دەکات مۆڵەت وەربگرێت. لێرەدا لە لایەک ئەو بارودۆخە سەخت و ترسناکە ئاشکرا دەبێت کە جەنگ دروستی دەکات و چۆن مرۆڤەکان لە سادەترین مافی مرۆیی خۆیان بێبەش دەکات و هەموو هەست و سۆز و پەیوەندییە مرۆییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە جەنگ قەسابخانەیەکیشە بۆ سەربڕینی مرۆڤەکان. هەروەک لە لایەکی تریشەوە لێرەدا جارێکی تر جەخت لەسەر تەنیایی و بێکەسی ئەریوان دەکرێتەوە و وەکو مرۆڤێکی بێ ڕەگوڕیشە نیشان دەدرێت. هەر چەندە ئەوە ئاشکرایە بوون و ئامادەبوونی مرۆڤ بەندە بە بوون و ئامادەبوونی تاکەکەس خۆیەوە. دواجار پاشی سێ ساڵ ئەریوان مۆڵەتی پێ درا و گەڕایەوە گوندی بۆرە قەڵا. دوای ئەوەش لە یەکێک لەو حەشارگانەدا خۆی شاردەوە کە لە گوند بۆ خۆشاردنەوەی سەربازە هەڵاتووەکان دروست کرابوون. بەڵام دواتر کۆمەڵە جاشێک دۆزییانەوە و دەستگیریان کرد و پاش سێ مانگ لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تردا گوللەباران کران. گێڕەرەوە باسی

ئەوەمـان بـۆ دەكـات كە كـاتێ ئەم كەسـانە گوللەبـاران كـران وەكو كۆمەڵێك پەیكەر وا بوون واتە پێشتر لە ڕووی هەست و هۆشـەوە مردبوون. ئەمەش ئەو بارە ترسناكەیە كە زیندان و مەترسـییەكانی مەرگ چـۆن پـێش مردنـی جەسـتە ڕۆحـی مـرۆڤ دەكوژێـت یـان لە جەسـتەی جیادەكـاتەوە و ڕۆح بـۆ خۆی دەڕوات چونكە ڕۆح ڕكێف ناكرێت و ناشكوژرێت، بەڵكو ئەوەی دەكوژرێت جەستەیە. كاتێكیش كە ڕۆح جەستە بەجێ دەهێڵیت، جەستە بەهایەكی مرۆیی ئەوتۆی نامێنێت.

لە كوشـتنی ئەریوانـدا گـوللەی جەلادەكە بەر سەرسـنگی دەكەوێـــت، بەڵام ئەوەی جێـــی ســـەرنجە گـــوللەكە ئەو ناسنامەیەش كون دەكات كە لە گیرفانی كراسەكەیدایە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵـدەگرێت كە كوشـتنی ئەریـوان هەر كوشـتنی ئەو نیـــیە لە ڕووی جەســـتەییەوە، بەڵكـــو كوشـــتنی شووناسەكەیشێتی، كە ئەوەش مانـای كۆتاییهێنـانی تەواوەتییە بە مێژووی ئەو، بەتایبەتی كە ئەو تـاكە كوڕی بـاوك و دایكـی بوو، بە تەنیا هەر ئەویان بەجێ هێشتبوو. ئەویش پێش ئەوەی هاوسەرگیری بكات و نەوەیەك بەجێ بهێڵێت كۆتایی بە ژیـانی هـــات كە ئەوەش مانـــای كۆتاییهـــاتنی مێـــژووی ئەریـــوان و بنەماڵەكەیەتی. كونبوونی ناسنامەكەشی بە هۆی ئەو گوللەیەی بەر سنگی كەوت، مانای كوشتنی ئەو ناسنامەیە و سڕینەوە و لەنـاوچوونی. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێـت كە چـۆن جەنگ و سیاسـەتی سیستێمە تۆتالیتـار و نامرۆییەكـان هەر بە تەنیـا كۆتـایی بە ژیـانی مرۆڤەكـان ناهێنێـت، بەڵكـو بوونیـان لە مێژووشـــدا دەســـڕێتەوە و فڕێیـــان دەداتە دەرەوەی بـــوون و تەنـانەت لە یادەوەریـشدا دەیانـسڕێتەوە. ئەمەی سـەبارەت بە ژیانی ئەریوان دەبینرێت بەرهەمهێنانی گوتـارێكی تراژیدییە كە

بارگاویکراوه به ڕەگەزەکانی بێهودەییەک لە ژیاندا کە جەنگ و خواست و ویست و ئارەزووە ئاژەڵییەکانی مرۆڤ بەرهەمی هێناوە، ئەو مرۆڤانەی کە خواست و ویستی دەسەڵات کردوونی بە ترسناکترین دڕندە.

دەشێ بەدوای ئەمەدا سەیری کۆتایی هەر یەکە لەو چوار کەسەی تر بکەین کە لە هەڵەیەکدا ڕاگەیاندراوەکەی بۆرە قەلایان بڵاو کردەوە و ئەوەش بوو بە نەخشەڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی هەر یەکەیان بە شێوازی زۆر تراژیدیانە. گێڕەرەوە لە ڕێگەی نیشاندانی کەسێتی تەوەریی لە چیرۆکی دووەمدا کە سیامەندە کارەساتەکانی تراژیدیای جەنگمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن بێبەزەییانە مرۆڤەکان دەهاڕێت. چیرۆکەکەش لە دواساتەکانیەوە دەست پێ دەکات و لەوێوە لە شێوەی فلاشباکدا دەگەڕێتەوە و کۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و بە ئاشکرا بایۆگرافیای ئەم کەسێتییە و چوار هاوڕێکەیمان بۆ بەرجەستە دەکات لە ماوەی پێش جەنگ و کاتی جەنگ و ماوەی دە ساڵی ژیانی سیامەند لە دوای جەنگ.

لە گێڕانەوەدا سەرەتای کارەساتەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە سەرۆک لە شاشەی تەلەفیزیۆنەوە دەردەکەوێت و ئەو ڕێکەوتننامەیە دەدڕێنێت کە لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥دا خۆی لەگەڵ شای ئێران و بە چاودێری سەرۆکی ئەو کاتەی جەزائیر ئیمزای کرد بۆ کۆتاییهێنان بە یارمەتیدان و پشتگیریکردنی ئێران بۆ بزووتنەوەی کورد و بەوەش بزووتنەوەکە هەرەسی هێنا. ئێستا سەرۆک گەڕایەوە بۆ خاڵی سەرەتا و بەو کارەی لەو ملکەچیانە پەشیمان بووەوە کە بۆ ئێرانی نواندبوو. سەرۆک وەکو هەرزەکارێکی سەرکێش لەو کاتەدا دەردەکەوێت بە سمێڵێکی ڕەشی تۆخ و قاتێکی

ڕەساسی و بە جگەرەی چروتی هاڤاناوە. کاتێ سیامەند بینی سەرۆک بۆ بەردەم پەتی قەنارە دەبەن، بە خەیاڵ گەڕایەوە بۆ نزیکەی بیستوپێنج ساڵ پێشتر کە سەرۆکی لەو دیمەنەدا بینیبوو. هەروەک بە خێرایی گەڕایەوە بۆ ڕابردوو کە چۆن سەرۆک بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوت، جارێک لەسەر بینایەکەوە بە یەک دەست بڕنەوی دەتەقاند و جارێک خۆی دەکرد بە ماڵاندا و سەلاجەکانی دەکردەوە و سەری مەنجەڵی هەڵدەدایەوە و جارێک لەگەڵ سەپانەکاندا بە داس دروێنەی دەکرد و جارێکی تر مەدالیا و نیشانەی سەرکەوتنی دەدایە جاشە کوردەکان. سیامەند کۆی ئەم ڕووداوانە و سەما و پیاهەڵدانی جەماوەری خەڵکی عێراقی وەیاد هاتەوە، کە چۆن هەموویان بووبوونە بووکەشووشە و بۆ گەورەییەکانی سەرۆک سەمایان دەکرد.

لێرەوە ڕۆمانی بۆرە قەلا ئەو شێوازەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە چۆن دیکتاتۆر ڕەفتار دەکات و چۆنیش جەماوەری بێئیرادە بەشداری دەکات لە دروستکردنی دیکتاتۆردا. سەرۆک لە دڕاندنی ڕێکەوتننامەی جەزائیردا بە بۆچوونی خۆی سەروەری و کەرامەتی بۆ عێراق و نەتەوەی عەرەب گێڕایەوە و بەوەش هەر چۆن نووسەر هێرشی تەیموری لەنگ بۆ سەر دیمەشق و شەڕی عێراق و ئێران وێرانکردنی کوردستانی پێکەوە بەستووە، بە هەمان شێوە سەرۆکیش بۆ دەستکردنی بە جەنگ لە دژی ئێران دەگەڕایەوە بۆ یادەوەرییەکی مێژوویی کە جەنگی قادسیە بوو لەنێوان فارسەکان و عەرەبدا و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش جەنگە نوێیەکەی ناونا قادسیەی دووەم. بەوەش دەیویست ئەوە لە لای جەماوەری خەڵکی عێراق و نەتەوەی عەرەبیش جێگیر بکات کە فارسەکان دوژمنی

ڕاستەقینەی عەرەبن و هەر چۆن لە جەنگی قادسیەی یەکەمدا ویستویانە نیشتیمانی عەرەبی داگیر بکەن و شارستانێتی عەرەبی و میزۆپۆتامیا وێران بکەن و لەناو ببەن، ئێستاش بە هەمان شێوە دەیانەوێت عێراقەکەی سەرۆک کە خۆی بە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانی عەرەبی ناوی دەبرد داگیر بکەن و خواست و ویستەکانی ڕابردوویان جارێکی تر لەسەر نیشتیمانی عەرەبی جێبەجێ بکەن. دیارە سەرۆک ئەم پێکەوەبەستنەی نێوان هەردوو قادسیەی بۆ ئەوە دەکرد کە هەم جەماوەری خەڵکی عێراق و هەم جەماوەری خەڵک لە نیشتیمانی گەورەی عەرەبیدا بۆ ئەو جەنگە ئامادە بکات. هەروەک لە هەڵسوکەوت و شێوازی گوتاردان و ئامادەکردنی هەستی جەماوەردا بۆ شەڕ سەرۆک ڕێگەی جۆراوجۆری لەبەر دەگرت و لەبەرئەوەی تا ئەندازەیەکی ئاشکراش ئەو بەسەر نەیارەکانیدا لە ناوخۆی حیزبەکەیدا و لە وڵاتیشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، توانی ماشێنی جەنگ بە خێرایی بخاتە کار و ژمارەیەکی بێشوومار لە لاوانی هەردوو وڵات ببنە خۆراکی بەردەوامی هەشت ساڵی ئەو ماشێنە ترسناکە. تەنانەت کوڕە گەنجەکانی گوندێکی کەنارکەوتووی وەکو بۆرە قەڵاش نەیانتوانی خۆیان لە کەڵبەی ترسناکی ئەو ماشێنە هاڕەرە ڕزگار بکەن.

ئێستا پاش تێپەڕبوونی هەژدە ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی جەنگدا، سیامەند لەناو شوقەیەکی شاری لەندەندا لە بینینی سەرۆکدا لە شاشەی تەلەفیزیۆنەوە کە بەرەو پەتی قەنارەی دەبەن، درێژەی شریتی تۆماری ڕووداوەکان بە خەیاڵیدا تێدەپەڕێت و لەوێوە ئازارەکانی خۆی و هاوڕێکانی و کۆی عێراقییەکان لە کەسێتی ئەودا بەرجەستە دەبێت. ئەوێک کە

ئێستا کەم ئەندامە و ژن و منداڵەکەیی لەدەست چووە، ئەویش لە کاتێکدا کە ئەم دیل بووە ژن و منداڵەکەی بەر شالاوی ئەنفال کەوتوون. لێرەوە کەسێتی سیامەند وێناکردنی کەسێتی عێراقی بەگشتی و کەسێتی کوردییە بەتایبەتی کە لە دوای جەنگ ماوەتەوە. کەسێتییەک نەک هەر لە ڕووی ڕۆحی و مەعنەوییەوە تێکشکاوە و بوونی ئێستای ئەو هیچ مانایەکی نەماوە، بەڵکو لە ڕووی جەستەیشەوە کەم ئەندامێکە کە بەشێک لە جەستەیی لەدەست داوە. هەروەک ئەوەی ناوی سیامەندی لە ئایندەدا بە زیندوویی دەهێشتەوە، تاکە کچەکەی بوو، ئەویش لەگەڵ ژنەکەیدا ئەنفال کرا. ئەمەش ئەو زەمینەیە بەرجەستە دەکات کە چۆن جەنگ لە هەموو لایەکەوە مرۆڤەکان دەهاڕێت و نەک هەر ئێستایان دەکوژێت، بەڵکو داهاتووشیان دەکوژێت و کۆتایی بە ناوی ئەوان دەهێنێت. هەر چۆن ئەو پێنج کەسەی لە گوندی بۆرە قەڵا ڕاگەیاندنەکەیان بڵاو کردەوە و پەیوەندییان کرد بە سوپاوە و پاشان چوونە بەرەکانی جەنگ هیچیان دەرنەچوون بێجگە لە سیامەند کە ئەویش بە دیل گیرا و قاچێکی پەڕی و ئێستا کەم ئەندامە.

گێڕەرەوە لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا لەبارەی سیامەند و کەیکاوس و فەقێ تەیران و لوقمانی حەکیمەوە چەندین شتمان بۆ دەگێڕێتەوە و چەندین دیمەنی ترسناکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن جەنگ مرۆڤەکان بێبەها دەکات و چۆن ئەوانەشی کە جەنگ بەڕێوە دەبەن وەکو دڕندە مامەڵە لەگەڵ نەیارەکانیان و تەنانەت سوپاکەی خۆیشیان دەکەن. هەروەها چەندین دیمەنمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن هەر یەکە لەم پێنج کەسە کاتێ دەچنە بەرەکانی جەنگ پەشیمانی دەردەبڕن کاتێ دەبینن

که چـۆن سـەربازەکان لە هێرشـدا دەکـوژرێن یـان تـۆپ و ڕاجیمە و بۆردومانی فڕۆکەی دوژمن پارچەپارچەیان دەکات، یـان ئەوانەیـان کە پاشەکشە دەکەن یـان بـاش هێـرش نـاکەنە سـەر دوژمـن، چـۆن گروپەکـانی گوللەبـارانکردنی سـوپاکەی خۆیـان لە دواوە گوللەبارانیـان دەکەن. هەروەک ئەوە دەبیـنن کە چـۆن ئەفسەر و پلەدارەکـان زۆر جـار بێبەهـا و ناکـارا و بێدەسەڵاتن، بەڵام بۆ پاڵنـانی سـەربازەکان بەرەو قەسـابخانەی جەنگ و بۆ بەردەم چەقۆی مەرگ هیچ سڵ ناکەنەوە. لە کۆی ئەم دیمەنـانەدا ئەو گوتـارە بەرهەم دێـت کە ڕووتکـردنەوەی مرۆڤەکانە لە شووناسـی مرۆییـان و کردنیـان بە نێچیرێک بـۆ ماشێنی جەنگ. هەروەک ئەو ڕووەی مـرۆڤیش دەردەخـات کە تـا چ ئاسـتێک ملـکەچ و بێئیـرادەیە لە بەرامـبەر جێبەجێکردنـی فەرمانەکـانی سـەرەوە و دەسـەڵاتدا لە کاتێکـدا کە کەمتـرین بڕوایشی بەو جەنـگە نییە، کەچـی نەک بەشـداری تێدا دەکـات بەڵکـو بەرەو پێـشەوەش هەڵـمەت دەبـات، کە زۆر جـار ئەو هەڵمەتبـــردنەش لە ئـــازایەتی و بڕوابـــوون بە ڕەوایەتـــی جەنگەکەوە نییە، بەڵکو ئومێدێکە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی و ڕزگـارکردنی ڕۆحـی دیلکـراوی لە چوارچێـوەی جەسـتەی ملکەچ و ژێردەستەییدا.

گێـڕەرەوە باسـی ئەوەمـان بـۆ دەکـات کە دوای سـێ مانـگ لوقمانی حەکیم ڕەوانەی بەرەی جەنـگ دەکرێت. ئەو کە کـوڕێکی تازە پێگەیشتووی لووسکەیە، هەر کە بەرپرسی نووسینگەی یەکە سـەربازییەکە دەیبینێـت ڕەوانەی لای فەرمانـدەی ئەو یەکەیەی دەکات تا ببێت بە موراسیلی. ئەوەی لە یەکە سەربازییەکانی نێو سـوپای عێراقـدا بـاوبووە، هەر سـەرهەنگە و سـەربازێکی لووسـکەلەی لا بـووە، هەم خـواردنی بـۆ ئامـادە کـردووە، هەم

جلـوبەرگی بـۆ شـتووە، هەر کـاتێکیش سـەرهەنگ ئـارەزووی کردبێت سـواری بـووە. هەر کە لوقمـان گەیشتە لای سـەرهەنگ عەبدولجەبار، سەرهەنگ دڵخۆش و خەنی بوو کە لوقمانی لووس و جـوانی بینـی، بـۆیە کەوتە باسـکردنی ئەرکەکـانی لوقمـان و هەمـوو ئامانجەکەشـی ئەوە بـوو کە پێی بڵێت ئەو کەسـەی لێرە دەبێت پێویستە داواکارییەکـانی سـەرهەنگ ڕەت نەکـاتەوە. بەڵام کاتێ لوقمان لە قسەکانی سەرهەنگ تێگەیشت داوای لێ کرد کە ڕەوانەی بەرەکانی پێشەوەی جەنگی بکات، چونکە لوقمان وەکو کوڕێکی لادێنشین پێشتر ئەو جۆرە شتانەی نەبیستبوو، هەر بۆیە ئاسـانیش نەبـوو خۆی بـدات بە دەسـتەوە. سـەرئەنجام کـاتێ بـۆ شـــــەوی دووەم ســـــەرهەنگ ویـــــستی بە هەڕەشـــــە و چاوسوورکردنەوە، لوقمان ناچار بکات خۆی بدات بە دەسـتەوە، بەڵام لوقمـان هەرچەنـدە چەک کرابـوو، تـوانی سـەرهەنگ فریـو بـــدات و بە کێردێـــک بیکوژێـــت. پاشـــانیش لە هەســـتکردن و بیرکردنەوەیەکـــی ناخۆشـــدا کە دەیزانـــی هـــیچ ڕێگەیەکـــی دەربـازبوونی لەبەر دەسـتدا نیـیە، بە دەمـانچەکەی سـەرهەنگ خۆیشی کوشت. کە تـا مـاوەیەک دوای جەنگەکەش بـاوکی وێڵـی دەستکەوتنی سەرەداوی هەواڵێک بوو لەبارەی کوڕەکەیەوە.

ئەم ڕووداوە دیمەنێکـی تـری ئەو ناشـیرینیانەمان نیـشان دەدات کە لە ژیانی سـەربازی سـوپاکەی سـەرۆکی فەرماندەدا هەبـووە. ئەفسـەرەکان خۆیـان تەنـانەت لەبەرەکـانی جەنگیـشدا نەیانتوانیوە لە ئارەزوو غەریزە ئاژەڵییەکانیان دوورکەونەوە و بەردەوام بەبـــێ ڕەزامەنـــدی ســـەربازەکان هەوڵیـــان داوە دەسـتدرێژی سێکـسی بـکەنە سـەر ئەوانەیـان کە لووسـکەلە بـوون. هاوکـات کە خۆیـان دوور لە ژن و منداڵەکانیان بـوون دەیـــان و ســـەدان چیرۆکـــی ڕابـــواردنی ژنـــی ئەفـــسەرە عێراقییەکـانیش بـاس دەکـرێن و دەگێـڕدرێنەوە. هەروەک لە

لایەکــی تــرەوە ئەم ڕووداوە پــتەوی و خــۆڕاگری گەنجێکــی لادێنشین نیشان دەدات کە لەپێناوی پارستنی کەرامەتی خۆیدا نەک هەر ئەو کەسە دەکوژێت کە دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەری، بەڵکو خۆیشی دەکوژێت. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت لوقمـانی حەکیم وەکـو گەنجێکی لادێـی بە کـردەوە لەپێناوی پاراستنی کەرامەتی خۆیدا دەستبەرداری ژیانی خۆی دەبێـت. ئەمەش بەشـێکە لە دەرخـستنی سـیما و ڕەسـەنایەتی کولتووری لادێی کوردەواری کە جۆرە کەسایەتییەک بەرهەم دەهێنێت بە ئاسانی ملکەچی و ڕیسوایی قبـووڵ ناکات. لێرەدا لە کەسـێتی سـەرهەنگ عەبـدولجەباردا جـارێکی تـر سـیمای کەسـێتی عێراقیمـان بـۆ ئاشـکرا دەبێت کە چەنـد کەسـێتییەکی ئەگرێـــسیڤە بەرامـــبەر بەوانەی کە دەســـەڵاتی بەســـەریاندا دەشکێت، هەروەک لە بەرامبەریشدا چەند کەسێتییەکی لاواز و بێئیـرادەیە لە بەرامـبەر ئەوانەدا کە لە سـەرووی ئەوەوەن. لە بەرامــبەر ئەوەدا بۆمــان دەردەکەوێـت کە کەسـێتی لوقمــانی حەکـیم وەکــو کەســێتییەکی لادێنــشینی کــوردی، هەڵگــری خاسێتەکانی کەسێتی عێراقی نییە، ئەو کەسێتییەی کە دکتۆر عەلی وەردی کۆی ڕەهەندەکانی خستۆتە بەردەم لێکۆڵینەوەوە و ســـەرئەنجام بەوە گەیـــشتووە کە کەســـێتی عێراقـــی کەسێـتییەکی لاوازی شلۆقی بێئیـرادەیە، ناتوانێت لەسـەر پێـی خـۆی ڕابوەسـتێت. لێـرەوە دەتـوانین بڵێـین هەر ئەو کەسـێتییە لاوازەی مرۆڤــی عێراقــی هۆکــاری ســـەرەکی بـــووە بـــۆ دروسـتبوونی دیکتاتۆرەکـان و سیـستێمە سـەرکوتکەرەکان لە عێراقدا و سـەرۆکی فەرمانـدەیش لە لایەک خـۆی کەسـێتییەکە لەو واقیعەوە بەرهەم هاتووە و ئەو هەڵگری تەواوەتی خاسێتە ئەگرێـسیڤەکانی کەسـێتی عێـراقیە، لە لایەکـی تریـشەوە ئەو

جەماوەرەی کە ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ دروستبوونی ئەوی دیکتاتۆر، ئاڕاستەکەی تری کەسێتی عێراقییە کە ئاڕاستە لاواز و ملکەچەکەیە، کە ئەویش کەسێتی زۆرینەی کۆمەڵگەی عێراقییە. دیارە دەبێ ئەوەش بڵێین کە لێرەدا زیاتر قسە لەسەر کەسێتی عەرەبی عێراقییە، چونکە کورد لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەو وڵاتەوە نییە کە ناوی عێراقە، بەڵام داگیرکردنی بەشێکی وڵاتی کوردان لە لایەن عێراقەوە و کاریگەری پەروەردە و کولتوور و عەقڵی عێراقی لەسەر کەسێتی کوردی دەرکەوتووە و هەردوو خاسێتی لاوازی و ملکەچی و لە هەمان کاتدا جۆرێک لە ئەگرێسیڤبوونیشی تێدا خولّقاندووە.

**ئامینەی کچی وەهاب و مەلیک کەیکاوس و عەشقێکی ڕۆمانسی**

کەیکاوس و ئامینە هەردووکیان خەڵکی گوندی بۆرە قەڵان و هاوتەمەنن. کاتێ پێنج لاوەکەی بۆرە قەڵا ڕاگەیاندنە مێژووییەکەیان بڵاوکردەوە، دوو کەس بە ئاشکرا پێیان ناخۆش بوو کە ئەو پێنج کەسە بڕیاریان داوە پەیوەندی بکەن بە سوپاوە، کە یەکەمیان مەستوورەی هاوسەری سیامەند بوو، ئەوی تریشیان ئامینەی کچی وەهاب بوو. مەستوورە پێی وا بوو سیامەند دەبێ لەگەڵ ئەو لاوە ڕەبەنانەدا نەڕوات، چونکە ئەم ژن و منداڵی هەیە. هاوکات ئامینە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد مەلیک کەیکاوس بە زووترین کات بێتە داوای و بیخوازێت. بەڵام نە سیامەند گوێی لە مەستوورە گرت و نە مەلیکیش ئەو کاتە دەیتوانی ئامینە بخوازێت. مەلیک بە ئامینە دەڵێت جەنگ ئەوەندە درێژە ناکێشێت و هەر کە گەڕایەوە دەیخوازێت. سیامەندیش پاساوی بۆ چوونە نێو سوپا ئەوەیە

که چیتر ناتوانێت لە کوندا خۆی بشارێتەوە. پەیوەندی خاوێنی ئـامینە و کەیکـاوس دوور لە بینـین هەر بەردەوام دەبێـت کە وێـنەی پەیوەنـدییەکی ڕۆحـی ڕاسـتەقینەیە لە لادێیەکـی تەپوتـۆزاوی و لە سـەردەمی جەنـگ و ماڵوێرانیـدا. مەلیـک کەیکـاوس دەچێتە بەرەکـانی جەنگ و ناوبەنـاویش بە مۆڵەت دێتەوە بـۆ گونـدی بـۆرە قەڵا و هەمـوو جـارێکیش کە ئـامینە دەبینێت، ئـامینە هەمـان پرسـیاری لێ دەکاتەوە کە داخـۆ کەی دەیخوازێـت؟ وەڵامـی ئەویـش هەر هەمـان وەڵام دەبێـت، واتە دوای جەنگ دەیخوازێت.

دوو مانگ پێش ئەوەی جەنگ کۆتایی بێت مەلیک کەیکاوس بەر بۆردومانی فڕۆکەکانی ئێران کەوت و بە شێوەیەکی خراپ سـەر و سیمای سـووتا. ئەو خـۆی ئەو کـاتە زانـی بە تەواوی سـیمای شـێواوە و ناشـیرین بـووە کە سـەرۆکی پزیـشکەکانی ئەو نەخۆشـخانە سـەربازییەی ئەوی تێـدا چارەسـەر دەکـرا، ئاوێنەیەکی دایە دەست مەلیک بۆ ئەوەی سـەیری خۆی بکات. بەڵام کاتێ مەلیک سیمای خۆیی لە ئاوێنەکەدا بینی، بە تەواوی بێئومێد بـوو. ئەو تروسـکەی هیوایەشـی کوژایەوە کە ئـامینەی کچـی وەهـاب پێـی ڕازی بێت. چـونکە ئەم لە سیمای شـێواوی خۆیـدا هەسـتی دەکـرد سـیمای مرۆیـی لەدەسـت داوە و ئێـستا ئەو وەکـو ئەفریـدەبوویەکی تـرە نەک مـرۆڤەکەی پێـشتر. واتە سـووتان هەر چـۆن سـیمای مەلیـک کەیکاوسـی گـۆڕی بـوو، زانینـی مەلیـک بەو گۆڕانکـارییە، لە ناخیـشەوە گۆڕانکـاری لەم کەسـێتییەدا کـرد و دووچـاری جۆرێـک لە میتامۆرفیـسی کـرد، واتە ئەو هەسـتی دەکـرد چیتـر مـرۆڤەکەی ئەوسـا نییە، بەڵکـو بـووەتە قـالۆنچەیەکی گەورە یـان هەر زینـدەوەرێکی تـر کە دەشێ مرۆڤەکـان بە ئامینەی کچـی وەهابیشەوە لێـی بترسـن.

ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە جەنگ هەر ئەوە نییە مرۆڤەکـــان دەکوژێـــت، بەڵکـــو هەســـتی گەڕانەوە بـــۆ ئەفریـدەبوویەکی سەرەتاییـشیان تێـدا دروسـت دەکـات، کە ئەمەش نەک هەر شێواندن یان وەستاندنی ڕەوتـی سروشتی پەرەسـەندنی مـرۆڤە لە گەردوونـدا، بەڵکـو پێچەوانەکـردنەوەی ئاڕاستەی ئەو جووڵەیەشە بەرەو دواوە. بە مانایەکی تر جەنگ نەک هەر هۆکاری خوێنڕشتن و وێرانکردنە، بەڵکو کاریگەری نەرێنـی لەسـەر یاسـاکانی سروشـت دەبێـت و هارمۆنیـای سروشتیش دەشێوێنێت.

دوای ئەوەی کە لە نەخۆشخانەکە دێتە دەرەوە، کەیکاوس دەگەڕێتەوە بۆ گوندی بۆرە قەڵا، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکە دوو شتی بیر دەکەوێتەوە یەکەمیان ئەو نامەیەی کە ئـامینەی کچـی وەهـاب بـۆی نووسـیبوو کە حکـومەت بە نیـازە هەمـوو گونـدەکانی کوردسـتان سـزا بـدات و سـزاکەش وێرانکـردن و ڕووخانـدنی گونـدەکان و لەنـاوبردنی دانیشتوانەکانیانە. خاڵی دووەمیش دەنگی ئەو کچە منداڵە بوو کە لە ژووری نەخۆشخانەکەدا گوێی لێبوو داوای ڕزگارکردنی دەکرد و دەیگوت لە چاڵ دەری بهێنن کە لێرەشـدا ئاماژەیەک بـۆ گیرخـواردنی یوسـف لە بنـی بیـرەکەدا هەیە. بە هەرحـاڵ پاشـتر دەردەکەوێـت ئەو منـداڵەی دەنـگ و هـاوارکردنی گەیـشتووەتە لای مەلیـک کەیکـاوس، هاوکـات سـیامەند کە لە دەرەوەی قەڵای زینـدانیکردنی دیلەکانـدا لەسـەر پـشت ڕاکشابوو، سـەیری ئاسمانی دەکـرد هەمـان دەنـگ و هـاواری کچۆڵەیەکی بیست کە دواتر بۆی ڕوون بووەوە ئەو کچۆڵەیە داوا دەکـات لەو چـاڵە دەری بهـێن، چـونکە شـوێنەکەی زۆر تەنگە. دواتر کاتێ سیامەند دەگەڕێتەوە بۆرە قەڵای وێرانکراو

دەزانێت ژن و منداڵەکەی ئەنفال بردوونی. ئەو بە خەمبارییەوە لەگەڵ ئەو چەند کەسەی ئاوایی کە لە ئەنفال بەجێماون ژیان دەست پێ دەکەنەوە. تا سەرئەنجام دوو شتی سەیر ڕوو دەدات، یەکەمیان ئەوەیە کە کەسێک بە ناوی فەیسەڵ دەگاتە گوندەکە کە پێشتر لە ئەنفالی گوندەکەدا بەشداری کردووە و گوایە ویستویەتی سورمەی کچی سیامەند ڕزگار بکات. بۆ ئەو مەبەستەش کچەکەی لە شوێنێکی چەپەکدا شاردۆتەوە، دواتر بواریان نەداوە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو منداڵە. کە دەردەکەوێت ئەو کیژۆڵەی دەنگی بە سیامەند و بە مەلیک کەیکاوسیش دەگەیشت دەنگی سورمەی کچی سیامەند بوو کە داوای ڕزگارکردنی دەکرد، بەڵام لەو جێگەیەدا وشک بووبووەوە. ڕووداوی دووەم دەرکەوتنی تارماییەک بوو لە گوندی بۆرە قەڵای وێرانکراو کە شەوانە خەڵکی گوندەکە لە زۆر شوێن دەیانبینی. یەکەم جار وایان زانی کە ئەوە تارمایی شەڕە، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە تارماییەکی بەستەزمانە. کە ئەو تارماییەش مەلیک کەیکاوس بوو. دوای ئەوەی کە هەموو سەر و سیمای سووتا، خۆی لە دەوروبەری گوندی بۆرە قەڵا حەشار دەدا و شەوانە دەردەکەت و خەڵکیش بە ئامینەی کچی وەهاب و باوکی لوقمان و سیامەندیشەوە وەکو تارماییەکی بەستەزمان سەیریان دەکرد. واتە ڕووداوی سووتاندن مەلیکی لە مرۆڤێکی ئاساییەوە گۆڕی بۆ تارمایی. ئەمەش دیسان وەکو دەرهاوێشتەی نامرۆڤانەی جەنگ لێک دەدرێتەوە.

لە لایەک ڕۆحێکی خاوێن کە ڕۆحی سورمەی منداڵە، دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە، ئەو دەنگەش لە دوورترین شوێنەوە دەبیسترێ، کە دیارە دەنگی ڕۆحێکی خاوێنە کە هیچ دیوار و

بەربەستێک و هیچ دووریيەک ناناسێت و ڕۆحە خاوێنەکانی تر لە هەر شوێنێک بن دەتوانن ببیستن. لە لایەکی تریشەوە ڕۆحی مرۆڤێکی عاشق کە مەلیک کەیکاوسە، سەرباری ئەوەی کە جەستەی بە تەواوی شێواوە، بەڵام ئەو ڕۆحە هەر پەیوەست و ئالودەی ئەو زێدەیە کە تێیدا لەدایکبووە و گەورە بووە و ئامینەی کچی وەهابی تێدا خۆشویستووە. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە شت و ئەفریدەکراوە خاوێنەکان نامرن، یان کۆتاییان نایەت، تەنانەت کارەسات و بارگرانییەکانی ڕۆژگاریش تەنیا دەتوانن شێوە و فۆرمیان بگۆڕن و ناتوانن کار لە گەوهەر و ماهیەتیان بکەن.

لە گێڕانەوەکانی باوکی جابردا، تەیران بێسەروشوێنە و شتێکی لەبارەوە ناگوترێت، هەر چۆن لەو نامەیەدا کە ژنەکەی سیامەند لە ڕێگەی خاچی سوورەوە بۆ سیامەندی نووسیبوو، پێی گوتبوو تەیران هیچ هەواڵێکی نییە. ئەمەش ئەو دیاردە ئاساییە بوو کە لە جەنگدا هەزاران سەرباز بێسەروشوێن بوون کە دواتریش زۆرینەیان بە ونبوو دەدرانە قەڵەم. واتە مرۆڤەکان ون دەبوون کە ئەوەش مانای سڕینەوە و لەناوچوونی بوون و ناسنامە و مێژووی ئەو مرۆڤانەیە کە زۆرینەیان بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەک لە دوای خۆیان بەجێ بهێڵن کۆتایی بە ژیانیان دەهات.

سیامەند وەکو کەسێتییەکی تەوەریی لە چیرۆکی دووەمی ڕۆمانی کەوتنی بۆرە قەڵادا، زۆرترین ئامادەبوونی هەیە لە ڕووبەری گێڕانەوەدا. سیامەند دوای ئەوەی لە هێرشێکدا بێ ترس و بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆی لە سەختییەکانی جەنگ شاڵاو بەرەو دوژمن دەبات، نەک بۆ ئەوەی دوژمن بشکێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بکوژرێت و لەو بەدبەختیانەی نێو مەیدانی

جەنگ ڕزگاری ببێت. بەڵام ئەو قاچی دەپێکرێت و پاشان بە دیل دەگیرێت و قاچی دەبڕدرێتەوە و لە یەکێک لە ئۆردوگای دیلە عێراقییەکاندا ماوەی شەش ساڵ دەمێنێتەوە. لەو ماوەیەدا گەلێک ناخۆشی و بەدبەختی دەبینێت، گەلێک سووکایەتی پێ دەکرێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە دیلەکان وەکو ئاژەڵ مامەڵە دەکرێن، دیسان ئەم لە لایەن دیلەکان و بەڕێوەبەرانی ئۆردوگای دیلەکانیشەوە کە ئێرانی بوون هەر خراپ مامەڵە دەکرێت. پاسەوان و سەربازە ئێرانییەکان خراپ مامەڵەیان دەکرد وەکو سەربازێکی دوژمن کە بە دیل گیرابوو. دیلە عێراقیەکان خراپ مامەڵەیان دەکرد، چونکە ئەو کورد بوو، شیعەکانیش چی ئێرانی و چی عێراقی خراپ ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد، چونکە ئەو سوننە بوو. ئەمەش کە گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە هەڵگری چەند گوتارێکە کە لە سەرچاوەی جیاوازەوە دێن، بەڵام بە گوێرەی سیامەند یەک ئاراستەیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەموویان بە ئەویتری نەیار و دوژمن سەیری دەکەن. ئەمەش لە ئاستی قووڵدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە کورد عێراقی نییە ئەگینا سیامەند لەبەرگریکردن لە عێراق بە دیل گیراوە کەچی سەربازە عێراقییە عەرەبەکان کە وەکو ئەو لە شەڕکردندا بۆ عێراق دیل کراون، دەبوو وەکو یەکێک لە خۆیان سەیری سیامەندیان بکردایە. بەڵام ئەوە ڕوو نادات، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە عەرەبە عێراقییەکان ناتوانن شووناسی عێراقیبوون بە کورد ببەخشن و هەر بەو پێیەش بەشداریکردنی سیامەند و هاوڕێکانی لە جەنگی بەرگریکردن لە غێراقدا جۆرێکە لە گەمژەیی، هەمان ئەو گەمژەییەی کە کورد هەمیشە بانگەشە بۆ عێراقیبوونی خۆی دەکات. ئێرانییەکان کە زۆر جار پڕوپاگەندەی ئەوە

دەکەن کە کورد ئێرانییە، ئەوانیش دیسان درۆ دەکەن، چونکە ناتوانن سەیری شووناسی سیامەند بکەن وەکو ئەو ڕەگەزەی کە خۆیان وای نیشان دەدەن ئێرانییە و تەنانەت ناوەکەشی ئیحایەکی نزیک لە فارسی تێدایە. بە واتەیەکی تر ئێرانییەکانیش سیامەند وەکو دوژمن سەیر دەکەن مادەم لە ڕیزی سوپایەکدایە دژی وڵاتەکەی ئەوان دەجەنگێت. هەروەک شیعە ئێرانی و عێراقییەکانیش تەنیا لە ڕوونگەی مەزهەبەوە سەیری کەسەکان دەکەن و ئەوی شیعە بێت عێراقی بێت یان ئێرانی، تەنانەت ئەگەر سەربازی نێو ڕیزەکانی سوپای دوژمنیش بێت هەر دۆستە. بە پێچەوانەشەوە ئەوی سوننە بێت، با لە ڕیزی سوپاکەی خۆیشیاندا بێت ئەوە هەر دوژمنە. ئەمەش لە گەوهەردا ئەو ناکۆکیانە بەرجەستە دەکات کە بوونەتە هۆکاری نەتوانینی پێکەوەژیانی دەستە و گرووپە ئیتنیکی و مەزهەبییەکانی ئەم جوگرافیایە، کە ئەوەش بەردەوام سەرچاوەی ئاژاوە و ناکۆکی و ململانێی سەخت و یەکتر کوشتن بووە لەسەر جیاوازی شووناسی مەزهەبی و ئیتنیکی.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەستگیرکردنی و مانەوەی سیامەند بە دیلێتی شەڕ ڕاوەستا. هەرچەندە ئەو قاچێکی پەڕیبوو، بەڵام تاکە ئومێدی ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، ئەو وڵاتەی کە گاڵتەی پێی دەهات، بەڵام گەڕانەوە کە ئومێدی سەرەکی ئەو بوو، دواتر گەیاندیە لوتکەی بێئومێدی. سیامەند دەیویست بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، چونکە یەکەم ئیتر لە سووکایەتی پێکردنی پاسەوانە ئێرانی و دیلە عەرەب و شیعەکان ڕزگاری دەبوو، دووەمیش دەگەڕایەوە بۆ لای ژن و تاکە کچەکەی کە کاتێ بەجێیهێشت

زۆر منداڵ بوو. کاتێ سیامەند سەیری تەلەفیزیۆنی ئێرانی دەکرد کە لە مزگەوتێکدا چۆن خەڵکێکی زۆر شیوەنیان بۆ مەرگی حسێن دەکرد کە پێش چواردە سەدە کوژرابوو، بەڵام بێباکانە لە تەرمی ئەو لاوانەیان دەڕوانی کە هەر ئەو کاتە بە لێشاو لە بەرەکانی شەڕەوە دەهێنرانەوە. هەر لەو کاتەدا لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکەوە بێژەرێک دەردەکەوێت و وەستاندنی شەڕ ڕادەگەیەنێت. هەر ئەو کاتە لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکەوە چەند ئایەتوڵایەکی بینی لەو ئایەتوڵایانەی کە پێشتر بۆ ماوەی هەشت ساڵ باسی خێر و چاکەی شەڕیان دەکرد، ئێستا کەوتنە باسکردنی خێر و چاکەی وەستانی شەڕ. لەم پەرەگرافەدا کە گێڕەرەوە پەیوەست بە کەسێتی سیامەند و ڕوانینی ئەو بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە مرۆڤەکان چۆن لە سایەی سیستێمە شمولی و تۆتالیتارەکاندا دەبنە ئامێرێک و وەکو پێویست بە پێی بارودۆخەکان ڕەفتاریان پێ دەکرێت و دەدوێن. یان چۆن هەمیشە ڕادەهێنرێن بۆ شانازیکردن لە لایەکەوە و گریان بۆ ڕابردووی لەدەستچوو لە لایەکی ترەوە، واتە چۆن ئێستایان لە بیر بکەن و بۆ مێژوو بژین، مێژوویەک کە ڕەنگە لە ڕووی بەها مرۆییەکانەوە پووچ و بێ گەوهەر بێت. لە کاتێکدا ڕۆژانە تەرمی سەدەها لاو لە بەرەکانی جەنگەوە ڕوو دەکەنەوە شار و گوندەکانیان، کەچی لەسەر ئاستی هەموو هەڵگرانی مەزهەبی شیعە شیوەن بۆ حسێن دەگێڕرێت کە هەزار و چوارسەد ساڵ بەر لەم گەنجانە کوژراوە. بەڵام ئەو گەنجانەی کە ئێستا و هەردوو ڕژێمە تۆتالیتارەکەی ئێران و عێراق ڕۆژانە دەیاندەن بەکوشت، هیچ بەهایەکیان نییە و هەندێ جار لەسەر تابووتەکانیشیان دەنووسن ناپاک. ئەمەش پەردە لە

ڕووی ئەو عەقڵیەتە هەڵدەماڵێت کە ئێستا دەکوژێت و ڕابردوو پیرۆز دەکات، ڕابردوویەک کە بۆ ئێستا جگە لە هۆکاری ئاژاوە و ناکۆکی و خوێنڕشتن هیچی تر نییە.

هەروەک لە لایەکی ترەوە ئەم دیمەنی شینوشەپۆڕە بۆ مردنی کەسێک با ئەو کەسە لە هەر ئاستێکیشدا بووبێت، نەبوونی شووناسی تاکەکەس لە کولتووری کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیەدا نیشان دەدات کە چۆن بێ بیرکردنەوە و مێگەلئاسا بۆ ڕووداوێکی پێش چوارده سەدە شیوەن دەگێڕن، بەڵام مردنی لاوەکانی ئێستا هیچ بەهایەکی نییە لایان. هەروەک بێشووناسی نوخبەی خوێندەواری مەزهەبی نیشان دەدات کە لەم ڕووداوەدا ئایەتوڵاکان نوێنەرایەتی دەکەن. بێ ئەوەی خۆیان هیچ ڕاوبۆچوونێکیان هەبێت. کاتێ جەنگ دەستی پێ کرد ئەوان کەوتنە هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە جەنگدا بەوەی کە کارێکی چاکە و جەنگی خودایە دژی شەیتان. ئەمە بە گوێرەی ئێرانییەکان، بە گوێرەی زۆرینەی پیاوانی ئایینی عێراقیش جەنگی سوپای ئیسلام بوو دژی فارسە مەجووسییەکان. واتە پیاوانی ئایینی هەر لایەک بە ئارەزووی ترۆپکی دەسەڵاتی وڵاتەکەی خۆیان دەدوان. کاتێکیش شەڕ دەوەستێت دەستبەجێ پیاوانی ئایین دەکەونە باسی چاکە و حەسەناتی شەڕ وەستان. ئەمەش لوتکەی دووڕوویی پیاوانی ئایینی ئەم ناوچەیەیە و ئەوەش دەردەخات کە چۆن پاشکۆی دەسەڵاتن و ناتوانن نوێنەرایەتی ڕاستی و بنەما ئاشتی و عەدالەتخوازییەکانی ئایین بکەن کە ئەمەیان یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی ئایین. کەواتە لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پیاوانی ئایینیش لەم جوگرافیایەدا ناتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن و بەو جۆرە لە ڕەوایەتی شەڕ بدوێن کە لە ئاییندا

هاتووه كه ئەویش تەنیا شەڕ لە کاتی بەرگریکردن لە خۆدا ڕەوایەتی هەیە.

گێڕەرەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک بڕیار دەدرێت هەزاران مین لەو ڕووبەرە جوگرافییە تەسکەدا بچێنرێت کە کەوتووەتە نێوان هەردوو سوپاکەوە، ئەویش بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمن هێرشی هێنا بکەوێت بەسەر ئەو هەموو مینەدا، کە ئەوەش بەشێکی زۆری سوپای دوژمن دەکوژێت و کەم ئەندامیان دەکات، بەوەش ناتوانن بە باشی لە سەنگەرەکانی ئەمان نزیک ببنەوە. لە لایەکی تریشەوە تەقینەوەی مینەکان ئەمان بەئاگا دەهێنێت کە ئەوا هێرش دەست پێ دەکات و پێویستە ئامادەبن بۆ بەرگریکردن. شەوی دواتر بە تەقینەوەی چەندین مین هەردوو سوپای نەیار دەورووژێن و عێراقییەکان وا هەست دەکەن کە سوپای ئێران هێرشی هێناوە، بەڵام بێجگە لە تەقەی مینەکان هیچی تر ڕوو نادات. بەیانی دەردەکەوێت کەوا ڕەوە وشتریکی بیاباننشینەکان وێڵ بوون و کەوتوونەتە ناو کێڵگەی مینەکانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراوە و چەندینی تریش قاچیان پەڕیوە و برینداربوون. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مرۆڤ هەر ئەو بوونەوەرە نییە کە دڕندانە یەکتر لەناو دەبات، بەڵکو بە جۆرێک دەیەوێت کۆنترۆڵی سروشت بکات کە بوار بۆ کۆی بوونەوەرەکانی تر نەهێڵێتەوە و کارە نادروستەکانی لەپێناوی خۆیدا بەردەوام بۆ سروشت و کۆی ڕەگەزەکانی سروشت زیانبەخشن. واتە مرۆڤ هەر چۆن بەشێکی دەبێتە ڕەقیب بەسەر بەشەکەی تریەوە و نەک

هەر ئازادی و مافەکانی داگیر دەکات، بەڵکو زۆر جار بوونی یەکتــریش دەســڕنەوە، بە هەمــان شــێوە لەپێنــاوی خۆیــدا بــوونەوەر و ئافریــدەبووەکانی تــری نــاو سروشــتیش لەنــاو دەبات. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە چۆن مرۆڤ بە هەموو شێوەیەک سروشت پیس و ناشیرین دەکات و چۆن هارمۆنیای سروشت دەشێوێنێت. وشترەکان هیی ئەوەن کە بە ئازادی خۆیان بێن و بچن و چێژ لەو ژینگەیە وەربگرن کە لەگەڵ سروشتی ئەواندا گونجاوە، بەڵام مرۆڤەکان بێ ئەوەی هیچ بیرێک لە بوونی ئەو بوونەوەرانە بکەنەوە بۆ پاراستنی خۆیان مین دەچێنن و ئەوان دەکوژن. دیارە مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤــی ڕۆژهەڵاتــیش بەتــایبەتی ئەو بــایەخە بە ژیــانی زیندەوەران نادەن، بەڵکو تەنیا لەپێناوی خۆیاندا بەخێویان دەکەن، یان دەیان پارێزن. تەنانەت کاتێ سەرهەنگ پاشی سێ ڕۆژ دێتە نزیک شوێنی تەقینی مینەکان، جنێو بە وشترەکان دەدات کە مینەکانیان لەدەستداون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەلای سەرهەنگەوە بەهای مینەکان زۆر لە بەهای وشترەکان زیاترە. ئەگەر لە ڕوویەکی تریشەوە سەیر بکەین وشتر کە هێمای سەلاری و ددانبەخۆداگرتن و قوربانیدانە، لە تەقاندنی مینەکانیــشدا جۆرێــک لە قوربــانی دەدات ئەگەرچــی ئەو قوربانیدانە بێ بەرنامەش بێت. ئەوەتا ئەو مینانەی کە دانراون بـۆ ئەوەی بە ســەربازانی دوژمنـدا بتەقـنەوە، بە وشــترەکاندا دەتەقنەوە و بەوەش سەربازەکان لەو مینانە ڕزگاریان دەبێت.

گێڕەرەوە باسی ئەوە دەکات کە شەش ساڵ دوای کوشتنی وشــتەرەکان شــەڕ وەســتا و پــاش زیــاتر لە دوو ســاڵیش لە

وەستانی شەڕ سیامەند وەکو دیل درایەوە بە عێراق. ئەویش ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ بۆرە قەڵا کە سەروەختی ڕاپەڕین بوو. ئەو کاتە بۆرە قەڵا و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چۆڵ و وێرانە بوون. سیامەند بە یەک قاچەوە دەستیکرد بە دروستکردنەوەی خانووە ڕووخاوەکەی و هەر لەو کاتەدا ئەو کەسانەی کە یەکەمجار بەرەو بۆرەقەڵا گەڕانەوە ئامینەی کچی وەهاب و باوکی لوقمان بوون. کە ئەمان بە ڕێکەوت لە شاڵاوی ئەنفال ڕزگاریان بووبوو. سیامەند دواتر زانی کە ژن و منداڵەکەی ئەنفال بردوونی. دواتر نامەیەکی بۆ سەرۆکی فەرماندە نووسی کە ئەو سەربازێکی عێراقی بەدیلگیراوە و تاکو هاتووەتەوە ژن و منداڵەکەی لە لایەن سوپای عێراقەوە براون. دواجار وەڵامیان دایەوە کە لە کێشەکانی باکوردا ژن و منداڵەکەی تیاچوون. لە ڕاستیدا دەشێ چەند نموونەیەکی وەها لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەبێت، بەڵام لێرەدا ڕاستەوخۆ نووسەر وێنەی ئەو سەربازە دیلەی دەوروبەری چەمچەماڵ بە ناوی عاسی بەرجەستە دەکاتەوە کە مێژووەکەی بەم جۆرەیە. بە هەرحاڵ پاش ماوەیەکی کەم شەوانە سیامەند گوێی لە دەنگی کچۆڵەیەک دەبوو کە هاواری دەکرد ڕزگاری بکەن. دواتر کە ئامینەی کچی وەهاب گوێی لەو دەنگە بوو گوتی ئەوە دەنگی سورمەی کچی سیامەندە. ئەم ڕووداوەش کە سیمایەکی ئەفسانەیی هەیە زۆر کاری لە سیامەند کرد و هەستی دەکرد کچەکەی لە دایکی ون بووە. بۆیە ئەوەش ئەوەندەی تر خەمەکانی زیاد دەکرد. هاوکات ئەو سەربازە خانەقینییەش کە ویستبووی سورمە ڕزگار بکات و

لە جێگەیەکدا شاردبوویەوە و دواتر نەیتوانیبوو بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە، بەردەوام گوێی لە دەنگی سورمە بوو کە هاواری ڕزگاربوونی دەکرد. ئازاری ویژدانی پاش دوو ساڵ ئەو سەربازەی گەڕاندەوە بۆ گوندی بۆرە قەڵا تا ڕۆحی خۆی لەو ئازارە سەختە ڕزگار بکات. سەرئەنجام لەگەڵ سیامەند و ئامینە و باوکی لوقماندا ئەو شوێنەیان دۆزییەوە کە سورمەی تێدا شاردبووەوە. کاتێ شوێنەکەیان هەڵدایەوە سورمە بریتی بوو لە ئێسکەپەیکەرێک. ئەمەش سیامەندی لە مەرگی کچەکەی دڵنیا کردەوە. لێرەدا نووسەر وێنای ئازارە سەختەکانی مرۆڤی کوردمان بۆ دەکات لە سایەی جەنگ و لەژێر فەرمانڕەوایی سەرۆکی فەرماندەدا. هاوکات ئەو وێنە ئەرێنییەش بەرجەستە دەکات کە چۆن مرۆڤ پاش ئەو هەموو کارەساتە دەستبەرداری ژیان نابێت و ئەوەتا دەبینین سیامەند و ئامینەی کچی وەهاب و باوکی لوقمان و کەسانی تری خەڵکی ئاوایی بۆرە قەڵا دوای وێرانکردنی گوندەکەیان و دوای بە ئەنفالبردنی بەشێکی زۆری خەڵکەکە، ئەوانەی کە ماونەتەوە هەر کە هەلێکیان بۆ ڕێدەکەوێت دەگەڕێنەوە و دەست دەکەنەوە بە دروستکردنەوەی خانووەکانیان و جارێکی تر گوندەکە ئاوەدان دەکەنەوە و ژیان دەست پێ دەکەنەوە. ئەمەش ئەو بارە سروشتییەیە کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤی تێدا ژیاوە و هەر ئەم کۆڵنەدان و بەردەوامیەشە لە بوونی ئەنتۆلۆجیانەی مرۆڤدا کە هۆکار و سەرچاوەی بیناکردن و ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنانی شارستانێتییەکانە. لێرەدا بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە نووسەر وێنەیەکی واقیعیانەی

مرۆڤـ وەکو تاکو وەکو کۆمەڵگەش لە گەردووندا بەرجەستە دەکەن کە بـوونەوەرێکە هەرگیـز کـۆڵ نـادات و لە جـووڵەی بەردەوامدایە. ئەوەش سەرچاوەی بەردەوامی ژیان و بوون و ئاوەدانی و بیناکردنی شارستانێتییەکانە.

لێـرەدا هاوشـێوەبوونێک لەنێـوان کۆتـایی چیرۆکـی یەکەم واتە کەوتنی دیمەشق و کەوتنی باوکی جابر و کەوتنی تەیمور و هەڵـسانەوەی تەیمـور، لەگەڵ چیرۆکـی دووەمـدا هەیە، واتە کەوتنـی بـۆرە قەڵا و دواتـر کەوتنـی سـوپاکەی سـەرۆکی فەرمانـدە لە کوردسـتان و پاشـانیش دروسـتکردنەوەی بـۆرە قەڵا و کۆتاییهـاتنی سـەرۆک. لە هەردوو چیـرۆکەکەدا دوای کەوتـن و کوشـتن و وێرانکـردن، هەڵـسانەوە و بینـاکردنەوە هەیە. ئەمەش ئەو گوتـارە سـەرەکییەیە کە ڕۆمـانی بـۆرە قەڵا بەرهەمی دەهێنێت، کە گەوهەرەکەی ئەوەیە هەمیشە ئیرادەی مـرۆڤ بـۆ دروسـتکردن و بینـاکردن و درێـژەدان بە ژیـان، بەهێزتـرە لە غەریـزەی شـەڕەنگێزانەی مـرۆڤ بـۆ تێکـدان و وێرانکــردن و کوشــتن و لەنــاوبردن. هەر ئەمەش هۆکــاری بەردەوامی و بەرەو پێشەوەچوونە.

## پەراوێز:


١- جورج لوكاش- الرواية التاريخية- ترجمة: د. صالح جواد الكاظم- بغداد- دار الشؤون الثقافية العامة- ١٩٨٦، ص ١١.

2 -Christoph Bode- The Novel، Tran. James Vigus، Wiley Blackwell، 2011، p.5

3 -J. A. Gudden- Literary Terms- Penguin Books، 1979، p. 677.

4 -Alex Martin and Robert Hill- Modern Novels- Prentice Hall، New York، London، 1996، p. 14.

٥- الدكتور عدنان خالد عبدالله- النقد التطبيقي التحليلي، بغداد- دارالثقافية العامة- ١٩٨٦، ص ٧٦.

6 -J. A. Gudden، A Dictionary of Literary Terms، p.415.

7 -Martin Mcquillan، The Narrative Reader،london and New York، 2000، pp. 69-70.

8 -Alex Martin and Robert Hill، Modern Novels، prentice Hall، New york، London، 1996، p.16.

9 -Jeremy Hawthorn، Studying the Novel، London، 1989 ، p.56.

10 -Alex Martin and Robert Hill، Modern Novels، p.26.

11 -Richard Cili. Mastering English Literature، Novel، Macmillan، 2006، p.29.

12 -WWW، anoited-one.

13 -E. M. Forester، Aspects of the Novel، a pelican Book، Penguin Books، 1927، p.129.

14 -E.M.Forester، Aspects of the Novel،1927، p.109

١٥- الدكتور فيصل دراج، نقرية الرواية، الرواية العربية، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٧.

١٦- سعيد يقطين، انفتاح النص الروائي، النص والسياق، المركز الثقافي العربي، الطبعه الثانية، بيروت، ٢٠٠٦، ص٥.

١٧- سعد يقطين، نفس المصدر السابق، ص١١.

١٨- سعيد يقطين، نفس المصدر السابق، ص ٥٣

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ۲۰۱۷

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاڤ یانۆخ | کەریم پەڕەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ ـ ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵلا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٧١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| | | | |